گەلاوێژی نوێ

بنکەی نەدەبی و رووناکبیریی (گەلاوێژ) دەریدەکا

ژمارە (٤٥) ٢٠٠٧



سەرنووسەر

عەبدوللا تاهیر بەرزنجی

سکرتێری نووسین

بەیاد عەبدولقادر

ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٧٠١٣٩٥٥٢٠

جێبەجێکردن

فوئاد عەبدولڕەحمان

Email: fuadgomei@yahoo.co.uk

ژمارەی تەلەفۆن: ٠٧٧٠١٤٨٨٤٥٤

دەستەی نووسەران

سامی هادی

ئاوات حەسەن ئەمین

فەرهیدون پێنجوێنی

ئەحمەد رەزا

Email: ahmed_reza63@yahoo.com

دیزاینی بەرگ: جەلیل حسین

ناونیشان: سلێمانی، کوردستانی عیراق

ناوەڕۆکی ژمارە ٤٥

لێکۆڵینەوە:

سەتایری کۆملاّیەتی لای حەسەنی قزڵجی	ئیبراهیم قادر محەمەد	٥
بیری ئازادی‌و ئاودیوبوون لە فەلسەفەی ئەدەبیی دۆستۆیەڤسکی	هیوا محەمد ئەمین	٢١
دەربارەی نازیزمی هایدگەر	ریتشارد رورتی	٣٩
بایەخدانی ماموّستایان‌و رۆشنبیرانی کورد بە مەلای جزیری	محەمەد عەلی قەرەداغی	٤٧
هونەری مادەکان	ئێدی پۆڕادا	٥٤

شیعر:

لەتەکانی شعوور	فەرەیدون پێنجوێنی	٦٠
رێگا و چەند هۆنراوەیەکی تر	لەتیف محەمەد حەسەن	٦٦
چیرۆکی ئورستیللا	جۆزێ. ئا. مازوتی	٧٠
لە پشت باڵی تەنیاییمەوە	نەمام	٧٢

کورتەچیرۆک:

گورگی تەرە	عەزیز نەسین	٧٣
ئەفریقا رۆژی خۆی دەکوژێ	کین سارۆ ویوا	٨٠
کۆپلە شیعرێکی ئاشقێنی	لۆن ئۆرتۆ	٩١

دەقی شانۆیی:

سێبەری پیاوێ	هادی مەهدی	٩٢

دۆسێ:

ک. وەکو کافکا	عەزیم ئۆمیدی	١١١
ژیان‌و کەسایەتیی کافکا	مراد حسێن عەباسپوور	١١٧
دادگایی کافکا لە دادگاییەکی تردا	مەلکۆڵم برادبوری	١٤١

دق‌و چاوپێکەوتن:

کۆتری پاشایەتی	سەلام مەنمی	١٦٣
دیدارێ لەگەڵ چیرۆکنووس سەلام مەنمی	کاوەی حاجی عەزیز	١٦٥

دەق‌و رەخنە:

رۆژژمێری چاڵدێران	کاروان کاکە سوور	١٦٩
رۆژژمێری چاڵدێران‌و دۆکیومێنتێ بۆ قووڵکردنەوەی تاکخوازی	ئیسماعیل حەمەئەمین	١٨٧

ئەزموون:

جانتاکەی باوکم	ئۆرهان پەموک	١٩٤

کەوانە:

بنەماخوازیی جەنگاوەر	سەعید ریزوەندی	٢٠٠
بیری رامیاریی نوێ	ئیحسان عەبدولهادی	٢١٢
بونیادگەری‌و هەڵوەشاندنەوەو پەرەسەندنی	س. رافیندران	٢٣٠
پرشنگدار لە چیرۆکی ژیانی (رینێ شار)دا	بزورگ محمد	٢٣٣
یاقووتی کرماشان، مەنسووری یاقووتی	محەمەد باقر پیری	٢٣٩
ئایین بۆ خوا نیشتمان بۆ هەموان	فەرەیدون پێنجوێنی	٢٤٢
دەنگە ئاسمانییەکان	دەوەن	٢٤٦

سەتایری کۆمەڵایەتی لای حەسەنی قزڵجی
لە کۆچیرۆکی (پێکەنینی گەدا)دا

نووسینی
د. ئیبراهیم قادر محەمەد

<u>دەروازە:</u>

ململانێی (مرۆڤ - مرۆڤ) وەك تەوەرەیەکی بزواندنی ژیان لە کۆمەڵدا تەنیا بە توندو تیژی‌و پێکدادانی چەکدارانەوە نەبوە. بەڵکو یەکەم چەکێ، کە لە بواری ململانێی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا بەکار هێنرابێ (چەکی زمان / قسە) بووە. کورد لەم بارەوە گوتوویەتی: "- زامی خەنجەر سارێژ دەبێ. بەڵام زامی زمان سارێژنابێتەوە!." هەر لەم روانگەیەوە تاك‌و کۆ سەرەتا بۆ لابەلاکردنەوەی ناکۆکییەکان‌و ڕێککەوتن پەنایان بۆ گفتوگۆو ڕاگۆڕینەوە بە قسە کردن بردوە. خۆ ئەگەر قسە چاری مەسەلەکەی نەکردبێ، ئەوا پەنا بۆ چەك‌و جۆرەکانی براوە.

لەو ڕووەوە، کە زمان هۆیەکە بۆ لە یەکتری گەیشتن‌و بیرو را گۆڕینەوە – بە خۆشی‌و ناخۆشی – لە نێو زماندا کەرەسەو وشەگەلێ

هەن ئەم ئەرکە زمانییە – لە هەردوو باردا – بەجێدەگەیەنن. بۆسەرکۆنەو سەرزەنشت‌و شکاندنەوەو بواری سەتایر، لە زمانی کوردیدا ئەم وشانە بەکارهێنراون‌و دەهێنرێن: (پلار، تەوس، تانە، تەشەر، تیز، لاقرتی، قەشمەری، گاڵتەپێکردن، سووکایەتیپێکردن.. تاد.)، کە لە بەرهەمی ئەدەبی (سەرزاری‌و نوسراو)دا بەکارهێنراون.

لە یۆنانی کۆندا (بەر لە مەسیح) لە نێو ئەدەبدا (سەتایر - satire) جۆرێکی ئەدەبی بووەو لە لای ئەدیبانی سەردەم بەکارهێنراوە. زۆرجاریش لە نێو شاعیران‌و نووسەرانەوە – سەتایرەکان – بۆ نێو کۆڕی خواوەندەکانی یۆنان گوازراونەتەوەو شاعیرانی لایەنگری هەر خواوەندێ دەوری خۆی لە پشتگیری‌و داکۆکی کردن لە خواوەندی خۆی بینیوەو کەم‌و کاسی‌و گەندەڵی‌و نەنگییەکانی یەکتریان

ە

خستووەتە روو. هەروەها لە نێو گەلانو کۆمەڵانێتری هەموو سەردەمەکانی درێژایی مێژوو ئەم رەوشە باوبووەو هەردەستەو لایەنێ شاعیری تایبەتی خۆیانیان بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کردووەو شەڕە شیعرو داشۆرین (الهجاء) بەردەوام بووەو چەکێکی تیژو بڕەندەی هۆزو نەتەوە بووە. چونکە شەڕ بە چەک هەرچەندە کوشتار کرابێ ئاسەواری شەڕەکە هێندە بەرچاوی نەبووەو پاش ماوەیەک لەبیرچۆتەوە. بەڵام دێڕە شیعرێ لە کەمو کاسیو شکاندنی ئەو لایەنەدا، گەر گوترابێ پشتاو پشت هەر ماوەتەوە.

سەتایر، سەرەتا وەکو ژانرێکی ئەدەبی دژی تاکەکەس پەیڕەو کراوە، لە سەدەی پێنجەمی پێش مەسیحدا (٤٤٩) ئەقراتیسی شاعیری یۆنانی ئەم ژانرەی گەشە پێداوەو لە ئاراستەکردنی بۆ تاکەکانەوە گواستییەوە بۆ مەسەلە گشتییەکانو کۆمەڵ، بە درێژایی مێژووی ئەدەبیو گەشەی مەسەلە کۆمەڵایەتییو سیاسییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک نووسینی سەتایر هەر بەردەوام بووە. شاعیرو چیرۆکنووسان بەرگرییان لە مافی چینە چەوساوەکانی کۆمەڵەکە یان پێکردووە! چ دژی مەلیکو میرو خانەدانو خاوەن زەویو زارو پیشە سازەکان بووبێ، یان دامو دەستگاو دامەزراوەکانی کۆمەڵو دەوڵەت (ئیدارە)، هاورێ لەگەڵ ئەم بەکارهێنانەدا، بۆ تێزپێکردنو پلارگرتنە بەرهەمە ئەدەبییەکانی: وەکو رۆمان، بە تایبەتی وەکو بەرهەمێکی کەسیی بەکارهێنراوە. ئامانجی سەرەکی (سەتایر) بۆ (چاکسازی گەندەڵییەکانە)، لە کاتێکدا (دیفۆ) بە واتای (چاکسازیخواستن)ی ناودەبا. بەم پێیە (سەتایر) ئەرکێکی گشتی/ کۆمەڵایەتی ئەنجام دەداو تاکەکەسی نییەو کەمتر تاکەکان لێی دەترسێن، هەروەکو جۆناسان سویفت ١٦٦٧- ١٧٤٥ نووسەری ئینگلیزی دەڵێ: "- ئاوێنەیەکە بینەران هەموو رووی کەسانیتر (نەک خۆیان)ی تیادا دەبینن هەرئەمەشە وایکردووە، کە سەتایر خەڵکی زۆر بۆلای خۆی رابکێشێو کەمتر خەڵکی دڵیان لێی بڕەنجێ. "ئەم سیفەتەی سەتایر یەکێکە لەو بنەمایانەی ئەم ژانرەی وا تەمەن درێژ کردوە، راستە پێکەنین سیفەتێکی تری ئەم ژانرەیە. بەڵام مەرج نییە هەموو جارێک ئەم پێکەنینە تەنیا بۆ پێکەنین بێ وەکو لە کۆمیدیادا بەکارهێنرێ. شایانی گوتنە، پێکەنینی نێو سەتایر پێکەنینێکی تاڵەو پڕ تەوسو پلارو تیزکردنو گاڵتەجارییە. بۆیە پێکەنینی سەتایر وەسیلەیە، نەک ئامانج. پێکەنینی سەتایر مرۆڤ دەخاتە بیرکردنەوەوە. بۆ پتر وردبونەوە لەگەندەڵیو ناتەواوییەکانو لاریو چەوتیی ئەندامێ یان ئەو گروپەو چینەی ئەم تیادا ئەندامە. سەتایر لە روی تێوریییەوە ئەخلاقییەوە ترسو تاڵەو درژ، ناتەواویو گەندەڵییەکانی کاتو شوێنی خۆی دەکاتە ئامانج. سەتایرنووس بەو چاوە سەیری کۆمەڵو روداوەکانی ناو کۆمەڵ دەکات، یان بەواتایەکی دی، ئەو شتانەی سەتایر نوس دەیەوێ بیانخاتە روو، با بچوکیش بن ئەنگێز (اغراق) یان پێدەداو زۆر گەورەتر لە خۆیان دەریان دەخا.

ئەم خەمخۆرییەی سەتایر نوسان لەپێناوی چاکسازیی کۆمەڵایەتیدایەو ریسوا کردنی گەندەوکارەکان (لەناو کۆمەڵدا یاخود لە دامو دەستگا دەوڵەتییەکاندا)، ئەمەش بە مەبەستی بنە بڕ کردنیانو خستنەوە کاری بۆ سەر رێی خۆی. نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ، کە دەگوترێ سەتایر لە کۆمیدی جیاوازە، لەو داشۆرێ (هجو)مش، جیاوازە کە تەنیا کەسێ دەگرێتەوەو بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوەو داخی دڵ دەرکردنو دژایەتییەکی تاکە کەسی ئەنجام دەدرێ.

سەتایر بۆ کۆمەڵو گەلو گشتە. ئەگەر هاتو ئاراستەیەکی کەسیو تۆڵە سەندنی کەسی

تێکەوت، بێگومان تامو چێژو بەها کۆمەڵایەتییە بابەتییەکەی لە دەست دەدا.

هەرچەندە: (تیز پێکردن، لاقرتی پێکردن، تەوس، پلار تێگرتن، قەشمەری پێکردنو گاڵتە جاڕی) دەچنە دنیای داشۆرین (هجو) سەتایر، باوەکو لە زمانی عەرەبیدا (الهجاء) بۆ زاراوەی SATIRE دانرابێ، بەڵام بەدرێژایی مێژووی سەرهەڵدانی لای گریکی کۆن تاکو ئەمرۆ (لای میللەتانی جیهان هەر میللەتەو بەپێی هەڵکەوتی کۆمەڵایەتیو مێژوی سیاسیو ئابووریو زمانی خۆی بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەم ژانرەیان بۆ مەبەستێکی ئەدەبی بەکارهێناوە.) ئەویش بەپێی ئەو بوارو شێوازی بەکارهێنانەی، کە تایبەت - مەندییەکی وەرگرتووە (لای هەر زمانو نەتەوەیەك). بەڵام لێرەدا پەیرەوی بۆچوونە ئەوروپییەکە کراوە تاکو لەو بۆچوونو بەکارهێنانەی ناو ئەدەبی عەرەبیو کوردی. هەروەها ئەدەبی فارسییش لە شیعردا دوور بکەوێتەوە. چونکە ئەو دەقانەی، کە مەبەستن شیبکرێنەوە بەو ئاراستەیەدا لە بارترو گونجاونو پڕ بە واتاو شێوازەکە، یان زاراوەکە (سەتایر) لەخۆ دەگرن. نەك داشۆرین (هجاء)ی عەرەبی، کە جنێوو هێرشە شەخسییەکە زاڵەو تەمەنی کۆتایە.

زمانی سەتایر لە نەرمیو هێمنی بەکار هێناندا، هەروەها لە تاڵیو تونديو تیژیو رەقیدا هەر لە کۆنەوە دوو شێوازی وەرگرتووە، ئەویش بەپێی ئەو مەبەستانەی بۆی دەنووسرێو شێوازی چارەسەرکرد نەکەو تەنانەت جۆری بابەتو کەسانی سەتایر پێکراویش. ئەو دوو شێوازەش ئەمانەن:

١ـ ئەو شێوازەی نەرمو نیانە. بەڵام بە زەبرو توند (لە کاریگەرییو ئاراستە کردندا) کە بە سەتایری هۆراسی –Horatian – ناسراوە.

٢ـ شێوازی ژۆڤینالی Juvenalian زمان تاڵو توندو پڕ گەزەندو ئێشەو بڕندە. هەردوك لە نێو ئەدەبی جیهانیدا بە باوکی سەتایر ناسراونو نووسەرانی دوای ئەوان هەریەکە سەر بە یەکێ لەو دوو شێوازەن، هەرچی بوارەکانی مەزراندن (توقیف)ی سەتایرە، بواری کۆمەڵایەتیو رامیاریو ئەدەبو بەرهەمە ئەدەبییەکانو دراما نووسینو شاعیرانو رۆمانو رۆمانتوسانیش دەگرێتەوە.

زمانو شێوازی سەتایر لەگەڵ جۆرەکانی تری نێو بازنەی سەتایردا جیاوازە، نەك هەرئەوەندە، بەڵکو تەمەنی سەتایرو کاریگەرییەکەیشی لە نێو مێژوی ئەدەبو جیهانی ئەدەبدا درێژترو بەردەوامترە . ئەو داشۆرینەی بەواتا رۆژهەڵاتییەکەی، کە دژی تاکە کەسێ دەگوترێ، تەنیا کاریگەرییەکی نەگێتیڤی هەیەو هیچ مەرجیش نییە خەڵکانی دی پێوەی سەرسام بنو جێگەی خۆیشی لایان بکاتەوە، هەروەها نوکتەو پێکەنین کە زۆر کاتینو تەمەن کورتو بازاڕی خۆیان لە بەردەم زەمەندا ناگرنو لەبیر دەکرێن.

لە ئەدەبی جیهانیدا، دوای سەتایر نووسەکانی یۆنانی، کە داهێنەرو گەشە پێدەری ئەم ژانرەو شێوازەن – وەکو: ئەرخیلۆس (سەدەی حەفتەمی پێش مەسیح)، هیپۆ ناکس (سەدەی شەشەمی پێش مەسیح)، هەروەها ئەریستۆفانیش (٤٤٨-٣٨٠ی پێش مەسیح)، نووسەرەکانی وەکو هۆراس، جۆڤینالّ، پاشان درایدن (سەدەی حەڤدەیەم)، جاناپان سویفت، ئەلکساندەر پۆپ، فیلدینگ، براونینگو لە سەدەی بیستەمدا (ئەلدۆس هکسلی)، (جۆرج ئۆرویڵ)و (عەزیز نەسین)ی تورکو (یادق هیدایەت)ی فارسو زۆری تر ئەم ژانرەیان گەشەپێداوە دەوڵەمەندیان کردووە.

لە ئەدەبی کوردیشدا، کەمو زۆر هەر دەرگای سەتایر کوتراوە. بەڵام زۆر نەبووە بە باوو کەسانێکی بە توانا لە بەرهەمی کورتیلە چیرۆك و کورتەچیرۆك و رۆمانەکانیاندا لەم بوارەدا ئەسپی تواناو بەهرەیان تاو داوە. چ راستەوخۆ، یان ناراستەو خۆ. نووسەرانی وەکو (حەسەنی قزڵجی)، کە ئەم نوسینە بۆ کۆڵینەوەو شیکردنەوەی کۆچیرۆکی (پێکەنینی گەدا). ١٩٨٥، چ٢ی ئەو تەرخانکراوە شارەزایەك و سوارچاکێکی ئەم مەیدانەیە، هەروەها (کاوس قەفتان)، لە نێو بەرهەمەکانیدا (کورتەچیرۆك) دوورو نزیك پەنای بۆ بەکارهێنانی شێوازی سەتایر بردووە، کە کارامەیی و توانایی خۆی تیایاندا دەرخستووە. جیهان عومەر، لە کورتیلە چیرۆکەکانیدا (وێنەی باوەشی دیوارەکان) دەستی هەیەو لێزانینی پێوە دیارە.

سەلام عەبدوڵا، لە (تەقریرستان)دا ساڵی (٢٠٠٠) بە کۆمەڵە کورتیلە چیرۆك و سەتایری ناو گوتاری کورت ، هەر دووجۆری سەتایری کۆمەڵایەتی و سیاسی مەزراندوەو شارەزایانە جێ پەنجەی خۆی نەخشاندوە. هەروەها (حەمە سەعید حەسەن) لە کۆمەڵە کورتیلە چیرۆکی (راوەژن)دا جێ پەنجەی خۆی دیاری کردووە. هەرچەندە مۆرکی کەسی و ئاراستە کردنی راستەوخۆی پێوەیە، بەڵام لە شێوازو تەکنیکدا کارامانە هاتوەتە دەست.

ئەوەندەی نووسەری ئەم چەند لاپەرە یە ئاگاداربێ، (بەختیار عەلی) لە رۆمانی (دوواهەمین هەناری دونیا) ٢٠٠٢ لەگەڵ کورتیی تەمەنی رۆمانووسینیدا، بە شێوازێکی هۆراسییانە مامەڵەی لە تەك بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستانی ساڵانی پێشوو تاکو دوای راپەرین بە چەند ساڵێ کردووە! دەشێ بەرهەمی تر لەم بابەتە نووسرابێ و بەر دەستی نووسەری ئەم لاپەڕانە نەکەوتبێ.

ئەم کۆڵینەوەیە، کە لە دەروازەیەك و شیکردنەوەی کورتە چیرۆکەکانی نێو کۆ چیرۆکی (پێکەنینی گەدا) پێکدێ بە ئەنجامو خولاسەی عەرەبی و ئینگلیزی و سەرچاوەکان کۆتایی دێ و تەنیا لایەنی (کۆمەڵایەتی)ی ناو چیرۆکەکانی لەخۆ گرتووە.. دوو چیرۆکی تیدان بەناو نیشانی:

(شەهیدی زوڵمە کفنی بۆ مەکەن ل٩٤و تاجو تەختی کوێخا هۆمەر ل٤٢) بابەتیان سیاسییەو شینەکراونەتەوە، هەروەها چیرۆکی (کەشکۆڵی جادوویی، ل٨٠)، کە فۆلکلۆریو سیحرییەو لایەنی کۆمەڵایەتی کەمتر بەرچاوە. لەم بابەتە تیشکیان نەخرایە سەر .

(حەسەنی قزڵجی) (١٩١٣-١٩٨٤) چیرۆکنووسێکی بە توانایە. گەر چی بە زۆری لە گێڕانەوەدا پشت بە (چیرۆکگێڕەوەی هەمووشتزان) دەبەستێ لەگەڵ ئەوەشدا لەم بەرهەمەیدا لەبەر بەپێزیو چڕی بابەتو زمان پاراوییەکەیو پەیڕەوکردنی ڕێبازی ریالیزمی (فۆتۆگرافیو رەخنەگرانە) ململانێی نێوان چینەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەرجەستە کردووەو ئەو شێوازی گێڕانەوە بە تەقلیدییەتی خۆی لە بێزارکردنی خوێنەردا، دەبێتە شێوازێکی وەها خوێنەری لێنارەوێتەوە.

چیرۆکنووس هەر لە یەکەم چیرۆکی کۆچیرۆکە کەیەوە (پێکەنینی گەدا، ل١٦) تینووی ئەوەیە، کە بە زووترین کات دەردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بە تەن بکاو فۆتۆگرافانە بیانخاتە پێش چاو، حەمە ڕەش خەڵکی گوندی (تەپەڕەش) لە شارەزور، دوای مردنی ژنو منداڵی بە نەخۆشی، لە دەستدانی گاکانی لەسەلەمی قەرزی کەڵەکەبوی سووخۆرەکاندا، بە لێفە شڕەکەیەوە، کە وەکو ساقۆ لە بەریدەکا بەرەو هەڵەبجە دەکەوێتە ڕێو دوای چەند ڕۆژ ڕێگە بڕین دەگاتە شار!

حەمەڕەش، نەهامەتییەکەی هەر لە مانەوەی بە تەنیادا نییە، ساڵ قات‌و قڕی‌و بێ باران‌و دەردو نەخۆشی لە ناوە، خۆیشی لەرزو تاو نەخۆشی وازی لێناهێنێ. بەم حاڵەشەوە پێی شەرمە دەرۆزە بکا، بۆیە دەیەوێ کار بکا! کار! هەر خاوەن کارێکیش ئەم رەنگ‌و بۆو باڵاو پەیکەرە ببینێ دەبێ لەم قسانە پتر چی بڵێ: "- کرێکاری چاکی نۆرەی ئەوەیە لە کارەکەمدا بمری، کفن‌و دفنی تۆشم بەڕیشەوە بێ!" ل١٩.

ئەم حاڵەو نەبوونی هیچ سەرمایەو ئومێدێ، کە حەمەڕەش لە مەترسیی لە برساندا مردن رزگار بکا، ناچار پەنای بردە (نان) پەیداکردن، ئەو خەڵکەی پارەی بۆ رادەدا، بۆ نان کڕین وەریدەگرت. بەو ئومێدەی بگاتەوە بەهارو کارێ بکا. لەو سەرمایەدا، گەڕانی بێ ئامانج ملی پێدەکا بە ناو تونی پڕ چەڕە دوکەڵی حەمامێکداو لەگەڵ تونچی رێکدەکەوێ، کە رێگەی بدات شەو لای بخەوێ‌و ئاگریشی بۆ خۆش بکا.

ئەو بەیانییەی بەفر کرێوەی دەکرد، حەمەڕەش ناچار بوو بچێ بۆ پەیداکردنی یەك دوو نانێ، کەوتە ناو گەڕەك: "- لەولاوەی هێندێ خانووی قوڕین‌و کش‌و مات کۆشکێکی تەرزو بەرزی بەرچاو کەوت لە نێو حەوشەیەکی گەورەدا لە چەند لاوە لەبانەکانی دووکەڵ هەڵدەستاو لەگەڵ کرێوەو رەشەبا شەڕی دەکرد. وادیاربوو هۆدەکان سۆپەیان تێدا دەئایس (دەگڕا)و گەرمو گوڕ بوون. پەنجەرەکانی پەردەی سپی یان پێوە بوو، بەڵام دەبێندرا بەم چلەی زستانە گوڵیشیان لێیە)، ل٢٢. حەمەڕەش ئەم کۆشکەی بە بەهەشتی سەر زەوی داناو خۆی گەیاندە دەروازەکەی، بە ترسێکەوە بە دەستە رەقەهڵهاتووەکانی لە دەرگاکەیدا. لێرەدا مەبەست ئەمەیە، کە یەك چیرۆکنووس دەیەوێ دیمەنێکی سەرسوورهێنەر بخاتە پێش چاوو لاقرتی بە ژیانی سەر یەك هەسارەو نێو یەك شارو گەڕەك بکا. دەنگێ لە ناوەوە بانگ دەکا: "- سەعە، ئەوە کێیە بەم بەیانی یە لە قاپی دەدا؟ ل٢٣، حەمەڕەش لە وشەی بەیانی هێندەی تر سەری دەئاوسێ، بەڵام کاتێك دەرگای لێکردەوە، دەردی (حەمەڕەش)ی گرانتر کرد: (بەگم بێژم چی! داوەڵێرەشە، وادیارە گەدایە.) ل٢٣. کاتێك حەمەڕەش داوای دوو نانی کرد، سەعە بەسەریدا قیژاندی‌و گوتی: "- بڕۆ بەڕێی خۆتەوە ، کابرا! خانم لە ماڵەوە نییە، چۆتە حەمام." ل٢٣ گاڵتەجارِی‌و پێکەنین لێرەدایە! حەمەڕەش بە بێگییانی‌و برسێتی حەمام گەرم دەکا، بەم بەیانییە خانم دەچێ خۆی تیادا دەشوا، حەمەڕەش لە وەڵامەکە هێندەی تر دەتەزێ‌و دەچێتەوە بەناخدا، تاساو دەمیکردەوە، هەروەکو پێبکەنێ، دەمە وشکەکەی کردەوە (بە دەنگێکی کوت‌و پچڕەوە گوتی: "- کوڕە جوانخاسەکە، خاسییان وتووە (هەرکەس گوێز لە هەمانەی خۆی ئەژمێرێ). تۆ گوێت پێوە نەبوو، من داوای نانم کرد. خانمی چی؟ من برسیمە، شتێکم گەرەکە بیخۆم، شتێکم گەرەك نی یە گەمەی لەتەکا بکەم! ل٢٣. ئێرە لوتکەی سەتایر پێکردنە، بەکێ؟ بە کۆمەڵ ، ئەو لە ناو هەموو خانووە قوڕینەکاندا کۆشکەکەی هەڵبژارد. کەچی ئەوەش دەست‌و کەرەمی کۆشکەکە بوو! خانم تێرەو دەچێتە حەمام. (حەمەڕەش)یش برسییەو حەمام گەرم دەکاو نووسەر هیچ چارەیەکی بۆ رووداوە گاڵتە ئامێزەکەی دانەناوە، بەپێی رێبازی (ریالیزمی رەخنە گرانە) تەنیا رەخنە گرە. کاری ئەم گەندەڵی‌و خراپی دەرخستنەو چی دی نا.

چیرۆکنووس لەسەر دەرخستنی گەندەڵییەکانی نێو کۆمەڵ دەڕواو باس لە یەکێ لەو ئەفەندییانە دەکا، کە لە خانەکانی بەغدا، شت‌و مەك لەو کوردانە دەکڕێت لە کوردستانەوە دەچنە بەغدا . جگە لەوەی لە چیرۆکی (عادەتی بازار، ل٢٤)دا باسی چرووکی‌و دەست قوچاوی

عەبدولقادر ئەفەندی دەکا، وەسفێکی ئەو بازارەو خانو کەرەسە پڕ فڕو فێڵەکانیشیان دەکا: (بازاڕ هەمووی سپییە (سەنگەر)و حەشارە بە تەنیشت یەکەوە. لە هەر حەشارێکدا راوکەرێ دەستی داوەتە چەکی نیوگەز، یا تەڵەی تەرازووی ناوەتەوەو خۆی ماتداوە. نەچیر وەك لافاو لەم سەرەوە بە ساغی دێنو لەوسەرەوە، کە دەردەچن، هیوا هەیە نیوگەز گیرفانی دڕیوەو هی واشیان هەیە کیسەکەی بە تەڵەوە بووە. ل٢٥ ئەو (راوکەرانە) خاوەن بازاڕو بازرگانەکانن‌و بەقسەی خۆش‌و دەمی مفت بەرهەمی رەنجی فرۆشیاران دەخۆن، یان وەسفی خانەکەی عەبدولقادر ئەفەندی بەم شێوە پێکەنیناوی‌و سەختە دەکا: (لە حەواشەوە عەبدولقادر ئەفەندی سنووری خۆی دیاری کردووە: تەنانەت هەتاویش بەخۆڕایی ناتوانێ رێی بکەوێتە ئەوێ. ل٢٦ لە خۆیدا وەکو جێگەیەکی سەخت، چیایە یەك، دەربەندێ بە تەوسەوە وەسفی دەکا! هەروەها دەڵێ: (لە سوچێکی ئەم هۆڵە قەپانێکی گەورە وەکو تەڵە نراوەتەوە.ل٢٦، (مەخاریجی ماڵەوە رۆژی هەوەڵ تری٥٠ فلس، گۆشت ١٥٠ فلس، نان ٦٠ فلس، تەماتەو سەوزی ٣٠ فلس، جەریدە ١٠ فلس.

رۆژی دووهەم: شووتی ٥٠ فلس ، ئەوانی دیکە وەك خۆیان، ل٢٧ ئەفەندی هێندە لە حساب کردندا ورد بووە دەست قوچاو بووە! بەم جۆرە بە دوو دەفتەر (کچکەکەی لە ماڵەوە خۆیشی بە چیرۆککێڕەوە (کاتبەکە)ی دەنووسی. نووسەر بەردەوام دەبێ لە باسکردنی ئەو چرۆکی‌و پیسۆکییەی ئەفەندیی خاوەن خان، بەوەش قایل نییە، کە زاکیرو کاتبەکەی بە پارەی خۆشیان پیپسی کۆلایەك بخۆنەوە: (کاکە ئەمە خانە، گازینۆ نییە، تۆ خۆت کار ناکەی، خەریکی زاکیریشم لابەد عەمەل دەکەی؟... کاسبی چۆن وا دەبێ؟ ل٢٩) ئەمە دەفتەرو حیسابی ئەفەندییەو دەیەوێ بەردەستو کرێکارەکانیشی وەکو خۆی بن: (رۆژی ٣٢ فلس (پیپسی کۆلا) مانگی دەکاتە نزیکەی دینارێ، کۆی کەرەوە، پاش چەند ساڵێکی تر بیکەرە دەسمایەو کاسبی پێوە بکە، بۆ خۆت دەبییە پیاو. ئێمەش هەر وامان کردووە، ل٣٠) بۆ خۆیی رجوا نابینێ‌و نایکا نایەوێ کەسی تریش بیکا. چیرۆکنوس بەم گفتوگۆیە بیروڕای ئەفەندی‌و سەرچاوەی دەوڵەمەند بوونەکەیشی، کە خۆ چەوسانەوەو رەزیلی کردنە، ئاشکرا دەکاو پلاری تێدەگرێ‌و بەوەش ناوەستێ دیمەنی ئەفەندی، بە دیمەنی مشکی سەر خەرێنە دەچوێنێ. بەم شێوە کاری کاتێرە قەڵەمکاریکردنی ئەفەندی، رەنگدانەوەی ئەو رکەبەری‌و ناکۆك بونەی نووسەرە لەگەڵ ئەندامانی ئەم چینەداو دەرخستنی گەندەڵییەکان‌و لاری‌و رەوشتە زشتەکانە، کە کرۆکی سەتایرن! زاکیر لە خۆی دەترسێت کە نەبادا ئەفەندی لەسەر کار دەریبکاو بە دەستپیس‌و کارنەکەر ناوی بزرێ. بۆیە بە ناچاری دەداتە پاڵ عەبدولقادر ئەفەندی‌و قسەکانی دەسەلمێنێ.

یەکێکی‌تر لە گەندەڵی‌و بێ‌ویژدانی ئەفەندی‌و بازرگانەکانی‌تری (بازاڕ) مەسەلەی (تەرککردن)ی چەند کیلۆیەکە لەو بابەتە شتانەی، کە دەهێنرێنە بازاڕ، ئەویش بە بیانووی خاك‌و خۆڵ، خاشاك‌و گونییەو.. تاد.

ئەو بارە کەتیرەی مام سەعدون لە دهۆکەوە بۆ لای ئەفەندی بردوە ، بە (١٦٦ کیلۆ) تەخمین دەکرێت ، هەر بەو (عادەتی بازاڕە) هەشت کیلۆی بۆ تەرکییات لێ لادەبرێ، شازدە(١٦)ش بە (١٥) پازدە حساب دەکرێ. لێرەدایە چیرۆکنوس بەزمانی چیرۆککێڕەوە (کاتبی ئەفەندی) دەڵێ: "- هێندەی پێ‌سەیربوو دام لە قاقای پێکەنین‌و گوتم: دەی جا با ئەمەش عادەتی بازاڕ بێ هەر شازدە دیناری بۆ دەژمێرین‌و دەڵێین ئەوە پازدە دینار. ل٣٢ ئەم

تیزکردنو لاقرتیکردنەی کاتبەکە بە ئەفەندیو (عادەتی بازار)، وا لە عەبدولقادر ئەفەندی دەك، کە دوو دیناری کرێی ئەو مانگە بە کاتبەکەی بداو پاڵی پێوەنێ. ل٣٣.

چیرۆکنووس، هەر وەکو ئەو ئیدۆلۆژییەتەی بۆ خۆیی پەسەند کردووەو ئەم شێوازەی نووسینی کورتەچیرۆکی هەڵبژاردووە (سەتایر)، بەردەوامە لەسەر تەوس وەشاندنو پلارتێگرتنو لە چیرۆکی (بیهێنە، ئەمما ناوی مەبە، ل٣٤دا باس لەو ریسوا بوونەی ئاغای گوندێ دەکا، کە جوتیارەکانی لەبەر زۆری سوخرەو بێگاری مااڵی ئاغا هەرهەموویان گوندەکە جێدێڵنو دەچنە لای ئاغایەکی تر، یان بەرەو شار کۆچ دەکەن. چیرۆکنووس، بە زمانێکی تاڵو توندو تیژ، باسی ئێستای (مەجید بەگ)ی ئاغای گوندی (سەرکەل) دەکاو هەر لە دیواری کۆشکو دیوە خانەکەیەوە تا چونی بۆ لای سەیدی زەنبیل بۆ دوعای خێرو رۆزی زیاد بوون کردن!

"- کۆشکی ئاغایی وەکوو کونده بەبووی گەڕۆڵ ... هەڵنیشتبوو

"- لە هەندێجێ پاسارەی بانەکان کەوتبوونە خوارەو، ل٣٤.

"- لە مێژ بوو پلووسکەکان بەربوونەوەو چایی یان پێ ڵانرابوو.

بەردەکان سەریان لە سواغەکان دەرهێنابوو، ل٣٤. هەرهەمووی لاقرتیو قەشمەریکردنە بە کۆشکی ئاغاو لاتکەوتنی دەردەخەن، تەنانەت (نە تەویلەی ئەسپو ماین دەهات، نە کادێن سپایی کای تێدا دیار بوو. ل٣٤-٣٥). نەك هەر جووتیار رۆشتوون، بەڵکە ماڵو حاڵیش هەموو فرۆشتوونو ئەمانی بۆ ماونەتەوە:

دزگای دەرەوەی مەجید بەگ بە سێشتەوە دەگەڕا: فەرەجی فەڕاش، هەڵۆی تانجی، ئێستێرە بۆر.) ل٣٥، کە باسی ئاغا خۆیشی دەکا: "- بە کاوە خۆ هەنگاوی هەڵدەهێنا. لەگەڵ هەموو هەنگاوێ کەوشەکانی قاچی دەقۆستەوە. ل٣٥-٣٦ ئەوە دەست لە نانو بەرچایی سبەینانی ئاغا هەر مەدە!

دواین پلارو لاقرتی پێکردنی مەجید بەگ، ئەو چونەیەتی بۆ لای سەیدی زەنبیل، کە دوعای خێری بۆ بکاو رۆژی خێری لێ هەڵبێ. بەاڵم لەوێش، شێخ خۆی تێنەگەیاندووەو لەگەڵی ساردو سڕ بووە. شەویش تەنیا لێفەیەکیان پێداوە کە هەم رایبخاو بیشیدا بە خۆیدا! شەو، کە سەرمای دەبێ داوای پێخەف دەکاو وا دەزانێجارانە ، فەرەجی خزمەتکاری پێی دەڵێت کە هیچی لانییە (جلی ئێستەرەکە نەبێ)و ئاغا ئەم خوڵکەی پێ ناخۆش دەبێت ، تاکو سێیەمجار ، کە سەرما زۆری بۆ دێنێ! ناچار دەبێ: "-مەجید بەگ گوتی: باشە، بیهێنە، ئەمما ناوی مەبە، ل٤١. لێرەدا، قزڵجی تەنیا پلاری نەگرتووەتە ئاغای الت کەوتوو، بەڵکو ناڕاستەوخۆ شێخی زەنبیلیشی کوتاوەتەوە، کە مەیلی بۆ میوانەکەی هاوڕێی جارانی نەبووە. چونکە دیاریو سەوقاتیو بارگرانی بۆ نەهێناوە. بە بەردێ دوو نیشانی شکاندووە. ئەمە شێوازی سەتایرە لە ریسواکردنو لاقرتی پێکردنداو هیچ زمان پیسیش بەکارناهێنێو داشۆری ناکا. بە نەرمی کاراکتەرەکانی دەکوتێتەوە .

لە چیرۆکی ئاغا وەجاغی رۆشنە، ل٥٢دا، ئەم پەردە الدانە لەسەررەوشتی ئاغاو چینی چەوسێنەرە بەردەوامە، هەر لە ناو نیشانی چیرۆکەکەوە مەبەستی ئاشکرایە، کە باب چۆن بوو. کورەکەشی وایە! بەم شێوەیە وەسفی دەکا، کە لە تەڕ خواردوویەو لە هشك نوستووەو هیچ هونەرو پیشەیەکی نەبووە: (تاقە هونەرێکی،

که بووی، ئەوە بوو لە زمانی تاژی دەزانی. ل٥٢) لە پەرەگرافێکی تردا بە روالەت نەرمو لە ژێرەوەدا سەختو تاڵ دەڵێ: "- ئاغاو تانجی. پشتاوپشت، لەگەڵ یەکتر هاتبوونە خوارەوە. ل٥٣، چونکە خەمی رۆژانەی ئاغا رابواردنو کات بەسەربردن بوو، راوە تانجیش، غەمرەوێنێکی باشەو هەردوو بەرەبابی (ئاغا – تانجی)و نەوەکانیان، نەوە بە نەوە پێکەوە دێنە خوارەوە.

(قزڵجی) لەم چیرۆکەدا هەر زەبرو زەنگی ئاغا دەرناخا، کە بە (عەوڵای خزمەتکار) دەڵێ: "- بەیانی دەتکەم بە مەتاڵ، کەرووێشکی نێولان. هەر لەبەر ئەوەی زەمی تانجییەکو پەیداکردنەکەیی کردووە، ئێدی ئاغا لەسەر قسەی خۆی دەبێو عەوڵاش پێوە بووە. هەرچەندە عەوڵای خزمەتکاریش لە زۆرداریو چەوسانەوەی جوتیارانا کەم نەبووە. بەڵام لێرەدا چیرۆکنووس بۆئەوەی زیرەکیی ئەم تووژاڵە کاسەلێسە دەربخات، لەبەر ئەوەی بەفر نەباریوە، مەتاڵ بەو شێوەیە پەیدا نابێ، عەوڵاش کەرووێشک پەیدا بکا خەڵات دەکرێ، پەیدای نەکا سزا دەدرێ ناچار دەبێ، پەنا بۆ فێڵو فڕو کڵاو لەسەر نان بەرێ. بۆیە کەرووێشکێکی ماڵی (بە کێوی چوو) دەخاتە ناو لانێکەوەو دەی بەستێتەوە تا رانەکاو ئاغاو تانجییەکەشی (تاوس) دەباتە سەریو ئەو هەڕەشەی ئاغا لە ملی خۆی دەکاتەوەو، گەنمو دەستێ رانکوچۆغەڵیش دەباتەوە. بەڵام چاو لە (برایمە شەل) سور دەکاتەوە، کە نەڵێ کەرووێشکی بزر بووە! ئاغاو خزمەتکار دەخاتە بەر پلارو وەکو گاڵتە پێکردن، ئاغایەکی وا زۆردار (کەرووێشکێکی کێویو ماڵی) لێکجودا نەکاتەوە خزمەتکاری هێندە زۆرزانو زاڵم کڵاوی لەسەر سەری ئاغاو جوتیارێکی بەستە زمانیش دابنێ.

لە چیرۆکی (خەمڵی پەموو، ل ٦٢)دا، بە پێچەوانەی (بیهێنە ئەمما ناوی مەبە)، ئاغاو شێخ کلکیان لێکدەئاڵێنن‌و هەردووك دوور بە دوور یەك کار ئەنجام دەدەن، کە چەوساندنەوەی جوتیارەکانیانە.. بەم جۆرە وەسفانە دەیەوێت دەری بخات کە حاڵی شێخو خانەقا و جوتیاران چۆنە:

جوتیارەکان سەرقاڵی کارن، نوخشەش دەرنەچووە، ئێتر لە رویان نایەت بچن بۆلای شێخ (واتە دیارییان پێ نییە) شێخیش بە دیارییەوە روی خۆشە بەرانبەر جوتیار .

خانەقا چۆڵەو بە بانگی بانگدەرو گیزەی مێشولەی برسی دەشڵەقێ. مێشولەکەش هەر برسییە!

شێخیش لەبەر بێکاریو نەبونی ئاوەن‌و رەوان، بەیانی تا ئێوارە پیاسە دەکا!

زۆر بە توندی پلارێ لە جەنابی شێخ دەگرێ: "- بەڵام شێخ یا وەرز بوو، یا بە پێویستی نەدەزانی، یا بەشکەم لە ماڵەوە نوێژی دەکرد، لەو وەختەدا کاتی بانگدان نەدەهاتە خانەقا." ل٦٣. ئۆباڵ بە ملی نووسەر. بەڵام لەم پەڵە گران‌و گەورەیە پتر. چی بە پشتی شێخدا بدا. لە وەسفێکی تری خانەقادا دەڵێ: "-ئەو خانەقا وڕاق‌و گەورەیە بەسێ کەسەوە، لە کاتی جەماعەتدا وەکو حەمامێکی قەدیمی وابوو کە حەمامچی‌و ئاو گێڕو یەکێکیش بەخێر خۆیانی تێدا بشۆن. ئەو رۆژانە دیاری‌و سەوقاتێکی بۆ شێخو خەتم‌و تەهلیلەیەکی بۆ خوا تێدا نەبوو. ل٦٣. ئەم پلارو تەوسانە هەرهەموو بە رێگەی زمانێکی ئاساییەوە، بەڵام پڕ لە ژاڵو ئازارو ژان، دەگرێتە شێخو خانەقاکەی‌و مەلا جەلالی پێش نوێژ :

(مەلا جەلال) مانگی دیووەو چاوە چاوی مانگانەیە.
شێخ هیچ داهاتێکی نییەو دیاریو بەخشیشی نییەو دەزانێ مەلاش چاوەروانی مانگانەیە!

سۆفی قادری خادمیش، لە خەمی چۆڵی خانەقادایە!

نووسەر، بە هاتنی سۆفی نامیق – جوتیارێکی زۆراو بەگ – بێدەنگیو خامۆشیی خانەقا دەشڵە - قێنێ. ئەویش لە تاو (خەملّی پەموو)ەکەی، هانای بۆ شێخ هێناوە، کە یاریدەی بداو دڵی ئاغای خاوەن مووڵکی بۆ نەرم بکا. بەڵام (زۆراو بەگ)ی خاوەن مووڵکی کەسیی لا قیتدەکاتەوە!

زۆراو بەگ بە سۆفی قادری نێردراوی شێخی گوت: "-ئاخر خۆیشی خاوەن مووڵکە، ٦٧ واتە با پشتگیری لەم جوتیارانە، نەکا، سبەینێ سەرەی خۆی دێ.. ئیدی شێخیش تێگەیشتو دایە دەست (قەزاو قەدەر)و لێرەدا نووسەر پلارێکیش نەك لە شێخ، بەڵکو لە یەکێك لە روکنەکانی ئیمانیش دەگرێ شێخ وا دەزانێ، کە سۆفی نامیق دەمکوت دەبێ. بەڵام نووسەر بەمەشەوە ناوەستێو دەرونی سۆفی نامیقو بۆچونی بۆ راکەی شێخ بەم شێوەیە دەخاتە روو: "- هەزار قەزاو قەدەر بێ، پەمگی خۆمی نادەمێ.. ل٧٠" ئەم یاخی بوونەی سۆفی نامیق لە گرانیو سەختی ژیانەکەوەیەو لە زوڵمی زۆراو بەگەوەو ئەوەش دەخاتە روو، کە زۆربەی ئیمانو بڕوابوون خوو پێوەگرتنە، یان تێنەگەیشتن لە ئیمانو سادە وەرگرتنییەتی!

چیرۆکنووس لە تیزکردن بە رەوشتە کۆمەڵایەتییەکان، بە گەڕانی بەم لاو ئەولاو پەناو حەشارگەکاندا، سەرە بابەتی جۆراو جۆر دەهێنێتە کایەوە، کە رەوشتە کۆمەڵایەتی – دینییەکان تێکەڵ دەبنو لەگەڵ رەوشتو سیفەتە کەسییەکاندا پێکدا دەپژێنو دینو عادەت (رەوشت)ی رۆژانە دەبنە دوو رووی یەك شت ، مەبەست ئەوەیە، کە دینداڕەکان لای (قزڵجی) ئەوەی بەرژەوەندییانی تێدایە ئەنجامی دەدەن، نەئەوەی شەرعو دین فەرمانی پێداون. ئەوەتا لە چیرۆکی (سەرفیترە) ل٧١دا، هەروەکو ماسی، ناو دەروونی حاجی عەلی دەخاتە روو! چ بۆ دینەکەی، یان بۆ دونیاکەی: "پیاوێکی عاقڵ، حیسابی دونیاو قیامەتی خۆی باش دەزانی. زۆر چاك لێکیدابۆوە: رەمەزان هەم زیارەتەو هەم تیجارەت. خواشی ڵارازی دەبێو ژەمی سی نیوەرۆش دەگەڕێتەوە، ل٧١. ئەمە دیدو بۆچونی کەسێکە چیرۆکنوس بۆ خوێنەری قەڵمکاری دەکاو سەرکەوتوانەش لە پاشتردا دەروونیو خۆشەویستی بۆ پارەو خۆ دەوڵەمەندکردن، بابە چەوساندنەوەی کەسانی تریش بێ، یان بە ئەرکەکانیو فەرزەکانی دین راستیان بکاتەوە.

کە رەمەزان بەرەو تەواو بوون دەچێ، هەموو موسوڵمانێك بڕە پارەیەك بەناوی (سەرفیترە – زکاه الفگر) بە موسوڵمانێکی داماوی هەژار دەدا. حاجی عەلیی لە مەڕ (قزڵجی)ش بەم جۆرە ئەو زەکاتە لەسەر خۆی لادەبا، کە پێچەوانی خواستی ژنە لە خوا ترسەکەی بوو، کە ویستبووی بیدابە میرزا سالحی کاتبو وەکیلیو بەردەستی. حاجیش هەر لەسەر ئەو ڕایە بوو. بەڵام وەکو چیرۆکنوس دەڵێ بە شێوەیەکی ترو، بە حیسابێکی دی مەگەر هەر حاجی عەلی بزانێت بەو جۆرەی بهۆنێتەوە . سەرفیترەی یەك کەس بە روبعێ (٢٥٠) فلس دادەنرێ. مالّی خۆیان بە حیسابی حاجی دەکاتە (دوو دینار چارەکێکەم، ل٧٦. بەڵام ئەو ئێوارەیە هیچی نادات بە میرزا سالّح و لێدەدەن بۆ نوێژکردن روو لە مزگەوت دەکەن!

بۆ رۆژی دوایی حاجی حیسابەکە وەبیر میرزا سالّح دێنێتەوە کە ئەم حیسابە وردەشی بۆ دەکات میرزا سەری سڕ دەمێنێو پێی سەیرە بە حاجی دەڵێ: "-باشە ئیتر ئەمە حیسابی دەوێ؟" ل٧٦ حاجیش دەزانێ چی دەکا، بۆیە بەردەوام دەبێو ئەو وردەشتانەی نێوانیان، کە میرزا حیسابی بۆ نەکردبوون، هەمووی تۆمار کردبوونو بەم شێوەیەش کۆیکردبوونەوە:
جوتێ قۆندەرەی کۆن، کە یەکەمجار خێری بوو، ئێستا چووەتە حیسابەوە بە دینارێك دانراوە! چارەکێك چای نمونەی رژاو – لەلایەن میرزاوە – دووسەد فلس ، پارەی تەختەی دوو سندوقی قۆندەرە، بە دینارێكو هەر هەمووشی لای حاجی دەکاتە دوو دینار پاش حسابکردنی تەختەکان بە هەشتسەد فلس.. لێرەدا میرزا سالح بەم پێیە بێ چارەکە دیناری قەرزارە، وەکو حاجی دەڵێ: "-ئەوە لە دوو دیناڕەکە دەرکە، تۆ روبعێکت دەکەوێتە سەر. ئەویش جێژنانەی ئەم جێژنەت بێ. ئیتر بێحیساب. ل٧٨-٧٩ میرزاش نایکاتە نامەردی بە زەردەخەنەیەکەوە پێی دەڵێ: "- جا بۆ چی بەو روبعە دیناڕە سەرفیترەی ساڵێکی دیکەم لاسەلەم ناکەی؟) ل٧٩، کە لە خۆیدا شۆردنەوەی حاجییەو دەرخستنی ڕەوشتی نەنگی پارە دۆستیو دژە مرۆڤانەیەتی! منەتیش بەسەر ڕەمەزاندا دەك، کە بەرۆژو بووەو سەرفیترەشی داوە!. چیرۆکنووس لەم تیز تێگرتنو پلارهاویشتنە ناوەستێو لە چیرۆکەکانی دوواتریشدا بەردەوامەو بەزۆری هەردوولایەنی دینیو چینایەتی چەوسێنەر، لە کۆمەڵدا وەکو دوو ئاراستەی هزری دژ، بەرانبەریان ڕاوەستاوە؟ چ وەکو پەیڕەو کەرانو جێبەجێکەرانی هەردوو لایەن (دینی – چینایەتی)، کە ئاشکرایە ئەم بەربەرەکانێیەی نووسەر، بەر بەرەکانێو گازاندە کردنێکی خاوەن بیرو ئایدیایانەیەو بەلای حەسەنی قزڵجیشەوە – وەکو لە بۆچوونو چیرۆکەکانیدا دەردەکەون – ململانێو گازاندەکردنو ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەکی بنەچەییو یەکلا کەرەوەییە لەسەر – کاغەزو هاندان – کە لە خۆیدا شادەماری سەتایر نووسینە. ئەویش بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێو کۆمەڵ. ئەوەتا لە چیرۆکی (نووشتەکەی ئامینەخان، ل١٠٢دا، جارێکیتر دەکەوێتەوە وێزەی ڕەوشتی دینیو ڕەوشتی کۆمەڵایەتی نێو پەرێزی پەیڕەوکردنی دینو کاسبی پێوەکردنی. لای خۆیەوە بە مەبەستی دیاریکردنی گەندەڵیو ناتەواوییەکانو گەندەکاری ئەندامانی کۆمەڵو سەر بە چینو توێژاڵو بیرە ناکۆکەکانی لە مەڕ کۆمەڵو نابە دڵی نووسەرە. ئەگەر چی نووسەر لە زۆر جێگەدا راستی پێکاوە. بەڵام ئەوەش ناگەیەنێ، کە – دین – پەیڕەوێکی تەواو نییە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانو پێچەوانەی گەشەی کۆمەڵە، بەڵام لە کاتێکدا نووسەر تەنیا لایەنە تاریکەکانی خستونەتە ڕوو. ئەم نوسینە (بەڵێو دەمخۆشی) بۆ دژەدینبوونی لێناکا. بەڵکو بۆ دەرخستنی خۆپەرستی بەکارهێنانی دین وەکو دەمامکێو بۆ بەرژەوەندی کەسی پەیڕەوکردن. دەنا کێیە ئەوەی دژی دەستبڕینو لامێژیو بۆ بەرژەوەندی بەکارهێنانی هەرچی پەیڕەوو بیرێ نییە!؟

لە نوشتەکەی ئامینەخاندا، قزڵجی سەرەتا بە زمانێکی نەرمو نیان پێوەندی نێوان خەڵکیو شێخ دەردەخا. بەڵام نەرمە کوت، شێخ دەکوتێتەوەو ناواخنی هەر رستەیەکی پڕیەتی لە تونديو ژاڵو ژار. (هەردوولا پێکهاتبوونو سەرو دڵخۆش بوون. ئەم (شێخ) بژێوێکی باشی دەست ئەکەوتو گوزەرانێکی چاکی ئەکردو دارایيو سامانێکی جوانی پێکەوە نابوو، لەسەر هیچیش پەکی نەدەکەوت – ئەوانیش جووتیاران کاروباریان هاڵدەسووڕاو عەمرو ماڵیان بەزیاد ئەبوو، دەردو بەڵایان لەکۆڵ ئەکەوت. ل١٠٣) خۆشی تەواوی دەکا: (جا تۆ هەر بڵێ: وابوو.. وا چوو.. بەچی ئە چێ؟) ل١٠٣. واتە، ڕەشە خەڵکەکە ڕاهاتبوون

بە دەستبڕینو خافڵاندنیان لە قەڵەم نەدەدا، بگرە ئەم پێوەندییەشیان لا خۆش بووبێ. نووسەر واز لە شێخ ناهێنێ، تەنانەت دوای مردنیشی بەم شێوەیە باسی لێوە دەکا: "بەرەو قیامەت کۆچیکرد. بەڵام ئەم وەك هێندێ پیاوچاکانیتر نەبوو، جگە لە چاکەکانی تەنیا سامانێکی چاکی بۆ منداڵەکانی بەجێهێشتو ئیتر بۆی نەکرا دێو خانوو بەرەو شتی وا بکڕێ." ل١٠٣-١٠٤. بەهێمنی تاکە رەوشتە چاکەکەی شێخ (دەوڵەمەند بوون) دەداتە بەر پلارو بە چاکەی ئەمی جیاواز لەوانیدی دەزانێ ..

کاتێك باسی منداڵەکانی شێخ دەکا، وایان پیشان دەدا: "بەڵام قسەی خۆمان بێو لەناو ماڵ دەرنەچێ، چی یان پێبڵێو چی یان فێرکات؟ خۆی چی فێر بوو بوو تا لەوانی بشارێتەوە! کارو دەسەڵات بەخوایە، ئەو چییەو چی بکا؟ بەشی ئەمانی تیا نەبوو!) ل١٠٤. کەواتە نە شێخو نە منداڵی شێخ کارو کاسبی تریان لەو (مشەخۆرییە) پتر نەبووە، کە دەکاتە سپڵی لاورگ بوون بەسەر کۆمەڵەوە. کوڕێ نەخوێندەوارو بێپیشە (دەستو پێسپی) دەبێ چ جێگەیەکی باوك بگرێتەوە. بۆیە هەر بە پارەوە چوونە شارو ، تەنیا خوشکەکەیان (ئامینەخان) لە گوند (شوێنگری بابیان) جێدەهێڵنو پاش ئەوانیش ئامینەخان جێی داکو بابی دەگرێتەوە، براکانی پێیان گرانە! لە لایەك چۆن کچ لەجێگەی باب دابنیشێو لە لایەك پێیشی دەوڵەمەندببوو، بەشی ئەوانیشی لێنەدەدا! بۆیە گەڕیان تێپێچاو دەستیان لە نوشتەو کاری دینداری پێهەڵگرت!

لێرەدا نووسەر دەروونو ناخی براکانی وا دەردەخا، کە هەر مفتخۆر بوون. لێناگەڕێن خوشکەکەیان لە ماڵدا دابنیشێو بەرێزەوە کارەکەی بکا. ئەویش دەرامەتەکەی نامێنێ.. شویشی بۆنەبوو.. چۆن بژی؟ ئەگەر نەچێ لەسەر وەرزی بەرهەمهێناندا شتێ بۆ خۆی کۆکاتەوە؟

هەرچی خەڵکەکەش بوو ئەم شەرعەیان پێنەکراو لێیانتەکینەوە. (ئامینەخان)یش کەوتۆتە نەداریو خەرمانڵۆغە کۆکردنەوە. رۆژێ دەچێتە سەر خەرمانی لاوێ، هەڵکەوتوو، دەوڵەمەند، بەڵام ژنی نەهێناوە.. داوا لە (ئامینەخان) دەکا نوشتەیەکی بۆ بکا تاکو ئەوکەسەی حەزی لێدەکا دڵی پێ بدا.. ئامینە خانیش پاش وەرگرتنی گەنمی خۆی، نوشتەکەی دەداتێو بۆ دڵنیاکردنەوەی رەشیدی لاو، دەڵێ: "- ئەم نوشتەیەی بۆ تۆم کردووە بەسەری باوکم بیخەیتە کۆشی ئافرەتێکی دینداری وەکو منیشەوە، کە لە سایەی خواوە لە رێگەی هیچیشیا نیم ، ناچارە دەنگ نەکا.) ل١١٢، رەشیدیش نایکاتە نامەردیو یەکسەر نوشتەکە دەخاتە کۆشی ئامینە خانەوە! ئەم کارەی ئامینە پەندی (ئەگەر کەچەڵ تیمارکەر بووایە، تیماری سەری خۆی دەکرد) دەخاتەوە بیری خوێنەرو (قزڵجی)ش زانیوویەتی بە چ مەبەستێ کۆتایی چیرۆکەکەی بەم سەمەرەیەو بەم هێرشە پڕ تەوسو توانجو پلارە بەم زمانە پێکەنیناوییەو لە پڕەدەهێنێ! گەندەڵییەکانو دیاریکردنیانو گەورەکردنیان بۆ چاکسازییە، نە تەنیا بۆ ئاماژەپێکردنو ناوهێنان.. شووکردنیش ئاواتێکی گچکە نییە بۆ کچی سەرەو شونەکردوو، بەم شێوەیەش بەدوای ژیاندا بگەڕێو رەشیدی لاویش کەسێ نییە چاوی تەماعی تێنەبڕدرێ.

ژینگەو سەر زەمینی رودانی بەسەرهاتەکان لەم کۆچیرۆکەی (قزڵجی)دا بەزۆری لادێکانی کوردستانەو کۆمەڵگەی گوندنشین، کە زۆربەی کێشەکانی نێوان جووتیار/خاوەن مووڵکو شێخی تەریقەت لە خۆ دەگرنو بە شێوازێکی سەتایر ئامێزانە خراونەتە روو، کە مرۆڤیش دەهێننە پێکەنین، ئەو پێکەنینە نییە قاقای خۆشی دوای نوکتەو گاڵتەو گەپێکی چەند کەسێ بێ، مرۆڤ بەو رەوشتە گەندەڵو نا

ئاسییانەی چەوسێنەران بۆ چەوساندنەوەو بەکەم گرتنی مرۆڤ بەکاری دەهێنن پێدەکەنێ لە چیرۆکی (هێلکەی هادی خانی)، ل١١٣)دا، لە گوندێکی رۆژ هەڵاتی کوردستان، خاوەن موڵکێ/ئەربابێ، هیچ شەرم لە خوداو بەندە ناکاو لەبری ئەو سەرانەیەی، کە لە جیاتی خاوەندارییەتی مەڕو ماڵات وەری دەگرێ – بە ناهەق – فەرمانی داوە، هەر هێلکەیەك بەو قەبارەیە نەبێ، کە ئەو قاڵبی بۆ داناوە، هێلکەکە وەرناگیرێ. بیهێنەرە بەرچاوت تۆ چەند مریشکێکت هەن‌و هەریەکەو بە قەبارەیەك هێلکە دەکەن، کورد دەڵێ: "- گا گوی نەکردو ئەوە ئاوا دەرنەچوو!" ئەو هێلکەیەی مریشکی هەر جوتیارێ دەیکا بەو قەبارەیە نەبووە! چارەی چییەو گوناهیو بۆچی دەبێ بخرێتە دڵە راوکەو نائارامییەوە، دەست لە کاری سروشتو هەڵکەوتو توانای باڵندەیەکی بێ پەنای وەك (مامر)دان، بەم شێوەیە لە راستیدا پێکەنین هێنەرە. بەڵام پێکەنینێکی تاڵ وەکو ژاڵ .. ئەوەش پێکەنینی سەتایرە!

پێشتر گوترا، کە بەزۆری چیرۆکەکانی ئەم کۆچیرۆکەی قزڵجی لە نێوان جووتیارو خاوەن موڵکو شێخانی خاوەن موڵکدا دەسوڕێتەوە. بەڵام لەچەند چرۆکێکدا تەوەرەی ململانێو سەختکردنی ژیان دەسوڕێ بۆ جوتیار/جاندارمیری (پۆلیسی دەوڵەتی) هەروەك لە (هێلکەی هادی خانی)دا، لە رێگای نێوان (کرماشان – سنە) ژاندارم داوای سەرانەی پێنج تەمەن پارەی ئێرانی لە رێبواران‌و سەرنشینانی پاسەکە دەکەن‌و لاوێ دەیکاتە هەراو یەکێ پارەکەی بۆ دەدا، تاکو ژاندارم دەمکوت ببێ. لە چیرۆکی (قورئان خوێندن لە جیاتی پارەی بەرتیل، ل١٢٥)دا، کاتێ ژاندارمی ناوچەی سەربە (مەهاباد) پارەو پوڵیان نامێنێ زۆریشی بۆ سەری مانگ ماوە، هیچ بیانوویوکیان نییە بە خەڵکی بێ پشتو پەنای گوندی بگرن، زیندووکردنەوەی سەرانەی (مازاد) بێ. نووسەر دەڵێ: "لە هەر خاوەن موڵکێك هێندێ گەنمیان دەستاند، بە ناوی ئەوە، کە لە پێداویستی خۆی زیادەو ئیحتیاجی پێ نییە . کە پارەش وەر دەگیرا، ل١٢٨." بۆیە (رەزائی)و (حسینی قولی) بۆ گیرفان گەرمکردنەوە زیندووی دەکەنەوەو کێ هەیە بڵێ: نەدراوە . یان نایدەم!! نووسەر بە شێوازەکەی خۆی ژاندارم بەناوی گوندەکاندا سوڕ دەدات، تاکو دەیگەیە نێتە گوندێکو سەر لە بەیانییەك (حسین قولی) بۆ مزگەوتی گوند دەڕوا تا دەمو چاوی بشوا، لە نەگبەتیی مەلای گونددا، بە بەر ماڵی ئەواندا تێدەپەڕێو گوێی لە دەنگی قورئان خوێندن دەبێت! یەکسەر بە شەیتانی خۆی ژاندارم بیر لەوە دەکاتەوە، کە ئەم مەلایە ئێستا سەری رووتەو تەپڵە (کڵاو پەهلەوی لە سەردانییە)، چونکە سەردەمێ لە ئێراندا بە خورتی بەسەر خەڵکی کورددا سەپێندراوە، کە نابێ کەلوپەلی کوردیو سەروپێچی کوردانە لەسەر بکەن‌و سەرپێچی کەر سزا دەدرا، چ بە پارە، چ بە زیندانی کردن. بۆیە، کە مەلای بەدبەخت لەناو ماڵی خۆیدا دەبێو بەو بەیانییە، هیچ بیری لای ژاندارمو گەڕو لا شەڕییان نەبووە! بە هەرحاڵ مەلا لە قافدا دەگرێو دەیهێنێتە گیرمو گاز، یان (٥) پێنج تمەن سەرانە، یان چون بۆ زیندانی شار لە (بۆکان) چونکە: (... نە شەپکەت لە سەرە، نە چاکەتو پانتۆڵت لە بەرە. مەگەر ئەمە بێقانونی نییە؟ ل١٣٣). (حەمەشەریف)ی دراوسێیان، کە گوێی لە مشتو مریان دەبێت خۆی دەگەیەنێتە مەلا کەریم، دەزانێ گەڕگەڕی پارەیەو مەلاش کەم دەستە، (حسین قولی) داوای پێنج تمەن دەکا. مەلاش تەنیا سێ تمەنی هەیەو لەوەش پتریان نییە! (حسێن قولی)، هەر لەبەر نەشکاندنی قسەکەی، بە مەلا دەڵێ:

"- مامۆستا، لەبەر خاتری قورئانەکە ئەوا وەری دەگرم. دایکم دووسێمانگە مردووە، لە

جیاتی دوو تەنەکەی دیکە قورئان بۆ دایکم بخوێنە. ل١٣٣. ئەمە جگە لە ریسواکردنی ڕەوشتی جاندرمەکانی دەوڵەتی ئێران، چ کارێکە مرۆڤ لە بیستنی قسەکانی (حسین قولی) بایی دوو تەن قورئان بۆ دایکی بخوێنێ، کە بەرتیلە! بەرتیلیش حەرامە! لە پێکەنینە سەتایر ئامێزەکەو گاڵتەجارِیی بەولاوە بۆ شیرازە تێکچوونی کۆمەڵگە بە دەست ژاندرمەوە چی لە دەست دێ!؟

حەسەن قزڵجی، زۆر زیرەکانە بەدوای شتە وردەکاندا گەڕاوەو هێناونییەتە بەرچاوی خوێنەرو روتوشێکی باشیشی کردوون. ئەوەتا مەسەلەی دوو ژنهێنان دەکاتە بابەتی چیرۆکێکی، بە ناوی نەدیاری (حاجی)، نە خەوی مزگەوت، ل١٣٤) لە خۆیدا تانەو تەشەر دانە لە ڕەوشتی (دوو ژن هێنان)، کە دینی ئیسلام ڕێگەی داوە بە دادوەریکردنو دڵڕاگرتنی ئەو ژنانە لە گشت ڕوویەکەوە دەرونی، جەستەیی و ڕواڵەت. بەڵام لێرەدا کە لە ڕەوشتی تاکەکانەوە گەورەی دەکاو شوێنی خۆ گرتنەوەو گیرسانەوەی (حاجی)و (بایز)یش هەر دەباتەوە بۆ مزگەوت، کە لە راستیدا بە سەرچاوەی بڕیارەکەی دەزانێ (ڕێگەپێدان)ەکە. بەهەرحاڵ لێرەدا قسە لەسەر توانایی چیرۆکنووسە، کە توانیویەتی (بایز) بگەیەنێتە لای (حاجی) بە فریودان، کە یەکێکە لە گەندەڵییەکانی ناو کۆمەڵو لای تاکەکانو نەفرین کردنە لەو ڕەوشتە نادروستە، پاش ئەوەش هێرش کردنە بۆ سەر ڕەوا بوونی لە یەك ژن پتر(یەك ژن پتر هێنان) .

بایزی لاو، لە تاوبێگاری ئاغاو نەپەرژانی بەسەرخۆی، باریکرد بۆ شار – کە ئەم بابەتەش پلارو تەوسە بۆ ژیانی ژێر سێبەری خاوەن مواڵکەکانی کوردستانو ریسواکردنی ئەو گەندەڵییەیە، کە بایز لە شاری سابڵاخ دەگیرسێتەوەو – بۆ خۆی تێدەکۆشێ نە بۆ ئاغا – دەبێتە خاوەن دوکانو کڕیاری زۆر دەبن.. لە هاتو چۆی مزگەوتدا ڕێی لە حاجی عەلی ناوێ دەکەوێ.. حاجی دەزانێ بایز بە دەست میوانی لادێوە شڕە، کە ئەمیش گەندەڵییەکی تری کۆمەڵگەیە هانی دەدا تاکو (زێبا) ناوێ بهێنێو ژنەگەورەکەی (خەزاڵ) بحەوێتەوەو ئەرکی کەمتر بێ. بەڵام زێبا، زۆر بە دەمارو خۆ بەزلزان بووە، لە دوولاوە! یەکەم شاریيەو ژنی گەورە کرمانجە (لادێی)، دووەمیش بابیو بنەماڵیان زەنگینن! بۆیە هەر دادەنیشتو خەزاڵی ژنی گەورەش، لەبەر بایزی مێردی، کە زۆری خۆش دەوێو دەشزانێت ڕێزی خەزاڵی لایە، هەر خۆی دەگرێو بەرگەی هەموو نالەباریو بێشەرمییەکی (زێبا) دەگرێو هیچ خۆی تێکنادا، بەڵام وردە شڕیش هەر دەکەنو تازە کار لە کار ترازاوەو ناشتوانێ تەڵاقی بدا.. لە راستیدا ئەم نەفرینکردنە لە دووژنی، لە جێگەی خۆیدایە. بەڵام لە حاڵێکدا نەکرێتە ڕەخنە لە دینی ئیسلام، کە مەر جداری کردووە.

ئەم بارە دەرونییەی بایزی تێکەوتووە، ناچاری دەکا لە داخی ژنی بچووکیو ناهەقییەکەی، بڕوا لە مزگەوت بخەوێ، کە دەبینێ یەکێ لە پێش ئەودا لەوێیە، بە ڕێبواری دەزانێ. چونکە لەو سەردەمانەدا عادەت بوو، لەبەر نەبوونی میوانخانە.. دەچوونە ماڵانو مزگەوتو تەکێو خانەقاکان، یان خانەکان، کە (بایز)و (حاجی) لێکئاشکرا دەبن، ئەوسا (بایز)یش بۆی دەردەکەوێ، کە ڕۆژانی تریش (حاجی) لەبەر خودا ترسانو پەرستش نەبووە زوو گەیشتوەتە مزگەوت، هەر لە ئێوارەوە لەوێ جێی خۆشکردووە! لێرەدا بەد نیهادی حاجی دەردەکەوێ، کە گوتوویە: "- خوشکی (حاجی)یش لەگەڵ منو ژنە گەورەکەم هەر وایە. خودا هەڵدەگرێ هەر من بە تەنیا لە مزگەوت بخەوم؟" ل١٤٢. لێرەدا قزڵجی بە تیرێ چەند نیشانەێکی شکاندووەو چەند لایەنو

توێژو تاکی کۆمەڵی وەبەر پلارو تانەو تیز کردن داوە.. ئاغاو خاوەن مووڵك، گوندنشینو میوانداری شار، خۆ بەزلزانیو دەمارگری شارییە ناڕەسەنەکانو هاوڕێی نا موافیقی وەکو (حاجی عەلی) تاکی کۆمەڵ، کە بڕوای بەم پەندە هەیە: (برای دینی هەر کزو کۆڵەواربێ باشە!).

قزڵجی هەر باسی کۆچی لە لادێوە بۆ شاری نەکردووە. باسی کۆچی پێچەوانەیشی کردووە، کە لە چیرۆکی کوردیدا دەگمەنە! لە چیرۆکی (چای دیوەخان) ل١٤٤، باس لە دەوڵەمەندێکی شاری دەکا، کە گوندێکی: "- لە کوڕەکانی حەمە ساڵح خان لە جیاتی قەرزو سووتی قەرز ئەستاند بوو." ل١٤٤ لە خۆیدا ناساندنی (ئاغا میرزا ڕەحمان)ە، کە تاجیرێکی (سابڵاخی)یەو بە نەرمیش دەیداتە بەر پلار لە جیاتی قەرزو سووتی قەرزو هەر دوای ئەوەش دەڵێ: "- نە عێڵو عەشیرەتی بوو، نە خزمو قەومی خاوەن مووڵك، کە مەبەستی بێکەس بوون، یان بێ بنەچەیەکی ڕەسەنی مووڵکدارە! لە وەسفکردنی دەستەو دایەرەکەشیدا دەڵێ: "- دوو نۆکەری سواریو چایچیەکیشی گرت." ل١٤٥.

ژیانی نوێی ئاغا میرزا ڕەحمان زۆر لە سەری گران بوو. بە تایبەتی خەرجی چای دیوەخان! لای خۆیەوە سەرزەنشتو سەرکۆنەی ئاغاو بەگەکانی دەکرد، کە چەند پارە و پوڵ لە (چای دەیوەخان)دا، سەرف دەکەنو بە هۆی نابووت بوونو قەرزار بونیانی دادەناو لەگەڵ کڕینو فرۆشتنی شاردا بەراوردی دەکرد: "- ئێمە لە دووکان کڕیارێ بایی سەد، یان دووسەد تمەن کووتاڵی لا دەکڕین، تمەنێدوو قران یا سەدی بیستمان قازانج دەکرد، جا چایەکمان بۆ دەکڕی. کەچی ئێستا کابرای کرمانج دێ دەڵێ سۆفی ڕەحیم مەسەلا چۆتە نێو شیناوەردی حمەکەریم یا ئەم نۆرەی ئاوی لە ئەو گرتووە، یا شتی دیکە لەم بابەتانە. ئیتر بۆ کاری ئاوا، کە هیچ خێرێکی لێهەڵناوەرێ پێویست نییە کابرا چایەکیش بخواتەوە.) ل١٤٧ لێرەدا قزڵجی ناخی (ئاغا میرزا ڕەحمان)ی تازە چیاکەوتوو دەردەخا، کە چۆن بیری تەنیا لە قازانجی خۆی کردووەتەوە، ئیتر جوتیارەکانی هەر کێشەیەکیان هەیە گرنگ نییەو با یەکتریش ببڕنەوە. بەڵام (چای دیوەخان)ی ئەم نەخۆنەوە! بۆیە هەرکات ئەم ڕەوشتی چا خواردنەوەی وەبیردا دەهات گاڵتەی بە ئاغاو بەگەکانی دەورو بەری دەکرد: "- ئەم ئاغاو بەگانە ئەقڵیان ئاوایە، بۆیە بە ژێر قەرزو سووتەوە دەبنو ملکەکەیان لە دەست دەردەچێ... تاد." ل١٤٧.

بەڵام ئەم ئەوەتا بۆ ڕزگار بووە لەم ئەرکە، ئەرکی چای دیوەخان، کە چۆن بوەتە خولیای هەموو دەمی، بە تایبەتی کاتێ خانم هاواری لاهەڵدەستاو بە ئاغای دەگوت: "- قەندو چا هەر بەشی دوو سێ ڕۆژ ماوە.." ل١٤٨، یان کە ڕەسوو دەیگوت: "- چا نەماوە! شەکر نەماوە!) ئاغا نەشیدەتوانی لە دیوەخاندا قۆریو سەماوەر بپێچێتەوەو چای بە میوان نەدا. چونکە وەکو خۆی دەڵێ: "- بەشکەم کوتوو پڕ میوانێکی ماقوولو گەورە هات، لە کوێ ئەم شتومەکانە خێرا دەهێنرێنەوە دیوا خان؟ جگە لەم، کە لە قاد کرمانجەکاندا سووك دەبم، دەبمە گەپجارِی ئاغاو بەگەکانی دراوسێشی." لاپەڕە ١٥٠. ئاغا هەردوو لای دەیەشێ (مەسرەفو خەرجی چای دیوەخان)، (بە گاڵتەبوونو بە پلاری ئاغاو جوتیارانی ناوچەکەش، ئەی چی بکا باشە؟!

لێرەدا کارامەییو بیر تیژیی قزڵجی دەردەکەوێ، کە نە دەسگای چا لێنان هەڵبگرێو نە بەردەوامیش چای بە میوان بدرێو بە ئەسپایی خوێنەر دەخاتە پێکەنینو ئاغاش دەداتە بەر پلارو تەوسو بەم شێوەیە پلانەکەی ئاغا دەردەخاو لەگەڵ ڕەسووی

خزمەتکاردا وای دادەڕێژێ: "- ڕۆڵە، کوڕی خۆم! پێویست نییە هەر وەختێ گوتم چای تێکەن، گورج چای تێکەی. جارێ بڵێ قەند نەماوە. جارێ بڵێ تازە ئاوم کردۆتە سەماوەرەکە، با بێتەوە کوڵ. من دەڵێم: چای بێنن بەڵام هەر جارێ بە بیانوویەك خۆی ڵابووێرە.) ل١٥٠.

دیارە وسوو لە خوای دەوێ ئەرکی سەرشانی کەمێ سووکتر بێو هێندە پیاڵەو قۆری نەشواو سەماوەر دەم نەکا.. تاد. بۆیە ئەم تەکبیرەی ئاغای زۆر بەدڵ دەبێو لەو باشتر جێبەجێی دەکاو ئیدی لەو ڕۆژەوە قەندو چای هەر وەکو متفەرك لە جێی خۆی هەر مابووەوە کەمی نەدەکرد.

چیرۆکنووسی وریا، کە ڕووداوێ گرێچن دەکا لەگەڵ ڕوداوەکانی پێش خۆی دەیسا چێنێ بیر لە دووا تریش دەکاتەوە. هەرچەندە لێرەدا بەزم بە ئاغا کردنەو دەرخستنی نیهادو کردەوەیەتێو دوورویی بەرانبە هاتوچۆکەرانی دیوەخانو دەروون نزمیی خاوەن دیوەخان، بەڵام قزڵجی زۆر سەرکەوتوانە لەم ئارامیو هێورییە دەروونیو ئابوورییەوە (شەکرو چا سەرف نە کردن) یەکسەر هێڵی بەیالینی ڕووداو بۆ سەرەوە بەرز دەکاتەوە ڕووداو ئاڵۆز دەکاو چەند کەسێکی بێگانە دەگەیەنێتە نێو ئاوایی ئاغا میرزا ڕەحمان، کە دوواتر دەردەکەوێ (پێنج شەس سوار ژاندرم بوون) ل١٥١و بەرەو دیوەخانیش ملیان ناوە. بۆیە ئاغا دەکەوێتە پێ مەلەو لە خەمی قایلکردنیاندا دەبێو ڕەزیلیکردنی هەر لەبیر نامێنێو ڕادەسپێرێ گورج نانو چێشت دروست بکەنو خزمەت بکەن.. مامەیی زۆری بۆ میوانەکان کردو ماستاوی زۆری سارد کردەوەو تاو نەتاوێکیش بانگی دەکرد: "- ڕەسووڵ چای تێکە."

- ئاغا قەند نییە، با بچم لە ماڵەوە بێنم.

بەراستی ئەگەر ئێوە جارو بار سەری ئەم دێهاتانە نەدەن، خۆ دزو جەردەو پیاو خراپ هیچ ناهێڵن .

- ڕەسووڵ چای تێکە.

- ڕەسوو خێراکە چای بێنە .

- ئاغا چای نییە، با بچمە لای ئاغا ژن چای بێنم .

- ڕەسوو چایەکە بوو بەچی؟ دە خێرا !!

- ئاوەکە سارد‌ە، سەماوەرەکە نەهاتۆتە کوڵ. ل١٥٢-١٥٣

میرزا ڕەحمان لە جوڵە جوڵو سەیر کردنی ئەفسەرەکە جەرگو هەناوی داکەوتو زانی سەبری لێبڕاوەو فریای خۆی نەکەوێ گێچەڵیان حازرەو بیانوی پێدەگرنو لە سەریشی دەکەوێ. بۆیە بە پەلە چووە دەرەوە بەسەبری گوتی: "- کوڕە ڕەسوو! تۆ ئەوە چ بەڵایەکم بەسەر دەهێنی! ئەی ئەوە چییە قەندو چا لەوێیە؟ چای تێکە، برام چای.. وەڵڵا وەبیللا بە ڕاستیمە، کوڕە تەڵاقم کەوتبێ بە ڕاستیمە! تێکە!" ل١٥٣. کورد واتەنی "کە زۆر هات، قەواڵە بەتاڵە"و پیسکەیی دادی پیسکەو دەست قوچاوەکان ناداو لە دەمو دەستی سەتایر نووسانیشو لە بەزمو تەشقەڵی ژاندارمیش ڕزگاریان نابێ.

لەم خوێندنەوەیەدا بۆ چیرۆکەکانی (پێکەنینی گەدا) قزڵجی وەرزشوانێکی کارامەیەو قەڵەو هزرو سەلیقەو زمانی تیغێکن، سینەی گەندەڵیو کەسانی زگ ڕەشو چاوتێرنەخواردوو شەقو پەق دەکەنو خوێنەر دەخەنە بزەو خەندەو قاقای پڕ ژاڵو ژارو دەسخۆشیش لە نووسەرەکەی دەکەنو لە جیهانێکی پڕ بەزمو ڕەزمو دەرون نەخۆشیو بودەڵەییو دووڕوویی‌دا چاوی کامێرایان دەخەنە وێنەگرتنو زاری ڕەخنەو تیز پێکردنو لاقرتی

دەخەنە قسەو خوێنەریش بەدەم پێکەنینێکی قاڵەوە یەك یەك کورتەچیرۆکەکان لە تۆیی بیرو زەینیدا تۆمار دەکا!


ئەنجام لە شیکردنەوەی چیرۆکەکانی (پێکەنینی گەدا)ی (حەسەنی قزڵجی)دا ١٩٨٥، کارامەییو دەست رەنگینی نووسەرو شارەزابوونی لە نووسینی کورتە چیرۆك بە هەردوو شێوازی سەتایر: (هۆراسیو ژۆڤینالی)دا، زۆر بە ئاشکرا دەرکەوت. ئەگەر چی کاریگەریی ئەدەبی (فارسی)ی لە سەرە – بە حوکمی لە پێش‌تر بوونی ئەدەبی فارسی لەم بوارەدا. بەڵام چاپووکانە هاتووەتە دەستو راشکاوانەو بە زمانێکی پاراوی دەوڵەمەند بە پەندو ئیدیەمو دەستەواژەی درکەئامێز، کە بەهێزکەری ئەم شێوازەی نووسینن بەرهەمەکە یان دەوڵەمەند کردووەو، توانیویەتی مەبەستی خۆی بپێکێ. بە دەرخستنی گەندەڵیو ناتەواویو سنوور بەزاندنە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری (سەردەمی هەر چیرۆکێك)و ژیانی واقعیو ناکۆکی نێوان چینو توێژاڵەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەستنیشانکردووە، بە پلاری قورسو قسەی تووندو تیزی پێکردنو لاقرتیو گاڵتە جاڕی، کە کەرەسەی سەتایر نووسینن گەندەڵییەکانی دەر خستووەو داوای (چاکسازییان) دەکا.

ئەم بەرهەمەی حەسەنی قزڵجی، مێژووی ئەدەبی کوردیی بەم شێوازەی نووسین دەوڵەمەند کردووەو جێدەستی خۆی دیاری کردووە، هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی خۆیشی بە بەرگریکردن لە چەوساندنەوە راگەیاندوە، لە (پێکەنینی گەدا)دا، پێکەنینێکی تاڵو ژاڵ. بەڵام هۆشیار کەرەوە دەبینرێ، نە بۆ کات بەسەربردن. بەڵکو بۆ تۆڵەسەندن لە چەوسێنەرانو بنبڕکردنی گەندەڵی.

پەراوێزەکان:
١ . فن الشعر، ارسطوطاليس، ت: عبد الرحمن بدوى، گ٢ ، ١٩٧٣، ص١٦، ص١٧.
٢ . موسوعة المصطلح النقدي، ٧، الهجاء، ارثر پولارد، ت. د. عبدالواحد لؤلؤة، ص٣٦، ص٣٧.
٣ . سەرچاوەی پێشوو، ص١٢، هەروەها: المفارقة الروائية – الرواية العربية نموذجا، رساله دكتوره فى اللغهة العربية، صالح محمد عبدالله العبيدى، ص٧٩- ٨٦ .
٤ . فرهنگ توصيفى ادبيات و نقد ، جى. اى. كادن، ت. كاظم فيروزمند، ص٣٩٥.
٥ . فرهنگ اصگلاحات ادبى، (ويرايش جديد)، سيمادا د ، ص٣٣٩، ٣٤٠.
٦ . سەرچاوەی پێشوو، ص٣٤٩.
٧ . انواع ادبى ، سيروسى شميسا، ص٣٤٩.
٨ . فرهنگ اصگلاحات ادبى، سيمادا د، ص٣٤٠
٩ . موسوعة المصطلح النقدي، الهجاء، ص ١٠٠.
١٠. سەرچاوەی پێشوو، ص٧٠.
١١. موسوعة المصطلح النقدي، ص١٠٢.
١٢. واژه نامه هنر داستان نويسى، جمال مير صادقى و ...، ص٣٠٠

بیری ئازادی‌و ئاودیوبوون
لە فەلسەفەی ئەدەبیی (دۆستۆیەفیسکی)دا

هیوا محەمەد ئەمین
کاسڵ، ئەڵمانیا



جیهانی دۆستۆیڤسکی لە هەر گۆشەنیگایەکەوە بۆی بڕوانی، خاوەن‌و هەڵگری بابەتێکی هێنگ گرنگی مرۆڤایەتییە، کە دەخوازێ بە ڕۆچونێکی وردبینانە، لێبراوانە هەستیارانەو قوڵەوە تێیرابمنێ.

جیهانی دۆستۆیڤسکی بەو پێیەی، کە خاوەن تاییەتمەندیەکی لەو جۆرەیە، ئەوا لەگەڵ هەر سەرەتایەکدا، خاوەن‌و شایستەی هێزو دەسەڵات‌و کێشکردنی خۆیەتی، کە هەر خوێنەرێ حەز بکا، یان نەویەکانگیری ئەو جیهانە بێ، یاخود نەوکێشدکرێتە نێوی‌و هەستی لێپرسراوێتی‌و خەمخۆرێتیی تیایدا دروست، یان زیندوو دەکاتەوە.

ئەگەر جیهانی ئەدەب بریتیبێ لە سێکۆچکی بنەڕەتی شێوە هەرەچی، ئەوا بێ هیچ ومان‌و هەڵوێستەیەك، دۆستۆیڤسکی گۆشەیەکی پتەوو بنەڕەتی ئەو جیهانەیە، کە دەشێ زۆرێ لە دۆزە مرۆڤیتیەکان لەودا بەرجەستە بووبێتن. ئەم ئەدەبە شێوازێکی دەگمەن‌و بێوێنەیە، کە لە ئەنجامدا جیهانێکی تاییەت بە خۆی پێکدەهێنێ، پاشانیش مرۆڤ (خوێنەر) ڕووبەڕووی کۆمەڵێ بابەت‌و دۆزی ئاڵۆزی مێژوو، فەلسەفە، هەڵسوکەوت، نەریتی مرۆڤ‌و چەندین ئەرك‌و تێکۆشان‌و هەستی لێپرسراوێتی دەکاتەوە.

ئاقارو ئاگاداریی فەلسەفەی ئەدەبیی دۆستۆیڤسکی کێشکردنی مرۆڤە بەرەو جیهانی ئامانجێ، کە ڕاستێتیمە حەقیقەت ڕاستێتیش ئەو دوا ئامانجەیە، کە مرۆڤ تیایدا بە ئازادیی تەواو ڕەها دەگا. ئازادییەك، کە ڕووناکیی‌و لە دێمانەو ناخیدا دەدرەوشێتەوە.

مرۆڤ لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجێکی وەهادا ئازارێکی، زۆر دەچێژێ. بەڵام ئازارێکی ڕۆحی‌و مەعنەوی، کە دەبێ مرۆڤ لەو پێناوەداو بە باوەڕێکی تەواوو ئارامەوە پێشوازیی لێ بکا.

ئەم جیهانە دەبێ چۆن جیهانێ بێ کەوا مرۆڤان تیایدا هێنج لەسەر ئازارچشتن جتکەر بن!!؟ ئەم چەند دێرەی لەبەردەست ئێوەدایەو دەیخوێننەوە، باسکردنە لەو جیهانە. بەڵام بە بێ لاینگیریم لە هیچ فەلسەفەو سیاسەتێ.



لێرەدا دەخوازم خوێنەری هێژام ئاشنا بکەم بە جیهانێکی ئەدەبی، کە زۆر کەم لە ئەدەبیاتی کوردیدا ئاماژەی پێکراوە. کاتێکیش لە رەوتی نووسینەکەدا باس لە جینی ئایدیالیستیو ماتریالیستی دەکرێ، ئەوە دەربڕو باوەری من نییە، بەڵکو باسکردنو شیکردنەوەی بیروباوەری ئەدەبیی (دۆستۆیڤسکی)ە، کە پێویستە خوێنەر بزانێ رووبەڕووی فەلسەفەیەو هیچی دی، کە، من لێی بەرپرسیار نیم.

جیهانی دۆستۆیڤسکی جیهانێکی پڕ سەیرو سەرسوڕهێنەرە، جیهانێکە روخساری سەیرو خەماویی کارەکتەری ناقۆڵاو ناوبارایی، جیهانێ، کە دانیشتوانەکەی هەزارو کڵۆڵن، واتا ئەوانەی، کە دۆستۆیڤسکی بەرەو ئەو جیهانە کێشی دەکەنو هەر خۆیشیان دەبنە ڕێنیشاندەرو راویژکاری ئەو. جیهنێ، کاکی زۆر هەژارو شرۆڵە خۆی بە خاتوشازادەیەك ناگۆڕێتەوە، جیهانێ، کە سەرمەستو دەروننەخۆشەکان ژنانی نەخۆشو سواڵکەر تیایدا دەژین. ئەم جۆرە جیهانە، جیهانێکە، کە بە تاوانو بۆگەنیو گەندەڵی ئابڵۆقە دراوەو گشت ساتێ چاوەڕێی کەوتنەوەی کارەساتێکی ترسناك‌و خەماویی لێدەکرێ.

دۆستۆیڤسکی پەیووی دوری ئەو گۆشە تاریکانی کۆمەڵە، کە تیایدا کەسایەتیەکانی هەژارو دڵپاك‌و سادەن، ئەوانەش خاوەن ویژدانێکی پاك‌و خاوێنن، کە بەوپەڕی لەخۆبووردییەوە فرمانی گەورەو کۆیخایانیش ئەنجام دەدەن. نووسەر (دۆستۆیڤسکی) لە خولیای گەڕان بە دوای راستێتیو رووناکیو یەزدانییدا، پێویستی بە کات‌و شوێنێکی گونجاو لەبار هەبوو، کە بتوانێ لێین تێبگاو بەدەستیان بهێنێ، زیندان لەبارترین کات‌و شوێنێ بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە (دوستۆیڤسکی) لە هەلومەرجێکی نائارام‌و ناجێگیری سیاسیدا دەستگیر دەکردو چەندین ساڵ ژیانی بە مەحکومکراویی لە زیندانەکانی (سیبریا)دا لە ژێر باری سەخت‌و دژواری کارکردندا بەسەر دەبا. زیندان چاکترین شوێنێ بوو، کە تیایدا بتوانێ ئەو جیهانە سەیرو تەراژیدیایانە باسێ. ئەو لە زیندانداا توانی بەرزترین رەوشت، دەگمەنترین‌و بەویژدانترین مرۆڤ تایبەت نین، بەڵکو کەسانێکن بە دەستی خۆیان کار دەکەن‌و بیر ناکەینەوە، ئەو کەسایەتیانەش لەلایەکەوە بەرەو خۆیان کێشی دەکەن‌و لەلایەکی ترەوە ئازاری دەدەن. باوەڕی دۆستۆیڤسکی وابوو، کە نزیکبوونەوە لە خەڵکی وا سادەو رەشۆکی، نزیکبوونەوە بوو لە یەزدان. چەمکی یەزدانیش بەرزترین‌و پەسەندترین ئامانجێ بوو، کە

دۆستۆیڤسکی دەیویست خۆی‌و هەموو مرۆڤان پێی بگەن. دەتوانین بڵێین، سەرەرای ئەوەی، کە زیندان زۆر شتی لەو نووسەرەدا کوشت، بەڵام لە هەمان کاتدا گرنگرتین‌و هەستیارترین‌و گەشاوەترین قۆناغێ بوو لە ژیانی ئەودا، کە توانی تیرۆژێ لە رووناکیی یەزدان‌و راستێتی بەدەست بهێنێ. ئەو لە سەرەتای ژیانی زیندانێتیی خۆیدا رووی لە ئایین کردو بووە قوتابییەکی گوێرایەڵی مەسیح، کە بە خۆی لە ئینجیلەوە وانەی رەوشتنامێزی وەردەگرت‌و فێر دەبوو ئینجیل بۆ ئەو سەرکەوتنی دڵ بوو بەسەر هۆشیاریی‌و ژیاندا.



ئەو دەیویست هەمیشە ئەو جۆرە سەرکەوتنە بەگیر بهێنێ. واتا ببێتە خاوەنی فەلسەفەیەکی تۆکمەو پایەدار، کە دوور بێ لە جۆری ژیانی رۆتین‌و ماتریالیالێتی بە پشتیوانیی باوەڕێکی وەها، سەرجەم ژیانی کردە دژایەتیکردنی فەلسەفی ماتریالیزم. ئەو باوەڕیی وابوو، کە ئەم جۆرە فەلسەفەیە، فەلسەفەیەکی ویرانکاریی‌و ئەهریمەنییە، کە گیانی مرۆڤ دەپووکێنێتەوە. دۆستۆڤیسکی دەرووێشی رێگەی راستێتیەکە، کە پەیکەری دەرەوەی مرۆڤ رەتدەکاتەوە. ئەو بە جۆرێ پێی رۆدەچێ‌و دەگاتە رایەك، کە "ـ گشت بیری بیردۆزو یاسازانستییەکان پووچ‌و بێمانان. "نووسەر باوەڕی وابوو، کە تەنیا لەودیو جیهانی ماتریالەوەیە جیهانی ئەودیو سروشت، کە دەتوانرێ چەمکێ بۆ مرۆڤ‌و ژیان پیرۆز بکرێ. ئەو لە ناومکیندا دەژی، بەڵای ئەوەوە نزیکبوونەوە لە سنوری سایای زانست بێ لە مۆتەکەیەك هیچی دی بەدەست ناهێنرێ. زانست بێ ئەوەی مرۆڤ ئاگای لە خۆی بێ، دیوارێکی پتەوی لەبەرمدا هەڵچنیوە، کە ئاسۆو مەودای بیرکردنەوەی مرۆڤ دیری دەکا، لە چوارچێوەی ئەم دیوارەشدا زانست زیندانێکی دروستکردوە، کە مرۆڤەکانی، جگە لە کارو ژیان، بیر لە هیچی دی ناکەنەوە. ئەوانەی، کە بیردەکەنەوە هەمیشە لە ژێر بارێکی سەختی دەروونیدا دەژین.

(دۆستۆیڤسکی) چێژ لەو دژوارینە وەردەگرێ، دژواریەکانیش لای ئەو لە شێوەی دیوارێکدا بەرجەستە دەبن، کە زۆر بە زەحمەت دەتوانرێ ئەودیویان ببینرێ. ئەو حەز دەکا ئەو دیوارانە ببڕێ‌و ئەودیویان ببینێ. ئەودیوێ، کەس چیتر دوور لە یاسای سروشت‌و ماتریالەوە.

جیهانی ماتریالیزم لای دۆستۆیڤسکی مۆتەکەیەکە، کە لەسەر سنگی مرۆڤایەتی دەنیشێ، نووسەر ئێمە بەرەو ئەو جیهانە مۆتەکەیە بانگ دەکا، ناوبراو لە ناخی خۆیدا هەست بە واتای تەواوی ئازادیی لەو مۆتەکەیەدا دەکاو باڵادەستی ئەو ئازادییە زیاتر دەدا بەسەر جیهانی ماتریال‌و خۆشیی دنیاییدا.

ئەوەتا دۆستۆڤیسکی لە (بیرەوەرییەکانی پیاوێکی ژێر زەمیندا): "ـ مرۆڤ تەنیا پێویستی بە ئیرادەی ئازادە، ئەگەر بە هەرچی نرخێ لەسەری بکەوێ، یان بیکوژن. لەو باوەڕەدام مرۆڤ هەرگیز ئازادیی راستەقینە، واتا گەیشتن بەو مۆتەکەیە لەبیر ناکا." بە پشتیوانیی ئازارو سزاچەشتن، مرۆڤ دەتوانێ لە غەیبات، شتە هستپێنەکردوو موعجیزەکان نزیکببێتەوە. هەر بەو هۆیەشەوە دەتوانێ هەست بە ئەودیو بوونی خۆی بکا. رێگی ئازارو ئازدیی یان بەدۆزینەوەی یەزدان کۆتایی دێ یان دروستکردنی مرۆڤی خوایی، لەدیدی دۆستۆیڤسکیدا "ـ کاتێ، کە تەبایی لەنێوان مرۆڤـو یەزدان دا دروست دەبێ، ئیدی نە یەزدان مرۆڤ هەڵەشێنێو نە مرۆڤیش لەخوادا موستەحیل دەبێت" وت هەم خوا هەیەو هەم مرۆڤ بۆ راگرتنی ئەم هاوسەنگیەی نێوبژیکەیرێکی چاکەخوازی وەك مەسیح پێویستە لەم نێوەندەدا مەسیح هەم رێنیشاندەر هەم شفبەخش هەمیش کەرەستەو قوتابخانەیەکی گیانی رۆحیە، کە مرۆڤ بڕەو ئامانجی راستێتیەك دەگەیەنێ هەروەها ئامانجێکیشە، کە روناکیی یەزدان تیایدا دەدرەوشێتەوە مەسیح لەدو جیهانی جیاوازدا رۆڵی چاکەخوازانە دەبینێ یەکێکیان جیهانی ئەمدیو دیوارێکە، کە زانستـو مەنتیق رێنوێنیی دەکات، ئەوی دیان جیهانێکە، کە دابڕ لە هەر کاتـو شوێنێکەو دەکەوێتە ئەودیو جیهانی زانستەوە ئەو دیوارانەش بریتین لە لەمپەرێ، کە رێگە لە ئازدیی مرۆڤ دەگرن دیوارەکانی دۆستۆیڤسکی بەرجەستە بووی باریکی کۆمەڵایەتین کە تیایاند کرداری ئاودیو بوون لێرەدا پێویستی بەرەنجـو تێکۆشانێکی مەعنەویە تێکۆشانێ، کە پڕە لەڕێگی ئازارو ئەشکەنجەی دەرون، کە کەمەعنەویە تێکۆشانێ، کە پڕە لەڕێگەی ئازارو ئەشکەنجەی دەرون، کە سەرەنجام بە هاتنەدی ئامانجێکی زیندو نەمیر کۆتایی دێت، گەیشتن بەم ئامانجەش لەمیانی قۆناغێکدا نایەتەدی بەڵکو قۆناغێکی پەیژەیی شەقـو شڕە یان لەقـو لۆقە، کە لەپلەی یەکەمدا سەردەکەوێـو لەدواپلەدا دەتوانی ئەودیو سنووری دیوارەکان بینیت، دیوێ، کە ئازادیی بەرقەرارو مرۆڤ تیایدا ئارامـو ئاسودەیە دیوار رێگرێکە لە بەردەم ئازادیی مرۆڤ داهەر لەمپەرێکیش لە بەردەم ئەو ئازادییەدا ئەوا جیهانێکی پوچـو بێمانایە، کە دەبێ مرۆڤ تێکبشکێنێ کەسایەتیەکانیـو دۆستۆیڤسکی دەیانەوێ بە هەرچی نرخێك بێ ئاودیوی سنورە ئەخلاقییـو کۆمەڵایەتیەکان ببن، بۆ ئەمەش کارگەلێکی وەها ئەنجام دەدەن، کە ئاساییـو لەسەروی وزە، کار، رەوشتـو هەڵسوکەوتی مرۆڤی ئاساییە، کە سەرئەنجام بەداپیانان (اعتراف) تاوان، خۆکوژیی، دورخستنەوەی سیبریو.. هتد کۆتایی دێ، کە لەوێدا ئیدی یان روناکیی یەزدان بەدەست دەهێنێتیان بە کۆتاییـو لەناچوونی خۆی.

دەتوانین رەوتـو ئاقاری رۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی بکەینە دوبەشەوە: یەکەمیان بەشێکیان ژیانی رۆتینـو رۆژانەیە، کە بە پارەو پول، چەپەڵی، ئیریی، بێرەوشتیـو.. دەگوزەرێ بەشی دوهەمیان دراما راستەقینەکەی مرۆڤە، کە رەوتی مرۆڤ خۆی دەبڕێـو دەگەڕێ بە دوای یەزدانـو هەوڵدان بۆ پەیکاکردنـو دۆزینەوەی مرۆڤی نوێ. تەراژیدیای راستەقینە لای ئەم نووسەرە روسە (دۆستۆیڤسکی) نەبوونی رەوشتە ئامانجی ئەو لە نووسینەکانیدا پارەو پلەی کۆمەڵایەتیی نیە، شارلی بەختەوەرییـو سەرکەوتنی مرۆڤ لە ژنێهێنان دا نیە وێڵبوونە لە دوی یەزدان پاڵەوانەکانی ئەو هیچیان لەم جیهانەدانیە بەڵکو وێڵبوونە لە دوای یەزدان پاڵەوانەکانی ئەو هیچیان لەم جیهانەدا ناوێتـو پلەی کۆمەڵایەتی هیچ یەزدان پاڵەوانەکانی ئەو هیچیان لەم

جیهانەدا ناوێو پارەو پوولی کۆمەڵایەتی هیچ رۆڵێ بۆ ئەو کەسایەتییانە ناگێڕنو لە جێگەیدا بە بێهێند بۆی دەروانن، لە نێوان واقیعو خەیاڵدا سنووری ناناسن.

دیارترین بەڵگە بۆ ئەم دیاردانە رۆمانی تاوانو سزایە.

لەم رۆمانەدا زانکۆکاری پیرەژنێکی سوخۆ، رژدو چاوچنۆکو پارەدا لە پێناوی بەدەستهێنانی پارەو سامانەکەیدا دەکوژێت، بەو ئامانجەی، کە بتوانێ ژیانی خۆی دایکو خوشکە دەستکورتەی لە برسێتیو کڵۆڵی رزگار بکاتو بەختەوەریان بکا، راسکۆڵ نیکۆڤی پاڵەوانی تاوانو سزا باوەری وەهایە، کە ئایا بوونی پیرەژنێ لە ژیاندا چی لە تەرازوی ژیان دگۆرێ؟! دارشتنی ئەم بیرە لە سەرەتادا بە شێوەی لێکدانەوەی ناوەوەو مەنتیقیانە خۆی دەنوێنێو پاشان دەبێتە کردارو ئەنجامی دەدات درامی واقیعی مرۆڤەکە لەوێدا دەستپێدەکات، کە سزادانی دەرونی خۆیەتی پاڵەوان، پش تاوتوێکردنی ئەم دۆزە لە ناخی خۆیدا بزوێنەری سەرەکی تاوانەکە دەدۆزێتەوە هەر بۆیشە پاشان لای سۆنیای کچە هاورێی دانیپیادەنێو پێی دەڵێت، کە لە پێناوی بەختەوەریی کەسوکارو مرۆڤایەتیدا نەیکووشتووە بەڵکو تەنیا لەبەر خۆی بووەو دەڵێ هەرگیزیش پێویستی بە پارە نەبووە ئەو هۆو هۆکارێکی دی پاڵپێوە دەنێ، کە تاکو بزانێو بیچەپێنێ، کە ئایا ئەو رسکۆڵ مرۆڤێکە یاخود مێرویەك؟! ئەو دەخوازێتس بزانێت، کە ئای دەتوانێ ئاودیوی دیوار ئەخلاقیەکانی ناو کۆڵەکەیبێ؟ ئەو وەك پیاوی ژێر زەمینی دڵی لەنێو دیواری نەریتو رەوشتی کۆمەڵگەکەیدا دەگوشرێ ئەو وا دەزانێ بو کارە دەتوانێ لە خەڵکنی ئەمدیو دیوارەکە دوربکەوێتەوە ئەو هەست بەوە دەکات، کە بەئاودیوبوونی لە دیوارەکن خۆی بەرەو چارەنووسێکی ترسناك دەبات، واتا ئازادیی بیر ویژدان راسکۆڵ پێی وایە پیرەژن لەمپەرێکە لە بەردەم رفاندنو ئاودیبوونی ئەودیوارانە، ئەو لەپەرێکی گۆشتو ئێسقانە، کە دەبێ کەوڵو وردوخاش بکرێ، ئەو لە ئەنجامدا باوەڕی وایە، کە مرۆڤێکی نەکوشتووە بەڵکو یاسایەکی ئەخلاقیو لاقە کردووە ئەو دوای ئەتککردنی ئەو یاسا ئەخلاقیە دەیەوێ رای خۆی دەربارەی خوا بزانێ تاکو لە ئەنجامدا ئازادیی خۆی بەدەستبهینی. بەڵام لەو کاتەوەی، کە راسکۆڵ لە هەلوومەری مرۆڤایەتی رادەکا ناتوانێ مرۆڤێکی ئازادبێو بەپێچەوانەوە دەکەوێتە نێو بەندو داوێکیترەوەو پێنوسی دەکا، ئەو وای دەزانی بەپەرینەوە لە سنووری رەوشتو دەستدانە ئەو تاوانە ئازادیی بەدەستدەهێنێ، بەڵام بەپێچەوانەوە ئو خۆیدەخواتەوەو سەوو رۆژ لەبیرکردنەوەدایەو خۆی داداگاییو مەحکوم دەکا، ئەو چیدی بوەتە مرۆڤێکی دووانەو نامۆ راسکۆڵ بەوکارە هەم خۆی دەپوکێنێتەوە هەم روناکیی یەزدان دەکوژێنێتەوە.



ترسناکی پاڵەوانەکە لەوەدایە، کە پیرەژنەکە بە ئەسپێیەك دەچوێنێ، بەڵام هەرچیو چۆنێ بێ ئەو بونەوەرێکی مرۆڤایەتیەو هیچ مرۆڤێکیتر شایانی ئەوە نیە، کەمرۆڤێکی لە پێناویدا بکوژرێ چونکە مرۆڤ بەرجەستەی شەڕ وێنەو دەستەڵاتێکە لە بوونی خوا ئەو هێزە دەرونیە مرۆڤانەیەی پاڵ بە راسکۆلەوە دەنێ، کە کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدات، دوای ناپاکیی لەگەڵدا دەکاتو دەیکاتە مرۆڤێکی نائاساییو توشی گۆشەگیریو تەنیایی دەکا، ئەو ئازادیەی، کە ئەم چاوەڕوانی بوو ئێسا لە شوێی توشی سەرلێشێواییو دەروونلاوازیی بووەو وەکو منداڵ دەترسێو تووشی نامۆیی دەبێ ئەنامیش بەوە کۆتایی دێ، کە ئیعتراف بکاو خۆی بداتە دەست یسای ئەخلاقیو دنیاییەکانو سزای خۆی وەربگرێ.

یەکێ لەو تایبەمەندیە هەرە دیارەکانی فەلسەفەی دۆستۆیڤسکی دەربارەی مرۆڤ ئاروەری بوو بە دوانەیی گیانو سروشتی مرۆڤایەتی لەسروشتی مرۆڤایەتیدا لەنێوان چاکەو خراپەدا ئارەزوی ئاژەڵیو مرۆڤایەتیو هۆکاری یەزدانیو ئەهریمەنی ناکۆکیو ململانێی هەمیشەیی هەیە، دۆستۆیڤسکی ئەم ناکۆکیو دژانە بە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کرۆکی مرۆڤایەتی دەزانێ تایبەتمەندانێتیەکی لەو جۆرە هانی دۆستۆیڤسکی دەدا، کە دەرونی کەسایەتیەکانی تۆێکاریی بکاتو بیانگلێنێ بەکاری نائاساییو بێرەوشتی یان بەکاری چاکە خوازانەوە ئەم کارنەش، کە ئەندام دەدرێن پەیوەندییان بەجیهانی واقیعەوە نیەو هیچ کارو کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان لەسەر یەکتری نیەو پابەند بەهیچ سنور یان کاتو شوێنێکەوە تیی، بەڵکو بەشێوەی لێکدانەوەی زۆر ئاڵۆز شاراوەو دور لە مەنتیق ئەنجام هەڵخلیسکاو تورە، شەهوەتباز، سۆزدار، عاتفیو.. هتد ئم جۆرە مرۆڤانە لە جیهانی ئێمەوە دور نین، جیاوازیمان تەنیا لەوەدایە، کە ئەوەی ئێمە ناوێرین بیڵێینو بیکەین ئەوان دەیڵێینو ئەنجامی دەدەن ئەوەی، کە ئێمە لە گۆشەی تاریکی نائاگییو ویژدانی خۆماندا دەیشارینەوە ئەوان بە ئەملاو ئەولایدای دەدەن دۆستۆیڤسکی ئەوەی کە تۆ ناتوانێ ئەنجامی بدەی من تاکو رادەی ئێسقان بردم نەخۆشو حاڵەتە نائاسییەکانی مرۆڤەکانی نووسەر دەبێ کێو چی بن؟ دیارە نەخۆشیەك بۆ ئەوەی کارێ ئەنجام بدا، دەبێ خاوەنی لەشێ بێ. بەڵام کەسایتیەکانی نووسەر خاوەنی لەشێ نین، بەڵکو زیاتر دەربڕێکن لە جیانی فیکرو خەیاڵی ئێمە بەڵام کاتێ، کە هەڵسوکەوتی کەسایەتیەکان لە واقیعو جیهانی فیزیایی ئێمەوە نزیك دەبن، ئەوا دەشێ دەربری جۆرێ لە دەسەڵاتی هونەری ئەدەبی دۆستۆیڤسکی بن. بەڵام ئەوەی، کە زۆر جێگەی سەرسوڕمانە دەرەکەوتنو کەسایەتیی ئافرتە وەك کاراکتەرێ گرنگو کاریگەر، ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بارەری بوو بە دوانەیی گیانو سروشتی مرۆڤایەتی لەسروشتی مرۆڤایەتیدا لەنێوان چاکەو خراپەدا ئارەزوی ئاژەڵیو مرۆڤایەتیو هۆکاری یەزدانیو ئەهریمەنی ناکۆکیو ململانێی هەمیشەیی هەیە، دۆستۆیڤسکی ئەم ناکۆکیو دژانە بە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کرۆکی مرۆڤایەتی دەزانێ تایبەتمەندانێتیەکی لەو جۆرە هانی دۆستۆیڤسکی دەدا، کە دەرونی کەسایەتیەکانی تۆێکاریی بکاتو بیانگلێنێ بەکاری نائاساییو بێرەوشتی یان بەکاری چاکە خوازانەوە ئەم کارنەش، کە ئەندام دەدرێن پەیوەندییان بەجیهانی واقیعەوە نیەو هیچ کارو کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان لەسەر یەکتری نیەو پابەند بەهیچ سنور یان کاتو شوێنێکەوە تیی، بەڵکو بەشێوەی لێکدانەوەی زۆر ئاڵۆز شاراوەو دور لە مەنتیق ئەنجام هەڵخلیسکاو تورە، شەهوەتباز، سۆزدار، عاتفیو.. هتد ئم جۆرە مرۆڤانە لە جیهانی ئێمەوە دور نین، بەهەمآن شێوەش دۆزی خۆشەویستیو سێکسیش لە بیرو فەلسەفەی لای ئەو نیشانی ئارامیو پایەداری لەشو گیان نیە، ئافرەت وەك نێوەنجیکارێ وای، کە دێتە گۆرەپانی رووداوەکانەوە، ژن لە شوێنو پل پایی خۆیدا دەخوازێ تەنیا دەردو ئازار لە پیاودا بە ئاگا بهێنێتو ئاودیوی سنووری یاسا رەوشت ئامێزەکانی بکاو لاوازی بکا، پاشان بەرزی بکاتەوەو بیخاتە نێو جیهانێکی نوێو ئازادەوە ژنانی دۆستۆیڤسکی رۆڵو نائاکارنیای تۆلستۆی دایکی مەکسیم گۆرکیو ژنانی یەشار کەمال ناگێڕن ژن جێگەی ئامانجو مەبەست نییە، بەڵکو کەرەستەیەکی بێبیەخەو دەبێتە هۆی دورکەوتبوونی کەسایەتی پیاو، کە یەکێکیان بەرەو عەشقی شەهوانیو ئەوی دین عەشقی بەزەیی دەبا لە رۆمانی گێڵە دا عاشقی

دوو ئافرەت دەبێ یەکێکیان عەشقی شەهوانێتی (ئاگلای) رایدەکێشێ، ئەوی دیان روخساری پرغەمگینیو ئازاداوییانەی (ناستازیا)یە، کە هەست بە سۆزو هاوردەیەکی لە رادە بەدەر دەکا بەرامبەری، وا تێ وەکو عەشق خۆش ناوێ، بەڵکو لە روانگەی بەزەوییداهاتنەوە دەڕوانێ. ئاشکراشە، کە عەشقی شەهوانیو بەزەیی، هیچیان دوو مرۆڤ بە یەك ناگەێنن و هیچیشیان عەشقی راستەقینە نین. لە پێش هەر شتێکەوە خۆ فیداکردنە. بەڵام بەزەیی سەلماندنو سپاندنی باڵادەستیی یەکێکە بەسەر یەکێکیتردا.



پێویستی غەریزەی شەهوانیو جینسی دەربری جۆرێکن لە خۆپەرستی، هەرزەکارێ، کە دوی دۆستیو جوتگیری دەکەوێ بێ لە بیانوییەك بۆ چێژوەرگرتنی جینسی چیدی ناگەیەنێ ئەو لە هەستی شەهوانێتیو خۆیدا تەنیا بیر لە خۆی دەکاتەوە شەهوەتبازەیی کاملّترین دیاردەی جۆرێ گۆشەگیریو تەنیایی، کە لەوانەیە هەموو کەس روبەروی ببێتەوە مرۆڤ لەم تەنیاییو گۆشەگیرییەدا خۆی وندەکاو دەبێ دوکەرتەوە ڤێرسیلۆڤ لە رۆمانی (هەرزەدا) دڵم پڕ لە قسەیە، بەڵام ناتوانم بیهێنمە سەر زمان، لەوە دەچێ بوبێتمە دوو کەرتەوە ژنان لە تەمەنی پڕ چاوەڕوانیی خۆیاندا، لە پێناوی گەیشتن بە مەرامی خۆیانو خۆدانەدەستیان بە پیاو، خاوەنی چەندین چیرۆکی تفتو تاڵن. بەڵام هەر، کە دەستهێنان سەرزەنشت دەکەن، هەندێ جار درەندو دڵڕەقنو پشان دلۆقان دەبن، ئەوان لەو دلۆقانیە چێژ وەردەگرن.

ژنان خاوەن شەرمێکی پیسو شەهوەتێکی بێگوناهن، ئەوانە روبەروی ژیان نابنەوە بەڵکو یاری پێدەکەن ژیان لایان ئاوێنەیەو هەر جارەی بە شێوەیەك خۆیانی تێدا دەنوێنن، هەرجارەیش شێوەو رەفتارێکی جیایان هیە تاکو لەو رێگەیەوە هەست بە بوونی خۆیان بکەن. بەڵام تایبەتمەندی پیاو بریتیە لە سەقامگیریو پایەداریی، پیاو دەخوزێ یەکگرتوو خۆی دەکا، کە ئیستێ بەرامبەر گوناە، هەڵەو چاکەکانی دەکا. بەڵام ژن هست بەهێزی خۆی ناکا مەگەر لە نائاگایی لاوعیدا.

پەیوەندییەستن لەگەڵ ژنان چاوەڕوانیی گشت رووداوێك ناخحۆشو ناقوڵایی لێدەکرێ چاکتر نیە، کە لە دەستی رابکەیت کورتیو کوردییەکەی لای دۆستۆیڤیسکی وەهایە، کە عەشقێ یەزدنی نەبێ عەشقێکی لەرزۆك، ناتەواو ئازاردەرو پێکەنیناوییە.

بیرو فەلسەفەی نووسەر شەڵو بەرجەستەکراوێکی ناوەرۆکدار بە مەسیحو ئینجیل بوو، کە دەیویست بە ئاودیوبوونی سنورە ئەخلاقیەکان ئازادیی بە دەست بهێنێ ئەم جۆر فەلسەفەیەش کتو متو زۆر پایەدارانە لەناو هەناوی گەلی روست دا

رەنگیدابۆوە، دۆستۆیڤسکی باوەری بەوەبوو کە گیانی گەلی روس خەڵوەتگایەکی ئارامە، کە رۆح‌و ویژدانی مەسیح تیایدا شادە، کەواتە مەسیح کەسێکی خۆماڵی‌و لە دەرون‌و ماڵی هەر روسیەکدا دەژی دۆستۆیڤسکی لە بەرامبەر ئەو درککردنەدا تاکو ژیا، نەفرتی لە رۆژئاوا دەکرد. پێی وا بو رۆژئاوا ناکۆگو ناتەبایە لەگەڵ گیانی مسیح بە جۆرێ هەستو گیانی مرۆڤانە تیایدا دەپوکێتەوەو لە نێو دەچێ. ئەو پاراستنی مەسیحی لە پاراستن‌و بەردەوامی حکومەتی تەزارو گەلی (رووس)دا دەبینیەوە لەو باروەرەشدا بوو، کە هەر گەلێکی خواناس‌و باوەڕداری وەك رووسەو، کە دەتوانێ خۆی‌و گشت مرۆڤایەتی رزگار بکا، ئازادیی بەبێ بوونی خوا نایەتە دی هەرگەلێکیش باوەری پێچەوانە بێ لەنێو دەچێت، هەر بۆیە نووسەر تاکو مردنیش بەرگریی لەو شێوە ریبازە کرد، دەتوانین بڵێین رۆمانی (شەیتانەکان) بەرجەستەیەك تەواوی ئەو بارەیە ئەم رۆمانەش چیرۆکی میللەتێکە کەوا هاوکێشەی کۆمەڵایەتی لاسەنگ بووەو لەجیاتی ئەوەی خۆی رزگار بکا، لە نێو دەچێ (راسکۆڵنیکۆڤ) لە (تاوان‌و سزا)دا دەیەوێ بیچەسپێنێ، کە بوونی ئەو کرمێکی بێبایەخ نیەو ئەنجمدانی تاوانێ ئازادیی بەدەستبهێنێ دۆستۆیڤسکی دژی ئەو کەسانە بوو، کە باوەریان بەگۆرنی کۆمەڵایەتی هەبوو ئەو ترسی لەو گۆڕانە هەبوو گۆڕانێ، کە ئاکامەکەی بە باوەڕنەبوون بەخوا کۆتایی‌بێ، ئەو کۆمانەوەو تلیسانەوەی لە ژێر زەبری کاری دژوارو سەرمای سیبریای پێ چاکتر بوو لە دەوڵەتێکی سۆسیالیستی شۆرشگێرانی سۆسیالیست‌و جیهانی زانست‌و یاسا کەسان‌و بارێکی دوڕو وەهلفریوێنەرن، ئەوانە زیاد لە پێویست فەبارە دەدەن بە میللەت‌و خەڵك، دەیانەوێ بە کوشتن‌و قوربانی خەلك بگەێننە ئازادی دخوازن لە جێگی باوەڕبوون بە یەزدا باوەڕی کوفرو بێباوەریی بە خەڵك بسازێنن (راسکۆڵنیکۆڤ)، کە رادەپەڕێ‌و دەست دەداتە تاوانێك ئازدیی خۆی لە دەستدەدات، ئەو چیدی دەبێتە کۆیلەی بیرێکی سەلماو بەو پێیەو لەو روانگەیەوە میللەتێ، کە رادەپەڕێ بۆ دامەزراندنی سۆسیالیستی‌و سەلماندنی سیستەمی نوێی گۆرانە کۆمەڵایەتیەکان بێ لە بەدەستهێنانی کۆیلەیی، شێواویی‌و نائارامیی هیچی دەست ناکەوێ.

ئەم دو جۆرە موباحیەت‌و رەهاگەرییەی جیهانی ئایدیاو واقیع لای دۆستۆیڤسکی لەوانەیە لایەنێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی‌و سایکۆلۆژی خۆیان هەبێ ئەم دو تاقیکردنەوەیە هاوشانی یەك هەنگاو دەنێن‌و لە دواجاریشدا هەریەکەیان تووشی جۆرێ تێکشکان دەبن.



سۆسیالیزم پێش هەر شتێ دۆزێکی مەزهەبییەو کرۆکی سەرهەڵدانی فەلسەفەی خۆی لە جیهانی ئایدیالیستەوە بە دەستدەهێنێت، هەربۆیە سۆسیالیزم ناتوانێ بە تەنیا چاککەری باری ژیانی کرێکارانبێ، بەڵکو چاککەرو رێکخەری جیهانی مرۆڤایەتیە سۆسیالیزم شانبەشانی

مەسیحێتی ناروات بەڵکو جێنشینی ئەوە خەوش‌و کورتیەك، کە دۆستۆیڤسکی تیایدا دەبینی ئەوە بوو کە لەم قوتابخانەیەدا پەزدان بوونی نیە ئەبەدیەت شاراوەیەو زیندووبونەوەو بەختەوەری دوا ڕۆژ لە گۆڕێدا نی جگە لە بەختەوەری سەرزەوی، کە هەمووکەس دەتوانێ پێی بگا هیچی دی بەدی ناکرێ، هەموو شت لەنێو ئەم جیهانەدا دەستپێدەکات‌و لەم جیهانەش دا کۆتایی دێت، نرخی تاك، کە ژیانی تایبەتی هێزی مەعنەوی‌و ئومێدە نەمرو گەورەکان گشتیان لەم شیوو دۆڵی پوچ‌و تاریکی نائاگایی ئێمەدا سەردەنێتەوەو لنێو دەچن.



سۆسیالیزم لێپرسراوی پەیداکردنی ڕۆزیی خەڵکە بەڵام خواردن‌و خواردەمەنی مانای ئازادیی نین بەڵکو مرۆڤ هەردەم برسی‌و تینوی جیهانی مەعنەویاتێکە، کە مایەی شادیی‌و چێژبەخشیە واتا شتێکە، نە بە کارکردن دێتە دی، نە بە گزیی‌و چەنەبازیی. لە ئەنجامدا خەوش‌و سۆسیالیزم لەوەدایە نرخی زیاد لە پێویست دەدا بە مرۆڤ شەیتانەکان پێشبینیەکی ترسناکە بەخشینی شێوەیەکی کاریکاتێری بوو بەرۆژگاری ئەوکاتە. بەڵام هیچ کەسێ نەیدەزانی‌و سەری دەرنەدەکرد کە ئەو کاریکاتیریە بەیانی دەبێتە تابلۆیەکی واقیعی شۆرشی ئۆکتۆبەری سۆسیالیستی ئەو سەرئەنجامە شوومە بوو کەشەیتانەکان باسی لێوە دەکرد ئەوانەی خوازیاری ئەو شۆڕشە بوون لە میللەت‌و پێداویستیەکانیان تێنەدەگەشتن ئەو کەسانە هەر خەریکی قسەی زل بوون‌و هەواڵی ڕۆژێکی شوومیان رادەگەیەنرا، هەر بۆیەش بوو دۆستۆیڤسکی تاکو مرد دوژمنی سەرسەخت‌و ئەوانە بووە ئەو لە شوێنە ئەوانە باوەڕی بە روسیایەکی پێشکەوتوو هەبوو. بەڵام دور لە گیانی ئەروپایی بوون، روس ئەوەی لەباردا هەیە، کە خاوەن مێژوو تاقیکردنەوەی خۆی‌و ئامانجی تایبەت بە خۆی بێ دۆستۆیڤسکی دوای ئەوەی سەردەمانێ تێکەڵ بە باس‌و کۆبونەوەو چالاکیەکانی بەرهەڵستکاران (ئۆپۆزسیۆن)ی (تەزار-قەیسەر) بو کەوتە نێو زیندانەکنی دەوڵەتەوەو فەرمانی لەسێدارەدانی دەدرێ ئەو فەرمانەی بەشایانی خۆی دەزانی، کە پاشانیش فەرمانەکەی هەڵدەوەشێتەوە هەرگیز ئەو چاکەیەی تەزاری لەبیر نەکردو ژیانی گرێدا بەوەوە، هەر بەو هۆیەش بوو، کە نرخی راستەقینەی گەلی روسی لە ئەرتۆدۆکس‌و تەزاریمدا دەبینیەوە ئەو هەم باوەڕی بە ئۆرتۆدۆکس هەبوو هەم بە گەڵو رووس بە جۆرێ، کە هیچیان بی ئەوی‌تریان نەدەبوو.

ئەم باوەرە هەستی نیشتمانپەروەری لە ناخی (دۆستۆیڤسکی)دا دەکوتێن.

جەنگی نێوان روس‌و عوسمانیەکان ئەم هەستەی دوا پلە هەژاند نووسەر باوەڕی وەهابوو، کە جەنگێکی وەە ڕۆح‌و گیانی روس

دەگەشێنێتەوە، جەنگێکی پیرۆز بوو، کە لە خزمەت (مەسیح)دا بوو، باوەڕی ئەو دەگاتە رادەیەك لە ساڵی ١٨٧٠ دا بنوسێ ئەوە بە زەبری شمشێر نەیەتەدی پایەدار نابێ بەڵام بۆ ئەوێکە لە تاوانو سزادا بڵێ "ـ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی نەکوشتووە بەڵکو رێیازێکی کوشتووە" لەوانەیە لەگەڵ ئەو باوەڕەیدا یەکنەتەوەو ناکۆکبێ، ئەو شەش وشەیەك وەڵامێکی پراوپری (دۆستۆیڤسکی)ە، کە دەیویست ئاراستەی جەنگێکی پیرۆز بکاتە مەبەستو نیشانە لەدیدی دۆستۆیڤسکیدا، بۆ گەیشتن بە بیری یەکگرتنی جیهان لە مەسیحێتیدا گشت هۆکارو کەرەستەیەکی بە روا مباح دەزانی "ـ ئەگەر خوایەك لە ئارادا نەبێ هەموو شتێك موباحە"، بەڵام نووسەر خاوەن یەزدانو مەسیح بوو، هەر بۆیە دژو ناکۆك بوو سەبارەت ب نووسەر، کە بتوانێ جەنگێکی وەها خوێنین بەڕێوە بەرێ مەسیح لە پێناوی رزگارکردنی مرۆڤایەتیدا خوێنی خۆی رەشت بەڵام دیار بوو، کە ئەو خۆی بەناچار دەبینی، کە ئیسقانەکان وردوخاش بکات، نووسەر لەوێدا دەکەوێتە نێو زریانو ویژدانو لێی دەرباز نابێ، هر بۆیەو لە ئەنجامدا ئەو نەفرت لە شارستانیەك دەکا، کە دەبێ لەپێناویدا پێستی خەڵك بگورێ ئەو بەمجۆرە لە وەڵامەکان رادەکا: " ـ ئەگەر بە شێوەی تیۆری لێی بروانی، لەوانەیە کارێکی نەشیاوو بێ بناغە بێ. بەڵام لە پراکتیکدا هەر ئەوەیە، کە هەیە، بەڵام دۆستۆیڤسکی بێئاگایە لەوەی، کە دروستکردنی نەتەوەی روس وەك گەلێکی سەردەستو باڵادەست لە جیهاندا چەندێ لە نرخو پایەی مەسیح کەم دەکاتەوە، گشت مرۆڤایەتی کۆمەڵێکی هەڵبژاردەو دەستکردنی خوایە ئەمە سەرجەم باوەڕو فەلسەفەی مەسیح بوو، بەڵام هەرچیو چۆن بێ ئاقاری بیری دۆستۆیڤسکی رووەو هەڵکردنی چرای مەسیحو بەرجەستەکردنی یەزدان بوو لە مرۆڤدا".

وەك ئاماژەی پێدرا، دۆستۆیڤسکی باوەری بە گۆرانی کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵکو باوەری بە پەرەسەندنو کامڵبوونی مرۆڤ هەبوو.

ئەو لە رەوتو کامڵبوونی مرۆڤ دا دو جۆر دەستەڵاتی دەخستەڕوو، یەکێکیان دەستەڵاتی مادیو ئوی دیان مەعنەویی، ئەم دو دەستەڵاتەش مرۆڤ بەرەو جۆرێك ئارامی یان پەشێوی دەبا.

راسکۆل بەکوشتنو یەکێکو گێلە بشێتبوونو شەیتانەکان لە رەوتی شۆرشدا ویڵی دەستەڵات بوون دەستەڵاتیش هۆکارێکە، کە دەشێ لەئازادیدا بەرجەستە ببێ، رۆمانی هەرزە چاکترین نمونەیە، کە دەستە ڵاتو ئازادیی تیایدا بەرجەستەکراوە هەرزە دەیەوێ ئازادیی بەدەست بهێنێ ئەو لەو باوەڕەدایە، کە سامان دڵنیاترین رێگەیە بۆ گەیشتن بە تواناییو سەربەخۆیی.

ئەو زۆڵێکەو لە ئەنجامی زۆرگیر (اغتیاب) کردنی دایکە کارەکەرەکەی لەلایەن کەسێکی بەناو ڤێرسیلۆڤەوە هاتۆتە دنیاوە هەرزە نەدایکی هەیە نە باوك ئەو دورە لە هەر بەسەرکردنەوەیەك دەستی سۆزو خۆشەویستی ئەو لەلایەن پیاوێکی درندەو نەزانی فەرەنسی بە ناوی تۆچاردەوە دەچەوسێتەوە تۆچارد ئتکی رۆحی دەکات، دەیبوغزێنێ، ئازاری دەدات، ریسوای دەکات، ئیهانەی کەسایەتی دەکاتو بە نۆکەرو بێنرخی دەقەبڵێنێ، بەڵام هەرزە بەپێچەوانەوە رێزی لێدەگرێ، لێیدەپارێتەوەو تکاکاری دەبێت، بەڵام بێ سود دەبن لێرەدا مرۆڤ چەند پوچو بێرنخ بێ خاوەنی جۆرێ غرورە ئەم نۆکەرە دەخوازێ لە یەك ساتدا هەم نۆکەرو هەم کوێخابێ، هەرزەکەسێکی سوککراوو ریسوا کراوە لەگەڵ ئەوەشدا بیر

دەکاتەوە. بەڵام بیرکردنەوە بۆ ئەو چی سەوز دەکا؟! ئەو لە ئەنجامی بیرکردنەوەدا خەڵك بە هیچ دەزانێت، دەیەوێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە خەڵکی ڕێزی بگرن، ئەو دەیەوێ ئاودیوی دیوارە ڕەوشتنامێزەکان بێ بۆ ئەوەی هەم ئیعتیباری کەسایەتی خۆی بەدەستبهێنێتەوە هەم دەستەڵاتو ئازادیی سەرەتا ئەو دەیەوێ بزانێ، کە ئایا ڕۆڵی سامان لە ژیانو کۆمەڵایەتیدا چیە؟ ئەو دەخوازێ بەهۆی پارەو ئاڵتونەوە لە چوارچێوەی ئو دەوروبەرە بۆگەنو شێواوە ڕا بکا.



لێرەدا ڕاسکۆڵو هەرزە بەرەو یەك ئامانج شۆردەبنەوەو هەمان تێکشکانیش ڕوبەڕوی هەردوکیان دەبێتەوە، واتا بەرەو ئەنجامدانی کارێ، کە لەسەرووی توانای کاری مرۆڤێکی ئاساییە لە هەرزەدا جولەکەیەکی دەوڵەمەند بە بۆگەنو بێرەوشت دەچوێنرێ لە تاوانو سزایشدا پیرەژنێ بە مێرو یان جانەوەر، بێگومان ئەم دووپاڵەوانە لەو کارانەی دەیکەن هیچ بەرژەوەندیو سودێکی بەرزی مرۆڤایەتی تیادا ڕەچاو ناکرێ، بەڵام هێندە هەیە، کە شەیداو تامەزرۆی دەسەڵاتن هەرزە دەڵێ: "ـ من پێویستم بە پارە نیە ئەو عەومالّی دەستەڵات بو، دەستەڵاتێك، کە لە سایەیدا دەتوانێ گشت ویستو داخوازیەکی خۆی پیادە بکا هەرزە دەیەوێ لەسەر شارایەك ئاڵتون خۆی لەناوبەرێو بە ئازادیی خۆی بگا. لە خەیاڵی خۆیدا وادێتە بەر دیدی، کە چی دی لە دەستەڵات تێر بێزارو ماندو بووەو پاشان پارەی خۆی دەبەستێتەوە، واتا لەوێ بەدواوە پارە هیچ ڕۆڵێ لە گۆڕینی هەڵسوکەوتو باری دەرونی ئەو ناگۆڕێ.

هەرزە لە وێستگەیەکی شەمەندەفەردا"ـ ئەگەر ئەم جەنەڕاڵە بێئەدەبە بیزانیایە من کێم ئەسپی لە عەرەبانە دەبەستو لە سەرکەوتنم د دەستی دەگرتم".

ڕاسکۆڵ دەستەڵاتو ئازادیی لە کوشتنی کەسێکی بێتاوانو ئازاری سیبریادا دەبینێت، بەڵام هەرزە لەجیاتی ئەوکارە پارە کۆدەکاتەوە، ئەوەتا لە شوێنێکدا ـ پارە تەنیا هۆیەکە، کە بە سووکترینو بێنرختڕین کەسان ڕێگە دەدا، کە بە بەرزترین پلە بگەن، ئەو پول بە پول کۆدەکاتەوە، لە جیاتیی ئەوەی کەسێکی ئارامو بەختەوەر بێ لە حاڵی بیرکردنەوەیەکی قووڵدایە، کە سەرەنجام توشی نۆچدانو تێکشکان دەبێ تێکشکانی هەرزە لە مردنی ڕێنوچکادایە، ئەو کەسە منداڵێکی هەتیوەو هەرزە دەگیرێتە لای خۆیو تەواوی سامانەکەی لەپێناوی منداڵێکدا پەخشان دەکا ئەو پاشەکشە لە ئامانجێك دەکا، کە دارونەداری بەبادا داوە، پاشان ڕوو دەگاتە ئامانجێك، کە بۆی سوودمەند نابێ، بۆ ئەمەش دەستدەداتە قوماربازیی، بەرەڵایی‌و پەیوەندییەستن لەگەڵ خەڵکانی نەفسنزمو هیچو پوچدا، واتا باڕێ، کە ئەو ڕوبەڕوی تەنیایی دەکاتەوە.


دۆستۆیفسکی ئیدی ڕووە پیریی دەڕۆیشت، زەبری گورچکبڕی چەند ساڵ زیندان‌و دژواریی ژیان ئەو دەچەمێنێتەوە ماندوێتی لە ڕوخساریدا بەدەر دەخات، بەڵام ئەو ئیدی خاوەن تاقیکردنەوەی قوڵەو دەستەڵاتی ژیری دەست بەسەر توانای ئەودا دەگرێ، ئەو ئیدی خاوەن پەیامێکەو دەخوازێ بیگەێنێت. دۆستۆیفسکی لە ڕۆژانی دواتمەنی ژیانیدا ناوبانگی زۆری پەیداکرد، لە بەشداری یادو پەردەهێنانە خوارەوە لەسەر پەیکەری شاعیری ناوداری روس(پۆشکین) پایەی گەیشتە فەیلەسوفەو پێغەمبەرێ پەیامی بۆ گەلی روس‌و گشت جیهان‌و مرۆڤایەتیی بوو، ڕۆمانی (بریانی کارامازۆف)، کە ماوەی سێ ساڵی خایاند بۆ نوسینی ئەو دوا پەیامە بوو، کە بەشداری ڕاستۆگییەوە گەیادی، ئەو دوای تەواوکردنی ئەو ڕۆژمانە چاوەکنی بۆ دواجار لێکناو لە ١٨٨١/٦/٣١دا دنیای پڕ ئازارو ئەشکەنجەی بەجێهێشت.

لێرەدا بە گرنگی دەزانم، کە دیڕێکیش سەبارەت بە پەیامی ئەو مەزانە ناوداڕە بەردەوامبێ، چونکە ئەم پەیامە دوابشی زنجیرە ژیانی فیکریی‌و فەلسەفەی ئەدەبیی ئەون.


<u>برایانی کارامازۆف:</u>

خێزانی کارامازۆف لە شارۆچکەیەك دەژین، کارامازۆف پیرەمێردێکە، کە سەرتاسەری ژیانی بە ڕۆشنبیریی شەهوەتبازیی دڵڕەقی‌و شاراوەیی بەسەر بردووە سێ ژنی هێناوە، لە ژنی یەکەمی، کە هەمیش دارکاریی کردووە، کوڕێی بەناوی (دیمیتری) لێدەبێ، دیمیتریش کەسایەتیەکی هەرزە، کاڵغام، هەڵخلیسکاوەو هەندێکجار دەم لە فەلسفەی ئایدیالیستی دەنێ، لە ژنی دوهەمیان کەسێکی شاتەشاتکەر بووەکوڕێکی بەناوی ئیڤان لێدەبێ ئەمیش کەسایەتیکی ڕۆشنبیری ترسناکەو گیانێکی ئازاوەچیانەو وێرانکاریانەی هەیەو قارەمانی باوەڕ یان فەلسفی ڕەتگۆیە. هەروەها لە هەمان کوڕێکی‌تری بەناوی ئەلێکس ئالیۆشا لێدخاتەوە ئالیۆشا ئەلێکس کەسێکی خێرخوازەو چاکەکەرەو لە جیهانی خواناسیدا وێڵو سەرقاڵە، کەدەتوانین بڵێین ناوەندی فەلسەفەی خێرخوازانەی ڕۆمانەکەیە ناوەندێکی ڕووناك، کە تەواوی کەسایەتیەکانی تری ناو ڕۆمانەکە لە دەوری دەئاڵێن، کەسێکی دی لەنێو ئەم خێزانەدا دەژی، کە ناوی سێمەر دیاکۆفەو بەرهەمی زۆرگریی کارامازۆفە لە کچێکی هەژاری کەڕو لاڵ، ئەم کەسە تایبەتمەندیەکی پوچ بێئابڕو فێڵبازو هاشوواشکەی هەیەو نۆکەری ماڵەکەیە، ئەم مرۆڤە پەیوەندی لەگەڵ (ئیڤان)ی زۆربرای خۆشەو ستایشی دەکا.

لەنێوان ئەم باوك‌و چواربرایەدا ژنێ هەیە بە ناوی (گرۆشینکا)، کە هەریەکەیان بۆ بەدەستهێنانی ئەو دژی یەکتری دەجەنگن. سێمەردیاکۆف بو خەیاڵەی، کە گوای داوایەکی ناخ‌و دەرونی ئیڤان بەجێدەهێڵێ، کارامازۆفی پیر دەکوژێ‌و لەجیای ئەو دیمیتری تاوانبار دەکرێت‌و ڕوانەی سیبریا دەکرێ.



دوبیری سەرەکیی بەسەر جەستەی ڕۆمانەکەدا شۆبونەتەوە: یەکێکیان عەشقو ئەوی دین یەزدانە، یان دەشێ بگوترێ گرۆشینکاو مەسیح یاخود شەیتانو فریشتە، ئێمە دەبێ ئەم ڕۆمانە وەك ڕوداوێك ، کە لەکاتی ڕۆژانەدا ڕوو دەدت سەیر نەکەین، بەڵکو وەك سەمبوڵو نیشانەیەك بۆ گەیاندنی فەلسەفەو بیرێ، یان پەیامێ.



لێرەدا هەر یەکێ لە کەسایەتیەکان سەموبوڵی دیاردەیەك یان جیهانێگەو خاوەن تایبەتمەندیو پێناسی خۆیەتی، کارامازۆفی پیر هەڵوەداوی مەسەلی جینسیو شەهوانیەتە، زییم کەسایەتیەکی ئایینیو لپ لەی قەشەیەکی پیرۆزو بەڕێزدایە، کە ڕۆڵێ کەم تا زۆر لە ڕۆمانەکەدا دەگێڕێ.

دیمیتری ئالیۆسا ئیڤانو سێمەردیاکۆف تێکر سەمبولن بۆ قۆناغێ لە گۆرانەکانی کەسێك، کە وردەوردە لە سیفەتی ئازەڵیوە بەرەو پاکبونەوەی گیان دەروات تاکو دەگاتە ئەو پلەیەی، کە مرۆڤی نوێ بەرجەستە دەبێ، ئەوەتا ئالیۆسا بەدیمیتری برای دەڵێ" پەیژەی شەقوشڕ بۆ هەمومان یەك شتە، گریمان تۆ لە پلەی سیانزەدا وەستاویتو من لە پلەی یەکەم دا لای منە هیچ جیاوازیەکین نیە"ـ لەسەر پەیرەوی ئەم پەیژەیەو لە دواپلی سیانزەدا ژنێ هەیە واتا گرۆشینکا، کە لەژێر دەستی بازرگانێکی پیر کارامازۆف دایە، کە ئەوی لە هەژاریەو نەبونی ڕزگار کردووە ئەم ژنەش هەرکەسەو لە دیدو تێڕوانینو بەرژەوەندی خۆیەوە پێناسی دەکا، خزمێکی ژنەکە دەڵێ: "ـ کچێکی هەرکەو بەرەڵایە." کارامازۆف "ـ سۆزاینی" هەندێکی دی "ـ ئاڵەژە" کەسانێکیتر "ـ نەخێر فریشتەیە" دیمیتری: "ـ ژنێکی بێئامانە." ئالیۆشا: "ـ کەسێی سادەیە." لێرە دەتوانین بڵێین ژنەکە هەموو ئەو سیفەتانەی تێدایە، یان بە جۆرێکی دی "ـ کچێکی گەنج، بۆ گەن، سیفەتئازەڵیی، سۆزدار ئازاردەرو سەرشێتە" کارامازۆف سامانی خۆی دەکاتە میراتو بسەر منداڵکانیدا بەشی دەکا. بەڵام بەشەکەی دیمیتری بە گرۆشینکا دەبەخشێ.

ئە ئافرەتێکی ئاگار ئاسایە، کە لە دوی پوش دەگەڕیت، نەهەنگێکەو دەروبەری خۆی هەڵدەلوشێ، ئەو ئارەزووی ئاودیوبون ناکات، بەڵکو لەلیستوکێکەو یاری پێدەکرێتو باری بە خەڵك دەکا کارامازۆف کەسێکی سوکو سەلیمە لای ئەو ئافرەتە ئەم پیرەمێردە گشت شەوێك لە پەرێزی ئەودایەو چاوەڕێی دەرفەتێکە، کە لەگەڵی بخەوێ بەڵام گرۆشینکا نەخۆی دەداتە دەست پیرەو نە دەست کەسێی وەك دیمیتری، کە شێتو شەیدای بووی، ئەم ئافرەتە بە هەردوویان رادەبوێرێ، تاکو کات دەگاتە ڕۆژێگارێ، کە ململانێی باوکو کور توندوتیژتر دەبێ.

کارامازۆف بە جۆرێ شەیدای ئەو ژنە دەبێت، کە گشت ئازادیەکی ڵازەوت دەبێ واتا دەبێتە کۆیلەی ئافرەتێك لولایشەوە جوانیی ڕوخسارو لەشو لاری بوونی دیمیتری شەتەك دەدەن.

ئارەزوی ژینی دنیایی ئەو جۆرە کەسانەی کردۆتە ئاژەڵێ، کە بە ئەنجامدانی تاوانو کاری بۆگەنیی خۆیان ئاودیوی سنورە رەوشتنامێزەکان دەکەن باوك دەڵێ "ـ ئەو وەکو قالۆنچەیەك پان دەکەمەوە" دیمیتری "ـ نازانم لەوانیە بیکوژمو لەوانەیشە نەو، دەترسم کاتێکبێو نەتوانم تەحەمولی چروچاوی بکەم" کار لە پێناوی بەدەستخستنی ئەم ژنەدا دەگاتە رادایەك، کە دیمیتری لە نیوەشەودا دەسە هەمەوانەیەك بەسەری باوکیدا بکێشێو بیبورێنێتەوە سێمەردیاکۆف، کە لە پەرێژی رووداوەکەدا خۆی مەڵاسداوە، دەچێ لە پشتەوە کاری لێدانەکە دەگەێنێتەوە ئەنجمو دەیکوژێ دیمیتری دوای ئەو روداە هەڵدێو رەدوی گرۆشینکا دەکەوێ.



لە ئەنجامدا پۆلیس دیمیتری لەکاتی لوتکەی مەستی شادیی‌و دڵداریدا دەستگیر دەکەن‌و تاوانەکەش بەسەریدا ساغ دەبێتەوەو رەوانەی سیبیری دەکرێ. ژنیش لە لایەکەوە فریوی پارەی باوکەو لەولاشەوە پەیمانی شوکردنە بەکورە دەدا، ئەو شادی‌و سەرمەستیەی دیمیتری‌و گرۆشینکا، کە زۆرجار لە دەوروبەری کەسایەتیەکانی ناو رۆمانەکانی دۆستۆڤیسکیدا دێتە خرۆشاندن‌و وێناکردن، نیشانەیەکە بۆ هەستکردن‌و چاوەروانیکردن لە کەوتنەوەی رووداوێك یان کارەساتێ ئەم جۆرە شادیانە لای نووسەر مانایەکی قوڵی دەبەخشن"ـ کە هەرشادیەك مەعنەویی نەبێ شادیەکی لەرزۆك‌و تێکشێنەرە، کە ئەنجام دەبێە هۆی لەناوچوونی ئەو کەسە" دۆستۆیڤسکی هەواو بێبناغە کەسایەتی‌و پاڵەوانەکانی لەناو نەدەبرد، بەڵکو نەریتی سەلیقەی بیری ئەدەبیی ئەو لە شێوازی خستنەوەی رودو لە رۆمانەکانیدا وابوو، کە پێش رووداوێك زەمینەیەکی ماددی وەهای دەخولقاند، کە پر بێ لە حالەتی شادیی، خۆشی، رابواردن، مەستی‌و عەشق،ئەو واتا نووسەر مرۆڤەکانی خۆی دەگلاند بە تاوانێك تاوانیش لەبارو هەلومەرجێدا روی دەدا، کە ئەو کەسانە لە لووتکەی عەشق دڵداری شادیی‌و مەستیدا دوچاری عەشقێکی سوتێنەر دەبوون.

دیمتیریش لە لوولتکەی ئەو عەشق دڵداری‌و مەستیدایە، کە هەوڵی کوشتنی باوکی دەدا، ئەو هەرچەندە لە دادگادا بەرگریی لە خۆی دەکات، بەڵام بێسود دەبێت‌و کەوتنەوەکن گشتی شایەتی لە دەستداهەبوونی ئەو دەدەن بەڵان لە راستیدا سێمەردیاکۆف ئنجامدەری راستەقینەی تاوانەکەیە ئەم کەسەش رۆلێکی ترسناکی دۆزەخی دەگێڕێ، رۆڵێ، کە زۆر جێگەی مەبەسی (دۆستۆیڤسکی)ە هەر ئەو دۆزو مەبەستەیشە، کە هانی نووسەر دەدا کرداری سێمەردیاکۆف بکاتە سەمبوڵ‌و ناوەندی رووداوێکی گەرم‌و هەژێنەر، سێمەردیاکۆف بۆچی جێگەی (دۆستۆڤسکی)ە؟

سێمەر دەربری چەشن‌و چەرتێکی لە جیهانی ناوەوەی ئیڤانە سێمەرد گیاندارێك بێزارکەرو

نەفرەتلێکراوە، ئەو ئو بێزارییو مەفرەتیانە بە شایستەی خۆی دەزانێو لە زۆر شوێنی رووداوەکاندا دان بەوەدا دەنێ، لە راستیدا ئو حەزی لە نەفرەتبەرکەوتنو ریسواربوونە، ئەو بەهۆی بێبەشوونی ئیڤانی برای لە میراتی باوکی، کارامازۆرفی پیر دەکوژێ بەبێ ئەوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ داوای ئەو کارەی لێکردبێ، ئەو، کە ئەم کارە ئەنجامدەدا لە دیدو بۆچوونی خۆیدا وا دەزانێ، کە داواو تکایەکی کۆیخاکەی خۆی ئیڤانی بەجێهێناوە، واتا ئەوەی لە دەریای دڵی (ئیڤان)دا بە شێوەیەکی ئاڵۆزو پێچاوپێچ مەڵەی دەکرد لە واقیع دا ئەندام دراو ئیڤانیش بو کارە توشی داماویی دۆشدامانو دەرونلاوازیی دەبێ دەشتونین بڵێین "ـ سێمەردیاکۆف سەمبولو خاڵی پێگەیشتنی ئایدیاو کرداڕە یان تەواوکەری کەسایەتی ئیڤانە"

سێمەرد نیشانی مانایەکی زۆر قوڵو پێچاوپێچە"ـ ئەوەی، کە لە جیهانی نائاگایی (لاوعی) ئێمەدا دەسوڕێتەوە نالێپرسراوو سەربەخۆ نین بەرامبەر کردارمان" هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، کە سیمەردیاکۆف بە ئیڤانی برا دەڵێ "ـ تۆ زۆر حەزت لە کوشتنی باوکت بوو. بەڵام تۆ نەتدەوانی ئەو بکوژی، ئارەزوومەندی ئەوە بووی، کە کەسێکی دی ئەو کارە ئەنجام بدا."

ئیڤان لە ناخی خۆیدا هەرگیز هسەتی بەوە نەکرد بوو، کە ئارەزوویەکی لەو جۆرە چەکەرە دەکا. بەڵام، کە ڕووبەرووی واقعێکی وەها دەبێ دەشێوێتو لە دەروونی خۆیدا لێیدەداتەوە دەکاتە راستیەکو "ـ بەڵێ من چاوەڕێی ئەو کار بوم لەبەر ئەوە ڕاستە من دەمخواست ئەو بکوژم." بەڵام ئەوەی، کە سەری (ئیڤان) لەم هێنانو بردنانە دەسوڕێنێ ئەوەیە، کە "ـ ئایا من تاکو ئەو ڕادەیە حەزم لە مردنی باوکم بوو؟!" سێمەرد لە شوێنێکی دیدا لە ڕووی دەداو "ـ بەڵێ تۆ کوشتت، پیو کوژی ڕاستەقینە تۆی، من تەنیا یارمەتیدەرێکی تۆ بووم" سێمەرد لە دادگایکردنی ئیڤانو سەلماندنی تاوانەکەدا تەنیا یەک بەڵگەی لە دەستدیە ئەویش دەقی قسەیەکی ئیڤان خۆیەتی، کە کاتی خۆی لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ (سێمەردیاکۆف)دا بە گوێی دەگەیەنێ "ـ ئەگەر یەزدان نەبێ هەموو شت موباحە، سێمەردیش لەسەر بنچیەی ئەو قسەیەیە، کە تاوانەکە ئەنجام دەدا" ئیڤان لە ڕوانگەی یاسای مرۆڤایەتیو زانستەوە بێ تاوانە. بەڵام هیچ بیرو لێکدانەوەیەک ناتوانێ ویژدانی ئەو بپەرێنێتەوە.

ئیڤان لە پاداشتی نکۆلیکدنی لە یەزدان وێ لەناو زبڵدانو زۆنگاوی بۆگنبوی گیانی ئێمە واتا (سێمەردیاکۆف)دا دەبینێتەوە لە بەرامبەر گەیشتن بە دواپلەی پەیژەیەکی تۆکمەو بینینی جیهانێکی ڕوناک دا خۆی لەتاریکاییو چاڵێکدا دەبینێتەوە لەجیاتی بە دەستهێنانی ئاوەزێکی بەرزتر ساغترو ڕوناکتر دوچاری شێتی بووە ئیڤان لە بیرکردنەوەو خوێندنەوەی دەرونی خۆی توشی ئازار دێت، خۆی بەدوکەرت دەبینێتەوەو شەیتان دەبینێ ئەم شەیتانەش خۆیەتی"نۆ خۆمیت بەڵام بەدەموچاوێکی دی، تۆ ڕاگەێنەری بیری تایبتی منی، تۆ پڕوپوچترین بیر هەڵدەبژێری."

زۆرێ لە باری دەرونی کەسایەتیەکانو پاڵەوانەکانی دۆستۆیڤسکی ڕەنگدانەوەی کەسەیایەتیو بەسەرهاتی ژیانی واقیعی دۆستۆیڤسکی خۆیەتی.

لە قوماربازدا ڕاڤەکردنی باری دەرووونی پاڵەوانەکەی کوتومت پێشاندەری گیانو بیرکردنەوەو کرداری دۆستۆیڤسکی خۆیەتی،

که ماوەیەکی زۆر کاتی خۆی به قورمارکردن له گازینۆکانی نەمسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیاو سویسرادا بەسەر بردووە.

له (کارامازۆف)یشدا ئیڤان کەسایەتی دۆستۆیڤسکی خۆیەتی، که بیری یەزدان هەمیشه ژیانی ئەوی خستبووە ئازارەوە، نکوڵی له خوا هەمان نکوڵی دۆستۆیڤسکی بوو له یەزدان کەوا سەردەمانێك ئەویش ئاڵاهەڵگری بوو.

لەدیدی نووسەردا ئیڤان هەمان رۆڵی سیمەردیاکۆف دەبینێ. بەڵام بەجۆرو شێوازێی دی، ئیڤان وێنەیەکی بەرجەستەبووی رۆحی سێمەردیاکۆفه بەڵام ئەو مەودا جیاوازییی، که لەنێون ئیڤانو دۆستۆی هیه ئەوەیه، که لەژیانی خۆیدا ئەنجامدەری هیچ تاوانێك نەبووە، ئیڤان تەنیا کەسێکی زیندانیو دادگاکراوی دەستی نووسەر خۆیەتی.

ئالیۆشاو قەشه زیسیمو دو روخساری رونالكو نورانین له بەرامبەر ئەو کەسه پیسو دوکەرتانەدا ئالیۆسا قوتابیکه له خەڵوەتگای ئارام دا ئەم کەسه نه ئەولیایەو نەسۆفی بەڵکو کەسێکی مرۆڤدۆستە، که له رۆژگاری خۆی زیاتر هەنگاوی چاکەخوازیی هەڵهێناوەتەوە، کەسێکه، که له جیهانی واقیاتدا گەورە بووەو باوەڕێکی ساغو دروستی بەبونی یەزدانو موعجیزت هەیه. بەڵام موعجیز بنچینەی بیروباوەڕو بیرکردنەوەی ئەو یه بەڵکو مایەی پر شانازی بیروباوەری ئەوە، موعجیزە باوەڕ دروست ناکا،بەڵکو به پێچەوانەوە بوونی ئالیۆسا بوونێکی خەیاڵی یان فریشتەیی نیه، بەڵکو فرۆڤێکی واقیعیەو ئاشنای هەیه لەگەڵ ئەو دەروبەرە بۆگەنەی خۆی، که پێوەی پابەندە، ئالیۆسا کەسێکی ریالیستەو له جیهانی ریالیزمدا گەورەبوە ئەو له جیانی ماتریالدا خۆبەخۆ رووبەرووی دوژمنانێ دەبێتەوەو له پێناوی عەشقو شادیدا دوچاری کڵۆلیو بێچارەیی دەبێ.

ژین لای دۆستۆیڤسکی بەهەشتێکه، که ئێمه له ناویدا دەژین. بەڵام نامانەوێ لەو مانایه تێبگەین هەروەها هەریەکێ له ئێمه لەم ژیانەدا گوناهبارین بەرامبەر هەموو کەس‌و هەموو شت ژیانی مرۆڤ له نێوان ئەم جیهانی بەهەشت‌و گوناهباریەدا دەکرێ به دەربری جۆرێك له جیهانیبوونی شادیی‌و ئازاری مرۆڤایەتی دابنرێ، که دۆستۆیڤسکی له رۆمانەکەدا زەمینەی بۆ خۆش کردووە.



تاوان به تەنیا پابەند نیه به قوربانیەکەی خۆی‌و هیچ، بەڵکو وەك خوێن بەناو هەموو بوونی ئێمەدا دەچوڕێته خوارێ، ئەو کەسەی له خەیاڵدا حەزی به تاوانه ئەگەر ئەنجامیشی نەدا هەر به تاوان دەژمێردرێ لەگەڵ چەتەیەکدا، که هێشتا روخساریما نەبینیوە، چەتەییمان کردووە لەگەڵ بابکوژێ، که له رۆژنامەدا

ناسیومانە باکوژیمان کردووە لەگەڵ شەهوەتبازێ زۆرگیریمان کردووە.



هەر لەو دیدانەوەیە"ـ کە هەریەك لە ئێمە لێپرسراوین بەرامبەر هەموو کەسێكو گشت دیاردەو شتێ" ئێمەی مرۆڤایەتی بۆ رزگاربوون لە هەر ئازارو ئەشکەنجەیەکی ئەم ژیانە دەبێ خاوەن عەشق بین واتا عەشق بەخوا، عەشقێ لەو جۆرە بارە شێواولاسنگەکان دەهێنێتە شیرازەو هاوسەنگی ئالیۆسا لە روناکیەکی پرشاوەییو بەختەوەریدا دەسوتێ هەر ئەو رووناکیەشە کە منداڵانو ویژدانپاکەکانی وڵات لە دەوری دەسوڕێنەوە کەسێکی ئازار چەشتوی وەك ئالیۆشایە، کە ئامادەییی تێدایە کەسانێکی لەو جۆرە لە دەوری بسوڕێتەوە ئالیۆسا قوتابیەکی ریالیسی ئایینی مەسیحە، مەسیح دەزگایەکی پر ئازارو ئەشکەنجەی بۆ سازداوەو ئازاری دەدا بەڵام سەرەرایش ئەو خاوەن ئومێدو هیوایە.

لێرەدا لە بەرامبەر بیری ئایینیو خواپەرستێتی ئالیۆشادا ئیڤان چ رێگەیەك دەگرێتەبەرو چۆن بیر لە دۆزی یەزدان دەکاتەوە؟ ئیڤان رونکردنەوەو راڤەکردنی دۆزە دنیاییەکان لە دیدی خواوەندێتیەوە پەرچ دەدتەوە، پاداشتی مرۆڤ لەو دونیادا چ سوودی بۆ کەسێك هەیە، کە لەم دنیادا ژیانی بە کلۆلی ئازارو سزا بەسەر بردبێ، چ سودێکی هەیە، کە چەوسێنەرانو تاوانباران بسوتێنو ئەم لە پەنجەرەی بەهەشتەوە تەماشایان بکات ئەگەر دۆزەخێك لە ئارادابێ ئایا مانای یەزدان چیە؟! ئەو دەخوازێ هیچ دۆزەخێ لە ئارادا نەبێو گشت جیهان بکاتە براو ئاشتیان بکاتەوە ئیڤان دەڵێ: "- من چۆن دەتوانم لە خوایەکم تێبگەم، کە لە سەروی تێگەیشتنی منەوەیە" ئەم شێوازی بیرکردنەواە، کە لە مێشکی (ئیڤان)یکی بیباوەردا دێنو دەچن دەربڕی واتایەکن، کە ئەو یەزدان رەت ناکاتەوە بەڵکو خۆی لە بەرامبەریدا بەلاواز دەزانێ.

ئیڤان دژی کڵیساو یاساکانێتی دژی خوای ڕەسمیی ئیداریاتو تەشریفتو خێزانییە دژی فەرمانڕەواینە ئیڤان ناخوازێ خوایەك بە زۆر بسەپێنن بەسەریدا، ئەو باوەری بە خوایەك نیە، کە بەهۆی مرۆڤەوە هاتبێتە ڕوو ئەمجۆرە هەتا هەتایی گەیشتووە ئەو لە باوەڕێکدایە، کە بیری یەزدان لە گیانی هەمووان دادەژی، بەڵام لە بەرامبەر ئەو پرسیارەی، کە خوا مرۆڤی دروستکردووە یان بە پێچەوانەوە؟ ناخوازێ وەڵامی بداتەوە چونکە ئیڤان عاشقی عەشقی یەزدانی پشتوی دەخا ئەم ئاراستەش کار بە باوەڕهێنان بە شەیتان کۆتایی دەهێنێت، ئەو خۆی لێدەبێ شەیتان ئەو لەکاتی وڕێنەو تا لێهاتندا وەك وایە شەیتانی بینیبێ شەیتان وا دەناسێ بەڵام نکۆڵی لێدەکا ئەنجام ئیڤان بەهۆی چەند بۆچونو هەڵوێستێکی شەیتانەوە بەڵگەی نەبوونی خوا دەدۆزێتەوە ئیڤان لە بێباوەریی نکۆڵیکردنی خۆی بەرامبەر یەزدان ئاسودە نیە کاتێك شەیتان روبەرووی دەوەستێ وەك جامێك ئاوی ساریان پیادە کردبێ دەردەپەڕێ، چونکە ئەستەمە مرۆڤێك هەست بە پێویستبوونی شتێ لە ناخو ویژدانی خۆیدا بکاتو بەڵام نکۆڵی

لێبکات ئیڤان کەسێکە بەپێی خۆی دەچێتە دۆزەخەوە، ئەو نەخۆشە نەخۆشی یەزدان ئالیۆشا لە دواجاردا دێتو ناوچاوانی ئیڤانی برای ماچ دەکا، ماچیش تەنیا وەڵامێکە، کە مەسیحیەك دەتوانێ بە بێباوەڕێکی بداتەوە چونکە لە بەرامبەر باوەری مەنتیق بەڵگەو سەلماندندا دەتونرێ تەنیا عەشق دەربڕێ باوەر نە بەڕێگەی مەتیق بیان دەکرێ نە بە فێڵو ئیرادەش دروست دەبێت، ئالیۆشا باوەڕی وایە، کە لە ئەنجمدا هەر خوا سەردەکەوێت، ئیڤانیش یان ئەوەتا بەڕووناکایی حەقیقەت ژیانێکی نوێ بە دەستدەهێنێت، یان لەنێو بێباوەڕیو نکوڵیلێکردن دا لەنێو دەچێ، بۆ ئەمەش ئالیۆشا نزای خێری بۆ دەکا.



ئەم رۆمانە مەزنە دەربڕی شێوازێکە لە بیرو فەلسفەی دۆستۆیڤسکی، خوێەر گەر تێرابمێنێ بۆی دەردەکەوێت، کە نووسەر کەمتر گرنگی دەدا بە رواڵەتو جیهانی دەرەوەی کەسایەتییەکانی، واتا کەسایەتیکان نە نان دەخۆن نە ئاو دەخۆنەوە نە پیاسە دەکەن نە دەخەون، ئەو جیهنەی، کە دۆستۆیڤسکی باسی لێوە دەکا جیهانێکی پڕ جەنجاڵو شێواوە، کە هەرکەس دەخوازێ باوەڕ بەۆی بهێنێت، ئەم جۆرە جیهانەش خوزراو یان نەوازراو دادەخرێتە نێو قوڵایی بیرو وێژدانو خوێنەروەو هەڵوێستەیەکی تیادا دەهەژێنێ.

دۆستۆیڤسکی ژیانی خۆی تەرخانکرد بۆ ناسینو راڤەی دەرونو وێژدانی مرۆڤ، بەڵام ئەمەش نابێ بمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی، کەنووسەر کەسێکی دەروننناس بووەو لەو دیدەوە بۆ پەیوەندیو کێشەکانی مرۆڤ روانیویەتی، خۆیشی لە شوێنێدا "ـ هەندێ کەس من بە کەسانێکی دەروننناس ناو دەبەن، بەڵام ئەمە دور لە راستیە، من تەنیا کەسێکی ریالیستم لە بەرزترینو وێژدان دا واتا من قوڵترین حاڵەتی گیانی مرۆڤ پێشان دەدەم"
واتا ئەوەی باری سەرنجی نووسەر رادەکێشێ جیهانی نائاگاییو ناوەوەی مرۆڤە نەك جیهانی وایە، کە لە هەرساتو کاتێك دا بەپێی واقیعی جیهانی ماترسالٌ دەگۆڕێ، ئەو دەیخواست ئەوەی بە بەردەوام وێژدانو نائاگایی ئێمەدا گوزەر دەکا، بیخاتە نێو ئاگاییمانەوە دۆستۆیڤسکی نایەوێ شتێکمان لەنێوان جیهانی واقیعو خەیاڵ دا بۆ وێنا بکا، بەڵکو ئەو زیاتر دەیوست دو جیهانی جیاواز پێکبگەیەنێو ململانێکان پێکەی ئاشت بکاتەوە، تاکو لە سایەید کۆمەڵگایەکی تۆمەو بەتەوەرو تەندروست پایەدار بێ.

جیهانی ئەم کەڵە ناوداڕەی نێو جیهانی ئەدەب جیهانێکی سەرسوڕهێنەرو سەرنجراکێشە، کە خوێنەرنو هۆگرانی دەبێ بەوردییو هەستیاریەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بۆ دواجار دەڵێم ئەو کەسەی بتوانێ لە دەریای فراوانی ئەو بلیمەتەدا پەلوپۆ بهاوێژێ. (فێدۆر میخائیلۆڤیچ دۆستۆڤسکی fador michailowitsd dstoye wski) لە نزیکو دوا سەدەی نۆزەدا چاوەکانی بۆ هەمیشە لێکناو، ماڵئاوایی لە جیهانی ئەدەب کرد.

دەربارەی نازیزمی هایدیگەر



نووسینی: ریچارد رۆرتی

نووسینەکانی هایدیگەر هی هەردوو سەردەمەکەی نووسینەکانی سەرەتاو کۆتاییەکانیان لە باسو خواس لەبارەی جیاوازیی دیاردەی واقیعی. لە نووسینەکانی سەرەتاییدا، ئەم باسو خواسانە چەقی بەستووە بە دەوری پێداگرتنی دەقییانە Dewey، کە باس لە باڵادەستی Welt لە چاو Wriklichkeit، Zuhanden لە چاو Vorhanden، Auslegung لە چاو Aussage دەکا.

بەو جۆرەی، کە من ئەمەوێو بەوجۆرەی، کە مارك ئوکرنت لە کتێبی پراگماتیزمی هایدیگەردا خوێندنەوەی بۆ دەکا، ئەگەرکەسێك پەرەگرافی ٣١تا ٣٣ لە کتێبی (زەمەنو بوون) بخوێنێتەوە، بۆی دەرئەکەوێ، کە هایدیگەر لە تێوریەوە ئامڕازەکانی کارکردن هەڵئەهێنجێ. واتە کەسێکە شتە خوازیارەکان وەك کۆمەڵێ ئامڕاز لێکدەداتەوە، بە مەبەستی مومارەسەکردنی جۆرێك لە پأوژەی مرۆیی. تەنانەت لە نووسینەکانی دوایشیدا، کاتێ، کە هایدیگەر لەوێدا وەکو شێوەیەك لە هیچیزمی نیچەیی (نیهیلیزمی نیچەیی) ئەڕوانێتە پراگماتیزم، دیسانەوە جەخت لەسەر ئەوە ئەکا، کە جیاوازی دیاردەی واقیعی یۆنانی نیشانەیەکە لە شێوەی میتافیزیکی رۆژئاوا

لەبارەی قسەکردن لەسەر (بوون). لە راستیدا هەندێ جار هایدیگەر پراگماتیزمی سەردەمی ئێمە، کە بریتیە لە تێگەیشتنێکی تەکنەلۆژیانەیە لە بارەی بوونەوە بۆ ئەو جیاوازیە ئەگەرێنێتەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا هایدیگەر خوودی خۆی لە وتارەکانیدا بۆ هەمان جیاوازی دیاردەی – واقیعی ئەگەرێتەوە، کە لە تێۆریدا رەتی ئەکاتەوە. بەردەوام لە (بوون‌و زوروان)دا وا باسی خۆی ئەکات کەسێکە کە زیاتر لەوانەی پێشووی خۆی بەدووی هەلومەرجی توانای قوڵتردا گەڕاوە. لە بەرهەمە پاشهاتووەکانیدا بەردەوام پێمان دەڵێ: هەر جۆرە تێگەیشتنێکی هاوچەرخ بۆ هەر حاڵەتێکی مێژووی لە شتێکی رووکەشی زیاتر هیچی‌تر نییە - واتە ناتوانێ بچێتە نیو بوونی تەکنەلۆژیەوە، بە پێچەوانەشەوە کەچی گرنگی بە مەسەلە رووکەشیەکان وەک بابەتی کوشتاری بۆمبی ئەتۆمی ئەدات. لەم نووسینەدا هایدیگەر بە تووندی ئەوە رەت ئەکاتەوە، کە وا خۆی لە قەڵەم بدا کەسێکە زیاد لە پێویستو بەشێکی حەکیمانەیە لە دزاین، بە مەبەستی بەدیهێنانی بەرنامەی جۆراوجۆری دیاریکراو. لەمەش زیاتر حەز دەکا وا خۆی وەسف دەکا کەسێکی بێ بەرنامەو بێ ئیرادەیەو تەنیا گوێیەکی کراوەو شێوازێکە بۆ بانگێشکردنی بوون.

کەسانێکی وەک من کە زیاتر لە گوێکرتنی بانگێشکردنی دەنگی بوون، گرنگی بە پراگماتیزمی هایدیگەری سەرەتایی ئەدەن ، زۆر بەم رووداوە بێ بەرنامەیە رەشبینن. پێدەچێت کە هایدیگەر چەندە زیاتر چووبێتە نێو سااڵوە زیاتر لە پێداگرتن لەسەر دەسەاڵتی کۆتایخوازی بوون و زەمەن دوورکەوتووەتەوە. ئێمە وا لەم شتە ئەگەین کە جۆرێکە لە پاشەکشە. ئەبێ ئەوەمان پێ قبووڵ بێت کە هایدیگەر چەند زیاتر بەتەمەنترو شێتێتی بەزلبوونی تێدا دروست بوبێ، بەاڵم زیاتر بەرەو هزرڤانێکی ئەسااڵترو سەرنجاڕاکێشەرتر گۆڕاوە. بەاڵم پێمان وایە ئەمە نموونە و هەڵەیەکی گەورەو نەزانراوەو لە راستیی پەتی‌و سوودمەندەوە سەرچاوەی گرتووە.لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمەکانی هایدیگەر رێأەوێك نین تا لێیانەوە بوارەکانی گوێگرتنمان لە دەنگی بوون بۆ بأەخسێ . بەڵکو بەرهەمەکانی جانتایەکی پڕ لە کەرەستەن ،جانتایەکە هایدیگەر هەموو ئەو ئامأازانەی تێدا هەڵگرتوون کە لە حاڵەتە جۆراوجۆرەکاندا بۆ بە ئەنجامدانی بەرنامەکەی دایهێناون.

ئەم بەرنامانە جۆراوجۆر بوون و جار جارێکیش لەسەر رێگای یەکتری ئەوەستان . لە نووسینە سەرەتایەکانیا هایدیگەر ئەیویست ئەرستۆ زیندوو بکاتەوەو لە رێگای ئەوەوە شوێن پێی رەخنەی نوێی تۆماسی دیکارت بکەوێ. پاشان ویستی بە وازهێنان لە ئەرستۆ روو بکاتە نیچە. هەندێ جار ئەیویست دزاینی گشتی وەسف بکاو لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا تەنیا ئەیویست دزاینی سەدەی بیستەم وەسف بکاو سەردەمێکیش ئەیویست ببێتە پاڵەوانی نەتەوەیی، بەاڵم لە دواییدا ویستی پیری خەڵوەت نشینی دانا بێ، کە ئەیزانی (تەنیا خوا ئەتوانێ رزگارمان بکا). روانگەکانی لەسەر ئەو بۆچوونە بونیادنرابوون کە ئەو بەردەوام بەدووی یەك ئەستێرەوە بووە، بە بأوای من کارێکی خۆهەڵخەڵەتاندن‌و زمانلووسیەو ئەو جانتایەی لەوەوە بۆمان بەجێماوە پأە لە ئامڕازی جۆراوجۆرو بۆ مەبەستی جۆراوجۆر دروستکراون. کۆمەڵە ئامأازێکن‌و لە ئێستادا تەنیا چەند ئایتمێکی بەسوودە. پێموایە باشترین رێزێك کە ئەتوانین پێشکەش بە دەستکەوتەکانی هایدیگەری بکەین ئەوەیە کە هەستین بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنێ لە بۆ وەرگرتنی ئەو

ئامأازانەی لەوەوە بۆمان بەجێماوە. من بۆ خۆم لە هایدیگەر پراگماتیزمەکەی وەرئەگرم و واز لە نازیزمەکەی ئەهێنم ، تەرحە سەرەکیەکانی هایدیگەر لە بارەی مێژووی میتافیزیکی وەرئەگرمو دووبارە دەست بە نووسینەوەی ئەکەم، کۆتاییە خەماویەکانی هایدیگەر دووبارە ئەنووسمەوە، تێما هەڵبژاردەکانی وەك بابەتی وێنە خەیاڵیو زاراوەکانی وەرگێرێو بۆچوونەکانی لە بارەی مێژووی جیهانەوە پشت گوێ بخرێن.

هایدیگەر ئەم شێوازی دەست بەسەراگرتنە توأمیی ئەکرد. کەچی سەرسەختترین رەخنەگرەکانی ئەم شێوازەیان بەکار ئەهێنا، ئەوان پێیان وایە کە نازیزمی هایدیگەر تەنیا لایەنێکی بیری ئەوو یەکێك لە بەرنامە جیاوازەکانی نەبووە، بەڵکو سەرەدەزووی دیاریکردنی رێبازی رەخنەگرتنە لە بیرووأای ئەو.دڵنیان لەوەی کە بیری ئەو بە هەمان ئەندازە کە خۆی بأوای پێیەتی بیرێکی تاقانەیە. بأوایان وایە واقعێکی ناوکۆیی لە ژێر دیاردە جۆراوجۆرەکاندا ئامادەیە، ئەویش ئەوەیە کە بە راستی ئەو بەدووی ئەستێرەیەکدا ئەگەأا، ئەو ئەستێرەیەش ئەستێرەیەکی رەشو شەیتانی بوو.



بە بڕوای ئەم رەخنەگرانە، هایدیگەر تەنیا کۆمەڵێك بەرنامە نییە، بأێکیان خراپو ئەو بڕەی دیشی باش بێ، لەبەرئەوەی ئەوان هەمان ئەو هەڵوێستە جەوهەریەیان دەربارەی هایدیگەر هەیە، کە هایدیگەر خۆی بەرامبەر بە سەدەی بیستەم هەیبوو. هایدیگەر دەیویست هەرچی شتە لە سەدەی ئێمەدا زیاتر لە شێوەی دیاردەخوازی پەتیدا ببینێ سەرەرای تەکنەلۆژیزمێیەکەی. ئەو رەخنەگرانەی من مەبەستمن ئەیانەوێ بەچاوێکی کەم بڕوانن هەموو شتەکانی هایدیگەرتەنیا هایدیگەری دژبەیەکسانیو ستایشکردنی پرنسیبی رەهبەری (فیوریرپرنسیب) نەبێ. ئێمەی پراگتیزمەکان بە پێچەوانەوە، سەدەی بیستەم وەك تێکەڵەیەك لە هەوألی باشو خراپ دەبینین، کارەکانی هایدیگەریش جانتایەکە هەندێ شتی شکۆمەندی تێدایە، کە لە تەنیش کۆمەڵێ شأکەو پأکەی کۆن دانراون.

بە پێی بۆچوونی گروپەکەی ئێمە. واتە پراگتیزمەکان)، ئەوانەی، کە ئەیانەوێ لە نێو ئامرازی نێو جانتاکەی هایدیگەردا بەردەوامی بەهەڵبژاردن بدەن، ئەو قسەیە بریتیە لە یەکێ لە گاڵتەجاریە فراوانەکانی مێژوو، کە دەڵێ: ئەو کەسەی ئەم ئامرازانەی کێشاوە کەسێك بووە سەرەتا نازیو پاشان ریاکارێکی ترسنۆك. خۆزگە راستیەکەش بەجۆرێکی دیکە ئەبوو. هەمان ئەو ئارەزووەشمان هەیە بۆ ئەو بیرکەرەوانەی دیکەش کە خۆشمان ئەوێن. کاشکێ کارناپ بە قسەی سیدنی هۆکی نەدەکردو نەدەبوو بە گەمەی دەستی ستالین و بەرپرسیاری کۆنفراسی ئاشتی ١٩٤٨ والدرۆڤی رەت ئەکردەوە. خۆزگە سارتەر تا ١٩٥٦ چاوەأوانی نەدەکرد تا لە خەتی چەپی پارتەکەی بێتە دەرێ.خۆزگە بیتس و شۆ پێش ئەوەی شەیدای مۆسۆلینی بن پەیان بەوە

ببردایە کە چی بەسەر زیندانیە سیاسیەکانی ئەو زاتە دێ. خۆزگە چەپی نوێی دەیەکانی ١٩٦٠ پێش ئەوەی شەیدای کاسترۆو ماو بن بۆیان دەرئەکەوت کە لەوێدا چی بەسەر زیندانیە سیاسیەکان دێت. بەڵام ئێمە تا ئەندازەیەکی زۆر، جیاوازییەك دائەنێین لە نێوان داهێنانە سیاسیەکانی ئەم کەسە پأ پەرۆش و کرچ وکاڵانە لە میراتیە فیکریەکانیان جیائەکەینەوە.

ئەم جیاکردنەوەیە جێگای قبووڵ نیە. بە پێی بۆچوونی ئەو رەخنەگرانەی، کە ئەیانەوێ هایدیگەر بە پشتگوێخراوی بمێنێتەوە، ئەوان وتارە دانشگاییەکانی بە دزەنیگایەك دائەنێن دەربارەی هایدیگەری واقیعیو هایدیگەری بنەچەیی ، بەڵام بأوام بەوە نییە شتێ هەبێ پێی بووترێ هایدیگەری بنەچەیی. لەوبأوایەدام ئەم رەخنەگرانە تەنیا لەم شتانەی خوارەوە، کە ئەیڵێم لەسەر هەقن: هایدیگەر لەسەرتاسەری ژیانیدا دژ بە یەکسانخوازی بووە، هیچ کاتێکیش گوێی نەداوەتە پرۆژەی لیبرالی بۆ زیادکرنی هەندێ لە خۆشیەکانی مرۆڤ. ئەگەر هاتبا هایدیگەر بەرامبەر بە رەشەکوژی جوولەکە شتێکی گوتبایە، ئەوا زەحمەت بوو لای خوێنەرانی دژ بە یەکسانیخوازیەکەی ئەوەندە ببوایە بە جێگای سەرنج، یان ئاشکراکردنێ بێ بەرەوە ناسینەوەی هایدیگەری واقیعی، هایدیگەری راستیو بنەچەیی. هەر ئەم بۆچوونەشە وا دەکا، کە هایدیگەر لە سارتەرو کارناپ جیابکرێتەوە. کارناپو سارتەر لە دوورەوە داوەریان لە رووداوە سیاسیەکانی روسیاو ئەوروپای مەرکەزی ئەکرد. بەڵام هایدیگەر بەچاوی خۆی دەیبینی، کە هاوکارە یەهودیەکانی لەکار دەردەکرێنو پاشانیش ئەیبینی تووشی چ چارەنووسێ دەبن، گەر هاتبایە هایدیگەر بیری لەو مەسەلەیە بکردایە، بە زەحمەت ئەیتوانی تەحەمووڵی بکات. ئەم بۆچوونە هەمان ئەو شتەیە کە وا لە هایدیگەر ئەکات لە کاروانی ئەو کەسانە جیابکرێتەوە کە وەك ئەو دژ بە یەکسانخوازی بوون. زۆر لە نووسەرە دەست رەنگینەکانی سەدەی بیستەم بأوایان بە دیموکراسی نەبوو، بەڵام ئەو تاکە کەسێك بوو بۆچوونی نواند بەرامبەر بە تاوانی هۆلۆکۆست. پێموایە هابرماس و دریدا لەسەر حەقن ، کاتی کە ئەڵێن هەر یەك لە ئێمە ئەگەر لە جێگای هایدیگەر ئەبوو، رەنگە هەمان ئەو بۆچوون و وبیرەی لا دروست بوایە ، ئەو بۆچوون و بیرەی کە ساڵی ١٩٣٣ تەنیا ئومێدی ئەڵمان هیتلەرە. راستیان ووتووە کە بۆچوونگی پاش جەنگ لێ نەبووردنە. رازیم بەوەی کە ئەم بۆچوونگیە لێنەبووردنە، بەڵام ناتوانم ئەم بۆچوونگیە لە ناوەأوکی کتێبەکانی هایدیگەردا هەڵهێنجم .یان تەنانەت ئەو بۆچوونگیە بە ناونیشانێك بزانم بۆ ئەوەی گومانم دەربارەی ئەو کتێبانە لا دروست بێت. ئەمەش ئەو هۆیەیە کە وام لێ ئەکات کارەکتەری ئاکاری مرۆڤ – هەستیاریەکەی دەربارەی ئازادی کەسانی دیکە – بە ئەنجامێ بزانم بۆ رووداوە لە پأەکانی ژیانی ئەو کەسە . ئەم هەستیاریە رەنگە زۆر جار لە پرۆژەی داهێناندا بگۆڕێ بۆ سەربەخۆیی کە تاك لە کارەکانیا خستوویەتیە سەر شانی خۆی.

ئەتوانم ئامانجەکانم لە بابەتیی رووداوە لەپڕەکانو گۆڕانی سەربەخۆ لە رێگای وێنەکێشانی دنیایەکی فەرزکراوی کەم تا زۆر جیاواز بخەمە روو. ئەو دنیاییەی لە میانەیدا هایدیگەر بۆ فەتوای بەرگریکردن دژ بە هیتلەر، پەیوەندی بە دۆستی دژبەیەکسانخوازی خۆی تۆماس مانەوە دەکا. بۆ ئەوەی تێبینی بکەین، کە چۆن ئەکرێ دنیایەکی مومکین بێتەدی. تەسەورکەن هایدیگەر لە هاوینی ١٩٣٠ لەپأ خۆی لە قوڵایی عەشقدا ئەبینی

لەگەڵ کچە قوتابی فەلسەفەو شۆخو شەنگی پتەو (سارا ماندلباوم). سارا کچێکە بە ئاین جووە، بەڵام هایدیگەر بە هیچ شێوەیەك گوێ بەم لایەنە نادات، شەهوەتێکەو تووشی سەرگێژی کردووە.هایدیگەر پاش جیابوونەوە ئازاراویەکەی لەگەڵ ئەلفریدا رووداوێ بوو باجەکەی لەدەستدانی دۆستایەتیەکەی بوو لەگەڵ هەندێ لە هاوأیانی لەوانەش خێزانی هۆسرل - لە ١٩٣٢ بووە هاوسەری ساراو ئەو دووانەش ساڵی ١٩٣٣ بوون بە باوکو دایکی کوأێك بە نێوی ئابراهام.



هایدیگەر بە گاڵتەجاأیەوە ئەڵێ سارا ئەتوانێ پێی وا بێت کە ناوی ئابراهام ناوێکە سەر بە زنجیرە ناوی جووەکانە، بەڵام ئەو (هایدیگەر) پێی وایە ئەم ناوە لە ئابراهام سانتاکلارایی کوأی مەسکیرشەوە وەرگیراوە. سارا لە نێو قەفەسی کتێبخانەکاندا دەست بە پشکنین ئەکات بەدووی نووسینەکانی ئابراهام سانتاکلاریی لە بارەی جوەوە، ئەم گاڵتە بچووکەی هایدیگەر هۆکاری دامەزراندنی یەکەمین ناکۆکی جیدی ئەبێت لە نێوان ئەم ژن و پیاوە. بەڵام هایدیگەر لە ئاخروئۆخری ١٩٣٣ چیتر ئەو جۆرە گاڵتانە ناکات. هەرچی سارایە سەرنجی هایدیگەر بۆ پاکتاوسازی جوولەکە رائەکێشێت، لەوانەش سەرنجی بۆ لە کار لادانیی باوەژنەکەی رائەکێشێت. لە رۆژنامەکانی دانیشگادا هایدیگەر هەندێ شت دەربارەی خۆی ئەخوێنێتەوە، سەرنجی هایدیگەر بۆ ئەو خاڵە ئەچێت ، کە ئەشێ رۆژەکانی خۆشگوزەرانیان کۆتایی هاتبێت. هێدی هێدی بەو ئەنجامە دەگا، کە عیشقی سارا بە نرخێکی گەورەو بە ئیعتباری ئەو کۆتایی دێو رەنگە زوو یا درەنگ ئەو خۆشەویستیە نرخەکەی لەدەستدانی کارەکەشی بێ. بەڵام تا ئەم ساتە سارای خۆش ئەوێو سەرەنجام لەبەر ئەو (فرایبۆرگ)ی لە دڵشیرینی بەجێدێڵێ. ساڵی ١٩٣٥ لە بۆرن وانە ئەڵێتەوە، بەڵام تەنیا بە ناونیشانی مامۆستای میوان، سویسرا ئەو کاتە هەموو کورسیەکانی فەلسەفی خۆی ئەبەخشی بە مامۆستا هاتووەکان. لەپڕ لە دەزگای خوێندنی باڵاەوە لە پرینستۆن پەیامێ دەگا. هایدیگەر لەوێدا دوو ساڵی خۆی بەسەر برد، بە زەحمەت ئینگلیزی فێربوو، جارێکی تریش دڵی بۆ ئەو هۆڵە پڕانە هەڵفڕی کە پڕ بوون لە قوتابیە بە پەرۆشەکان ئەوانەی هەموو جەستەیان گوێ بوو. ساڵی ١٩٣٧ کاتێ کە کۆمەڵێ لە هاوڕیانی تاراوگەی کارێکی هەمیشەییان لە دانیشگای شیکاغۆ بۆ ئەو رێکخست، بۆ ئەو فرسەتێك هاتە پێشێ.

لە شیکاغۆ چاوی بە ئالیزابێت مان بۆرخیس کەوت، ئەویش هایدیگەری بە باوکی ناسان. هایدیگەر بڕیاریدا بەسەر یەکەمین رەشبینی خۆیدا سەرکەوێ بەرامبەر بە خۆشەویستیە دەوڵەمەندە هانزیەکەی ، مانیش بأیاریدا

سەرکەوێ بەسەر یەکەمین رەشبینی خۆی بەرامبەر کوأی لادێیی جەنگەڵی رەش. ئەوان بۆیان دەرئەکەوێ، کە لەگەڵ ئادۆرنۆو هۆرکهایمەر .لەسەر ئەو بۆچوونە یەك ران، کە ئەمریکا سەڵماندی دژ بە ئومێدەکانی سەردەمی رۆشنگەریەو سەرزەمینێکی بێ کولتوورە. بەڵام پێاهەڵنەدان بەسەر ئەمریکا ئەوەناگەیەنێ، کە ئەوان تەماشاس هیتلەرنەکەن وەك کەسێك ئەڵمانیای نابوود کردوەو خەریکە ئەوروپاش نابوود دەکا. راگەیاندنە پر حەماسیەکانی هایدیگەر دژ بە نازیزم وای لێدەکرد کە خۆشحاڵ بێت ، پێویستی بەوە بوو حاڵەتی قارەمانی بنوێنێ بۆ ئەوەی لایەنی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشێت. ئەو پێویستیەی کە لە هەلومەرجی دیکەدا ئەبوایە گونجاوبێت لەگەڵ ووتاری سەرۆکایەتی دانیشگا.

لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم هاوسەرێتی هایدیگەر گەیشتە بنبەست. سارای هایدیگەر سوسیال دیموکراتیکی تۆخو عاشقی ئەمریکاو زایوێنیزمێکی تووندأەو بوو. ساراش بەو ئەنجامە گەیشت کە هایدیگەر کابرایەکی مەزنە بەڵام دڵێکی ساردو رەقی هەیە، دڵێك تەنیا جارێ بە رووی ئەودا کراوەتەوە. بەڵام بەرامبەر بە ئومێدە کۆمەڵایەتیەکانی بە کڵۆمدراوی ماوەتەوە. ئەو بەم ئەنجامە گەیشت، کە ئەو ئەتوانێ ئەم خۆپەرستە وابژمێرێ، کە فەیلەسوفێکە ئەهلی جەدەلو دژ بە نازیزمە. ساڵی ١٩٤٧ جیابوونەوەی سارا لەگەڵ (هایدیگەر)دا رووبدا، سارا ئەبراهامی ١٢ ساڵەی بردو رووبان کردە فەلەستین. لەوێ لە جەنگی ناوخۆییدا بریندار بوو. سەرەنجام، پاش راگەیاندنی سەربەخۆیی ئیسرائیل، لە دانیشگای تەل ئەڤیڤ بوو بە مامۆستای فەلسەفە.

هایدیگەر سەرکەوتوانە گەرایەوە فرایبۆرگ. لەوێدا لە رێگای هاوڕێی دێرینەی گادامەر کاری چنگ کەوت، هەرچەند بە تووندی لە هەڵوێستی گادامەر بێزار بوو، بێزار بوو لە دژایەتی نەکردنی گادامەر بەرامبەر بە دەسەڵاتی نازیەکان لە دەست خستنە نێو کاروباری دانیشگاکانی ئەڵمانیەوە. سەرەنجام هایدیگەر بۆ سێیەمین جار ژنی هێنا، بوو بە هاوسەری ئافرەتێ، کە لە جەنگدا مێردەکەی لە دەست دابوو، ئەو ژنە ئالفریدەی بە بیری هەموو دۆستە دێرینەکانی ئەهێنایەوە. ساڵی ١٩٧٦ کاتێ کۆچی دوایی کرد ژنەکەی (نیشانەی ئازادی سەرەك کۆمار)و نیشانەی دەستەبالایی و نیشانەی ئالتوونی (خەڵاتی نۆبڵی) لەسەر تابووتەکەی دانا. دوایین خەڵات ساڵێك پێش بڵاوکردنەوەی شیوەنێکی کورتو خەماوی بۆ لاواندنەوەی ئەبراهام پێی بەخشرابوو، ئەو ئەبراهامەی، کە لە بەرزاییەکانی جۆلان گیانی لەدەست دابوو.

لەم دنیا مومکینە هایدیگەر چ جۆرە کتێبێکی ئەنووسی؟ رەنگە بە واقیعیش هەر ئەو کتێبانەبن، کە لە دنیای واقیعیدا نووسیویەتی. ئەڵبەتە لەم دنیایە، (پێشەکیەك دەربارەی میتافیزیك) لەو نووسینانەن کە شوناسنامەی قێوەزنناميزی لەخۆ گۆتووە، دەربارەی بزوتنەوەی سوسیالیستی نەتەوەیی (نازیزم)و

کەلەرەقی نیهلیزمی (هیچێتی) تەکنەلۆژیای مۆدێرن. هەروەها ئاماژەش بەوەی کە هیتلەر ئەڵمانیای بەرەو میتافیزیکی ئاستی روسیو ئەمریکیدا بردوە. سیمینارەکانی پەیوەست بە نیتشە هەمان ئەو سیمینارانەن کە لە جیهانی ئێمەدا بەرپا کراون.

تەنیا لادانێ بەرەو قینلێبوونەوەی نیچە لە دژە جولەکەدا. لادانێکە لێکچواندنێکی گەلێ زۆری لەگەڵ وێنەی دژە جوولەکەی بەرهەمەکانی هاوسەردەمی سارتەردا هەیە. بەڵام سارتەر خۆی ئەم دژایەتیەی تێدا نیە. لەم دنیایەدا هایدیگەر زیاتر ئەو پەیامە راڤەخوازانەی ئەنووسی. بەڵام رەخنەو لێکۆڵینەوەکانی دەربارەی سۆرۆو جیفەرسن بریتی بوون لە خستنە رووی بەهاو نرخی کارەکانی ئەوان، ئەمانەش زیاتر بۆ ووتارەکانی دانیشگای هاروارد فیرجینای ئامادەکردبوون. ئەم دوو پەیامە بە تەواوی ئاشنایی هایدیگەر نیشان ئەدەن بەرامبەر بە ژیانی جوتیاریو رەشبینی ئەو بەرامبەر بە پرۆلیتاریای شار.

بە کورتی، کتێبەکانی ئەو لەم دنیایەدا کۆمەڵێ بەڵگەن لەسەر هەمان ئەو هەوڵانەی کە لە دنیای واقعیدا بەردەوامن، هەوڵدان بۆ هاتنە دەرەوە لە نێو تەقلیدی فەلسەفیو وتنی گۆرانیەکی نوێ. ئەم هەوڵدانە، ئەم گەڕانو پشکنینە ناوکی بنەڕەتی ژیانی هایدیگەر بوون. ئەم بوونەوەرە نەیئەتوانی ئەوەندە کاریگەری هەبێ چ بەسەر عەشقی کەسایەتی کەسەکان، یان بەسەر رووداوە سیاسیەکانی سەردەمی خۆی.

لە دنیای ئێمەدا پاش جەنگ هایدیگەر ورتەی لە دەم نەهاتە دەر. لەو جیهانە وێنەکێشراوەی کە ئێمە وێنەی ئەکێشین ، هایدیگەر بەهای خۆی وەك دژە نازیەك بەکارئەهێێنت، تاوەکو مافی سیاسی ئەڵمان بە أیزەوە بناسرێت.بە شان و بازووی فرانتس یۆزیف شتراوس هەڵدەدا، ئەو کەسەی بە شێوەیەکی بەردەوام و ستایشگەرانە لە توتناوبرگدا ئەیبینی.

لە کۆبوونەوە سیاسیەکاندا هایدیگەریان لەگەڵ شتراوسدا ئەبینی. سۆسیال دیموکراتیکی وەك هابرماس ئەفسوسی ئەخوارد، کە هایدیگەر لە سیاسەتی پاش جەنگی ئەڵمان هەمیشە کەوتووتە لایەنی نادروستەوە.

لە دنیای واقیعیماندا هایدیگەر نازی بوو، ریاکارێکی ترسنۆکو گەورەترین هزرڤانی سەردەمەی ئێمە. لەو جیهانە وێنەکێشراوەی کە من وێنەم کێشاوە، تا ئەندازەیەکی زۆر هایدیگەر ئەوەبوو، کە بوو. بەڵام جار جار گرنگی بە ئازاری جووەکان ئەدا، تا لە دواییدا بۆی دەرکەوت، کە چ باسە، تا ئەو ساتەی کە هەستی پەشیمانیو شەرمی ئەو لەخەو راچڵەکی. لەو جیهانەدا شانسێکی باشی هەبوو کە نەتوانێ کەسێکی نازی بێو فرسەتێکی هەندێ جار بە دزیەوە ئەم بەدگومانیەیان دەدرکان کە هایدیگەر لە بارودۆخێکی تۆزێ جیاواز نازیەکی زۆر جیاوازی لێ دەرئەچوو. بەڵام ئەوان هیچ کاتێك ئامادەنەبوون بە ئاشکرا ئەم جۆرە وتنانە دەربارەی گەورەترین هزرڤانی ئەم سەردەمەی ئێمە بڵێن.

کەمیشی هەبوو بۆ ئەوەی کەسێکی ترسنۆک و ریاکاربێ. رووی لە دنیای واقیعی ئێمە وەرگەڕاندو سەرەنجام رووی کردە ئینکارکردنی شێتانە. هەر ئەم کارەش بوو بە هۆی لەدایکبوونی بیرەنگی لێنەبوردانە. بەڵام ئەو ئینکارکردن و ئەو بیرەنگیەش نەشتێکمان دەربارەی ئەو کتێبانە پێ ئەڵێن، کە ئەو نووسیویەتی نە شتێکیشمان پێ ناڵێن. یان بەووتەیەکی تر لە هەردوو دنیاکەدا تەنیا حەڵقەی پەیوەندی نێوان سیاسەتی هایدیگەر و کتێبەکانی، ئیهانەتکردنی دیموکراسیە، بۆ نموونە لەم بۆچوونەدا لەگەڵ (ئەلیوت و چیسترت و تیت و کلۆدڵ)دا یەکڕایە_ هەر بەو جۆرەی، کە ئۆدن پێشبینی کردووە، ئەمانە کەسانێکن ئێمە بەهۆی بەرهەمە چاکەکانیانەوە سەردەمێکی دورودرێژە بەخشیومانن. بە هەمان سادەیی ئەتوانین لە بۆچوونی هایدیگەر دەربارەی دیمەکراسی خۆشبین، گەر هەموو رووداوەکە هەرئەمە بێ. بەڵام ئەوەی لەدنیای ساردا هەبوو کە هایدیگەر بەدبەختانە ئەبوایە لە نێویدا بژیایە رووداوەکە هەر هەمووی ئەمە نەبوو.

بەکورتی: دڵنیام لەوەی کە ئەتوانین لە یەکەمین دژە بەهاخوازی پراگماتیزیمی هایدیگەردا، هۆیەک بۆ دەست هەڵگرتن بدۆزینەوە بە مەبەستی بینینی هایدیگەرو کتێبەکانی لە یەک روانگەوەو رەنگە تەنانەت بە مەبەستی هەوڵی بینیین ئەم کتێبانە وەکو قۆناغێ لە قۆناغەکانی شێوازی Denkweg. ئەگەر دژە بەهاخوازی بە شێوەیەکی جیدیتر نیشان بدەین، راستتر لەوەی، کە خودی هایدیگەر نیشانیداوە. ئەو کاتە نەمانئەتوانی بەو شێوەیە هایدیگەر بیخەینە روو ، بەو جۆرەی کە خۆی شاعیرو هزرڤانانە سەرنجراکێشەرەکانی بۆ خستووینەتە روو. بەڵام ئێمە لە بەسەرهاتی مێژووی جیهاندا جێگایەک بۆ شاعیرو هزرڤانان دیاری ناکەین. ئەوانو کتێبەکانیشیان وەکو دەرئەنجامی فاکتەری رووداوەکان ئەبینین. بەوجۆرە هایدیگەر ئەبینین کەسێکی فرەگێژو بریندارو هەندێ جاریش بێ چارەیە، کەسێکە زۆر لە ئێمە ئەچێ. هیچ نەبێ بەو جۆرەی، کە هایدیگەر ئەیویست بەو جۆرە بەرهەمەکانی ئەخوێنینەوە، وەک کۆمەڵە بۆنەیەک بەرهەمەکانی دەخوێنینەوە، بە مەبەستی سوودوەرگرتنو زیادەکردنی نوێو مانەوەی رەگەزمان. دەست لە گەڕان بە دووی قووڵاییدا هەڵدەگرینو هەوڵی پەرستنی قارەمانانو راوکردنی تاوانبارانان نادەین. بە پێچەوانەوە، بە دووی کۆمەڵێ ئامرازی بە سوودا ئەگەڕێینو لە هەر کوێیەک توانیمان ئەو ئامڕازانە بدۆزینەوە هەڵیاندەگرین.

نموونەیەکی دیکە
لە بایەخدانی مامۆستایانو رۆشنبیرانی کورد بە شیعری (مەلای جزیری)

ئامادەکردنی: محەمەد عەلی قەرەداغی

پێشتر لە وتارگەلێدا باسی بایەخدانی مامۆستایانمانم بە دیوانی (مەلای جزیری)ی نووسی وادیار ئەم بایەخپێدانە گەڵالەوەی زانیومانە زیاترەو دوور نییە ئەگەر بەشێکی ئەو هەوڵانە بزانرێ بگەینە ئەوەی بڵێین "ـ مامۆستایانمان ئەو بایەخەیان بە دیوانی مەلای حزیریی داوە، کە شیاویەتی بەڵام بە داخەوە تا ئێستا وەك دەردەکەوێ گەلێك لەو هەوڵانە نادیاریی‌و پێچکەوتوون ئەگەر هەر بۆ یەکجاریی سەریان تێدا نەچووبێ."

ئەم جارەیش دەگەڕێمەوە بۆ لای ئەم بایەخپێدانە لەڕێگەی مامۆستایەکەوە تا ئێستا من بزانم بە هەوڵو کۆششی لەم روەوە نەبراوەو ئەوەی، کە سەرچاوەکان ئاماژەیان بۆ کردوە ئەوەیە کە ئەم مامۆستا جگە لەوەی زانایەکی پایەبەرزی چەری خۆی بوە شاعیریش بوەو چەند تاکێکیان لە شیعری عەرەبی تۆمارکردووە.

دەتونین بڵێین "ـ خۆشبەختانە ئەم مامۆستامان یەکێکە لەو مامۆستا کوردانەی، کە لە شارە گەورەکاندا ژیاوەو مامۆستایان لە زانیاریو بلیمەتی بەهرەمەند بوون‌و پاش کۆچی دوایی ستایشی زۆریان کردووەو بە تواناو پلەی زانیارییاندا هەڵداوە".

بەڵام بە داخەوە سەرجەم دەڵێن "ـ دانراوی نەبوەو دەنووسن" تەنها شوێنەوارێ، کە لێی بەجێماوە دیوانێکی شیعری عەرەبییە بەناوی (دیوان وصاف الکامل الاوصاف)، کە کۆی کردووەتەوەو شیعری گەڵێ کەسی تێدایەو لەوانەیە بەشێکیشی شیعری خۆی بێ. ئێتر باسی لە بەرهەمو دانراوی نەکراوەو دیارە ئەمیش بە تایبەتی، کە خێزان‌و منداڵیی نەبوە دوای خۆی خەمخۆری نەبووەو کتێبخانەو پاشماوەو شوێنەوارەکانی تێدا چوون، بەڵگەیش ئەم باس‌و بەرهەمەیەتی، کە لێرەدا بۆ یەکەم جار لە دەرگای دەدرێ.

ئە باسە جگە لەوەی بایەخدانی گەورەی میران‌و مامۆستان‌و زانایانی کورد بە دیوان‌و شعیری مەلای جزیری دەردەخا، ئاسۆی ئەوەیش دەکاتەوە، کە بکەوینە پرسیار لەسەر بەرهەمی ئەم مامۆستاو بیرما بۆ ئەوەیش بچێ بەرهەمی کوردیشی بووبێ‌و هیوابڕوایش نەبین لەوەی لەملاو لەولاوە سەرو سۆراغی شتی بکرێت، ئێستە جارێ بەو هیواوە شتێکی کورت بەسەر ژیانی مامۆسا بەکوردیی دەنووسین‌و دوای ئەوە دەقی دێباجەو پێشەکی شەرمی قەیدەکەی مەلای حزیری، کە

مامۆستامان بە فارسی شەرمی کردووە دەخەینە روو.

وەك گوتم ئەم مامۆستامان بە زمانی عەرەبی گەلێگی لەسەر نووسەران و لە فرە سەرچاوەدا کەم تا زۆر ئاماژە بۆ ژیان و ریزو پلەو پایەی زانیاریی کراوە بەڵام مامۆستا سەعید دەیوەچی کاری راستبێو خۆداپاداشتی چاکی بداتەوە پوختەی ئەو زانیارینەو زانیاریگەلێکی دیکەیش، کە خۆی کۆی کردوونەتەوە کردوە بە باسێکی تێرو تەسەل و لە گۆڤاری کۆری زانیاری کوردی ژمارە (٣-٢)دا بە ناونیشانی (الشی جرجیس الاربی) بڵاویکردوەتەوە ئەم باسە تەسەلترین نووسراوە دەربارەی ئەم مامۆستاو ژیانی نووسرابێ، کە ئەمە پوختەیەتی بە کوردی.

شاری موسڵ لە سەدەی دوانزەی کۆچیدا یەکێ لەو شارە گەورانە بووە، کە بایەخی زۆری تێدا بە زانیاری دراوەو، خێزۆمەندان مەدرەسەو مزگەوتیان تێدا دروستکردووو زاناو مامۆستای باشیان لە شوێنانی دیکەوە بۆ هێناو، کە دەرسیان تێدا بڵێنەوە، یەکێ لە مامۆستایانی ناوداری ئەو چەرخە مامۆستاو مەلا جەرجیسی کوڕی محەمەدی ئەربیلی رەشادیی بووە، کە بۆ ئەم کارە هەڵبژێراوەو هێنراوە بۆ ئەربیل.

ئەم مامۆستا لای مامۆستا مەلا عەبدوڵڵای ئەیەممی بەناوبانگ بە ئەسکەندەریی و لای مامۆستا مەلا فەتجوڵڵای کوڕی مەلا ئیبراهیمی حەیدەریی و مەلا ئیسماعیلی حەیدەریی و دواتریش لای مامۆستا ئیغەتوڵڵای حەیدەریی خوێندنی تەواو کردووەو هەر لەلای ئەویش ئیجازەی زانیارییەکانی وەرگرتووە.

مەمۆستا مەلا جەرجیس مامۆستایەکی خوداناسی راست و دنی نەویست و خۆ بۆ ئاین و خزمەتی زانیاری تەرانکردوو بوە، بۆ ئەمە مەبەستەیش گەڵاگەراوەو حەجی مالّی خودای کردووەو دوایی هاتوەتەوە ئەربیل و لەوێ سەرگەرمی دەرسوتنەوەو زنیاریی بڵاوکردنەوە بوە ساڵی ١١٨٠ چوەتە موسڵ و ماوەیەك لەوێ دەرسی گوتوەتەوەو مامۆستای پێگەیاندووە.

دوایی گەراوەتەوە بۆ ئەربیل و پاش ماوەیەك لەوێوە رووێکردوەتەوە بەغداو لەوێ رێبازی نەقشبەندی وەرگرتووەو گەراوەتەوە بۆ ئەربیل و دوایی منیش م،ع،ق دەڵێم "ـ ساڵی ١١٨٥ چووە بۆ عیمادییەو وەك لەمەولا دەیخوێنێتەوە گەڵاجێگە گەراوەئەم دونراوەیش، کە باسی دەکەین لەو سەفەرەیدا داناوە چوە بۆ عەقرەو خەڵکی ئەوی تەریقەتو زانیارییان لێوەرگرتووە".

کە لە ساڵی ١١٨٦دا شێ موسای حەددادیی زانای بەناوبانگی شاری موێڵ بە چاوەقووڵە کۆچی دوایی دەکات، سولیمان پاشی جەلیلی ویستوویەتی شوێنەکەی پربکاتەوەو بۆ ئەم مەبەستەیش لە مامۆستاو مەلا جەرجیس باشتری دەستنەکەوتوە، بۆیە ناردوویەتی بە شوێنیداو لە عەقرەوە هێناویە بۆ موێڵو شوێنی مامۆستاو کۆچکردووی پێ پرکردوەتەوەو مامۆستامان بوە بە جێگەی سوودو مایەی پێگەیاندنی مامۆستایان و، کە لە ساڵی ١٢٠٣دا محەمەد ئەمینی خەتیبی عومەری پێگەیشتووی بەردەستی مامۆستا مەلا جەرجیس خۆی کۆچی دوایی کردووە، دەرسوتنەوەی شوێنەکەی

ئەویش لە مەدرەسەی (محەمەد پاشای جەلیل)دا بەم سپێردراوەو بەم جۆر زۆری کاتی بە دەرسوتنەوەوە بەسەر بردووەو زانایانی پێگەیاندووە، هەر بۆیەشە زنجیری ئیجازەی زۆربی زانایانی موێڵو ئەو دەوروبەر دەگەڕێتەوە سەر مامۆستا مەلا جەرجیسو لەوێشەوە بۆ زنجیرەی زێڕینی مامۆستایانی حەیدەریی.

مامۆستا (مەلا جەرجیس) وەك گوتمان دنیانەویست بووەو خۆی بۆ زمەتی ئایینو زانیاریی تەران کردوەو تەنانەت لەبەر ئەمەوێ بە دنیاوە نەبەستووەو ژنی نەهێناوەو خێزانی پێکەوە نەناوەو بەو خزمەتەی کردوویەتی جگە لە پاداشتی لای خود هیچی نەویستوەو لەبەر ئەمەیش رێبازی ێۆفیگەریی راستو بێگەردی بۆ پێگەیاندنی خۆیو خەڵك هەڵبژاردووەو رێبازی قادریی لە شێ ئیسماعیلی کوری شێخ محەمەدی بەرزنجی وەرگرتووەو رییازی نەقشبەندیشی لە شێخ ئەحمەد ئەویش لە شێخ ئەحمەدی خانیی وەرگرتوە.

ئەو ئەندازەکەمەیش، کە لە شیعری عەرەبی ئەم مامۆستا بەجێماوە بەڵگەی تەر دەستیو شیعر سواریيو زمانپاراوییەتیو لە تەك ئەوەیشدا لە گوتنو دەرهێنانی مێژوودا بە حسابی ئەبجەد دەستێی باڵای هەبوەو بەرستگەلی ناسك مێژووی جوانی دەرهێناوە. ئەم مامۆستا بەرێزە تەمەنێکی پیرۆزی لەسەر ئەم رێبازە رێبازی زمەتی ئایینو پێگەیاندنی زانایان بەسەر برد تەنانەت لە دوا دوایی ژیانیدا چاوی کز بوو بوو بینایی لە دەست دابوو بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هەر لەسەر رێبازی ۆی دەرۆیشتو لەبەر دەرزی دەگوتەوە تا لە ناکاو لە رۆژێ لە رۆژەکانی ساڵی ١٢٠٦دا، کە لە ماڵی سولەیمان پاشای جەلیلیدا بوو گیانی پاکی بە خودای پەروەردگار سپاردووە.

باسێکی دەستخەتەکە.

ئەم دەستەتە، کە لە (دار الغدام للمخطوطات)دا بە ژمارە ٤٣٨٥٦ پارێزراوە تێکرا ٢٥٨ لاپەرەیە.

سەرەتاکەی بە شەرمی قەسیدەی مەلای جەزیریی دەستپێدەکا، کە ماۆستا مەلا یوسفی کوڕی محەمەد ئەفەندیی شەرمی کردووەو ناوی ناو ئەم شەرمەی لەسەر داوای مامۆستا مەلا رەشید ناوێ کردوە، کە هاوچەرخی خۆیو کەڵە زانای ئەو سەردەمە بووە دواییش شەرمەکەی پێشکەشی سمایلخانی کوڕی ئیبراهیم پاشای میری عیمادیە کردوە.

لە سەرەتاوە دێباجەو پێشەکیو رووکردنەوەی نووسیوە.

ئەمانە هەشت لاپەرەی دەستەتەکەیان تا لاپەرە ٤٢ دەخایەنێ.

دوای ئەو جارێکی دیکە هەر مامۆستاو مەلا جەرجیس ئەو نامیلکەی خۆی کورتکردوەتەوەل لاپەرە ٤٨دا کورتکردنەوەکە تەواو دەبێ دوای ئەوە نووسراوە بێ ناوی نووسەرەوە.

دوای ئەوە کۆمەڵێك حیکایەتی لە (عجائب المخلوقات)و سەرچاوەگەلی دیکە وەرگیراو بێ ناوی کەس ئەم بابەتانەیش لە لاپەرە ٦٥دا تەواو دەبن.

لە لاپەرە ٦٦وەو کەشکۆڵناسا شیعری زۆری شاعیرانی فارسی لە سلیمو خچری هادی سرو کمالو سعدیو ئازرو عراقیو جفاییو شفائیو نائبو (فضولي)و موشتاقو وحشیو (حافظ)و خاکیو وفاییو.. ئاخنیوە لە لاپەرە ١٩٨دا قەیدەیەکی درێژی پیر محەمەدی شنۆیی تێدایەو دواتر جامی دوای ئەوانەیش قەیدەی بوردییەو شەرحی فارسی تێدایە.

پێشەکی (الفتحية) دوای وەرگێرانی بۆ کوردی "ـ دوای سوپاسو ستایشی وداو داوای ڕەحمەت بۆ سەر پێغەمبەرو یارانی دەفەرموێ" پاش ئەمانە "ـ هەژاری بێچارەی سەرگەم بە دنیای بێبارەو داماوی دەستی نەقسی بەدو لە بێدەستەڵاتیدا رازیی بە هەموو پۆخڵەواتو گەندێ، جەرجیسی کوری محەمەد خودا لە خۆییو باوکو هەموو برایانی خۆشبێ" دەڵێ: "ـ لە مانگی پیرۆزی زیلحەجەی ساڵی ١١٨٥دا لە چارەی ئەم بێچارە نووسرا، کە بچێ بۆ قەڵای عیمادییە، کە بارەگای فەرمانڕەواییو بە کۆری پیرۆزی ئالی عەباس خودا لە هەموو خراپەو نابارییەك بپانپاریزی مەبەست ئیسماعیل خانی کوری بارام پاشای نەوەی بەڕێز میر سەیفەدین خودا لێی خۆش بێ شەرەفیابو سەرەفراز بووم" بە گەڵێ بەشندەییو چاکەو میهرەبانی ئەو سەربەزو بووم‌و لەگەڵ کۆمەڵێ پیاوچاکانو زانایانی ئەو شوێنەدا گفتوگۆو هاوڕێیەتیو ناسیاوییو خۆشەویستی پەیدا بوو لەرێزو پلەیان بەهرەمەند بووم، بەراستی هەر یەکێکیان بۆ خۆی ئەدیبو زاناو مەرد بوو، خودا پاداشتی خێریان بداتەوە.

کە لەوێ گەرامەوە لە عەقرەی پیرۆز بەزمەتی میر فەتحوللاّبەگ شادبووم‌و بە گەڵاریزو میهرەبایی سەری گەیاندمە ئاسمان.

کاتی گەرانەوەم لەوێ مامەیەکی پیرۆزم لە نەوەی سەرۆکی زانایانی کارامەو ئەدیبی ئەدیبانو سەرۆکی ڕەوانبێژانو پاشماوەی بنەمای چاکگۆیان تاقانەی چەر مەلا ڕەشیدەوە پێگەیشتو چاوی ڕەنجیدەم بە ڕەشی سورمەی گەوهەری کلی ڕەستو لە ناوەرۆکی هوتای دۆستایەتیو برایەتی گەیشتمو کاکڵەی نامەکەی ئەوە بوو، کە لە چاوی خۆیەوەو لە دڵپاکی خۆیەوە بەرانبەر بەم بێچارە لەو چاوەوە، کە هەر دەفرێك چی تێدا بێ ئەوە دە دەڵێی لەوانی زانیبوو، کە من شیاوی ئەوەم داوای لێکردبووم، کە چامەی حدوپیە شێخ ئەحمەدی جزیریی شەرحو ڕاڤە بکەم.

جا هەرچەند منی بێچارەی ناتەواوی بێدەستەڵات توانای ئەو جۆر کارانەم نییە بەتایبەتی شەرحو لێکدانەوەی وتەو شیعری بەرزی عاتیفانەی شێی جزیریو خۆدان لە مانای وردو هەستی بەرزی ئەو لە توانای ئادەمیزاد بەدەرە. بەڵام ترسام ئەگەر بە دەنگیەوە نەچم ئەو زانا پایەرزە ئەمەم بە پێچیکردن بداتە قەڵەمو بە بێوەفایی لە ئەرکی سەرشانمدا بەرانبەری دابنێتو ببێتە مایەی بچرانی ڕشتەی پێوەندیی نێوانمان.

بۆیە داوای یارمەتیم لە گیانی پاکی شێخانی گەورەو پیاوچاکانی کردو، بەیتەکانی ئەو غەزەلەم بە جۆرێ شەرح کرد، کە مانای لغوی وشەکانی یەکەیەکە روونو ئاشکرابێو هیوا داریشم بەیتەکانی دیوانی شێخی جزیریی روونو ئاشکرابێو هیوادارێشم بەیتەکانی دیوانی شێخی جزیریی، کە حەقیقیو تەووفیین بەهۆی لێکدانەوەوە روون ببنەوەو بزانرێن.

ئەم نامیلکەیەش بە ناوی بەرێزو پایەبەرزو بەشندەو رەوشتبەرزو تاقانەو چەری خۆی (ئسماعیل خان)ەوە ناوناو پرکێشی ئەوەم کرد، کە ئەم نامیلکەیەم پێشکەشی ئەو زاتە بڵندە کرد، هیوام وایە سی بێبایەخی من لەلای زانایانو پیاوچاکانو عاریفان بەزێری سور بچێتو ناویشم ناو فتحیە ئومێدم وایە هەرکەسێ ئەم نامیلکە بە دڵی پاکو دوور لەکینەو خەوشی بەرانبەری عیلمی یەکتاپەرستی بخوێنێتەوە لە بەرەکەتی عیرفان بەشو بارە بباو بەهرەمەندبێ.

چاوەڕوانیشم لە برایانی بە وەفاو زانایانی پاکدڵ بەتایبەتی دۆستانی گیانی مەلا مەحمودو مەلا رەشید ئەوەیە، کە چاو لە کەموکوڕیەکانم بپۆشنو چەوتیو ناباریەکیشیان دی بەخێرایی خۆیان چاکی بکەنو، لە دووپاتبوونەوەی وتەو درێژدادڕیم نەکۆڵنەوە، چونکە مەبەستم لەم کارەم سوودی گشتیو روونکردنەوەیە لەسەرەتاوە تا کۆتایی.

پێشەکی: بزانە خودا یارمەتیت بدا، کە زانیاری تەوحید- خودا بەیەکناسی- زانیاریەکی پێپایانو دەریایەکی بێ سنوورەو گەیشتن بەبنی ئەو دەریایە لەتوانادا نییەو دۆزینەوەی گەوهەرێمەبەستیشی گونجاو نییە. بەڵام کەسانێك باوەڕیان بە گوفتاری ئەهلی(حال) هەیە و بیری ورد و تیژیان هەیەو باوەڕیان بە زاراوەکانی پیاوە گەورەکانی تەسەوف هەیەو کتێبەکانی ئەوان ئەخوێنێنەوەو لە پیرۆزیی ئەوان بەهرەمەند دەبنو دەگەنە ئەو مانا بەرزانەو بەبەرچاو روونیەوە دەیانبینینو وادەبێ یەك یەك مەسەلەی تەوحید کە زانایانی ئێرەتینی بەسڵەها ئەوسا دەیزانو پێییدەگەن، ئەمان بە ماوەیەکی کورت تێیدەگەنو بڕوای پێدەکەن.

هەر لەبەر ئەمەیشە کە شێخ محێدینی عەرەبی موریدو مەنسووبە کارامەو لێهاتووەکان بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانی ئەهلی تەیەووف هاندەداتو زاراوگەلێ، کە بەزووبانی ئەواندا دێ لە کتێبەکانیاندا نووسراوە بەراستو دروست دادەنێ.
هەر بۆیەیشە شێخ ئیبنوحەجەر لە توحفەدا خەڵك بۆ زانینی زانیاریەکانی تەسەوف هاندەدا، نەوەك زاراوەکانی ئەوان بەیەکجاری تێدا بچێ، بیروڕای ێۆفیانی شارەزاو زانایانیش لە جیاوازیکاری لەتەك شیعریەتی پێغەمبەردا پاکەو، لە حوکمکردن بە ( ) دووڕەو خاڵیشیان لە (اتحاد)و ( )و ( ) خاڵییەو ئەگەر شتێ لومانە ناو ببرێ. بە بیری بیرتەسکان بگا، یەکەم لەبەر تێنەگەیشتوویی و کەمدەسەڵاتی ئەو کەسانەیە، دووەمیش لەبەر مەیدانتەنگی عیبارەتو پێداڕانەگەیشتنی وشەو رستەیە کە فراوانیو گونجاوی ئەوەبان تێدا نییە بە تەواویو

بێکەموکوڕی ماناو مەبەستی عاریفانەی ئەوان بەیان بکەنو ئەگەر شتێ وادیار بێ جیاوازییو ناجۆری لەتەك شەرعدا هەیە لەمەوە سەرهەڵدەدا.

مامۆستا مەلا جەرجیس دوای ئەمانە چەپکێ زاراوەی ئەهلی تەیەووف دێنێو بەیانیان دەکاو پاکیو خاوێنی ئەو رێبازە دەردەخاو ماناو مەبەستی وشەو زاراوەکانی رێبازی تەسەوف بە جۆرێ رووندەکاتەوە هەر وشەیەك مانای دروستی خۆی هەیەو هیچکامیان لە یەك شەریعەتدا ناجۆرو نەگونجاو نابینرێ.

دوای ئەمانەیش مامۆستای ئەربیلی بە نووسینی رووڕکردنەوەیەك نەخشەو شێوەی کارکردنی لە شەرحکردنی قەێیدەکەدا دەخاتە رووو دەفەرموێ:

باشاراوە نەبێ کەلەشەرحی هەر بەیتێکدا دوعایەکی وەرگێراو لەپیاوچاکانی ئەهلی ڤاهر یان ئەهلی تەیەووف دەنووسرێت، بەهیوای ئەوەی ئەو کەسانەی ئەم دوعایانە دەکەن لەپیرۆزی خاوەنەکانیانەوە بەهرەمەندبنو تەئسیری ئەو دوعایانە ئاوێنەی دڵیان لە ژەنگی گوناە پاك بکاتەوە، وە ئەگەر کەمو کووڕیەك بان کارنەکردنێك لەو دوعایانەدا بۆ ئەوە بەهۆی دوعاکانەوە نییەو کەمو کوڕی لەخۆماندایە.

دوای ئەمانە مامۆستامان دێتە سەر شەرحی قەێیدەکەو یەکە یەکە بەیتەکان دەداتە بەر لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو لە لاپەڕە ٨ی دەستخەتەکەوە تا لاپەڕەی ٤١ی دەستخەتەکە دەگرێتەوەو لەم ئەندازەدا شەرحێکی تێرو لێواولێوە لە مانای وردو ناسکو زاراوەی بە پێزو بەڵگەی بەهێزو تا لەکۆتایی ئەم شەرحەدا دەفەرموێ: لە رۆژی نۆیەمی مانگی موحەرەمی ساڵی هەزارو سەدو هەشتاو شەشدا ئەم شەرحە کەمبایەخە پاکنووس کرا، ئەم شەرحە کەمبایەخە پاکنووس کرا، ئەم شەرحە بەپێی ئەو دەقەیە کە لای من هەیەو گەیوەتە دەستی من. لەوانەیە هەندێ لە بەیتەکانی لە ئەسڵدا بە جۆرێکی دی بنو ماناکانیشیان دوورو نزیکو کەم یان زۆر جیاوازییان هەبێ. مامۆستامان دوای ئەوەی ئەم شەرحەی تەواو کردووە سەرنجی داوە کەمێ بەدرێژ هاتوەتە بەرچاوی، لەم رووەوە دەفەرموێ: ئەم شەرحە هەرچەند لەخۆیدا گەڵا کورتە بە نیسبەت زانایانو عاریفانەوە. بەڵام بەلای هەندێ لە کەمتواناو دەستکورتانی ئەم بوارەوە درێژ دێتە پێش چاو.. بۆیە سەرجێکی دی کورتو ئاسان دەستێگەیشتووی هەموو کەسێکم نووسی.

ئەم شەرحەیان حەوت لاپەڕەیەو لەکۆتاییەوە هیچی باس نەکردوەو مێژووی دانانی نەنووسیوە، بەڵام نووسەرەوەکەی کە دیارە دانەرەکەی نییە دەڵێساڵی ١٢٣٨ نووسیویەتەوە ئەمەیش ناوی خۆی نەنووسیوە.

<u>دەقی شیعرەکان:</u>

مامۆستا مەلا جەرجیس لە کۆتایی شەرحی یەکەمی پارچە شیعرەکەوە، زیرەکانە ئاماژەی بۆ جیاوازی نوسخەو ئیحتمالی بوونی هەڵەو ناتەواویو جیاوازی کردوە کە ئەوانیش دەبنە هۆی جیاوازی مانای بەیتەکان. ئەمە زۆر راستەو تا نوسخەی دەستخەتی شاعیر خۆیمان

دوای ئەمانە مامۆستامان دێتە سەر شەرحی قەێیدەکەو یەکە یەکە بەیتەکان دەداتە بەر لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو لە لاپەڕە ٨ی دەستخەتەکەوە تا لاپەڕەی ٤١ی دەستخەتەکە

دەستنەکەوێت، یان نوسخەیەکی باوەڕپێکراوو
جێگەی متمانەی تەواو سەرهەڵنەدات ، دەبێ
لەبیری ئەوەدا بین هەر نوسخەیەکمان
دەستکەوت بەچاوی بایەخەوە بۆی بڕوانینو
بەوەی دابنێین، کە دەکرێسودگەلێکی
لێوەربگیرێ کە لەوانەلە نوسخەکانی دیدا نەبن.
جا ئێمەیش بەو چاوە روانیومانە بۆ هەموو
دەقێ و بۆ ئەم دەقەیش هەروا دەڕوانین، بۆیە
ئەم دەقە لێرەدا بە رێنووسەکەی خۆی دەخەینی
پێش چاو بەڵکو سوودی خۆی هەبێ.

تو سحرگه بتماشا وره بازار حدوپ
لته بێ فائده ازار ندن خار حدوپ
دا ژ بل غنچه لبك نازكو تردانه بژیری
به تبسم بته رابیت ژ گلزار حدوپ
بل ژ سلگان قدم من بتو اقرار نیه
گر لكابا مه رنین میقب منقار حدوپ
ێد گره من تدلن ژیكو چپو راست تكت
شاهد حسن قدم زلف گره دار حدوپ
دل ته دریای قدم قافه بپابت قدمی
گر چه دایم لسر فرق مه منشار حدوپ
بلكه دیوار بكه بن نجدی كی بخدی
بتو رنگی نكری اشكره اسرار حدوپ
لمعیك گر ژ بر ڤی سعتی محو بن انوار حدوپ
مر بێد پنجره یان دایه شعاع قدمی
گبند عیشق لسر كرسی دیوار حدوپ
تو حدوپی و مبین قنج نڤر كه جارك
لاساس قدم دا نیه دیوار حدوپ
هره ایڵی خو وترتیب قیاسی ژیكه
كر نزانی چیه یكجار بر دار حدوپ
اتش عیشق شبه زیر وجودی حل كت
چیه ممكن نفرت زبیق فراد حدوپ
(الله الله) مه وعمری خوته جارك بنهی

چه ێدا تیت ژ ڤی گبند دوار حدوپ
تو ژ بر پرده وهمی وره در تا بیهی
چه نوار تیت بێد نغمه ژ اوتار حدوپ
حال و مستقبل و ماچی و خودا هردو یكن
ێبح موجوده بیعن خو د ایڤار حدوپ
راستو چوب گاڤ سعت هر لولمه دا تنیت
ژو الفقار قجم حیدر كرار حدوپ
راست و افراز نشیڤ و مه بواران یك یك
لی تنی ڤی له بو دایره بردار حدوپ
دی بقلب مه چەوت لامیعا اسلامی
كو لجان مه نجف بستیه زنار حدوپ
رنگ ژنگ حدپ نقش حدوپ مه تدل
بده بر رندش عشقی اڤه قێار حدوپ
جان لسر دست نهانی دریا جانان دا
روح ێف ێف كو ڤوستانه د بازار حدوپ
دی ژ غفلت بیه بر سایه زوالی ای دل
رون تنی دا تو امانت لسها دار حدوپ
دا نگای خو بێد رنگ به بینی ایرو
وره سیری بكه جارك تو د اگوار حدوپ
تو بحال مه نزانی چیه هر لحڤه (ملا)
مه تدل نیت درت خنچر غدار حدوپ

<u>پەراوێزەکان:</u>

(١) بۆ نموونه بڕوانه بەرگی چوارەمی مێژووی زانایانی کورد لەڕێگەی دەستوخەتاکانیانەوە. ل ٣٥٠

(٢) بڕوانه گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگی ٢-٣-١٩٥٧ الشیخ جرجیس الادبی، سعید الدیوەچی. لەم سەرچاوەوە دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ سەرچاوەکانی دیکەش.

هونەری مادەکان

نووسینی: زێدی پۆڕادا
وەرگێڕ لە ئینگلیزییەوە
بابەک خرمدین

میدییەکانو پارسەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆیەمی بەر لە زایین بە دیار دەکەون، هەر بۆیە ئاماژە بە ناوەکانیان کراوە لەو کاتە بەملاوە لە تۆمارکراوە نیزامیو ئیدارییەکانی شاکانی ئاشووری، کە لە رۆژئاوای ئێران شەڕیان کردووەو بۆ پاراستنی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەکەیانو بۆ چاودێریکردن بەسەر ئەو جادەو ڕێگایانەی، کە هی وەرگرتنی باجو پیتاکو بازرگانی بوو.

ئەسپەکان، کارێتەو کانزا لە وڵاتی ئێرانەوە بەرەو ئاشوور دەچوون.
دزەکردن بۆ رۆژئاوای ئێران رەنگبێ لە لایەن میدییەکانەوە زۆر زووتر دەستی پێکردبێ، بەڵام بەڵگەی ئارکیۆلۆژی، کە مێژووی ئەو ناوچەیەی، کە بەر لە سەرچاوەکان نووسراوەو لەبەردەستدایە هێشتا تەواو نییە.
هاتن لە رۆژهەڵات، میدییەکان لەوانەیە پێشڕەوییان کردبێ بە درێژایی ئەو جادە گەورە کۆنەی، کە تێپەڕیوە لە تەپکی دامغان لە نێوان ساوە بۆ هەمەدانو کرماشان. لە شوێنی دیکە (دواتر) پێتەختی میدییەکان لە هەمەدان (ئەکباتان). ئێمە لەوانەیە بەم دەرئەنجامە بگەین، کە ئەوان لە دەشتی پڕپیتو بەرەکەتو پانوپۆڕی هەمەداندا جێگیربوون لەو شوێنەی، کە وادێتە بەرچاو ئەوان درێژەیان دابێ بە پێشڕەوییەکە یان بۆ باکوورو رۆژئاوا.

لە سەردەمی سارگۆنی دووەم (١٧٢١- ١٧٠٥ پ.ز) مادەکان واتا میدییەکان پێناسەکراون لە نێوان مانناییەکان لە باکوورو (ئیلامییەکان) لە باشوور. ئێرانییەکان، کە ئێمە بە دڵنیاییەوە پەیوەندییان دەدەین بە خاکی پارسووا لە دەقەکانی ئاشووری ئاماژەیان پێکراوە، هەنووکە گرفتێ لە هەمبەر ئەم خاڵەدا هەیە، چونکە لە سەردەمە جیاوازەکاندا پارسووا بەرامبەر بووە لە شوێنە جۆربەجۆرەکان، پارسووا پارێزگایەکی وەفاداری دەوڵەتی ئاشووری بووو لەوانەیە لەو شوێنە هەڵکەوتبێت، کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن: ناوچەی سوڵدوز لە حەسەنلوو لە سەردەمی سارگۆنی دووەم. لە زەمانی سەنحەریب (٧٠٤-٦٨١

پ.ز) بۆ پێشەوە پارسووا ئاشێرەی پێکراوە لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران، کە دەبێتە باکووری ئیلام، لە کۆتاییدا لە سەردەمی هەخامەنشییەکان (ئەخەمەنییەکان) پارس ناوی پارێزگایەك بوو، کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن: فارس. شوێنە جۆراوجۆرەکانی پارسووا (پارس) نیشاندەری ئەوەن، کە پارسەکان پێشڕەوییان کردووە لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران بۆ باشوورو لە پاشانیش بۆ ڕۆژهەڵات‌و هەروەها سەلمێدراوە هەتا ڕادەیەك کەسێ وڵات، کە ناوی پارسووایان لەسەر بووە لەوانەیە هاوکات لە لایەن کۆمەڵێ کەس هەر ئەم خەڵکانەوە دامەزرابن.. هەندێ ڕووکەشیی ئەم کێشەیە، کە چۆن‌و چ کاتێ ئێران ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات لە وڵاتێ، کە خەڵکانی ئاسیایی حوکمیان بەسەردا دەکرد (هوورییەکان)، (مانییەکان)، ڕەنگبێ (ئیلامییەکان)یش. هەروەها هیندو ئەوروپاییەکانیش، کە ناسراون بە میدییەکان‌و پارسەکان، لەبەرئەوە هێشتا ڕوونکردنەوەو تێشك خستنە سەر ماوەتەوە لەسەریان بکرێ، لەو دەڤەرانەی، کە بە شێوەیەکی گورجوگۆڵ‌و توند بەرگرییان لێ نەدەکرا، وەکو ئۆرارتۆییەکان، مانایییەکان‌و عیلامییەکان یان ئاشوورییەکان، ڕەنگبێ هیندوئەوروپاییەکان کتوپڕ بە زەبری هێزو زۆرەوە زۆر بە باشی خۆیان داسەپاندبێ. لەو هەرێمانەی، کە هێشتا هەندێك گرووپ‌و تاقم هێزو دەسەڵاتی خۆیان پاراستبوو، تێدەچێ تازە هاتووەکان بە شوێن دەکارکردنی ئەم خەڵکانە بووبن بە شێوەی زنجیرەیی لە خزمەتگوزاریی کستوکاڵی بەرەو کاروباری لەشکری (نیزامی) لە سەردەمی (ئەسەرهەدوون) باس لە مۆرکردنی پەیماننامە لە نێوان ئەوان‌و ئێران دەکەن، بۆ خاترجەمی‌و جەختکردنەوە لە جێنشینی ئاشوور بانیپاڵ کوڕی ئەسەرهەدوون، هەندێ زانیاریی لەسەر عەشیرەت‌و هۆزەکانی میدی‌و سەرکردەکانیانەوە بە دەستەوە دەدەن. ئەو تۆمارانەی، کە بێگومان شاکانی ئێرانی بۆ تاج‌و تەختی ئاشوورییان نووسیوە بە هۆی سوێندخواردن‌و دوعا لێکردنەکان، کە تۆمارکراون لەسەر لەوحە گڵینییەکان‌و کەوتوونەتە نێمروود یانی (کەڵا)ی کۆن (نەینەوا یان موسڵی ئێستا). لە وێرانکردنی کۆشکی (کەل)ن بە دەست میدییەکان لە ساڵی (٦١٢)ی پێش زایین، ئەم تابلێتانە گشتییان لە ژووری فەرمان فەرماییدا بوون، ئەو شوێنەی، کە تێیدا لەتەوپەت کران‌و سووتێنران.

بە دڵنیاییەوە ئەمە کارێکی هێمایین‌و سەمبولیك بوو، وێرانکردن‌و لەنێوبردنی ئەو پەیماننامانەی، کە مادەکان لە تەك ئاشوورییەکانیان گرێدابوو. سەرکەوتنەکانی پاشای میدی کیاکسار (هووە خەشتەر)، کە لەگەڵ ئەوەشدا شاری نەینەوای گرتبوو وێڕای (نەبوو خەدنەزر)ی بابلی، ڕەنگبێ هاوەستی‌و یاریدەیی گرووپە سکاییەکان بووبێت. بیست‌و هەشت ساڵ دەسەڵاتی ترساندن‌و تۆقاندنی سکاییەکان ئەو جۆرەی هیرۆدۆت باسی لێوە کردووە لە نێوان ئیمپراتۆریەتی ئۆرارتۆییەکان، کە لایانبردن لەوانەیە ماوەیەك دوای ڕووخانی نەینەوا ڕووی دابێ‌و بە درێژایی ئەو ماوەیە نەبووبێت، کە هیرۆدۆت گوزارشتی کردووە. تەنیا کاتێ میدییەکان ئازاد دەبوون لە چنگ دەسەڵات‌و دەستێوەردانی سکاییەکان، کە ئەوان بیانتوانییایە ببنە خاوەنی میرات‌و کولتووری ئاشوورییەکان‌و

ئۆرارتۆرییەکان، هەر وەك چۆن هەرێمی ژێر دەسەڵاتی میدییەکان (مادەکان) پەرەی سەندو تەواوەتی ڕۆژئاوای ئێرانی گرتەوەو تەنانەت ناچەکانی پێشووی ئۆرارتیو مانناییەکانیش لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران باکووری میسۆپۆتامیاش بەرەو ئاسیای بچووك واتا ئانادۆڵ، ئەو شوێنەی ك روباری هالیس (قزل ئیرماق) بوو بە سنوورو کەوشەنی نێوان وڵاتی میدیاو لیدییەکان. ئەو ئیمپراتۆرییەتە مەزنە هەرچۆنێ بێ تەمەنی کورتخایەن بوو. ئاستیاگ کوڕی کیاکسار (هووەخشتەر) لە ساڵی ٥٥٠ی بەر لە زایین لە لایەن خوشکەزای کوروش (سیروس) شای پاسەکان لە شەڕێکدا، کە ئاکامەکەی بوو بە تیچکەڵاوکردنی هێزەکانی مادو پارس لەگەڵ یەکترو گشت هەرێمو مەڵبەندەکانی میدیا هاتنە ژێر رکێفـو دەسەڵاتـو حوکمڕانیی پارسەکان. لەبەرئەوە تۆێژینەوە لەسەر هونەرو کولتووری مادەکان زۆر ئەستەمو دژوارە، چونکە بە داخەوە تاکو ئێستا هیچ شوێنێکی میدیایی کۆڵێن کاری نەکراوەو تەنانەت نەخشێکی بەردین یان بەردنووسێکی میدی نەدۆزراوەتەوە. داواکاریو بانگەشە لێکدژەکان لەمەڕ کارە هونەرییەکانی سەدەی حەوتەم بۆ نموونە وەکو گردی زێوە زۆر هاندەرو دڵخۆشکەرن، بەڵام هێشتا بە تەواوی ڕوون نەبوونەوەو دەبێ کاریان لەسەر بکرێت. سەرەڕای ئەمە هونەری مادەکان دەبێ لێرە ئاماژەی پێکرابێ، چونکە بە دڵنیاییەوە دەورو نەخشێکی گرنگیان گێڕاوە بە واتای نێوبژیوانکارو پێوەندی دەر لە نێوان شێوازەکانی جۆربەجۆری هونەرەکانی سەدەکانی حەوتەمو هەشتەمی (پ.ز)و شێوازی هونەری پارسەکان لە نێوان ئیمپراتۆری (هەخامەنشی)دا زاڵبووو جێگیربوو لە سەدەکانی پێنجەمو شەشەمی بەر لە زایین. هەندێك ئارامگەی ڕەوەزینو شاخاوی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران هەڵکەوتوون لە کوردستانو ئازەربایجانی ئێستادا، کە هی مادەکانن و لە لایەن ڕۆژهەڵاتناس ئێرنست هێرتزفیلد لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوە، هیچ کام لەم ئارامگە بەردینانە بە ڕاشکاوی ناکرێ مێژوویان دیاری بکرێو ڕەنگبێ لە جێدا سەر بە هەخامەنشی یان تەنانەت پێشتر بووبن. گرنگترینی ئەم گۆڕانە یەکیان (قیزقەپان)ە، کە لە کوردستانی باشوور (ئێراق) هەڵکەوتوون لەودیو سنوورەکانی ئێرانو نەخشێکی بەردینی هەڵکەندراوە لەسەر دەرگاکەی، کە دوو پیاو نیشاندەدات بە جلوبەرگی مادەکان. ئەوان ڕاوەستاون هەر کامەیان لە لایەکی بنکەیەکی ئاگردان، کە گڕەکەی وا دێتە بەرچاو بۆ سازکردنی پیلان یان دارشتنی گەڵاڵەیەك بە هۆی نیوە بازنەیەك، ئەو دوو کابرایە جلوبەرگیان پۆشیوە، کە لە وێنەکەدا دیارە لەسەر شێوازی میدییەان، کە لە نەخشە هەڵکەندراوەکانی کۆشکەکانی پێرس پۆلیسی هەخامەنشییەکانە، فەرەنجی (چاکەت) شەروالّی توندو مەحکەمی باش لە جسنی قایشو کڵاوو ملپێچێ، کە ئاخرییەکەی گرێدراوە. لە پەیوەستی وێنەکەدا لە لای چەپەوە کابراکە کاپشەنی لەبەردایە، ڕەنگبێ لە جنسی شڕو دڕبێ لە ناوەوە جیا لە یەکەخەکەی نەبێ. قۆڵە ناو بۆشە تەنگە درێژەکانی لە هەردوو لاوە هەڵواسراون. هەر کامیان کەوانەکەیان بە دەستی چەپەوە گرتووەو لە ڕاستەی نووکی پێیان هەڵیان پەساردووە، یەکێکیان وەبیرهێنەرەوەی بارودۆخێکی

هاوچەشنە لەگەڵ وێنەو هەڵکەندراوێکی سەورقاپی زێڕینی حەسەنلوو.

هەر بۆیە شوێنەکە باس لە دابونەریتێك دەکات، کە لەوانەیە خۆنوواندنێك بێ لە ڕێو ڕەسمی لەشکری (نیزامی) لە هەزارەی دووەمی پێشووی حەسەنلوو، کە گوەزرابێتەوە بۆ ئارامگەو گڵکۆ شاخاوییەکانی ماد (میدیا) لە ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین دا دەکرێ بڵێین: مێژووی گۆڕەکە تەنیا ئاماژەی پێکراوەو باسی لێوەکراوە بە هۆی نەخشو نیگارەکانی بیناسازیی، بە شێوەیەکی قووڵ دا لە ناو ڕەوەزەکە، کە بەرهەیوانێ، کە ئەستوونەکانو سەرە کۆڵەکەکانو وێکچوونیان هەیە لەگەڵ شێوازی ئایۆنێك لە پێچکەکان لە هەرتك لاوە لێواری ئەو کۆڵەکانەو نەخشو نیگاری گەڵای نووکتیژی دارەخورما نیشاندەری مێژووی دوای سەدەی شەشەمی زایینین. پتر لە مێژوویەکی پێشووتر، لە کاتێکدا ئارامگەکە تێدەچێ بۆ کەسێکی میدی دروستکرابێ، لەبەر ئەوە مێژووەکەی بگەڕێتەوە بۆ کاتی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشییەکان، بەم شێوەیە ئارامگەی (داودوختەر) خاوەنی یادەوەریی پێچکەی زۆرە لە ژووری خەڵوەتو چۆڵ (دەوروبەر) لە سەرە کۆڵەکەکانی یۆنانی سەدەی پێنجەمو بەم هۆیەوە باسی لێوە دەکرێ وەکو هەخامەنشییەکان زیاتر لە مێژوویەکی کۆنتر ڕەنگبێ مۆدی هەبوونی گۆڕە کوێستانییەکان حاڵەتێکی گشتگیریی هەبووبێ لە ئاسیای بچووك (ئانادۆڵ) بەرەو ناوەڕاستی هەزارەی یەکەمی پ.زو دەستپێکەکەی لە لایەن داریووشی یەکەم لە وڵاتی ئێران بووبێ (٥٢٢ بۆ ٤٨٦پ.ز)، کە ئێمە وەك داهێنەرێکی وشیتارو بە توانا سەیری دەکەین لە پێوەندیدانی گرنگیو بایەخی ڕێو ڕەسمی ئایینیو نیگار دروستکردنی کەسانی ئایینی. (بڕوانە ژێرەوە لاپەڕەی ١٥٩). دەکارکردنی کۆڵەکەکان، کە ئێستا وەك بەڵگەیەکیان لێهاتووە لە ئێرانی سەدەی نۆیەمی (پ.ز) لە لایەن دۆزراوەکانی نەخشی هەڵکەندراو لەسەر بەردە ئەستوونەکان لە حەسەنلوو، ئەستوونە دارینەکان (کارێتەکان)و سەرە ئەستوونەکان هەر چۆن بێ خۆڕاگرو قایم نەبوون. سریانییەکانو بابلییەکان سازیان کردووە لە سەدەکانی نۆهەمو هەشتەمی (پ.ز)، کە نیشاندەدا ئەستوونەکان لەگەڵ سەرەستوونەکانی پێچکەیی بەو پێیە، کە ڕەنگە سەرلەنوێ ئێرانییەکان لەوانەیان سازکردبێتەوە. دەکارکردنی وەها سەرەستوون گەلێکی پێچکی ئامادەکراو بە شێوازێك بۆ ڕازیکردنو بە قەناعەت گەیاندنی ئەوان بوو. دواتر لە وڵاتی ئێران بەرەو ستوونی ئایۆنیك، پاشان وا دێتە بەرچاو، کە جۆرە سادەکانی ئەو سەرە ستوونانە دەوڵەمەندو باشترو ڕازاوەتر کرابن. ئەو خاڵە، کە چ کاتێکو لە کوێ ستوونەکانی هەخامەنشییەکان پاسارگادو پێرس پۆلیس پەرەیان ستاند. هێشتا ڕوونییەو نادیارە. شایەد یەکەم نموونەکان هی ماددەکان بووبن، بەڵام ئەمانە دەبێ توێژینەوەیان لەسەر بکرێو شی بکرێنەوە. داڕشتەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش لە ڕازاندنەوەی ئەستوونەکان لە پێرس پۆلیس ئێمە بەو قەناعەتە دەگەیەنن لە ئاراستەیەکی دیکەدا، لە لێکۆڵینەوەکەماندا بۆ بەڵگەی مومکینو دیار لە سەر شێوازێکی میدییان شێوازەکانی میدیایی، کە لە پێشەوە بوونو لە پاشان هەخامەنشییەکان لێیان


وەرگرتوون، جۆرێئەستوون بە ناوکی دارینە، کە بە رووکەشێ داپۆشرابوو، کە ئەویش تۆمارو شەش گۆشەکانی (مەنشوور) رەنگکرابوون بە رەنگی سوورو شینو سپی. ئەم بابەتانە وادێنە بەرچاو، کە لە ئاراستەیەک لەمەڕ هێڵە خوارەکان دیاریکرابنو هەر بۆیە بە شێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازن لە بابەتە گشتییەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین، کە وەک تەوەرێک هاوڕێکنو بەم هۆیەوە دیارو زەق دێنە بەرچاو، تەنانەت لە مەسەلەی قەفخواردن، یان نەخشو نیگاری..

وەک نموونەی باش نیشاندراون وەکو بەشێک لە قاپی دۆزراوە لە حەسەنلوو، نووسراوە تاکەکان زۆر بە جوانی تۆمارکراون وەکو ئەڵقەیەک، کە هەمیسان کاریگەریی بە بابەتەکان دەبەخشن. جیا لەمە ریتمو ئاهەنگی بابەتە کەونەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی یەک دەستو سادەن، خاوەن یاساو رێساو رێژەییو رێچکەی تایبەت بە خۆیان هەیە لە شەقڵەکاندا وەک بابەتی قووچەکی زنجیرەیی لەسەر دەفری زێڕین لە زیوە، بە نیسبەت ریتمی ئاڵۆزکاو هەر وەک سەر ستوونەکان، ئەو شوێنەی تۆمارەکان دووانو پاشان جیاکراونەتەوە بە هۆی میلەێ لە درێژاییدا وادێتە بەر زەین، کە نەگونجاوو نەشیاو بووبن، بۆ بازرگانی پیشەکارانی رۆژهەڵاتی، وەک کارلێک کردنو نووسراوەی بابەتە ناوبراوەکانی دەرەوەی سنووورەکانی پەیماننامەی ئاسیای رۆژئاواییو رەنگە گەشەکردوو بووبێتو سەر بە رازاندنەوەیەکی رەسەنی ئاسیای ناوەندی بووبن، پێوەندییکانی نێوان رازاندنەوەی ئەستوون لە پێرس پۆلیسو ستوونەکانی دۆزراوە لە کورگانی سێهەم لە (پازیریك) لە سیبریای باشووری لە راستیدا ئاماژەیان پێکراوەو کاریگەرییەکەیان نیسبەت دەدرێ بە سکاییەکان. ئەمە نەگونجاوو ناماقوولە (باوەڕ پێنەکراوە)، کە هەتا چ رادەیەك مادەکان پێوەندییان هەبووە بە فۆرمو شەقڵەکانی ئاسیای ناڤینو ئەوان زەوقو سەلیقەی چەشەیان هەبووە بۆ بابەتە دینامیکییەکانو هەندێ تێبینی سەبارەت بە پاراستنو راگرتنی شەقڵەکانی پەیماننامەکانی ئاسیای رۆژئاوایی، نەخشو نیگارو رازاندنەوەی بەهێزو دەوڵەمەندی چەکو چۆڵ لە لایەن میدییەکانەوە بە شکۆو سەنگینی لە نەخشە هەڵکەندراوەکانی پێرس پۆلیس ئاشێرەیان پێکراوە بە هەمان ئاراستە بۆ نموونە نیشاندراوە (FiG.76) لە کاڵاکانی میدی هەڵگری چەکو زرێی داریووشی یەکەم (٥٢٢ بۆ ٤٨٦ پ.ز) لە نەخشە هەڵکەندراوەکانی خەزێنەدا. سووچێکی ئەکایڵانە هوڕێکە لەگەڵ لێوارەکەی لە خەزێنەی ئۆخوس (ئۆکۆس) بۆ نشینگەی مادەکان کەوا دێتە بەرچاو بە تواوی لێکبچن لە یەکدی، کە هاوبەشییەکیان تێدا دەبینرێ. لە کایڵانی خوڵامی داریووش دێوو درنجو دەعباو ئاژەڵو گەڵای نووکتیژی دارەخورما بە کۆمەڵ بە شێوەیەکی لێکدژو پێچەوانە ریزکراون بە شەقڵی رازاوەی لێکجیاکراوە. دوو شێری سەر هەڵۆ پشت لە یەکدی سەریان وەرسووڕاندووە بە حاڵەتێکی تایبەت، کە دەگوترێ جێگای سەرنجە لە مەڕ رم (بەڵاگیرەو سپەر، مەتاڵ)ی ئارمدار، کە دایان پۆشیوە دەسکو دەستەی ئەم شمشێرە کورتەیە لە ناو کاڵانەکەدا، لە لای راستەوە فریشتەکان، شێرە سەر هەڵۆییەکان، بزنە کێوییەکان لە ریزێکی باریکدا دەدیترێن، کە

خەریکی غاردانن لە درێژایی کاڵانەکەداو بە شێوەی بوچك و گچکەو کەم بایەخ کەمدەبنەوەو بەرەو خوارەوە تێهەڵبوونەوەو داڕشتەیەکی لە راستیدا بێ هاوتاو بێ وێنەیان هەیە لە تەڕاحی و رازاندنەوەی هونەری ئاسیای رۆژئاوایی. سێ گەڵا لە کۆتایی کایڵانەکە رازێندراونەوە بە هێڵێکی درێژی و ئەستوونی، کە شەقڵداوە بە ئاژەڵێکی وەك سەگ، کە پێکهاتووە لە سازکردنی سروشتی سەرو گەڵای نووك تیژی دارەخورما. قەڵەشتان لەگەڵ وشکبوون پێوەندیدار، بەو تەرحانە، کە هی ئەو ئیسقانانەن، کە لە سوریە دۆزراونەتەوە. وەها ئاژەڵگەلێك بەم قەفـو گنجانە حاڵەتێکن لە خەسڵەتی تایبەتی زێڕوەشاندنی سکاکان لە روسیای باشووری. رەگەزێکی دیکەی هونەری سکاکان لەم کایڵانەدا چوارچێوەو کەوشەنی مارپێچییە (قەف خواردوو، پەپك خواردوو)، کە لە زۆربەی لێوارەکاندا دەوری داوەتەوەو رەنگە لە سەری ئەم باڵندانە وەرگیرابن، کە راوکراو ببن لەگەڵ لمۆزو نووکی لارو خواری زەق و بەرچاویان، کە پێی دەوترێت، نووکخوار لە لیستەی سکاکان. هەنووکە رەنگە مادەکان رەگەزەکانو توخمەکانی هونەری سکاییان وەرگرتبێ بە شێوەیەکی ئازادو سەربەخۆ لە نێوان پێوەندییەکانی رۆژهەڵاتەوە، هەروەها دەشێ ئەوان پردێکی پەرینەوە بووبن بۆ درێژەپێدانو بەردەوامبوونی شێوازە کەوناراکانی دیکەی هونەری هەخامەنشی، کە زاڵبوو لە وڵاتنی ئێران لە سەردەمی میدییەکاندا، قاپێکی زێڕینی دۆزراوە لە مۆزەخانەی هونەری (سین سیناتی) بۆ نموونە، کە هێڵین کانتۆر بە چەشنێکی باش و رازایکەرانە وەکو نیشاندەری کارامەیی و لێوەشاوەیی هونەری مادەکان گوزارشتی لێوە کردووە، یادەوەریی و وەبیرهێنەرەوەی هەر دوو تەرحی دۆزراوە لە خەزێنەی زێوەو دواتریش دەفرەکانی دارخورما لە قاپی زێڕین لە مۆزەی سین سیناتی، کە هاوشێوەن لە تەك گەڵاکانی زێوە. لە کاتێکدا بزنە کێوییەکانی خاوەن دوو شاخی قاپی سین سیناتی، کە وێکچوونیان هەیە لەگەڵ حاڵەتو پێکهاتەی ئەو بزنانە لە دەفرێکی هەخامەنشی، کە لە ژێرەوە هاتوون. بۆ جیاکردنەوەی سەبك و شێوازەکان لە دەکارکردنی ئاژەڵان لە قاپی سین سیناتی، کە قژو مووی ملو پشتیان نیشاندراوە بە هۆی کونبوونی بازنەدار، کە وەها شتێ تاکو بە ئێستا نەدۆزراوەتەوە لە شوێنە ناسراوەکاندا، جا لەبەر ئەوە گومانەکان هەر ماون لەسەر رەسەنایەتیی ئەم بابەتەو زنجیرەکانی پێوەندییان وادێتە بەرچاو، کە بە تەڕاحی ئەگەری تێگەیشتن دەستدەدا بێو وردبینی ئاوێتەی شیکاریو تەڕاحی حاڵەتێکی شێوازێکی دابەزینی هونەری میدی لە هێڵەکانی زۆرتری بازنەیی تەرحەکانی ئۆرارتوییدا بکەین. ئەوەش دەشێ یەکێ لە شێوازەکانی هونەری میدی بووبێ، لەو کاتەوە رەنگە لە کۆتاییدا هەندێ شێوازو ستایڵی دیکە دەستنیشان بکەین لە پێتەختی مادەکان لە ئەکباتانی هەمەدان هەر وەك چۆن لە زێوە بینیومانە. وەها شێوازگەلێ دەبێ پێوەندی بدرێن بە ستایڵی کۆنو جۆراوجۆرو پیشەسازانو زێڕکارانو شفرەکاران، هەروەها سەلیقەو چەشەی جیاوازی ئەم کەسانەی، کە پشتگیرییان لێدەکردنو موشتەرییان بوون.

لەتەکانی شعوور

فەرەیدون پێنجوێنی



ئەو دوو باریکە ڕێیەی
سەریان کردووە بە دوو لوتکە تەمدا
هەردووکیان ڕێچکەی یەک گوندن!
یەکێکیان دەتهێنێتە ناو قەلای چاوەکانم
ئەوی دیکەیان دەتهێنێتەوە بەر
پەنجەرەی
ئەم حاکمە فاشیلەی
خوێن بەری بینایی‌و پەنجەرەی گرتووە!

داڵغەی کوێت لەسەرە؟!
ئەی ئەو تارماییەی،
چاک شێوەت ناکەم لە دوورەوە!
بە ڕەنگتا وا دیارە ئێرەیی بی!
ئاڕاستەی هەر بەیانییەک بگریتە بەر،
کە دەکەوێتە پشت بیرەوەریەکانتەوە
شتێکت تیا ونکردووە
یا دیوار بە دیوار
بە لارە لاری هەر ئێوارەیەکدا بێیەوە
دەگەیتەوە ئێرە.. ئەم گوندە!
ئەم کەرەڤانە شێواوەی
لەگەڵ خۆم دەیبەمە گشت جێیەک!
ئەم خومخانەیەی
زۆر جار لە ژوورەکەی (مارلین مۆنرۆ)و
هەندێ جار لە بەرئاگردانەکەی
(هەمزاتۆڤ)و
هەمیشەش لە گۆڕی خۆم دەچێ!

ئەی ئەو تارماییەی بە دەنگتا وا دیارە
چڵێ تووترِکی ماندووبی

پێیەچێ گۆرانییە مزرەکانت
لەو شاخە دوورانە هەڵوەریبن!
من، کە ئامێزم والّایە
زێدەتر لە هەر شت
تەمای دڕکو داڵتم کردووە!

لە شەوێکەوە من لێرە مونتەزیری تۆم
سەرەتای بەسەرهاتەکەی
بە بڕینی ئەو رایەڵە دەست پێدەکا
منو سەعادەتی ناو دایکمی
لە یەکتری گرێدابوو!
بمگەرێ..
لاشەی کوژراوی ئاوەدانیم بۆ بێنەوە
ناوەختانی شەوێ
دەستیان لە ملم کردەوەو
لە ماڵەکەم بردیانە دەر!
قورئانەکەی خوام لە دەستی رزگار بکە
دەنگی بە دەستمەوە خەڵتانی خوێن
بووە!

ئەی ئەو تارماییەی
بەڕێکردنتا وا دیارە کچۆڵەیەکی
پێکراوبی
وەختێ دێی دووعایەک بخوێنە
تا پێکانت لە خاک ببڕێن!
بە خاکا بێی قسەیەکت پێ نامێنێتەوە بۆ
من!
باڵەکانت لە ئاسمانی غەفڵەتیمدا
قایم بدە بەیەکدا!

تا لە ناوەندی ئاسمان ڕەت دەبی!
بە ناوەندی ئاسمانا بێی
پەنجەیەکت بە دەستو پێوە ناهێڵن
بیگریتە خوێنی دڵی من!
بە دەم باڵەفڕێوە
ئەو دواین پێکە شەرابە هەڵدە،
کە چیتر خوا بە دوایدا شەرابی
حەرامکرد!
تا هەزار جار پەلکەزێڕینە جێدێڵی!
وانەبێ
سێوەکان بە چرچی دەگەیەنیتە دەستی
من!

لە شەوێکەوە من لێرە مونتەزیری تۆم
کۆتایی بەسەرهاتەکەی لەوێوە دەست
پێدەکا
سەرم
بەر ڕەقایی ئیقاعی هەراو زەنایەک
کەوتو
لە خەو رابووم!
بینیم، هەم سەرو هەم ئیقاع
هاڕەیان کردۆتە بەر پێم!
ئەمێستا لێگەڕێ تا دەگەی
لەتەکانی سەرم بچنمەوە!
ئەوە پەلی بووکەشوشەی کچەکەمە
بە دەستمەوە دەرهاتبوو!
ئەوەش پەلی کچەکەم خۆیەتی
بە دەستمەوە دەرهاتبوو!
ئەوەی تر سکێتچی ژنەکەمە بە ڕووتی

لە دەستکردی خۆم!
ئەوانەی تر
لەتو پەتی عەقدە جیاوازەکانی زەواجو
تەلاقن!
ئەی ئەو تارماییەی بە قیافەتتدا
وادیارە کراسی خوایەکت خواستبێ..
نازانم لەوسەری گوندە چەپەکەکەی
تۆوە
یان لەمسەری گوندە چەپەکەکەی تۆوە
تاقگەیەک لە گێلاسو
بەهارێک لە ئاو دەڕژێنە سەرمەوە!
بارگاوی بەو خەمە شیرینچکانەی
زاری ماسۆشیەتم تەڕ دەکەن!
ئەمێستا لێگەڕێ تا دەگەی
لەتەکانی سەرم لاپەڕانەوە بپێچم!
ئەمە ئەو لەحزە شیرینەی بەشی خۆمە
لە کاغەزمەوە پێچاوە
ڕۆژێ لە ڕۆژان منو گوڵێکی شەوبۆ
لە دەمەوە بۆ دەم
خزاندمانە ژێر زمانی یەکدی!
ئەمەش خۆڵەمێشی ئەو شەریعەتەیە
مارەیی منو کەنارییەکی بە مێردی
لە یەکتری نەدەهێنا!
پێکەوە بە باڵی گڕاوییەوە
دامان بە تەنیشتیاو سووتاندمان!
ئەمەی تر
پوختەی ڕاپۆرتێکە لەسەر دەستو دڵم!
تەمایانکردبووە ڕوومەتو هەناسەی
مەحرەمێک

تا ئێستاش ڕۆشنایی مەچەکی
لەسەر کەمەرم جێماوە!
ئەمەش منم..
بەختیارتر لە منالێکی مەنگۆلیو
بەرەڵاتر لە ڕووبار
وەختێ دەچمە ژێر دالّغەی ئەو ژنەی
دووەم ئۆکسیدی ڕەنگی دەدایەوەو
درەنگانێ ئێوارە،
کە شێتی دەخزێتە کونجی دڵان
بارانی لەگەڵ خۆی بردەوەو
یەکترمان بە تەنیایی خودا سپاردا!

ئەی ئەو تارماییەی
بەخەمی سەرتا وا دیارە
بابایەکی ڕێهەڵەکردووبی!
ئەو دووڕیانەی دوودڵ تێیدا راماوی
هەردووکیان ڕێچکەی یەک گوندن!
یەکیان دەتهێنێتە ناو قەڵای چاوەکانم
ئەوی دیکەیان دەتهێنێتەوە
بەر پەنجەرەی ئەم حاکمە فاشیلەی
خوێن بەری بینایی‌و پەنجەرەی گرتوە!
دالّغەی کوێت لەسەرە؟!

لە هەر گوڵێکی دەگمەنی ئەو سەرەڕێیە
بپرسی،
کە لە دەمی پشکۆوە هاتوونەدەر
یا لە هەر شوانێکی پەپوولە سەوزەکانی
ئەو ناوە
پەنجە بۆ ئێرە رادێرێ!

ئەم گوندە!
ئەم بەردەڵانییەی
زۆر کچی دەشتەکیی لێوە تلبۆوەو
زۆر هاوڕێی ئازیزمی تیا کەوت بەسەر
لوغما!
ئەم خومخانەیەی
زۆر جار قەرەبالّغترە لەو ماڵە
بەدناوانەی،
کە باوکم سەریان پیا دەکاو
هەندێ جار سادەتر
لە دڵی ئەو کوڕە ڕەشتاڵەی
نامەی دڵداریی لە خوشکەکەی خۆیەوە
بۆ دەهێنام!

من لێرە بۆ ئەوەی بگەمە (ئۆرگازم)
هەندێ جار ئەوەندە بەسە
سەری خۆم خورێنم!
ببینم منالێکی دوو ساڵانە
میزەڵانێکی بە دەستەوە دەتەقێو
لە ترسانا پێدەکەنێ!
ئەوەندە بەسە
لەبن شاتوویەکدا بوەستمو
ماچێکی مزری لێ بەربێتەوە بدا بە
ڕوومەتما!
ببینم
کاتێ وەهمێک دەپەڕێتە چایەکەی
دەستمەوە
لە پێکەنیندا دەخنکێ!
یا کچێکی کوڕانی

لەوسەری قسە بێ پەردەکانمەوە
بێتەوە بۆ ئێرە!
من لێرە بۆ ئەوەی بگەمە (ئۆرگازم)
هەندێ جار تەنها ئەوەندە بەسە
تخووبی فەرمایشتە پیرۆزەکان ببەزێنم!
ئەوەندە بەسە لەحزەیەک
سانسۆر لەسەر جگەرەکێشانی برا
گچکەکانمو
چۆنیەتیی خۆگۆڕینی خوشکەکانم
هەڵگرم!
من لێرە بۆ ئەوەی بگەمە (ئۆرگازم)
هەندێ جار ئەوەندە بەسە
بە دەستو دڵی شکاوەوە لە دەرەوە
بێمەوەو
بخزێمە کونجی دڵی پیاوە بەربەریەکەی
ناخم،
کە شێوەی موسافیرە نابەڵەدەکان ناکا!
ئەوەندە بەسە بتوانم پەنجەکانم رابێنم
دەرو ژووری تاریکایی خوێنم بکەن!
ببینم تەنافێک بە ئازادی
جلەکانی ژێرەوەی شمشاڵێ بداتە بەر
خۆر!
ئەی ئەو تارماییەی
بە باڵۆرە کۆنەکانتا وا دیارە لە دوورڕا
هاتبی
لە شەوێکەوە من لێرە مونتەزیری تۆم
دەریا
لە پشت کۆمەڵێ تاشەبەردەوە
راوەستابوو

تا بزانێ بە گەیشتنت چ دەقەومێ؟!
خوداوەند تیا مابوو..
کاممان لەپێشا بنێرێ
گوێزە پووچەکانی عومر
لە شاخە عاسیەکانی فەنابوونەوە،
هەڵڕێژێتە خوارێ!
لە شەوێکەوە من لێرە مونتەزیری تۆم
(با)
لە نەتیجەی وەرزشو
بەیەکادانی بەیانیانەی
ئەو سنگو مەمکە سپییانەوە
دروست دەبوو،
کە دەکرا لە جیاتیی پەنیر
بیانکەین بە تیکەی بەرچایی!
ئەمێستا بڕوانە
چۆن چۆنی گوێزە پووچەکانی عومری
تۆ
هەزارەها ساڵە خڕ دێنە خوارێ بە
سەرما؟!
بڕوانە بزانە
لە چەند هەزار لاوە سەرم شکاوە؟!

ئەو بەردو تاشەبەردانەی ئاو تلیان دەدا
ئەوە لەتە گوناهبارەکانی سەرمن!
ئەو چیلکەو چەوێڵە بێ دایکانەی
کەوتوونەتە سەر ئاو
ئەوە لەتە بێگوناهەکانی سەرمن!
ئەی ئەو تارماییەی
بە ئێشێکدا، کە دەیگەیەنی بە دڵم

پێ دەچێ ئەوەندەت نەمابێ بۆ ئێرە!
وادیارە چڵی توترِکی ماندووبی‌و
گۆرانیە مزرەکانت
لەو شاخە دوورانە هەڵوەریبن!
من، کە ئامێزیشم والّایە
زێدەتر لە هەر شت تەمای دڕکو دالّتم
کردووە،
کە هاتی پێکەوە دەچین
ژووری لە ناوەڕاستی ئەم دنیایەدا
بەکرێ دەگرین هەر بۆ قسەکردن!
هەزار دینار لە دۆستو برادەر قەرز
دەکەین
بۆ بینین‌و لێکدانەوەی وشەکان،
کە هاتی پێکەوە دەچینە بنەی خەپەکوێر
ئەو هاوڕێ زویرەم دەدۆزینەوە،
کە قەرارە پیش مردن ئاشتیکەمەوە!
ئەمێستا لێگەڕێ تا دەگەی
ڕاپۆرتێ لەسەر خروقاتەکانی کەرو
کورتانەکەی بنووسم!

بچم خەڵکی شار کۆکەمەوە بۆ گەردن
ئازایی
لەوەی کچو کوڕەکانیانم دەڵە کرد!
زانستی پیاوە بەماریفەتەکان بدەمەوە
بە خۆیان،
کە هیچیان لە بەینی منو تۆ نەگۆڕی!
لە شەوێکەوە من لێرە مونتەزیری تۆم،
کۆتایی بەسەرهاتەکەی لەوێوە دەست
پێدەکا
سەرم بەر رەقایی ئیقاعی هەراو
زەنایەک کەوتو لەخەو رابووم!
بینیم هەم سەر و هەم ئیقاع
هاڕەیان کردۆتە بەر پێم!
ئەمێستا لێگەڕێ تا دەگەی، لەتەکانی
سەرم لەم لاپەڕانەوە بپێچم!
لێگەڕێ تا دەگەی
لەتەکانی سەرم
لەمەعنایەکەوە بپێچم.





ڕێگاو چەند هۆنراوەیەکی تر

لەتیف محەمەد حەسەن

ڕێگا

ئەم ڕێگایە چ ڕێگایە؟ ساف‌و ڕۆشن
چەند ڕێگایە؟
لێی ئەوەستم بەیەک چرکە
لێرە نیەو لەگەڵمایە بەم گەرمایە
ئەم ئەندێشەو تابلۆیانە بوو بە شەستەو بەم زریانە
هەڵم ئەگرن باران.. باران
ئەمبزوێنن لە ناو دووکەڵی هەورەوە
ئەموەستێنن هێشوویەک تنکۆک
ئەمهەژێنن ڕستەیێ تەرزە
بۆ تۆ.. چەپکێ ئاوان
یەکەم پرسیاری من بۆ
تۆ.. بۆ من دێنێ
تۆ.. لە ناخی ناخم ئەچۆڕن
تۆ.. لە بەردەمی ئەم شووشەیەدا
نایێتە گۆ..؟ بەرچنەی چاوم پڕ ئەکەن
ئەم ڕێگایە، کە من هاتم ڕێگەم ئەگرن
ئاسمان ئاسمان.. ڕێگەم هەموو یەکە یەکە

دووهەم دڵۆپ
شەقامی ڕەشی دوا باران
پێچو پەنا لە من بووە
بە شانەی قژو بڕۆو برژانگی تۆ
سێیەم دڵۆپ
کڵۆبەردو گڵە سووری
لاکەناری ئەم ڕێگایە
دەمو دانو قژی کاڵو
ڕوخساری سوورو سپیی تۆ
ئەڕۆم.. ناڕۆم
پەڵە هەورو ئەم زریانە
ئەم ئەندێشەو
ئەم دایمەنو ئەم یادانە

ئەم زایەڵەو ئەم گریانە
چاوم ئەگرن
ڕێگەم ئەگرن
خەریکبوو وەرم بگێڕن
ڕێگەم ئەبێ بە دوو بەستی
بۆسێ تابلۆ
لە ماچێکی هەڵواسراوی
نێوان گیانی منو یەک بە یەکی
قژی زەردو خەندەی دەمو
چاوی ڕەشی جوان جوانی
تۆ..
تۆ..
تۆ..

***

٢٠٠٦/٥/٦– ڕێگای هەولێر





لەو شارەی چەند ساڵێکە
جێمهێشتووە
لەو شارەی دوو جار
دایکمی لە ئامێز گرتووە
بۆ ئەچمەوە خەفەت قوڕگمی گرتووە
جێی ئەهێڵم
تۆزی غەریبی
لە رەنگو دڵم نیشووە
لەم رێگایە..
لە سەر بانیژەی ئەو دێیە
ئەو کۆترە، کە نیشتەوە
وتم بەڵکو نامەیەکی هەڵگرتووە
مژدەی بارینی تنۆکێ
تەرزەو ئاوانێکی لە ژێر باڵە
بەو ئاوانە

بە قرچەی ئەم نیوەڕۆیە
دەستنوێژێکی لێگرم..
نوێژێ بکەم لەم رێگایە
پڕ لە نزاو پڕ دوعا بێ
بۆ چرایە کوژایەوەو
لە دڵما بۆ تا ئەبەد
تاریکستانی نایەوە..
بۆسێ چرا
لە دوورەوە
لە ناو پەنهانی جەستەدا
سۆفیی دڵم حەلوەلایە
گڕیان هەیە
نازانم بۆ نووریان نایە
بۆ بینایی ئەم رێگایە..
***



ئەمرۆ

تەنیا.. تەنیا
(با) کشومات
ئاسمان تەنیا
نە ئەستێرە هاودەمی بوو
نە پەڵەهەورێ رەفیقی ڕێ
تەنیا دڵم لەگەڵ نالە نالی
کوورەی گەرمی ئەسپی ئەم ماشێنە
لەم ڕێگایە وەک بروسکە
دێتو دەڕوا..
زەمەن ئەبڕێ
جێگا، گوندو کڵێگەو دۆڵو چیا
بەملاولادا لێم ئەڕژێ
سەرتاشێکی گەورەی گەڕۆک
دێوەرەیەو لەم دەشتەدا
گڕ ئەخواتو
قژی کاڵی گوڵەکانم دائەهێنێ..
من نازانم..

خۆزگەی دڵەو لە ناو دەستما گەورە
ئەبێ
ئەبێ بە شابالّی پەریی خۆشەویستی
لە ئاکاری ئەم کێڵگانە لەنگەر ئەگرێ؟
یا (با)یەکی سەرهەڵگرتوو
هەڵئەکاتو قژو بژی کێڵگەی ڕاکشاو
لەسەر باسکی ئەم کێوانە ڕائەژەنێ..؟
نازانم من..
سەرو قژی کاڵو چاوی ڕەشی ئێوە
لە من ئەبێ بەم کێڵگانە
خۆزگەی وڕگڕتووی پەنجەکانم
خولیایە، تا دەستێ بێنێ
بە برژانگی ڕەشی ئەم گوڵانەو
چاوی کاڵی ئەم کێڵگانە
لەسەر باسکو لە ناو دۆڵی
ئەم چیایەو ئەم ڕێگایە

ڕیگای هەولێر– کۆیە ٢٠٠٦/٦/١٠

چیرۆکی ئورستیللا

"ناتوانین بەو شەقامانەدا گوزەر بکەین، کە رۆژێ لەرۆژان وامان زانیوە هی خۆمانە!"

شیعری: جۆزێ. ئا. مازوتی
وەرگیرانی: ئاوات حەسەن ئەمین

ئەمە کاتێ رووبدا، کە پاپۆر بەلامە
غلیۆنەکەی قۆماندارمان ئیتر ئەوەمن
لەبیر چوەوە، کە لە ٦٨ چی لەسەر
زەویە کاکی بەکاکیەکە رووبدا.
لەپێناوی پاداشتا
کەسمن لەوە نەگەیشتین، کە رفینراوین،
بەدیل گیراوینو چاوەروانی مردنین.
ئازارەکانمان ئەوەیان فێرکردن کە:
باوکەکانمانو براکانمانو پادشاکانمانو
هەموو ئەوەی، کەبووینو، کە
دەسەڵداریان بووین.
ئێستا لەدرزی جیاوازییە بەدەر ئەکەون،

بەڵام دوژمنەکانمان.. ئەوا لە دەریاوە هاتوونو
شەتەکیان داوینو پارەیەکی باشیان داوە.
لەشو لاوارەزەکانمان وەڵامی چاوەکانیانی ئەدایەوە.
وەکو ئەشزانم.. وەڵامی چەندن جووتە چاوی تریان داوەتەوە.
کە دیارە یادگاری نیشتمانێکە بەخشندەیی
لەسەر چەرچەفی سەرمێزو خوانی ئاهەنەکانا.. ئەشەکێتەوە.

هەواڵی باشترین زەوییەکانی کڕی‌و
سەدقوڵیش
لەگەڵ (مگاردهم)و کالیسکەیەک، کە
ئەژدیها
رایئەکێشێ.
دایکە تاوانبارەکەش.. فیشەک بە هەوادا
ئەتەقێنێ
بێ ئەوەی کەس هەست بە ترس‌و
تۆقاندن بکا.
ئاە.. ئەی شازادەی بێ مۆڵەت، ئەی
شیعر
وەکو دیمەنی وێنەکێشراو لەسەر بەرد.
سروشتی بوو، کە بگەینە کەنارت،
چونکە
ووشکانی نیە، تۆ نەبی
ئێمە هەموو ئیشێکمان لەکیس چوو.
لەم چاڵە داروخاوەدا گەنجێتیمان
لەدەستدا
ووشک هەڵگەراین بێ ئەوەی کازیوەی
بەیان ببینین
دەرگاکانمان لەسەر دا ئەخەن‌و ئیر شەو
نابینین
ئو ناوداریە کۆنەمان وێرد ئەکەنەوە
ئەوەی پێمن خۆش بوو.
ئەبێ ئێمە تەحەموولی ئاگر
کەرێتیەکانیان بکەین
تا لەم بەلەمە دارزاوەدا رزگارمان بێ‌و
ئاماژەی
راستی ببینین.

بە دڵنیاییەوە یادگارییەکان بە نەمری
ماوەتەوە لەجێگایەکا، کە ئێستا وەکو
گەوهەر لەسەر شانمەوە شۆربۆتەوە
کاتێ لەوێدا ژنێکی جوان هەیە.
چاوەڕوانی شمشێرە دووفاقەکەتە.
خۆشی لەوە ئەبینێ، کە لە دەستت
چووە!

المطرد: چەکێکی کۆنە، کە لە تیرو داس
پێکهاتووە.
سەرچاوە: حیکایە اورستیلا– الثقافات–
ترجمە یاسین گە حافظ.



لە پشت باڵی تەنیاییمەوە



هۆنراوەی: نەمام

لە پشت باڵی تەنایی منەوە
گۆرانیەک نەماوە بۆ فڕین
بەر لەوەی باوەشم پڕکەم لە بۆنی
سنەوبەری تەڕو
پێش ئەوەی دەستم لە گەردنی سپی
خەوێکی منالیمەوە بەجێ بمێنێ
ئەبم بە ئاو
بە تریفە
بە باران
ڕەنگ بە خەیاڵمەوە نامێنێ

من بەختیاریم مەرگ بوو لەسەر
پێکەنینی پیاوێک
کە هەموو ژیانی لەپێکەنینی منا بوو
نەیانهێشت لێو ڕێژ بێ لە تەسلیم بوون.
تۆش بیر لە پێکەنین مەکەرەوە
ئەی غەمبارترین پیاو
ئەی سامناکترین تەنیایی .
.....
نازانم بۆ نووریان نایە
بۆ بینایی ئەم ڕێگایە..

گورگی تەرە

نووسینی: عەزیز نەسین
وەرگێرانی: م. گۆمەیی

من گورگم.. گورگێکی بۆر.. واتە، بە کورتی، منم گورگە بۆر.. لە هۆزی گورگاندا چەشنی تریش هەن. وەك گورگی رەش، گورگی سوورو.. هەر لە ئەزەلەوە ئێمە لە جەنگەڵو چیادا دەژین. بێگومان ژیانی جەنگەڵمان لا خۆشە، چونکە نێچیری زۆرمان تێیدا دەست دەکەون. ژیان لەوێدا گونجاوترە. بەڵام، تا دێ جەنگەڵەکانمان لێ تەسك دەبنەوە. رۆژ لە دوای رۆژ رێگەو بانو شارو ئاوەدانی خۆ بەسەر دارستاندا دەکێشن، بۆیە ئەوان، تا بێ پاشەکشە دەکەنو دەپووکێنەوە. تا بێ زەمینەی ژیانمان لا تەسك دەبێتەوەو گوزەرانیمان روو لە سەختیە. سەرەڕای گشت ئەوانەیش، ئەوی ماوەتەوە مرۆڤ بۆ رابواردنی خۆ دەیکەن بە شوێنی سەیرانو گەشتو گوزار. لەم سالانەی دوایشدا گەڕیان لە دارستانی نزیك شارەکان ئا ڵاندووە تا بیکەن بە باخی گشتی.

کە منداڵ بووم لە گەورەکانم دەبیست، کە پێشتر جەنگەڵی ئێمە نە سنووری دیار بووەو نە کەنار. هەروەها هەمیشە پر بووە لە ئاژەڵی هەمە جۆرە. تەنانەت منیش لەیادمە، کە هەرزەکار بووم لە دارستاندا گشت جۆرە ئاژەڵ هەبوون. بۆیە هیچ جۆرە زیندەوەرێ لە برسا نەمردووە. بەڵام لە ئەمڕۆ بە دواوە ئەوە نامێنێ.. بە هەر حاڵ، چی دەبێ با ببێ ، لە لای ئێمەی گورگ. ئەگەر چی برسێتی بێ، یان بێدەرەتانی، نیشتمانی خۆمان هەر خۆش دەوێ. ناتوانین پێ لەو دەڤەرە ببڕین، کە تیایدا لەدایکبووین. ریشەی نیشتمانپەروەری لە ناخماندا رواوە.. ئاژەڵان هەن دەڵێن: "ـ لە هەر کوێ ورگمان تێر بێ ئەوێ نیشتمانمە. ئەوە ئێمە نین."

نیشتمان شتێکی تڕە. ئەرێ ئەشێ هیچ هەبێ جێگەی نیشتمان بگرێتەوە؟.. هەرگیز نا..

هەرگیز گومان لەوە ناکەم.. ئای چیم بەسەر هات.. وا لە نیشتمان دابڕام.. هیچ گورگێ بە ئیهێڵم. ئەوا جیمهێشت، بە ڵام ئایا بە خواستی خۆم بوو؟ وەك گێرامەوە، مرۆڤ دەستهەڵگر نین لە داگیرکردنی نیشتمانم، کە جەنگەڵستانە.. لەم دواییانەشدا بەزمێکی تڕیان دۆزیوەتەوە ناوەوە دەکشێنو هەر گیانلەبەرێکیان تووش بێ بە گوللەی قورقوشم نیشانی لێ دەگرن. واتە لە ئەوجا لە جەورە مرۆڤ تا بێ دارستانەکان کتەسك دەبنەوە. ئاژەڵی بێ داڵدە دەمێننو جێ نەماوە خۆی تیادا حەشار دەن. نە رووکردنە کێو رزگاریان دەکا لە دەست راوچیو نە هە ڵاتن بۆ دەشت. منیش لەو تۆ رۆژێکدا، بۆ پاراستنی گیانم لە قورقوشمە کوشندەکانی راوچی. رووم لە شاخ نا. بەڵام پۆلێ راوکەری نێو جەنگەڵ هەر بە گیریان هێنام. بەم لادا هەڵدێم ئاگرە، بەو لادا هەڵدێم هەر ئاگرە! هەر چوار لام لێ گیرابوو.. لە ژێر بارانی گوللەدا قەتیس مام. راوکەری دڵ بەرد رێگەی شاخیان لێ گرتم. هەر دەبوو گوللە رێژمکەن، هەر نەبێ گورگ لەبەر گرووبی پێستەکەی هەر

چۆن بێ، خۆم لە چاو راوکەر بزر کرد. بەڵام هەر وامدەزانی لە دوامن، بۆیە هەر خێراترو خێراتر رامدەکرد. پاش ئەو راکەڕاکو هەڵەداوانە خۆم لە نێوەندی شارێکدا دیتەوە. من لەو دارستانە خۆم لە چنگ چەند مرۆڤێ دەرباز کرد. بەڵام وا لێرە کەوتوومە نێو کۆمەڵێ مرۆڤ.. بەڵێ کۆمەڵێ پەت لە ملو هەندێکیان بێ پەت بوون. واتە هەر سەگ بوو لە دووی مرۆڤ. هەندێ کەس سەگەکانیان لە باوەش گرتووە.. سەگم دی بە دار تەلدا هەڵدەمیزاو هەندێ لە نێوەندی رێگاکاندا هەڵتوکاوو هەندێکی تریش بەرەڵا.

ئەو توخمە ئاڵچاغەی سەگ. شەرمیشە وا دەڵێم: چونکە بە داخەوەو ئەوانیش لە رەگەزی ئێمەن.. وەك گەورەکانمان دەیگێڕنەوە. مرۆڤ ئەوانی بەرە بەرە دەستەمۆ کردووە، تا ئەو ئاستەی بوون بە سەگ. توخمی سەگ ملکەچن بۆ مرۆڤ.. پێشینانمان گوتوویانە: سەگ بوونەتە سیخور لەسەر گورگ. دیارە ئەوە راستەو چونکە ئەوانەی من دەمبینێن گەشتە راویان دەکرد. هەمیشە سەگیان پێ بوو. راوکەر ئەوانی پێش خۆ دەداو ئەوانیش لە هەچ شوێنێکدا هەستیان بە نێچیری خۆ شاردوو بکردایە، ئەوا بە لووڕە خاوەنی بەڕێزیان لێ هۆشیار دەکرد.

لەو شارە مەزنەدا چوومە گۆڕەپانێ، وەستامو روانیمە هەر چوار لای خۆم. دەبینم جەنجاڵو بەیەکداچوونە. سەرم لەو دیمەنە سوڕما. هاتوو چۆو بەیەکداچوون گێژی کردن. قەمەرە، لۆری، پاس، تریلە، ماتۆر، پاسکیل، تراموای. دێمەوە. ژیانی ئێمەی گورگە بۆر هیچ کات ئەوە نییە بە سۆز نیشتمانمان بوێ."

ئەوەی سەرسامی کردووم.. لە دارستان راوکەر دەریپەراندمو بە تەقە هەڵیانبڕیمو بە تەقە هەڵیانبڕیم، ئێستەش کەوتومەتە نێوەندی شارو بە نێویاندا هاتوچۆ دەکەم بێ لەوەی کەس سەرنجم بداتێ.. تۆ بڵێی لە تاو شپرزەییو دەردی گیان ئاگایان لە من نەبێ.. نا هەرگیز ئەوە نییە، دیارە پەی بەوە نابەن، کە من گورگم.. تۆبڵێی بە گورگم بزانن؟ دەشی لای ئەوان من سەگبم.. دیارە جیاکردنەوەی سەگو گورگێك بە ناکاو دیتنێك هەڵنایەتو ئاسان نیە. بیریش بۆ ئەوە ناچێ گورگێك وا بە لەنجەو لار بەناویاندا بخولێتەوە. بەوەیش، کە من هیچم لە ملدا نەبوو دیارە بە سەگە خوێڕی سەر شەقامەکانیان دەزانیم.

بەڵێ، نیشتمان.. بەڵام چاکوایە لە بریی گوشەی راوکەری ستەمکار پێستم کونکا ئێستا بە سەگایەتی سەر شەقامەکان قایلبم. ئای بەهەشتی نیشتمان لە یەکەم هەلدا هەر دەگەڕێمەوە.. تۆ با تاریك دابێ.

هەندی بەو گۆڕەپانەی ناوەندی شاردا گەرام، پێم لە جەرگی خۆم ناو هێدی هێدی کشامە ناو شەقامەکان. کەس ئاوری لێ نەدامەوە . دەشێ نەزانن من گورگم.. منیش لەبەر پاراستنی گیانم وەك سەگ خۆم نیشاندا. هەر، کە خاوەنی گرتووی یەکێك لەو سەگانەم دەدی، کە سەڵدانە سەڵدانە دوای خاوەنەکەیان کەوتوون. بۆنی پاشەڵی سەگی پەت لە ملی پاش خاوەن کەوتوم دەکرد تا واینیشاندەم، کە منیش سەگم. جارجارەیش لەگەڵ سەگی مااڵیدا مرەمان لەیەك دەکرد. بێگومان سەگەکان لە مرۆڤ تیژبینترنو دەیانزانی من لەوان نیمو گورگم بۆیە دانیان لێ جیر دەکردمەوەو پێمدەوەڕین. منیش بۆ شاردنەوەی گورگێتیی خۆم گوێم نەئەدایە مرخەو وەڕین، ئەگەر چی سەگ هەر لە رەگەزی گورگ دابەزیوەو سەرچاوەی زمانمان هەر یەکە. سەگ بە دیالێکتی سەگیو ئیمەش بە دیالێکتی گورگی دەدوێین.
هەندە بەو شارە مەزنەدا گەرام چاکم برسی بوو. خۆ ئێرە جەنگڵستان نییە کەرووێشك،

رێوی یان بزنە کێوییەك یەکالاکەمو ورگی خۆمی پێ تێرکەم. داخی گرانم. بۆ هەیە لە نیشتمانی گورگ بچێ؟ هەرگیز نا.. ئای نیشتمان. ئۆف نیشتمان.

برسێتی تەنگی پێ هەڵچنیم هەندە نەمابوو سەگ بوونی خۆمم لەبیر بچێتەوەو ببمەوە بە گورگ. لەوانەبوو سەگێکی خنجیلانە یان منداڵێك، تەنانەت زەلامێکیش لەتوپەتکەمو بیخۆم، بەڵام ئەوە دەبوە هۆی دوا هەناسەی ژینم.
بە ورگی بەتاڵەوە شەقامەکان گەرامو لە کۆگاکانم دەروانی، ئای، کە جوانن، پیشانگا، دوکان، کوافێر، بازارە فراوان، بۆ هیچ ماوە بیڵێم...پیشلنگای سیخناخو هەمەچەشنەلەو ئاستەدا بووم قەپ لە پارچە گۆشت یان لەتە نانێك بگرم و بیفرێنم. لەپر پارچە پسکیتێکم دۆزیەوە! لەوانەیە لە یەکێك کەوتبێت یان منداڵ بۆی توردابم. دەسبەجێ قوتم دا، بەڵام چێژی نەگەیشتە بێخی ددانم، هەمان کات بینیم یەکێك لەپاڵ مێزی چایخانەیەکەوە"کوچ کوچ کوچ " بانگم دەکا . ئەرێ بڕۆم؟ نەڕۆم؟ خۆ توخمی مرۆڤ جێی باوەڕ نین... کوتوومت هەروەك سەگ لەبەردەم کابرا هەڵتوکام. کەوتە دەست هێنان بە سەرما. بیرم بۆ ئەوە چو ئەگەر ئەم ئاستە لە جەنگەڵ بوایە، ئەم پیاوە دەیوکوشتم چونکە گورگم،بە ڵام، کە لێرەدا سەگم، واتە ئەو بە سەگم دەزانێت بۆیە دەست بەسەرمدا دێنێت. ئەوە یەمهەم جار بوو دەستی مرۆڤم بەر بکەوێ."ئای ئەگەر قەپێك لە دەستی کابرا دەگرم". نا چاکوایە خۆمی لێ بکەم بە سەگ و کلك شۆرکەم.. ئەو سێ کەسەی پێکەوە دانیشتبوون هاتنە قسە:
-کوڕینە ئەمە لە سەگێکی گورگینی رەسەن دەچێ.
"- بەڵێ بەڵێ.. دیارە زۆر رەسەنە.
"- خۆ کوتوومت گورگە.. بڕوانە..
"- خۆ قایشی لە ملدا نیە.
"- کەواتە بێ خاوەنە.
"- سەگی گورگینی ئەوتۆ بێ خاوەن نابێ.
"- ئەگەر بێ خاوەن نەبێت ئاوا خوێڕیو بەڕەڵا ناسووڕێتەوە.
"- دەڵێی سەگە گورگە، بەڵێ هەر سەگی گورگینە، بڕوانە چۆن لەبرسا ناوقەدی قوپاوە.
"- بەستەزمانە بووەتە تانجی.. ئای داخەکەم.
"- خۆ تۆ بۆ سەگ دەگەرای، فەرموو ئەوە سەگ.. لە گورگیش دەچێت.
"- ئەگەر کار لە ویستن بێ ئەوا دەمەوێ.. بەڵام ماڵەکەمان هەندە تەسکە جێگەی خۆمانی تیا نابێتەوە.

پاشان ئەوان کەوتنە سەر باسی تر. منیش هەروەك گورگی لە رەگەز وەرگەڕاوی بەسەگ بوو، وەك سەگ لەسەر دوو قاچ هەڵتووکامو لە پاداشتی دەس بە سەدا هێنانی کابرا خۆم کرد بە پاسەوانی.

ئەوەی لێیان گەیشتم ئەوە بوو، کە ئەوانە سێ پیاوی ئاوارەنو لەو شارەدا دەژین. لە وڵاتی خۆیان بێکار بوون، لە تاو برسێتی، بۆ پارە پەیدا کردن پەڕیونەتە ئەم شارو وڵاتە. وەك من ئەوانیش باسی نیشتمان پەروەری لە زمانیان ناکەوێت. هەریەك لەگەڵ گوتنی وشەی نیشتمان کڵپەو گڕی ناوجەرگ لە زاریان بۆ دێتە دەر. گوایە نیازیانە پاش رەنجو تێکۆشانو پارە کۆکردنەوە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆ.

کە وتوویژی ئەوانم بیست، دەرکەوت وەك یەك هاودەردین. ئەوەیان، کە هەژدە ساڵ دەبێ پەڕیوەتە ئێرە. دەیگووت:
"- براینە، نازانم ئیوە نیشتمان نیشتمانی چیتانە..، کە منیش تازە بووم لێرە هەر نیشتمان نیشتمانم بوو پاشان بۆم دەرکەوت ئەو نیشتمانەی ئێوە خۆلیاین دەبێ هەمان ئەو شوێنە بێ، کە گورگی تێدا تێر دەبێ. دوانەکەی تر بەو قسانەی هاوڕێیان زۆر قەڵس بوون.

هەروەها منیش لەلای خۆمەوە زۆر تورە بووم. من دوو لاقی ئەویاندا بووم، کە ئەوەی گوت. بە زۆر خۆم ڕاگرت، ئەگینا ئەگەر خۆڕاگر نەبومایە، یەك قەپم بە دەعباکەیدا دەکرد، دەمپچری و هەڵدەهاتمەوە بۆ جەنگڵستان، بەڵام دەمزانی دووم دەکەوتنو بەساغی دەرباز نەدەبووم، ئەونۆش هەر خۆم پێ نەگیراو لەژێر لێوەوە بە زمانی گورگی مرخەیەکم لێکرد، کابرا هەر نەیبڕییەوە:

"- هاه نیشتمان!.. کەمم بێکاری، بێ هاودەمە بێ خۆراکی تێدا چەشت، هەروەها لە لایەکەوە خێزانمی تیادا بێدەرەتانو منالّمی تێدا لاوازو نەخۆش کەوت. لە لایەکی تریشەوە خۆم هەر مردم..لە کوێ ورگم تێر بێت ئەوێ نیشتمانمە.. دەریشمکەن لێرە هەڵناکەنرێم.. گەر چی دەشزانم دەردەکرێم.. بە ڵام سەیرە بڕۆم..
یەکێکی تریان گوتی:
"- ئای، کە گەوجە، بۆ پیاو نیشتمانی بۆ ئەوە دەوێت، کە ئیشی بۆ پەیدا بکا؟"

ئەوی یەکەمم:
-ئەی چۆن، ئەی لەبەر بێ ئیشی خۆشم بوێ؟
-کوڕە بۆ ئەوەی پێی دەڵێن نیشتمان قۆنتەراتچییە؟ یان دەبێت مرۆڤ نیشتمانی بۆ ئەوە خۆش بوێ، کە خۆراکی بداتێ؟ بۆ نیشتمان چێشتخانەیە؟
مشتومڕ ورده ورده گەرم دەبوو، هێندەی نەمابوو لێیان ببێتە شەڕ. ئای ئەگەر دەبوو بە شەڕ، منیش ئەوەم لەتوپەت دەکرد، کە بە سووکی ناوی نیشتمان دەنێ، بە هەر حاڵ ب ڵاوەیان لێکرد، من مامەوە لەگەڵ ئەوەی دەستی بەسەرمدا هێنا.
کە ئەو هەستا منیش دوای کەوتم. جار نا جارێ ئاوڕی دەدایەوە تا بزانێ منی لە دوا ماوم، کە دەیزانی هەر لە دوویم شادمانی لە روو دیار بوو، چونکە لێی ڕوون بوو، کە دەبێ بەخاوەن سەگ. لە ناکاو خۆی کرد بە ناو دوکانێکداو دوو قوتوو خۆراکی سەگی کڕی، ئەجا سوور بۆم دەرکەوت، کە دەبێتە خاوەنم. پاش هەندێك پیاسە گەیشتینە ماڵ. ئێمەی گورگ، کە لە وەرزی سەرماو سۆڵەی سزتاندا لە دارستان خۆراکمان لێ ببڕێ شەو خۆ دەگەیەنیە گەورو ژێرخانی ماڵانو پردەدەینە ملی شەڕو بەرخ دەیانخنکێنینو پاشان پارچە پارچە دەیخۆین. من زۆر جار سەرم کردووە بەناو گەور یان کولانەی مریشکدا، بەڵام ئەمە یەکەمجارە بچمە نێو ماڵ.

ئوخەی تێربووم. با شەو دابێ. با تاریکی باڵمان بەسەردا بپۆشێ، ئەوسا دەگەڕێمەوە ناو دارستان. نیشتمانەکەم.. جەنگەڵەکان.. هێشتا بۆنیان لە لووتمدا ماوەو تارماییانم لەبەرچاوە.. پاش خواردنی ئەو خوراکە خۆشەی سەگ، لەسەر دۆشەکێکی گەرو نەرم راکشامو لە ناکاو خاو بوومەوە..، کە لەخەو ڕاپەڕیم زۆر دەمێك بۆ هەتاو بەرز بوو.. گورگو ئەو جۆرە خەویان نەگووتوە.

خاوەنی وەك خۆم نیشتمان پەروەر" نازانم لەوەو بەر بووی یان چوو لەبازار کری" یەك قایشی کردە ملم و پەتێکی لێ گرێداو منی برد بۆ پیاسە. لە راستیدا، ملەوانە لە مل کردنو بە پەت کێش کردن بۆ توخمی گورگ شورەییە، بە ڵام دەسە ڵات چیە؟.. با شەو دابێت..
ئەوجا، کە گەراینەوە ماڵەوە هاوسەری خاوەنەکەم جێگەیەکی تایبەتی بۆ ڕێکخستم، دۆشەکێکی یەکجار نەرمو ڕۆژی دوو جار خۆراکی سەگ. ئاوی پاکو ڕوونم لە پێش دادەنێت، هەرگیز بیرم بۆ ئەوە نەچوە، کە ژیانی سەگ لە شاردا هەندە خۆشە. بەڵامئاخ هەر شتنی تێدا نەبویە..

ئاخر گورگو خۆشتن! هەفتەی دووی ان سێ جار لە بانێو یەکیان دەئاخنێمو بەسابوونی بۆندار دەیانشتم. سەرمرای گشت ئەوانە هەر لە

یەکەم هەلدا دەگەڕێمەوە نیشتمان.. نیشتمان شتێکی تر،هیچ نییە لە دڵدا نیشتمان بگرێتەوە؟. ئەوەی لێرە لبارەی سەگەوە بینیم زۆری سەرسام کردم مووتاش هەن تاییەت بە سەگ؟ ئەرێ سەیر نییە؟ خۆ وا منیش دەبەن بۆ ساڵۆنی مووشتاشین. هەرگیز نەمزانیوە منیش پێویستم بە مووتاشین دەبێ، چونکە مووی گورگ هەر خۆی دەوەرێتو مووی تر لە شوێن دێتەوە ئو مووتاشەی منیان بردە لای کێژێکی زۆر جون بوو، چونکە سەگی زۆری دێتە بەردەستی شارەزای رەگەزی سەگان بوو، رەگەزی منی بۆ دەرنەکەوت، بۆیە چونکە لە خاوەنەکەمی پرسی: ئەمە لە چ رەگەزێکە؟ خاوەنەکەم گوتی: سەگی گورین.. کچەکە گوتی گورگە سەگم زۆر دیوە بەڵام هیچم لەم جۆرە بەرچاو نەکەوتووە.. خاوەنەکەیشم ددانی لە کێژە جێرکردو گوتی: "- کەواتە ببینە.. کچی مووتاش لە پێشدا پاك لەشی خاوێن کردمو پاشان نینۆکەکانی هەندە خوێن کردمەوە، دەبریقانەوە.

پەککووو، کە رۆژگارم خۆش دەگوزەرێت ئەگەر خزمان هاوڵەکانم دەزانن لە شاری هورەدا باری باری سەگایەتی هەندە خۆشە، گشتیان جەنەڵ جێدێڵنو لەشار خۆ دەکەن بە سەگـو پاشماوەی ژیان بەخۆشی دبەنە سەر، باشە چۆن دەنگم بیانگاتێ..

خاوەنەکەم نامەی نووسی بۆ خزمانی وڵاتی خۆیو بانگاشتی کردن بۆ ئێرە ئەوانیش هەر بەگەیشتن دەکەونە سەر کار، پارەی چاك پێکەوە دەنێنو دەگەڕێنەوە بۆ وڵات، خزمی بانگاشتە کراویش بانگی خزمانی تر دەکەن، هەروەها ئەوانیش هی کەسانی تر جا ئەوانیش گشتیان وەك من هەر ل یەکەم هەلدا دەگەڕێەوە بۆ وڵات. هەر نیشتمان نیشتمانیانە.

شوور لێر ژیانی سێکسیشم لەبارە لە جەنگەڵدا دەگورگی گۆڵ دووی یەك دێڵ دەکەوتینو لەپێناوید بەمرخەو شاڵاو بۆ یەك دەچووین یەکدیمان دەخنکان یا زامدار دەکرد، ئەوەیشی نەمردایە لە خوێی خۆیدا دەگەوزا بەڵام لێرە ئوتۆ نییە، وەك گشت سەربەخۆیەکی تر ژیای سێکسی یەکجار سەربەخۆیە چونکە من بەگورگی رەسەن سەگی گورین دەزانن لە خاوەنەکەم دەخوازن من لەگەڵ دێڵەکانی خۆیان جووتکەن.

مەگەر دێڵێکم بەدڵبێت ئەگینا پاش یەك دوجار پاشەڵ بۆنکردن رووبان لێ وەردەێرم. بەوجۆرە یەك رەوە توتەڵە گورگە سەگم بو شارەد بڵاوکردۆتەوە.

ئەوەی منی سەرسام کرد.. ئای لەوە باشە من سەرم لچی سوونامێنێت.. نزیك دەرا دەبمەوە لەخۆەوە دەکرێتەوە باشە دەرگا چۆن دەزانێت وا یەکێك یان سەگێك دەیەوێت پێیدا تێپەڕێت وا لە خۆوە دەکرێتەوە؟ ئەی ڕێگاو پێپیلکە رەورەییەکان ئاوی دەستشۆر، کە لە بردنەپێش‌و کێشانەوەی دەست لەخۆوە دەچۆرێن‌و دەبەسترێنەوە هەر، کە مێز دەکرێتەو ئاودەستێك لەخۆوە ئاوی بەسەردا دەچۆرێت‌و قاقزی دەکاتەوە هەر، کە پەنجە دەگاتە سەر دوگمەیەك پانکەکان لەخۆوە دەکەونە با هەڵمژین من لە گشت ئەوانە سەرسامم بەڵام ئەوتۆیش هەر نیشتمان خۆشە.. هیچ شتێك تامی نیشتمان نادا..

تەححا گوتم شتێکی سەیرم دیوە ئەوەی زۆر بەلامەوە سەیر بوو ئێمەی سەگ ئای ئای ئای! ئەوە من چیم گوت؟ خۆ من دەڵێم ئێمەی سەگ! نا لە دەمم دەرچوو دیارە ورده ورده گور بوونی خۆم لەبیر دەکەمو بەرەو سەگ بوون دەچم باشە دەبوو چی بڵێم خۆ نتوانم بڵێم ئێمەی گور لەم شارەدا سە گورستانی خۆی هەیە ئەوە بەلای منەوە زۆر سەیرە، سەگـو گۆرستان!.. بەراستی سەر لەوکر دەرناکەم.

ماوەیەك لەمەوبەر نەخۆش بووم خاوەنەکەم بەئوتۆمبیلی خۆی بردمی بۆلای پزیشك بو راچێتیەی دوکتۆربۆ نووسیم خاوەنەکەم دەرمانی کڕی‌و دایمێ، پاش یەك هەفتە لە

بەکارهێنانی دەرمان چاکبوومەوە ئەگەر ئەوە لە جەنگەڵستان بوایە لەماوەی یەك هەفتەدا دەتوپیم.
ئەوتۆیش هەر هیچ ب نیشتمان نابێت.. ئاخ نیشتمان داخ.. هیچ ومانی تێدا نییە، کە رۆژێك بەڕێمەوە نیشتمان باشە کەی؟ ئەوپەری لە یەکهەمین هەل..
خاوەنەکەم خاوەن کارەکەی لەخۆی زویر کردبوو بۆ؟ چونکە لەو ماوەی هەشت ساتی کاردا هەژدە جار دەچوو بۆ میزکردن هەر میزکردنێکیشی لە چارەك کەمتر نەبووە.. خاوەنەکەم دەڵێ: ئەی چۆن میزیش نەکەین؟ بۆی خاوەنەکەم چوو بۆ لای پزیشکو پشوی دوو هەفتەی بۆ خۆی وەرگرتو ئەو دوو هەفتە پشووەی بە چوونە چایخانەو یاری کاغەز لەگەڵ هاوڵاتیلانیو باسی سۆزی نیشتمان بەسەر برد، کە بیکاری دەبڕێتەوە جاجارەیش لابەلا ئیشی رەشی لێ هەڵدەکەوێت خۆ لەبێزاری مااڵوە چاکترەو شت مانگێك یرمەتی چوارده منااڵ وەردەگرێت ئەوەی من لەماڵدا دەمبینی تەنها دو منداڵ بوون، هەرگیز دەرزەنە منداڵەکەی ترم بەرچاو نەکەوت.
خاوەنەکەم زۆری خۆشدەوێم لەلای ئەمو ئەو باسم دەکاو دەڵێ (سەگێکە هەر دەڵێی مرۆڤە لە مرۆڤیش چاکتر تێدەگا.. گشت وتەیەك تێدەگا، تەنها ئەوەی، کە ناتوانێ بدوێ.)
شوێك ئاگام لەوە بوو خۆیو ژنەکەی تا ئەو دەمەی سستو بوونو خەویان لێکەوت زۆریان مشتومڕ کرد.
خاوەنەکەم دەیوست ژنەکەی تەڵاق بدا، بەڵام هەر وەك جاران پێکەوە بژێنو ژیانی هاوسەرییان نەگۆڕن،مەبەستیش لەوجۆرە تەڵاقدانە ئەوەیە، کە ئەوسا ژنەکەی مافی ئەوەی دەبێت لە ماڵەوە دانیشێتو مووچەی بێکاری وەربگرێت. واتە دوو مووچەی بێکاری جی بو خێزانە دەبڕێ.
لێرە هەموو شتێك، هەموو شت چاکە ئەگەر سۆزی نیشتمان نابێ، ئەو دەردە سەختە.. ئای نیشتمان..لەڕووی ئو سۆزوە بۆ نیشتمان منو خاوەنەکەم زۆر لەیەك دەچین.
خاوەنەکەیشم هەر وەك هاوڵەکانی بیر دەکاتەوە گشت باسی سەرزاریان ئەوەیە، کە گوایە لێرە دەچەوسێنەوە، بەچاوی سووك لێیان دەڕوانن، بەمرۆڤی پلی دوو دەژمێردێن، ماف خۆراون، جوێن دەدەن، نەفرت دەبارێنن، ئاخ نیشتمانو بەس.
خاوەنەکەم ئەو ئوتۆمبیلەی فرۆشت، کە لە دەستی دو کڕیبووی مارسیدیسێکی نوێ نوێی کڕی، ملوانکە زیرە باریکەکەی خۆی پێشکەش کرد بەو هاوسەرە تەڵاقدراوەی، کە هێشتا لەگەڵی دژیو ملوانکەیەکی ئەستووری بۆ خۆی کڕی، بەڵام بازوو بەندە زێرەکەی هێشتا لەدەستە.
ماوەیەك لەمەوبەر منی لەگەڵ خۆ برد بۆ کۆبوونەوەیەك لێرە سەگ بۆی نەبوو بچێتە دیوی ژوورەوەی هۆڵو منیش بەوە راهاتووم لەو جۆرە شوێنانە لەپاڵ دەرگاکە رادەکێشمو چاوەڕوان دەبم، لە دەرەوە گوێم لە گشت جۆرە گفتوگۆیەکە.
خاوەنەکەم لەو کۆبوونەوەیەدا زۆر گەرم بوو، (ماف نادرێت بەڵکو دەسێندرێ، مافی خۆمان بەزەبر وەردەگرین) لەگەڵ وتەکاندا مشتی کێشا بەسەر مێزەکەدا پەرداخە ئاوەکەی لسەر کەوتو شکا، گوتی: "- ئێمە لێرە ئارەقی ناوچەوانمان رشتووە."

هەرگیز جێیناهێڵین. هەروەها گوتی: "- ئێمە لێرە خاوەن مافین ئەوەی لەناو دانیشتوانەوە بانگی بۆ گەرانەوەی نیشتمانی هەڵدا، وتی: گریمان لێرە ئارەقی ناوچەوانمان رشتبێت ئەی دەزانن لەوڵات چی ریژراوە؟ ئەوی لەوڵات دەریژرێ تەنها ئارەقی نێوچەوان نییە، بەڵکو بە درێژایی مێچوو باوباپیرانمان خوێی خۆیان لەسەر ئەو خاکە رشتووە سەرو سامانیان لەپێناودا بەخت کرد کام پاداشتەیان لەبری وەرگرت؟ بۆ خۆیان لەسەر ئەو خاکە رشتووە، سەرو سامانیان لەپێناودا بەخت کرد کام پاداشتەیان لەبری وەررت؟ بۆ نەچین ماف لەوڵاتی خۆمان بخوازین بۆ ماف لەوان ناسەننەوە؟" بەگشتی لەو کابرایە تووڕە بوون، "منیش دەماری تورەییم بزوا" خاوەنەکەم وتی : چیبکەین، لەوێ کەس خاوەن ماف نییە، لێرە ماف دەدرێت بۆیە ئێمەیش لێر دەمانەوێ بیسەنین... تێکرا چەپڵەیان بۆ خاوەنەکەم لێدا منیش خۆم بۆ رانەگیرا کوتومت وەك سەگ بەڵام لەبەرخۆمەوە وەڕیم پاشان سەرم لەوە سووڕما چۆن لاسایی سەگم کردەوەو چۆن بەرەبەرە خەریکە ببم بە سەگ لوێدا وتەکانی ئەو کابرایەی تووڕەی کردم ئەوەی هێنامەوە یاد، کە من گورگمو خەباتی نیشتمانی گورگانی هێنامەوە یاد گشت ستێکی خاکی نیشتمانمان سووڕە بەخوێنی پژاوەی نێچیرە لەتوپەت کراوەکانی ئاوێتە بوو لەگەڵ هینەکانمان ئاخ نیشتمان، با هەڵێکم بۆ هەڵکەوێت..

ئائائا، پێویستە ئەوەیش باسکەم ئەمانەیش لەخۆرایی سە راناگرن دیارە ژیانی ئێرەیش زۆر لەبار نیی ئێمەمانانیش پاداشتی خزمەت وەردەگرین سەگیان بەزۆری بۆ پاسەوانییە پاسەوانی کۆشك ماڵو باخچەهەندێ سەگیش هەن بوون بە پۆلیسی.. شوێنی شاردنەوەی تلیاك و ئەفسیون بەئاسانی دەدۆزنەوە لەسیرکەکاند یاری دینەمەنی سەیرو جۆراوجۆر نیشان دەدەن سەیش هەن عەرەبانەی شتە کردروەکانی ژنان خاوەنیان رادەکێشن جارجارەیش چوار پێنج سەگ پێکەوە یەك خشکە رادەکێشن سەگی راوو سەی جوونی بۆ شادکردنی خاوەنەکانەکانین هەڵوێستی سەیرو عەنتیك دەنوێنن.. سەگ هەن راو دەکەن سەگیش هەن دەبنە هاوڕێی یانی مرۆڤی پیرو تەنیا بااڵ.. واتە ئێمەی سە پاداشتی کردەوەی خۆمان وەردەگرین، واتە مفتخۆر نین..

هەر لەسەر ئەو شێوەیە، مانگ مانگی لەدوا دێت، هەفتە لەدوای هەفتە لە ناکاو چاوم کردەوە چەندین ساڵ تێپەڕیوە وا بە تەواوەتیش پیر بووم زۆر درەن لەوە گەیشتم، کە ژیانی سەگێتیم درێژتر بووە لە ژیانی گورێتیم کەمردیشم، چونکە نازانن من گورگم لەگۆرستانی سەدا دەمنێژن نیشتمان؟ ئەهها، بەڵێ نیشتمان.. هەر لە یەکەم هەلدا.. خاوەنەکەیشم هەروا دەڵێ ئەویش هەر دەڵێ: یەکەم هەل چەندەم خۆش دەوێ خۆشەویستی من بۆ نیشتما لەباس نایەت.. بۆ ئەوەی لەبرسا ئەتۆپم چەندین سات دووی کەرۆێشکێ دەکەوتم، دەشتو کێو هەڵەداوان بۆ ئەو رۆژانەم لەبیر دەچێت.. رۆژانی زستانی سەخت لەو نیشتمانە لادێیی دەیتۆپانین.. لە رۆژانی برسێتیشدا پەلاماری گورگی لاوازو برسیو ئو جۆرە پیرانەمان دەدا، کە لەبرسا توانای چاو هەڵهێنانیان نەدەما، لەتو پەتمان دەکردنو دەمانخواردن.. ئائائاخخخ نیشتمان..

هەر یەکەمین هەل، بەڵێ هەر لەگەڵ یەکەم هەلدا.. خاوەنەکەیشم هەر دەڵێ: لەیەکەم هەلدا..

<u>تێبینی</u>

- یەکەم جار ئەم چیرۆکە لەگۆڤاری گزینگ چاپی سوید ژمارە پێنی پایزی ١٩٩٤ باڵاوکراوەتەوە.
- لەهاوینی ١٩٩٤ کاك تاریق ناسیح لەکەنەداوە بەمیوانی هات بۆ لام، هەندێ بەرهەمی تورکی بۆ خوێندنەوەی خۆی هێنابوو، من، کە ئەم چیرۆکەم تێیاندا بە گونام زانی دەقی کوردیم بۆ دارشت.

ئەفریقا رۆژی خۆی دەکوژێ



کێن سارۆ ویوا
وەرگێرانی: فاروق هۆمەر

زۆڵی ئازیز
بێگومان بە گەیشتنی ئەو نامەیە تووشی سەرسورمان دەبی، بەڵام بۆم ناکرێ بە بێ گوتنی خوداحافیزی ئەو جیهانە جوانەت بەجێبهێڵم، کە تیا مەحکومیت بە ژیان. دەزانم هەندێ ئەم کارەمیان پێ شوێن بەزەییە، هەر وەک سازانو جێمبای هاورێم پێیان وایە جوانترین ساتەکانمان دوو سێ هەفتە لەمەوبەر بەسەر برد.

بە هەر حاڵ، ئەم نامەیە بۆ من ئاهەنگە، کارێکە تەژی لە خۆشەویستی، سەرباری پیشەکەم، سەرباری سبەی بەیانی، جۆرێکە لەوەی شانازیی پێوە دەکەمو لە یادەوەریمدا دەمێنێتەوە.

بۆ من هەمیشە گەنجینەیەک بووە، ئەو ساتە خۆشانەی لە گەنجیماندا بەسەرمان بردووە، لەو دەمانەدا، کە جیهان هێشتا نوێ بووو ماسیەکانیش لە جۆگەلە ئاڵتونیەکاندا دەفڕین.

بەڵام ئەو ساتانە تەمومژاوی بیرەوەرییەکانمن لە بارەی ئەو ڕۆژانەی کە ئێمە لە ئەفریقا دەژیاین، ئەو ڕۆژانەی کە ئێمە بە ئاسانی ئاسمانمان بە ئاسمانی ئەفریقا دەزانی

بەڵام لەوە گرنگتر ئەو حەقیقەتانەیە، کە بە بێ ترس بۆ تۆم درکاندووەو وام لێ دەکا ئەوەی سبەینێ بەیانی رووەدا بۆ من شادی بەخشو دڵڕەوێن بێ هەر وەک چۆن بۆ ئەو هەزاران بینەرش وەهایە، کە شایەدحاڵی ئەو ساتەن.

دڵنیام ئەم نامەیەت پێ دەگا، چونکە ئێشکگری زیندانەکە ئەوەندەی بەرتیل پێدراوە، کە لە گەیاندنی دوانەکەوێ. بەیانیش دەبێ بەر لە ئامادەبوونی دەستەی گوشەبارانکردن لە گەڵمانبێ. ئەویش وەک ئەوانی دی مەحکوومە بە ژیان، بە بینینی ئەو رۆڵەی لەو جیهانە دۆزەخاوییەی تۆدا بۆی دیاریکراوە.

من دەبینم بەو کارە هیچو پووچەی بەرانبەربە دەستمایەیەکی هەرزانو وەرگرتنی بەرتیل بۆ چەند ساڵێ، ژیانی پووچو سادەی خوی بە فیڕۆ دەدا، من دڵم بۆ کەساسیی ئەو دەسووتێو هەرگیز ئیرەییم بە رەزامەندی ئەو نایەت.

سبەینێ بەم نامەیەوەو بەو بەرتیلەی ئێمە، کە لە بەرۆکی ناوە، بانگمان دەکا بۆ دەرەوە، منو سازانو جێمبا. وەک هەمیشە ناوەکانمان لە لای ئەو تێکەڵو پێکەڵ بووە، سازان بەساجیمو جێمبا بە سامبا، بانگ دەکا. بەڵام ئەوە هەرگیز گرنگ نییە، ئێمە بە گوێی دەکەین، هەر وەک چۆن بەرەوپیریی مەرگی خومان دەچین، ئاواش پێکەنینمان بە گەمژەییو سادەیی ئەو دێ. هەر وەک چۆن بەو دزەی تر پێدەکەنین، قازی.

لەوانەیە تۆش لە رۆژنامەدا ئەوەت بینیبێ. ئێمەش بینیمان، سوپاس بۆ هاوڕێ بەرتیل خۆرەکەمان، ئێشکگری زیندانەکە، کۆپیەکی ئەو رۆژنامەیەی بۆ ناردین، کە راپۆرتەکەی تیا پەخش کرابوو. ئەوە رۆژنامەی میللەتێکی دڵ رەق نییە، لە نێوانی خەڵکانێ، کە بە کاری خراپە راهاتوونو بە ونبوونی ژیان، دڵخۆشییەکی سادیانە دەیانگرێ. دەبێ چەند پرسیارێ هەر کرابێ.

بێگومان کەسانێ هەن پرسیار دەکەن، بەڵام بە کەماڵی ئیسراحەتو لە پارێزراوترین شۆێنەوە، لە ماڵەکانی خۆیانەوەو لەسەر خواردنەوەی شووشە بیرە بێکۆتاکانەوەو بەدەم تەماشاکردنی ئەو بەرنامە هیچوپووچو بێزارکەرانەوە، کە مرۆڤە کەوتووەکانی ئەوروپاو ئەمریکا بۆ پڕکردنەوەی کەرێتیەکانیان بۆیان دەنێرن.

ئەوانە ویژدانیان بە شووشە بیرەکان سارێژ دەکەن، گەدەیان وەڵامەکان دەشواتەوەو ئیدی لە بیری دەکەن، کە دەڕشێنەوە پرسیارو وەڵامو ویژدان فڕێ دەدەنە ناو دەستشۆرەکانیانەوە کە پڕە لە گەندو گوو پیسایی.

گرەو دەکەم قازییەکە بۆ خۆیشی ئەوە لە یاد ناکا، بە درێژایی ژیانی دەبێ لە یادی بێ، ئەو بەیانییە زۆر لە نزیکەوە لێی وردبوومەوە. ناتوانم وەسفی ئەو شڵەژانو باوەڕبەخۆنەبوونەی بکەم، کە لە سەر روخساری بەدیمکرد، چاویلکەکەی لە دەستی کەوتە خوارەوەو بە گرانی هێمنی خۆی بۆ رادەگیرا. بە درێژایی هەموو ئەزموونی ئەو، ئەوە یەکەمین جارە، کەسێ بچێتە بەردەمی، کە تاوانبار کرابێ بە تاوانێ سزاکەی مردن بێ، دان بە تاوانەکەیدا بنێو داوا بکا حوکمی بەسەردا بدرێو گوشەباران کرێ بە بێ دواکەوتن.

بە درێژایی چەندین مانگ، کە هێشتا حوکم نەدرابووینو لیژنەی دادوەری خەریکی ئامادەکردنی کەیسەکەمان بوون، منو سازانو

جێمباش بە دیقەتەوە پرۆژەمان دەکردو لەسەر ئەوە کۆک بووین، کە داواکەمان درێژە نەکێشێ، ئەو هەڵەشیان پێ نەدەین، کە ئەوان خۆیانمان بەسەرا بسەپێنن‌و حوکمی جوراوجۆرمان بەسەرا بدەن، وەک ئەوەی یەکێکمان ئازاد بکرێ‌و یەکێکمان لە سێدارە بدرێ‌و یەکێکیش زیندانی هەتایی.

رێگاش نادەین بە پارێزەرەکان بە جل‌و بەرگە رەش‌و هەزەلیەکانیانەوە، کە دەڵێی بۆ مردووناشتن لەبەریان کردووە، رۆڵی لێبووک ببینن‌و چلەحانێ دامەزرێنن بۆ دڵدانەوەمان، یان خۆیان بەوانە رەوشت ئامێزەکانەوە ماندووکەن.
نەخێر، ئێمە سەرەرای ئەوەی دزو جەردەو رێگربووین دەنگماندا بە مردن، نەمانویست ئەو هەڵە بدەینە یاسا، کە خۆی تووشی سەرئێشە بکا. بەوەش نەک هەر لە گەڵ خۆمان، بەڵکو لەگەڵ پیشەکەمان، لەگەڵ وڵاتەکەمان، لەگەڵ مرۆڤایەتیش راستگۆ بووین.

بەوپەڕی خێرایی بڕیاری مردنیان بەسەرا سەپاندین، بە پێی ئەو بڕیارە دەبوو بە بێ دواکەوتن گوللەباران بکرێین. لە خۆشیاندا بە یەکەوە بە یەک دەنگ قریشکاندمان. قازی دوای ئەوەی بەسەر شڵەژانەکەی خۆیدا زاڵ بوو، بە بیانووی ئەوەی (دادگامان بێزارکردووە) فەرمانیدا.

ئەو رۆژە بمانبەنە دەرەوە. من بۆ ئەوە دەچم قازییەکە کاتێکی داینەوە تا بزانێ ئێمە پەشیماندەبینەوەو دانپیانانەکەمان دەگۆڕین یان نا. بەڵام وانەبوو، ئێمە رای خۆمان نەگۆڕی.
بۆ رۆژی دوایی، کە ئێمەیان بردەوە، بە دەنگێکی بەرزو دلێرەوە هەمان شتمان دووبارە کردەوەو گوتمان بەڵێ ئێمە دزیمان کردووەو پیاویشمان کوشتووە.

ئێمە تاوانبار بووین. کشی‌و ماتی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا، قازی دەست‌وقاچی تێکئاڵاندبووو، ئەوەی کرد، کە دەبوو بیکا. ناچارمانکرد لەگەڵ پیشەکەی‌و لەگەڵ یاساکانی وڵاتدا راستگۆ بێ‌و رێزی رێڕەوی دادگاش بگرێ. هەموو ئەوانەی لە دادگاکەدا بوون سەرسام بوون، بە تایبەتی پاسەوانەکان، کە لە هۆڵەکە چووینە دەرەوە پێدەکەنین.

"ئەوانە تاوانباری گەورەن، جەردەن، کە لەدەرەوە کۆیانکردبووینەوە گوێم لێبوو وایان پێدەگووتین. کاتێکیش دەیانخستینە نێو ئەو ماشێنەی، کە تایبەت بوو بە گواستنەوەی زیندانیەکان، تەماشاکەرێ تفێکی لێکردین. ئێستا، کە من دانم بە دزێتیەکانی خۆمدا نا، لێم دەپرسیت بۆچی ئەمانەم کرد؟!

من وەڵامی ئەو پرسیارەت بە گێرانەوەی چیرۆکی ئەو سۆزانیە جوان‌و گەنجە دەدەمەوە، کە جارێکیان لە شاری (سان پاولۆ)، کە کەشتیەکەمان لەوێ لە نگەری گرتبوو پێیگەیشتم.

من گەلێ جار ئەو چیرۆکەم بۆ هاورێکانم گێراوەتەوە. دوای ئەوەی لەگەڵی نوستم، لێم پرسی: "- تۆ بۆچی لەم شوێنەیت؟"

گوتی: "- هەندێ لە کیژان حەزدەکەن لە ئۆفیسدا کاری سکرتێرەیی بکەن، هەندێکیش پێیان خۆشە ببنە پەرستار، منیش لەشفرۆشیم وەک پیشەیەک هەڵبژارد.
ئەو راستبێژییەی ئەو تووشی سەرسوڕمانی کردم. وای لێکردم بیر بکەمەوە. ئایا من بە

هەڵبژاردنی خۆم لەم کەشتییە بازرگانییەدام یان کاتێ من وازم لە قوتابخانە هێنا ئەم کارە وەک یەکەمین ئیشێ خۆی بەسەرا سەپاندم.

کاتێ گەڕاینەوە ماڵێ، من لە کەشتیەکە هەڵاتم. سوپاس بۆ سۆزانییەکەی سان پاولۆ.

لە وەزارەتی بەرگریی بووم بە کاتب، لەوێ لەگەڵ تاڵانکردنی خەزێنەی نیشتمانی رووبەڕوو بوومەوە. بە شێوازێ، کە لە هەر رووبەکەوە باسی بکەم لە قوڵاییەوە ناخم دەهەژێنێ.

هەر کەسێکت دەبینی خەریکی تاڵانی بوو، کەسێ نەبوو گازەندە بکا. من گازەندەم لای هەر کەسێ دەکرد دەیگووت: "- ئەگەر ناتوانی لێیان بدەی، ببەرە بەشێ لەوان."

من بە هیوای ئەوە نەبووم لە هیچ شوێنێ ببمە بەشێ، وێستم لێیان بدەم، شەڕم لە دژیان بەرپا کرد. ئەوەندەی نەبرد خۆیان لە من رزگار کردو دەریان کردم.

من ئیدی رێگا چارەیەکی کەم بۆ نەمابۆوە، بۆ پەیوەندیکردن پێیانەوە دەبوو بڕیار بدەم. دەستم دایە چەتەیی‌و رێگری، بوومە دزێکی چەکدار. ئەوە هەڵبژاردنی من بوو. ئەوە وەڵامی من بوو، لێشی پەشیمان نیم.

ئایا من دەمزانی ئەو رێگایە ترسناکە؟ هەندێ لە ژنان سکرتێرەن، هەندێکیش پێیان خۆشە ببنە سۆزانی. هەندێ لە پیاوان ئەوەیان هەڵبژارد ببنە سەرباز یان پۆلیس، هەندێکیش بونە پزیشکـو پارێزەر. منیش حەزمکرد ببمە دز. هەر کارو پیشەیەک ختورەی خۆی هەیە. رەنگە لێخوری تاکسیەک لە کاتی لێخورینی ماشێندا بگاتە مردنی خۆی. خاوەن کارێکیش لەوانەیە لە کاتی تێکشکانی فڕۆکەیەکدا کۆتایی بە ژیانی بێ. مردنی دزێکیش لە بەردەم دەستەی گوللەبارانکردندا کێشەیەک نییە. گەر لە من بپرسیت، ئەو مردنەی من هەڵمبژاردووە گەلێ سەرنج راکێشەرترو لە پێشچاوترە لەو مردنەی بە هۆی خواردنەوەی زۆرەوە جگەرت دەوەستێ‌و لەسەر پێخەف دەمری.
بەڵام دزی کارێکی کۆمەڵایەتی نییە؟. بەڵێ دەزانم تۆ ئەو پرسیارە دەکەی. ئەوەش ئیسپاتێکە بۆ تێکشکانی یاسا. من نامەوێ هیچ بیانوویەک بۆ شکاندنی یاسا بهێنمەوە.
بەڵام تۆ بیر لەوە بکەرەوە لێرەو لەوێ چەندین ژن‌و پیاو هەن، کە خەریکی شکان‌و پێشێلکردنی یاسان.

بڕۆ تەماشای ژمارە نۆزدەی ئەیلوولی گاردیان بکە، ئەوە هەمان ژمارەیە، کە یادداشتەکەی ئێمەی تیادا بڵاوکراوەتەوە، چیرۆکی ئەو فەرمانبەرەی دەوڵەتی تیا بخوێنەوە، کە زیاتر لە حەوت ملیون نایرای دزیوە. حەوت ملیون، باشە! ئەوە ناکۆمەڵایەتیە؟! وایە لە گەڵتام.

تۆ چەند چیرۆکی‌ترت لەو جۆرە بیستووە؟.

ئەی چەند چیرۆکی‌تر لەو جۆرە هەیە، کە نەزانراوە؟.

من دەڵێم ئەگەر ئەو ئارەزووەی من ناکۆمەڵایەتییە، ئەوا من لە باندێکدام، لەو باندەدا؛ سەرۆکی وڵاتانی تیایە، رێکخراوی نێونەتەوەیی، پیاوان‌و ژنانێ، کە فەرمانبەری دەوڵەتن چ لە ئاستی بەرزدا یان نزم. تەنیا جیاوازییەک لە نێوانی من‌و ئەواندا ئەوەیە، کە من ئامادەم نرخەکەی بدەم، ئەوان ئامادە نین. ئاگات لێیە؟.

من داوای تێگەیشتنت لێ ناکەم، ناشمەوێ بەزەییت پیاما بێتەوە، نە لە ئیستاو نە لە داهاتووشدا پێویستم بەوە نییە. من هەر وەکو حەقیقەتێ ئەم شتانەت پێدەڵێم. باشە.

من چاوەڕێی ئەوەت لێدەکەم، کە بڵێی دزین بە زەبری چەک، جۆرێکە لە دزینی قووتی خەڵک، کەسێکی خوێندەوار هەرگیز ڕوو لەو پیشەیە ناکا.

من بۆ ئەوە ئەم وەڵامەت دەدەمەوە، تا بزانی ئیدی ئەو دەمە دێ، کە خەڵکانی ڕۆشنبیر جوان پەروەردەکراو دێنە نێو ئەم پیشەیەوە. لەگەڵ هاتنی خۆیاندا، جورەها شێوازی ڕۆمانسیش تێکەڵاوی ئەم پیشەیە دەکەن. زیرەکیو شارەزاییەک، لە دواجاردا قازانجی کۆمەڵگای تیادایە. نا نا من شێت نەبووم.

لە ڕاستیا، خراپکردنو وێرانکردنی گەلانی ئەفریکا لە ڕابردوودا، بە دەستی ئەو پیاوە سیاسیانەوە بوو، کە نیوە ڕۆشنبیرییەکیان هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ خەڵکانی جوان پەروەردە کراوو ڕۆشنبیران، دەستییان بەسەر کارەکەدا گرتووە. بڕوانە ئەوانە چەند جوان بەو کارە هەڵدەستن. تا ئەو ئاکامەش، ویژدانم بە ئاسوودەیی دەنوێ. لەوە تێدەگەی؟

با دەربارەی نوستن بدوێین، تۆ سازانو جێمبا دەبینی، لەسەر ئەرزی ساردو ڕەقی زیندانەکە دەپرخێنن، هەر وەک ئەوەی ژیان بۆ خۆی لەسەر باشترین پرخاندن وەستابێ.

بەڵام مەحاڵە ئەو خەڵکانەی تر بەو شێوەیە ببینی، بۆ ئەوەی بڕوا بکەی ئەوا سبەینێ ئەمان ڕووبەڕووی دەستەی گوللەبارانکردن دەبنەوە. ئەمان پیاوی نەبەردیین، جێگرەوە شیاوو لێزانەکانن، جێی داخە تواناکانیان لە کۆمەڵگادا، بۆ هەتاهەتایی بە فیڕۆ دەچێ.

لەوە بوو سازان ببوایەتە سەرهەنگێکی سەربازی گەورە، دوور نەڕۆین ببوایەتە سەرۆکی وڵاتەکەمان لە نموونەی (عیدی ئەمین) یان (بۆکاسا)، ڕەنگە ئەوروپیو ئەمریکییەکانیش بە دۆستێکی باشیان ببینیایە بۆ هەرچی زووتر بەروپێشخستنی دارمانی ئەفریکا.

جێمباش سەرهەنگێکی گەورەی پۆلیس دەبوو، لە بواری پۆلیسیدا زۆر شارەزایە، من دڵنیام، کە تۆ دەزانی سازان لە سوپای پرشکۆی نەتەوەییمان عەریفی دەرکراو بوو، جێمباش لە هێزەکانی پۆلیسدا جێگری عەریف بوو. کاتێ ئێمە بووینە هاوڕێو گروپێکی گەورەمان پێکەوە نا، هەریەکەمان کۆمەڵێ ئارەزووی خۆی هەبوو، هەوڵی دەدا بەدیی بهێنێ. ئیستا ئێمە لە ژووری سێدارەداین، زیندانەکەشمان پاسەوانی تووندوتۆڵ دەکرێ، ئەوان لەسەر ئەرزێکی بۆگەنو سارد، دواساتەکانی ژیانی خۆیان بە پرخاندن دەبەنە سەر.

من ئاسوودەم، کە دەبینم لە ژیاندا شکۆمەندن، ئەوان خاوەنی ئەو جۆرە شێوازەن، کە مێژوو دەخوڵقێنێ. ئەگەر ئەوان لە کاتو شوێنێکیتردا لەدایک بوونایە، هیچ گومانی تیانەبوو، کە یەکێکی وەک (سێر فرانک دریک)، یان (سێر والتەر ڕۆلی) دەبوون. ئەوانەی، کە ئیمپراتۆرییەتیان دروستکردووەو شەرەفی نیشتمانیان پێدراوە. کەچی لێرە ژیان کارەساتێکی گەورەیە، تراژدییایەکی نەبڕاوەیە. پاڵەوانێتی لەم ئەستێرەیەی ئێمە ونە. ئێمە لەو هەزارپێیانە دەچین، کە لە دارستانەکاندا بێهودە دەخشێن، سازانو جێمبا بێ مانا دەمرنو کەس گۆرانیان بۆ ناڵێ.

لەگەڵ ئەوەشا دەمەوێت راستییەکت لەلا بدرکێنم، ئێمە بەڵێنمان دا کەس نەکوژین‌و کەسیشمان نەکوشت. من‌و سازان‌و جێمبا، بەشێک نەبوین لەو دزییەی، کە کراو لەسەری گیراین، کارەکەش بە باشی دەگوزەرا ئەگەر بەرێوبەری پۆلیس، بەشێ لە رێکەوتنەکەی نەشکاندایە، چونکە ئەو بۆ خۆی لەو کارەدا هاوبەشمان بوو. پۆلیس لە هەموو دزییەکاندا هاوبەشە، ئەوان هەموو باندەکان دەناسن. ئێمە هەرگیز سەرکەوتوو نابین ئەگەر ئەوان هاوبەشیمان نەکەن.

من‌و سازان‌و جێمبا، سەرکردەبووین. ئێمە بۆ خۆمان نەدەچوین بۆ دزی، کوڕەکان بە کارەکە هەڵدەستان. لەو کارەدا ئەوان لە دەرەوەبوون، بەرێوبەری پۆلیس وای دانابوو، پۆلیس لەگەڵ ئەو ماشێنەدا نەبێ، کە ئەو ڕۆژە پارەی کرێکارەکانی هەڵگرتبوو. لەبەر هەر هۆیەک بێ ئەوە رووینەدا، بۆیە پۆلیس لە کوڕەکانی ئێمەیدا، کوڕەکانی ئێمەش دەستیان لێکردنەوەو پۆلیس‌و پاسەوانەکانی کۆمپانیاکەیان کوشت. کوڕەکانی ئێمە دەستیانگرت بەسەر پارەکەدا، بەڵام ئێمە ڕێکەوتنەکەمان لەگەڵ پۆلیس کوشتنی تیا نەبوو.
بۆیە دەبوو ئێمە ئەو نرخە بدەینەوە، چونکە پۆلیس بێدەنگ نەئەبوو بەرانبەر بە کوشتنی ئەندامەکانی،هەموو پارەکەیان لە ئێمە وەرگرت‌و دوایش کەوتنە شوێن کوڕەکانی ئێمە.
ئاگادارمان کردنەوە نەکەن، کوڕەکانی ئێمە فەرمانی ئێمەیان جێبەجێ کردووەو گوناهیان نییە.
ناچاربووین خۆبەخشانە شوێنەکانی ئەوان بگرینەوە. ئیدی پۆلیس ئێمەی گرت وهاتوو هاوارێکی زۆریشی دەربارەی گرتنەکەی ئێمە نایەوە. دڵنیام لە دواجاردا کوڕەکانی ئێمە.

بێدەنگ نابن‌و بڕیاری خۆیان هەر دەدەن. نازانم بەرێوبەری پۆلیس چی بەسەر هات، بەڵام دەبێ بە خۆیا بچێتەوە. ئەگەر ئەمە هیچ سوکناییەکی تیایە بۆ تۆ، کاتێ دڵنیا دەبی، کە من خوێنم نەڕشتوە،
هەرگیز خوێنم نەڕشتوەو هیچ تاڵانییەکیشم بۆ خۆم نەبردووە، ئەوا دەبێ دڵت ئاوبخواتەوە.

بە هەر شێوەیەک بێ‌و هەرچییەکمان لە خەڵک سەندبێ،کەسێکی دەوڵەمەندمان لەگەڵ هاوبەش بووە. من‌و سازان‌و جێمبا دەوڵەمەند نین، ئێمە شوێن نانپەیداکردنی خۆمان کەوتین. زۆرن ئەوانەی ئێمە بە هەڵخەڵەتاو دەزانن‌و پێیان وایە ئێمە گوێمان بە ژیانی خۆمان نەداوە، ئەمە وایە. من رێگە بە خۆم ئەدەم بە ناوی هاوڕی نوستووکانیشمەوە قسە بکەم.
ئێمە بۆیە فێری ئەم پیشەیە بووین چونکە جیاوازییەکمان نەبینی لە نێوان ئەوەی ئێمە دەیکەین‌و ئەوەی ئەمڕۆ خەڵک لەسەر گۆی زەوی دەیکا. لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە، چ لە سیاسەت‌و چ لە بازرگانی‌و چ لە دزیندا، هێڵێکی هاوبەش هەیە.

چ لە ئیستاو چ لە رابردووشا، باووباپیرانمان بەرانبەر هەندێ کەلووپەلی سادەی وەک ئاوێنەو جگەرەو ئارەق، کەسە نزیکەکانی خۆیان کردۆتە کۆیلە.

ئاوازەکە هەر هەمان ئاوازە، تەنیا کەسەکان گۆڕاون‌و کەرەسەکان بونەتە ماشێن‌و رادیۆو ژمارەی بانکی وهیچی دی. لە داهاتووی چاوەڕوانکراویشدا هیچ شتێکی دی ناگۆڕێ. سبەینێش گرفتی ئێوەیە، ئەی ئەوانەی لەو کاتەدا دەژین.
زۆڵی.. ئەوە کەڵەشێری بەیانی دەخوێنێ، ئیدی دەبێ کازیوە دەرکەوێ. من نامەوێ بە

شێوەیەکی مەجازی بدوێم. لەم زیندانەدا تەنیا تیشکی ئەو مۆمە نەبێ، کە لەبەری دەنووسم تاریکی باڵی بەسەر هەموو شتدا کێشاوە.

جێمباو سازان، خەونێکی قووڵ نوستوون، پاسەوانی زیندانەکەش بە درێژایی شەو نوستووە، ئەوش هیچ کێشەیەکی دروستنەکردووە. گەر بمانەوێ دەتوانین لێرە بە ئاسانی هەڵبێین، پاسەوانەکان زۆر کەمتەرخەمن، بەڵام بۆ خۆمان نامانەوێ، هەر وەک ئەوەی چۆن دوای درەنگانێکی سبەینێ دەبێتە هەتوان بۆ ئازارێ، کە بەرگەناگیرێ.

ئەوە تۆو پاسەوانەکەن لە زیندانداً دەژین، زیندانێکی هەتایی،کە ئێوە ئەستەمە بتوانن بەئاسانی لێی هەڵبێن. چونکە ئێوە هەست بە خوتان ناکەن کە لە زیندانداً، بەختەوەریتان، بەختەوەری نەزانینە، ئەو نەزانینەی کە لە زیندانداً دەتانهێڵێتەوە، ئەو زیندانەی ژیانتانە.
بەڵام ئەم شەو، رۆژ لە منو سازانو جێمبا هەڵدێو ئازاد دەبین. سازانو جێمبا هیچ لە دوای خۆیان جێناهێڵن، من هەر هیچ نەبێت ئەم نامەیەم لە دوا جێدەمێنێت،کە تکات لێدەکەم با بۆ نەوەکانی ئایندە بمێنێتەوە.
زۆلی.. من هیچ هەڵچوونێکم پێوە دیارە؟! هەست دەکەی وەک ئاوازێکی غەمگین دەرژێمە دەرەوە؟ بڕوابکە لە ژێر کاریگەری ئەوەدا نییە، کە بەیانی گوڵە باران دەکرێم. ئەگەر کەمێک بە خۆتا بچیتەوە هەست بەوە دەکەی.

لەگەڵ ئەوەشا، ڕێی تێدەچێت بینینی مردن بەو شێوە رووەو بەرجەستەیە وای لێکردبم بیرکردنەوەم جیاواز بێ؟
دەبینی؟ هەمیشە ئەو بیرکردنەوانە لە قوڵایی ناخمەوە هەڵقوڵاوە. قەت لە بارەیانەوە نەدواوم، قسەم لەسەر نەکردوون، بۆ خویان لە ناوەوە ڕۆشنیان کردومەتەوە.

لە دوای چەند کاتژمێرێکی دی بانگمان دەکەنە دەرەوە، لەگەڵ ئەوانیتردا سواری ئەو ماشێنە غەمگینە دەبین،کە پێی دەڵێن ماشێنی زیندانیەکان.

ببینە چۆن هەموو شتە غەمگینەکان پێکەوە گرێماندەداتەوە، چارەڕەشی، تاعوون، ماشێنی زیندانییەکان، ئیفلیجی، چاڵی رەشی کالکۆتا. ماشێنی زیندانیەکان، بۆ کوێمان دەبا؟ بۆ کوێ؟.. بۆ کەنار زەریا، یان بۆیاریگا؟.
من گرەو دەکەم بۆ یاریگا،بەڵام من حەزم لە کەنار زەریایە. هەرهیچ نەبێ بۆ جارێکی دی چاومان بە زەریا دەکەوێتەوە، من ڕێزێکی بێکۆتام بۆ زەریا هەیە، ئەو ڕۆژانەم دێنێتەوە یاد کە لە کەشتیوانی کارم دەکردو لام بۆتە مێژوو، شەیدای پانوپۆرییەکەیم، هێزو تواناکەی، ئەو نهێنییەی لە ناو خۆیدا حەشاری داوە، قوڵاییە نەبینراوەکەی. لەوانەیە دوای گوڵە بارانکردن، بە خەیاڵیاندا بێ لاشەکانمان فڕێ بدەنە زەریاوەو شارکەکان بمانخۆن، ئەوسا ماسیگرە یابانیەکان یان ڕوسەکان ڕاوی ئەو شارکە بکەنو گۆشتەکەی بخەنە فرێزەرەوەو دواجار لە کارتۆن بنرێ وبفرۆشرێتەوە بە بازرگانە هندییەکان، ئەوش قازانجێکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان.
ڕەنگە لەو ڕێگایەوە ئەمە جۆرێک بێ لە درێژ کردنەوەی ژیانی خەڵکی، بەڵام ئەوان ئەو چاکەیە لەگەڵ ئێمە ناکەن.

من دڵنیام ئەوان دەمانبەن بۆ یاریگا تا دیمەنێکی دڵڕفێن نیشانی ئەو خەڵکانە بدەن کە بێکارنو حەزیان لە کات بەسەر بردنە، تا دڵیان خەمگین نەبێو مەستیان بکەن بە

پێکەنین‌و سەما، نەک بیر لەشتی ناخۆش بکەنەوە. ئێمە بەم جلە شڕانەوە لەوێ دەبین، کە ئیستا لە بەرمانە. ئەوە بۆ مانگ زیاترە هیچ کەلوپەلێکمان نەشۆراوە. ئەگەر پێویست بکات بە کۆڵەکەیەکەوە دەمانبەستنەوە، نەک بە خەیاڵماندا بێ بیر لە ڕاکردن بکەینەوە. بۆ کوێ هەڵبێم؟.

من پێم وایە چاویشمان دەبەستنەوە. سازان‌و جێمبا، دەیانگوت کە ڕێگە نادەن چاویان ببەستڕێتەوە، من لەگەڵیاندام، من دەمەوێت ئەو کەسە ببینم، کە گوللەبارانم دەکا، دلێرانە لە لولەی ئەو تفەنگە ورد ببمەوە کە ڕووی کردۆتە من. تەماشای بەرینی ئاسمان بکەم، بڕوانمە خۆر، ڕۆشنایی ببینم، تەماشای هاووڵاتیانی وڵاتەکەم بکەم، کە پێک لێکدەدەن بۆ مردنی ئێمە، بۆ خۆشنوودی‌و ئازادی.
یاریگاکە پڕ دەبێ لە حەشامات، لە قەڵەبالغی، خەڵکانێکیش هەن بێ شوێن دەمێننەوە، بەسەر درەختەکاندا هەڵدەزنێن، خۆیان دەخزێننە بالکۆنەی ئەو ماڵانەی دەوروبەر تا بەڕوونی چاویان لە ئێمەوە بێ‌و چێژ لە نمایشێکی بێ پارە ببینن.
ئەمجا قەشە دێ بۆ لامان، بۆ ئەوە دێ نوێژمان لەسەر بکا یاوەخود لێمان بپرسێت دوا ئۆمێدتان چییە. سازان دەڵێت من داوای جگەرەیەک دەکەم. من دڵنیام داواکەی بۆ جێبەجێ دەکەن.
من دەتوانم ئەوە بهێنمە پێش چاوی خۆم بەر لەوەی گوللەکان ڕۆحی ساردبکەنەوە چۆن مژ لە جگەرەکەی دەدا.
ئەو دەڵێ من چێژ لەو جگەرەیە وەردەگرم زیاد لە هەر شتێکی تر، کە بە درێژایی ژیانم کردووەمە، (جێمبا)ش دەڵێ: "من بە کشوماتی دەوەستم، وەک نیشانەیەک بۆ بێزاریم، بە ڕووی قەشەدا دەتەقمەوە پێی دەڵێم بچۆ بۆ دۆزەخ، ئەی نەعلەتی. بچۆ بۆ دۆزەخ ئەی هیچوپوچ. تا هێزم تیایە بەسەریا دەقیژێنم، بەو هیوایەی هەموو ئامادەبوان گۆیان لێم بێ."
چەندم پێ خۆش دەبێ گۆڕەپانەکە پڕ بێت لە مایکرۆفۆن، نەک هەربە تەنیا گۆڕەپانەکە بەڵکو هەموو وڵات، تا پێکەنین بە قەشەو هەموو ئەوانەی ئەویان ناردووە دەنگ بداتەوە. قەشە لە پێناوی گیانی ئێمەدا نوێژدەکا. ئەوە ئێمە نین کە دەبێت نوێژمان بۆ بکرێت، بەڵکو ئەو دەبێ نوێژ بۆ ئەو لوقمە نانە بکا، کە هەوڵی بۆ دەدا، بۆ ئەوانەی، کە ڕۆژانە ژیانیان دۆزەخە.
لە نێوانی نوێژەکەی‌و ئەو گوللانەی کە دەردەپەڕن، بێدەنگیەکی ترسناک هەیە. بێدەنگی گۆڕستان، بێدەنگی گواستنەوە لە نێوانی ژیان‌و مردنا. دەبینی نێوانی ئەو دوانە تەواو کورت بۆتەوە،نێوانیان هێندەی تاڵە موویەکە.
جیاوازی ئێمەو ئەوان، وەک هەر یەکێ لە گۆڕەپانەکەدا هەناسە دەدا، ئێمە وەک کرمێکین. ئای، کە سادەیە، ژیان وایلێهاتوە وەک جەستەیەکی مردووبی.
دەبێت ئاسوودەبم کە ئەم دونیایە بە جێدەهێڵم، ڕزگارمدەبێ لەو بێ ماناییەی، کە بوونی داگیرکردووەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش تەشەنە دەکا.
من ئیدی دەبێ لە سازان‌و جێمبادابڕێم، شەرمەزاریە، کە دەبینی، ئەو دوو کەڵە پیاوە وێران دەکرێن‌و دەگوژرێن، من لە تۆش دادەبڕێم گیژۆڵە ئازیزەکەم. بەڵام هیچ کۆتاییەک بۆ ئەو خەڵکە نییە، کە لەدەرەوەی یاریگاکە گردبوونەتەوەو خۆیان بەسەر درەختەکاندا هەڵزنیوەو لە بالکۆنەی ماڵەکاندان. بەسکی خاڵیەوە خۆیان دەکەنەوە بە کونە مشکەکانیاندا، هەر وەک ئەوەی لە یارییەکی تۆپی پێ هاتبنەوە، بەو چیرۆکانەوە کە ڕۆژانی شەممەی پێ پڕ دەکەنەوە.

ئەو پیاوە گوناح و داماوانە، ئێمەیان بە ئاسانی فڕێدایە دەرەوەی ژیان، لاشەکانمان لە پەتەکان دەکەنەوەو فڕێمان دەدەنە نێو ماشێنەکەوەو دواجاریش بۆ قوڵایی قەبر. من ئامادە نیم ئەو کارە بۆگەنە، بە ملوێنێ دۆلار بکەم، بەڵام ئەو داماوانە بەرانبەر پارەیەکی هیچوپوچی مانگانە دەیکەن. مانگانەیەک، کە بەشی خۆیانو خێزانەکانیان ناکا، ئەوانە گەر بیانەوێت گیانو رۆحی خۆیان بپارێزن دەبێت مانگانەکەیان لەگەڵ بەرتیلدا تێکەڵاو بکەن. من بەزەییم پیاندا دێتەوە.

ڕۆژنامەکان بە دڵسۆزییەوە هەواڵی گوشەباران کردنمان بڵاودەکەنەوە، ئەگەر جێگەیەکیشیان هەبێ، لەوانەیە وێنەیەکمان بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەوەی خواردنی بەیانیت باشتر بۆ برازێنەوە. شتێکم بیر کەوتەوە، جارێکیان لە ڕۆژنامەدا خوێندمەوە، پیاوێک داوا لە قەشە دەکات ڕێگای بدەن بەو گۆچانەوە لە خاکی نێن، کە بەدرێژایی ژیانی هاورێیەکی بەوەفای بوە. ئەوانیش وێنەکەیان لەو کاتەدابۆ گرتبوو کە خەریکە گیانی دەردەچێو بە سۆزەوە گۆچانە ئازیزەکەی بە دەستەوە گرتووە. هاورێیەتیەکی ڕاستەقینە. زۆڵی... باشە گەر وێنەیەکی منت بینی، هەوڵ بدە وێنەکە لێ بکەیتەوە و بیدەی بە پەیکەرتاشێک تا پەیکەرێکی بەردین لەسەر شێوەی من دابڕێژێت، هەر وەک ئەوەی چۆن لە وێنەکەدا دەرئەکەوم. هەوڵ بدات ئەوەندەی پێبدەکرێ شێوەی من بنوێنێ. با شێوازێکی ڕەقی من نیشان بدا، پیاوێکی توندو تیژی نەرمی نەناس.

پارەیەکی کەمم لە بانک هەیە، بانکیشم ئاگادارکردووە، کە ئەو پارەیە بدەن بە تۆ بۆ مەبەستی ئەو پەیکەرەی باسمان کرد.

زۆڵی.. کات بەرەو تەواوبوون دەچێ، ئەوە سازان و جێمباش بە ئاگا هاتوون، ئەوان پێیان سەیرە من بە درێژایی ئەم شەو نەنوستووم. سازان دەڵێت، دەبوو بەلایەنی کەمەوە ئەمشەو بۆ دواییین شەو پرخەی خەوت بگەیشتایەتە ئاسمان. من پێی دەڵێم ئێ باشە چی دەبێت ئەگەر من بۆم نەکرێت لەم چەند کاتژمێرە کەمەدا پرخەی خەوم بێت؟. من پێ لەسەر ئەوە دانەگرم کە ئەمە دواین شەوە دەبوو ئەم دواییین شەوەمان بە شەونخونی ببردایەتە سەر. بەڵام سازان ئەوەی بەلاوە خۆش نەبوو، هەروەها جێمباش.

ئەوان هەڵدەستن، باوێشک دەدەن، خۆیان دەکێشنەوە، چاویان هەڵدەگلۆفن، ئەمجا دادەنیشنو لەدەورم کۆدەبنەوە، داوام لێ دەکەن ئەوەیان بۆ بخوێنمەوە، کە نوسیوومە. بەڵام پێم خۆش نییە بە قسەیان بکەم. تەنیا ئەوەیان پێ دەڵێم، کە نامەیەکی دڵدارییە. ئەوان دەتریقێنەوە، سازان پێم دەڵێت، ئەوە شێتییە لەم سەرە مەرگەدا بیر لە نامەی دڵداری بکەیتەوە. جێمبا پێی وایە من لە مردن دەترسێم، بۆ ماوەیەکی درێژ چاوی بڕییە چاوم تا گومانەکەی بسەلمێنێت. من پێی دەڵێم، نا من شێت نەبووم و هەرگیزیش لە مردن ناترسێم. تەنیا ئەوەندە هەیە دەمەوێت بەو کچە بڵێم کە لە گەنجیما دەستگیرانم بووە، لەم شەوە تایبەتەدا هەست بە چی دەکەم و لەگەڵ ئەوەشا وەسێتێکی بۆ بکەم.

جێمبا دەڵێ: "تۆ تا ئێستا ئەوەت پێ ڕانەگەیاندوین، کە دەستگیرانت هەبووبێ." منیش پێمگوتن: "ئەو کچە ئەوەندەی ئێستا بە لامەوە گرنگ نەبووە، بۆم دووبارەکردنەوە، کە ئەوە دە ساڵە نەمدیووە." هەستمکرد لەم شەوە تایبەتەدا پێویستم بە ڕۆحێکە لێمەوە نزیکبێو لەگەڵی بدوێم تا ئەوەی کردوومانەو بۆچی کردومانە، تا ئەوەی لە دەرەوەو ناوەوەی دادگا ڕوویداوە بگەیەنێتە ئەوانی دی.

سازان دەڵێت، من بە تەواوی پشتگیری تۆ دەکەم، ئەو دەڵێ، منیش پێم خۆشە بیرکردنەوەکانی خۆم بنوسم. ئایا من چەند پەڕەیەکی سپیم هەیە بیدەمێ؟. منیش پێیدەڵێم، نەخێر. تازە کاتیش بەسەر چووە.

ئەوا خۆر هەڵاتو هێشتا لە نوسینی نامەکەم نەبوومەتەوە. ئایا دەکرێ بۆ ماوەیەک رێگام بدەن بە تەنیا بمێنمەوە؟. من گەلێکم پێخۆشە نامەکەم تەواو بکەمو بیخەمە زەرفەوەو بیگەیەنمە لای پاسەوانی زیندانەکە، پێش ئەوەی بە تەواوی لە خەو رابێو بیری بکەوێتەوە کە دەبێت ئەو ڕۆڵە یاری بکا، کە دەبێ پێی هەستێ.

سازانو جێمبا دوو گەنجی ناسکن، سازان پێم دەڵێ، بە دەزگیرانەکەت بڵێ، نەکا مناڵ بخاتەوە، ئەوپەری بێهودەییە ژیانێکی نوێ بهێنیتە نێو ئەم ژینە هیچوپوچەی جیهانەکەتەوە.

جێمباش دەڵێ، بەدەزگیرانەکەت بڵێ، با فرمێسکم بۆ برژێ، ئەگەر ئەوەندەی میهرەبانی تیایە بۆ غەریبان. هەردووکیان تریقانەوەو خۆیان خستە گۆشەیەکی زیندانەکەوە، منیش تەنیا مامەوە تا نامەکەم تەواو بکەم.

ئیستا دەمەوێ دەربارەی پەیکەرەکەم بۆت بدوێم. تۆ لاشەکەی منت بەردەست ناکەوێتەوە، قەبرێکم بۆ هەڵبەستەو پەیکەرێکیش لەسەر کێلی قەبرەکەم دانێ.

ئیتر لێرە بەدواوە، دەربارەی بەشێکی گرنگی نامەکەم قسەت بۆ دەکەم کە بەلای خۆمەوە زۆر گرنگە، ئەویش لاواندنەوەکەمە. گەلێک بیرم لەوە کردۆتەوە،خۆت دەزانی، بەراست . چی دەڵێی دەربارەی دزێ لە گۆرەپاندا لەبەردەم حەشاماتێک خەڵک گوڵە باران کرا؟. ئەو پیاوەی گومڕا کرا کاتی خۆی پیاوێکی باش بوو؟ هەقی خۆی بوو وای لێ بەسەرهات؟

ئەو پیاوێکی ساختەچی بوو؟. گەدایەک بوو؟ ئەو پیاوەی کە سزاکەی لە چاو تاوانەکەیدا هیچ نەبوو؟.

لێرەدا هێڵێکی راستو چەوت بهێنە بەسەر ئەو پیاوەدا،کە لە بەرچاوی حەشاماتێکدا لە لایەن دەستەی گوڵەباران کردنەوە، گوڵەباران کرا، لەسەر ئەوەی بە رۆژی نیوەڕۆ ڤانێکیان ڕووتکردەوەو پاسەوانەکانیشیان کوشت. هەقی خۆیەتی بکرێتە عیبرەت بۆ هەموو دزەکانو بۆ ئەوانەش، کە لە داهاتوودا دەبنە دز.

کێ گوێ بە لاواندنەوەیەکی ئەوها دەدات؟. لەوانەیە کەسانێ وا بزانن ئەمە نوکتەیە.

نا، ئەوانە گوێی پێ نادەن، من بە دوای شتێکی جیاواز ترا دەگەڕێم، شتێکی ئاسانو هۆشمەندانەتر. یاوەخود شتێکی ناوازەو شایستە بە پیاوێک کە لەلایەن دەستەی گوڵە بارانکردنەوە، گوڵە باران کرا.

ئەمە ئەوە نییە کە من خەمی بۆ دەخۆم، ئەو شێوازی مردنەی کە کاتژمێرێک یان دووانیتر منی پێ دەمرم، شتێک نییە شایانی خەم بێ. من لە ناو باندێکی مەزندام، دەبێت خۆم لە ناو لاپەرەکانی مێژوومانداا ببینمەوە، مێژووی تۆندوتیژی، مێژووی کوشتنو بڕین، مێژووی رێزنەگرتنی ژیان، ئاسودەیی کەوتنە نێو سادییەتی ئازارو ئەشکەنجە، ئایا ئەو وشەیە پڕ بە پێستی خۆیەتی؟. ئەمە ئەو دونیایە، کە من بەختەوەرم بەجێهێشتنی.

بەڵام بە بێ لاواندنەوە بە جێیناهێڵم، لە بیرمە چەند ساڵێ لەمەوبەر، کە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو بووم، لە ڕۆژنامەدا دەربارەی پێشەوایەکی ئەفریکی،ئەوەم خوێندەوە کە، لەسەر گۆڕی سەرهەنگێ ڕاوەستابوو،

بەچاوی پڕ فرمێسکەوە، دەیگووت: "- ئەفریکا کورەکانی خۆی دەگوژێ."
من نازانم مەبەستی لەوە چی بووە، بەڵام بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بیرم لەوە کردەوە، بۆم نەکرا لە مانا شارەوەکانی ئەو چەند وشەیە تێبگەم.
بەڵام ئیستاو لە ئەمڕۆدا، لەم ساتەدا، وەکو لافاوێک هاتەوە یادم، دەمەوێ ئەو واتایە لەو بخوازم، پێم خۆشە وەکو لاواندنەوەیەک، لەسەر کێڵی گۆرەکەم، بۆم بنووسی: "ئەفریکا رۆژی خۆی دەگوژێ."
ئەوە لاواندنەوەیەکی چاکە، وانییە، بە دڵنیاییەوە زۆر ناوازەیە، شەتڵێکی زیرەکانەیە. پێویستە ئەوە بڵێم کە تۆ کتومت لەگەڵ منداا هاوڕایت. (ئەفریکا رۆژی خۆی دەگوژێ) ئەمەش لەبەر ئەو هۆیەیە، کە ئەفریکا، وەک کیشوەرێکی رەش وەسفکراوە؟ وانییە؟
ئیستا گیژۆڵە ئازیزەکەم، من تەواو بووم. دڵم ڕۆشنە، وەکو ڕۆشنایی ئەو تیشکی ڕۆژەی بە دزییەوە خۆی دەخزێنێتە، نێو تاریکایی زیندانەکانمانەوە.
گوێم لە پاسەوانی زیندانەکەیە کلیلەکانی دەزرنگێتەوە، ئەوە کلیلەکەی خستە نێو قوفڵی دەرگاکەوە، هێندەی پێناچێ، دەرگاکە دەکاتەوەو بانگمان دەکاتە دەرەوە.
ئیدی کاتی ئێمە تەواو بوو، وەختی من لێرە بەسەر چووو دەبێ هەموو خۆشەویستی خۆمت بۆ بنێرم، مالئاوا. هەمیشە هی تۆ.

هەندێ ڕوونکردنەوە:

* نایرا.. پارەیەکی نەیجیرییە.
* عیدی ئەمین.. سەرهەنگێکی سەربازیو سەرۆکی ئۆگەندە بووە، لە ساڵی ١٩٢٤ لە دایک بووەو لەساڵی ٢٠٠٣دا کۆتایی بە سەردەمی حوکمی دیکتاتۆرییانەی ئەو هێناوە.
* بۆکاسا.. لە گوندێکی کۆنغۆ لە دایکبووە، لەسەر دەستی معەمەر قەزافی بۆتە ئیسلامو ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ سەلاحەدین ئەحمەد بۆکاسا، حاکمێکی سەربازی کۆماری ئەفریقای ناوەند بووەو لەساڵی ١٩٧٩داو پاش کودەتایەکو هەوڵێکی کوشتن، کۆتایی بە حوکمی دیکتاتۆرییانەی هێناوە.
*چاڵی ڕەشی کالکۆتا.. زیندانێکی بچکۆلە بووە، هێزەکانی بنغال پاش داگیرکردنی قەڵای ولیام، لە ساڵی ١٧٥٦دا دیلە بەریتانییەکانیان تیا زیندانی کردووە. بە پێی یادەوەرییەکانی یەکێک لەو زیندانیانە کە خۆی لە کارەساتەکەدا بووەو دواجار ڕزگاری بووە، دەڵێ: "- لە ماوەی شەوێکدا لە کۆی ١٤٦ زیندانی ١٢٣ یان بە گەرما مردوون."
دەربارەی نوسەر.. نوسەرێکی ڕۆشنبیرو شۆڕشگێری نەیجیرییە، لە ساڵی ١٩٤١دا لە دایک بووە، لەسەر پارێزگاری کردن لە مافی مرۆڤو لە پێناوی ئازادییدا، بە فەرمانی دیکتاتۆر (سانی ئاباجا) زیندانی کراوەو سەرباری ناڕەزایەتیەکی فراوانی نێو نەتەوەیی، لە ساڵی ١٩٩٥دا لە مینای هارکۆرت لە سێدارە دراوە.

سەرچاوە:

African Rhapsody
published by Doubleday
A division of Bantam inc. Doubleday Dell publishing Group, 1540 Broadway, New York, NY (10036

چیرۆکێکي مینی مالي پۆست مۆدێرن



کۆپلە شیعرێکي ئاشقێنی

نووسەر: لۆن ئۆرتۆ
وەرگێڕ: هومن مردانی

کابرا شێوە ئاشقانەکەی رۆژی (سانت ڤالەنتاین)ی بۆ نووسیوە، شیعرێکی زۆر جوان دەرچووەو هەڵگری هەستو سۆزی پاك و بێ خەوشێتی بە باشترین شێوە.

لەو جۆرە هەستو سۆزانەی، کە لای خۆی دەست نەدەکەوتو خاوەنی جۆرێ لە نەرمونیانی، کە لە هی پەرییەکان دەچوو.

وێنەکانی شیعری و گوتەکانی تەژین لە شەفافییەتو رووني، شەقڵێ، کە بە روالەت ئاڵۆزکاو بەڵان لە واقیعدا سافو رەوانە، بە دەیان جار شیعرەکەی بە دەنگی بەرز بۆ خۆی خوێندبووەوە، باوەڕناکا، کە بەم باشییە شیعری گوتبێ، ئەوە چاکترین شیعرە، کە تاکو ئێستا نووسیویەتی.
هەر ئەم شەو بۆی دەنێرێ، کە نامەکە دەگاتە جێ، ڕێك سەری وەخت لە رۆژی (سانت ڤالەنتاین) دەیکاتەوەو دەیخوێنێتەوە، دەست بەجێ سەرسام دەبێو لە جوانیو هەستو سۆزی شیعرەکە چێژ دەبات.
وێڕای نامەکانی تر ئەم نامەیەش وەلادەنێ. لەبەر خاتری ئەو خۆشی گەرەك بوو ڕێك وەکو نامەکانی دیکە، کە لەبەر ئەوان ئەوی خۆشدەویستو بە کەسی تری نیشان نەدەدا، چونکە زۆر دوورەپەرێزەو تێکەڵاوی کەس نابێو خۆشیی لەم خەسڵەتەشی دەها.
پاش ئەوەی، کە شیعرەکەی بە خەتێکی جوان نووسیو بۆی ناردو دانەیەکیشی بۆ فایلەکەی خۆی تایپ دەکاو بڕیاردەدا دانەیەکیش بۆ یەکێ لە گۆڤارە گرینگەکانی ئەدەبی بنێرێ، کە هەتا ئەو کات کاری بۆ نەکردبوون، بۆ پێشکەشکردنی کۆپلە شیعرەکەی دڕدۆنگ بوو، کە رەنگە خەجاڵەتو شەرمەزار ببووایە. شەرمەزاریی ژنەکەیو زۆر شتی دیکە، بۆ دواجار لە پێشکەشکردنی نامەی شیعرەکە واز دێنێ. دانەیەك لە بۆ خێزانیشی ئامادە دەکا.
دواتریش هەوڵدەدا تاکو دانەیەکیش بۆ ژنە شاعیرێکی ئینگلیزی لە بەریتانیا بنێرێ، کە بە راستی لە شیعرەکانی تێدەگا.
نوسخەیەکی بۆ دەنووسێتو لە جیاتی ناوی ژنەکە تەنیا دوو پیتی یەکەمی ناوو نازناوی دەنووسێت، چەند رۆژێ دەخایەنێ تا بە دەستی بگا. بە چەند رۆژ دواکەوتن، بەڵام ئەو لە جێدا وای دادەنێ، کە چەند رۆژی بەر لە (سانت ڤالەنتاین) لە فکریدا بووە.



کوڕم نالی.. هەموو ژیانم دەلەرزێ،
چونکە ناتبینم..

کاتو شوێنی رووداوەکە: کۆپنهاگن، ئێستا.

هەر دوو کارکتەری رووداوەکە:
لیلیان: ژنێکی تەمەن ٣٥ ساڵە، دوورخراوەیەو
لە یەکێ لە نەخۆشخانە تایبەتەکاندا فەڕاشە.

سەرۆك: پیرەمێردێکە، لەوڵاتی خۆیدا دکتاتۆر
بووە، پاش ئەوەی لەسەر حوکم لابراوە،
چەندین ساڵە بەنهێنی لە تاراوگە دەژیو
تووشی چەندین نەخۆشی بووە، چەندین
نەشتەرگەری بۆ کراوە..

پێشنیازێ بۆ دارشتنەوەی نمایشەکە:

دەقەکە بە زمانی سیناریۆ نووسراوە، لەبەر
ئەوە پشتی بە چەندین شوێن بەستووە، لە کاتی
جیاوازدا رووداین یەك بەدواییەکدا دێ، لەبەر
ئەوە، لە کاتی دەرهێناندا، دەبێ دەرهێنەر
پێشنیازی چەندین جێگە بکا، یان شوێنەکە
توانای جوواڵاندنی هەبێ.
دیمەنی یەکەم: لە نەخۆشخانە:
(شوێنەکە لە تاریکیدا نووقم بووە، لەپڕێکدا
دەنگی ئەمبولانسێ دەبەیسترێ، عەرەبانەیەك
بە پرتاو خۆی دەکا بە شانۆداو پیرەمێردێکی
لەسەرە، کە بە خراپی دەکۆکێو وەختە بخنکێ.
شوێنەکە وردە وردە رووناکدەبێتەوە. ژنەکە
دەبینین بەرگی ئیشی لەبەردایە، دانەویوەتەوە،
زەویەکە دەسڕێ، سەتڵێكو ماسیحەیەکی لە
لاوەیە. گوێمان لە دەنگی پێی پزیشکەکانە
راکەڕاکیانەو دەنگی بەڕێوەبەری
نەخۆشخانەکەش دێ، کە فەرمانیان دەداتێ..)

دەنگی بەڕێوەبەر: ئەمە حاڵەتێکی تایبەتییە لە سەرۆکایەتی‌و وەزارەتی دەرەوە پەیوەندییان پێوە کردوین.. دەبێ وریابن‌و بە بێدەنگی کاربکەن، تاقەتی کێشەم نییە لەگەڵ رۆژنامەنووس‌و ئەوانەی خۆیان لە شت هەڵئەقورتێنن. دەبێ کارەکە زۆر بە نهێنی بکەن. نەخۆشەکە پێشتر سەرۆکی دەوڵەت بووە دوژمنی هەیە، بە دوایەوەن‌و دەیانەوێ تۆڵەی لێبکەنەوە، تێگەیشتن..؟ لیلیان، خێرا بڕۆ دەرەوە

لیلیان: بە سەرچاو جەنابی بەڕێوەبەر، هەر ئێستا دەڕۆمە دەرێ.

(لیلیان خەریکە بچێتە دەرێ، فزولی دەیگرێ‌و لە نەقالەکە نزیکدەبێتەوەو سەیری نەخۆشکە دەکا. لەپڕ دەترسێ‌و بە پەلە ئاوڕدەداتەوەو بەچرپە..)

لیلیان: خوایە گیان خۆئەوە ئەوە.. خۆیەتی..

(مۆسیقا.. لەگەڵ چوونەدەرەوەی لیلیاندا ورده ورده شانۆ تاریك دەبێ.)

دیمەنی دووەم: پاش هەفتەیەك لە خەستەخانەکە:

(سەرۆك لەسەر پێخەفەکەی پاڵیداوەتەوە، لە پشتیەوە تیشکێکی شینی لەسەرە. چاویلکەی پزیشکی لە چاودایەو بە پەرۆشەوە یەکێ لە رۆژنامەکان دەخوێنێتەوە، قاتێکی رەشی لەبەردایە. هەر چەندە قاتەکە کۆنە، بەڵام سەرۆك هەر رێکپۆش دەردەکەوێ. لیلیان بەرگی پزیشکی لەبەرکردووە، سەماعەی فەحس‌و ئامێری پێوانی زەغتی پێیە، بە ترسەوە ئاوڕدەداتەوە. بە سڵێکەوە لە سەرۆك نزیکدەبێتەوە. سەرۆکیش بێ ئەوەی سەیری بکا، بە شێوازە تایبەتەکەی خۆی‌و بە بێ ئەوەی چاو هەڵبڕێ، قسە دەکا.)

سەرۆك: خێرا فنجانێ قاوەم بۆ بهێنە..

لیلیان: چی؟

سەرۆك: (بە ئاگادێتەوە) ئا.. ببورە.. بێ زەحمەت، گەر دەکرێ فنجانێ قاوەم دەوێ؟

لیلیان: (خۆی لە نیگاکانی دەدزێتەوە) پێم وایە تۆ قاوەت لێ قەدەغە کراوە..

سەرۆك: راستە، سی ساڵ دەبێ، قاوەم لێ قەدەغەکراوە، بەڵام سوێندم خواردووە، گەر دڵنیابووم لەوەی مەرگم نزیکبۆتەوە، دەستپێبکەمەوە.

لیلیان: بۆ ئێستا دڵنیای لەوەی، کە دەمری؟

سەرۆك: ئا، لەبەر ئەوە دەمەوێ قاوەکەشم عەرەبی بێ.. ئەو قاوەیەی عەرەبیانە لێدەنرێ مردوو زیندوو دەکاتەوە! (بێدەنگییەکی کەم) من دەمێکە مردووم، لە لاوێتیمدا تووشی قورحە بووم.. (پێدەکەنێ) بەهۆی شیعرەوە.

لیلیان: شیعر! کەسەیرە؟

سەرۆك: گەر ئەو هەموو شتە رووینەدایە، رەنگ بوو ئێستا من لە شاعیرە گرنگەکانی دنیا بوومایە، لەوانەش بوو، وەکو ئەوانی تر منیش خەڵاتی نۆبڵ-م وەرگرتایە. (پێدەکەنێ) بەڵام ئەوان دەیانویست سەرۆك بم.. ئەوەش بەس بوو بۆ ئەوەی بە پەلە بەرەو مەرگم بەرێ. ئەوان سەرۆکێکی عادییان دەستکەوت، بەڵام نازانن کەوا شاعیرێکی گرنگیان لەکیس چوو.. کارەساتەکەش لەوەدایە، هێشتا نازناوی سەرۆك‌و ناوبانگە خراپەکەیم بە دواوەیەو مەدالیاکانیم هەڵگرتووە، کەچی ئەو پارچانەی رۆحم بزرکرد، کە جوانترین شتم تیا

نووسیبوو.. بەهەر حاڵ.. لە هەردوو حاڵەتەکەدا لە کۆتاییدا هەر دەمرم..

لیلیان: بۆ ئەوەندە بیر لە مەرگ دەکەیتەوە.. تۆ ئێستا لە جوانترین شاری دنیادای، پڕێتی لە باخچەو دەریاچەو هەروەها لەو شەقامەی تەنیشت نەخۆشخانەکە ژنی لەشفرۆشی لێیە.

سەرۆك: خانمەکەم بە داخەوە من کەڵکی هیچ شتێکم پێوە نەماوە لەوانەی، کە وتت. من وەکو شتێکی کۆنی پەڕپووت وام، تەنیا بیر لەوە دەکەمەوە خۆم بە دوور بگرم لە چاوە فزوولەکان، تەنانەت لە دەریاچەو باخچەکانو ژنانیش، دەمەوێ نەناسراوبم. بەڵێ بە تاییەتی ئەوەم دەوێ، کە نەناسراوبم، لە جوانترین شاری دنیادا کەسێکی نەناسراوبم (پێدەکەنێ بە تووندی دەکۆکێ.. ماوەیەکی کورت بێدەنگی)

لیلیان: (پەرداخێ ئاوی دەداتێو بۆیەکەمجار لێی نزیکدەبێتەوە) قاتێکی رەشی کەشخە، هێلەگێکی ئاوریشمین.. شەپقەیەکی رەق وەکو شەپقەی قازییە خانەنیشین کراوەکان.. سمێڵێکی قیت وەکو سمێڵی سوارەکانی سەدەی ناوەڕاست.. قژێکی پڕی رۆمانسیانە. دەستەکانت هەر ئەڵێی دەستی کەمانچەژەنن، دوو چاوی گەش.. لەوە زیاتر چیت دەوێ؟ تاقە شتێ، کە باری تەندروستیت نیشاندەدا، پێستەکەتە، کە ماندوویی پێوە دیارە.. هێشتا وەکو میرێ رێکپۆشی، تەنیا شتێ، کەپێویستتە ژنێکە، ژنێ، وات لێ بکا لە تاو خۆشەویستیو شەهوەت رووەتەکانت ئاڵ بنەوە.

سەرۆك: بێگومان تۆ پێم رائەبوێری.. دەمێکە لە هەموو ورشەو بریقەو فیزێ کەوتووم، ساڵانی دەسەڵاتو پلەو پایەو پیاوەتیم لە دوای خۆمەوە جێهشتووە.. جگە لە ساڵانی نەخۆشیو مەرگ هیچی ترم بۆ نەماوەتەوە. ئەوەتام لەم شارەدا، لەم تاراوگە ساردەدا دوور لە وڵاتەکەم دەژیمو سەرەڕای هەموو ئەو جەنگانەی بەرپام کردن، هێشتا ماوم.. هێشتا ماوم بە دڵسۆزییەوە بە دوای وەڵامێکدا دەگەڕێم بۆ ئەم حاڵەتەی خۆم، هیچ کام لە پزیشکەکان نەیانتوانیوە هۆکارەکەی دەستنیشان بکەن، کە هاتم، وامدەزانی هەموو مەسەلەکە دە رۆژ، پازدە رۆژ زیاتر ناخایەنێ..

کەچی وا شەش هەفتە تێدەپەڕێو دوای ئەو هەموو فەحسە ماندووکەرانە، ئەنجامەکان ئاشکرانین، بۆ هۆکارەکەی لە جگەرو پەنکریاسو گورچیلەو پرۆستاتدا گەڕانو نەیاندۆزیەوە.. هیچیان نەدۆزیەوە

لیلیان: جەنابی سەرۆك، تۆ موعجیزەی، تەنانەت نەخۆشیەکەشت بووە بە مەتەڵێ بۆ پزیشکەکان.

سەرۆك: لەو بەغیلیە.. بەغیلی بە چیم دەبەی؟ بە نەخۆشییەکەم؟ بەو ژیانەم، کە لە ژوورەکانی چارەسەرکردنو چاودێرکردنی وردا وەکو هەر زیندانیەك بەسەرم برد؟ نەخۆشخانەکان جۆرە زیندانێکی ترن.. (پێدەکەنێ)

لیلیان: (لە پڕ شەڕەنگێزانە پەنجەی دەچەقێنێتە ورگی سەرۆك) کەواتە نهێنی ئازارەکەت لێرەدایە!

سەرۆك: مەبەستت زیندانەکانە؟

لیلیان: نەخێر.. بەڵێ.. بەڵێ، نەخۆشخانەکان ئازارت دەدەن؟

سەرۆك: ئازارەکەم سەرسوڕهێنەرە، بە پەلە دەگەڕێ.. بە بێ هیچ بەربەستێ بە نێو جەستەمدا دەگەڕێ.. لە کەلەکەمدایە، لە خوارەوەی سکم.. جاری واش هەیە لە پڕێکا، بن رانم دەرزی ئاژن دەکا، سەر لە خۆمو لە

پزیشکەکانیش تێکدەدا، چ دەدرێکی پیسە.. بەڵام من لەو باوەڕەدام ئا لێرەدایە (ئاماژە بۆ سەری خۆی دەکا)، کەچی فەحسەکان شتێکی تر دەڵێن.. کەچی ئەوەتا پاش شەش هەفتە پێم دەبێ نەشتەرگەریەکت بۆ بکەین، کە مەترسیداریشە. بەڵام، چار نییە..

لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا حەوت نەشتەرگەریم بۆ کراوە، ئەمە هەشتەمیانەو لە هەموو ئەوانەی پێشوو مەترسیدارترە..

لیلیان: رێژەی ئەو مەترسییە چەندە.. ئەوەیان دەستنیشان نەکردووە؟

سەرۆك: پێیان نەوتووم.. بەڵام هەستدەکەم ئەوەی دەیکەن کارەساتە نەك نەشتەرگەری.

لیلیان: ئۆی، جەنابی سەرۆك وەکو مناڵ دەترسێ.. زانستی پزیشکی زۆر پێشکەوتووە.. بێخەم بچۆ نەشتەرگەرێکەت بکە، ئەوش بزانە تا زووتر بیکەی باشترە.
سەرۆك: بۆ کێ باشترە؟

لیلیان: بۆ تۆ.. بۆ هەموومان.. (پێدەکەنێ)

سەرۆك: سەرسامم بەو رووخۆشیەت.. وا بزانم ئێستاش کاتی نووستنم هاتووە؟

لیلیان: هەستناکەی باشتری.. بیر لەوە ناکەیتەوە تۆزێ بچیتە دەرێ بگەڕێی.. وەکو پێم وتی من پزیشکم زۆرم لە بابەتی تۆ دیوە.. تاقە چارەسەر ژنە.. بڕوا بکە.. باشە.. تاقیبکەرەوە هیچت لە کیس ناچێ.

سەرۆك: باشە.. ئەو دەرزی ژیانەم لێدەوتاقیدەکەمەوە.

لیلیان: چاکدەکەی (لیلیان دەرزی یەك لەسمتی دەدا، سەرۆك هاواردەکا) ئەوە چیە جەنابی سەرۆك، چەند ناسکی..

سەرۆك: (سەرۆك پانتۆڵەکەی دادەخاتەوە) چاوەڕوانی پیاوێ بووی لە ئاسن وانییە؟. باشە ئێستا چارەسەرەکەی تۆ تاقیدەکەمەوە.. دەڕۆرم بۆ پیاسە.. وتت لە شەقامەکەی تەنیشتمانەوە، شۆستەیەك هەیە بۆ ئەو جۆرە ژنانە؟

لیلیان: (بە ڕقەوە بزە دەیگرێ) بەڵێ جەنابی سەرۆك.. هیوادارم نێچیرێکی چەورت دەسکەوێ.

(سەرۆك دەڕواتە دەرێ، لیلیان لە نێو پەڵە روونا‌کیەکەدا دەمێنێتەوە، بەرگی پزیشکی دادەکەنێو کراسێکی رووت لەبەر دەکا، کە بۆ ئەو جۆرە ژنانە دەگونجێ.. مۆسیقا) دیمەنی سێیەم

لیلیان: (لە نێوان نەخۆشخانەو شەقامی لەزەتفرۆشەکاندا، کاتێ خەریکی خۆ گۆڕینەو دەچێتە دەرێ، ئەم مۆنۆلۆگە دەڵێ) باشە، گەر هەر بەڕاستی لەو نەشتەرگەریەدا مرد؟ وازیلێبهێنم بە ئارامی بمرێ؟ ئاخ، ئەمە یەکەمجاری نییە، ئەمە پشیلەی حەوت گیانە.. دەژی بەڵێ دەژی.. بەڵام گەر هەر حەوت رۆحەکەی لە نەشتەرگەرێکانی پێشوودا تەواو بووبوون؟ ئەمە مانای وایە لە هەشتەمدا دەمرێ.. ئەو کاتە قەت لە خۆم خۆش نابم، چۆن بیەڵێم ئاوا بێ سزادان بمرێ.. دەبێ سزا بدرێ بکوژرێ، نەك ئاوا هەر بە ئاسانی بمرێو بڕوا بێ، ئەوەی باجەکەی بدا.. دەبێ هەر وەکو قوربانییەکانی دڵڕەقانە ئەشکەنجە بدرێ.. بەڵام ئەو ئێستا بەرگەی دەرزییەك ناگرێ، ئیتر چۆن بەرگەی ئازارو ئەشکەنجە دەگرێ.. ئای خوایە گیان، قەت چاوەڕوانی

ئەوەم نەدەکرد فرسەتی وام بۆ هەڵکەوێ بە دەستی خۆم تۆڵەی لێبکەمەوە.. بەڵکو خەویشم بە شتی واوە نەدەدی.. ئێستا وا لەبەردەممایە بێ پاسەوان و بێ پیاوەکانی، بێ چەك هەر وەکو جرج.. دوای ئەو هەموو ئازارە دوای ساڵانی دوورخستنەوە، دێتە بەردەستم و تەسلیم دەبێ.. دەتوانم تۆڵەی خۆم و کەس وکارو نیشتمانەکەم لەم چەپەڵە بکەمەوە (بەرەو شەقامەکە دەڕوا) گەر خەڵکی بە حوکمی رۆژگار تاوانەکانی لەبیرکەن، من لەبیری ناکەم. بە هۆی ئەوەوە بە دەست ئاوارەییو بێکەسییەوە دەنااڵێنم.. بەڵێ.. هەرچی کارەساتێکیش ئێستا لە وڵاتدا رووەدا، ئەنجامی حوکمی دزێوی ئەوە.. بەڵام چی لەو لاشە رزیوە بکەم؟ نەخۆشی و نەشتەرگەری دایانڕزاندووە، ئێستا هەر شایانی بەزەییە.. چی بەزەییم پیابێتەوە؟ ئەو چەپەڵە لە هەموو ساڵانی حوکمیدا لە کەس خۆش نەبوو.. خەڵکی بێ دادگایی و بێ بەڵگە دەکوشت، وڵاتی ڕاپێچی نێو زەلکاوی خوێن و ڕق و تووندو تیژییەکی بێ سەرەتاو کۆتایی کرد.. بە هۆی ئەوەوە جەنگو شەڕو هەراو ترس و خیانەت وەکو خۆڵو پیسی بە شەقامەکاندا بڵاوبوونەوە.. چیدی کەس ناتوانێ وڵاتەکەم گسك بدا.. ئەو بە دوای چارەسەردا دەگەڕێ، ئەی کێ چارەسەری وڵاتەکەم دەکا؟

(دەنگی مۆسیقای سەکسیفۆن دێ.. لیلیان بە لەنجەو لار بەشەقامەکەدا دەڕوا، سەرنجڕاکێشەو بنێشت دەجوێ، لای عەمودێکی کارەباوە دەوەستێ.. سەرۆك لەدوورەوە دەرئەکەوێ، لیلیان ئاماژەی بۆ دەکا. کەنزیکبێتەوە.. بەشەرمەوە نزیکدەکەوێتەوە.. مشتومڕ دەکەن و ڕێکدەکەون.. پێکەوە دەڕۆن، باسکی کردووە بە نێو قەدی سەرۆکداو قاقا لێدەدا.. موسیقا.. ورده ورده تاریك دەبێ)

دیمەنی چوارەم

لە ڕێستورانێکی تایبەتدا: (سەرۆك و لیلیان پێکەوە خۆیان دەکەن بە ڕیستورانێکی کەشخەدا، هەموو شت دەبریقێتەوە، دەنگی مۆسیقای سەکسیفۆنیش دێ، لیلیان بە مەکرو نازەوە سەرۆك بە دوای خۆیدا رادەکێشێ)

لیلیان: پێت وتم تۆ سەرۆکی.. هەر بە راستی سەرۆکی.. یەعنی هێشتا هەر سەرۆکی، مەبەستمە، ببورە مەبەستمە یەعنی هێشتا هەر لەو پۆستەدای؟

سەرۆك: نا، نا، دەمێکە لێم دراوە (هەردووکیان پێدەکەنن)

لیلیان: ڕێم پێبدە من بۆت هەڵبژێرم، من دەزانم چ مێزێ بۆ کەسانی وەکو تۆ گونجاوە جەنابی سەرۆك.. (سەیری ئەملاو ئەولا دەکاو مێزێ هەڵدەبژێرێ، هەر دوو قۆڵی دەکاتەوەو کەمێ خۆی دەنوشتێنێتەوە) فەرموو.

سەرۆك: سوپاس.. خۆزگە هەموو کەس وەکو تۆ ڕێزیان لە سەنگینی تاراوگە دەگرت. (دادەنیشن، مۆمەکانی سەر مێزکە دائەگیرسێنێ، هەموو شوێنەکە تاریك دەبێ).. ببووره، ناوت چی بوو؟ ئاخ لە دەست ئەم بیرو هۆشەی من.

لیلیان: سۆلا

سەرۆك: ئا.. سۆلا.. ببوره

لیلیان: پێویست بە لێبوردن ناکا.. ئێمە تازە یەکتریمان ناسیوە.

سەرۆك: بیرو هۆشی پیاوێکی پیری وەکو من ناتوانێ ناوی خانمێکی وەکو تۆ ئەزبەرکا، کە پڕە لە ژیان، ئاخ لە من و لەم بیرو هۆشەم.

لیلیان: ئەمە قسەی پیاوانە.. لەم هەڵوێستانەدا.. باوەڕم بە پیاوان نییە.. ئێوە هەمیشە قسەیەك دەکەنو لە نێو جێگەکەشدا شتەکە پێچەوانەیە.

سەرۆك: ئا.. کەواتە تۆ شارەزای پیاوانی.. دەبێ رێز لەو شارەزاییەت بگرم..

لیلیان: حەز دەکەی چی بخۆی؟

سەرۆك: با پەراسووی گا بخۆین، لەسەر خەڵوز برژابێ..
لیلیان: بەخوا جوانە.. ئافەرم.. تۆ بە ناوی هەردووکمانەوە قسە دەکەی دەڵێی بابخۆین، لە کاتێکدا دەبوو بڵێی ئەمەوێ بخۆم، یان ئەی تۆ خانمە جوانەکەم حەز لە چی دەکەی.. ئەم هەموو ساڵە، کە لە دەسەڵات دووربووی، کەچی رانەهاتووی بە شێوەیەکی تر قسە بکەی؟
سەرۆك: بە راستی تۆ شارەزای لێبوردن دەکەم.
لیلیان: ئەمشەو تۆ زۆر داوای لێبوردن دەکەی.. توخوا خۆش نییە سەرۆك کۆماری داوای بووردن لە خانمێکی وەکو من بکا؟ ها؟
سەرۆك: بە راستی تۆ سەرسوڕهێنەری.

لیلیان: دەی چی داوا بکەین؟

سەرۆك: هەر وەکو پێم وتی.. ببورە مەبەستم ئەوەیە من حەزم لە پەراسووی گایە بە خەڵوز برژابێ.. تۆش حەزت لە چییە داوایکە.

لیلیان: بەڵام تۆ گۆشتت لێ قەدەغەکراوە.. تۆزی لەمەوپێش پێت نەوتم، کە تۆ نەخۆشی.. ئەها نابینی پیاوان شتێ دەڵێنو کەچی شتێکی پێچەوانەکەی دەکەن؟
سەرۆك: ئاخ خانمە ئازیزەکەم.. من سەدەیەك دەبێ نەخۆشم..لە راستیدا من لە هەموو شت بێبەشم..

لیلیان: کەواتە با داوای پەتاتەی کوڵاو بکەین؟
سەرۆك: تەنانەت پەتاتەشم لێ قەدەغەکراوە.

لیلیان: بەڵام تۆ قاوەشت لێقەدەغەکراوەو کەچی بەیانی خواردیشتەوە!

سەرۆك: چۆنت زانی؟!

لیلیان: (دەشڵەژێ) بیرت چووەوە، هەر ئێستا پێت وتم من زیرەکم.. بۆنی قاوە ل ەهەناسەکانتەوە دێ..

سەرۆك: راستە.. تۆ لە وەزیرەکتری، کە من چاوەڕوانم دەکرد.. کەواتە با بیکەینە رۆژێکی نائاسایی، نەخۆشیو دکتۆرەکان بە جەهەنەم.. با پەراسووی برژاوی گاو پەتاتەو زەڵاتە بخۆینو..

لیلیان: لەگەڵ نیو مریشکی برژاوو قاپێ شەرابی بڕاندی..
سەرۆك: بەڵێ هەموو ئەوانەی باستکرد.. (بانگی بۆیەکە دەکا)
لیلیان: تۆ ئەو پیاوەی چاوەڕوانم دەکرد.. (هەردووکیان پێدەکەنن)

سەرۆك: تۆ منت لە گۆڕ دەرهێنایەوەو زیندووت کردمەوە، ئافەرین. (چەپڵەی بۆ لێدەداو هەڵدەستێو سەما دەکا)

لیلیان: دەتوانم شتێکت پێشانبدەم؟ (جانتاکەی دەکاتەوەو وێنەیەکی کۆن دەردێنێ).

سەرۆك: زۆر بە خۆشیەوە.. (دادەنیشێتەوە)

لیلیان: فەرموو جەنابی سەرۆك، ئەوە وێنەیەکی یادگارییە، کە قەت لەبیرناچێتەوە.

سەرۆك: ئای، كە سەیرە، خۆ ئەوە منم؟ هەمیشە وتوومە مرۆڤ لە ژیاندا زووتر پیر دەبێ وەك لە وێنە، گەنجێتی رۆیشت، كوان ئەو رۆژگارانە؟ بەڵام ئەمەت چۆن دەستكەوت؟ ئەی بۆ هەڵت گرتووە؟ چاوەڕوانت دەكرد ئەمڕۆ بمبینی؟ كێ پێی وتی من لەم شارەمو لە نێو هەموو ئەو ژنانەشدا تۆ هەڵدەبژێرم؟

لیلیان: مەترسە.. هێمنبە.. ئەوە تایبەتمەندێتی منەو دەبێ بیزانی، سوودی چییە، تۆ هەر ئێستا دانت بەوەدا نا، كە من لە زیرەك زیرەكترم..

سەرۆك: بەڵام ئەمە بۆ من زۆرە.. زۆر زۆرە.. تۆ كێی؟

لیلیان: جوان سەیری وێنەكە بكە.. ئەم وێنەیە لە كاتی ئاهەنگەكانی شۆڕشدا گیراوە بە بۆنەی نوێكردنەوەی ماوەی سەرۆكایەتیتەوە.. ئەوەش منم.

سەرۆك: (چاویلكە پزیشكیەكەی لە چاو دەكاو ورد تێی دەڕوانێ) بمبورە، من لەوە پیرترمو رەنگە ئەمە وات لێ بكا لە بەردەم خەڵكیدا هەست بە ئیحراجی بكەی.. ئەمە تۆی؟ ئەو كاتە تۆ هێشتا كچۆڵەیەك بووی..

لیلیان: تەقریبەن.

سەرۆك: كەواتە تۆ هاووڵاتی منی؟

لیلیان: بە دڵنیاییەوە.. وەكو دەبینی من لایەنگری تۆ بووم ئەو كاتەی پەیمانت بۆ تازە دەكرایەوە.. من بە پەرۆشییەوە لایەنگریم دەكردیو بەخۆڕایی لە نێو قوتابیاندا پڕوپاكندەم بۆ دەكردی.

سەرۆك: دیارە منی دەبەنگیش هەر نیگایەكیشم تێنەدەگرتی..؟

لیلیان: نا بە پێچەوانەوە، زۆر لەگەڵمان ناسكبووی.. بەڵام ئێمە زۆربووین لەبەر ئەوە نەدەكرا یەكەیەكە بەسەرمان كەیتەوە.

سەرۆك: لەو رێكەوتە.. دەی باسی ئەو رۆژانەم بۆ بكە؟

لیلیان: لەو رۆژگارانەدا منیش وەكو هەموو نەوەكەی خۆم سەرسام بووم پێت.. باوەڕم بە شۆڕشو ئەو دروشمانە هەبوو، كە ختووكەی رۆحو عەقڵی دەدا.. عەقڵە بچووكەكانی ئێمە! هێندە باوەڕم پێت بوو تا ئەو رادەیەی ئامادەبووم لە پێناوتا بمرم.. ئەو كاتە من هێشتا بە هیچ ئەزموونێكی خۆشەویستیدا تێنەپەڕیبووم، هاوڕێیەكم هەبوو، حەزم دەكردبە خواستی خۆم، خۆمی تەسلیم بكەم، بەڵام پیاوەكانت گرتیان، ئیتر منیش بە كچێتیو بە خەمباری مامەوە.

سەرۆك: كەواتە باشبوو.. لە كاتێكی باشدا دەسگیریان كرد بۆ ئەوەی هەر بە كچێتی بمێنیتەوە، تۆ گەر بە گەنجیو بە كچێتی بمێنیتەوە، دەتوانی هەمیشە سەر لەنوێ لەگەڵ پیاوێكی تردا دەستپێبكەیتەوە.. گەنجانی وڵاتەكەم هەمیشە شتێ لە قۆزیو سەرنجڕاكێشیان تێدایە.. (پێدەكەنێ)

لیلیان: بەڵام پیاوەكانت فرسەتیان نەدام.. لە لێكۆڵینەوەكاندا ناوم هاتبوو، كە هاوڕێی ئەو كوڕەمو لەوانەیە كەوتبمە ژێر كاریگەری بیرو باوڕەكانیەوە، كە دژ بە شۆڕشە.. منیشیان تاوانباركرد.. باوەڕیان بە بێتاوانیم نەكرد. من نەمدەزانی ئەو كوڕە بیر لەچی دەكاتەوە.. گوێیان بەو سوێندانەم نەدا، كە دەمووت باوەڕم بە شۆڕشو بە جەنابتانە.. ئەتكیان كردم، بەڵام دوایی بۆیان دەركەوت، كە من بێ تاوانمو پەیوەندیم بەو كوڕەوە قووڵ نەبووە. بەڵام لە

زیندان، لە تاریکیدا، بە نرخترین شتی خۆمم لە دەستدا. باوەڕ دەکەی، پاش ئەو هەموو ساڵەی تێپەڕی خەفەت بۆ یەك شت دەخۆم، خۆزگە ئەو کەسەی ئەتکی کردم بەروناکی ئەوەی بکردایە.. مافی ئەوەم هەبوو رووخساری ئەو یەکەم پیاوە ببینم کەئەو شتەی لێکردم..

سەرۆك: تا تۆڵەی لێبکەیتەوە؟ ئەوان لە تاریکیدا ئەو شتانە دەکەن تاکەس نەیانناسێتەوە..

لیلیان: نا من وەکو ژنانی تر بیر لە تۆڵە ناکەمەوە.. بەڵکو حەزمدەکرد ئەو پیاوە بناسم، کە سنووقی گەوهەرەکانمی شکاند (بێدەنگ دەبێ)

سەرۆك: ئەی دوای ئەوە؟

لیلیان: دوای چی، کە بەریاندام، ئێتر هەموو کەس وەکو سۆزانیەك تێیدەڕوانیم؟

سەرۆك: ببورە، وشەی ناشرین بەکارمەهێنە.

لیلیان: تکایە بێ دبلۆماسیەت.. ئەوە حەقیقەتو واقیعە.. چی چاوەڕوان دەکەی لە وڵاتێ، کە هەمووی پیسو داگیرکراوە، خاك و خۆڵی مێشکی.. پیاوانو منالانی، کە وڵاتتان داگیرکرد، واتان لێکرد لە نێو لیتەی نەخۆشیە بێ چارەسەرەکاندا چۆك دادا، رقو تووندو تیژی.. گومان لە نزیکترین کەس، هەر چرکەیەك چاوەڕوانی مردنو دەسگیرکردن بکەی.. بۆیە هەر کەس گەڕایەوە لای ئایین.. مادام جەنابت لەسەر ئەم زەویە جەهەنەمت دانا بوو، دەبوو خەڵکی پەنابۆ بەهەشتی ئاسمان ببەن، (بێدەنگی) دوای بەربوونم، سەرەتا وەزعەکەم زۆر بەلاوە قورس بوو تاڕادەی نەفرەت، بەڵام پاش ماوەیەك هۆشم هاتەوە بەرخۆم.. سەیرێکی دەوروپشتی خۆممکرد هەموو شت داگیرکراو پیسو لە قوڕولیتەدا چۆکی دادابوو. بیرمکردەوە منیش وەکو ئەوانی تر چۆك دادەم؟ بیرم لە جەستەم، لە خۆشەویستیم بۆ ژیان.. لە چرکەی ئەتککردنم لە تاریکیدا، دەستم کرد بەوەی چێژ لەو ئەتککردنەم وەرگرم.. (هەڵدەستێو بە دەوری سەرۆکدا بە هێواشی لەسەر ئاوازی سەکسیفۆنەکە شەهوانیانە سەما دەکا) ئینجا لەبەر ئەوەی وڵاتەکە ببوە قوربانیی ئەو وەهمانەی جەنابتو ئەوانەی وەکو تۆ وان سەبارەت بە شەرەفو سەربەرزیو خۆشەویستی نیشتمان دروستت کردبوو.. ئیتر بڕیارمدا بۆ دوور هەڵبێم.. لە تۆو لەوان هەڵبێم.. هاتمە ئەم تاراوگە سارده، زۆرم چێشت بە دەست غەریبیو تەنیاییەوە، ناچاربووم هەر کارێ بکەم تا بژێویی خۆم دابین بکەم.. وا دەبینی ئێستا من وەکو هەر ژنێکی ئەم شارە ئازادم، خۆم خاوەنی خۆمم، پاش ئەوەی لە وەهمەکانی وڵاتەکەم رزگارم بوو، بووم بە خاوەنی بوونی خۆم.. بەڵام ئاخ، گەر ئەو رابردووە رەشە نەبوایە، ئێستا بەختەوەرترین ژنی دنیا دەبووم.. هێشتا ئەو رابردووە رەشە بەختەوەریم دەشێوێنێ، بە ئیشو کارو شەرابو پەیوەندی خێراو هەندێ جاریش بە خۆشەویستی لێی رادەکەم. بەڵام سوودی نییە.. ئەو رابردووە بە کابووسە ترسناکەکانیەوە هەر بەدوامەوەیەو وازملێناهێنێ..

سەرۆك: منو تۆ قوربانیی ئەو رابردووەین.

لیلیان: کەواتە منو تۆ یەکسانین، کە سەیرە؟

سەرۆك: ئایا دەبێ داوای لێبوردنت لێبکەم سەبارەت بەوەی رووبدا؟!

لیلیان: (وەکو سۆزانیەك قاقا لێدەدا) لێبوردن؟ ئێستا لێبوردن چ کەڵکێکی هەیە بۆ من؟.. دەبێ

ئێستا داوای سەمام لێبکەی لەسەر ریتمی ئەو سەکسیفۆنەی هەموو شانەیەکی جەستەم دەهەژێنێو واملێدەکا بفڕم (لیلیان سەرۆك رادەکێشی بۆ سەما.. سەرۆك سەما نازانێ.. لیلیان بەدەوریا دەسوڕێتەوەو سەمایەکی سێکسی زەق دەکا)

سەرۆك: دوای ئەوە چیتر رووێدا؟ باسی ئەو رۆژگارانەم بۆ بکە.

لیلیان: (بە دەم سەماکردنەوە) کێ لە تۆ باشتر دەزانێ دوای ئەوە چی رووێدا؟ دوای ئەوە کودەتای سەربازیت بەسەرا کرا.. ها.. ها.. ها (پێدەکەنێ موعجیزەکەش لەوەدایە، منو تۆ هێشتا ماوینو لەم شارە جوانە دوورەدا دەژین.. دەژینو بیردەکەینەوە.. بیر لە چی دەکەینەوە؟. لەوەی پەراسووی برژاوی گا بخۆینو شەراب بخۆینەوە.. رەنگە بشتوانین دوایی لە مالّەوە شتی تریش بکەین. گەر حەزتکرد سەهرەکەمان بەردەوام بێ.. (سۆزانیانە پێدەکەنێ) ئەمە ئێتر شانسە جەنابی سەرۆك شانسو بەخت، زۆرن ئەوانەی وەکو ئێمە شانسیان نەبوو، پێبکەنە جەنابی سەرۆك، شادبە.. ئەمە بۆ خۆی موعجیزەیە..
(فەرموون نانەکە ئامادەیە)

دیمەنی پێنجەم
(دەگەڕێتەوە لای مێزەکە.. خواردنەکە بە شێوەیەکی جوان رازاوەتەوە.. مۆمەکان داگیرساون.. دادەنیشن.. ماوەك بێدەنگی)

سەرۆك: دەبێ دەستەسڕ بەکاربهێنم بۆ بەرملو سەرسنگم دەنا دوای هەر نانخواردنێ بۆینباخێ خەسار دەکەم.

لیلیان: نازانی نان بخۆی؟

سەرۆك: زۆر شتی تریش نازانم.

لیلیان: بۆ نموونە سەرۆکایەتی؟

سەرۆك: نا.. دڵڕەقیی

لیلیان: دڵڕەقیی! لەگەڵ ئەو هەموو کارە ناشرینیانەی دەتکرد!

سەرۆك: گەر وابوومایە وەکو تۆ، دەیڵێی ئێستا ئاوا لەگەڵ تۆ دانەئەنیشتمو بەڵام شتێ لێرەدا هەیە سەرسامم دەکا، مەسەلەیەك ناتوانم تەفسیری بکەم..

لیلیان: ئەو شتە چییە جەنابی سەرۆك؟.. من لە خزمەتتام بۆ هەر یارمەتیەك..

سەرۆك: گوێ بگرە ئەی شەڕانگێزە بچکۆلانەکە (مشتێ بە مێزەکەدا دەداو هەڵدەستێتە سەرپێ) بەوانە بڵێ، کە بەکرێیان گرتووی، وانەزانن من لاوازو بێ چەکم، تەندروستیم زۆر باشەو پیاوم زۆرەو دەتوانم زۆر شت بکەم.. پارەو بەکرێگیراویشم لە هەموو جێگا هەن.. هێشتا ئەو پیاوە خەتەرەم، کە حسابی بۆ دەکرێ..

لیلیان: (بە هێواشی چەپڵەی بۆ لێدەدا) ئافەرین.. هێشتا توانای هەڕەشەکرنت ماوە.. ئاوام ناسیوی.. بەڵێ رووە راستەقینەکەی خۆت دەربخە.. ئەمە ئەو پیاوەیە بە تاسەوە چاوەڕوانم دەکرد!

سەرۆك: ئاخ.. (بەو پەڕی لاوازیەوە بەسەر کورسیەکەیدا دەکەوێو دەپارێتەوە) تکایە.. تکایە با لەم شتە هیچو پووچانە بگەڕێین من.. من..

لیلیان: چی؟

سەرۆك: من بە تەنیا سێیەرێکم .. سێیەری پیاوێ.. خۆزگە تێدەگەیشتی.. هەستەکانم کزبوون بە رادەیەك، کەبەرگەی ناگرم.. بەڵام

دەنگت دەناسمەوە.. لەم ڕۆژانەدا گوێم لە دەنگت بووە. بەڵام کەی‌و لە کوێ؟ ببرم ناکەوێتەوە. من باوەڕم پێتنییەو لێتدەترسم، تێم دەگەی؟ خانمە بچکۆلەکەم دان بە هەموو شتدا دەنێم، هەموو شتت بۆ باسدەکەم.. باسی پیرێتی خۆمت بۆ دەکەم.. بەس پێم بڵێ تۆ کێیت‌و چیت دەوێ؟ ببورە من باوەڕم بە یەك وشەت نەکرد لەو قسانەی سەبارەت بە رابردووت کردت.. تۆ گومانلێکراوی.. باری تەندروستیم بەرگەی ئەم حاڵە ناگرێ.. من جۆرەها نەخۆشیم هەیە.. بەڵێ.. وا سەیرم مەکە.. قژم بۆیاخ کردۆتەوە، بااڵم کەوا ڕێکە بەهۆی ئەو هەموو پارچە ئاسنانەوەیە، کە دکتۆرەکان لە بڕبڕەی پشتمیان چەقاندووە.. یەکێ لە گورچیلەکانم کار ناکا.. دوانزە گرێم تووشی قورحەبووە.. کۆئەندامی هەناسەم باش نییە بەهۆی ئەو هەموو دوو کەڵەی لە رابردوودا بە گەروومدا چووە..

لیلیان: بەڵێ باوەڕت پێدەکەم.. دوای ئەو لیستی سکاڵایە چیتر هەیە؟

سەرۆك: تکایە تۆ کێی؟ چیت دەوێ لێم؟ وا من لە بەردەستتدا کەوتووم، تەسلیم بووم.. بێ پاسەوان‌و بێ گولەبەند.. دەمێکە من لە حوکمدا نەماوم دوای من چەندین سەرۆك هاتنە سەر تەخت، من چیتر بۆ هیچ کەسێ خەتەرنیم.. هەڕەشەنیم.. هەر بۆیە هەر مافێکی پارێزگاریکردن‌و حەسانەی دیپلۆماسیان لێسەندمەوە، چیتر ئەو کەسە نیم هەڕەشەی کوشتنم لەسەر بێ.. کەس چیدی گرنگیم پێنادا.. بووم بە یادگاری، سێبەری پیاوێ، بە شەقامەکاندا دەڕۆم‌و کەس نامناسێتەوە، شەش هەفتەم لەم نەخۆشخانەیە بەسەربردو نایەڵن بگەڕێمەوە ماڵەکەم، چونکە هێشتا لە ژێر چاودێریدام.. چرکە بە چرکە چاوەڕوانی مەرگ دەکەم، بەڵام نەفرەت لە دکتۆرەکان لێدوانێك، هەر چەندە هەستدەکەن کەوا مەرگ لێم نزیکبۆتەوە، دژە مەرگم لێدەدەن‌و بەخەم‌و پەژارەوە بۆ ژیان دەگەڕێمەوە.. پێنج ساڵە من لەم تراژیدیا ڕۆژانەیەدا دەژیم.. ئازارێکی بێ کۆتایە.

لیلیان: پێنج ساڵە تۆ لەم شارەدای لەگەڵ منداە؟! نەمدەزانی، وامدەزانی لە دەوڵەتێکی تری.. چەند ساڵێ لەمەوبەر بیستم بوویتە پەناهەندەی سیاسی لە نەمسا یان لە..

سەرۆك: ئەوە ڕاستە وابوو.. بەڵام لەبەر ئەوەی دەیانەوێ پارێزگاری ژیانم بکەن هەر ساڵێ دووساڵ جارێ دەچمە دەوڵەتێ.. لە پایتەختەوە بۆ شارێکی دی.. لە شارەوە بۆ گوندێ، دەبێ سەرەڕای ئازارەکانی جەستەم بەرگەی ئەو هەموو گواستنەوەیەش بگرم، لەبەر هیچ نا، هەر بۆ ئەوەی بە زیندویی بمێنمەوە.. دواجار وابۆ پێنج ساڵ دەبێ رازی بوون بەوەی لەم شارەدا نیشتەجێبم.. من لە ژیان بێزارم بەڵام ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی بە زیندوویی بمێنمەوە.

لیلیان: ڕەنگە بیانەوێ بە زیندوێتی بتهێڵنەوە، چونکە تۆ لە ئەورپادا مرۆڤێکی دەگمەنی.. ئەوان قەت دکتاتۆرێکی وەکو تۆیان نەدیوە.. لەبەر ئەوە دەیانەوێ میللەتەکانیان بە زیندوێتی چێژ لە بینینت وەرگرن.. جەنابی سەرۆك تۆ کەسێکی دەگمەنی.

سەرۆك: نا لەبەر ئەوەنییە.. لەبیریان کردووم.. کەس نامناسێ.. کەس پەیوەندیم پێوە ناکا.. ئێستا من لە خەڵوەتگەی پیرانی دەڕێ دەژیم لە دەرەوەی شار.. بەهۆی سۆزو بەزەیی کڵێساوە من لێرەدام‌و چارەسەر دەکرێم.. سەرەتا ڕۆژنامەنووسەکان بە دواما هەناسە بڕکێیان بوو بۆ گفتوگۆیەك، وشەیەك لێدوانێك، وێنەیەکم بگرن.. دواجار وەڕسبوون‌و جێیانهێشتم.. ئێتر ئاوا دەبینی من پیاوێکی

نەناسراوم لە شارێکی بەناوبانگدا، ئەی تۆ کێی؟

لیلیان: من کارمەندێکی ئەو نەخۆشخانەیەم، کە لێی چارەسەردەکرێی.

سەرۆك: بەڵێ.. بەڵێ.. وایە.. وا بڵێ نەمووت لەم رۆژانەدا گوێم لە دەنگت بووە.

لیلیان: بەڵکو هەر ئەم بەیانییە

سەرۆك: بەڵێ تۆ بووی ئامۆژگاریت کردم تا بڕۆمە دەرێ بۆ پیاسەو پەیداکردنی ژنێکی سەر شەقامەکە..

لیلیان: بڕواتکردو چوویتە دەرێ.

سەرۆك: تۆش شوێنم کەوتی. بەرگەکانت گۆڕیو لەسەر ئەو شەقامە لەگەڵ لەشفرۆشەکاندا بۆم وەستای.

لیلیان: کتومت وابوو.. ئەو بەرگەشم پۆشی، کە تۆ دەهەژێنی، جەنابی سەرۆك چاکت دەناسم.

سەرۆك: منی گێلیش هاتمو لە نێو هەموویاندا تۆم هەڵبژارد.

لیلیان: ئەمە بەڵگەی سەرکەوتنمو ئەمشو دەمەوێ بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ بگێڕم.

سەرۆك: دان بەو سەرکەوتنەنەتدا دەنێم..

لیلیان: بە درێژای ئەم شەش هەفتەیە بە دواتەوە بووم، چاودێریم دەکردی، بە شوێن فرسەتێکدا دەگەڕام تابە تەنیا پێکەوە قسەبکەین.

سەرۆك: هەموو ئەمە بۆ؟.. بۆ راستەوخۆ نەهاتی بۆ لام بۆ بەم شێوازە پۆلیسیە؟

لیلیان: لە یەکەم چرکەوە ناسیمیتەوە.. بینیمیت، کە لە دەرگای حاڵەتە تایبەتەکانەوە تۆیان هێنایە ژورێ، ئەو کاتە زانیم، کە تەنیاو بێکەسی.

سەرۆك: بەڕێوەبەرێتی نەخۆشخانەکە لەسەر داوای من بڕیاریاندا شتەکە بە تەواوی نهێنی بێ..

لیلیان: لە یەکەم رۆژەوە بە دواتەوە بووم، بە هەموو جۆر دەمویست قسەت لەگەڵ بکەم.. فرسەتم بۆ هەڵکەوتو راوم کردی..

سەرۆك: دڵخۆشم بەوەی ئەم کارەت کرد.. هەر چەندە من ئەو هەموو هیلاکییە ناهێنم.

لیلیان: بەڵکو دەیهێنی.. زۆریش دڵخۆشمو وەختە لە خۆشیا بفڕم.

سەرۆك: ئەمە هیچ رەوانییە.. لێتبردمەوە.

لیلیان: چۆن؟

سەرۆك: پێموابوو لەم ساڵانەی دوایدا گەورەترین سەرکەوتنم بەدەستهێناوە، کە وامکردووە خەڵکی منیان لەبیر بچێتەوە.. کەچی تۆ وا بە ئاسانی ناسیتمەوە..

لیلیان: چەند بەختەوەرم، کەوا لەتەکتەوە دانیشتووم، زیندوویتو ساغو سەلیمی هەر وەکو لاوێکی قۆز.

سەرۆك: (بەبێزێکەوە پێدەکەنێ) سوپاس.. بەڵام هەمووشتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، کە بەم زووانە دەمرم.

لیلیان: ئەگەری ئەوە زۆرە، کە لەم قەیرانە گەورەیە رزگارت بێ..

سەرۆك: نەفرەت.. زەفەر بە نهێنییە باشەکانیش دەبەی؟

پۆلیسیەکان تا کەس لاشەکەم نەدۆزێتەوە، تۆڵەی کۆنەقینی خۆیم لێبکاتەوە!

لیلیان: لە هیچ نەخۆشخانەیەکی ئەم جیهانەدا هیچ نهێنیەك نییە کارمەندە ژنەکان نەیزانن.

لیلیان: (پاش کەمێ بیرکردنەوە) نا، بەڵام تۆ حەزدەکەی ببیتە مەتەڵ، ببیتە نهێنییەك لە نهێنییەکانی گەردوون.. قدیسێکی ئاڵۆزو نەناسراو.. ونبوونێکی تەمومژاوی.. کەس گۆڕەکەت نەزانێ.. ئەمە وا لە بێئەقڵەکانی نیشتمان دەکا بڕوا بەوە بکەن، کە تۆ پیاوێکی ئەفسانەییت، لایەنگرەکانیشت دەتوانن بانگەشە بۆ ئەوە بکەن، کە تۆ ونبوویتو لە سەردەمێکی ترو لە شکڵو شێوەیەکی تردا دەگەڕێیتەوە.. بە هێزێکی وێرانکەرەوە دەگەڕێیتەوەو ئاشتی بۆ جیهان دێنێ.

سەرۆك: کەواتە تۆ لەوێ کارمەندی؟

لیلیان: فەڕاشم.. ئەوەپیشەکەمە

سەرۆك: چ پیشەیەکی قورسە!

لیلیان: بەقەت ئیشەکەی تۆ قورس نییە جەنابی سەرۆك.

سەرۆك: بەڵام تۆ هەموو شن سەبارەت بە پیشەکەی من دەزانی.

سەرۆك: خەیاڵێکی فراوانت هەیە.. بەڵام خەیاڵێکی دینیە.

لیلیان: تەنانەت ژمارەی پیلاوەکانیشت دەزانم.

سەرۆك: بەڵام لە خۆم زیاتر کەس باری تەندروستیم نازانێ.. خۆشم هەمووی دوو سەعاتێ دەبێ زانیومە، لە دەمی یەکێکەوە بیستوومە، کە دەبێ بیزانێ.. تۆ فریشتەی؟ خۆ ناکرێ ئیزارئیل بی؟

لیلیان: ئەم خەیاڵە لە سایەی دەسەڵاتی تۆدا پەروەردە بوو.. لەگەڵ ئەم هەموو دڵڕەقیو ناشرینیەدا چیت لە ئێمە چاوەڕاون دەکرد؟ ئێمەی قوربانیی بێ دەسەڵات.. بێگومان ڕووماڵە لە ئاسمان، لە میتافیزیکا، لە ئایین.. لە خوا دەکرد.. لەو بەهەشتو یەکسانیەی هەمیشە لەسەرەوەیە.. لە دنیاکەی تر..

لیلیان: فریشاتەکانیش دەترسن لێت نزیکببنەوە!

سەرۆك: کەچی تۆ لێم نزیکم بوویتەوە.

وامان لێهات ژیانی ئێستامان دوابخەین بۆ ئەو دنیایەی تر، کە لە پادداشتی هەموو زەرەرو زیانێکماندا دەماندەنێ شێتی دین بووین.. هیچ هێزێ ناتوانێ تۆڵە لە خۆتو چەتەکانت بسێنێ، خوا نەبێ.. تۆ لەو ڕۆژانەتدا یارمەتیەکی زۆری خوات دەدا..

لیلیان: (بە پێکەنینەوە) ئەوە ئەرکی خوایە.. ئەو دەبێ بیر لە هەموو شتێك بکاتەوە.. ئەو دەبێ بڕیار بدا کێ دەبێ بە قوربانی و کێ نا.. ئەو دەبێ بڕیار بدا کێ دەبێ بە ڕزگاربوو و کێ نا.. ئەو دەبێ بڕیار بدا کێ دەبێ بچێتە بەهەشت و کێ نا.. ئەو دەبێ بڕیار بدا کێ دەبێ بچێتە دۆزەخ و کێ نا.. ئەو دەبێ بڕیار بدا کێ دەبێ بژی و کێ نا.. ئەو دەبێ بڕیار بدا کێ دەبێ بمرێ و کێ نا.. ئەو دەبێ بڕیار بدا کێ دەبێ بە ئەفسانە و کێ نا..

سەرۆك: سوپاس بۆ ئەم بیرخستنەوەیە.. بڕیارم دابوو دوای مردنم گرنگی نەدەم بە چارەنووسی لاشەکەم.. بەڵام ئێستا دەبێ هەندێ ڕاو تەگبیر بکەم، هەر وەکو ڕۆمانە

لیلیان: گەر ئەو خوایە هەبێو لێت خۆش بێ، هیچ تۆڕەنابم، چونکە هەردووکتان ئەوەندە لە یەکدەچن، کە بێزتان لێدەکەمەوە!!
(بەبێدەنگیەکی قوولەوە لە یەکتر دەڕوانن. مۆسیقا. یەکەمجار سەرۆك هەڵدەستێ ولیلیان شوێنی دەکەوی. دەڕۆنە دەرەوە. ورده ورده شانۆ تاریك دەبێ)

دیمەنی شەشەم
دیسان لە شەقامەکە:
(لەسەر شەقامەکە کات شەوە، عەمووديێکی کارەباو کورسیەك و روناکییەکانی کۆپنهاگن لە پشتیانەوەیە.. موسیقا)
لیلیان: شەوێکی خۆش بوو؟

سەرۆك: زۆر زۆر خۆشبوو خانمە بەڕێزەکەم.. وتت ناوت چیبوو؟

لیلیان: لیلیان

سەرۆك: ئا لیلیان.. ببورە زەینم خراپە.

لیلیان: گرنگ نییە..
سەرۆك: لیلیان چ ناوێکی خۆشە.. سەرما لە ئێسکەکانم دەدا

لیلیان: جەنابی سەرۆك تۆ لە سەرما هەڵدەلەرزی ناتوانی بێ پاڵتو بڕۆی.

سەرۆك: ئا، لە ریستورانەکە لەبیرم چوو.

لیلیان: من بیرم بوو.. ها لەبەری، کە..

سەرۆك: (لیلیان پاڵتۆکە دەدا بە شانی سەرۆکدا، سەرۆك دەستی لیلیان دەنێ بە سنگی خۆیەوە) تۆ لە جوان جوانتری سوپاس بۆ تۆ.. ئەمڕۆت بۆ کردم بە رۆژێکی نائاسایی، بە راستی زۆر دەمێکە دەستێکی وا سۆزی نەداومەتێ..
لیلیان: (دەشڵەژێو دەستی خۆی لا دەبا) منیش بەمە دڵخۆشم.. بەڵام هێشتا هەندێ گومانم هەیەو شکت لێدەکەم.
سەرۆك: تێتناگەم.. مەبەستت چییە؟ گێلە بیر لە کوشتن دەکەیتەوە؟ وەکو ئەوانی تر هیچو پووچ مەبە.. باش سەیرم، کە من دەمێکە مردووم.

لیلیان: نا.. مەبەستمە سەبارەت بە نەشتەگەرێکەت دوو دڵم.. کەی دەیکەی؟

سەرۆك: تا ئێستا کاتی نەشتەرگەرێکەیان دەستنیشان نەکردووە.. خۆشم تا ئێستا نازانم دەیکەم یان نا.. گەر کردمو بە سەلامەتی دەرچووم، پەیمانت دەدەمێ یەکتری بینینەوە.
لیلیان: ئەی بۆ پێش ئەوە یەکتری نەبینین.. چێشتی خۆش لێدەنێم.. کەس نازانێ وەکو من برنج لێبنێ.. پێخۆشحاڵم گەر بیێتە ماڵەکەم.

سەرۆك: تۆ کاتەکە دانێو منیش بە پەرۆش دەبم بۆ سەردانت.

لیلیان: شەممە.. ئەوە رۆژی پشوومە.
سەرۆك: باشە حەوتی ئێوارە لەوێ دەبم.. بەمە زۆر خۆشحال دەبم.
لیلیان: دێم تا بتبەم.. لە وێستگەی نزیك نەخۆشخانەکە چاوەڕوانم بکە.. تۆ دەزانی لەوێ وەزعەکەم ناسکە، نامەوێ بزانن پەیوەندیم پێتەوە هەیە.. لەوانەیە لە کارەکەم دەرمکەن.. باوەڕدەکەی دوای ماندوو بونێکی زۆر ئەم کارەم دەستکەوتووە.. دەستکەوتنی ئیشێکی وا هیچ بۆ کەسێکی وەکو منی بێ بڕوانامەو پسپۆڕی مەحاڵە.. هەموو ئەمەش بەهۆی تۆوەیە جەنابی سەرۆك.
سەرۆك: دیسان گەڕاینەوە سەر بای بەڕە کۆن.. جوانکیلەکەم گوێ بگرە، جەستەم

بەرگەی ئەم سەرمایە ناگرێ، دەبێ تەکسیەك بگرمو بڕۆم، ئەگینا سەرمام دەبێو نەخۆش دەکەوم ناتوانم بێم بۆ مەوعیدەکە.

لیلیان: باشە.. بیرت نەچێ رۆژی شەمە.

سەرۆك: شەوباش.. وتت ناوت چی بوو؟

لیلیان: لیلیان.. (لیلیان: پێدەکەنێ.. سەرۆك پێدەکەنی.. سەرۆك بەرەو شوێنی تەکسیەکان دەڕوا.. لیلیان بە تەنیا لە ژێر عەمووی کارەباکەدا بە تەنیا دەوەستێ. مۆسیقا) ئەو گوکەرە گەورەیە دەیەوێ قەناعەتم پێبکا، کەوا پیاوێکی نەخۆشو نەدارە.. چاوەڕوانی ئەوەیە کۆمەڵەیەك خێرخواز لە گۆڕستانێکی گشتیدا بینێژن.. هەموو کەسیش دەزانێ، کە ئەو دەوڵەمەندترین دوورخراوەیە لە جیهاندا.. ئای لەو گاڵتە جاڕیە (وردە وردە تاریکی).

دیمەنی حەوتەم:
(لە شوقە ساکارەکەی لیلیان. ژوورێکی ئاسایی تەنیا سیسەمێکو کانتۆرێکوقەنەفەیەك، قاپو قاچاغو مەنجەڵ.. موسیقایەکی میللی دێتەگوێ.. لیلیان خەریکی چێشت لێنانە.. سەرۆك لە پەنجەرەکەوە سەیری دەریا دەکا).
سەرۆك: (قەسیدەیەك دەخوێنێتەوە) ژیانم ئایەتێکی رەشەو دووبارە دەبێتەوە، (دەوەستێ) ژوورەکەت پڕە لە بۆنی دەریا..

لیلیان: جەنابتان لە چ رۆژێکدا لەدایکبوون؟ ئۆی، کە بێ ئەقڵم لە سیازدەی تەمووزدا.. چۆن بیرم چووەوە، ئەو رۆژە جەژنێکی نیشتمانی بوو لەگەڵ کەسو کارو دراوسێکانماندا چەندین جار بەو بۆنەیە ئاهەنگمان گێڕاوە.. تەسەووڕکە ئاهەنگمان بۆ جەژنی لەدایکبوونت دەگێڕاو خۆزگەی مەرگ، شێتی یا دۆزەخمان بۆ دەخواستی..

سەرۆك: چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد.. بەڵام ئەمە سەرەتایەکی خراپە بۆ ئێوارەیەك وام چاوەڕوان دەکرد خۆش بێ.

لیلیان: ئا.. ئەمڕۆ میزاجێکی رۆمانسیت هەیە.. باشە با باسەکە بگۆڕین..لەو باوەڕەدانیت ئەمە زۆرە دوو کەس لە بورجی سەرەتان بنو لە یەك شوێندابن.

سەرۆك: ئا تۆش لە بورجی سەرەتانی.. بە داخەوە بورجەکەمان ناوبانگی خراپە.

لیلیان: نا.. بڕواناکەم ئەمە هەمووی موبالەغەو شتی هەڵبستراوە بۆ بورجەکان.

سەرۆك: بەڵام دەبێ ئەوە بزانی، کە خراپترین شت، کە لەو نیشتمانە داماوەمان رووبدا ئەوە بوو، کە من بوومە سەرۆکیان.. وا سەیرم مەکە.. لە کانگای دڵمەوە ئەم قسەیە دەکەم.

لیلیان: قاوەکەت بخۆرەوە.. رێم پێبدە گڵۆپەکان بکوژێنمەوە.. با هەر رووناکیی مۆمەکان بمێننێ.. واباشترە.

سەرۆك: بە پێی ئامۆژگاریی یەکێ ئەم شارەم هەڵبژارد وەکو تاراوگەیەك بۆ خۆم، ئامۆژگاریەکی باش بوو، چونکە دواجار تۆم تیا ناسی.. هەموو جێیانهێشتم، چونکە وەکو جاران دەوڵەمەندینمو ناتوانم ئەو پارەیەی جارانیان بدەمێ، کە دەمدانێ.. ژنەکەشم مردو منااڵێکی نەبوو.

لیلیان: لەمەیاندا وڵاتەکەمان شانسی هەبوو..

سەرۆك: پازدە ساڵە بە تەنیام.. دەبوو ئەم چەند ساڵە بەرگەی هەموو ئەو فریودانو پەیمانانە بگرم، کە دەیانویست بمبەنەوە بۆ وڵاتو دەسەڵاتم بدەنەوە دەست..

لیلیان: بەڕاستی وەعدو پەیمانی وا هەبوو؟

سەرۆك: بێگومان.. بەڵام پاش ماوەیەك بڕیارمدا چیدی نامەكان نەكەمەوە.. بۆم دەركەوت جدی ترین‌و بە پەلەترین نامە پاش هەفتەیەك ئەو پەلەیەی نامێنی‌و هیچ جدیەتێكی نابێ.. تەنانەت نووسەرەكەشی پاش ماوەیەك لە بیری دەچێتەوە، كە بیری نووسەرەكەی دەخەمەوە، چ حەماسێكی هەبوو بە جۆرێ باسەكە دەگۆڕێ، كە شارەزای بووم. بۆ نموونە: كاتەكەی لەبار نەبوو، چاوەڕوانی فرسەتێ دەكەین.. ئیتر لەم قسە قۆڕانە، (جگەرەكە لەدەستی لیلیان دەفڕێنێ).. تۆ زۆر بەلەزەتەوە جگەرە دەكێشی، واملێدەكەی منیش بیكێشم.. چەندین ساڵە وازم لە جگەرە هێناوە، كەچی ئەو وازم لێناهێنێ.. هەندێ جار وەكو ئەم چركەیە جگەرە بە سەرمدا زاڵ بووە.. ببورە (جگەرەكە دەداتەوە بە لیلیان)

لیلیان: هەندێ لە كۆنە لایەنگرەكانت دوای تۆ بوونە سەرۆك لە پیاوانی سوپاو موخابەرات.. ئۆی نازانم بۆ ئەمەت پێدەڵێم، خۆت باشتری دەزانی.

سەرۆك: هەموویان وەكو من وان.. هەموومان پۆز بە شەرەفێكەوە لێدەدەین، كە ئێمە شایانی نین.. بە زۆر سوارسەری ئێشێ دەبین، كە لێی نازانین.. هەندێكیشمان لەبەر ئەوەی حەزمان لە دەسەڵاتە وا دەكەین، زۆر بەشیان بە دوای شتێكی زۆر لەوە نزمتردا دەگەڕێن، وەكو دزی، پارە دەدزن‌و بەپەلە بۆی دەردەچن.. بۆ ئەوانە سەرۆكایەتی شێوازێكی گونجاوە بۆ زوو دەڵەومەندبوون (پێدەكەنێ)

لیلیان: دەزانی چیت پێدەڵێن؟

سەرۆك: ئا دەزانم.. زۆر.
لیلیان: هەموو ئەوانە درۆن؟

سەرۆك: ئەو شتانەی پێم دەڵێن راست بن یا درۆ هیچ لە مەسەلەكە ناگۆڕی.. سەبارەت بە سەرۆكەكان، دەكرێ شورەییەكان دووڕوویان هەبێ.. راستی‌و درۆ پێكەوە جیاوازییان نییە.

لیلیان: ئەوە راستە، منیش لەگەڵتام.. بە تایبەتی هەندێ لەو حیكایەتانەی بستوومە زۆر ناماقوولن.

سەرۆك: سوپاس بۆ ئەو هاوسۆزیەت.

لیلیان: كەواتە تۆ ئێستا دەژیت‌و هیچ پەیوەندیەكت بە دنیای دەرەوە نەماوە.
سەرۆك: ئەوە راستییە.
لیلیان: ئەو رۆژنامەیە بگرەو سەیركە چیت پێدەڵێن..

سەرۆك: (دەخوێنێتەوە) ئەی خوایەگیان لە لشبۆنە مردووم.. ئەمە ئەو رۆژنامەیەیە، كە یارمەتی دامەزراندیمدا.. بەڕێوەبەرەكەی هاوڕێمە.. بەردەوام پشتی بەو یارمەتیانەی من بەستبوو تا بەردەوام بێ‌و رۆژنامەكەی دەركا، كەچی ئە ئاوا دەنووسێ، گوایە من لە هۆڵی قومارکردندا لە لشبۆنە مردووم .. لەو هاوینە هەوارەی كەلانەی بەرەڵاییە.. ئەوە تاقە شوێنە، كە حەزناكەم تیا بمرم.

لیلیان: دەڵێن ژنەكەشت لە تاو لۆمەكردن مردووە.

سەرۆك: مەبەستتە بڵێی لۆمەكردنی من؟

لیلیان: بەڵێ سەبارەت بە مەسەلەی براكەی.

سەرۆك: براكەی بەشداربوو لەو هەوڵی كودەتایەدا وەكو هەر خائین‌و موئامەرەچیەك لەسێدارەمدا.. ئەمە رەوانییە؟

لیلیان: ئەویش بیانووی خۆی هەبوو.. ئەویش دەیویست دەسەڵات بگرێتە دەست. بە هەر حاڵ، تۆش لەو باشتر نەبووی.

سەرۆك: وایە.. ئیتر ئەو شانسی نەبوو، نەیتوانی دەسەڵات بدەست بهێنێ. لە وڵاتی ئێمەدا هەموومان واین.. سەرکێشی دەکەین یا دەبینە سەرۆك یان دەبینە پیاوکوژ.. هیچ شتێ ناتوانێ لەو تەماعە رزگارمان بکا.. نیشتمانی پیسیو پۆخڵی.. بەڵکو کیشوەرێکی ئاوس بە گۆی دنیا.. کیشوەرێ بێ خۆشەویستی.. ئێمە کوڕی تیرۆرو تووندو تیژیو رەگەزپەرستیو کودەتاین .. کوڕانی ئەتککردنو تەعداکردنو فێڵو درۆ.. خۆمان دوژمنی خومانین.. بەڵێ.. وایە.. دۆزیمەوە.. چەندین ساڵە بۆ ئەم قسەیە دەگەڕێم.. ئەم ناوە پڕ بەپێستمانە.. خۆمان دوژمنی خۆمانین.

لیلیان: کەواتە ئەمە ئەو سەرۆکەیە، کە باجی هەڵسو کەوتە چەپەڵەکانمان دەدا.. لێرە لە تاراوگە دانیشتووەو وەکو مامۆستایەکی کۆن سەبارەت بە کیشوەرەکەمان فەلسەفە لێدەدا، بەخوا چاکیانکرد لایانبردی، تۆ کوڕی قەحبەی.. فێڵبازی.. گوکەرێکی گەورەی.. درەندەیەکی ترسناکی.

سەرۆك: تکایە بێ جنێودان.

لیلیان: تکایە بە یارمەتی؟ ئێستا من دەبێ وس بم؟ دەمی خۆم بگرم. بەخشندەبم و هێمن بم و بە دیلۆماسیەت قسە بکەم؟ من دەبێ ئیتر ئاوڕ لە رابردوو نەدەمەوە؟ دەبێ بۆ داهاتوو بڕوانمو بزە بمگرێ؟ سەرسەری، کوڕی قەحبە.. ئێستا تۆڵەت لێدەکەمەوە.. ئەتکت دەکەم، تۆڵەی هەموو انت لێدەکەمەوە.

(پەلاماری دەدا.. رایدەکێشێتە سەر سیسەمەکە.. جلەکانی دادەڕێو لەسەری دادەنیشێ ئەویش وەکو چڵە پووشێ لەبەردەستیا کەوتووە.. دەیەوێ ئەتکی بکا، ناتوانێ دەیخا بە دەما داری گسکەکە دێنێو تێیدەبڕێ .. سەرۆك هیستیریا دەیگرێ، هاواردەکا.. خوێن لە قوونی دێ.. موسیقا.. بێدەنگی.. لیلیان لە ترسا بەسەر زەویەکەدا دەکەوێ.. سەرۆك زۆر بە هیواشی هەڵدەستێ، خۆی کۆدەکاتەوە)

سەرۆك: شێتە چیت لێکردم.. (سەرۆك دەمانچەکەی دەردێنێو بە نێو ژوورەکەدا راویدەنێ)

لیلیان: ئەی پڵنگ سەیرکە.. ئەی یەکەم وڵاتی.. چاك سەیری خۆت بکە (ئاوێنەیەك دەخاتە بەردەمی سەرۆك) تۆی ئیهانەکراوو دارلەقنگبڕاو، چەند لە پڵنگ دەچی.. چیدی ناتوانم بە زیندوێتی بتبینم.. هەموو وشەکانت درۆو فشەن، هیچو پووچ، دەتەوێ قەناعەتم پێبکەی، کە تۆ خراپترین سەرۆکی وڵات بووی.. پۆز بەوەوە لێدەدەی.. ئەی کەواتە بۆ تووند دەستت بەو دەسەڵاتەوە گرتبوو لە پێناویا دەجەنگای.. هەزاران بێگوناهت کوشت.. ماڵو سامانو تواناکانت بە فێڕۆدا.. ئێستا.. تەنیا ئێستا هەست بە پەشیمانی دەکەی.. ئەو پەشیمانیەت سوودی چییە؟! ئەو پەشیمانیەت دادی وڵاتە وێرانەکەم نادا..

پارەکانت بردو هەڵاتی.. ژیایت.. تێرو پڕ چێژت لە ژیان وەرگرت.. ئێمەش هەموو شتێکمان لەدەستدا.. رابردوو ئێستاو داهاتوومان لەدەستدا.. تێدەگەی چیدی تاقەتی فشەکانتم نییە گوایە بێزت لە دەسەڵات دێتەوە هەر وەکو ئەوەی سۆفی ئاخر زەمان بی.. تۆ گەورەترین درۆزنی.. ئێستاش خەون بە دەسەڵاتەوە دەبینی. سوێند دەخۆم ئێستا ئامادەی هەر شتێ بکەی لە پێناوی ئەوەی یەك چرکە، هەر یەك چرکە ببیتەوە بە سەرۆك، تا هەموو خۆڵی ژێرپێکانت ماچکەن. بە منیشەوە.. گەر تۆ

سەرۆك بوویتایە، بێزت دەهات بێیتە ماڵەکەم؟ (کەمێ بێدەنگی)

سەرۆك: (سەرۆك بەوپەڕی تێکشکانەوە) گەر من هێشتا سەرۆك بوومایە، تۆ دەعوەتت دەکردم؟ (بێدەنگیەکی کەم)

لیلیان: رەنگە هەر لەبەر ئەوە دەعوەتم بکردیتایە، تا تۆڵەت لێبکەمەوە (بێدەنگی)

سەرۆك: ئەی ئێستا بۆ دەعوەتت کردووم؟ (بێدەنگی)
لیلیان: تا پێت بڵێم تۆ چەند هیچ و پووچ و کوڕی قەحبەی.

سەرۆك: ئەوە هەموو شتێکە؟
لیلیان: بەڵێ ئەوە هەموو شتێك.. ونبە لەبەر چاوم.. یان چاوەڕوانبووی کڕنووشت بۆ ببەم؟ تۆ ئالوودەی دەسەڵات بووی، تۆ بە کوشتن و بڕین و چەوسانەوەی خەڵك نەبێ تێر ناخۆی.. برۆ ملت بشکێنە.. بڕۆ بۆ جەهەنەم.

سەرۆك: (دەچێتە دەرێ) شەو شاد..
(بێدەنگی.. پاڵتۆکەی هەڵدەگرێ.. دەچێتە دەرەوە.. موسیقا. ورده ورده تاریکی لیلیان شوێنی دەکەوێ..)

دیمەنی هەشتەم
لە دەرەوە لەسەر شەقامەکە:
(سەرۆك دەڕواو هەڵەنوتێو پاڵتۆکەی بە دوای خۆیدا رادەکێشێ.. لیلیان بە دویدا رادەکا.. ڕووبەڕووی دەوەستێو ڕێی پێدەگرێو دەمانچەکە ڕووبەڕووی رادەگرێ)

لیلیان: بۆ کوێ دەڕوێ؟

سەرۆك: بۆ جەهەنەم.. نەتوت بڕۆ بۆ جەهەنەم؟ دەگەڕێمە بۆ خەڵوەتگەی پیری تا لەوێ بمرم.. دەگەڕێمە بۆ ژووره بچووکەکەمو لەوێ خۆم دەنێژم.. هەر ئەوێم قابیلە.. جگە لەوەی ئەو ژووره ساڵانی لاوێتیم بیردەخاتەوە.. ئەو کاتەی لەبەشی ناوخۆیی زانکۆ بووم، کە چوار ساڵ ئەدەبم خوێند.

لیلیان: ئەدەبت دەخوێند؟
سەرۆك: لە پشووەکانداو لە کاتی بێ ئیشیدا، بەناییم دەکرد، تاخۆم بەخێوکەم.

لیلیان: ئەی پارەکانت کوا.. هەموویت بەبادا؟
سەرۆك: (سەعاتێکی ئاڵتونی لە گیرفانی دەرئەهێنی، کە بە بەردی بەنرخ نەخشێنراوەو دەیدا بەلیلیان) لە ماڵی دنیادا ئەوەم بۆ ماوەتەوە، چارم نییە دەبێ بیفرۆشم.. هەموو ئەو شتومەکە کەمەی هەمبوو فرۆشتم تابتوانم ئاسایی بژیم دوای ئەوەی هەموو دەستبەردارم بوون.. ئێستاش دەبێ بیفرۆشم تابتوانم ئەم چەند رۆژەی ماومە بە ئارامی بژیمودەست لە کڵێسا پان بکەمەوە..

لیلیان: دیسان دەتەوی فێڵم لێبکەی؟
سەرۆك: دەمەوێ بەدزیەوە بیفرۆشم هەر بۆیە ئەمشەو دەعوەتەکەتم قبوڵکرد.. پێویستم بەیارمەتی تۆیە تادوا رۆژەکانی ژیانم بە ئارامی بەسەر بەرم..

لیلیان: دەتەوێ بۆت بفرۆشم.. بەڵام وەسڵەکەیت ماوە کەئەمە موڵکی خۆتە؟ چونکە ئەمە ئەنتیکەیەکی دەگمەنە.

سەرۆك: نە وەسڵم هەیە نەهیچ.. ئەو کاتەی لە کۆشك هەڵاتم بە پەلە ئەمەم لە دۆڵابەکان دەرهێناو بردم.

لیلیان: ئەی چۆن بۆت بفرۆشم؟ لەوانەیە تووشی لێپرسینەوەو زیندانیش ببم..

سەرۆك: کەوات هیچ چارێکم نییە جگە لەوەی حەیای خۆم بەرمو خۆم بیفرۆشم.. ئیتر رۆژنامەکان باسێکیان دەستکەوت یاری پێبکەن.. جەنابی سەرۆکی لەکار خراو شتو مەکەکانی هەڕاجدەکا بەم شێوەیە هەموو سەنگینیەکی خۆم لەدەست ئەدەم، کەئەمە دوا شتە بۆم ماوەتەوە لەم دنیایداو دەبمە گاڵتەچی هەمووان.
لیلیان: داوای لێبوردن دەکەم.

سەرۆك: من داوای لێبوردن دەکەم.. تکایە بم بەخشە.. ئەی لەم داماویەم.. کەس نازانێ من چەند داماوم.. کەس داماوی سەرۆکێکی هەژار نازانێ.. بۆ یەکێکی وەکو من تەنانەت بەزیندوێتی مانەوەش شتێکی ناشرینە..(سەعاتەکەی دەداتەوە)

لیلیان: رەنگە بتوانی بمێنی بێئەوەی ئەو نەشتەرگەریە گەورەیەش بکەی.. بەڵام زۆر زەحمەتە لە ژیاندا بیتو نەزانی سەعات چەندە.
سەرۆك: زۆر سوپاس.

لیلیان: ئای لەم پیرەمێردە داماوە.. ئای لەو ژیانە گواویە.. ببورە تاراوگە ئەم هەموو جنێوەی فێرکردووم..
سەرۆك: دەزانی بۆ سوورم لەسەر ئەوەی ئەو نەشتەرگەریە بکەم؟

لیلیان: تاچاك ببیتەوەو بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەتو سەرۆکایەتی کودەتایەك بکەی لە پێناوی ئەوەی ئێوە پێی دەڵێن: مەسەلەیەکی ڕەاو گەڕاندنەوەی شتەکان بۆ شوێنی سروشتی خۆیانو لەپێناو کەرامەتی نیشتمانداو.. دوای ئەوە ئیتر خوێن ڕشتن دەست پێدەکاتەوە.

سەرۆك: نەخێر لەبەر ئەوە نا.. بەڵکو بۆ ئەوەی خۆ بکوژم.
لیلیان: چی؟

سەرۆك: بەڵێ خۆکوشتن.. ئەو نەشتەرگەریە فرسەتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی لە بێهۆشیدا بمرم بێئەوەی هەست بە سامی مەرگ بکەم.

لیلیان: هەزار نەشتەرگەری لەناوت نابات.. تۆ قەت نامری.. نامری نامری..
سەرۆك: نامرم؟
لیلیان: بەیەك شت نەبێ؟

سەرۆك: چییە؟

لیلیان: بەوە (دەمانچەکەی لێدەردێنیو دەیهێنێتە سەرپێ)
سەرۆك: (لەپڕهە ست بە خاوبوونەوە دەکا) زۆر سوپاسی ئەو ئازایەتیە کوتو پڕەت دەکەم بڕوات بێ.. تۆ لە پێناوی منداکاردەکەی.. نەتبینی هەر تۆزێ لەمەوپێش چۆن تەسلیمت بووم، تۆش چۆن بەچنگو نینۆکەکانت لەتو پەتت دەکردمو دارت تێدەبڕیم بەڵام شتێك هەر خەمبارم دەکا.. خانمێکی گەنجی جوانی وەکو تۆ گوناحی چییە هەموو ژیانی لە زیندانداو بەسەربەرێ لەبەر ئەوەی پیرەمێردێکی وەکو من دەکوژێ؟! شتێکی تریش هەیە خەمی پێدەخۆم.. ئەویش ئەوەیە، من ئەو پیاوە نیم، کە تۆ دەتەوێ بیکوژی..

لیلیان: دەتەوێ بڵێی چی؟ مەبەستت چییە؟

سەرۆك: یەعنی.. ئاخ.. چەند هەوڵمدا بۆت رووننبکەمەوە بەڵام تۆ هەر تێنەگەیشتی..

لیلیان: مەبەستت چیە؟ یەعنی تۆ ئەو پیاوە؟؟

سەرۆك: بەڵێ.. من سەرۆك نیم..

لیلیان: مەتەڵێکی تر.. فێڵێکی تر؟ کەواتە تۆ کێیت؟

سەرۆك: من هاوشێوەکەی ئەوم..

لیلیان: بەدیلەکەی؟

سەرۆك: نا.. بەڵکو هاوشێوەکەی، نامناسیتەوە، یان بیرت چۆتەوە؟ با زۆریان لەبارەمەوە نووسی رۆژنامەکان وێنەیان بڵاوکردمەوە، یەکێکیش کتێبێکی لەسەردانام، باسی موعاناتەکانی کردبووم، چۆن منیان لەشاعیرێکی بەهرەمەندەوە کردە هاوشێوەی سەرۆك.. چەندین نەشتەرگەری جوانکاریان بۆ کردم تا لەو بچم.. لە یادت نییە؟ ئەو نەشتەرگەریانە هۆی ئەم هەموو نەخۆشیانەمن.

لیلیان: بەڵێ.. تۆ.. بیرمە.. بەڵام؟

سەرۆك: سەرۆکی ئەسڵی لە لشبۆنە مرد، هەر وەکو چۆن ئەو رۆژنامەیە وتبووی.. بەڵێ من هیچ نیم جگە لەهاوشێوەیەکی پیر کەبارگەی ئەو تاوانانەی هەڵگرتووە کەنەیکردوون.. هەموو ژیانم بە گۆشەگیری وتەنیایی بەسەربرد بەهۆی رقی خەڵکی لەئەو.. وا بەهۆی ئەویشەوە دەکوژرێم من دەمەوێ وەکو خۆم بمرم.. ئەم مەرگە بۆ ئەوە.. مەرگی ئەوە.

لیلیان: نا.. تۆ دەتەوێ فێڵم لێبکەی.. تۆ درۆزنێکی گەورەی.

سەرۆك: ئیتر فێڵ چ سوودێکی هەیە، من بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی مەرگم.. بەڵام تۆ پیاوێك دەکوژی کەئەو نییە..

لیلیان: نا.. تۆ درۆ دەکەی.

سەرۆك: نا بەڵکو ئەمە حەقیقەتە.. نەموت ئێمە خۆمان دوژمنی خۆمانین.. زۆربەمان وەکو ئەو واین.. چەندمان چێشت بەدەست دڵڕەقی ئەوەوە، بەڵام ئێمەش وەکو ئەو دڵڕەقین.. وەکو ئەو توانای گوێگرتنمان نییە.. وەکو ئەو توانای بەخشندەییمان نییە.. هیچ چارەسەرێکمان نییە جگە لە تووندو تیژی.. ئێمەش لەو دەچین.

لیلیان: نا درۆ دەکەی.. تۆ ئەوی.

سەرۆك: من هاوشێوەم.. تەنیا هاوشێوەیەك.. ئەوە راستیەکەیە.

لیلیان: درۆدەکەی.. درۆ دەکەی..

(بەردەوام دەقیژێنن.. دەنگیان لە نێو مۆسیقاکەدا دەتوێتەوە.. رووناکیەکان دەکوژێنەوە.)

چاوخشانێ بە سەر ژیان‌و بەرهەمەکانی کافکا

عەزیم ئۆمیدی
لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە



زۆربەی چیرۆکەکانی نووسەری ئاڵمانی (فرانز کافکا)، کە لە دایکبووی وڵاتی (چیك)ە، دوای مردنی بڵاوکراوەتەوەو بوونەتە نیشاندەری بێگانەبوونی خەڵکی سەدەی بیستەم. کابووسەکانی (کافکا)، کە دەربارەی نامرۆڤی بوون‌و ئاڵۆزیی پێکهاتەی ئیداری‌و کۆمەڵگای سەرمایەداریبوون، زۆر لایەنی هاوبەشییان لەگەڵ بەرهەمەکانی رۆمانتووسی ئینگلیزی (جۆرج ئۆرویڵ)دا هەن، وەکو: (١٩٨٤)و (کێڵگەی ئاژەڵان).



نەخۆشی، نزمبوونی ئاستی ئاوەزو لاوازبوونی جەستەیی لەو کاریگەرییە گرنگانەی بایۆگرافیای (کافکا)ن، کە لە کورتەچیرۆکەکانیدا: (ئاین هانگرکونستلرۆ)و (دۆخگۆڕان)[1]دا رەنگیان داوەتەوە.

پاڵەوانی چیرۆکی (دۆخگۆڕان)دا (گریگۆر سامسا) لە بەیانیەکی زووداء، کاتێ لە خەو هەڵدەستێ، تێدەگا، کە بۆتە جانەوەرێکی گەورە.

(فرانز کافکا) لە شاری (پراگ)ی پایتەختی کۆماری (چیك)، کە ئەو کات بەشێ بووە لە خاکی ئوتریش (نەمسا)، لە دایکبووە. باوکی (هێرمان لوی کافکا) دوکانی وشکەفرۆشیی هەبوو. دایکی (جۆلی لوی کافکا) لە بنەماڵەیەکی ناسراوی ئاڵمانی بووە. لە گەڕەکێکی جوولەکەنشینی نێو (پراگ) بە کەلتوورێکی پەروەردە بوون

(هێرمان)ی باوکی (کافکا) بە ماڵی تووڕەیی هەبووەو داخیشی بە سەر کوڕەکەیدا رشتووە.

(کافکا) سێ خوشکی هەبوو، کە هەموویان لە ئۆردوگای نازیەکاندا کوژراون. چیرۆکەکانی (کافکا) زۆرجاران باسی ناکۆکیی نێوان باب‌و کوڕ دەکەن، یان دەربارەی کەسانێکن، کە لە بەرامبەر دەسەڵاتداراندا بەرگری لە بێتاوانان دەکەن.

(کافکا) لە وتاری نامەیەك بۆ باوك ١٩١٩دا وەها دەنووسێ: "- هەموو نووسینەکانی من سەبارەت بەوەن، کە لە دووتوێی نووسراوەکانمدان هاوارو ناڵە بۆ ئەو شتانەن، کە نەمدەتوانی بەرامبەر بە تۆ بیانڵێم. ئەوان ماڵئاواییەکی هەتاهەتایین لە تۆ."

(کافکا) لە نێو شەڕو کێشەی بنەماڵەدا گەورە بووو بە هۆی ئەندامبوون لە کەمینەی جولەکەی (پراگ)، هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی ئەزموونکرد. بۆ ئەو چوونەوە سەر ڕەچەڵەکی جوولەکەبوون دژوازو دووجۆری بوو. بۆیە لە نووسینەکانیدا دەڵێ: "- من چ هاوبەشیەکم لە گەڵ یۆنانیەکاندا هەیە؟ من تەنانەت بە دژواری خاڵی هاوبەش لەگەڵ خۆم دەبینم. دەبێ پەنا بۆ گۆشەیەك بەرم‌و لەوە رازیبم، کە هەناسە هەڵدەکێشم."

(کافکا) لە قوتابخانەی سەرەتایی نەتەوەیی ئالمان خوێندی‌و قوتابخانەی نەتەوەیی زانستە

[1] – (مسخ) Metamorphosis.

مرۆڤیەکانی ئالمانی تەواو کرد. لە ساڵی ١٩٠١دا چوو بۆ زانکۆی (فریدناند کارلزۆ) خوێندنی لقی یاسای دەستپێکرد. لە ساڵی ١٩٠٦ دکتۆرای وەرگرت. لەو ماوەیەدا چووە نێو کۆڕی بیرمەندانەوە، کە تێیدا (فرانس ویرفل)، ئۆسکاربووم، (ماکس برووود) بەشداربوون‌و (کافکا) لە ساڵی ١٩٠٢وەوە لەگەڵ ئەوان ئاشنا بوو.

ساڵی ١٩٠٤ دەستی بە نووسین کردو بە رۆژ لە دایرەدا راپۆرتی سەبارەت بە رووداوی پیشەکاری‌و سلامەتی دەنووسی‌و شەوانەش خەریکی نووسینی چیرۆکەکانی خۆی دەبوو.

زمانی وشك‌و یاسامەندی چیرۆکەکانی (کافکا) تا رادەیەك لە ژێر کاریگەریی کارەکەی لە (دایرە)دا بووو لە هەر چەشنە هەست‌و تەفسیرێکی ئەخلاقی خۆی دەبوارد. (کافکا) تا کاتی خانەنشینی، لە ساڵی١٩٠٧وە تا ١٩٢٣ لە شەریکەی بیمە کاری کرد. لە سەرەتادا لە بەرێوەبەرایەتی یەکێ لە شەریکەکانی بیمەی ئیتالیا لە (پراگ) بەرپرسایەتیەکی لە ئەستۆ بوو، دواتر لە دامەزراوەی بیمەی رووداوی کرێکاران لە (پراگ)دا بووە بەرێوەبەر. پلەی لەم شەریکەیەدا بایەخێکی بەرزی هەبووو لە درێژەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بە شێوەیەکی کاتی لە چوون بۆ شەڕ بەخشرا.

(کافکا)، لە درێژەی ژیانیدا، لە گەڵ ژن‌و کچێکی زۆر، دۆستایەتی گرت‌و لەم پێوەندیانەشدا تووشی چەند شکستێ هات. لە ساڵی ١٩١٢دا لەگەڵ خاتوو (فلیس بۆیر)، کە بازرگانێکی ٢٤ ساڵەی خەڵکی برلین بوو، ئاشنا بوو. (کافکا) پێی گووتبو، کە ژیان لە پەنای ئەو ژیانێکی راهیبانەیە لەگەڵ پیاوێکی بێ ئەخلاق، ماناخۆلیا، کەم دوو، ناڕازی‌و نەخۆش. پێوەندیی ئەوان پێنج ساڵی خایاند. دواتر (فلیس) چوو بۆ ئەمریکاو لە ساڵی ١٩٦٠دا مرد.



یەکەم قۆناغی داهێنانی (کافکا) بە نووسینی کورتەچیرۆکی (دۆخگۆڕان) دەستی پێکرد. لە چیرۆکی (دۆخگۆڕان)دا (گریگور سامسا) دوای ئەوەی لە خەو هەڵدەستێ، تێدەگا، کە لە ماوەی شەودا بۆتە جانەوەرێکی گەورە. ئەو لە لایەن بنەماڵە بۆرژوواییەکەی خۆیەوە لە ژوورێکدا حەبس دەکرێ‌و باوکی ناوکی سێوێ لە (گریگۆر) هەڵدەکا، ئەم ناوکە سێوە دەڕزێ‌و دەبێتە هۆی مەرگی (گریگۆر).

دەسپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی نەیدەهێشت، کە (کافکا) لە بواری ئافراندنی چیرۆك وەکو رۆمانتووس، یان کۆرتەچیرۆکنووسێ کار بکا. بەڵام ئەو بە درێژایی ئەو ساڵانە درێژەی بە نووسینی نامەو نووسراوەکانیدا. لەو نووسینانەی، کە (کافکا) لە ساڵی ١٩١٠وە دەستی بە پاراستنیانی گرینامە ئەدەبیەکانی خۆی کرد، کە خەونو رووداوو ئەزموونەکانی رۆژانەیەین. شانۆو فیلمانە، کە چاوی لێدەکردن، لە ژیانیدا، دەوری گرینگیان هەبوو. دوای سەیرکردنی شانۆیەك بە زمانی عیبری (ئوروپایدییدێری کافەیەك) بەم جۆرە دەنووسێ: "- هاودەردیو دڵسۆزیی ئێمە بۆ ئەکتەرانی ئەم شانۆیانە، کە کەسانێکی باشنو هیچ دەسکەوتێکیشیان نابێ، تەنانەت ناوبانگو داهاتوویەکی باشیان نییە، لە راستیدا وەکو هاودەردیو دڵسۆزی بۆ ئەو کەسانەیە، کە بۆ سەربەرزیو خۆش نێو هەوڵدەدەن."

(کافکا) نووسینی کتێبی (دادگایی)، کە دووەم رۆمانی ئەوە، لە ساڵی ١٩١٤دا دەستپێکردو هەروەها کورتەچیرۆکی (سترافکولونی) نووسی، کە لەو بەرهەمە دەگمەنانەی ئەونو لە درێژەی ژیانی کافکادا بڵاوبۆوە.

رۆمانی (دادگایی) بەسەرهاتی هەوڵی ناهومێدانەی (جۆزێف. ك)یە بۆ مانەوە لە نێو ئەو رووداوە دڵتەزێنانەدا، کە لە مێزی نانی بەیانیەوە دەست پێدەکا.

کەسێ دەبێ بوختانی بە (جۆزێف. ك) کردبێ، کە بە بێ هیچ تاوانێ گیراوە. لە (دادگایی)دا (جۆزیف. ك) تاوانی خۆی ڕەددەکاتەوەو لێکۆڵینەوەی بێ کۆتای سیستمی دادگا دەستپێدەکا. بەڵام راستیەك دەرناکەوێو (جۆزیف ك) وەکو سەگێ دەمرێ. لە کورتە چیرۆکی (سترافکولونی)دا، لە راستەقینە وەکو ئامڕازێ بۆ شکەنجەو ئازاردان کەڵك وەردەگیرێ. ماشێنێ، کە بە نووسینی زاتی تاوان لە سەر جەستەی قوربانیەکانی دەیانباتە کوشتارگە.

کەسایەتیەکانی چیرۆکی (کافکا)، تەنانەت پێش ئەوەی لە سنووری دەسەڵاتی خۆیان تێپەڕن، سزا دەدرێن. یان هەڕەشەی سزادرانیان لێدەکرێ. یەکێ لە کەسایەتیەکانی چیرۆکی دادگایی ئاوا دەدوێ: "- ڕەنگە قبوڵی نەکەی، کە ئەمە دادگاییەك بێ. تۆ ڕاست دەکەی، چونکە کاتێ دەبێتە دادگاییکردن، کە من قبووڵی بکەم."

ئەم کتێبە بەم ڕستە بەناوبانگانە دەستپێدەکا: "- کەسێ دەبێ بوختانی بە (ك) کردبێ، کە لە بەیانیەکی خۆشدا بە بێ هیچ تاوانێ گیرا. (جۆزێف. ك) دوای ئەم رووداوە تووشی کاریگەریەکی بێ بەزەییانەی یاسا دەبێ. ئەگەرچی لە چیرۆکەکەدا تەنیا یەك بەڕێوەبەری یاسا نابینی. (کافکا) لەم تێمە چیرۆکییە لە ڕۆمانی ناتەواوی خۆیدا بە نێوی (کۆشك) کەڵکی وەرگرتووە. بەشی کۆتایی چیرۆکی (دادگایی) هەر وایە. دوو پیاو (کە بە پێی بۆچوونی تاقمێ لە ڕەخنەگران سیمبوولی تۆوی پیاون).

(جۆزێف) لەوێ دەبەێو چەقۆ لە سەر دڵی دەدەنو دەیکوژن. (کافکا) لە مانگی ئووتی ساڵی ١٩١٧ نەخۆشی زەردوویی دەگرێو ١٠ مانگ لە گەڵ خوشکەکەی بە نێوی (ئاتلا) لە گوندی (زووئێرۆ) لە دەڤەری (بووهمین) دەژی. لە ساڵی ١٩١٩، لەبەر نەخۆشیی ئەنفلۆئانزا لە نەخۆشخانە دەکەوێ. دوای ئەوە (کافکا) زیاتر لە ئاسایشگەی گوندەکاندا دەژی.

کافکا دواتر ئاشقی (میلنا جێسنکا) نووسەرێکی ٢٤ ساڵە دەبێ، کە بەشێ لە چیرۆکەکانی ئەوی وەرگێڕابۆوە سەر زمانی (چیك). دوای ئەوەی لە یەکتر جیابوونەوە، (میلینا) وەکو رۆژنامەنووسێ کاری کردو توانی وەکو پاڵەوانی بەرگری ناو دەربکا. (میلینا) لە ساڵی ١٩٤٤ لە ئۆردوگای کاری زۆرەملی (ئاڵمانیەکان)دا مرد.



(مارگارێ بوبەرنیومەن) لە بەرهەمی (میلنا)ی کافکادا لە ژیانی ئەم خاتوونە دەدوێ. رەنگە ترس لە پێوەندی جنسی لە گەڵ (میلنا) هۆی بەجێهێشتنی (کافکا) بووبێ. ئەو لە زستانی ١٩٢٠ - ١٩٢١وە ئیتر هیچ نامەیەکی بۆ (میلنا) نەنووسی.

دوای ئەوەی پێوەندیی ئەوان پچڕا (کافکا) دواپین رۆمانی خۆی بە نێوی (کۆشك) نووسی. لەم چیرۆکەدا بەڕیز (ك) دێتە گوندەکەو بانگەشەی ئەوە دەکا، کە زەوییناسە.

کۆشکی (هیل) لە تاریکاییو مژدا وندەبێ. تەنانەت تروسکەیەك نەبوو نیشانی بدا، کە کۆشکەکە لەوێیە.

بەڕێز (ك) هەوڵدەدا بە نواندنی خۆی وەکو لێکۆڵەرێکی رەسمی لە سەر (کۆشك) رێزێ بۆ خۆی بەدەست بێنێ. کۆشکەکە وەکو دیاردەیەکی سەمەرە دەسەڵاتی بە سەر گوندەکەوە بوو. (ك) هەوڵدەدا چاوی بە کەلامسەروەری کۆشکەکە بکەوێ، یاریدەدەرانی واتە (ئارتو)و (جێرمیا) هاوکاریی ناکەن. (ك) دواتر ئاشقی (فرێدا) کڵفەتی پێشووی کەلام دەبێو (فرێدا)، کە تێدەگا (ك) وەکو ئامڕازێ کەڵکی لێوەردەگرێ، بەجێی دێڵێ.

(کافکا) لە ساڵی ١٩٢٢دا خانەنشین دەکرێ. ساڵی دواتر لە گەڵ (بالکتیك دورا دیامنت) ئاشنا دەبێ، کە ژنێکی ٢٠ ساڵانەو لە بنەماڵەیەکی جوولەکەی ئۆرتۆدۆکس بووو هەروەها لە چێشتخانەی ئۆردوگای گەشتو گوزاری کاری دەکرد.

نەخۆشیەکەی دەبێتە هۆی ئەوە، کە واز لە لێپرسراویە ئیداریەکان بێنێ، بەڵام ئیتر هیچ بژێوییەکی نەبوو. بنەماڵەکەشی لە (پراگ)ەوە پووڵیان بۆ دەنارد. (کافکا)، کە عادەتی بوو نامەی دوورو درێژ بنووسێو لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی پووڵی پۆستکردنی نامەکان بدا، ناچار بوو تەنیا کارت پۆستاڵ بنێرێ.

تەندروستیی (کافکا) بەرەو خراپی دەچوو. بۆیە ساڵی ١٩٢٤ لە گەڵ دورا لە ئاسایشگایەك لە دەرەوەی (ڤیەننا) نیشتەجێ بوو. بۆ

زەماوەندکردن لەگەڵ دۆرا، نامەیەك بۆ باوکی دورا دەنووسێ. بەڵام وەڵامی (نا)ی پێدەدرێتەوە. هەرچی بێ، دواتر (دورا) وەکو ژنی (فرانز کافکا) خۆی دەناسێنێ. (دورا دیامنت) لە ئۆردوگای نازیەکانو سەردەمای حکوومەتی ستالین لە رووسیاو شەڕی دووەمی جیهانی رزگار دەبێ، بەڵام لە ساڵی١٩٥٢دا لە لەندەن کۆچی دوایی کرد.

(کافکا) شەش هەفتەی کۆتایی تەمەنی لەم ئاسایشگا تێپەڕ کردو لە ٣ی ژوویەی ساڵی ١٩٢٤ بە نەخۆشی زەردوویی مرد. رۆمانی ناتەواوی ئەو بە ناوی (ئەمریکا) لە ساڵی ١٩٢٧ بڵاوکراوە.



(کافکا) هیچ کات سەردانی ئەمریکای نەکرد، بەڵام لە روانگەی یەکێ لە کەسایەتیە چیرۆکیەکانی خۆیەوە، ئاوا دەڵێ: "- (کارڵ روسمان)ی تەمەن ١٧ ساڵان، کاتێ وەکو کۆچەرێ دەچێتە بەندەری نیۆیۆرك، چاوی بە پەیکەرەی ئازادی دەکەوێ، کە بە جێی مەشخەڵ شمشێرێکی بە دەستەوە."

(کافکا) وەکو جولەکەیەك لە کۆمەڵگەی ئاڵمانی زمانەکانی (پراگ) دوورەپەرێز کرابوو. بەڵام (ماکس بروود)ی هاوڕێی ژیاننامەنووسی ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بۆ بەرزکردنەوەی (کافکا) لە بواری نووسەری ئەنجامدا، هەرچۆنێ بێ، (کافکا) چەند چیرۆکێکی چاپکرد. لە درێژەی دووساڵو نیوی کۆتایی ژیانیدا توانی بەشێ لە باشترین بەرهەمەکانی تەواو بکا. لەوانە ئاماژە بە (هانگر کونستلێر) دەکرێ، کە قارەمانی ئەم چیرۆکە لە پیشەی نائاسایی خۆی پشتی لێدەکرێ تا بمرێ.
(جوزفین)و سانگرین)یش یەکێکی‌تر لەو چیرۆکانەن، کە کەسایەتیە سەرەکیەکەی مشکێکی گۆرانیبێژە.

(کافکا) پێش مردنی داوایکرد، کە هەموو دەستنووسەکانی لە نێو بچن، بەڵام (ماکس بروود) ئەم ویستەی (کافکا)ی بەجێنەهێناو چیرۆکە ناتەواوەکانی (دادگایی، کۆشك، ئەمریکا)ی بڵاوکردەوە، کە دەکەونە ریزی چیرۆکی کلاسیکیی مۆدێرنەوە.

سەرچاوە:
www.mandegar.info

ژیان‌و کەسایەتیی کافکا

مراد حسێن عەباسپوور
لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە



ساڵێ دوای زەماوەندی (هێرمان کافکا)و (جولی لوی)، واتە لە ساڵی ١٨٨٣ کوڕێ لە دایکبوو، کە بۆ یادی (فرانز جۆزێف) قەڕاڵی ئوتریش ـ مەجارستان نێویان نا (فرانز). (هێرمان) یەکێ لە چوار کوڕەکانی (جەیکۆب) (کافکا) بوو. ئەوانە لە شارێکی بچووکی نزیك (پراگ) دەژیان. بارودۆخی بنەماڵەیی باوکی (فرانز) بە پێچەوانەی دایکی زۆر باش نەبوو. (جەیکۆب) لە رێی قەسابییەوە بژیوی دابین دەکردو (هێرمان) لە تەمەنی ١٠ ساڵاندا بە دارشقەیەکی بچکۆلانە لە شەقامەکانی شوێنی لەدایکبوونیدا کاسپیی دەکرد. بەم هۆیە (هێرمان کافکا) لە هەژدە ساڵیدا بۆ گۆڕینی بارودۆخی خۆی‌و بە هیوای باشتربوونی باری ئابووریيەکەی، چوو بۆ (پراگ)، کە شوێنێکی باشتر بوو. لە ماوەیەکی کورتدا بە ویستەکانی گەیشت‌و ژیانێکی مامناوەندیی، لایەنی کەم بۆ بەرەیەك، بنەماڵەی (کافکا)ی وەخۆگرت.

ئەگەرچی ئەم بەختەوەرییە زۆری نەخایاندو بە سەرهەڵدانی نازیزم لە ئالمان بۆ هەمیشە کۆتایی پێ هات.

(فرانز) گەورەترین منداڵی بنەماڵەی (کافکا) بوو. دوای ئەویش گیۆرگ (١٨٨٦ - ١٨٨٥)و هانریش (١٨٨٨ - ١٨٨٧) بە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵ ژیانیان بەختکرد. هەروەها سێ خوشکی بە ناوەکانی ئیلی (١٩٤٢ - ١٨٨٩)، والی (١٩٤٢-١٨٩٠)و ئۆتلا (١٩٤٣ - ١٨٩٢) بوو، کە لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا لە گەڵ زۆربەی هاوڕێیانی (کافکا) کەوتنە نێو (ئاشویز)ەوە. (فرانز) لە نێو سێ خوشکە چکۆلەکانیدا هەر لە سەرەتاوە منداڵێکی شەرمێون و گۆشەگیر بوو. ئەوان لە فەزایەکی تۆندوتیژانەو ناخۆش، لە نێو بنەماڵەیەکی تەواو باوك سالارو لە ژێر چاوەدێریی مامۆستایەك، کە دەهاتە ماڵیان، سەردەمی منداڵیان تێپەڕ کرد. هەروەها هەر لە سەردەمی مێرمنداڵییەوە (فرانز) هۆگریی خۆی بە خوێندنو نووسین نیشاندابوو.

یەکەم چیرۆکی لە ژێر سەردێری وەسفی (بەربەرەکانییەك) لە ساڵی ١٩٠٤دا نووسی، بەڵام تا بیستو نۆ ساڵان بەرهەمەکانی لە کۆیەك لە نووسین، پەخشانو چیرۆك تێپەڕ نەبوو، کە ئەمانەی لە ساڵی ١٩١٣ بە نێوی (تێڕامان) چاپکرد. بەم حاڵە، لە چەند ساڵ پێشترەوە، واتە لە تەمەنی بیستو شەش ساڵییەوە چاپی بەرهەمەکانی لە گۆڤارەکاندا دەستپێکردبوو.

ئەگەرچی (فرانز کافکا) لە منداڵییەوە بە زمانی چیکی، کە زمانی دایکیی بوو، قسەی دەکرد، بەڵام چووە قوتابخانەی ئاڵمانی زمانەکانو هەر لەو کاتەوە بە زمانی ئاڵمانی، کە زمانی دەستەبژێرانی قەڵاڵی ئوتریش. مەجار بوو دەستی بە نووسین کرد. لە قوتابخانە لە وانەی یۆنانی، مێژووو (لاتین)دا بەشداریکردو جاروبار لە گەڵ باوکی دەچوو بۆ کەنیسە. بەڵام ئەمەش زۆری نەخایاند. بەم حاڵە (کافکا)، هیچ کات بە تەواوی لە میراتیی جوولەکەیی و بە تایبەتی تەلمود دوورنەکەوتەوە. دواتر لە زانکۆی ئاڵمانی زمانی (کارل فێردیناند) لە لقی ماف درێژەی بە خوێندندا، کە لە سەرەتادا ئەمەش لە گەڵ ژیانی رۆحیو هۆگرییە ئەدەبییەکانی زۆر نەدەسازا. لە سەردەمای خوێندکاریدا لە گەڵ نووسەرێکی جوولەکەیتر بە ناوی (ماکس برووود) ئاشنا بوو، کە ئەو دواتر ژیاننامەی (کافکا)ی نووسییەوەو رۆمانێکی بە ناوی (پاشای ئەفسوونکراوی ئەشق) لە بارەی کەسایەتییەك بە ناوی (گێرتا) نووسی، کە لە راستیدا هەوێنی رۆمانەکەی لە ژیانی (کافکا) وەرگرتبوو.

(کافکا) لە ساڵی ١٩٠٦ بڕوانامەی دکتورای لە لقی ماف وەرگرتو ساڵێ بۆ بارهاتن لە دادگادا کاری کردو دواتر بۆ هەمیشە ئەم کارەی وەلا نا. لە ساڵی ١٩٠٧ لە شەریکەیەکی بیمە دامەزراو لەو سەرەوە، کە ئەم کارە دەرفەتی زیاتری بۆ (کافکا) دەهێشتەوە تا ساڵانی کۆتایی تەمەن وەکو کارمەندی خەمینی دایرەی بیمە لەوێ ماوە. (کافکا) لەم کارەدا بە چەند پلەیەك گەیشت، تا ئەو جێیەی، کە لە نەبوونی بەرپرسەکەی کاروباری دایرەکەی بەڕێوە دەبرد.

بەم حاڵە، باوکی کافکا، کە پیاوێکی جیدیو چالاك بوو. چاوەڕوانی دەکرد، کە (کافکا)ی لاو لە کاتی بێ ئیشیدا بچێتە کارخانەی رستنو چنینو (کافکا)ش لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی

دژایەتی، بە تایبەتی لە گەڵ باوکیدا بکا، بە بێ مەیلی قبووڵی دەکرد. ئەمە (کافکا)ی زیاتر تووشی ئاڵۆزی کردو لە ئاکامدا ئەوی بەرەو خۆکووژی وەکو تەنیا رێی دەربازبوون هاندا.

کافکا لە ساڵی ١٩١١ هاوڕێ لە گەڵ (ماکس بروود) بۆ وڵاتانی فەرانسە، ئیتالیاو سوییس سەفەری کردو لە گەڵ شانۆی ییدیش ئاشنا بوو. لە ١٢ی ئوتی ١٩١٢ لە ماڵی هاوڕێکەی لە گەڵ (فلیسە بووێر) دیداری کرد، کە ئەمەش بوو بە هۆی دۆستایەتییەکی تا رادەیەک درێژخایەن و گۆڕینەوەی رێژەیەکی زۆر نامەو کارت بۆستاڵ. (کافکا)و فلیسە لەو ماوەیەدا دووجار نیشانەکران. بەڵام هیچ کامیان نەبووە هۆی ژیانی ژن و مێردایەتی. (کافکا) بە پێچەوانەی (فلیسە)و نیشانەکردنی کچێکی جوولەکە بە نێوی (جولی هوریزك) لە ساڵی ١٩١٩، تا کۆتایی ژیانی هەروا سەڵت مایەوە. ئەگەرچی بە پێی دانپێدانانی گێرتە بلوخو قسەی (ماکس بروود) ئەو منداڵەی، کە گێرتە بوویەتی و ٧ ساڵی دواتر لە ساڵی ١٩٢١ مردبوو لە (فرانز کافکا) بووە، بەڵام لەو سەرەوە، کە گرتە بۆ ئەمە هۆو بەڵگەی تەواوی بە دەستەوە نەبووەو بە سەرنجدان بە پێکهاتەی فکری و کەسایەتی (کافکا) راکردن لە ژیانی هاوبەشی و کێشەی جنسی بە شێوەیەکی مەرگاوی، هەروەها درێژەی پەیوەندیی (کافکا) لە گەڵ گێرتەو بێ ئاگایی (کافکا) بە پێی وتەی گێرتەو هۆگەلی دیکە، ئەگەری درۆیین بوونی ئەم بانگەشەیە زیاترە.

کافکا هەرچەند لە روانگەتدا هێدی و هێمن بووە، بەڵام هەمیشە ئاڵۆزیی دەروونی و ژانەسەری لە گەڵ بووو بەشێ لە ژیانی لە خەستەخانە تێپەڕ دەکرد، تا ئەوەی لە ٩ی ئوتی ١٩١٧ یەکەم نیشانەکانی نەخۆشییە چارەسەر نەبووەکەی دەرکەوتو شوێنی خستە سەر ساڵانی دواتری تەمەنی. بەڵام ئەمە هیچ کات نەبووە هۆی دابڕانی (کافکا) لە دەوروبەری. ئەو هەروا وەکو نووسەرو بە گوڕوتینێکی زیاتر لە جاران درێژەی بە نووسینی چیرۆکەکانی دەدا، کە هەڵبەت بە رێکوپێکی تەواوی نەکردن.

لەم سەردەمەدا (کافکا) بۆ ماوەیەك لە گەڵ میلنا یەزێنسکا تەنیا ژنی غەیرە جوولەکە پەیوەندیی خۆشەویستی گرێداو لە هاوینی ١٩٢٣ەوە تا کۆتایی تەمەن لە گەڵ کچێکی لەهستانی بە نێوی دوورا دیامانت، کە بیست ساڵ لەو بچووکتر بوو رایبوارد. میلینا وەرگێڕی بەرهەمەکانی (کافکا) بووو ستایشی دەکرد بەڵام (کافکا) هەر لە گەڵ دوورا بوو، کە بە پێی دان هێنانی خۆی توانی لە گەڵ ئەو ژیانی هێدیو هێمن ئەزموون بکا. مەیل بە ژیان لەودا بە جۆرێ بوو، کە لە خاخام دووڕای باوکی داوا کرد، کە ئیزنیان پێ بدا زەماوەند بکەنو ئەگەرچی ئەم ویستە بە ئاکام نەگەیشت بەڵام دوورا دیامانت تا دواییین ساتەکان لە لای (کافکا) ماوەو پەیوەندیی لە گەڵ نەپچڕاند، بە چەشنێ، کە بۆ مردنی (کافکا) بە خەستی گریاو دواییین شادمانی (کافکا) ئەوە بوو، کە دوورا تا دواییین ساتەکان لە لای بوو.

(فرانز کافکا) دوای تاقەتهێنان لە بەرامبەر نەخۆشیی چارەسەرنەبووی سیل لە ٣ی ژووەنی ١٩٢٤ بۆ هەمیشە (پراگ)ی بەجێهێشتو لە گۆڕستانی نوێی جوولەکانی ئەم شارەدا نێژرا.

کافکاو دیتران:



کافکا بە خەستی لە ژێر کاریگەریی دەوروبەری دابوو. ئەگەرچی ئەم بازنەیە زۆر بەرفراوان نەبوو. ئەو هەرچەند بۆ راکردن لە شوێنی لە دایکبوونی پێداگری دەکرد، بێجگەلە چەند سەفەرێکی کورت خایەن هیچ کات بە تەواوی لەم شارەی دوور نەکەوتەوە. دەتگووت، کە چارەنووسی (کافکا) بە پراگەوە گرێ درابوو. هەروەها لە بەر دیکتاتۆرییەکی، کە باوکی بە سەر ماڵێ دا زاڵی کردبوو بێجگەلە چەند ساڵی کۆتایی تەمەن نەیتوانی لە ماڵی باوکی جیا بێتەوە. حاڵەتی نەسازاوی (کافکا)و هەروەها شەرمێکی، کە لە سەرلەبەری ژیانیدا بووو بەسترانەوەی نەخۆشانەی بە تەنیایی‌و بێدەنگی بووە هۆی ئەوەی فرانزی بیچکۆلانە هەر لە سەرەتاوە کەسێکی هێدی، کەم دووو گۆشەگیر بێ‌و بکەوێتە پەراوێزی رووداوەکانەوە. خاڵێکی، کە نابێ لە بیر بکرێ ئەمەیە، کە (کافکا) زێدەتر هۆگری ئەو شتانە بوو، کە زیاترین کاریگەرییان لەسەری هەبوو، لە راستیدا ئەو زیاتر ئەو شتانەی ستایش دەکرد، کە ئازریان دەدا. لەو بابەتانەی، کە (کافکا) نەیتوانی تەنانەت بۆ چرکە ساتێکیش فەرامۆشیان بکا باوکی بوو. (هێرمان کافکا) هەر چەند بۆ بەجێهێنانی کاروباری ئایینی زەختی نیشان نەدەدا بەڵام بە تەواو مانا نموونەی جوولەکەیەك بوو. لە سەرەتادا زیاتر سەرنجی بۆ لای مەسەلەی مادی بووو بە هۆی بوونی کەسایەتی بەهێزو خۆڕاگری‌و هەروەها ئیرادەی پۆڵاییەوە توانی بووی لە کورت ماوەدا خۆی لە بارودۆخێکی وێران‌و خەمناکەوە بگەیەنێتە باڵاترین پلەکانی پێگەی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری. بۆ (هێرمان کافکا) بابەت گەلێ وەکو کاری فکری‌و دنیای ئەندێشە بە تەواوی پووچ‌و بێ مانا بوو. بەم هۆیە زۆر زوو (فرانز)ی منداڵ لە بەر چاوی باوك کەوت‌و پەیوەندی نێوانیان بوو بە دووڕەپەرێزی‌و کێشە.

بەم حاڵە، (فرانز) هەروا ستایشی باوکی دەکردو لە راستیدا زیاتر لە هەموو کەس رێزی بۆ دادەناو بە پێی دانپێدانانی خۆی، باوکی تەنیا کەسێ بوو، کە نسێکەی بە سەر گشت بەرهەمەکانی (کافکا)دا خۆی کێشاوە. بەم حاڵە دەبێ بگووترێ هەڵوێستی (کافکا) لە بەرامبەر باوکیدا دژواز بوو: دەترسا، نەفرتی لێدەکرد، کەچی هەمیشە ستایشی دەکردو رەنگە گرینگترین بەرهەمێکی، کە هێرمان لە ژیانی

شەخسیی کورەکەیدا دیتبووی ئەمە بوو، کە (کافکا) هەرچەند پێی خۆش بوو زەماوەند بکاو خێزان پێکبێنێ، بەڵام تا کۆتایی ژیانی سەڵت ماوە. هەر بوونی باوك بەس بوو، کە (کافکا) بۆ ماوەیەك بیر لە زەماوەند کردن نەکاتەوە.



(کافکا) هەم لە روانگەی جەستەییو هەمیش لە دیدی هزرییەوە بە تەواوی دژ بە باوکی بوو. بەم جیاوازییە، کە کەسایەتیی (کافکا)و هەروەها دنیاکەی نەتەنیا باوکی ئێرەیی پێنەدەبرد بەڵکو بەتەواوی سووکو بێ مانا بوو زانینی ئەوەش، کە باوکی چەندە هەستی سووك کردنی ئەوی هەیە زۆری ئازار دەدا. ترسی (کافکا) لە باوکی بەرچاو بووو لە بەرامبەر دەسەڵاتی نەیدەتوانی بەربەرەکانی بکا. بە بۆچوونی (کافکا) باوکی درێژەی دەسەڵاتی رەها بوو. شاخێ لە ئیرادە بوو، کە نەیدەتوانی لە بەرامبەریدا راوەستێ، یەوەیەکی دڵڕەقو بێ بەزەیی، کە ئەوپەڕی چێژوەرگرتنی خۆی لە نزمیو چرووکی زیاتری کۆیلەکەیدا دەبینیو سات لە گەڵ سات دەسەڵاتی ناتەواوی خۆی پێنیشان دەدا. رەنگە بەم هۆیە بوو، کە (کافکا) کەمتر هەستی بە نەبوونی خودا دەکرد. ئەگەرچی ناتوانرێ بە ئاسانی بە بێخودا دابنرێ.

هەرچەند لە پرسەکانی ژیانیدا دژایەتی بچووکی تێدا بوو بەڵام ئیرادەی (کافکا) هەمیشە کەوتبووە پەراوێزی ئیرادەی باوکییەوە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩١٩ باوکی لە گەڵ خواستی زەماوەندکردنی (کافکا) لە گەڵ ژوولی هوریزك، کە کچی چاوەدێری خانوو لە چینی هەژاری کۆمەڵگا بوو دژایەتی کرد و ئەمەش هەر وەکو باقی ویستەکانی بێ ئاکام مایەوە. (کافکا) چەندین ساڵ لەوە پێش تر رووداوێکی ئاوای لە حوکمداندا، کە پێی وابوو کۆرپەیەکە پێشگۆیی کردبوو. لەم ساتە وەختە دابوو، کە دڵگرانییەکانی (کافکا) لە باوکی سەرڕێژ بووو لەو سەرەوە، کە نەیدەتوانی لە گەڵ باوکی بەربەرەکانی بکا نامەکەی بە دایکی سپارد، کە هەڵبەت ئەم دەستتووسە هیچ کات بە بەردەنگەکەی نەگەیشت. سەرەڕای هەمووی ئەوانە ئازاری (کافکا) لە هەبوونی وەها باوکێ ئازارێکی خوازراو بوو. ئەو لە زۆر شوێنی نامەو نووسینەکانیدا بە لەحنێکی لەخۆباییانەوە باسی باوکی دەکا. دەڵێی هەر قسەکردن لە باوك بۆ (کافکا) سەرچاوەی باوەڕبەخۆ بوونە. لە نامەیەکدا بۆ (فلیسە) دەڵێ: من دەتوانم کارێ بکەم، کە لەو دوور بکەومەوە، بەڵام هیچ کات ناتوانم فەرامۆشی بکەم.



(کافکا) کەمتر لە ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەی دەترسێو هەست پێناکرێ. رەنگبێ گوتنی ئەوە، کە دایکی (کافکا) دروست بە رادەی باوکی بۆ پێگەیشتنی هەستی باوەڕبەخۆ نەبوونی کوڕەکەیان کاریگەری هەبووە کەمێ زێدەگۆیانەبێ. ئەو ژنێکی گوێ لەمستو چاوبەژێر بووو لە کێشەکانی نێوان باوکو کوڕدا هەمیشە لایەنگری لە مێردەکەی دەکرد، بەڵام شتێکی، کە زیاتر لە هەموو شتێ کافکای ئازار دەدا هەستی دڵسۆزانەی دایکی بوو، کە لە سەردەمای بلوغو دواتریش وەکو منداڵێ هەڵسووکەوتی لە گەڵ دەکرد. دایکی لە بارودۆخی بەستەزمانی کوڕەکەی گەیشتبووو هەمیشە بە چاوی نەخۆشێ سەیری دەکرد. نەخۆشێك، کە هەمیشە پێویستی بە پشتگری کردن هەبوو. ئەو لە نامەیەکدا بۆ (فلیسە) داوای لێدەکا، کە هەر چۆنێ بێ ئاگای لە کوڕەکەی بێو بتوانێ، کە ئالۆگۆڕی بە سەر ژیانی دا بێنێ، لە بەر ئەوەی، کە دەیەوێ لە گەڵ (کافکا) زەماوەند بکا رێزی لێدەگرێ. رەنگە لە روانگەی دایکی (کافکا)وە ئەم کردەوەیەی فلیسە وەکو خۆبەخشییەك وایە. نۆستالۆژیای (فرانز کافکا) لەم رستە کورتەی دایکیدا دەردەکەوێ کە: چارەنووسی تۆ ئەوە نەبوو.

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە، کە هەرچەند (کافکا) لە لایەن باوکییەوە شکابۆوەو سووکایەتی پێکرابوو. بەڵام لە هەڵبژاردندا ئەگەری ئەوە بوو، کە باوکی هەر بەو جۆرە بوێ، کە هەبوو. ئەوە لە حاڵێدایە، کە ئەم بڕیارە بۆ دایکی وەڕاست ناگەڕێ. بێگومان ئەو دەورێکی گرینگی بۆ بارهێنانی ئاکاری ژنانەی (کافکا)و سیمای هەبووو ئەمەش زیاتر لە هەموو شتێ ئەوی ئازار دەدا. (کافکا) لە نەبوونی دایکیدا زیاترین سەرنجی بە بچووکترین خوشکەکەی واتە (ئۆتێلا) دەدا. ئەو ئۆتێلای بە نموونەی دایکێکی راستەقینە دەزانی. ژنێ بە تایبەتمەندی گەلێکی وەك پاکی، راستگۆییو رووخۆشو قورس، لە خۆبردوویو باوەڕ بەخۆ، بوێریو ترس بە هاوسەنگییەکی تەواو. لە کۆتاییەکانی تەمەندا، کە لە ماڵێ جیا بۆوە ماڵی ئۆتێلای، کە کەمێ لە شار دوور بووو فەزایەکی هێدیو ئارامی بوو بۆ مانەوە هەڵبژارد. (کافکا) رێزی بۆ بوێریی ئۆتێلا بە تایبەتی کاتێ لە بەرامبەر باوکیدا رادەوەستا دادەنا. ئەو توانی بووی لە گەڵ کەسێ، کە باوکی پێی خۆش نەبوو زەماوەند بکاو ئەمەش بۆ (کافکا)، کە هیچ کات وەها بوێرییەکی لە خۆی دا شك نەدەبرد جێی رێز بوو. رەنگە هەر بەم هۆیە بوو، کە بەشێ لە رمخنەگران ئەشقی (کافکا)و ئۆتێلایان دەخستە ئەوپەڕی پەیوەندی نێوان خوشكو براوەو تووشی تەعبیرو تێگەییشتنەکانی (فرۆید)ی ببوون.



لە باقی خزمان، کە (کافکا) لە چاو دایکو باوکی.. خۆی بە نزیکتر لەوان دەزانی خاڵی واتە (ڕۆدۆلف) بوو. (کافکا) لە زۆر ڕووەوە خۆی بە هاوشێوەی ڕۆدۆلف دادەناو هەمیشە لەوە دەترسا، کە ئەویش لە ئاکامدا هەر وەکو خاڵی سەڵت بمێنێتەوە. (کافکا) سەبارەت بە (ڕۆدۆلف)دا دەنووسێ: لە شتە وردەکاندا ئەو کاریکاتۆری من بوو بەڵام لە بنەڕەتدا من کاریکاتۆری ئەو بووم.

لە دەرەوەی جەغزی بچووکی پەیوەندی بنەماڵە تا ڕادەیەکی زۆر ماکس بروود هەرمانترین دۆستی سەرلەبەری ژیانی (کافکا) بوو. ئەو لە ماوەی خوێندکاریدا لە گەڵ (کافکا) ئاشنا بووو تا کۆتایی تەمەن ئەم دۆستایەتییەی پاراست. لە ڕاستیدا بروود تەنیا حەواری ژیانی کورت خایەنی (کافکا) بوو، کە دوای مردنی ئەویش بۆ پاراستنی ئەم دۆستایەتییە هەوڵیداو بەرهەمەکانی (کافکا)ی بڵاوکردەوە. پێشتریش تەنیا لە بەر هاندانی (بروود) بوو، کە (کافکا) بەشێ لە بەرهەمەکانی خۆی بڵاوکردبۆوە. ڕەنگبێ بروود تەنیا کەسێ بوو، کە لە سەردەمی ژیانی (کافکا)دا هەستی بە هێزی شێتانەی ئەو کردو لە نامەیەکدا بۆ (فلیسە) نووسی: (فرانز) دەتوانێ بەرهەمگەلێ بخوڵقێنێ، کە خودا لە ڕێگەی مێشکی ئەوەوە دەیەوێ هەموو بەندەکانی بیانبێ.

ئەگەرچی (بروود) بۆ خۆی نووسەر بووو سەرەتا تەنانەت لە (کافکا) زۆر ناسراوتر بوو بەڵام ئەمرۆکە زیاتر وەکو ژیاننامەنووسی (کافکا) ناوبانگی هەیە. ئەم دوانە هاوڕێ لەگەڵ (ئۆسکار بووم)ی نووسەرو (فلیکس وێلێچ)ی فەیلسووف گروپێکی چوار کەسییان پێکهێنا بووو کاتێ لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوە بەرهەمەکانی خۆیان بۆ یەکتری دەخوێندەوە.

(کافکا) پێی وابوو، کە (ئۆسکا پوولاك) دەلاقەیەکە بەرەو جیهانو ڕێزی زۆری بۆ وێلێچ دادەنا. بەڵام هەستی دەکرد، کە بە (ماکس بروود) نزیکترەو زیاترین پەیوەندیشی بنەماڵەیی لە گەڵ ئەو بوو. بەم حاڵە هیچ کات ئەوی بۆ گفتگۆیەکی درێژخایەن، چڕو پڕو خۆش بە شیاو نەدەزانی. ئەگەرچی (کافکا) پێی وابوو، کە ئەگەر هاوڕێکانی زەماوەند بکەن لە کیس دەچن. بەم حاڵەش تا دوا ڕۆژەکانی تەمەن پێی لە ماڵی بروود نەبڕیو ڕەنگە ئەو ئارامییەی، کە لە دەرەوەی ماڵی داخراوی باوکیدا لێیدەگەڕا تا ڕادەیەك لە ماڵی هاوڕێکەی دەیدۆزییەوەو هەر لەوێ بوو، کە لە

گەڵ کچێ بە نێوی فلیسهە بۆییر، کە دواتریش دوو جار بە شێوەی ڕەسمی نیشانەی کرد ئاشنا بوو.



(فلیسە)، کە بێگومان کاریگەرترین ژن لە ژیانی (کافکا)دا بوو لە بێرلین دادەنیشتو لە شەریکەیەکدا وەکو سکرتێر کاری دەکرد. تارادەیەکی زۆر هەر ئەو شتانەی، کە باوکی لە بەرچاوی (کافکا) نەدەخست بوونە هۆی ئەوەی، کە هۆگریی (کافکا) بە (فلیسە) زیاتر بێ، هۆگرییەك، کە لە جۆرە بێ سەرنجییەکەوە تا ئەشقێکی لە بنەهاتوو وێرانگەر لە هەڵکشانو داکشان دابوو.

لە راستیدا دەسکەوتی (فلیسە) بۆ (کافکا) چەشنێ سادیسم بوو. ئەو ڕێزی بۆ فلیسە دادەنا چونکە شت گەڵێ جیا لەو شتانەی، کە لە (کافکا) دا کۆ ببوونەوە ئەویان پێگەیاندبوو. فلیسە بیرکردنەوەی قوڵی نەبووو هیچ نەخۆشییەکی تێدا نەبیندرا. لە بەر ئەمە لە بەرامبەری چاپی کتێبی تێڕاماندا هیچ هەستێکی نەبووو (کافکا) بە تێگەییشتن لەم خاڵە کتێبی دادوەرییە، کە تەنیا دوو ڕۆژ داوی ئاشنابوون لەگەڵ فلیسە نووسیبووی پێشکەشی کرد. ڕەنگە پێداگری (کافکا) بۆ ڕاگرتنی پەیوەندی لە گەڵ (دیتران) بە تایبەتی لە گەڵ فلیسە لە بەر ئەمە بوو، کە ئەوی دەخستە بارودۆخێکەوە، کە لانی کەم بۆ چەند ساتێ لە حاڵەتی سستیو نەنووسین، کە بۆ ئەو وەکو خۆکوژی وابوو دووری دەخستەوە.

ڕەنگە نووسرانی ڕۆمانی دادگایی دوای ڕووداوی ئەسکانیشە هۆف ئاماژەیەك بێ بۆ ئەم بانگەشەیە. بەم حاڵە ئەو بە چاوی ژنی دڵخوازی خۆی دەیڕوانییە (فلیسە)و دەیویست زەماوەندی لە گەڵ بکا. بەڵام دەتگووت هێزێکی نەناسراو هەموو جارێ پێشی بە ئەنجامی ئەو کارە دەگرت. ئەو پێی وابوو، کە (فلیسە) کچێکی شاد، ساغو باوەڕ بەخۆیەو ئەوەی وەك پێگەیەك بۆ ڕاکردن لە ڕاستەقینەی خۆی دادەنا.

دەبێ ئاماژە بەم خاڵە بکرێ، کە (کافکا) خۆیو ژیانیشی بە شێوەیەکی هەستکردانەو ئێرادی لە خزمەت ئەدەبیات دانابووو نووسین بۆ ئەو جۆرێ پەرستن بوو، لەو چەشنە پەرستنانەی، کە هەمووشتێکی بۆ تەرخان دەکرا. (فلیسە) یەکێ لەو قوربانییانە بوو. کچێکی بە ئێرادە بووو کاری زۆری دەکردو بەشێ لە ئێرادەکەی بە خواستی (کافکا) خستە خزمەتی کاروباری تایبەت بە مالّی جوولەکەکانو سەرقالّی ئامادەکردنی کتێب بۆ منداڵی جوولەکان بوو. فلیسە لە ٢٥ی نوامبری ١٩١٧ بۆ دووەمینو دواییین جار لە (کافکا) جیابۆوەو دوو ساڵ دواتر لەگەڵ بازرگانێکی دەوڵەمەندی خەڵکی

بێرلین زەماوەندی کردو ٤٣ ساڵ دوای جیابوونەوەی تەواو لە گەڵ (کافکا) لە وڵاتی ئەمریکا مرد.



دەبێ بگووترێ، کە درێژەی پەیوەندی لە نێوان (کافکا) و (فلیسە) تا رادەیەك بە هۆی هەوڵی ژنێ بە نێوی گرتە بلوخ بوو. گرتە ژنی ژیرو بە ئەزموون بوو، کە (کافکا) زیاتر وەکو راوێژکارێکی شارەزا سەیری دەکرد هەتا خۆشەویستێو لە بچووکترین بڕیارەکانیدا وەکو رێنوێنێ یارمەتی لێ وەردەگرتو هەمیشە بە رێزەوەو بە حاڵەتێکی فەرمیو دوور لە نزیکایەتی گفتگۆی لە گەڵ دەکرد.

(کافکا) لە ساڵی ١٩١٩ لەو پەڕی خەمۆکیداو بۆ بەربەرەکانی کردن لە گەڵ باوکیو رەنگە لە بەر ئەوەی دەیویست نەخۆشییەکەی چاوەدێری بکرێ پێویستی بە پەرستارێ بوو، هەر بۆیە ویستی لە گەڵ کچێ بە نێوی ژوولی هوریزك زەماوەند بکا. ژوولی کچی پینەچیو خزمەتکارێکی کەنیسە بووو دژایەتی باوکی (کافکا) لە گەڵ زەماوەندێکی ئەوتۆدا حەتمی بووو دواتر لەو پەڕی بێ هیوایی لە ژنهێنان، ژنێ بە ناوی (میلنا یزنسکا پولاك)، کە ژنی یەکێ لە دۆستانی بوو بۆ ماوەیەکی کورت هاتە ژیانی ئەوەوە. (میلنا)، کە توانایەکی تا رادەیەك دیاری لە ئەدەبیاتدا هەبوو تاکە ژنێکی جوولەکە بوو، کە نزیکایەتی لە گەڵ (کافکا) دەکرد. ئەو لە (کافکا)دا بە دوای راستیو دروستییەکدا دەگەڕا، کە لە مێردەکەیدا نەیدەدۆزییەوەو دواتر، کە پەیوەندی نێوان (میلینا)و مێردەکەی بەرەو باشبوون چوو (کافکا) بە هێواشیو وەکو نسێیەك لە ژیانی ئەوان دوورکەوتەوە. سەرەرای ئەمانە شوێنەواری میلنا تا رادەیك هەر دیار بووو شوێن پێکەی لە (کۆشك)دا، رۆمانێ، کە لە ماوەیەکی کورتو هەر لەو سەردەمەدا نووسراو لە رۆڵی کەسایەتییەك بە نێوی فریدا خۆی نیشان دەدا.


بەڵام دواییں کەسێکی، کە بۆ ماوەیەکی کورت هاتە نێو ژیانی (کافکا)وەو مەیلی ژیانی لەو دا وەخەبەر هێنا کچێکی گەنجی جوولەکە بە نێوی (دۆرا دیامانت) بوو. ئەو توانی ئەندێشەی زەماوەند بۆ دواییں جار بخاتە مێشکی کافکاوەو ئەگەرچی ئەمە لە گەڵ دژایەتی باوکی دوورا رووبەڕوو بۆوە بەڵام (کافکا) بۆ یەکەمجار لە لای دوورا ژیانی هاوبەشی ئەزموون کرد. لەو سۆنگەیەوە (دۆرا) توانیبووی کەمێ پاشەکشە بە پووچیی قوولی (کافکا) بکاو رەنگبێ بە یەکێ لە کاریگەرترین کەسایەتییەکانی سەردەمای ژیانی (کافکا) دابنرێ، کە لە دواییں رۆژەکانی تەمەنی (کافکا) هێمنییەکی بێ وێنەی پێ بەخشی. بەڵام (کافکا) هیچ کات دەرفەتی ئەوەی نەبوو، کە ئەم هێمنییە بچێنێتە بەرهەمەکانی دواتری خۆیەوە.

به گشتی کەسایەتی (کافکا) به چەشنێ بوو، کە کەمتر کەسێکی به تەواوی رەت دەکردەوە، تاقمێکی پەسند دەکرد، چەند کەسێکی زۆر خۆش دەویست، رێزی بۆ هەموو کەس دادەنا. بەم حاڵە زیاترین سەرنجی (کافکا) بەرەو رابردووو نووسەرانێ بوو، کە زۆربەیان هی بەرەیەك پێش خۆی بوون. چێژی لە بەسەرهاتو ژیاننامەکانیان وەردەگرتو وەکو زۆربەی مرۆڤەکان نەیدەتوانی خۆی لە گەڵ (دیتران) بەراورد نەکا. لە گەڵ زۆربەی ئەم نووسەرانە هەستی بە نزیکایەتی دەکردو بەشێکیانی بە برای خوێنی خۆی دادەنا، بەم حاڵە وێدەچێ کەسێکی، کە زیاتر لە هەموو کەس سەرنجی (کافکا)ی بۆ لای خۆی راکێشا بوو فەیلسووفو خواناسێکی مەسیحی خەڵکی دانمارك بە نێوی سۆرین کێرکگارد بوو. کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا لە دایکبوو، نەیتوانی تا کۆتایی تەمەن خۆی لە فاتالیسم رزگار بکا. هەر بەو جۆرەی، کە هیچ کات نەیتوانی باوکی فەرامۆش بکا. (میخاییل کیرکگارد) باوکی (سۆرین)یش وەکو (هێرمان کافکا) لە هەڵۆمەرجێکی دژوارەوە بە نیوە بەختەوەرییەك گەیشتبوو. بەڵام ئەمە تەنیا روالەتی مەسەلەکە بوو. رابواردنەکانی میخاییل لە گەنجیداو گرینگتر لەویش کفرێك، کە بە خودای کردبوو بووە هۆی ئەوەی، کە تا دواییین ساتەکانی تەمەنی دوورو درێژی لە پەشۆکاویو خەفەتدا بمێنێتەوە. ئەم نائارامییە بە شێوەیەکی خەست کاریگەری خستە سەر بچووکترین کەسی بنامەڵەکەی واتە (سۆرین).

لە هاوشێوەبوونی (کافکا) لە گەڵ (کێرکگارد) دەتوانین ئاماژە بە روالەتی ئەوان بکەینو لەم رووەوە بارودۆخی فەیلەسووفی دانمارکی زۆر کارەساتاوی‌تر بوو، شێواوی روالەت، پشتی چەماوەو بەتایبەتی لاوازی لاقی، ئەوی خستبووە سەر زاری منداڵانی (کۆپنهاگن)، بەچەشنێ لە هەر ساتێدا چاوەڕێی مەرگی خۆی بووو لە تەمەنی ٣٤ساڵیدا زیندوو بوونی خۆی پێ سەیر بوو. ئەویش هەر وەك (کافکا) لەوپەڕی خۆشەویستییەکەی، نێوانی خۆی لە گەڵ دەزگیرانەکەی واتە رۆکینە تێکداو هەرچەند گرینگییەکی زۆری بۆ زەماوەندکردن وەکو مەسەلەیەکی پیرۆز دادەنا بەڵام بۆ هەمیشە لە یەکەم بەشی سێ قۆناغەکەی خۆیدا ماوە.



فۆرمی ژیانی هەرکیان رەمزاوی بووو تەمەنی کورتیان تاڕادەیەك لە نەناسراویدا کۆتایی پێهات، بەم جیاوازییە، کە عادەتی رەمزاوی بۆ (کیرکگارد)، کە هەوڵی دەدا لە ژیانی شەخسی دا ببێتە عیسای مەسیح کەمێ لەخۆباییانە بوو. ئەو پێی وابوو، کە ئەم جۆرە رازە سپێردراوێکی خودایەو پێشبینی ئەوەی دەکرد، کە هێمای بوونی بۆ ساڵانێکی زۆر دیتران بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکا.


Of course the old convoluted, labyrinthine self-doubt is still there. In a diary entry from 1922, he notes . . .
The gesture of rejection which always
I don't mean to
Love for me, not your
Love for me, not your
Love for me, not your

(کافکا) هەرچەند جسمێکی لاوازی هەبوو بەڵام کەسێکی دەسەڵاتخواز بووو رەنگە ئەگەر زیندوو مابایە ساڵانی دواتر دڕندەیی نازیسمی بەڕەوا دادەناو ئەگەری ئەوەش بوو، کە کەسایەتی حاشاهەڵنەگریو ئیرادەی پتەوی هیتلێری ستایش دەکردو بە گوومانێکی زۆرەوە (کافکا) لەم بابەتەدا نەستکردانە لە ژێر کاریگەریی فەیلسووفی مەزنی نهیلیستی خۆی (فرێدریک نیچە) بوو. سەرەڕای دەسەڵاتخوازیو کاریگەرییەک لە بواری ئەبسۆرد دەتوانین تەواوی بەرهەمەکانی (کافکا) بە دەرکەوتی ئەم رستە بەناوبانگەی نیچەی بزانرێ: مەسەلە گرینگەکان لە مەسەلە ئاساییەکانن.

ئەو هەروەها لە نێو فەیلسووفاندا سەرنجی بەرەو لای پاسکاڵ بووو تەنیا لە بەر نووسینی کورتە رۆمانی مەرگی ئیوان ئیلیچ رێز بۆ تۆلستۆی دادەنێ. هەروەها هۆگری شانۆیی نووسی مەزنی سەدەی نۆزدە واتە ئەگوست ستریندبێرگ بوو، کە بە خەستی ئینگمار بێرگماری فیلمسازی خاوەن شێوازی سویدی هۆگری خۆی کردبوو. ئەم هۆگرییە قوورسە لە هاوبەشی خوێندنەکەیان لەگەڵ (ستریندبێرگ)و ئەگەری زۆری یەکسانی هەرکیانە لەوەی، کە نەیاتدەتوانی لە گەڵ ژنان پەیوەندیساز بکەن، کە دواتر (بێرگمان) ئەم کەم هێزییەی لە زۆربەی بەرهەمەکانی خۆیدا بە شێوەیەکی هونەرمەندانە وێنا کرد.

(ستریندبێرگ) هەر وەکو (شێکسپیر)و (ئەپسن) تواناییەکی زۆری هەبوو، کە بە کەڵێنو قوژبنەکانی بوونی مرۆڤدا رۆبچێو (کافکا) لە پێی وابوو، کە ستریند بێرگ ئەو وەکو منداڵێ لە سەر دەستی چەپی دادەنێ.


کافکا، نازارو نەخۆشی

"مرۆڤانێك هەن، كه هەست به ئازار ناكەن بەڵكو له گەڵی دەژین."
بێرگمان



ژیانی (کافکا) هەر لە سەرەتاوە پەیوەست بە ئازارو خەمو تەنیایی بوو. ئەم ئازارە لە لایەکەوە بەرهەمی زەینی نەخۆشی (کافکا) بووو لە لایەکیترەوە دەگەڕاوە سەر بارودۆخی جەستەو روالەتی ئەو.

(کافکا) وەکو رۆربەی مرۆڤە بلیمەتەکان هەر لە منداڵییەوە کەسێکی سەربەرەوژێر بووو کەوتبووە بەر لێدانو بێجگە لە شڵەژاویی دەروونیو لاوازی بەردەوامی دەمار، تا ئووتی ساڵی ١٩١٧ هیچ نەخۆشییەکی مەرگاوی هەڕەشەی لێنەدەکرد.



چارەڕەشی سەرەکی (کافکا) ئەوە بوو، کە باوەڕی بە دنیای ئەوپەڕی ئەم دنیایە بوو، دنیایەك، کە بێجگەلە ژانو خەم شتێکی تر نەبووو (کافکا) لە نەبوونی ناخۆشییەکان، کە گەمارۆی دابوو ناهومێدانە بۆ دۆزینەوەی کەمێك ئەرخەیانیو دڵمەندی هەوڵی دەدا. کاریگەری ئەم دنیایە لە سەر زەینی (کافکا) بە چەشنێ بوو، کە ئەوی کردبووە بوونەوەرێکی مۆتەکە ئاسا، بوونەوەرێك بە نسێیەکی لاوازو کەمخوێن، کە زیاتر لە هەموو کەسێکیتر بۆ خودی خۆی نەفرەتاوی تر بووو شێتانە بیری لە ئاواتی وێران بوونی دەکردەوە.
ئەو هەمیشە لەوە ئازاری دەدی، کە لە چاو (دیتران) بوونەوەرێکی سستو لاوازە، ناتوانێ خاوەن بڕیار بێو هەرڵبژاردنی هەبێو باوەڕ بە خۆ بێ. رەنجێك، کە لەبن نەهاتووو بەرفرە بوو چونکە هەر لە سەرەتاوە لە دەروونی گەشەی کردبووو لە راستیدا گرینگترین رەگەزێك بوو، کە ناسینیو وەسفی نووسەری چیکی تا رادەیەکی زۆر ئاسان کردبۆوەو دەڵێی (کافکا) بۆخۆی هەڵییژاردبوو، بەچەشنێك دەتوانین بڵێین ئەم مەیلە نیشانەیەکە لە ئازارو تەنیایی بوونەوەرێکی سەمەرەو دژوازییەك بوو، کە بە ئاسانی نەدەکرا ئاماژە بە خواستو هۆگریو باوەڕەکانی بکرێ. هەر لە بەر ئەمەیە، کە بە هیچ چەشنێ (کافکا)و بەرهەمەکانی ناکەونە نێو پۆلین بەندییەکی تاییەتەوەو لە بنەڕتدا گەورەترین هۆی هەرمانی ئەو ئەوەیە، کە کەوتۆتە ئەوپەڕی هەر چەشنە بابەتو چوارچێوەیەکەوە. لە لایەکی ترەوە هەرچەند زانیاری سات لە گەڵ ساتمان لە سەر ژیانی (کافکا) هەیە بەڵام دەڵێی کەسایەتی ئەو لە ژێر تونێیەك لە رازدا نیهان بووەو هەمیشە بە شێوەیەکی سەیرو سەمەرە دەست پێی راناگا.


(کافکا) بۆ خۆی پێی خۆش بوو، کە وەك نسێیەك سەیری بکەن نەك بوونەوەرێك، کە گۆشتو خوێنو ئێسکانی هەیە. رەنگبێ هەر لە بەر ئەمەیە، کە دوای تێگەییشتن لە نەخۆشییە وێرانگەرەکەی لە ساڵی ١٩١٧ گۆڕانێکی ئەوتۆ لە هەڵسووکەوتو ئاکاریدا بەرچاو ناکەوێ. دەڵێی کەسایەتی (کافکا) بە شێوەیەکی لە پێش دا داڕێژراو پێگەییوەو لە بنەڕەتدا بوون بە شتێك بۆ ئەو گاڵتە بووو وێدەچوو، کە نەدەسەلمێندرا. ئەو لە نامەیەکدا بۆ فلیسە

دەنووسێ: مەسەلەکە ئەوەیە، کە من لە گەڵ خۆم ئاشت نابمەوە، من قەت هیچ نییمو ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورت ببم بە شتێ لە تۆڵەیدا چەندین مانگ هیچ دەمێنمەوە.

چەند رووداوێکی سادەو ئاسایی سەرانسەری ژیانی (کافکا)ی گەمارۆیداوەو هەر ئەم مەسەلە بچووکانە وەها زەینی ئەویان سەرقاڵ کردبوو، کە زۆر هەست بە کارەساتێکی گەورە وەك شەڕی یەکەمی جیهانی ناکاو لە بەرامبەریدا تاڕادەیەکی زۆر بێدەنگ دەبێ. تەنانەت بڕیاری ئەو بۆ بەشداریکردن لە شەڕدا زیاتر لەبەر مەسەلەی شەخسییە نەك هەستی نیشتمان پەروەریو کۆمەڵایەتی.

کافکا لە شوێنی لەدایکبوونی واتە (پراگ) هەر وەك شارەکانی تری ئەوروپا رایدەکرد. بە واتایەکی دیکە دەتوانین ئەو بە نموونەیەکی بچووك لە جوولەکەیەکی سەرگەردان بزانین، هەر بەو جۆرەی، کە لیوتار گوتوویەتی: لە نێو خەڵکی (چیك)دا ئالمانی بوو، لە نێو ئالمانییەکاندا جوولەکە و لە نێو جوولەکاندا بە تەواوی جوولەکە نەبوو.

لە لایەکەوە ئەو نە فەیلسووف بوو، نە چارەسەرخوازی کۆمەڵایەتی، کە بییەوێ پێش بە هەڵگیرسانی شەڕ بگرێو یان بییەوێ پێش بە شەڕ بگرێ. چونکە وێدەچوو بڵێسە هەڵگیرساوەکانی ناخی ئەو کەمتر لە بڵێسە وێرانگەرەکانی شەڕ نەبوو. لە راستیدا کێشەگەلی رۆژانە بەڵام گرینگن، کە ئەو نە دەیتوانی لێیان رابکاو نە بە ویستی خۆی دەیتوانی لێیان جیا بێتەوە. لە نووسینەکان دا نوسیویەتی: ئەگر گوێ، یان لێوێکم نەدەبوو یان مۆغەرەیەکم نەدەبوو یان قژی سەرم وەرییوایە نەیدەتوانی لە گەڵ ناتەواوی دەروونیم خۆی بەراورد بکاو هەڵبەت ئەم کەموکوڕییە سەرەڕای مەزنییەکەی بە چەشنێ نییە، کە ببێتە هۆی چاوپۆشیکردنی (کافکا) لە کەموکورتیەکانی دنیای دەرەوی.



سەرەرای ترسی لێڵی (کافکا) لە بەرامبەر دنیای دەرەوەو شەرمێکی سامناکی، کە بەش بە بەشی بوونی ئەوی پێکەوە لکاندبوو و هەروەها مەیلی نەخۆشانەی ئەو بە تەنیایی‌و هێمنییەك وەکو مەرگـو لاوازی جەستەیی (کافکا) راستییەك بوون، کە هیچ کات نەیتوانی بۆ ساتێك چاوپۆشییان لێ بکا. رەنگە بتوانین هەر ئەم لاوازییە روالەتییە بە گرینگترین هۆکار بۆ سەلماندنی لاوازی ئیرادەو بچووك دانانی خودو باوەڕبەخۆ نەبوون دابنێین. بۆ خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: جەستەم لە چاو ئەو بارودۆخەی، کە هەیەتی لە رادەبەدەر درێژەو نەختە چەوریيەك لە خۆیدا شك نابا تا کەمێ

گەرمای دڵخواز بۆ راگرتنی ئاگری ناخم بەرهەم بێنێ.

لە نووسینەکاندا باسی ئەو رۆژە خۆشانە دەکا، کە لە بەر شاردنەوەی جەستەی خۆی ناچار دەبێ ئێواران بچێ بۆ سەیری مەڵەکردنی خەڵکی‌و ئەوەی کە: "- لە گەرماودا وەکو هەتیوێ بەزەییان پێم دادێ.

ئەو لەوەی، کە هیچ سیمای نابێتە پیاوانەو لە بیست‌و هەشت ساڵی دا وەکو هەژدەساڵانێك دێتە بەر چاوو هەروەها لەو دەنگەی، کە بە پێی بۆچوونی ماکس کەمێ لە کچانە دەچوو ئازاری دەدی. هەمووی ئەمانە دەست بە دەستی یەك دەدەن تا لە (کافکا) بوونەوەرێکی سست‌و کەم دووو خەمۆك دروست بکەن. بوونەوەرێ، کە لە هەموو دەرفەتێ کەڵك وەردەگرێ هەتا هانا بۆ تەنیایی حەتمی خۆی بەرێ‌و جار لە گەڵ جار تەسلیمی کەلەبەری زیاتری نێوان خۆی‌و (دیتران) دەبێ. کەلەبەرێ، کە لە ئاکام دا دەبێتە دیوارێ لە ریزێ کێوو یان تەنانەت دەبێتە گۆڕێ.

کافکا هیچ کات نەیتوانی ئەم دیوارە بشکێنێ یان بچێتە ئەوبەری دیوارەوە. تەنیاییەکی خواستراو، کە ترسی لە کیس دانی ژیانی کورتی (کافکا)ی دەکردە تراژیدیەك‌و ئەمەش بێگومان‌و تەنانەت زیاتر لە دژایەتییەکانی باوکی گەورەترین لەمپەر بوو بۆ زەماوەندکردن. کارێ، کە بە تەواویی پێی خۆش بوو بەڵام لە لایەکی ترەوە خۆی بە شیاو بۆ ئەم کارە نەدەزانی‌و لە لایەکی ترەوە پێی وابوو، کە ئەم کارە بە چەشنێ بەرەو رووخان‌و وێرانی دەبا. هەر لێرەدایە بێ ئەوەی بۆ خۆی ویستبێتی بۆ چەند ساتێ دەکەوێتە نێو جەرگی ئیگزیستانسیالیستەکانەوە، مرۆڤێ بە ئاگاداربوون لە کەموکوڕیەکان‌و نەبوونیەکانی خۆی دەیەوێ بیانکاتە توانایی بۆ نووسین. بۆ نمونە: ئاگادار بوون لە نەخۆشی، کە بۆ خۆی دەزانێ چارەسەر نابێ بەڵام ئەمەش نەك بە کۆتایی بەڵکو بە واتای دەسپێکی قۆناغێکی نوێ‌و بواری لە سەرووی گشت بوارەکاندا دادەنێ. هەروەها ئەو هەم بە واتای هەبوون‌و هەم بە واتای راستەقینەو هەست پێکراو لە وشەی مەرگ تێدەگاو بە دەربڕینی بوونگەرەکان: "مرۆڤێکە بەرەو مەرگ."

بۆ خۆی پێی وایە، کە ئەم حاڵەتە لە سەرەتادا چەشنێ بوو لە خۆ بە نەخۆشدانان‌و دواتر نەخۆشی راستەقینە تووشی بووو بە ئاسانی دەتوانین دەسەڵاتی ئەم بابەتە واتە مەرگ‌و نەبوون لە کارەکانیدا ببینین، هەر بەو چەشنەی، کە رەخنەی کردەبووە ژیانی (کافکا)وە.

(کافکا) خۆی بە بوونەوەرێك تەواو زیندوو دانەدەنا بەڵکو پێی وابوو، کە ئاوێتەی مەرگ بووە، هەر لە بەر ئەمە زیاتر لە گەڵ ئەو کەسانە هەستی بە نامۆیی دەکرد، کە بەتەواوی سەرزیندوو بوون‌و باوەڕیان بە ژیان هەبوو. هەرچەند، کە ئێرەیی پێدەبردن. لە یەکێ لە نامەکانی دا نووسی: من ناتوانم لە گەڵ خەڵك بژیم‌و بە تەواوی لە خزمانم بێزارم. نەك لە بەر ئەوەی ئەوان خزمی منن، نەك لە بەر ئەوەی خراپن‌و نەك لە بەر ئەوەشە، کە من بە باشیان نازانم بەڵکو تەنیا لە بەر ئەوەیە، کە ئەوان خەڵکانێکن، کە من لە نزیکەوە لە گەڵیان دەژیم. ئەوەی، کە ئەو وەکو زۆربەی نووسەران دیوارێکی پتەو بە دەوری خۆیدا هەڵدەچنێ سەیر نییە. ئەوشتەی، کە بەتایبەتی لە سەر (کافکا) گرینگە ئەوەیە، کە ئەو هەرچەند مرۆڤی زۆر خۆش دەوێ، ناچارە لەوان دوور

بکەوێتەوە. پرۆمتەیەك، کە شەرمەزارە بەوەی، کە لە نێو مرۆڤەکان بێو لە هەمان کات دا دوور لەوان دەژی.

ئەگەرچی بە توانایی خۆی لە بابەت نووسینو هەروەها شیاویی خۆی بۆ وەسفی هەڵدێردرانی مرۆڤەکان دەزانێ بەڵام مەیل بە جیابوونەوە لە دنیای دیتران رەوتی هەست بە توانایی خۆی نییە بەڵکو چەشنێ ناچاریو وەخۆگرتنی ئەرکە نەك دەسکەوتو چێژێ. ئەو بە پێچەوانەی زۆربەی هونەرمەندانی چاخی خۆی بە چاوی خێڵێکی گەمژەو بوونەوەرانێکی بە مێشکی پڕ لە کا سەیر ناکا بەڵکو بە چاوی بوونەوەرانێکی ساغو سەرزیندوو، کە نەتەنیا نابێ سەرکۆنە بکرێن بەڵکو بۆ ستایش دەبن، دەڕوانێ. لە راستیدا دەبێ بگووترێ متمانەنەکردنی ئەو بە خۆی، کە ئاوێتەی ترسە جێیەك بۆ نەفرەت کردن لە دیتران ناهێڵێتەوە. هەروەها زیادکردنی ئەم بابەتە رەنگە زۆر بێجێ نەبێ، کە (کافکا) لەو چەند نووسەرەیە، کە بۆ هەمیشە بە منداڵی دەمێننەوەو تایبەتمەندیگەلێ وەك بەستەزمانی، ترسو ئێرەیی بردن هیچ کات لێی دوور نابێتەوەو لە زۆر شوێندا ئەولاتر دەڕواو لە روالەتدا تووشی دژوازی دێو رەنگە لە بەر ئەمەیە، کە زۆر سەیرە مەیل بۆ هەرمانی هیچ کات لەو دا بە شێوەی شەخسی گەشە ناکا، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێی خۆشە هەمیشە لە پەڕاوێزی رووداوەکان دابێو هۆگرییەکی ئەوتۆی نییە هەتا شوێنەوارێکی گەورە لە جیهاندا بەجێ بهێڵێ. ئەو لە نووسینەکان دا دەنووسێ: تەنیا شادیی من ئەوەیە، کە هیچ کەس نازانێ لە کوێمو بریا بم توانیبوایە هەر ئەمە تا هەتا رابگرم، رەنگبێ بتوانین لە نێو لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی سەر ویستی کافکا، کە لە برووی هاوڕێی خواستبوو بەرهەمەکانی لە ناو بەرێ ئەم تێگەییشتنە سادەیە جێگیر بکەین، واتە مەیلی نەخۆشانەو نائاسایی بۆ بێناوێو بێ بەرهەم بوون.

بە واتایەکی دیکە کارەسات هەر لە سەرەتاوە لە (کافکا) دا چەقی بەستبوو. ئەو نەیویستبوو ببێ بەڵام ببوو واتە بە بێ ئیختیار لە دایك ببووو ئەندێشەی ئەو بۆ لە ناوبردنی ئەم بوونە لە تەمەنی ٢٩ ساڵانیشدا بە ئاکام نەگەییشتبوو بەم حاڵە خۆکوژیی وەکو دەرکەوتی ئیرادەی مەزن ستایش دەکرد، کە بۆ خۆی نەیبوو.

مەیلی خەست بە بێ ناوێو لەناوچوون بە شێوەیەکی وێرانگەر سەرلەبەری بوونی (کافکا)ی گەمارۆدابووو مۆتەکەیەکی لەودا دروست کردبوو، کە لە گەرما رایدەکردو لە رووناکایدا گیانی دەدا. بەرەنجام ئەوەیە، کە لە راستگۆیی داوای (کافکا) بۆ لەناوبردنی تەواوی بەرهەمەکانی لە لایەن (بروود)ەوە هیچ گومانێ نییەو هەڵبەت بۆ مرۆڤێ، کە لە درێژەی ژیانیدا هەمیشە لە بەختەوەری رای دەکردو بە دوای ئازارێکی رەسەنو هەرمانەوە بوو ئاواتی لە ناوچوونی تەواو، زۆر بەدوورو نامۆ نەبووو بە سەرنجدان بە دەسەڵاتی (هتلەر)و خواستی سڕینەوەی جوولەکان، ئەگەر (ماکس بروود) لەم بابەتە تایبەتە مەرجی دۆستایەتی بەجێهێنابوایە ئەگەری زۆر بوو (کافکا) بەم دواییەو قوڵترین ئاواتی دەگەیشت.

ئەم خواستە بۆ بێ ناوێو فەرامۆش بوونە راست بە واتای چوونە ئەوپەڕی بوارەکانی مرۆڤییە دەنا لە سرووشتی هەموو کەسێدا مەیل بۆ هەرمانی بە شێوەیەکی تەواو دیارو بێئەملاو ئەولا هەیەو لە راستیدا زۆرینەی کردەوەکانی مرۆڤ بە بێ وەبەرچاوگرتنی

ئەوە واتای خۆی لە کیس دەداو ئەم مەیلەی (کافکا) لە ڕواڵەت، ئاکار، هۆگریو ئاواتەکانیدا جیاوازترە لە دیتران. ڕاست بە پێچەوانەوە هەنگاو هەڵدێنێتەوەو ڕەنگە ئەوش لە هەستی خۆبەکەمزانی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ.



ئاماژە بەم خاڵە پێویستە، کە هەست نزمی کافکاش وەکو باقی هەستەکانی تری دەبێ بە بابەتێکی وجوودی دابنرێ نەک دەروونزانیو کاتێ (کافکا) لە مەراسیمی بووکێنی خوشکیدا هەمووی میوانەکان بە سەرتر لە خۆی دەزانێ ئەمە نابێ تەنیا بە مەسەلەیەکی دەروونی دابنرێ بەڵکو دەبێ بە دیدی ئیگزیستەنسەوە بخوێندرێتەوە. بە واتایەکی دیکە، دەبێ بگووترێ، کە (کافکا) شرۆڤە نەکراوە بەڵکو دوور بۆتەوە، چونکە ئەو لە خۆیدا گومانی هەیە و زیاتر لە سەر نسێبوونی خۆی داکۆکی دەکا، نەک هاوشێوەی سیبەرو هەر ئەم مەودایە ژێدەری تەواوی کەمو کوڕییەکانو نەبوونییەکانی (کافکا)و بۆشاییەکی گەورەیە، کە وێناچێ بە زەماوەندکردن، پێکهێنانی بنەماڵە، بوون بە باوکو تەنانەت بە نووسینی کتێبی گرینگو نائاسایی پڕ ببێتەوە. لە بەر ئەمە کۆنتاکتی بەردەوامی (کافکا) لەگەڵ خۆی دەبێ لەو پەڕی دەروونناسییەوە، کە زۆربەی کاتەکان ئەو بە چرووکی دادەنان، لێک بدرێتەوە.

(کافکا) زۆر لە گەڵ خۆی تێکهەڵچوونی نییە چونکە هەست ناکا هەڵەیەک لە ئافرانی جیهان یان خۆی ڕووی دابێو یان ئەوەی، کە شتەکان دەیانتوانی بە چەشنێکی‌تربن. ئەگەرچی ئەمە بە واتای باشترین سیستم نییە. بەم حاڵە ڕەنگە بتوانین بیخەینە ریزی لایەنگرانی جەبر خوازەوە. ئەو لە دواییین نووسینەکانی دا ئاوا ئاماژە دەکا: ناتوانم هیچ کارێ بکەم مەگەر ئازار چێشتن. تاکە ئاسوودەیی دەبێ هەر ئەمە بێ، چ بتەوێو چ نەتەوێ ڕوودەدا.

لە دنیایەکدا، کە هەموو شت بە ئاکام گەیشتووەو شکڵی گرتووەو دیاریکراوە هەموو چەشنە ناڕەزایەتیو سەرکێشی بێمانایەو تەنیا کردەوەیەکی ڕاستەقینە هەیەو ئەویش سەرسووڕماو نەبوونە. ئەم دیدەی (کافکا) بە شێوەیەکی مانادار ڕەخنەی کردۆتە پاڵەوانی کتێبەکانیشی. بەڵام سەبری ئاوێتەی سەرسووڕماو نەبوونی (کافکا) لە شایانبوونی سەبری ئەیووب پێغەمبەری بەنی ئیسراییل بێ. گشت هەوڵەکانی ئەیووب ڕووەو ئەم خاڵەیە، کە لە تاقیکاری سەختی خوودا سەربەرز بێ. ئەو بەم خاڵە دەزانێ، کە هیچ بابەتێک نییە، کە

کۆتایی پێنەیەت. بەڵام بیرەنگی (کافکا) بیرەنگییەکی قوواڵو مانادار لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی رەها، کە نایەوێ دان بە بوونی بێنێ لەبەر ئەمەیە، کە لە بەراورد لەگەڵ ئەو، دەست لە سەرکەشیو ناڕازییبوون هەڵناگرێو لە لایەکی ترەوە بۆ ساتێ ناپارێتەوە.

لە لایەکی ترەوە رەنگە بتوانین بڵێین، کە (کافکا) لە چەند رووەوە مەسیحێکە درەنگ هاتووە. ئەو وەکو عیسا منداڵێکی بێ تاوانە، کە بەر لە ئەزموون کردنی سەردەمای پیری و بێ ئەوەی لە نێو بنەماڵەیدا بژی دوای خۆڕاگرتن لە بەرامبەر سەختیی تاقەت پڕووکێن لە وڵاتی نەفرەت لێکراوی (پراگ) دەڕوا. ئەویش وەکو هاوتاکەی خوازیاری ئازارێکی رەسەن نەناسراو بووو دەیویست لە مۆتەکەکانی مرۆڤدا بژی، بەم جیاوازییە، کە (کافکا) هیوایەکی بە ئاسمانو ئازادی تاهەتایی نەبوو هەروەها هەر بەو جۆرەی، کە تا بە کۆتا نەیتوانی ئیمان بە مەسیحی رزگاریدەر بێنێو پێی وابوو، کە ئەو رۆژێ دوای دواین رۆژ دێ واتە راست کاتێ، کە ئیتر پێویستییەك بە هەبوونی ئەو نییە.

ئەو بەجێی خاچ جەستەی خۆی بە کۆڵ دەکێشا. لە راستی دا مرۆڤی بێ زنجیر بۆ (کافکا) وێنا ناکرێو لەبارەی خۆی پێی وایە کە: ئەمە ژیان نییە، کێشەیەکە، کە لەودا مرۆڤ ئیتر بەردەوام کەندر رادەکێشێ بەڵام هیچ کات ناتوانێ من بکێشێتە ناوەوە.

بەم حاڵە (کافکا) خۆی بە مرۆڤێکی چارەڕەش دانەدەناو هەوڵەکانی زیاتر بۆ پێزانین بە واتای بەختەوەری بوو نەك تەنیا دۆزینەوەی رێیەك بۆ بەختەوەر بوون.

زمانو نەندێشەی کافکا

"ژیانی چرووکی من هێند سادەو ئارامییە، کە تێیدا رستەکان حوکمی روودانیان هەیە."
فلوبێر

کافکا دووجار داوای لە ماکس بروودی هاوڕێی کرد، کە نووسراوەکانی لە ناو ببا، لە پێشدا لە ناوبردنی بەرهەمە چاپنەکراوەکانیو دواتر لە ساڵی ١٩٢٤داوای لێکرد، کە گشت بەرهەمەکانی کۆ بکاتەوەو دواتر لە ناویان ببا. ئەو لە ماوەی ژیانیدا هیچ کات نەیویست، کە بە چاوی بوونەوەرێکی راستەقینە سەیری بکرێو رەنگە لەوەی، کە وەکو جەستەیەکی سێ رەهەندی پانتایەکی داگیرکردبوو و بەشێك لە سرووشتی بە فیڕۆ دەبرد هەستی بە تاوان دەکردو ئەگەر دوای ساڵی ١٩١٣ بیری لە خۆکوژی نەکردەوە نەك لە بەر خۆشویستنی جیهان و مەیل بۆ ژیان بەڵکو تەنیا لە بەر ئەم شێوە بیرکردنەوە تا رادەیەك داهێنەرانەیە بوو، کە نەیدەویست لە بەرامبەر هیچدا دابەزێ. ئەو پێی وابوو، کە خۆکوژی واتە تەسلیم بوون بە هیچو ژیانێکی پڕ لە مەینەتو داماڵدراو لە شادمانی قبووڵ دەکرد. لە لایەکیترەوە ژیان سەرەرای هەموو بێ رێزییەکەی لەو سەرەوە، کە بواری نووسینی دەڕەخساند لە هەر بارودۆخێدا لە مەرگ باشتر بوو.

سەرەڕای ئەمانە ناتوانرێ دنیای (کافکا) بە تەواوی بە نهیلیزمانە دابنرێو ئەگەرچی لەم دنیایەدا یاسا کەمترین رەنگی هەیە، بەڵام بە تەواوی بێقاعیدە نییە، قاعیدەگەلێك ـ ئەگەرچی نادیار دەسەڵاتی بە سەر جیهانەوە هەیە، کە دەستی مرۆڤ پێی راناگا. لە دنیایەکی ئەوتۆدا دیاری کردنی راستو درۆی بابەتەکان زۆر سادە نییە، چونکە شتێ بە نێوی ئەمری واقع،

که بتوانێ بابەتەکانی پێ بخوێندرێتەوە بوونی نییە. لەم دنیایەدا هیچ شتێکی گرینگ بەدی ناکرێ و لە هەمان کات دا هەموو ئارەزووی هەموو شت دەکرێ. (کافکا) لە شوێنێدا نووسیویەتی: ژیان لە بەر دەسەڵاتی نایابی بۆ رازی کردن جێیەك بۆ راست یان ناراست ناهێڵێتەوە. راست یان ناراست لە ساتی ناهومێدانەی مەرگ دا بێمانایە.

سەرانسەری ژیانی (کافکا) بەربەرەکانێکردن لەگەڵ مەرگێکە، کە هەر لە سەرتاوە گەمارۆی دابووو. ئەمەش یەکێکە لە جیدیترین هەوێنەکانی بەرهەمەکانی. زۆرینەی پاڵەوانەکانی بەرهەمەکانی ئچارەنووسێکی جگە لە مردنیان نییەو جاری وایە قورسیی کارەساتەکە بە چەشنێکە، کە مەرگ لە حوکمی چەشنێکە لە رزگاربوونو ناڕەزایەتییەك نیشاندەدا. ئەم کارەساتە بە پێچەوانەی چیرۆکە کلاسیکییەکان نەك لە کۆتایی چیرۆکەکە بەڵکو عادەتەن لە سەرەتادا رووەدەنو لە درێژەدا پەرەدەستێنێ. بەم حاڵە، نایەوێ دنیایەکی نۆستالۆجیك وەسف بکاو لە راستیدا ئەم خەمەیە، کە لە نێو بەرهەمەکانیدا شاراوەن. بەرهەمەکانی (کافکا) لە هەمان کاتدا، کە نیشاندەری کارەساتن، هەڵگری تەنزێکی نهێنیو قووڵن. تەنزێ، کە لەگەڵ یەك یەکی بەرهەمەکانیدا پەیوەندییەکی نەپساننەهاتووی هەیە.

هەر ئاوایە، کە لە هەموو بەرهەمەکانیدا بەرهەمێکی گەشبینانە بەدی ناکرێ، بەم حاڵە بە پێچەوانەی نووسەرانێك وەك ئێدگار ئالێن پۆ مەبەستی ئەو هەر تەنیا دنیایەکی سەرسامی نییەو دەبێ بگوترێ سامناکی بە سەر بەرهەمەکانی کافکاوە لە راستەقینە بوونی دنیای ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ. بە چەشنێ، کە خوێندنەوەی یەکەمدا تووشی سەرسوورمان دەبێ بەڵام ئەم سەرسوورمانە لە خوێندنەوەکانی دواتردا هێدی هێدی جێی خۆی دەدا بە ترسێکی نائاشکراو داخراودا چونکە تێدەگا، کە راستەقینەی دنیا لەوە زیاتر نییە، کە تێی گەیشتووە.

هەر لە بەر ئەمەیە، کە (کافکا) بە خوڵقێنەری دنیایەکی نوێ دانانرێ. ئەو بۆ ئەوەی خوێنەر هەمیشە لە سەرسوورماویدا بهێڵێتەوە ناچێتە نێو ریالیزمی جادوویی. لە لایەکی ترەوە ئەگەرچی ئەو جاروبار لە راستەقینەی ئاسایی ئەولاتر دەڕوا بەڵام هیچ کات بە تەواوی لە هەرێمی نەستکرددا نووقم نابێو قەڵەم رەها ناکا، بەڵکو بە وەسواسێکی سەیرەوە دیمەنەکانی چیرۆك ـ تەنانەت لەو شوێنە، کە خەیاڵ زاڵەو راستەقینە وەلادەنرێ وەسف دەکا.

مەبەستی (کافکا) تەنیا گێڕانەوەی هەمووی ئەو شتەیە، کە بە زەینی دا تێپەڕ دەبێ نەك درۆستکردنی چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشو بەردەنگ پەسند، کە رووداوەکان بەرەو لووتکە بباو لەو سەرەوە، کە بۆ ئەو هەستی پشکێنەری خوێنەر زۆر گرنگ نییە نیازێ بۆ درووستکردنی ئاڵۆزی نابینێ. رووداوەکان لە زەمینەیەکی بێ گرێو رێکوپێکدا وەگەڕ دەکەونو جاری وایە پێش گەیشتن بە دەرەنجام بە کۆتایی دەگەنو ئەمەش جووڵەیەکە بۆ دواوەو بەرەو نزمی. لە ئاکام دا دەبێ بگوترێ (کافکا) زۆر پێشتر لە پێشڕەوانی سەدەی بیست بە بێ هەستی نیاز بە پەروەردەکردنی موریدنووسینەکانی دا زۆربەی رێساکانی چیرۆکی کلاسیك تێك دەشکێنێو بێ ئەوەی واتا قوربانی بکا تەنیا پەردە لە سەر ئەو راستەقینانەی، کە لە ناوەوە و دەرەوەی ئێمەدا روو دەدەن لادەباو لەو کاتەدا، کە ئێمە بۆ یەکەم جار رووبەڕووی راستەقینەیەکی رووتدەبینەوە بێ باوەڕی

سەرلەبەرمان دادەگرێودواتر دەترسێین. بەڵام نەك ترس لە شتێکی هەست پێکراو، کە بسڕدرێتەوە بەڵکو ترسێکی لێڵ، کە وێدەچێ چارەسەر نەکرێ.

لە لایەکی دیکەوە ئەو پرسانەی نێو دنیای (کافکا) ئەگەرچی دیار و هەست پێکراون بەڵام بۆ ئەوە نابن، کە لێکۆڵینەوەی زۆریان لە سەر بکرێ.ئەو وەکو بیرمەندانی زانستی کۆمەڵایەتی لەگەڵ رووکاری پرسەکان رووبەرروو نابێتەوە بە چاوی دیاردەی کۆمەڵایەتی سەیریان ناکا، کە بە لێکۆڵینەوە، نموونە وەرگرتن، ئامارو شتی لەم چەشنە بتوانرێ چارەسەر بکرێن. هەروەها لە بۆچوونی درونزانانەی گشتی، کە لەگەڵ راستەقینە بەراورد ناکرێن دوور دەکەوێتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەو بە فەیلسووفـو تەنانەت بە فەیلسووف/نووسەر وەکو (ئونامۆنۆ)و یان (ژان پۆل سارتەر) داناری چونکە کەڵکەڵەی زیاتری ئەو ئەدەبیاتەو نووقم بوون تێیدا بە رێگەیەك بۆ خۆڕاگری لە بەرامبەر ژیان دادەنێ. ئەدەبیاتێ، کە لەگەڵ گرینگترینو ریشەیی ترین پرسەکانی مرۆڤ گرێ دراوەو هەر ئەم چەشنە ئەدەبیاتەیە، کە (کافکا) بانگەشەی بۆ دەکاو، کە هیچ هۆگرییەکی بۆی نییە بەڵکو تەنیا فۆرمی لێ وەرگرتووە. لە ئاکامدا رەنگە بتوانرێ بگوترێ، کە (کافکا) چوارچێوە شکێنەرترین نووسەری هاوچەرخەو لە بنەڕەتدا باشترینو سادەترین شێوە بۆ گەیشتن بە کۆیەك لە ئەندێشە سوودمەندەکان سەبارەت بە (کافکا) پێناسەیەکی نەرێنیە لەو. (کافکا) ئەگەرچی لە ریالیزم لادەدا بەڵام سووریالیست نییەو ئەگەرچی لەگەڵ نەکران دا کێشەیەکی هەمیشەیی هەیە بەڵام ناتوانین بڵێین ئەو نووسەرێکی ریالیستی جادوویە. بە هەمان رادە دانانی ئەو لە ژێر ناوی سیمبولیزم زۆر ناڕوا نییە چونکە سیمبوول لە مەودایەکی ئەگەرچی دووروواتایەکی دیاریکراوی هەیە، کە بە هەوڵو ماندووبوون دەست پێیرادەگا، ئەمە لە حاڵێکدایە، کە (کافکا) بەرهەمەکانی لە بێمانایەکی رەهادا دەخولقێنێ، چەشنێ سەمەرەیی شێواوی واتایی، کە زیاتر تایبەتمەندی دنیای دوای (کافکا)یە، کە بە شێوەیەکی پێشگۆیانە لە بەرهەمەکانی (کافکا)دا رەنگی داوەتەوە.

دروست هەر لە بەر ئەمەیە، کە ئەو بە کاریگەرترین نووسەر لە سەر شانۆی هیچ (Absurd theather)ی سەدەی بیستو بەرهەم گەلێکی وەکو دێوە بچووکی وەك (ئادامۆڤ)و بێکێ دادەنرێ. لە بەرهەمی ئەم نووسەرانەدا خەم جیهانی تر دەبێو تەنزێکی نوێ بە شێوەیەکی دووگم بە سەر هەموو بەرهەمێکی هوونەری دادەکشێ. رەنگە تایبەتمەندی سەرەکی گشت ئەم بەرهەمانە لە راکردن لە ئەقڵو سڕینەوەی مەنتیق دابێ: پیاوێك، کە لە چاوەڕوانی گۆدۆی بێکێ دا هیچ کات نایەتو وتەبێژێ، کە لە کورسییەکانی (ئۆجێن یۆنیسکۆ)دا دێ بەڵام کەڕو لاڵە. هەروەها لە مانۆرە گەورەو بچووکەکانی (ئادامۆڤ)دا پیاوێ دەبیندرێ، کە ئەندامەکانی جەستەی یەك لە دوای یەك لە کیس دەداو قوربانی ئەو فرمانانەیە، کە دەنگێکی نەناسیاو پێی دەدا.

لە باقی ئەو تایبەتمەندییانەی، کە هەم لە بەرهەمەکانی (کافکا)و هەم لە بەرهەمی شانۆیی نووسانی قوتابخانەی پووچی دا دەبیندرێن بێ شوێنی ئەم بەرهەمانەیە، کە (ژیل دۆلۆز) بە بنچینەی هوونەری مۆدێرنیان دادەنێ. دنیایەکی نادیار لە گەڵ زنجیری زەمینیو ئاسمانی، کە لە دەرەوەو ناوەوە

مرۆڤیان بەستۆتەوەو هەوڵە نزمەکانی مرۆڤ لە نێو گشت ئەم زنجیرە نادیارانە. بەڵام راستەقینەدا بەشێکی دیکەن لە نۆستالۆجیی هەمیشەیی بەرهەمەکانی کافکا.

لە بەر ئەمەیە، کە پاڵەوانی چیرۆکەکانی (کافکا) زیاتر بەدوای نەختە ئاسایشێکەوەن نەك ئازادی. چونکە بۆ ئەوان قەفەز حەتمییەو ناتوانی خۆی لێ لادەی. ئەوان وەکو پاڵەوانی کتێبی حەریم فۆکنێر بە دوای گردێگی رووبەرووەن تا چەند چرکەساتێك لە هێمنی و گەرمای هەتاو چێژ وەربگرن. ئەوان مرۆڤ گەلێکی تەواو ئاسایین، کە بە دوای راستەقینەو بابەتێکی ئاسمانییەوە نین. ئەم پرسانە تەنانەت بۆ چرکەساتێکیش نایەتە زەینیانەوە. ئەو مرۆڤانەی، کە لەوپەڕی سەرلێشێواویی تەنیایی و داڕمان دان لە سادەترین غەریزەکانی خۆیان چاوپۆشی ناکەن و لە ناهومێدی تەواودا هیواگەلێ هەرچەند بچووك چرکەساتی ئەوان بەرەو پێش دەبا. مرۆڤ گەلێکی بچووك، کە لە دنیایەکی زۆر بچووکدا، هیچ کات سنووری خواستە ئاساییەکانی خۆیان نابەزێنن و بە خۆبەختکردن و لە خۆبوردەیی و هەرچەشنە هەستێکی مرۆڤ دۆستانە نامۆن. بوونەوەرگەلێك، کە نە دەتوانن بە تەواوی ئاشق بن و نە دەتوانن بە تەواوی نەفرەت بکەن.

لە دنیایەکدا، کە واتای رەنگ و دەنگەکان نامێنێ و هەموو شتێك خۆڵەمێشی دەنوێنێ و شتەکان بە شێوەی گونجاو لێك جیاواز نین. هەموو شتێکی سادە دەتوانێ لە حووکمی تاوانێك بێ، کە سزایەکی زۆر قورسی هەیە. لە راستی دا لە نێوان قورسایی تاوان و رادەی سزا پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە، بە چەشنێ، کە دەتوانرێ بگووترێ ئەو تاوانانەی بە واتای سوونەتی وشە کەمتر لە تاوان دەچن سزای زۆر قورستریان هەیە و پێویست ناکا، کە تاوانبار بە پێچەوانەی قاعیدەکان بجووڵێتەوە چونکە لە بنەڕەتدا رێساو چوارچێوەیەك لە گۆڕێ دا نییە.

لە وەها بارودۆخێدا هیچ شتێ ناتوانێ سەیرو سەمەرە بێ و هەرچەشنە هەوڵێ بۆ راکردن و بەرگری کردن لە خودو هەرچەشنە سەرکەشی و دانپێدانان بێ مانایە. خودا وێنایەکە، کە بێدەنگییەکەی سەرانسەری جیهانی داگرتووەو مرۆڤ زیاتر لە هەموو کات پێویستی پێی هەیە، چونکە زیاتر لە هەموو کاتێکیتر تەنیاخ ناهومێدەخ دەترسێ. بێجگە لەوە بۆ خۆی بە تەنیایی ناتوانێ ئەم بێدەنگییە بشکێنێ. بەڵام هەمیشە بە تەنیایی و بێهیوابوون لە دەسکەوت شەرمەزارو تاوانبارەو هەوڵی ئەو بۆ راکردن لە ژێر قورسایی تاوان کارێکی پووچ و کرچوکاڵ و گاڵتەجارییە.

بەم حاڵە، ناهومێدیی کاملیش قەت نییەو لەم رووەوە، کە مرۆڤ شەرمەزاری نائارامی ئەبەدییە هەر بەو چەشنەی، کە فەیلەسووفی دانمارکی سوورێن کیێرکێ گار پێی وایە، کە هیوای راستەقینە تەنیا کاتێ مرۆڤ رزگار دەکا، کە هیوای زەمینی لە کیس چووبێ.

کافکا وەکو نووسەر

"ئەمە (کافکا) بوو، کە فێری کردم بە چەشنێکی‌تریش دەنووسرێ."
مارکێز

تاکە گەشبینی لە ژیانی کافکا، کە هیچ کات بە تەواوی لە لای پووچ نەبوو کتێبو نووسینەکانییەتی. (کافکا) نووسینی بە چەشنێك پەرستن دادەنا، کە ئیمانو هێزو متمانەی پێدەدا. هیچ کات لە نووسین ماندوو نەدەبوو چونکە بە ویستی خۆی بەرەو لای نەچووبوو بەڵکو جەبر بە نووسین ئەوی خستبووە هەلو مەرجێکەوە، کە بێ پسانەوە رێك و پێك و بە بێ سەرنجدان بە لایەنی ناسینی روالەتی سزا دەینووسی.

کافکا لە دنیایەکی بێدەنگو سارد رسکا بوو بێ سەرنجدان بە واتاو ئەندیشە مەزنەکان سەبارەت بە دنیای خۆیو دەوروبەری خۆی دەینووسی. دنیایەکی بچووك هاوڕێ لە گەڵ پرسگەلێ، کە لە یەکەم دیددا گرینگییەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام بە تێڕوانینێکی قوڵ دەتوانین بەم گوتە دانسقەیەی فەیلسووفی ئالمانی (فرێدریک نیچە) بگەین کە: گەورەترین پرسەکان ساناترینو هونەری (کافکا) لەوەدایە، کە لەم بابەتە سادانەی نۆستالۆجی، مرۆڤی داڕشتووە، نۆستالۆژی ئینسانی، کە سەرگەشتەو شکست خواردووە، بەڵام ناهومێد نییە. تەنیا لە بەر ئەوە، کە ناتوانێ ناهومێدبێ. تێماندەگەیەنێ، کە بە بێ بەراوردکردنی خودا لەگەڵ مرۆڤ لایەنی کەم بە شێوەی راستەوخۆش تراژیدا دەخولقێو لە لایەکی دیکەوە تراژیدی دەتوانێ بە چەشنێ بێ، کە بەر دەنگو پێکەنین بخا.

(کافکا) دنیای بچووکی خۆی لە غیابی خوداو بێ سەرنجدانو جاری واشە بە گاڵتەکردن بە مەسیحی رزگاریدەر دادەرێژێ. بۆ دۆستۆیەڤسکی هەموو شت لە گرەوی پرسی حەیاتی بوون یان نەبوونی خودا دایە، لە بەر ئەمەو هەرچۆنێ بێ (جاری وایە بە شێوەی گفتگۆیەکی سادەو جاری واشە بە کەمێك پێچو پەناو شاراوەیی) ئەم بابەتە لێکدەداتەوە. بە بۆچوونی (کافکا) بەڵام ئەگەر دنیا بە شێوەیەك بێ، کە تێیدا هەموو شت بواری هەیە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە. لەم رووەوەیە، کە شیوەنی نەبوونی خودا ناکا. تەنانەت وەکو (سارتەر)و (کامۆ)ی بوونگەر نایەوێ خودا رەدبکاتەوە بەڵکو بە هەڵوێستی بێدەنگی، کە زۆر دڵڕەقانەترە سەرنجی بابەتەکە دەدا، چونکە وێدەچێ بە پێی قاعیدەیەکی گشتی رەتکردنەوەی هەموو شت بە چەشنێك قبووڵکردنێتی.

کافکا هەرچەند بێ باوەڕ نامێنێتەوە. ئەو بۆ رۆچوون بە قووڵاییەکاندا بەرەو خەیاڵ دەڕوا بە چەشنێ رەنگە بگووترێ، کە بەرهەمەکانی زیاتر لە هەموو کەسێکی تر مۆتەکە لێدراون. لەو لایەی ترەوە (کافکا) باوەڕی بە تیۆری دڵڕەقانەی تێپەڕ بوون لە مرۆڤ نییە و بە پێچەوانە جاری وایە تەنانەت بە تامەزرۆییەوە لە گەڵی رووبەڕوو دەبێتەوە، بەڵام ئەم سەرچاوەیە تایبەتە بە تاکی مرۆڤی نەك

کۆمەڵگا. لە لایەکی ترەوە ئەو نایەوێ لە مرۆڤ شاکاری سروشت دروست بکا، پاڵەوانێك، کە لە بەرامبەر خودا سەرکەشی بکاو نەسازێ. مرۆڤ لە بەرهەمەکانی کافکادا بە کەڵکەڵە بچووكو ئاساییەکانی خۆیەوە مانای هەیەو نەك بە کاری نائاسایی. ئاواتە مەزنەکانو سەیر کردنی بابەتی پیرۆز سرووشتیە، کە بۆ بوونەوەرێکی حەبس بوو، سەرقاڵ بوون بە جووڵە غەریزیو شێواوەکان باشترە تا بیرکردنەوە لە چەمکە مەزنو ئاسمانییەکان. لە روانگەی (کافکا)دا وێناکردنی مرۆڤی بێ خودا (برێدیاێف) نەتەنیا دەکرێ بەڵکو ئەگری بەختەوەربوونی مرۆڤێکی ئەوتۆش بە تەواوی پووچ نییە، هەرچەند دەست بەم بەختەوەرییە را نەگا.

بە گشتی دەبێ بگووترێ، کە (کافکا) چەمکی گشتیو سەڵتەکانی لە پەراوێز داناوەو لە سەر شتە سادەترەکان لێکۆڵینەوە دەکا ئەویش بە کەمێك مەوداو شاراوەیی. ئەو بۆ خۆی دان بەم بابەتە واتە بەرهەمەکانی سەرلێشێواوی دێنێ، چونکە ئەگەرچی هیچ کات بە تەواوی لە دنیای راستەقینە ناپچڕێ بەڵام بەرهەمەکانی وەها خەیاڵاوین، کە بە دژواری دەتوانرێ بە واتایەکی دیاریکراو لەواندا بگەین.

بە واتایەکی دیکە بایەخی بەرهەمەکانی (کافکا) زیاتر لە هەموو شتێك لەم خاڵە گرینگە واتە شکاندنی سنووری نێوان راستەقینە و خەیاڵدا دەبیندرێ. بەرهەم گەلێك، کە ئەگەرچی دواتر لە فیلمەکانی سینەماکارانێکی وەك فێلینی، بونوێلو (تارکۆفسکی)دا رەنگدانەوەی بەرچاوی بوو بەڵام لە نێو نووسەراندا کەسێ نەیتوانی زیاتر لە نووسەری چیرۆکی (دۆخگۆران) هەنگاو بنێ. تەنانەت نووسەرانی قوتابخانەی ریالیزمی جادوویش هەرچەند بە پێی دان پێدانانی خۆیان کاریگەری شێوازی کافکایان لە سەرە، بەڵام لە رووی قووڵی و راڤەکردنەوە لە پلەیەکی نزمتر دان.

بێجگەلەوانە پێچوپەنا لە بەرهەمەکانی (کافکا) دا بە ئانقەستو هەستکردانە نییە بەڵکو زاتەن وانو لە چیرۆکگەلێکی مۆتەکە ئاسا لە گەڵ پاڵەوانی مۆتەکە لێدراو چاوەڕوانی زیاتر ناکرێ. لە بەر ئەمەیە، کە لە روبەڕوبوونەوەی سەرەتادا لەگەڵ هەر کام لە بەرهەمەکانی (کافکا) شتێك بێجگەلە سەرگەشتەییو سەرسووڕمان بە خۆیەر ناگا. سەرسووڕمانێ، کە بە بۆچوونی کامۆ نووسەری فەرانسەیی، زیاتر لە هەموو شتێك بەرهەمی سەرسووڕماو نەبوونی پاڵەوانەکانی کتێبەکانی ئەوەو لە هەر جار خوێندنەوەی بەرهەمەکانی کافکادا دەسکەوتی بەردەنگ شتێکی نوێیە، کە بە ئاسانی پێناسە ناکرێو نیشان نادرێ. شتێك وەکو ئیشراقو ئاوااڵەیی، کە رەنگە رازی هەرمانی (کافکا) زیاتر لە هەموو شتێك لەو خاڵە دا شاراوە بێ.

ژیانو کەسایەتی کافکاش هەر وەك بەرهەمەکانی نمونەی تەواوی دەقی ئاوااڵەیە. ئەو هاوڕێ لەگەڵ هاوبیری مەزنی خۆی (نیچە) لێوەشاوترین پەیام هێنەرانی نهیلیزمی سەردەمن. (کافکا) سیلە لە قورس ترین فۆرمی نهیڵ (هیچ) دەگرێو قووڵی دەکاتەوەو بە سەر مرۆڤی هاوچەرخی دا دەڕووخێنێ چونکە بە چەشنێکی رۆحیو هەر لە سەرەتاوە لە گەڵی بە کێشە هاتووە نەك بە هۆی خوێندنەوە یان ئەزموونەوە یان لە بەر شکست، بەڵکو بە هۆی هەڵومەرجی ژیان پێی گەیشتووە. بە بۆچوونی دەتوانین نهیلیزمی (کافکا) بە رەسەن ترینو قووڵترین سیمای نهیلیزمی هاوچەرخ دابنێینو هەر ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوە، کە ئەو

داڕووخانی مرۆڤ باشتر لە هەموو کەس وەسف بکا.

کافکا لایەنی کەم بە پێی خوێندنەکەی شیاوترین تاکە بۆ وێناکردنی سەرگەردانیی مرۆڤی هاوچەرخ.

ئەو لە گەڵ پرسگەلێ وەکو ناعەدالەتی، بێیاسایی و ناسەقامگیری، نەك وەکو کۆمەڵناسێك، یان وەك چاکسازێکی کۆمەڵایەتی بەڵکو تەنیا وەکو هاووڵاتییەك رووبەڕوو دەبێتەوە بە ساناییەکی تەواوەوە وەسفی رووداوەکان دەکا و دەیانگێڕێتەوە.

گرینگترین شت لە لای (کافکا) چەمکی بەرهەمەکانییەتی، لە بەر ئەمە رەنگە هیچ کام لە بەرهەمەکانی ئەو جۆرەی شایانە نەچۆتە بەر سەرنجی فۆرمالیستەکان.


کافکا بە تەواوی ئاگاداری بوارەکانی زمان بووو بە رۆچوون بە ئاڵۆزترین لایەنەکانی زەینی مرۆڤـو بە کەڵکوەرگرتن لە سادەترین فۆرمی ئاخاڤتن دەست دەکا بە درووست کردنی ئاوێتەیەك لە راستەقینەو خەیاڵ. دەڵێی هێزێکی نادیار ناچاری دەکا بنووسێو بە شێوەیەك، کە نووسینەکانی وەکو خوودی خۆی شێوەیەکی پڕاوێزییان هەیە. دەڵێی بە شتێ. ئەگەرچی لەرزۆکەو تێکدەشکێ. ئاوێزانو لەوێوە دیدی بە تێپەڕ بوون لە رەهەندە رواڵەتییەکان، بە ناخو قووڵایی شتەکان دا رۆ دەچێ، دەتوانێ دنیایەکی نەرمو لە هەمان کاتدا هەستپێکراو درووست بکا.

لە بەرهەمەکانی ئەودا هەمیشە شتگەلێ، ئەگەرچی لەرزۆکو نادیار هەن، کە دەست پێیان رادەگا، شتگەلێ، کە مرۆڤ ناچار بە کڕنۆش و نزمی دەکەن و ئیزنی ناهوومێدیی تەواوو لە ئاکام دا ئاسایشی لێ دەستێننەوە. بەم چەشنەیە هەرچەند چیرۆکەکانی (کافکا) تۆنێکی زەمینی یان هەیە. بەڵام هەمیشە فڕێدەدرێنە ئەو پەڕی رووداوەکانی چیرۆکو لەودا چوون بەرەو شتێکی ئاسمانی دروست دەبێ، هەست بەوە، کە رەنگە بتوانرێ بە لادانی لایەنە جۆراوجۆرەکانی رەشایی و تاریکی بە رووناکی بگەین. بەم پێیە هەوڵی پاڵەوانانی (کافکا) بە ئاکام ناگاو جاری واشە وەك گاڵتە کردن وایە، بەڵام ناتوانین بە تەواوی بە پووچیان دابنێین. رەنگە ئەو شتەی، کە لە دنیای (کافکا)دا گرینگ بێ هەوڵدانە نەك ئاکامی گەیشتن چونکە مرۆڤ هەرچۆنێ بێ لە ناو کارەساتەکەدایەو شتێکی، کە بە بەدەست هێنانی دەتوانین بە ئاسایش بگەین بوونی نییەو ئەگەریش هەبێ توانای گەیشتن بە لێواری شتێکی کەمێك بە بایەخ نییە.

دنیای (کافکا) بە تەواوی شەپۆلێکی بەرزەو شێواوە، بەڵام رەنگە بتوانین لە دڵی ئەم قەیرانو نائارامییانەدا بۆ ماوەیەکی کورتیش بە هێمنی بگەین. هیواکان لە حوکمی ئەو تیشکانەن، کە بێ درەوشانەوە دەکوژێنەوە، بێ ئەوەی شوێنیك رووناك بکەنو یان گەرمایی ببەخشن. هەر ئەم هیوا دوورانەن، کە مرۆڤ لە سەرکەشیو دەستەوەستانی دادەنێنو ئەمەش ئەگەرچی دڵڕەقانەیە بەڵام رەنگە هەر بەو رادەیە خواستراویش بێ، چونکە لە ژیاندا هەمیشە کاتێ هەیە، کە مرۆڤ بۆ ئەوەی لەناو نەچێ زیاتر لە هەموو شت نیازی بەوە هەیە، کە خۆی فریو بدا.

دادگایی کافکا لە دادگاییەکی‌تردا


مەلکۆلم برادبوری
لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیل زادە



دەبێ کەسێ بە درۆ باسی (جۆزێف. ك)ی کردبێ، چونکە لە بەیانییەکی خۆش‌و شادی هێنەردا بە بێ ئەوەی هەڵەیەك بکا بەدیل دەگیرێت. ئەم رستە سامناکە سەرەتای دەسپێکی (دادگایی)، دووەم رۆمان لە سێ رۆمانەکەی (فرانز کافکا)یە. کافکا جوولەکەی گەنجی ئالمانی زمان، خەڵکی پراگ بوو. ئەو لە ریزی گەورەترین نووسەرانی سەدەی بیستەم دایە. (کافکا) نووسینی رۆمانی دادگایی لە ئووتی ساڵی ١٩١٤، لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی دەستپێکردو تا ساڵی ١٩١٥ درێژەی کێشا. ئەو قۆناغ و سەردەمەی کافکای تێدا گەورە بوو کاتێ بوو، کە مەزنیی کولتووری ئالمانی‌و دنیای هەزاربەهەزارو کۆنی ئیمپراتۆری ئوتریش ـ مەجار بە پەنای ئەودا هەڵدێردرا. کاتێ بوو، کە ژیانی عاتیفی‌و تایبەتی‌و ئەویش تووشی قەیران هات‌و بە نەخۆشی سیل کە ماوەی دەساڵی خایاند، مەرگی نابەوەختی بۆ هێنا. دادگاییش وەکو زۆربەی رۆمانە مۆدیرنەکان کتێبێ بوو، کە لە دڵی دەورەیەك‌و لە دڵی نەخۆشییەکی تایبەت دا کە بە ئاشکرایی هاوڕێی بوو لە دایکبوو.

کتێبی کافکا وەکو زۆربەی رۆمانە مۆدێرنەکان مێژوویەکی پڕ هەڵکشان‌و داکشانی بوو. لە راستیدا مێژووەکەی ئاوێتەی تەنزێکی وەها تاڵ‌و رەش بووە کە جێی خۆیەتی نێوی مێژووی کافکایی لە سەر دابنێین. لە کاتی ژیانی کافکادا هیچ کام لە سێ رۆمانەکەی چاپ نەکران‌و بڵاونەبوونەوە. ئەو هیچ کات دادگایی تەواو یان رێکوپێك نەکرد. (کافکا) دادگایی لەدەرەوەی هەڵچوونێکی قوڵی رۆحیدا نووسیبوو. ئەو وەکو ئەوەی لە بەرامبەر رووداوەکانی ژیانی خۆی‌و باوکی‌و هەروەها کچێ، کە دەیویست بیخوازێ بێدەنگ مابۆوە، ئاواتەخواز بوو لە بەرامبەر داهاتووشدا بێدەنگ بمێنێتەوە. لە دوای شەڕدا (کافکا) دەسنووسی کتێبەکەیدا بە هاوڕێیەکی لە مێژینەی خۆی بە نێوی (ماکس بروود). (کافکا)و (بروود) پێکەوە لە زانستگەی ئالمان لە (پراگ)دا دەرسیان خوێندو هاوکاتیش دەورەی سەربازییان تەواو کردبوو هەر پێکەوە هاتبوونە نێو جەرگەی چالاکیی ئەدەبیی (پراگ)ەوە.

کافکا لە ساڵی ١٩٢٤ لە تەمەنی ٤١ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی سیل ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ئەو نەخۆشییەی ماوەی چەندین ساڵ کزو لاوازو تەنیای کردبوو، مەیلی ژنهێنانی لێ بڕیبوو. ئێش‌و بڕك‌و ژانی ئەو نەخۆشییە ئەوی لە کونجی ژوورێدا ترینجاندبوو. (کافکا) راست لە پێش مردنیداو بەمجۆرە دوایین فەرمانی بە بروود دا:



هەر شتێکی کە لێم بەجێ دەمێنێ.. بێ ئەوەی بخوێندرێتەوە، تا دوایین لاپەڕە دەبێ بسووتێندرێ.

تەنانەت دەیویست ئەو کتێبانەش لەناو بچن کە سەردەمایەك بۆی گرینگ بوون‌و پێشتر

بڵاوکراونەتەوە. بۆ ئێمە جێی شانازییە کە بڕووسد بە باشی لەگەڵ ئەو بەشە لە خوو ڕەوشتی کافکا کە خۆی دەکوشتو دەبڕیو سەرکۆنە دەکرد ئاشنا بوو. دەبوایە نزیك بە تەواوی ئەو شتانەی کە کافکا چاپی کردوون لەبەر دەست نەبوایەن. (بڕووسد) لە پێشەکییەکدا لە سەر کتێبەکە دەنووسێ: هەرچەند فەرمانێکی ڕوونو ئاشکرا بە من دراوە. بەڵام من خۆم لەم کارە پڕکێشەیە دەبوێرم. ئەو دەستووسەکەی (کافکا)ی ڕێکوپێك کرد (ئێستاش بەشێ لە خەڵکی لەگەڵ ئەم شێوە ڕێکوپێککردنەی بڕووسد دژایەتی دەکەن)و دادگایی لە ساڵی ١٩٢٥ لە ئاڵمان چاپکرا.



بەڵام دادگایی کتێبەکە تازە دەستی پێکرد. لە ڕاستیدا بێجگەلە چیرۆکە تاڵەکەی شتێکی، کە

دادگایی ئاوا نزیکو ئاوێتەی ئەزموونی ناهومێدانەی دنیای مۆدیرن دەکا مێژووی ڕەشی کتێبەکەیە. ئەو ئاواتەی (کافکا)، کە دەیویست کتێبەکەی هەڵوەشێنێتەوەو بە سووتاوی ببینێ وەکو پێشگۆییەکی مەرگاوی وەدی دێو هەمان حکوومەتی سامناك، کە کافکا لەبارەیەوە نووسیبووی، کتێبەکە بە هەڵە ناودێر دەکا. لەگەڵ سەرهەڵدانی نازیسم بەرهەمەکانی ئەم جوولەکە ئاڵمانی زمانە لە پێشدا لە کتێب فرۆشیی جوولەکەکانو دواتر لە هەموو شوێنێ دەسووتێندرێو لەناو دەچێ. بەرهەمەکانی تری کافکا کە بڕووسد دەیویست بڵاویان بکاتەوە تەنیا لە پراگ، ئەو شوێنەی کە کافکا لەوێ لەدایك دەبێو هەر لەوێ دەمرێ چاپ دەکرێن. لە سەرەتای دەسپێکی شەڕی دووەمی جیهانی پراگ لە بەرامبەر ئاڵمان دا شکست دخواو دواتر ڕووسیا داگیری دەکا تا ببێتە یەکێ لە دەوڵەتە کۆمۆنیستەکان. کەچی ئێستاش دەبینین لە شارەکەی کافکا وەکو زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی چاوپۆشی لە بەرهەمەکانی دەکرێ، ئەویش لە بەر بۆچوونێکی نامۆیە، کە ڕاستەوخۆ لە خەیاڵی خودی (کافکا)وە ڕێچکە دەبەستێ. ئێمە ناتوانین بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نێو بۆ کافکا دیاری بکەین، چونکە ئەو نووسەرێکی قەدەغە کراوە. بەم حاڵەش نێوبانگی نێونەتەوەیی کافکا هێور هێور پەرە دەستێنێ. ئافراندنە خەیاڵییەکانی ئەو بە چەشنێ لە ژیانی واقعیی ڕۆژانەو ئاسایی دەچێ کە زۆرینەی خەڵکی چیك، ئەوانەی وا بەرهەمەکانی ئەویان لە بیر ماوە، نێوی ژیانی کافکایی لە سەر ئافراندنەکانی ئەو دادەنێن. هەڵبەت (کافکا) بۆخۆشی باسی ئەو خەیاڵانە دەکا کە تایبەتن بە خۆی.

دادگایی لە ساڵی ١٩٣٧ بە وەرگێڕانی سەرکەوتووانەی (ویلا)و (ئێدمۆن موير) لە

ئینگلستان بڵاو بۆوە. ئەو دنیایەی کە کافکا خوڵقاندبووی زیاتر لە جاران لە دنیای خەیاڵی دەچوو. ئەو بوو بە نووسەری قۆناغی نوێی تاریکی. شێوە سوررياليستیو خەیاڵە نامۆکانی کافکا لە سەر بەرەیەك لە نووسەران شوێنەواری دانا، کە لە بەرامبەر خۆیاندا دنیایەکی نوێی شەڕو دامودەزگای شوومی دەوڵتە سەرەڕۆ مۆدێرنەکانیان دەدی.
شەڕ قۆناغێ لە سامناکیی نوێو گومانی لەگەڵ خۆی هێنا. پاش ساڵی ١٩٤٥ هەمووکەس بە کوورەکانی ئینسان سووتانی زانی. لەو کوورانەدا نزیکەی شەش ملیۆن جوولەکەی ئەورووپای ناڤین لە نێو ژووری گازو بەندیخانەی یەخسیرەکانی شەڕدا کوژران. زۆربەی کوژراوان لە کۆمەڵگای جوولەکەی (پراگ) بوون. لە خەڵکێ، کە (فرانز کافکا) لە نێویاندا گەورە ببوو.

سێ خوشكو دوو ژنیتر، کە زۆر خۆشەویستی (کافکا) بوونو هەروەها باقی ئەندامانی بنەماڵەکەی، کە لێیان دوور کەوتبۆوە، لە ریزی قوربانیان دابوون. دوای ئەوەی رووسەکان دەستیان بە سەر شار داگرت، دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی هاتە سەر کار. (پراگ)، کە بە شاری کەلووە زێڕینەکان، شاری زێڕینگەران، شاری پیشەکاریو کولتووری رەنگاوڕەنگو بە یەکێ لە جوانترین شارەکانی ئەورووپای ناڤین ناسرا بوو، کپو خامۆش کراو سامناکی بە سەردا زاڵ بوو. ئەو شارەی، کە نووسەرەکانی بە پارێز بوونو کافکایان لە بیر بردەوە. ئەگەرچی زۆربەی رەخنەگرە مارکسیستەکان بە گومانێکی ئەرێیانەوە لە سەر (کافکا)یان نووسی بەڵام دەنگی ئەویان بە نەخۆشو لەرزۆك دادەنا. بەم حاڵەش تەنانەت لە ئەورووپای ناوڤین بێدەنگی لە ئاست (کافکا) درێژەی بوو. کەچی لە باقی شوێنەکانی تری ئەورووپا ئەو نووسەرێك بوو کە خەیاڵی مۆدێرنی بە چەشنێ داگیرکردبوو، کە رەنگە هیچ کام لە نووسەرانی سەدەی بیستەم نەیانتوانیبێ.



لە راستیدا دیمەنی (کافکا) دیمەنی ئینسان بوونو بەڵالێدراویی نووسەری مۆدێرنە لە بەرامبەر هێزو دڵەخورپە، کە تایبەتە بە سەردەمی ئێمە، بێگومان مەنتیق قەت

تێکناڕوخێ، بەڵام ناشتوانێ گوشار بخاتە سەر مرۆڤێ، کە دەیەوێ بژی. ئەمە وتەی (کافکا)یە لە کۆتایی (دادگایی)دا. لێرەدا مەنتیق نیشاندەری هێز، مێژوو و شتگەلی باوەڕپێکراوەو لە کتێبەکەدا ئەو شتەی خۆڕاگری دەکا مەنتیقە نەك (جۆزێف. ك) رەنگە بتوانین بڵێین ئەو شتەی، کە (کافکا)ی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە هەر وەکو ئەم وشانەی کە بۆخۆی دەینووسی، ئەمە بوو کە ئایا کافکا دەیویست لە دنیای دەوروبەری خۆیدا بژی: بۆ خۆی زۆرجاران دەیگوت کە نەخۆشیی ریخۆڵەی ئەو ناسێنەری کەسایەتی‌و تێگەیشتنی ئەوە لە شکست. بەڵام بڕیار وابوو، کە (کافکا) لەگەڵ وشەکانیدا بژی‌و لە راستیدا زۆر گەورەتر لە وشەیەك بێ کە لە قەڵەمی ئەو دەتکێ. رواڵەتی ئەو هەر وەکو رواڵەتی رووناگەکەیەتی لە کتێبەکانیداو زۆربەی ئەو شتانەی کە لە بارەیەوە نووسراون ئەوی کردۆتە سیمبولێ ئەمەش رووخساری کەسێکی کزو لاواز، پەشۆکاوو رەنگ بزرکاوەو پێمان دەڵێ: کە هیچ کات هیچ کوێ نەبۆتە ماڵی ئەوو دایمەش ئەویان بە ژیان شەرمەزار کردووە. ئەو دیمەنە راستەوخۆ ئەو بە دنیای دوای شەڕەوە گرێ دەدا.

دەبلیۆ. ئیچ. ئادێن لە شیعرێکی سەرنج راکێشدا ئەم قۆناغەی نێو ناوە سەردەمای پەشۆکاوی. سەردەمای دنیای دوای شەڕی دووەمی جیهانی، دوای بۆمبای ناوەکی‌و کوورەکانی ئێنسان سووتان‌و سەردەمای دوای حکوومەتی تۆتالیتێرو هێزی جەماوەر.

کافکا کە لە سەردەمای پەشۆکاوی خۆیدا دەژیا بە رووبی ئەم راستییە لە بارەی تێگەیشتنی ئێمە لە قوربانی بوون، تەوژمی ستەمو شارباەدەریی دەروونی دەسەلمێنێ. ئێستا (کافکا) خۆڕاگری دەکاو شتێ زیاتر لە کافکایە.

رستەی سەرەتای دادگایی بە هۆی نوێخوازیی (کافکا)وە یەکێ بوو لە بەناوبانگترین سەرەتاکانی دەسپێکی ئەدەبیاتو ئێستاش زایەڵەکەی لە نێو ئەزموونی قۆناغی ئەمرۆدا بە گوێمان دەگا. رووڕو ئاشکرایە ئەو هۆیانەی، کە یەکەم هێڵی رۆمانە زیندووەکان زیندوو رادەگرێ لە هۆگەلی باوو ئاسایی نین: واتە لەوە ناچێ، کە تەنزو نامۆیی دوور لە راستی بن. وشەکانی دەسپێکی دادگایی جوانی وەبیر ناهێننەوە، بەڵکو وەبیرهێنەرەوەی ترس‌و سامناکین، تەنزەکەشی (لە بەیانییەکی شادی هێنەردا) سەرسامییە. هەروەها نامۆیی، رووداوێکی شێتانەیە کە تەواو سرووشتی دەنوێنێ. لە راستی دا ئەم رستەیە و ئەم قۆناغە وەکو هەر شتێکی‌تر لە بەرهەمەکانی (کافکا)دا ئەم توانایەی هەیە، کە راست بێ‌و لە هەمانکاتیشدا نامۆ بنوێنێ. ئەمە تەنیا باسێکی سادەی ئەم هەلومەرجەیە بەڵام رواڵەتی هەلومەرجێ، کە هیچ پێشینەیەکی نییەو زۆر بە ئێمە نزیکە، هەر وەکو هەل‌و مەرجێکی میتافیزیکی‌و لە هەمان کاتدا کۆمەڵایەتی‌و دەمارناسی‌و سیاسییە. هەر بەو شێوەیەی، کە (ماکس برووود) گوتوویەتی ئەمە توانای کافکا بوو، کە ناڕاستی بە راستی نیشاندەدا. بەڵام ئەم رستەیە دەسپێکی مەحکوومبوونێکە چونکە لێرەدا (جۆزێف. ك) تاوانبارکراوە. ئەوو هەروەها هەموو کەس بە ژیان‌و مەرگ مەحکووم کراون. لێرەدا ژیان بە واتای دادگایی بوونە.

بێجگە لەوە هەر بەو شێوەیەی جۆرج ئیشتاینێر گوتوویەتی رەنگە ئەم رستە کەمانە بەرچاوترین کاتی تێگەیشتن‌و پێشگۆیانەترین

خەیاڵ لە ئەدەبیاتی سەدەی بیستەم بن. ئەم رستانە لە بەرهەمەکانی (کافکا)دا وەکو خاڵەکانیتر لە ناکاو پەشۆکاوییەکی لە رادەبەدەر بە سەر ژیاندا دەسەپێنن. نێوی جۆزێف کبە کورتی نووسراوەو ئەم چەشنە نووسینەش لە بەرهەمەکانی (کافکا)دا باوە. بەڵام هەر ئەم بە کورتی نووسینە لە پردا کەسایەتیی (جۆزێف. ك) بچووکدەکاتەوەو دەڵێی ئەو دەبێتە دۆسییە یان بەڵگەنامەیەکی دادگایی. لە رۆمانەکانی دیکەی (کافکا)دا واتە کۆشك، نێوی پاڵەوانی سەرگەردانو قوربانی تەنانەت لەمەش کورتتر دەبێتەوەو بە پیتی سادەی (ك) دەنووسرێت. لە بەیانی رۆژێکی جوان دا جۆزێف ك بە بێ ئەوەی تاوانێکی کردبێ بەدیل دەگیرێت. ئەم حووکمە لە پردا عەدالەت دەکاتە ناعەدالەتیو شێوازی کافکا بە تەواوی نیشان دەدا. تا ساتێکی تر ئێمە بەمە سەرسووڕماو دەبین، کە ئەوە چ تاوانێکە جۆزێف ك کردوویەتیو بۆچی ئەو دەیەوێ تاڕادەیەك تاوانەکان وەئەستۆ بگرێ. دەڵێی هەموومان بە شێتیك تاوانبار کراوین. بێجگەلەوە ئەو لە حکوومەتێکی مۆدێرنو قۆناغێکی مۆدێرندا دەژی. ئەم قۆناغە مۆدێرنە بەشێك لە بارودۆخی دەروونیی پاڵەوانی کافکایە کە لە عادەتی دەماریو خودی مەحکووم کەری نووسەردا بەشداری دەکا. هەروەها ئەوەی وا باسمانکرد بەشێکە لە هەلومەرجی سیاسی مۆدێرن، چونکە تەقەیەکی کە لەو بەیانییەدا لە دەرکەی ماڵی کوە دێ دەنگێکە، کە ئەوو ئێمە بۆ دنیای پڕمەترسیی مێژوو و سەردەم بانگدەکا.

تی دەبلیۆ ئادۆرنۆ، رەخنەگری ئاڵمانی دەنووسێ: (جۆزێف. ك)، کە (کافکا) ئەوی دەبردە ژێر رکێفی نووسینی خۆی، بۆ هەمیشە هێمنی و ئاسوودەییەکی لە دەست چووە. زۆر سەیرە، کە وا دانراوە (کافکا) بە لەونێ کەنارکەوتووترین، دەورگێڕاوترینو لە راستیدا بورژواترین نووسەری مۆدێرنە ـ ببێتە یەکێ لە بەتواناترینو سەرسامترین نووسەری مۆدێرن. ئۆدێن دەڵێ: ئەگەر کەسێ بیەوێ نێوی نووسەرێ بێنێ کە بە سەردەمی ئێمە نزیك بێ، وەکو ئەو پەیوەندییەی، کە (دانتی)و (شێکسپیر)و (گۆتێ) لە گەڵ سەردەمی خۆیان بوویانە (کافکا) یەکەم نێوە کە دێتە زەینەوە. دەبێ ئەمەش بگوترێ کە ئەو وەکو ئاڵۆزترینی ناوداران درەوشانەوەی رۆحی مۆدێرنە. دەبێ بە رووتی بگوترێ، کە (کافکا) بۆ خۆی باوەڕێکی وای بە بنەماو چۆنییەتی پێشگۆیی مێژوویی خۆی نەبووەو سیاسەتیشی زۆر پێ خۆش نەبوو. بۆ نموونە زیاتری ئەو شتانەی، کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدالەو دوور بوو. ئەو نووسەرێ بوو، کە خۆی بە شێوەیەکی عاتیفیو رووناکبیرانە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسك دادەنا. بشێوییەکی، کە ئەو باسی لێدەکرد بارودۆخی دەروونی بوون . نهیلیزمێ، کە وا دیار بوو دەیویست بیناسێنێ، شتێك بوو، کە بۆ خۆی متمانەی پێ نەدەکرد. لە بارەی دنیایەکدا دەینووسی کە هی ئێمە نەبوو بەڵکو دنیایەك لە میراتی تێك رووخاوی جوولەکەکلنو لە سیستمی کۆنو هەڵدێردراوی ئەوروپا بوو. ئەو وەکو دۆستۆیەڤسکی یان لە راستیدا وەکو زۆربەی نووسەرانی بەرەی خۆی ـ رۆبێرت موزیلی ئوتریشی کە مرۆڤی بێ کەسایەتی (٤)خولقاند، نووسەرێکی خەڵکی تریستە بە نێوی ئیتالۆ ئیزویۆو، کە دان بەتاوان هێنانی زینۆی نووسیو یان تووماس مان خولقێنەری مەرگ لە وێنیز. لە بارەی زێدەڕۆییو شوناسی دۆراو، نەخۆشیو لێکهەڵوەشاوەیی نووسیو لە سەر زۆربەی رووناکبیرانی دەورەی پێشەکاریو بۆرژوازی شوێنی دانا.

بەم حاڵە بڕیار وابوو، کە ئەم جوولەکە نەخۆش‌و گۆشەگیر و نامۆیەی خەڵکی پراگ، زیاتر لە هەموو نووسەرێکی تر خەیاڵاتی مۆدێرن وەلەرزین بخاو تێکی بڕووخێنێ هیچ کەسێکی‌تر وەکو (کافکا) نەیتوانیوە ئەو مەترسی‌و بەڵایەی کە ئێمە لە سەردەم‌و دڵی خۆماندا هەستی پێدەکەین یەکدەست‌و کامڵ بکا. وەکو جۆرج ئیشتاینێر دەڵێ: (کافکا) بە ئەدەبیترین واتای خۆی پێغەمبەرو پێشگۆ بوو:

ئەو هەقیقەتە، کە دەتوانێ گرێکان لە بارەی (کافکا) بکاتەوە ئەوەیە، کە ئەو خاوەنی پێشگۆییەکی سامناك بووو ترس‌و خۆفی بە شێوەیەکی ئاشکرا دەدی. دادگایی نموونەی کلاسیکیی حکوومەت‌و ترس نیشان دەدا. وێنەکێشی سادیسمی شاراوە نەخۆشی هیستریە کە دەوڵەتە تۆتاتیلێرەکان بە جەستەی ژیانی تایبەتی‌و جنسی خەڵکی دادەکەن. لەو کاتەوە، کە (کافکا) رووی کردۆتە نووسین شەوانە لە دەرکەی زۆر کەس دراوەو ئەو کەسانەی کە نێویان هاتووە تا وەك سەگ بمرن، زۆرن. (کافکا) فۆرمی ئێستای کارەساتی مرۆڤ خوازیی رۆژئاوایی، پێشگۆیی کردووە، کە (نیچە)و کێرکگارد وەکو تاریکاییەکی گوومانا‌وی لە ئاسۆدا دیتبوویان.

ئیشتاینێر ئەوەمان وەبیردێنێتەوە، کە ئەمە هەقیقەتێکی تەواو روون‌و ئاشکرایە، کە ئێمە دەتوانین لە نێو سەدان زماندا قۆناغی شێواوی‌و قوربانیی کراوی مرۆڤی مۆدێرن بە خوو رەوشتی کافکایی وەسف بکەین.

دادگایی بە بەدیل گیرانی (جۆزێف. ك) دەست پێدەکاو بە لەداردرانی ئەو تەواو دەبێ. لە کاتی مەرگدا لە نزیك ئەوەوە دەلاقەی مااڵێ دەکرێتەوەو لەوێدا قەڵافەتێکی خەیاڵاوی رادەوەستێ‌و هەردووك دەستی درێژ دەکا. ئەو کێ بوو؟ دۆستێ؟ مرۆڤێکی چاك؟ ئەو کەسەی، کە هاوخەمی بوو؟ ئەو کەسەی کە دەیویست یارمەتی بدا؟ ئەو بە تەنیا بوو؟ یان ئەوەی، کە هەمووی ئەوانە لەوێ بوون؟ کێ یارمەتیی دەدا؟ ئایا بە قازانجی ئەو بەڵگە دۆزراوەتەوە تا بتوانن دیسان چاوی پێدا بخشێننەوە؟ هەڵبەت دەبێ هەبێ. دواییین شتێکی کە جۆزێف ك جیا لە قاتڵەکانی خۆی دەیبینێ قەڵافەتی مرۆڤێکە کە دەیڕوانی. مرۆڤێك کە دەیتوانی ئاسوودەیی‌و هێمنییەك بێ بۆ حوکم دراو. دواییین وشەگەلێك کە ئەو دەیڵێ ئەوەیە وەکو سەگ! کافکا ئەوەش دەڵێ ئەم وتەیە وەها بوو دەتگووت مانای شەرمێ نیشاندەدا، کە دوای ئەو بەجێ دەمێنێ. ئەو شتەی کافکای کردە هەرمان ئەوە بوو: مەحکووم بوونێکی گەورەو قوربانیکردن، شەرمی دەروونی‌و هیوایەکی شاراوە بە مرۆڤێکی باش، کەسێ، کە هاوخەمی دەکا. ئەگەر دەسپێکی دادگایی دەمانترسێنێ، ئاکامەکەشی بە نێوان ئەم سەردەمەدا بە گوێی ئێمە دەگاو (کافکا) وەکو کێشەخوازترین‌و لە هەمانکاتیش دا مۆدێرنترین نووسەری سەدەی بیستەم دەناسێنێ.

(٢)

دادگایی لە بەیانی رۆژێکی خۆشداو لە جێگاوبانی (جۆزێف. ك)ەوە دەست پێدەکا. سێهەمین ساڵی لە دایکبوونی ئەو کاتەیە کە دەزانێ جیهان گۆڕاوە. بەڵام هیچ شتێك وەکو جاران ئاسایی نییە. ناشتاکەی وەکو رۆژانی پێشوو حازر نییە (قەت شتی وا رووی نەدابوو). دوو پۆلیس چوونە ژووریێ تاکوو پێی بڵێن هاتوون بیگرن، ئەگەرچی ئەوان هۆی ئەم کارە نازانن. دراوسێکانی بەرامبەر دەیڕزانن، رەنگە ئەوان ئەو کەسانە بن، کە لە سەر ئەو راپۆرتی درۆیان داوە. پۆلیسێ لە

دیوەکەی تر لێی دەپرسێتەوە ئەو ناتوانێ بۆی شی بکاتەوە، کە کێ تاوانباری کردووە یان تاوانەکەی چییە؟ بەدیل گیرانەکەی بەر بە ژیانی ئاسایی ئەو وەکو کارمەندێکی بانك ناگرێ. (جۆزێف. ك) بیردەکاتەوە، کە بەم شێوەیە گیرانەکەشی زۆر خراپ نییەو پێویست ناکا کە کەسێك لەم بارەیەوە شتێکی پێ بڵێ. بەڵام پۆلیسەکە رووندەکاتەوە، کە ئەمە ئەرکی سەر شانم بوو. سێ کەس لە هاوکارەکانی بە هۆگەلێ لەوێن تاکوو لە تاکسییەك دا بەرەو بانك هاوڕێیی بکەن، کەچی وێدەچوو کە (جۆزێف. ك) هەوڵدەدا بزانێ کە چ رووی داوە. هەمووی ئەو شتانەی ئاڵوگۆڕیان بە سەرداهاتووە ئەوەیە کە خەڵکی باسی ئەویان کردووەو لە دەرەوە سەنگو سوکی دەکەن. رووبونەوایەکرایە، کە زیندوو بوون واتە بە تاوانێکی نەزانراو تاوانبار بکرێی. ئەگەر کەسێکی تر دەمڕوانێ دەبێ منیش لە نزیکەوە خۆم بڕوانم. ئەگەر کەسێك ئاگای لە من نییە دەبێ من بە سەرنجێکی زیاترەوە بڕوانمە خۆم. (فرانز کافکا) لە دەفتەری بیرەوەرییە سەیرو سەمەرەکانی دا ئەم رستانەی نووسی، کە بۆ چەندین ساڵ رایگرتووو بوو بە باشترین کلیل بۆ هەڵگرتنی قفڵی دەرگای خوورەوشتی ئەو وەکو مرۆڤو نووسەرێ.

ئێمە زۆرجاران دەپرسین: کێ لە بارەی ئێمەوە درۆی کردووە؟ کێ توانیویەتی ئەم جۆرە قسانە بکا؟ ئەم خەیاڵەی (جۆزێف. ك)، کە خۆی دەڕوانێ و لە خۆی دەپرسێتەوە هەمان رۆحی (کافکا)یە. چونکە ئەو شتانەی کە کافکا نووسینی - سێ رۆمان، کە هیچ کات نەیدەویست چاپ بکرێن، چیرۆکەکان، ژمارەیەك لەو نووسراوانەی، کە بۆ چاپ هەڵیبژاردن، بیرەوەرییە سەیرو سەمەرەکانیو ئەو نامانەی کە بۆ برووری نووسیبوونو گرینگتر لە هەمووان نووسینی نامەکانی بۆ (فلیس بائێر) کچێکی خەڵکی (بەرلین)، کە دووجاری نیشانە کردو بەڵام هیچ کات نەیهێنا - بە تەواوی مۆری دیاریکراوو جیاوازیی خەڵکیان پێوەیە کە لێك دەچنو هەموویان هی خەیاڵاتی کەسێکی کزو لاوازو گۆشەگیرو شوومە. خەیاڵێك کە بە چەشنێکی نامۆ خۆی رووت دەکاتەوەو هیچ چەکێکی پێ نییە. ئەو سەردەمایەك نووسی: باڵزاك گۆچانێکی پێ بوو، کە ئەفسانەیەکی لە سەر هەڵکەندرا بوو: من هەموو کۆسپێ لە بەر یەك دەردێنم، ئەفسانەی من ئاوا دەڵێ: هەموو کۆسپێك لە بەر یەکم دەردێنێ.

کافکا بە گەوهەرێ لە خۆ شاربەدەریی، دەنووسێ، کە تاکو ئێستا هیچ نووسەرێك ئاوای نەنووسیوە. کەسایەتی کافکا وەکو مرۆڤو نووسەر، لە تاوانو شاربەدەریی دەروونی خۆی دا رەگی داکوتاوەو دەڵێی بە بێ ئەوان هەست بە بوونی خۆی نەدەکرد. بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمەکانی (کافکا) دەبێ ئەو هەستە نامۆو لە هەمانکاتدا رووناککەرەوەیە بناسینو ئەو شتەی کە پێکی هێناوە ببینین.

کافکا لە سێی ژووئییەی ١٨٨٣ زایینی لە پراگ لە دایك بوو. منداڵێکی تیشکەڵەو لاواز و تەنیا کوڕی بنەماڵەی جوولەکەی ئالمانی زمان بوو. باوکی (کافکا)، کە پیاوێکی ساغ و بەهێز بوو لە گوند دەژیا، ئەو بە هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆرەوە توانی ببێتە بازرگانێکی سەرکەوتوو. دایکی لە رەگەزێکی تر بوو، کە زیاتر لە رۆحی جوانی ناسانەوە هەوێنی وەردەگرتو فرانز خۆی بە نزیك بەو دەزانی. کێشەی باوکو کوڕ بۆ هەموو شتێك راستییەکی گرینگ لە بوونو ژیانی (کافکا)دا بوو، لەم دوایانەدا ئێوە لێتان پرسیم کە بۆچی لە ئێوە

دەترسم. ئەمە نامەی ناسراو یان بە جۆرێ نەناسراوی کافکایە، نامە بۆ باوك کە ئاوا دەست پێدەکا. بۆ ئەو کەسەی کە دەبوایە ئەم نامەیەی بۆ چووبایە بەڵام هیچ کات نەگەیشت. ئەم نامەیە مێژوویەکی گرینگ لە سەرەتای ژیانو ئاکاری ئەوە، ڕەنگە ئەمە عاتیفی ترین بەسەرهاتێ بێ، کە ئێمە لەم نووسەرەمان هەیە. ئەم نامەیە چیرۆکی سەرکەشییەکانی ئەوە. سەرکەشی بە دژی بنەماڵەو باوەڕی بنەماڵە، دژی ژیانی بازرگانانە، دژی میراتی جوولەکەکان لە کوشتاری بە کۆمەڵ. هەروەها لەو نامەیەدا گەورەبوونی کەسایەتییەکی پەشۆکاو نیشان دەدا. ئێوە هۆگری شتێ بوون، کە من لەودا متمانە بە نەفسی خۆمم لە کیس داو بە جێگەی ئەو هەست بە تاوانێکی لەرادەبەدەر گەشەی کرد.

دژی باوك بوون لە گەڵ ڕۆحی بەرهەمەکانی کافکا پەیوەندی هەیە. ئەم پەیوەندییە، کە بۆ کافکا مەترسی هێنەر بوو ئەوی لە بنەمای پەیوەندییەکی مەرگاوی‌و خراپ لە نێوان مرۆڤـو خودا، مرۆڤـو یاساو هەروەها ئەوانەی وا جوولەکەن‌و ئەوانەی کە جوولەکە نین، تێگەیاند. ئەو لە ژیانیدا بەم ئاکامە گەیشت، کە هێزێکی باوکانە دەیخاتە ژێر چاوەدێری‌و تەواوی ئاکارو کرداری سەرکوت دەکا. تەنانەت نەخۆشییەکەشی لە بەرامبەر سڵامەتی باوکی بە تاوان دادەنرا. (کافکا) دەڵێ: باوکی ئەوی بە جۆرێك بار هێناوە، کە متمانە بە کەس نەکا بۆ ئێوە سەیرە ئەم بێ باوەڕییە، کە لە هیچ کوێ بۆ من وەکو منداڵێك قبووڵ نەکرا، لەمن دا بوو بە بێ باوەڕیی بە خۆمو بوو بە دڵەڕاوکەیەکی هەمیشەیی لە بەرامبەر هەموو شتێداو هیچ پێویستی بە خۆڕاگرییەکی تایبەت نەبوو (راستییەکەی ئەوە بوو، کە ئێوە بۆیە خۆڕاگریتان کرد چونکە بە هێزو توانا بوون‌و بێجگەلەوە لە راستیدا ڕەنگە هەوێنێکی لە شێوە دەوڵەمەندی تێدا بووبێ) چونکە من لە هەموو شوێنێدا تەنیا خەڵکێکم دەدی کە زۆر باش‌و لەو پەڕی هومێدا بوون بۆ هەڵسووڕان. ئەو بە تایبەت کاتێکی سامناك وەبیری خۆی دێنێتەوە، ئەو کاتەی منداڵ بوو لە شەودا داوای ئاوی کردو باوکی ئەوی برده بەر هەیوان‌و بە تەنیا بە جێی هێشت. تەنانەت چەندین ساڵ دوای ئەوە من لەم خەیاڵە سامناکە ئازارم دەدی کە پیاوی گەورە، ئەوپەڕی هێز، دێو بە بێ هیچ هۆیەك لەو شەوەدا لە جێگاوبان هەڵمەستێنێ‌و دەمباتە بەر هەیوان‌و ئاوا من بۆ ئەو هیچ نەبووم.

لە نێوان باوك‌و کوڕدا کێشەیەك ساز بوو هەر بەو جۆرەی کە کافکا دەیزانی شتێکی جیاوازو تاك نەبوو، ئەو باوکەی کە پیشەی بازرگان بوو قەتیش نەخۆش نەکەوتبووو ئەو کوڕەی، کە کزو لاواز بوو و دایمە شەرمی دەکرد. ئەو تایبەت بە بەرەیەك لە جوولەکان بوو کە لە هەرێمی رۆحانیی هاوینە هەوارەکان دوور کەوتبۆوەو هاتبووە نێو دنیای ماددی شارەکان. ئەو گرفتە لە ئارەزووەکانی کافکا وەکو نووسەرێك وەدیارکەوت، کە بۆخۆی سەرکەشییەك بوو دژ بە باوکێ، کە ئەم چەشنە شتانەی بە بچووك دادەنا. رێیەك بوو بۆ دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو شتانەی ئاواتی باوکی بوون بۆ کووڕەکەی ـ ئەندامی وەفداری بنەماڵە، بازرگان، هاوسەری جوولەکەیەکی خوداپەرست ـ کافکا دەیگوت: بەرهەمەکانی دوورکەوتنەوەیەکی هەمیشەیی‌و ئاگادارانەیە لە تۆ. لە خۆوە نەبوو کە کافکا تایبەت بە جیهانی ئوتریش ـ مەجار بوو. دنیایەك، کە (سیگمۆند فرۆید)ی گەورە کرد. (فرۆید) لە وێن شارستانی تر دەژیاو (کافکا) لە (پراگ) پێتەختێکی بچووکتر. بەم حاڵە ئەمە دروست

هەر ئەو شتە نەبوو کە کافکا لە خۆی دا دەدی. ئەو بۆشاییەك بوو. بەدیهاتوویەکی بێ بایەخ، کۆڕی شکست خواردووی باوکێکی پادشایی. ئەو شتەی کە ئەو خەریك بوو وەکو (فرۆید) بیدۆزێتەوە هێزێك بوو کە لە زۆرداری خوازی‌و سەرکوتی دەماری خۆی بەرگری دەکا وا دیاربوو ئەمەیان لە مرۆڤی جیهانی مۆدێرن وبۆرژوازی دەویست.

لە ماوەی خوێندن لە قوتابخانەی دواناوەندی دا و هەروەها خوێندن لە زانستگای ئالمانی زمانی شار، ئەو جێیەی کە لە پێش دا شیمی لێ خوێندو دواتر بوو بە هۆگری ئەدەبیات‌و فەلسەفە، شەڕ هەر بەردەوام بوو. لە زانستگا چاوی بە ماکس بروود کەوت‌و هەر لەوێ لە ساڵی ١٩٠٦ پلەی دکتۆری لە بەشی ماف وەرگرت. ئەم کارە بە یارمەتی باوکی سەرەتایەك بوو بۆ ژیانی ئیداری لە بەشی دەوڵەتی، لە شوێنێدا، کە هەموو کات ئیش کردنی جوولەکەکان ببووە کێشەیەك کافکا کەم تا کورتێك هیچ بایەخێکی بۆ دنیای یاسایی دانەدەنا. بەم حاڵە وەکو بروود لە بەرژەوەندییەکانی ئیشێکی دەوڵەتی ئاگادار بوو. لەو شوێنەی، کە لە سەعات ٢ی دوانیوەڕۆوە دەرفەتی دەبوو تا بتوانێ چاوی بە (بروود)و ئەنجومەنی ئەدەبیی شار بکەوێ‌و بەرنامەکەی وەکو نووسەرێ دابڕێژێ. بە جۆرێ وەکو سکرتێرێك لە دەزگای بیمەی رووداوی شوێنی کار دەستی بە ئیش کردو خەریکی لێکۆڵینەوە لە قوربانیانی رووداوی کارخانە بوو. بە کورتی ئەو بۆ خۆی بوو بە بەشێك لە هەزار بە هەزاری دەزگای ئیداریی رۆژانی کۆتایی قەڕاڵی ئوتریش ـ مەجارو ئیدارە گەورەکان. دنیای ئیداری لە ئەرکەکانی رۆژانەی (جۆزێف. ك)، کە دایمە لە بەرهەمەکانی (کافکا)دا دەردەکەوێ، خۆی دەردەخا.

بەم جۆرە ئەگەر بەرهەمەکانی کافکا هەموو کات ئەوی وەکو قوربانییەك نیشان دابێ ئەو قوربانییە ئاگادارەیە کە چاوەدێریی خەڵك دەکا. کافکا وەکو دیکێنز، مۆلویل، گۆگۆل، تۆلستۆی‌و دۆستۆیەڤسکی، کە لە نووسەرەکانی سەدەی نۆزدەن‌و بەرهەمەکانی لەگەڵ ئەوان گرێ دەدرێ، دنیای یاسای دەناسی‌و لە ناخەوە داموددەزگای ئیداریی ئەزموون کردبوو. ئەو کە بەڕێوەبەرو نێوەرۆکی ئەم چوارچێوەیە لە دنیای یاساو زنجیرەی پلەکانی رۆحانی‌و بەڕێوەبردنەکان، وەپشت گوێ خستن‌و شایان نەبوون، ئاگادار بوو هەروەها ئەو ئاکارانە لە بەرهەمەکانیدا رەنگی داوەتەوە. بێجگەلەوە بە باشی لە هەلومەرجی مەترسیداری ئیش‌و ژیانی پرۆلتاریای شاریی ئاگادار بوو. هەڵبەت ئەم ئاگادار بوونە نەتەنیا بە بۆنەی کارکردنی لەو دامەزراوەیە، بەڵکو لە بەر ئەو ئەزموونەیە کە دوانیوەڕۆیان لە کارخانەی باوکی ئیشی دەکرد. ئەم هەموو ماندوو بوونە لەبەر ئەوەیە کە دەرفەتێکی بێ‌و پارەیەکی باش وەچنگ بێنێ تاکوو ببێتە نووسەر. لە هەمان کات دا نووسین دەرباز بوون لەو ئەرکە رۆژانەیە بوو کە ئەوی لە خۆیدا هەڵدەگڵۆفی. لە راستیدا نووسین ناساندنی قینی نێوان خۆی‌و دنیای دەرەوە بوو. بەڵام کافکا هەوڵی دەدا لە دنیای دەرەوەوە بڕوانێتە خۆی. بۆیە بە خوڵقاندنی جیاوازی دەروونی، کەسایەتییەکی بڕ لە تانەی خۆی خوڵقاند. ئەو ئیدی بە تەواوی من نەبوو بەڵکو لە بەرهەمەکانی (کافکا)دا خۆشاربەدەرکردنێکی ئاشکرا لەگەڵ بوونی ئەو وەکو نووسەرێکی ئالمانی زمان لە پراگ، زیاتر خۆی نیشاندەدا. شارێك کە زۆر جاران راستەوخۆ نێوی نابات بەڵکو بە ناخی بەرهەمەکانی دا رۆدەچێ. (پراگ)، کە

جارجارێ نێوی دوبلینی رۆژهەڵاتی لە سەر دادەنرێ، دروستە لە ناوەندی ئەورووپا دایەو یەکێکە لە جوانترینو کۆنەترین شارەکانی ئەورووپای ناڤێنو شاری منارە زێڕینەکان، پێتەختی رووناکبیرانو لە هەمان کاتدا شارستانێکە. مێژووی کولتووری ئەو شارە لە نێوان میراتی ئالمانیو هێرشی سیاسی ئوتریش ـ مەجارو هەروەها لە نێوان رۆحی ئەورووپای رۆژئاواو ناسیونالیزمی (چیك) دابەشکرا بوو. شارێکی سەدەی ناڤێنو ناوەندی گرینگی جوولەکان، کە هێشتا لەوێ رۆحی زێڕینگەرە کۆنەکان، کولتووری گشتی گوندەکانو کورەی ئینسان سووتان هەست پێدەکرا. لەوێدا کولتوورەکان پێدەگەیشتنو بەش دەکران. چوار رەگەز لە پراگ دەژیان، رەگەزی ئالمانی، رەگەزی (چیك)، جوولەکەو ئوتریشی. رێژەی جوولەکە ٢٥٠٠٠ کەس بووو بە سەر ئالمانی زمانو چیك زمانەکاندا بەش دەکرانو ئالمانی زمانەکان بچووکترین کۆمەڵ بوونو (کافکا) یەکێ لەوان بوو.

لە بیرەوەرییەکانی (کافکا)دا سەیر نییە کە یەکەم نووسراوەکانی بە ئەدەبیاتی کەمینەکان تەرخان دەکرێ. دیسان جێی سەرسووڕمان نییە کە نووسەرانێك وەکو (ریلکە)و (فرانز وێرفێل) بەرەو شوێنێکیتر دڕۆنو زیاتر لە هەموو شوێنێك بۆ (بەرلین)و (ڤیەننا)و لە نێوان ئەو دوو شارەشدا (پراگ) دەسەڵاتداری ژیانی رووناکبیری. (کافکا) لە ماوەی شەڕدا نووسی: هەموو کات ئەم ئازارە سەرەکییەم لەگەڵ بوو. چ دەبوو لە ساڵی ١٩١٢ ئەو سەردەمەی، کە هەموو شتێکم بە دەستەوە بوو، بە وریاییەوە، کە هێشتا یەکگرتوویی دەستەمۆبوونی هێزی زیندووەکان ئەویان هەڵنەلووشیبوو، رۆیشتبوایەم! (کافکا) بە شێوەیەکی نائاسایی چوو بۆ بێرلین، ئەو شوێنەی کە پێی خۆش بوو. دواتر چوو بۆ وێن، ئەو شوێنەی کە کەمتر پێی خۆش بوو. بەڵام لە بنەڕت دا وەکو خەڵکی (پراگ) ماوە. ئەو دەنووسێ: (پراگ) ئێزنی رۆیشتنت پێ نادا.. ئەم دایکە بیچکۆلانەیە چنگی خۆی پێوەیە. (پراگ) بوو بە شارێکی خەیاڵی، کە (کافکا) لە هەزاربەهەزاری شەقامەکانی دا هەنگاوی هەڵدێناوە. شارێ، کە کۆشکێکی گەورەی بە سەردا زاڵ بوو. شاری رووبار، شاری دەربەندی گەورە، کەنیسە، دامودەزگای حکوومەتی، بازاڕی ئاژەڵ، کە (کافکا) بە لای دادەڕۆیشتو دەچوو بۆ قوتابخانە. یەکێك لە یەکەم بەرهەمەکانی ئەو گێڕانەوەی شەڕێکە، کە زۆر جێی سەرنجەو باسی ئەم پیاسەکردنە دەکا. ئەو دەپرسێ: تۆ هەوڵ دەدەی، کە پێم وابێ من راستەقینە نیمو لێرە لە سەر پێیانەڕێی سەوزی بێهوودەیی راوەستاوم؟ تۆ، ئاسمان، بەڕاستی ماوەیەکی دوورو درێژە کە هەقیقەت هەیە و لە بارەی تۆوە، رینگ پلاست، تۆ هیچ کات هەقیقەت نەبووەو من تەنیا کەسێکم کە دەترسێ.

نوسراوەکانی (کافکا) ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئاواتەکانی خۆی لە دەرەوەی لارنیتسبێرگ ـ ی پراگ ناساند: من تێگەیشتووم کە گرینگترینو بەتامترین ئاوات بەدەستهێنانی روانگەیە کە لە ژیانو (لە بەرهەمەکانتدا ئەوە بە خەڵك بسەلمێنی، کە ئەم کارە لە گەڵ ئەو ئاواتە گرێدراوە)، کە لە ژیاندا، هێشتا هەڵکشانو داکشانێکی پڕنێوەرۆکی خۆی هەیە، بێجگەلە هیچ شتێکیتر نییە. بێجگەلە خەونێك و گومانێکی رەش و لێڵ چی تر نییە. رەنگە ئاواتێکی جوان دەبوو کە ئەگەر من بە دروستی ئەوم هەڵسەنگاندبوایە. (کافکا) بەم ئاواتە جوانە گەیشت. بەرهەمەکانی ئەو بە پێزەو لە هەمان کات دا خەیاڵاوی، واتە هیچ. نوسراوەکانی ئەو شاهیدێکی ئاشکران لە سەر

پوختەو پاراوییی ژیانی دەرەوەی خۆی و شاربەدەریی دەروونی و جیایی کە ئەو هەستی پێدەکا، هەر بەو شێوەیەی، کە لەم ئاستەدا دادگایی نووسیوە، چارەنووسی من وەکو نووسەرێك چارەنووسێکی زۆر ساکارە. توانای من بۆ وێناکردنی ژیانی دەروونیی من هەموو بابەتەکانی تر وەلا دەنێ. ژیانم بە شێوەیەکی مەرگاوی کەوتۆتە بەر توێژینەوە. بەڵام هیچ کات شتێکی تر رازیم ناکاو ناتوانم متمانە بەو هێزە بکەم، کە بۆ ئەم وێناکردنە کەڵکی لێوەردەگرم. ئەو ژیانە دەروونی و خەیاڵاوییە، ئەو هێزەی کە ناتوانرێ متمانەی پێ بکرێ، هەر ئەوەیە، کە لە پراگی شارستانیدا (کافکا)ی گەنجو نەخۆشی کرد بە نووسەرێکی دیار.

(٣)

هەر بەو شێوەیەی کە دیتمان، شاربەدەریی مەرجی هەمیشەیی بەرهەمی مۆدێرنەو بەشی هەرە گەورەی ئەم سەرهەڵدانە دژی هونەری ئاشناو خۆجێییو بەرتەسکە. بەڵام هیچ نووسەرێکی مۆدێرن بە قەد (کافکا) بەڵالێدراویی خۆی کۆڵ کێش نەکردووەو یان ئەو ئازارەی ئا بەم جۆرە نەکردۆتە دەروونیو ناوەندی بەرهەمەکانی. هەر لە سەرتاوە کافکا دەفتەرێکی بیرەوەری هەبوو کە لەودا زۆر شتی دەنووسی ـ ئەو چیرۆکانەی کە دەیبیست، ئەو درەوشانەوانەی، کە لە ژیانی دا دەیدی، ئەو چیرۆکانەی، کە بۆ خۆی دەینووسین. بێجگە لە هەموو ئەوانە، دەفتەری بیرەوەرییەکانی (کافکا) نیشاندەری هەستی پەشۆکاوی، شاربەدەریی دەروونیو بە خراپ دانانی نێوی خۆی بوو. ئەو دەنووسێ.. ئەگەر من لێوی سەرەوەم گوێچکەم یان قامکێکم نەدەبوو، ئەگەر سەرم پەڵەی کەچەڵی پێوە دەبووو دەموچاوم هەڵماسیبوایە هیچکامیان نەدەگەیشتنە پوختیو پاراویی دەروونی من. ئەمانە بیرەوەری کەسێکی ئاڵۆزە، کە دایمە لە خەیاڵ دایەو ئەزموونە پڕمەترسییەکانی، یاخی بوونو تاوانبارکردنی خۆی وەکو ئوستووریەکی بە هەڕەشەو گوڕەشە لە شەودا دێتە بەر چاوی. لەم جیهانەدا تەنانەت لە خەوهەستان لە سەرەتای خەوتنەوە، وەکو وەخەبەرهاتنی جۆزێف ك لە سەرەتای دەسپێکی (دادگایی)و (گریگۆر سامسا) لە رستەی سەرەتای (دۆخگۆڕان)دا، سامناكو پرترسو خۆفە. چیرۆکەکە ئاوا دەست پێدەکا: یەکشەممە، نۆزدەی ژووئیە، خەوت لێدەکەوێ، وەخەبەر دێی، خەوت لێدەکەوێ، وەخەبەر دێی، ژیانێکی سامناك.

ئەم نووسراوانە بیرەوەری خوێنەرێکی برسییە، زیاتر لە هەموو شتێك برسیی ئەو بەشە لە بەرهەمی بیرمەندانە کە لە بارەی پەشۆکاویی مۆدێرنەوە نووسراوەو (کافکا) بەم چەشنە نزیکایەتی لە گەڵ دەکرد. (کافکا) لە دەسپێکێکی تایبەت دا دەنووسێ: ئێستا شتێکم لە دۆستۆیەڤسکی خوێندەوە کە ناکامییەکەی خۆمی وەبیر هێنامەوە. تەنانەت ئەو کەوانانەی کە بۆ گێڕانەوەی وتەکان دانراون بە شێوەی رووندو ئاشکرا نیشاندەری ئەوەن کە نەتەنیا ناکامی ئاماژە بە هەقیقەتێکی تایبەتی دەکا بەڵکو چاوەدێری قۆناغێکی ئەدەبیشە. دۆستۆیەڤسکی رەنگە وەکو یەکەم نووسەری مۆدێرن سەرچاوەی روونی خەیاڵاتی خۆی بوو. (کافکا)و پاڵەوانەکانی کە کەسایەتی ئەوتۆیان نەبوو، میرات گرانی پیاوی ژێرزەمینی دۆستۆیەڤسکی ـ ن. (کافکا) شانازی بە نووسەرانی مەزنی وەك گۆگۆل، تۆلستۆیو ستریندبێرگ دەکرد. چونکە لەواندا وێنەی مرۆڤێکی بێکەڵکی دۆزییەوە، مرۆڤێکی شەرمەزار بە شاربەدەریی دەروونی کە خوڵقاوی ژیانی کۆمەڵایەتیو هەستکردی

مۆدێرن بوو. ئەو لە فیلەسوفە مۆدێرنەکانی خۆشەویستی خۆی بە تایبەت نیچەو کییرکگۆردا هەستەکانی خۆی دۆزییەوە. هەر بۆیە دوای خوێندنەوەی چەند شتێك لە کییرکگۆر، ئیگزیستانسیالیستی دانمارکی، دەڵێ: بەو جۆرەی کە چاوەڕوانیم دەکرد گرفتی ئەو هەرچەند لە گەڵ من جیاوازی بنەڕەتی هەبوو بەڵام زۆر لە من دەچێ. لانی کەم ئەو لە دنیایەکدا دەژی کە لە دنیای من دەچێ. ئەو وەکو دۆستێکی باش پشتگریم دەکا.

ئەگەرچی ئەم نووسراوانە بیرەوەریی نووسەرێکە، نووسەرێ، کە دەتوانێ بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لە نێو بەندیخانەی دنیای ژیان‌و ئازار چێشتووی خۆی داگیرمان بکا. ئەو نووسەرێکە کە دایمە باسی دڵپیسی‌و خەمناکی‌و خۆتاوانبار کردن‌و هەستی تاوانباری وەکو بارودۆخێکی ئافراندن دەکا. ئەو کاتەی زۆر نائومێدەو بە سەختی هەست بە تاوانباری دەکاو لە نائومێدی دا دەژی نووسین باشترین رێگایە بۆ ئەو. ئەو وەکو نووسەرێکی شەوان باسی خۆی دەکا. کەسێ، کە بەرهەمەکانی لە کاتێدا لە دایك دەبێ، کە ئێمە ناتوانین بە هۆی ترس بخەوین. تامەزرۆییەکی گەورەم بۆ دەرهاویشتنی پەشۆکاویم هەیە. ئەم پەشۆکاوییە لە ناخی بوونمدا تژی بوو. دەمەوێ ئەم پەشۆکاوییە بە ناخی کاغەز داکەم یان بە شێوەیەك بینووسمەوە تا بتوانێ ئەو شتەی لە ناخی منداا هەڵکەندراوە لە سەر کاغەزە بکێشرێتەوە.

بنەماڵە، ئیدارە، دۆست، شەقام، ژن، هەر هەموویان گومانن. دوورو نزیك دەبنەوە. بەڵام ڕوونترین هەقیقەت ئەوەیە کە من سەر لە دیواری بەندیخانەیەك دەکوتم، کە دەرگاو دەلاقەی پێوە نییە.

سەرچاوەی نووسین لە کوێیە؟ کافکا بۆ ماکس بروودی نووسی: نووسین خەڵاتێکی لەبەر دڵان‌و سەرسوڕهێنەرە، بەڵام خەڵاتی چ شتێك؟ دوێ شەو وەڵامێکی ڕوون وەکو وانەی ناوی - بەرکار - بۆ قووتابییان هاتە زەینمەوە. نووسین خەڵاتی خزمەت بە شەیتانە. لە بارەی کافکا ڕاستیان گوتووە، کە هەر شتێکی ئەو دەینووسێ بە تامەزرۆیی کەسێکی ئایینی دەنووسرێ بەڵام ئەو شتەی کە ئەو بەدوای دا دەگەڕا نەبوون بوو. ئەو دەنووسێ: من نوێنەری بەشە نیگاتیڤەکانی سەردەمی خۆمم. ئاگادارین کە بەشەکانی ڕوو بە ئاوابوونی مەسیحی - ش هەر بەو شێوەیەی کە نوێنەری کییەر کگۆرن ڕێنوێنی ئەو ناکەن. یان هەوڵ نادا شاڵی نوێژی جوولەکەکان بە دەست بێنێ. بەم جۆرە بە وتەی خۆی ئەو هەوڵ دەدا تا شاری ئاواتی خۆی بخوڵقێنێ. ئەوە لە حاڵێ دایە کە ئەوە وەبیر دێنێتەوە ئەو شتەی، کە لە ناخی ئێمەدایە بەشە نیگاتیڤەکانەو زۆر دەمێکە کە بەشە ڕاستەکانی بە ئاکام گەیاندووە. بە پێی وتەی بروودو ڕەخنەگران (کافکا) لە بنەڕەت دا نووسەرێکی ئایینی بوو، کە بۆ ئەو شاربەدەریی بە واتای دوورکەوتنە لە دنیای ئاسمانی بوو. زۆر جاران زۆر زیاتر لەو واتایە باسی (کافکا)یان کردووە کە ئەم جۆرە باس کردنە بۆتە ناسێنەری هێزی ئەو وەکو خاوەن خەیاڵێکی مۆدێرن. بەڵام کافکا وەکو زۆربەی نووسەرە مۆدێرنە گەورەکانی جوولەکە بۆ وێنە بابێل، سینگێر، بێلۆڤ، ئاموس ئوز لە تێڕوانینی ئایینی دوور نییەو لە

هەکان کات دا باسی بۆچوونی نەبوونی دەکا. لە هەموو شوێنێك مۆرکی میتافیزیکی لە بەرهەمەکانی دەدەن هەرچەند دنیای ئاسمانی بە شێوەیەکی سامناك دەست پێ رانەگەیشتووە وەکو دادگایەکی دوور، باوکێکی وەن یان خۆبوێر و یان ئیزێکی دوورو دەسەڵاتدار.

بەڵام بەم جۆرە دنیا نائاسایی‌و دابڕاو لە ژیانەو لە پڕدا نامۆ دەبێ. دنیایەك کە فەزای جێ‌متمانەی ئاشنا دەکاتە گۆرستانێکی رووتی ژێرزەمینی - ئەو شتەی لە چیرۆکی دۆخگۆڕان دا نێوێکی شایانی هەیە، روو دەدا. کورتە چیرۆکەکانی (کافکا) لە جوانترین چیرۆکەکانی سەدەن‌و هەرکامیان بە لەونێك ئەم هەستی نامۆیی‌و بێگانە بوونە، لە خۆیاندا نیشان دەدەن. لە دۆخگۆڕان دا پیاوێك وەخەبەر دێ تا بزانێ بۆتە قالۆنچەیەکی گەورەو دەبێ لە چنگی رزگار بن. لە چیرۆکی یاسای سزادان (٧) دا ئەفسەرێ ماشێنێکی سامناك دەخاتە بەر چاو کە لە سەر جەستەی هەر بەندییەك بە شێوەیەکی ژاناوی تاوانەکەی دەنووسێ‌و دواتر ئەو بەندییە دەبێتە قوربانی ماشێنەکە. قەشمەرێ لە کۆبوونەوەی ئاکادیمیدا چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە هونەرمەندێکی برسی تاقەت هێنان لە رۆڵی برسیدا ناوبانگی دەرکردووە دەڵێ، کە لە خواردن بێزارەو دژایەتی لەگەڵ دەکا. لێرەدا ئەوەی راست بێ برسێتییەو ناڕاست خواردنێکە کە ناوەناوە لە شانۆدا بۆ زیندوومان دەیدەنێ.

لە رۆمانەکانی ئەودا کەسێك دەچێتە ئەمریکای خەیاڵی کە کافکا هیچ کات نەیدیتبوو (رۆمانی ئەمریکا)، کەسێکی دیکە هەوڵ دەدا تا لە دەسەڵاتی سەیری کۆشکێك بکا، کە بڕیارە ببێتە دەسەڵاتداری ژیانی ئەو (رۆمانی کۆشك). (جۆزێف. ك) لە دادگایی دا دەکەوێتە ژێر دەستی دەزگای قانوونیی کە لێی تێ‌ناگا، بەڵام لە ئاکام دا راستییەکەی پێ دەسەلمێندرێ.

(کافکا) هەر لە پێشترەوە خۆی بۆ نووسەر بوون ئامادە دەکردو نووسراوەکانی لە گۆڤارەکان دا بڵاودەبۆوە. ئەو دایمە داکۆکی لە سەر ئەوە دەکرد، کە نووسراوەکانی بێ‌بایەخن. تا ساڵی ١٩١٣ هیچ کام لە کتێبەکانی بڵاونەکرابوونەوە، لە ساڵی ١٩١٣ کتێبی ئەندێشەکانی بڵاو کردەوە کە لە بنەڕەتدا کۆی بیرەوەرییەکانی لە ٩٩ لاپەڕەی گەورەدا بوو. لەو قۆناغەدا دەتگووت هێزی ئافراندنی بە رەهابوونێکی نوێ گەیشتووە، هۆکاری ئەمەش رەنگە هۆی عاتیفی بێ. چونکە لە ساڵی ١٩١٢دا لە ماڵی (ماکس بروود)دا چاوی بە فلیسە بایێر کەوت، کچێکی گەنجی (بەرلینی)، کە (کافکا) بەشێ لە ئاڵۆزترین هەست‌و جێ‌سەرنج ترین نامەکانی خۆی بۆ ئەو دەنووسی. لە ساڵی ١٩١٣ ئەو کاتەی کە ئەم پەیوەندییە لەوپەڕی خۆی دابوو (کافکا) (دۆخگۆڕان)و بەشێ لە رۆمانی ئەمریکای نووسی. تەنانەت نووسراوەکانی ئەو لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا لە هێزو بوێرییەکی تازەو ئافرێنەرانەوە سەرچاوە دەگرێ. بێ‌گومان ئەم نزیکایەتییە لە سەر ئافراندنی (دادگایی)دا کاریگەریی بوو.

لە راستیدا ئەو نامانەی، کە بۆ (فلیسە) نووسراون پڕن لە تاوانبارکردنی خۆی، کە زۆر تایبەتن. ئەم نامانە نووسراوەی رۆژانەن لە بیانوو، دڵەڕاوکێی جەستەیی‌و دانپێدانانی جییدیە بە لاوازیی جنسی‌و ئەم راستییە ئاشکرا دەکا، کە هەستی قووڵی لە بەرامبەر مرۆڤەکان ئاوێتەی ترس‌و بێ سەرنجییە. هەر لە سەرەتاوە بەوە دەزانین، کە ئەم پەیوەندییە دەبێتە هۆی لەناوچوونی خۆی‌و هەر بەو

چەشنەی، کە (کافکا) بە پەشۆکاوی لەگەڵ بەشە ئاشناکانی ژیان رووبەڕوو دەبێتەوە. لەوانە ئەشق، نیشانەکردن، ژنگواستنەوە، بوون بە باوك و بەشکردنی ژوورەکانی ماڵێ لەگەڵ ئەوانیتر. کاتێ پێشنیاری ژیانی هاوبەش بە (فلیسە) دەکا چەند هۆ دێنێتە گۆڕێ کە بۆچی دەیەوێ ژن بێنێ یان بۆچی دژی ئەم کارەیە بەڵام ئەم هۆیانە دژ بە یەکن، نەتوانین لە بە تەنیا ژیان یەکێ لەو هۆیانە بوو کە دەبوایە ژنی هێنابوایە. من دەبێ تاڕادەیەکی زۆر بە تەنیا بم، گشت بەرهەمەکانم هی تەنیاییەو ئەم وتەیە یەکێك لەو هۆیانەیە کە بۆتە کۆسپ لە سەر ڕێگای ژن هێنانی. نیشانە کردنی (فلیسە) ناکۆکی کافکای لە گەڵ باوکی زیندوو کردەوە. سەرجەم بیرۆکەی ژنهێنان، بنەماڵەو منداڵ بوو بە هەڕەشەیەکی هەمیشەیی بۆ نووسەر بوونی ئەوو پەیامی ئەو نیشاندانێکی بێ کۆتاییەو لە ڕێی تەنیاییەوە دەست پێی رادەگا.

لە تەواوی بەرهەمەکانی (کافکا)دا ئەشقێکی بەهێز هاوڕێ لە گەڵ تاوانێکی هەوەساوی ئازاردەر بەرچاو دەکەوێ. لە (دادگایی)دا (جۆزێف. ك) هیواداڕە کە ببێتە ژنێکی دڵسۆز بۆ ئەو. بەڵام دەڵێی ئەو کارە هەوەسییەی کە بێترس ئەنجامی دەدا بەشێکە لە تاوانو هۆی لەناوچوونی خودی خۆی. (کافکا) جاروبار لە گەڵ ژنە هەرزەکان دەستی تێکەڵ دەکردو تەنانەت باس لە کوڕێکی زۆڵ دەکرا. وادیار بوو، کە ئەو نزیکایەتی لەگەڵ هەمووی ئەو ژنانە دەکرد، کە پێیان خۆش بوو و ئەم خاڵە لە بارەی دۆستو هاوڕێی فلیسەشەوە هەر وایە. (کافکا) هەمیشە وەك بۆ (فلیسە) نامەی بۆ کچێك بە نێوی گێرتە بلووش دەنووسیو هەوەسی خۆی وەها بەو نیشاندەدا، کە دواتر ڕووندەبێتەوە گێرتە بۆ (کافکا) سەرنجراکێشتر بوو. ئەم کارە بوو بە هەڵاییسانی کێشەیەکی گەورە لە نێوان نزیکایەتییەکان. (کافکا) چوو بۆ (بەرلین) تا چاوی بە فلیسە بکەوێو بۆ ماوەی چەند حەوتوو نیشانەی کرد. دواتر دوای ئەوە، کە گێرتە نێوەرۆکی بەشێ لەو نامانە ئاشکراکرد، کە بۆی نووسرابوو دەزگیرانیی فلیسە لە فەزایەکی تەنزاوی بۆ (کافکا)و لە دادگایەکی بنەماڵەیی لە هۆتێلێکی شاری (بەرلین)دا هەڵوەشاوە. (کافکا) لەم دادگایەدا بێدەنگ بوو بەڵام پەیوەندییەکەیان هەر بەردەوام بووو بۆ جارێکیتر (فلیسە) بوو بە دەزگیرانی.

ئەم پەیوەندییە یەکێ لە ڕووداوە گرینگەکانی هاوینی ١٩١٤ بوو. ڕووداوەکەی تریش دەسپێکی شەڕ بوو. دووەمی ئووت، ئاڵمان بە دژی ڕووسیە شەڕی هەڵگیرساندەوە ـ مەلێ لە نیوەڕۆدا. (کافکا) لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاوا دەنووسێو دوای ماوەیەکیتر من لە بەرامبەر ئەو کەسانەی شەڕ دەکەن یان ئەو کەسانەی کە شێتانە ئاواتێکی شەیتانییان بۆ دەخوازم هیچ هەشتێکم نییە بێجگەلە هەستی سووك کردن، دوو دڵی، ڕقو نەفرەت. ڕاپەڕینی وڵات خۆشەویستی یش هەیە. لێرەکانە من بە نیگای شەڕخوازانەی خۆم ڕاوەستاوم، لە هەمان کاتیشدا باسی چارەنووسی خۆی وەکو نووسەرێك دەکا. هەستێك بۆ کێشانەوەی ئەو ژیانە دەروونییەی، کە لە خەیاڵ دەچێ، هەڵبەت ئەگەرچی ژیانی شێوا بوو. هەر لە مانگی ئووت دابوو، کە بە هەڵوەشاندنەوەی دەزگیرانێتی (فلیسە)و ڕاگەیاندنی شەڕ دەستی بە نووسینی دادگایی کرد. گومان لەوەدا نییە، کە لەو ساڵەدا دوو ڕووداوی گرینگ لە ژیانی (کافکا)دا بووە. هۆی کاریگەرییەکی بەرفرە بۆ بەدیهێنانی ئەم کتێبە، یەکیان تایبەت بە خۆی بوو واتە هەڵوەشاندنەوەی نیشانە کردنو

هەوڵدان بۆ چوونە ناو جیهان، ئەوی دیکەیان دەسپێکی شەڕ، کە مێژوویی بوو، بە چەشنێ، کە ئەم دوو رووداوە لە خەیاڵیدا ئاوێتەی یەکتری ببوون. لە سیپتەمبری ١٩١٤دا دەنووسێ: وام دەزانی بۆ جارێکی تر تەنیا دوو لاپەڕە، خەمو خەفەتی من بۆ شکستی ئوتریشییەکانو نیگەرانی من بۆ داهاتوو.. نووسینم دەوەستێنێ. بەڵام وای لێنەهات. ئەمە تەنیا چەشنێ بێسەرنجییە، کە دایمە دەگەڕێتەوە دەبێ دیسان بۆ هەمیشە وەلابنرێ. کاتێ نانووسم دەرفەتێکی باشم بۆ خەم خواردن هەیە. شەڕ، بیرۆکەگەلێك لەمن دا دەوروووژێنێ کە لە نیگەرانییەکانی کۆنی من لەگەڵ (فلیسە بیێر) دەچێ.

ئەم دوو نسێیە، کە بە مانای ئاشکرای جیا بوونەوەو شکستە لە دادگاکانی دنیا، لە سەر شانی کتێبەکەم قورسایی دەکەن. لە راستی دا ئیلیاس کانێتی لە ماناکردنەوەیەکی سەیرو پڕ هەراوهوریا لە بارەی دادگاییدا دەڵێ، کە بەسەرهاتی (فلیسە) نێوەرۆکی سەرەکی کتێبەکەیە، نیشانەکردن هەمان بەدیل گیرانی سەرەتای کتێبەکەیەو دادگا وەکو بەڕێوەبەری حوکم لە کۆتایی رۆمانەکە دێتە بەر چاو. کانێتی زۆر شتی وردو شاراوەی ئەم نیشانەکردنە ناموبارەکە بە رووداوەکانی کتێبەکە پەیوەند دەداتەوەو بە شێ لەو پەیوەندییە بە جێیە. (کافکا) ئاوا باسی دادگای بەناوبانگ دەکا: ئەگەر لە قوژبنێ منیان بە زنجیرێ دەبەستەوەو ئەگەر پۆلیسیان لە بەرامبەرم دادەناو دەیانهێشت بە ئاسانی چاویان لێ بکەم لەوە خراپتر نەدەبووو ئەمەش بۆ من هەمان نیشانە کردن بوو. (کافکا) بۆ خۆی لە سەر ئەم باوەڕەیە کە ئازارو ژانی ئەو ساڵە یارمەتی خولقاندنی کتێبەکەی دەرکرد. بەڵام هیچ کام لەو خاڵانە ناتوانن ئەوپەڕی هێزی رۆمانەکە شی بکەنەوەو باسی ئەو شێوەیە بکەن، کە چۆن شکستە تایبەتییەکان، خەمو هەست بە تاوانی جنسی دەبێتە کتێبو خەیاڵی رەمزاویو خوازەیەی مەزن.

(٤)

نامۆیی لە (دادگایی)دا ئەو راستییەیە، کە زۆر جار لە بیرمان نابێ رووداوەکانی رۆمانەکە تا چەندە سەرسوورهێنەرن. (جۆزێف. ك) ئاگادار دەکەن، کە بەدیل دەگیرێ. بەڵام ئەو ئەرکی خۆی لە بانك دا تەواو دەکاو دواتر دەگەڕێتەوە ئاپارتمانەکەی. وادیارە هەموو شتێ ئاسایی بۆتەوە، بەڵام (جۆزێف. ك) بەدوای کرێنشینەکەی خۆی فرائولین بورستنێر تاکوو ژوورەکەی دەچێ، هەر ئەو شوێنەی کە پۆلیس قسەی لە گەڵ کردووەو لە راستیدادیوەکە پیس بووە. ئەو هەوڵ دەدا لە گەڵ کچەکە ئەشقێنی بکا دواتر لە پڕدا خەوی لێدەکەوێ بەڵام لە پێش خەوتندا بۆ ماوەیەك بیر لە ئاکاری خۆی دەکاتەوە. لێی رازییە بەڵام پێی سەیرە کە بۆچی لەوە رازیتر نییە. دوای ئەوە ئاگاداری دەکەنەوە، لەبەر تاوانەکەی لێپرسینەوەی لێدەکەن، لێپرسینەوە لە رۆژانی یەك شەممەیە تا کۆسپ نەخاتە سەر کاری رۆژانەی. ئەو ژووری دادگایی کردنەکەی کە لە ماڵێکی گەورە لە شەقامێك دایە نادۆزێتەوە. وتەی یەکێك لە پارێزەران وەبیر دێنێتەوە کە پەیوەندییەك لە نێوان تاوانو یاسادا هەیە. لە راستیدابە هۆی ئەم پەیوەندییە ژووری دادگایی کردنەکەی دەدۆزێتەوەو دەبێ لە سەر پلیکانی تاییەت بێ، کە (ك) هەڵیبژارد.

ئەو خانووە شوێنی دانیشتنی منداڵو نەخۆشە. ئەو شوێنەی کە لەوێ لە ژنێکی جل شۆر لە بارەی راسپێردراوێك بە نێوی لانس دەپرسێ. ژنەکە بەرەو دیوی دادگاییکردن، کە زۆر

قەرەبالّغە رێنوێنی دەکاو دەرکەی لە سەر دادەخا. (ك) لە بەرامبەر دیوی قەرەبالّغدا بەرگری لە خۆی دەکا. ئەو دەڵێ دەبێ کاتێ دادگاییەکە بەڕێوە بچێ، کە ئەو بە دادگایی، کە بزانێ. (ك) لە هەڵچوونو گرژبوونی خۆی چێژ وەردەگرێو لەوە دەدوێ، کە بە تەواوی لە رووداوەکە دوور بووە. لە راستیدا ئەو هەوڵ دەدا ببێتە پاڵەوانی ئەو کەسانەی تاوانبارن. ئەو بە ئاشکرایی دەڵێ کە ئەم کارە دامودەزگایەکی گەورەی لە پشتە. ئەو گاڵتە بە کرێکاری گەندەڵو دادوەرو تەنانەت بەرپرلسانی سەرەوەی دادگاش دەکا. ئەرکی ئەم دامودەزگایە ئەوەیە، کە بێ تاوان تاوانبار بکرێو وتووێژی بێ ماناو زۆر جار بێکەڵکو دژیان لە گەڵ بکرێ. ئەمەش وەکو گرفتەکەی من راستییەکی حاشاهەڵنەگرە. لە راستیدا زۆر جار وێدەچێ کە ئەو تاقمە بەرپرسانی دادگا بن. هەرچەند بۆ جارێکیتر (ك) بانگ ناکرێ بۆ دادگا. بەڵام (ك) یەکشەمەی داهاتوو دێتەوەو پێ دەزانێ، کە دادگاییەك لە گۆڕێدا نییە. ژنە جل شۆرەکە، کە لە لایەن دادگاوە نێردراوە خۆی نیشان دەدا. ئێستا (ك) وا دەزانێ، کە رەنگە بتوانێ ژنەکە فریو بداو لە دادگای دووربخاتەوە. بەڵام قوتابییەکی پێ پان تا دیوی دادوەر بەدوای ژنەکە دەکەوێ. ژووڕەکانی پێ نیشاندەدا، سەری لە گێژەوە دێ. تێدەگا، کە زۆربەی پیاوان پێیان وایە، کە تاوانێ دژ بە ژنان هەیە. ئێستا ئەو وردە وردە تێدەگا، کە ئەویش تێکەڵ بە دنیای تاوانباران بووە.

بەشێك لە دادگاو دادگایی ئەو. وا دیارە پەیوەندییەکی لەگەڵ خانمی بورستنێرو هەروەها ژیانی نێو بانك کەوتبێتە ژێر کاریگەریی. شەوێکیان دەنگی شیوەنو هاوار لە پشت دەرگەیەکەوە دەبیستێ پێی وابوو ئەو جێیە عەمبارە. دوو پۆلیس ئەویان بە دیل گرتبوو بەڵام پیاوێکیتر قەمچی لێدەدا. شەوی دواتریش هەر ئاوا بوو، ئەو فەرمان دەدا کە دەرکەی عەمبار بکەنەوە. ئاشکرا دەبێ ئەو چاوەڕوان نییە کارمەندانی بانك دوو پۆلیسو شکەنجەگرەکەیان بناسن. دەڵێی لە خەیاڵێ دایەو جارجارێ لە راستی دوور دەکەوێتەوە. بەم حاڵەش شێوەکانی خەون. راستیی جار لەگەڵ جار بەرفرە دەبنەوەو مەودای نێوان ئاشناو نامۆ کەمتر دەبێتەوە. ئەم خاڵە بەشێکە لە تایبەتمەندییەکانی سەرسوورهێنەری دادگاییو بەرهەمەکانی دیکەی (کافکا)، کە ئێمە بەرەو دنیایەکی تر رێنوێنی دەکاو ناتوانین راستەوخۆ لە نێوان ئەو راستییەی، کە دەیبینینو ئیختیاردا جیاوازییەك دابنێین. هەروەها لە نێوان بیری زەینی پاڵەوان یان نووسەرەکەی کە دەڵێ دنیایەکی سامناکم لە زەین دایە.

بەشی دووەمی دادگایی لە بنەڕەتدا رووبەڕوو بوونەوەی (ك) لەگەڵ چەند کەسایەتییەکە دەڵێی دنیای دادگاکان بە باشی دەناسن و دەتوانن کاروبارەکانی بۆ ئەو شی بکەنەوە. ئێستا ك بە دژی دادگایی کردنی خۆی لە دنیای ئاڵۆزو مۆدێرنی تاوانی گەورەو سزادا رادەوەستێ. (ك) دەبەنە لای پارێزەرێکی پیرو پەککەوتە، بە شێوەیەکی نامۆ شتێ لە بارەی تاوانەکەی دەزانێو پێی دەڵێن، کە خەرجی دادگایی بۆ تاوانبارو پارێزەرەکەی قورسەو ئەوان ناتوانن بیدەن. (ك) ئەوکاتەی دەست بە گۆنای لێنیدا (پەرستاری بێشەرمی پارێزەر) دێنێ، خۆی ریسوا دەکاو پێی دەڵێن، کە زۆربەی

تاوانبارەکان لە باری جنسییەوە سەرنج راکێشن: ئەمەی، کە پێش هاتووە شیاوی سەرنجەو یاسایەکی سرووشتییە. لێرەدا نە هەست بە تاوان دەکرێ و نە سزایەك لە گۆڕێ دایە. چونکە هەموویان تاوانبار نین و هەموویان سزا نادرێن. لێرەکانە تەنیا تاوانێك دەخرێتە ئەستۆی ئەوان، تا بە شێوەیەك سەرنج راکێشی ئەوان نیشان بدرێ. ك لە لێنی نزیك دەبێتەوە پێی دەڵێ کە دەبێ تاوانەکەی خۆی وەئەستۆ بگرێ. ئەو بیر دەکاتەوە، دەڵێی من ژنەکان وەکو ئەو کەسانەی کە یاریدەم دەدەن لە خزمەتی خۆمیان دادەنێم. هەر بەو شێوەیەی، کە (ك) خۆی لە نێو دنیای ئاڵۆزی هەوەس و یاساو ئایینداد دەبینێتەوە، لەم دیمەنەدا پەشۆکاویی جنسی رۆمانەکە دەچێتە ئەو پەڕی خۆیو لە حاڵێدا، کە (ك) (لێنی) ماچ دەکا دیمەنێکی دادوەر دێتە بەرچاو و بەم شێوەیە لێنی بە جێی دۆستەکەی پێشووی خۆی دادەنێ کە کەمتر رەمزاوییە. لێنی دەڵێ ئێستاکە تۆ هی منی هەر دەڵێی بەم وتەیە لە سەر چۆنییەتی جنسی تاوانی ئەو داکۆکی دەکا.

بێجگەلەوە، (ك) بە دوای وێنەکێشێ بە نێوی (تیتۆرێللی)دا دەگەڕێ، کە وێنەی دادوەرەکانی دادگا دەکێشێتەوە. لێرەدا بۆ جارێکیتر نەڕەوگۆڕەی هەوەساوی دێتە گوێ، چونکە (ك) دەبێ بە پلیکانی خانوویەکی پیسدا سەر بکەوێ، کە چەند کێژێکی مێرمنداڵ گەمارۆیان داوە. ئەوان منداڵن بەڵام هەوەس دەوروژێنن تا ژوورەکە وەدوای دەکەون. تیتۆرێللی پێی دەڵێ، کە ئەو کچانەش تاییەت بە دادگان. نیگەرانیی عەداڵەتو یاسا لە هەمووشوێنێو تەنانەت لە وێنەکانی (تیتۆرێللی)شدا هەیە. تیتۆرێللی وتەی ك بۆ بێتاوانییەکەی بە راست دەزانێ و پێی دەڵێ کە لەوێ رزگاری دەکاو لێی دەپرسێ، کە چ جۆرە پاکانەیەکی دەوێ، پاکانەی هەمیشەیی، پاکانەی رواڵەتی، پاکانەی دەستنیشان نەکراو، بەڵام کەسێك لە بارەی پاکانەی هەمیشەیی هیچی نەبیستووە. پاکانەی رواڵەتی واتە ئەوەی کە مرۆڤ بە شێوەیەکی رواڵەتی ئازاد دەبێ و وادیارە کە بۆ جارێکی دیکە بەدیل دەگیرێ. لابردنی تاوان واتە ئیزن نەدەین دادگایی کردن هەر لە سەرەتادا کۆتایی پێ بێ. هەر دووك رێگا، کە شێوەگەلێکی سادەو ساکارن بۆ وەدواخستنی دادگایی. ئەو کاتەی ك دەڵێ ئەم دوو رێیە کۆسپێکن بۆ پاکانەیەکی راست، (تیتۆرێللی) دەڵێ، کە (ك) بە تەواوی لە باسەکە حاڵی بووە. لە حاڵێدا، کە ئەو ستۆدیۆ بەجێ دێڵێ، (ك) بۆ جارێکی تر خۆی لە ئیدارەکانی دادگای یاساییدا دەبینێتەوە، چونکە هەر شتێ لایەنێکی دیکەیە لە دادگا.

هەر بەو جۆرەی کە ك دەرك بە دیمەنە بەرچاوەکانی کتێبەکە دەکا، نە تەنیا لە جیهان بەڵکو لە دنیای ئاییندا راستە. داوای لێدەکەن تا بچێتە کەنیسە. ئەم کارەش دەبێ بە ئاشکرا بێ. پێش ئەوەی بچێت لێنی تەلەیفۆنی بۆ دەکاو دەڵێ ئەوان زۆر خراپ هەڵتدەسووڕێنن. ئەو لە کەنیسەی گەورەدا کتێبی گەشتیاریی بەدەستەوەیەو سەرگەردانە. کاتێ دەیەوێ لە کەنیسە بێتە دەرێ قەشەیەك بە نێو هەرای لێدەکا. ئەو بە ئارامی نزیکدەبێتەوەو بە (ك) دەڵێ کە ئەو قەشەی زیندانەو لە تاوانەکەی ك ئاگاداڕە. کار لەوە خراپتر دەبێ، تۆ لە رادەبەدەر بەدوای یارمەتییەکەوەی کە لە دەرەوە پێت بکرێ، بە تایبەتی یارمەتی ژنان. دوای ئەوەی (ك) داوا لە قەشە دەکا تا لە میحراب بێتە خوارێ قشە شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە ـ کاتی کلیلی لە رۆمانەکەدا. لە راستیدا (کافکا) ئەم چیرۆکەی بە جیا هەڵبژاردو نێوی لە بەرامبەر یاسای لە سەر داناو لە سالّی ١٩١٦دا چاپی کرد. بێگومان ئەم چیرۆکە ناوەندی

ئوستووڕەی کتێبەکەیەو بۆ (جۆزێف. ك)و خوێنەر نزیکترین ڕێگای دۆزینەوەیە. چیرۆکەکە چۆنییەتی داخراویی یاسایەك کە دەسەڵاتی بەسەرمانەوەیەو هەروەها واتایەکی بێڕەخنەمان نیشاندەدا. هەر ئەم چیرۆکە تایبەتە بە سوننەتی ئوستووڕەیی جوولەکانو دەتوانرێ لە ڕووی واتای قوربانی کردنی ژیانەوە لە گەڵ کتێبی ئەیوب هەڵسەنگێندرێ.

چیرۆکەکەی قەشە باسی کەسێ دەکا کە لە پشت دەرکەی یاسادا چاوەڕوانە. بەڵام دەرکەوان ئیزنی پێنادا بچێتە ژوورەوە. ئەو تەواوی تەمەنی چاوەڕوان دەمێنێتەوەو لە کۆتاییدا لە پاڕێزەرەکە دەپرسێ ئەگەر هەموو مرۆڤەکان بە دوای یاسادا دەگەڕێن بۆچی هیچ کەسێکی دیکە بێجگەلە ئەو بۆ ئیزن وەرگرتنی هاتوچۆو چوونە ژووڕێ ڕوو لێرە ناکا. دەرکەوان دەڵێ کە ئەم دەرکەیە تەنیا تەنیا بۆ ئەوە. ئێستا ئەو دەرکاکە پێوە دەدا. (ك) ڕەخنەی هەیە کە دەرکەوان پیاوەکەی فریو داوە. قەشە بە کەڵك وەرگرتن لە گاڵتەیەك لە ڕاڤەیەکی ئایینی، بە چەند شێوە چیرۆکەکە ڕاڤە دەکا. چیرۆکەکە ئەوەمان پێدەڵێ، کە تێگەیینی دڕووست لە حاڵەتێ لە گەڵ خراپ حاڵیبوون لە هەمان حاڵەت هیچ دژایەتییەکیان پێکەوە نییە. چیرۆکەکە ئاماژە دەکا، کە پیاوەکە بۆ هەر جێیەکی بییەوێ دەتوانێ بڕواو تەنیا دەرکەی یاسای لە سەر داخراوە. چیرۆکەکە ئاماژە دەکا، کە دەرکە داخستن ئەرکی دەرکەوان نییە یان ئەوەی، کە دەیەوێ پیاوەکە لە دواین کاتەکانی ژیانیدا ناهومێدی بکاو لە ڕاستیدا ڕەنگە دەرکەوان نەتوانێ دەرکاکە دابخا. پێویست نییە، کە پیاوی چاوەڕوان ڕاستیی وتەکانی دەرکەوان قبوڵ بکا: پێویست نییە، کە شتێ وەکو ڕاستییەك وەربگیرێ، مرۆڤ دەبێ تەنیا ئەو شتە وەکو پێویستیەك وەربگرێ. ئەم وێنەیە وێنەی توێژینەوەی ژیان بۆ دۆزینەوەی واتاو وێنەی چیرۆکی کیەو هەر چەشنە دەربازبوونێ لە تاوان یان هەرچەشنە پاکانەیەك ڕەددەکاتەوە. هەر بەو شێوەیەی کە قەشە دەڵێ ئەویش خزمەتکاری دادگایە، چونکە ئایینو یاسا ئاوێتەی یەکتری بوون. دادگایەکی، کە ئەو نوێنەرایەتی دەکا لە کاتی هاتنت قبوڵت دەکاو تەنیا ئەو کاتەی، کە دەڕۆی بەرت دەدا. ناتوانی ڕەخنەی تێدا بکەیو وەکو بوون هەمیشە هەیە، واتاکەی دەگۆڕدرێو وەکو چیرۆکی (کافکا) چەند ڕەهەندییە.

(٥)

ئێستا چاوەڕوانیی درێژخایەنی (جۆزێف. ك) لە بەرامبەر یاسادا دەبێتە تەواو بوونێکی زۆرەملی. شەوێك بەر لە سیو یەکەمین ساڵی لە دایکبوونیدا دوو پیاو دێنە بەر دەکاکەی. ئەو چاوەڕوانە. دەڵێی چاوەڕوانی هاتنی میوانە. کەس لە پەنجەرەی ماڵەکانەوە نایڕوانێ. خانمی بۆرستنێر دێو ڕێی پێ نیشان دەدا. ئەو هەوڵ دەدا ئەمەی لە زەین دابێ کە دەبێ بیرو هۆشی خۆی ئارامو تا دواین کات بە جیاوازی دابنێ. ك ئەوەی وەبیر دێنێتەوە، کە ئایا دوای ڕۆیشتنم خەڵکی باسی من دەکەن، ئاوا باسم دەکەن، کە دەمەویست لە سەرەتای بەسەرهاتەکەوە تەواوی بکەمو لە کاتی تەواو کردنیدا دەمەویست بۆ جارێکی دیکە بەسەرهاتەکەدەست پێ بکەمەوە. (ك) بە شەقام گەلێك دادەبەن کە پڕن لەو پۆلیسانەی بۆ کێشە هاتوون. بەرەو شوێنێکی دەبەن کە دوو پیاوی لێیەو ڕواڵەتیان ئەکتەرە پەککەوتەکان دەچێ. جلوبەرگی لەبەر دادەکەنن‌و (ك) قەدیان دەکا، وادیارە بڕیارە بۆ جارێکی دیکە لە بەریان بکاتەوە دەەستبەجێ نا بەڵام ڕەنگە لەبەریان بکاتەوە. ئەوان چەقۆیەك بە گیانی دا دەخشێنن‌و (ك) دەزانێ، کە بڕیارە بۆ خۆی چەقۆکەیان

لێوەر بگرێو لە سینگی خۆی بدا. ئەو نەیدەتوانی وەکو ئەو بارودۆخەی کە تێیدایە تەواو هەڵسوکەوت بکا، نەیدەتوانی پۆلیسەکان لە ئەرکەکانیان دوور بخاتەوە. بەرپرسایەتی ئەم دواییە شکستە بە ئەستۆی ئەوە، شکستێك کە بڕستی پێویستی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکەی لێدەبڕێ.

ئەو ماڵەکان دەبینێو ئەو خەڵکانەی کە لە کەنار دەلاقەی ماڵەکانیانەوە راوەستاونو دەستیان درێژکردووە. پێی سەیرە، کە قازی دیار نییە. ئەو قەت قازی نەدی. ئەو دەستی کردبۆوە، ئەو کارەی کەلێنی لە گەڵ دەستی کردبووی، ئەو لە سەگێك دەچوو. ئەو کاتەی ئەو پیاوانە خەنجەر لە سەر دڵی ئەو دەدەن، ئەمە دەڵێ: وادیارە مەبەستی شەرمێك بوو، کە لە دوای ئەوەوە بەجێ دەمێنێ.

دادگایی ئەو وێنەیەیە، کە هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕییەکی بە سەردا نایەو لەودا ئەشق، هونەرو ئایین لە بەرامبەر هێزو توانای مەرگـو یاسادا راوەستاون. کتێبەکە وەکو وێنەیەکی رەشی یاسا کە قەشە هەوڵ دەدا بۆ جۆزێف کیی روون بکاتەوە، دەروەستی راڤەگەلێکە، چونکە بەشێك لە بەشێکیتر گوماناوی‌تر دەنوێنێ. ئێمە دەبینین لە توێژینەوەی (ك)دا جۆرێ کۆمیدیای سەرسام شاردراوەتەوە. لە کتێبەکەدا تامەزرۆییەك بۆ مرۆڤ خوازی، بیرو هۆش‌و تێگەیینێکی تاقەت پڕوکێن لە کاری بێهوودەی ئەو لە بەرامبەر هێزگەلێ، کە بە سەر ژیاندا زاڵن، لە ئارادایە. (جۆزێف. ك) لە کاتی گفتگۆ لە گەڵ قەشەدا خۆی لە بەدواداچوونی مەبەستەکانی چیرۆکەکە ماندوو دەبینێ، ئەو بیرو ئەندێشانەی، کە هەڵگری ئەو بوون، نامۆ بوون‌و لە گەڵ شت گەلێك هەڵسووکەوتیان دەکرد، کە هەست پێنەدەکران. بەڵام بۆ باس لە نێوان نێردراوانی دادگا باشتر بوو تا بۆ خودی ئەو. چیرۆکی سادەو ساکار مەبەستی رووتی خۆی ون کردبوو... .

دادگایی لە سوننەتی نووسینی ئەوپەڕخوازیدا چیرۆکێکی سادە دەخولقێنێو لە هەمان کاتدا کەرەسەو پێداویستییەکی بێ پایان بۆ راڤەیەکی جادوویی پێك دێنێ. بۆ ئێمە، کە بیرەوەرییەکانی دادگا لە ماوەی وەرزەکانی نووسینی کتێبەکە دەخوێنینەوە، دژوار نییە، کە بزانین چۆن چیرۆکەکە لە گەڵ ناکۆکیی زەینی خۆی پەیوەند دەدرێ. ئەو زەینەی کە لە گەڵ واتاگەلێك وەکو تاوان، خەونی رەش، دووبارە خوێندنەوەی ئینجیل لە گەڵ دادوەرە ناعادڵەکان بەکێشە دێو هەروەها لە گەڵ خەیاڵاتی نامۆو دەستەمۆنەکراو (باشترین شوێن بۆ خەنجەر لێدان، نێوان گەروو چەنەیە) بەشەڕ دێ. لە هەمان کاتدا زەینی ئەو کە بۆ زانیاری‌و ئیختیار بە دنیای مەزنتری خەیاڵیی ئوستووریەك دەگاو دادگایی بەرهەمی ئەم دنیایەیە.

وا دەزانرێ، کە (کافکا) یەکێ لەو نووسەرە مۆدێرنانەیە کە لە چاو کەسانی‌تر کەمتر تووشی گرفتمان دەکا. بەرهەمەکانی ئەو کناییین بەڵام دەبێ بگوترێ کە وەکو کۆنراد یان مان تەنزی ژیرانەی نییە. ئەو خاوەنی فۆرمی ئاڵۆز و ئیختیاری جۆیس یان پرۆست نییە. وەکو کێوی جادوو چەند باسی ناهێنێتە گۆڕێ یان وەکو پرۆست بە هەوڵدانی ئاڵۆزی ئیختیار ناگا. هیچ شتێ بێجگەلە بوون، درێژەی نابێ. (کافکا) سەرقاڵی کارێك دەبێ، کە خەیاڵی‌و بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر ناڕاستە، بەم حاڵەش زۆر لە راست دەچێ. بەم هۆیە وا دیارە، کە بەرهەمەکانی ئەو هەموو چەشنە راڤەیەك تێکەڵ دەکا یان ئەوەی کە وەکو

تەمسیل لە کەنیسە ڕاڤەگەلێك وەڕێ دەخا. کافکا بۆ ماکس بروود لە بنەڕەت دا نووسەرێکی ئاییینی بوو کە لە تەواوی بەرهەمەکانی دا لە باڵاترین پێوانەی ئاییینی کەڵك وەردەگرێ (ئەگەرچی هیچ کات لە کردەوەش دا وای نەگووت). کافکا دوای شەڕ، بۆ نووسەرە ئیگزیستەنسیالیستەکانی فەرانسە وەکو کامۆو سارتەر، کە بەرهەمەکانی ئەویان زیندووکردەوە، نووسەرێکی فەلسەفی بە هەوێنێکی نهیلیزمانە بوو. (کامۆ) لە (ئەفسانەی سیزیف)دا باسێکی سەرکەوتووی لە سەر نووسی. ئەو بۆ ڕەخنەگرە مارکسیستەکان نووسەرێ بوو، کە خەریکی جیاوازیو بێگانە بوونی سیستمی پیشەکاریی مۆدێرن دەبوو، بۆ ڕەخنەگرانی دژە مارکسیست نووسەرێکی گەورەی مرۆڤ خوازی بوو، کە بە دژی حکوومەتی تۆتالیتێر هەستا. دادگایی سەرنجی ڕاڤەی فرۆیدیش بۆ لای خۆی ڕاکێشاو بە شێوەیەکی ژیرانە ئەویان وەکو ڕۆمانێکی دژی قارەمانی مۆدێرن داناوە، چونکە لە کێشەو شەڕێکی بێکۆتا لە گەڵ یاسا کە هیچ کات ناتوانرێ لەوە زیاتر لێی حاڵی بێ، هیچ کەسایەتییەکی نییەو هەمیشە دەیەوێ بێتاوانی خۆی بسەلمێنێ.

لێرەدا ئەو شتەی، کە ڕووندەبێتەوە ئەوەیە کە لە ڕاستیدا (کافکا) بەشێکی زۆر لە مێژوویەکی ڕەشی گێڕاوەتەوە، کە لە دوای مەرگی ئەو لە دنیادا دەردەکەوێ. بەم حاڵەش لە ڕوانگەی یەکەم دا چیرۆکەکانی ئەو سیاسی نین. خەیاڵە ئاڵۆزەکانی ئەو لە ناخەوە هەڵدەقوواڵێن، لە تێگەیینێکی قووڵی هێزە سەیرو سەمەرەکان کە دەسەڵاتداری دنیان، لە ڕۆحێکی دەروونی داسەپاو سەرچاوە دەگرن، کە بە باشی لە درۆکان ئاگادارن. ئاگاداری ترپەی بەیانیان، بینەرانی واق وڕماو، یاسای هەزاربەهەزاری بڕیار لەسەر دراو، نێردراوانی بێ دەروەست، بەڵگە نامەی ناتەواو، دادگاکان، بێ کۆتابوونی دادگایی، چاوەڕوانی لە بەرامبەر ئەو دەرکانەی هیچ کات ناکرێنەوە. ئەمانە پەشۆکاوی میتافیزیکی زەینێکی پەرێشانە. خەیاڵاتی ئەو زەینەیە کە چاوەدێری جیهانە، ئەو دنیایەی لەودا بڕیارە بێسەروبەرەکانو بەرپرسە ونەکان بوونەتە جێگری پاکییەکی باش. ئەمە ڕاستییەکی سامناکە، هەمووی ئەوانە دەبێ کارکردە مێژوویییەکانی مۆدێرنبن. ڕاستییەکی سامناك، کە گشت سووکایەتییەکانو بێ ئیختییارییەکی خەیاڵاوی لە بەرامبەر هێزە ڕەمزاوییەکان، پەیوەندییەکی نامۆ لە نێوان سزادەرو سزادراوان، هەمووی ئەوانە دەبێ دەمارناسی دەروونیو شاراوەی دنیای سیاسیی سەردەمی ئێمە بێ، کە (کافکا) دەتوانی تەنیا بە ژیری تێگەیشتبێ.

بەم حاڵە (کافکا) مۆدێرنترینی نووسەرە مۆدێرنەکانەو لە زۆربەی لایەنەکان دا ئەو کەسە لاوازە، کە خۆی بچووکتر لە (ك) دەدی، بەرزترین نسێی هەیە. ئەو وێنەیەکی تاریکأو بێگانەو میراتگری دۆستۆیەڤسکی یە کە لە تاریکاییەکی خەستو زانراوو هەڵدێردراو دایە. ئێمە دەتوانین بە تەواوی ئەو بۆ شەڕ بخوازین. بەم حاڵە زۆر بە دەگمەن دەتوانرێ تووسەرێکی سەرکەوتوو لە سەردەمی شەڕو پاش شەڕدا ببینینەوە کە بە شێوەیەك شوێنی لێ هەڵنەگرتبێ. دوای شەڕ هەر بەو شێوەیەی (کامۆ)و باقی شووکرانەبژێرانی ئەو تێگەیشتن، شێوازەکانی ئەو لەوان دەچوو. دەڵێن کامۆ هەر بە شێوەی کافکا، وەکو مرۆڤێکی مەحکووم دەینووسی. پاڵەوانەکانی (ساموئێل بێکێت)، کە باسیان لە سەر کراوە بە نێوی کورتکراوە یان بێ نێو، قەرزداری (کافکا)ن، هەروەها قەرزداری تێگەیینی ئەو لە

تەنیایی جادوویی نووسەرن کە بە دنیای وشەکان شەرمەزار کراوەو لە رەنجو ئازارێکی وەن دەنووسێ. ئەمانەش تەنیا بۆ ئەوەیە کە ببینێ خەڵکی بەرهەمەکانی ئەویان کۆ کردۆتەوەو بڵاو کراونەتەوە. لە ساڵی ١٩٥٠ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا رۆمانی جوولەکەـ ئەمریکایی خوڵقاو نووسەرانێ دەستیان بە نووسینی ئەم جۆرە رۆمانانە کرد، کە خۆیان وەکو پاشماوەی دنیایەك دادەنا، کە بە شێوەیەکی رەمزاوی لە کوورەکانی ئینسان سووتان لە ناو چووبوو. ئەو دنیایە تێگەیینی ئەوان لە شاربەدەریو مێژووی ئازاردەرو هەروەها ئاگاداریی ئەوان لەو شێوەیە کە دنیای میتافیزیکی دەشارێتەوە. ئەم رۆمانەش (جوولەکە ـ ئەمریکا) لە ژێر کاریگەریی (کافکا) دابوو. نووسەرانی ئەوروپای رۆژهەڵاتی، بەتایبەت کەسانێك وەکو میلان کۆندێرا کە لە شاربەدەرەکانی پراگ، شاری کافکایە لە پەیوەندییەکی خەیاڵی لەگەڵ نووسەرێ ئازاری چێشتووە، کە نەبوونی بوونەو نوێنەرایەتی دڵسۆزیی هونەر لە سەردەمی سیاسەتەکان بە کۆڵ دەکێشێ.

لە روانگەی ئەدەبییەوە (کافکا) زیاتر لە هەموو نووسەرە مۆدێرنەکانو جارجارێکیش بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بە چاکە نێوی هاتووە. بۆ وێنە لە رۆمانی (ئاژەڵی کێوی)ی (فلیپ رووت)دا کەسایەتی سەرەکی رۆمانەکە بە نێوی دەیڤید کۆپێش دەبێتە ئاژەڵێکی کێویی سادە ـ گۆڕانێکی بە دوور لە راستی، کە بە ئاشکرایی بەشی سەرەکی خۆی بە چیرۆکی (کەپۆ)ی (گۆگۆڵ)و زیاتر لە هەمووان بە (دۆخگۆڕان)ی (کافکا) قەرزدارە. چونکە لەوێدا (گرێگۆر سامسا) لە ماوەی شەودا دەبێتە مێشوولەیەکی گەورە، کۆپێش لانی کەم خۆی ئاسوودە دەکاتەوە. ئەو وەپێش کەسایەتی کافکایی دەکەوێو دەپرسێ:نووسەری گەورەتر کێیە، ئەو کەسەی دیمەنی گۆڕانێکی سەرسوورهێنەر دەکێشێتەوە یان ئەو کەسەی قەڵافەتی خۆی دەگۆڕێ؟ کۆپێش بە چیرۆکی (مامۆستای وەسوەسە) لە ساڵی ١٩٧٧دا دەگەڕێتەوە. لێرەدا ئەو دەوری مامۆستایەکی جوولەکەی ئەدەبیات دەگێڕێ، کە لە گەڵ باوکو میراتی جوولەکە بە کێشە دێ. بێجگەلەوە وانە بە کافکا دەڵێتەوەو لە تایبەتمەندیی دنیای ئاشقانەی (کافکا)دا شتێ لە دڵەراوکێی پرکێشەی خۆی بە هەوەس دەدۆزێتەوە. دەچێ بۆ (پراگ)و گڵکۆی (کافکا) دەبینێ تا بە سەرسوورماوییەوە تێبگا، کە ئەو لە نێوان دایکو باوکیدا خەوتووە. ئەگەرچی کافکا نووسەرێکی قەدەغەکراوە. بەڵام زۆربەی ئەو کەسانە دەبینێ، کە (کافکا) وەبیر دێننەوەو کەسێ ئەو پێشنیارەی پێدەکا، کە بیباتە ئەو سەرتاشخانەیەی، کە کافکا دەچوو. کۆپێش لە خەیاڵێکی سەیروسەمەرەداو لە ئامێزی ئەشقی خۆیدا گفتگۆ لەگەڵ پیرەژنێك دەگێڕێتەوە کە لە سەردەمای گەنجی کڵفەتی کافکا بووە، مەترسە (کافکا). کۆپێش بە شێوەیەکی سەیر لە بەر (کافکا) دەپارێتەوە، کە یەکیان تایبەتە. لە گۆڕستانی جوولەکاندا وردەبەرد دەخاتە سەر گۆڕی (کافکا)و پێی وایە کە لە نێو ئەم هەمووە گۆڕەدا تەنیا لە قەبری (کافکا) پارێزگاری دەکەنو دەنووسێ: دەڵێی، کە تەنیا پیاوێکی بێ ژنی بێ منداڵ دەتوانێ بنەماڵەیەکی زیندوو لە خۆی بەجێبێڵێ. چ جێیەکیتر باشتر لە گۆڕی (کافکا) بۆ تەنزی لە دایکبوونی مرۆڤ هەیە؟



ئەم چیرۆکە لە باپیرەی باوکمەوە بیستوومە وا بۆ بۆ ئێوەی بەڕێزی دەگێڕمەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی.."

(مەهران) پاشای وڵاتی (یارستان) تەنها کوڕێکی بە ناوی (شێرباز)ەوە هەبوو.. (مەهران) پاشا تەمەنی زۆر بوو، هەتا دەبوو پێ هێزو بەیچەڵ دەبینراو پێی لە گوێی گۆڕ دەلەرزی.. (شێرباز)ی کوڕیشی یەکجار شێتی تەختەکەی باوکی بوو، شەو نەبوو خەوی پێوە نەبینێ. شەوێکیان لە خەودا (غوڵام سەفەر)ی کلیل بەدەستی باوکی لەسەر تەختی پاشایەتیدا دانیشتبوو، خۆیشی فەرەنجییەکەی (حەمە)مەیتەری لەبەر کردبوو. هەرچەندی دەکرد نەیدەوێرا لە عەرشەکەی باوکی نزیکبێتەوەو لەبەرچاوی خومدا شێوابوو..

پاشاش خۆڵی لە دۆشاوی خۆی کردبوو. بەڵێ چاوەڕێی ئەوەی کرد بانگیکاو وەسێتی بۆ بکاو نهێنییەکانی لا بدرکێنێ.

ڕۆژێ (غوڵام سەفەر)ی کلیل بەدەستی بانگ کردو پێی گوت: "- خۆت دەزانی باوکم لەسەرە مەرگدایەو ئەوەندەی بە بەرەوە نەماوە. وەك ئەڵێن نیشانەی ڕۆژ لە بنەڕۆژەوە دیارەو خودا لە کاری خۆیبۆتەوە.. دەبینم هیچ وەسیێتیکی دیار نییە.. چۆنی بۆ دەچی..؟!"

"- تەنها لە ڕووی داراییەوە لە پاشاوە نزیکم، کێ دەڵێێ وەسێتی هەیە. ئەگەر بیێ وەسێتی خۆی ناباتە ژێر گڵەوە، گوێز بە گومەزا هەڵناخا، ئەوەندە کارامەیە زرێ لە با هەڵدەکا.."

(مەهران) پاشا پەل‌و پۆ شکاو دەمی بەحاڵ گۆی دەکرد، (شێرباز)ی کوڕی بانگ کردو دەفتەرێکی جزو بەندکراوی دایە دەستی‌و گوتی:
"- هەرچیم هەیە لەم دەفتەرەدایە، دەستبەرداری غوڵام سەفەر نەبی‌و هەتا لێی نزیك بی بەرخت بازی دەکا.. ماینە رەش کوێتیش بە کەرترین زەلام ببەخشە.."
کۆتری پاشایەتی بەسەر شانی (شێرباز)ەوە نشتەوە خونچەی بەختی گەشایەوە دنیای بۆ تەختبوو، بەرخی لە بازیدا بوو، ئەو رۆژانە بوو خەوی پێوە دەدین، مایەوە ماین رەش کوێت، دەتگوت لە ترش‌و خوێدا سوورکراوەتەوە. ئاوزەنگی لێدا. گوند بە گوندو شار بە شار کەوتە پرسیاری کەرترین زەلام، بەڵام ئاڵۆزترین پرسیار! هەندێ لێی دەسڵمینەوە، هەندێکی تر قوشقی دەبوون، هەشبوو لای رکەیدەگرت:
"- بەڵام ماینە رەش کوێت، وەك دەزانی، لەم دنیایەدا کەر زۆرە بەڵام کەرترین زەلام لە کوێ بێنم.. بۆ ئەوە لە ناوچەوانی کەس نووسراوە؟!"
ئەوەی گوت‌و لەگەڵی کەوتەوە قسە:
"- هەرچەند کزو تەپ‌و بێ دەماخی‌و دەزانی کێ ئاوزەنگیت لێدەدا، بەڵام ڵا دەپرسمەوە دەڵێم گوناەو تاوان نییە، ئەم رەوت‌و وێرغەو زین‌و سەرزین‌و ئاوزەنگی حەوێزی‌و چاوی کووژەکەیی‌و چوارپەلی سپی‌و نێوچەوانی توڕەیی‌و کلکی کڵافەو پەیداخی کەرترین زەلام ئاوزەنگیت لێداو بتکاتە گۆڵە بارگیر.. بۆچی کەرترین زەلام..؟!"
لێرەدا باوکم کەوتووەتە گومانەو هو خۆڵی لە دوێشووی خوی کردووە.. ئەمجارەش بۆچی کەرترین زەلام..؟! دیارە شێواوە.. با لەگەڵ وەستێتیەکەیدا بڕۆین‌و بزانین بەرەو کوێمان دەبا.. کێ دەڵێ ئەم کاسەیە بێ ژێرکاسە نییە؟
چووە شارێکەوە، لەمپەڕەوە شایی‌و هەڵپەڕکێیەو تەقەی دەهۆڵە، سیڕەی زوڕنایە، زەلامێکیش لە پشتوێنە بەرەوخواری لە چاڵێکدا داپۆشراوەو هەرکەس بەوێدا تێدەپەڕی، تفێکی لێدەکا. ئەویش لە دەمی خۆی ناکەوێ، دەڵێ:
"- بەرت بیابان‌و پشتت کەندەڵان‌و بەرخ هەر لە کۆزا نابێ!"
زەلامێکی بانگ کردو پێی گوت:
"- ئەی ئەو زەلامەی ناو چاڵەکە، بۆچی تفی لێدەکەن.. ئەوە شایی پاشای نوێیە، ئەوەتا خۆشی سەرچۆپیی گرتووە، ئەوەی نێو چاڵەکەش پاشای کۆنەو ئەو تفانەش پاشای نوێ بۆی بڕیوەتەوە.. هەر لە خۆمەوە رقم لە پاشای نوێیە دەڵێی من کڕە دەکەمو ئەو دەیخوا، ئەوەندە نابووتە دەڵێی گیسکی سەلەمە، نانی هاری بەدەمەوە گرتووە."
پاشا دەستی بەردا، خۆی تەکان‌و لە خۆشیاندا کڵاوی هەڵدەست. خێسیەکی لە پاشای نێو چاڵەکە کردو تفێکی بە بەرزی بۆ هەڵداو پێی گوت: "- ئەڵێی میزی گاو میچی قومارخانەیەو دیارە ددانی لەسەر سنگی هاتووە.."
(شێرباز)ش رەشمەی ماینەکەی گرت‌و بەرەو لای پاشا هەنگاوی ناو پێی گوت: "- باوکم پێش مردنی وەسێتی کردو گوتی: ئەم ماینە بە کەرترین زەلام ببەخشەو لایەقی جەنابتە.."
نێوچەوانی بە یەکداداو سرکەی لێ دەباری‌و گوتی: "- لەم دنیایە فرەوانەدا لە من کەرترت چنگ نەکەوت، بەچی دەزانی..؟!"
"- بە زەلامی ناو چەو چاڵەکەدا، ئەگەر خۆت بزانی جەنابیشت هەر لەوێدایە..
ئەوەی گوت‌و خواحافیزیی لە ماین رش کوێ کردو گەڕایەوە..
(٢٠٠٧/٢/٤)

دیدارێ لەگەڵ

چیرۆکنووس سەلام مەنمی



سازدانی: کاوەی حاجی عەزیز

مامۆستا سەلام مەنمی ساڵانێکی دوورو درێژە چیرۆك دەنووسێ، لە چەند بواری تری ئەدەبیدا جێ دەستی دیارە، "گەلاوێژی نوێ" بە باشی زانی ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا ساز بکا."

پرسیار: هەست ناکەی میدیای کوردی وەك پێویست ناوڕی لێ نەداویتەتەوە؟

وەڵام: ئەوەی راستی بێ، کاری ئەدەبی، بە گشتی پێش راپەڕین، لە گڕو کفـو برەودا بوو، هەڵگڕی ئاڵای داهێنانو خزمەتگوزاریو نیشتمانپەروەریو چاونەترسیو راستگۆیی پرهەڵوێست بوو، دوور بوو لە گرووپچێتیو تاقمو کۆمپانیاو چەپو گووپ. ئەوەی لا تەریکو دوورەپەرێز دەبێ، دەفی دەنگ ناداو لای گرووپەکان بەشخراوە. ئەوانە دەتوانن ئەکتەرێکی شانۆیی بکەنە گەورەترین شاعیر، گەورەترین شاعیریش بە رۆمانتووسو کڵاوەکەی بنێن بە لایەکی سەریانەوەو مێشکیان میوان نابێو مەداڵیای ئەدەب بکەنە ملیانو هەڵمەقۆ بە مێژوو بکەن. رەخنەی لاپەرەی گۆڤارو رۆژنامەکانی پێش راپەرین ئاوڕێکی زۆری لە من داوەتەوەو لاپەرەکانی خۆیان شایەتن.. هەروەها (سەباح شێخانی) لە گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) ژمارە ٤٠٣ لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەندەدا دەڵێ: "- لە ساڵانی هەشتاکاندا رەخنە ئاوڕێکی باشی لە بەرهەمەکانی سەلام مەنمی داوەتەوەو زیاتر ئەوی ناساند..!"

پرسیار: چیرۆکەکانی تۆ زیاتر بەوە ناسراون، کە بایەخیان بە فۆلکلۆرو کەلەپووری کوردی داوە، بەڵام وەك پێویست ناخی مرۆڤی کوردت نەخوێندۆتەوە، بە تایبەتی کێشەکانی سەردەمی نوێ..؟

وەڵام: بایەخدان بە کەلەپوور کارێکی رەوایە، چونکە کەلەپوور پەرستگایەکی زیندووەو هەوێنی ژیانو پێشکەوتنو شارستانی، ئەوەتەی مرۆڤ چاوی لەسەر رووی زەوی هەلهێناوە، دەوروبەری خوَی ناسیوە، کەلەپووریش

هەنگاوی لەگەڵدا ناوە، وەك ئاوێنەیەکی باڵانما، ژیانی سەردەمەکەی پێچەوانە کردۆتەوە، چۆنێتیی بیرکردنەوەی مرۆڤی خستوتە روو.. هەمیشە لە گۆڕاندا بووەو لە مرۆڤ جیانەبۆتەوە، کە جیابۆتەوە، پەیکەرێکی بێگیان نەبووە، رابووردوویەکی نەمری بووە.
بەڵێ راستە، بەراوردی چەندین ئەفسانەی کوردیو جیهانیم کردوە، هەروەها لێکۆڵینەوەی کەلەپووریشم زۆرە، دەقی کەلەپووریشم زۆر بڵاوکردۆتەوەو تاکو تەرا لە کورتە چیرۆکدا سوودم لە کەلەپوور وەرگرتووە، بەڵام بەو شێوەیە نییە، کە لە هەموو چیرۆکدا بایەخکم بە کەلەپوور دابێ..

پرسیارەکە یەکجار بەو رەهاییە نییەو ناکرێ، ئەوەتا (نۆڤێلت)ی یەکەمم (جووتیارێکی کۆڵندەر) لە جوتیارو دەرەبەگ دەدوێو پەیوەندیی بە گوندەکەمەوە هەیە. (نۆڤێڵتی) دووەمم (گڵێنەی گوڕیچەدراو) لە شۆڕشی مەهابادو ئەیلوول دەدوێ. کورتە رۆمانی (چووزەرەی بن پەردوو) رۆمانێکی رەمزییە، ئەو شوێنانەی کاول دەکرێن سەوز دەبنەوە. دوا رۆمانم (زمناکۆ) لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەدوێ. لە نەوەتەکانیشەوە چیرۆکەکانم زۆریان ریالیزمی فەنتازین. نۆ چیرۆکیشم لەوانە دەدوێن، کە چوونەتە هەندەران.. دوا چیرۆکم بە نێوی (رەشەبا)وە لە پاشکۆی ئەدەبو هۆنەی کوردستانی نوێ لە شوباتی ٢٠٠٧دا بڵاوکراوەتەوە، لە دادگایی سەدام دەدوێ چیرۆکێکی ریالیزمی فەنتازییە، چونکە رەشەبا لە سەردەمێکی نوێدا دادگایی دەکرێ.. رەخنەگر (کەمال غەمبار) ئەڵێ: "- چیرۆکەکانی تۆ بۆ گەلنو ریالیزمی سۆشیالیتین. (کەمال میراودەلی لە بارەی (چووزەرەی بن پەردوو)وە دەڵێ: "- نووسەر لە سەرانسەری چیرۆکەکەدا زیاتر گرینگی بە زۆرانبازیی نێو گوندەکە دەداو کلیلی ئەم زۆرنبازییەمان لە هۆی ئابووریدا دەداتێ، چیرۆکنووسی سەرکەوتووانە هەندێ پاڵەوانی نموونەیی هەڵبژاردووە، کە نوێنەرایەتیی هەردوو بەرکە دەکەن، بەرەی دەسەڵاتدارو بەرەی گەل." حەزم دەکرد کاك کاوە (گۆڤاری بەیان)ی تایبەت بە چیرۆکی کوردی بخوێندایەتەوە، ئەوا بۆی دەردەکەوت باشترین چیرۆك لای رەخنەر (زاهیر رۆژبەیانی) کام چیرۆك ناخی مرۆڤی کوردی خوێندۆتەوە..؟ ئەم نووسەرانەش لەسەر کتێبو بەرهەمەکانی منیان بە دڵسۆزی نووسیوەو سوودم لێ وەرگرتوون. ئەگەر ئەم پرسیارەم لێ نەکرایە، لە رووم نەئەهات ئەم ناوانە ریزکەم.. د.کەمال میراودەلی، کەمال غەبار، زاهیر رۆژبەیانی، فوئاد قەرەداغی، ئەکرەم قەرەداغی، د. فوئاد حمەخورشید، د.دڵشاد عەلی، مستەفا سالح کەریم، رەئوف عوسمان، عەبدولرەزاق بیمار، جەزا سالح، رزگار سالح، ئیبراهیم کۆیی، ئەحمەد غەفوور، سەعید ناکام.

پرسیار: چ کەڵکێکت لە خوێندنەوەی رۆمانە جیهانییەکان بینیوە؟

وەڵام: ئەدەبی مرۆڤایەتی باخێکی رەنگینو سەرسورهێنەرن، نووسەریش بەو دیمەنە رەنگینانەدا دەگەرێ، ئەگەر دیمەنێکی زۆر سەرنجراکێش کەوتە بەرچاوی، وەك هەنگ پێوەی دەنیشێتەوە، لە هەمووڵایەکەوە سوودی لێ وەردەگرێ، ئەو دیمەنە جوانەی لەبیر ناچێتەوە، لەبەر ئەوەی ئاشنای راستەقینەیەتی، هەمیشە سەرەتاتێکیی لەگەڵدا دەکاو وێنەکان لە بەرچاوی لە زەهاکدا دەبنو دنیا زیاتر لە بەرچاوی دەرازێننەوە، لە خەویشدا لەبەرچاویان شەماڵ کەرویشکەیان پێدەکاو دەیانشەکێنێتەوە.. نووسەر هەیە بێ گوڵو ئەو

وێنانە بژی؟ بێ ئەو گوڵو دیمەنو وێنانە داری پەڵکە.

پرسیار: نەگەر نەوەی نێوە بە نەوەی نەدەبی بەرگرییەن، چ ناوێ بۆ نەم نەوە نوێیە دادەنێین..؟

وەڵام: ئەدەبی بەرگری، ئەدەبی پارتیزانیو نێو سەنگەرە، بەرامبەر بە داگیرکەر دەوەستێو سڵی لێ ناکاتەوە، ئەدەبی بەرگری هەر لە نەوەی ئێمەوە دەستی پێنەکردوە، بەڵکو مێژوویەکی دوورو درێژی لە دنیادا هەیە، لە هەر وڵاتێ جەنگو شۆڕش لەسەر خاکی داگیرکراو بەرپا ببن، ئەدەبی بەرگریش ئامادەیەو دەچێتە نێو سەنگەرەکانەوەو دەستەوسان نییە.. لە کوردستاندا سەنگەر هەر چیاو هەردوو ئەشکەوتەکان نەبووە، بەڵکو لە شەقامو کۆڵانەکانیشدا هەبووەو چۆکی بە دووژمن داداوە.. من چیرۆکی بەرگریم زۆرە، چیرۆکێکم بە ناونیشانی (فەرهاد) لە گۆڤاری (نووسەری شاخ)دا بڵاوکردەوە، قارەمانەکەی لە شەڕێکدا چاوێکی لەدەست دەدا، سەرکردەکەی پێی دەڵێ: "- ئەتنێرم بۆ دەرەوە، بۆ ئەوەی چاوێکت بۆ دروستکەن." ئەویش قسەکەی پێ ناخۆش دەبێو دەڵێ: "- خۆ لەسەر دزی وام لێنەهاتووە، ئەوە نیشانەی شەرەفە."

پرسیار: نایا زانینی زمانی تر نەبێتە هۆی رۆمانتووسی؟

وەڵام: بەڵێ، مرۆڤ لە سەرەتای بوونیەوە بێ زمان نەژیاوەو پێویستیی پێبووەو بەوە خۆی لە ئاژەڵ جیاکردۆتەوەو بەوەش لە یەکتری گەیشتوون.. زانینی زمانی تر نابێتە هۆی نووسینی رۆمان، چونکە رۆمانتووسین هەر زمان نییە، بەڵکو مەرجو تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەوانەش بەهرەو تاقیکردنەوەو تەکنیکو شارەزایین، چونکە باشترین زمانزان بێ ئەو مەرجانە ناتوانێ رۆمانێ بنووسێ، بەڵام ئەگەر ئەو مەرجانەی تیادا بێ، ئەوا رۆمانەکەی لە رووی زمانەوە تۆکمەو سەرکەوتوو دەبێ، چەندین مەڵوو شارا دەخاتە سەرخەرمانی ئەدەب، چونکە میللەتان هەتا تاقیکردنەوەو شارستانییەتیان لە گەشەدا بێ، زمانیان بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێ..

پرسیار: تا چەند ناگاداری نەدەبی کوردین بەو واتایەی خوێندنەوەکان بۆ نەدەبی نێستای کوردی هەیە، بە تایبەتی رۆمانو چیرۆك؟

وەڵام: چەندین کورتەچیرۆکی کوردیش هەن لە رووی شێوەو ناوەرۆکو تەکنیکو زمان هەنگاویان ناوەو سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، شان لە چیرۆکە سەرکەوتووەکانی جیهان دەدەن، ئەمەش بە پێچەوانەی هەندێ چیرۆکنووسو نووسەری رەشبینەوەیە، کە سێبەرەکەی خۆیان بەجێ نەهێشتووەو وەك گای بنە بە دەوری خۆیاندا دەسووڕێنەوە.. مەبەستم لەو چیرۆکە سەرکەوتووانە ئەوانەن سەرەتاو نێوەڕاستو کۆتاییان بە یەکەوە گورزەهۆن کراونو بە وشکە کەڵەکی ریز نەکراونو بە تەمومژی تاریك نەئاخنراون. ئەو چیرۆکانە بە سەرکەوتوویو هێمنی لەگەڵ قوتابخانە ئەدەبییەکاندا هەنگاویان بۆ پێشەوە ناوە، دوا قوتابخانەیان، قوتابخانەی ریالیزمی فانتازییە، ئەوەیش سوودی لە ئەفسانەو کەلەپوور وەرگرتووە. میللەتی کوردیش لەگەڵ ئەفسانەدا دۆستێکی دێرینەو لە دێرزەمانەوە دەست لەملانێکی دێرنن، لەگەڵ ئەم ئەفسانە ناواقیعیانەدا شان بە شان هاتووە، بەڵام چەمکی راستیەکانی بەرنەداوەو پاراستوونیو مەرەخەسی نەکردوون. بەڵام رۆمانی کوردی، لە چاو رۆمانی جیهانیدا، قرچۆکەو لە کاروان دواکەوتووە، مەڵوو شاریەکی نەخستۆتە سەر خەرمانی رۆمانو ئەدەبی کوردی.

پرسیار: تا چەند بەرهەمی رۆمانو نووسەرە جیهانیەکانت خوێندۆتەوە، وەك پاولۆ کۆیلۆ، نۆرهان پەموك، گابرییال کارسییا ماركیز..؟
وەڵام: رۆمانی (کیمیاگەر)و (یانزە خولەك)و (چایی پێنجەم)ی (پاولۆ کۆیلۆ)م خوێندۆتەوە، بەڵای منەوە رۆمانی (کیمیاگەر) لە دوانەکەی تر بەهێزترە.. زۆربەی رۆمانەکانی (گارسییا ماركیز)م خوێندۆتەوەو رۆمانێکیشم بە نێونیشانی عیشقو شەیتانەکانی تر لەگەڵ ئەفسانەیەکی کوردی بە نێونیشانی (کچی شای پەریان)دا بەراوردکردووە.. رۆمانی (ban adim kirmis من ناوم سوورە)ی (نۆرهان پامۆك)یشم خوێندۆتەوە.. هەروەها رۆمانی (یادەوەریی لەش) لە نووسینی (ئەحلام موستەغانمی)و بە کوردیو بە عەرەبیو چەند نۆڤێڵێتێکی کوردیو عەرەبیی تریش..

پرسیار: تازەترین رۆمانی جیهانی چییە، کە خوێنووتەتەوە؟
وەڵام: (من ناوم سوورە)م لە نووسینی نۆرهان پەموك

پرسیار: چەند هەست بەوە دەکەی لە نێوان نەدەبی رۆژناواو رۆژهەڵاتدا لێکچوون هەیە..؟
وەڵام: لێکچوونو نەدەبی بەراوردکاری، تایبەت نییە نە بە رۆژهەڵاتو نە رۆژئاواوە، بەڵکو لە خودی رۆژهەڵاتیشدا دەکرێ، وەك بەراورد لە نێوان چیرۆکێکی کوردیو چیرۆکێکی ئێرانی، هەروەها رۆژئاواش وەك بەراورد لە نێوان چیرۆکێکی ئینگلیزیو ئیتالی. نەدەبی بەراوردکاری نیشانەی نەمریو زویندوویی گەلانەو بەرهەمەکان کاری دوورەپەرێزی فرێ دەدەنو سنوور دەبەزێننو تێکەڵ بە یەك دەبەن، دەبنە ئاشناو دۆست، هەتا بێ، پەرە دەسێنن.. من ئەفسانەیەکی کوردیم بە نێونیشانی (کچی شای پەریان) لەگەڵ رۆمانێکی (ماركیز)دا بە نێونیشانی (خۆشەویستیو شەیتانەکانی تر) بەراوردکردوەو بڵاومکردۆتەوە.. داستانی (گلگامێش)م لەگەڵ ئەفسانەیەکی کوردی بە نێونیشانی (برزوو کەڵەسەر) بەراوردکردووە. هەروەها ئەفسانەیەکی کوردی بە نێونیشانی (بەردی نادرشا)م لەگەڵ ئەفسانەی (سیزیف) بەراوردکردووە، ئەمانەیش کەسی تر پەنجەی بۆ رانەکێشاون..

پرسیار: نەگەر ببیتە بەرپرسی دەزگایەکی روناکبیری، گرنگی بە چی دەدەی..؟
وەڵام: پەیامی مرۆڤایەتی لای من پەیامێکی هونەریو بە پێتو دڵسۆزانەو ماریفەت ئامێزە، راستگۆیە، دوورە لە سەرەخۆرەییو کۆرنووشو گرووپچێتیو گورێ گورێو قاچکێشانەوەو مامە حەمەیی..
کانییەکی سازگارە، وەهمو جارِی درۆ رادەماڵیو نامەبەری هەنگو پەپولەیە، گوڵو شیعر دێن بە پیریانەوە..

پرسیار: وەك نووسەرێکی بەمەکەن، رازیت لە پەیوەندیی نووسەرانی کورد لە هەموو لایەکەوە..؟
وەڵام: نارِازیم، لەبەر ئەوەی کەس قەوڵەی کەس ناخوێنێتەوەو کەس گوێ لە قسەی کەس ناگرێ، باری یەکتر راست ناکەنەوە، هەرکەس خەمی گیرفانی خۆیەتی، هەموویان لای سەرەوە دادەنیشن، گەورەو بچووکی نییە، ئەدەبو هونەریش سەرگەردانن، خونچەی باخیان ژاکاوە، نەگبەت لای رێی لێ بڕیونەتەوە، خەتاباریش لێرەدا کورسیو پارەونەگبەتیە

رۆژژمێری چاڵدێران

کاروان کاکە سوور

"پێشکەشە بە هاوڕێم کرمانج عومەر دەشتەکی ئەو رۆڤانەی لە تێکشکاندا وزەی لێ بەرهەم دێ. ئەو خوێنەرەی هەموو بەرهەکانی منی لەبەرە."

هەڵەی جارانی پێشوومم زانی.. دەچووم لە حاڵی ناوەراست، یان لە کۆتاییەوە دستم پێدەکرد.. لەوێوە رێگام بە خەیاڵەکام دەدا بە ئارەزووی خۆیان پەلە بە هەموو لایەکدا بهاوێن.. دواجار پێش ئەوەی بۆ لێژنەکەی بنێرم، ورد ورد دەموێندەوە هەستم دەکرد ئاسان نییە لەو هەموو باز بازێنەی سەر کاتو شوێنەکان تێبگەم زۆر لە کارەکانم نەدەناسیەوە یاخود نەمدەزانی ئاخۆ چ پێوەندییەك لە نێوانو ئەمو ئەویاندا هەیە گوتەکانیان بەشێوەی نارۆشەنو پچر پچڕ دەکەوتنە بەر گوێچکەم. سەیر ئەوەیە لەجیاتی پەند لە سااڵنی رابردوو وەربگرمو بەهەڵەکانمدا بچمەوە، کەچی بە پێچەوانەوە هەمان شێوازم دەگرتەوە بەر، بگرە زیاتر مەسەلەکانم دەشێواند بە زمانێکی قورستر دەمنووسی مەبەستە راستەقینەکەم فەرامۆش دەکردو وامدەزانی تەنها لە پێناوی چێژێکی رووتدا ئەو کارەم دەستداوەتێ، لێرەدا نابێ شتێکم بیر بچێ، ئەویش ئەوەیە من بە پێچەوانی هەموو ژنە دیلەکانی دیکە رابردوویێکی سادەم نیی، تا بە ئاسانی سەرجەمی ژیانم بنووسمەوە پیشەکەیشم هەمیشە ریگر بووە لەوەی راستگۆیانەو بێترس رووداوەکان بگێرمەوە مەبەستم ئەوەیە نەمدەویست لەو بارەیەوە هیچ زانیارییەك بە دەستەوە بدەم، چونکە وامدەزنی ئەمە هێندەی دی رقیان هەڵدەستێتو تا ئەبەد رێگای دەرچوونم نادەن ئەمەیش وای لێ دەکردم چیرۆکێکی خەیاڵی هەڵبەستمو کۆمەڵێ کەسی وەهمیش خەڵق بکەم هەر بۆیە کاتێ لەگەڵ چیرۆکی دیکەدا بەراوردین دەکردن، خێرا بە فێلەکەمیان دەزانیو دەریان نەدەچواندم، چونکە هیچ یەکێ لەو ناوانەی من لە کارەکتەرەکانمم دەنان رۆژێ لە رۆژان لەو شوێنەدا نەژیاون درەنگ راستییەکی لەوە گرنگترم زانی. دەبوایە تۆ دوای هەموو سااڵنی لێرەت بەسەر بردوون لاینی ئەم هەندێ ئەقڵو هۆشت مابێو بتوانی بەراوردێ لە نێوان ئێرەو دەرەوەدا بکەی، یا بە مانایەکی بڵێین کاتێ دەچیتە ئەودیو لە ئاستی بینینی شتەکاندا حەیرانو سەراسیمە نەبێ، کە سااڵەهای سااڵە لەودیوی ئاگایی چاوانی تۆدا گۆرانیان بەسەردا هاتووە بە رادەیەك شۆکێکی گەورە لە پەلوپۆت بخاتو ببیتە بار بەسەر ئەوانی تر‌ەوە، گوڵبەهاری گۆرانییێژیش لەو رووەوە تا رادەیەکی زۆر لە تۆ دەچوو بۆی نەیدەتوانی رابردووی خۆی بەئاسانی بگێڕێتەوە ئەو سااڵنێکی زۆر هیچ چیرۆکێکی نەنووسیو دەیوت ئەمە کارێکی بێهودەیە کەچی جاری پێشوو تەنها لەبەر یەك خاڵ گەرایەوەو ئەمسالیش سووکو ئاسان دەرچوو کاتێ چیرۆکەکەی تۆی ورد ورد خوێندەوە سەرێکی باداو پێوی گوتی: "ــ مەسەلەکە ئاوا نییە گوڵێ.. خۆت دەزانی من ناتوانم باسی پیشەکەمیان بۆ بکەم."

ئەها..! ئێستا تێگەیشتم هەوڵ بدە پەنا بۆ رەمز ببەی. منیش هەموو ئەو جارانەی پێشوو

نەمدەویست باسی ئەوە بکەم، کە گۆرانییێژ بووم‌و عوودم ژەندووە. بەڵام ئەمجارە پێچەوانیەکەم بۆ کردووە بۆیە باوەرم وایە دەربچم.
گولبەهار دەیویست فێرم بکا چۆن بنووسم. بۆیە، بە دەنگی خۆی چیرۆکەکەی بۆ خوێندمەوە. دەیخوێندەوەو یەك بە یەك دێرەکانیشی بۆ لێکدەدامەوە، دەیگوت: "- بزانە شازە بۆچی ئەم وشەیەی لە جیاتیی ئەویان بەکارهێناوە، بۆچی ئەم رستانەم خستۆتە نێوان دوو کەوانەوە، بۆچی لەم شوێنەدا تەنها رۆژو مانگم نووسیوەو بە لای ساڵەکاند نەچووم. دەبێ لەوە تێبگەی چی پاڵی پێوە ناوم لێرەدا کارەکتەرەکانم بە رۆژ بشارمەوەو شەوان دەریانخەم. ئەگەر ئەو رووداوانەی لە راستیدا هیی شاخن‌و من لە چیررۆکەکەدا هێناومنەتە نێو شارەوە، ئەوا زۆر گرنگە بزانی مەبەستم چییە. جوان وردبەرەوە، بزانە حیکمەت لەوەدا چییە. هەموو رەنگێ بەکار ناهێنم. کاتێ رووداوێکم هەندێ جیاوازو لاوەکی دەخوێنیتەوە، مەڵێ ئەمە چ پێوەندییەکی بەوانی دیکەوە هەیە. رەگەزی تەفرەدان‌و نامەزرۆیی گرنگن لە چیرۆکدا. شازە، با ئەوانەی دەیخوێندەوە هەرچییەك بن، هێشتا شتێ دەمێنێتەوە بە ناوی چێژ. چاوت بکەرەوە. دەستەخوشکەکەی سەرتاپای تەمەنم! چاوت بکەرەوە.

گولبەهار
سەرەتای چیرۆکەکەی ئاوا دەگێرایەوە:
من ئەگەر لە ٢٣ی ئابی ١٥١٤دا لە شەری چاڵدیران لە باکووری رۆژهەڵاتی دەریاچەی (ڤان)دا بەدیل گیراوم ئەوا پیاوانی ئاسایشی سەفەوی بەزۆر لەگەڵ دەیان ژنی دیکەدا راپێچی ئەوێیان کردبووم تەنانەت ئامادەم شوێنی ئەو قامچیانەشتان پیشان بدەم، کە تا ئێستایش بەسەر پشتو سمتەوە ماون ئەگەر لە چیرۆکەکانی پێشوومدا، کە ساڵانێکی زۆر بەر لە ئێستا دەمنووسین‌و بەڵایاندا نەدەچووم ئەو لە رووم نەدەهات ئەوسا کچێکی گەنجی جوانی سەرمن بووم بەڵام ئێستا من، کە پیرەمو دەزانم ئەو لەشە پڕ لە چرچولۆچەم سەرنجی هیچ نێرینەیەکتان راناکێشێ‌و تووشی گوناحتان ناکا، ئەوا ترسێکم لە بینینی هەر شوێنێکم نییە، کە پێویست بکا ئێوە لێی بروانن دەزانم ئەو ناگوڵ رەقهەڵاتووەوو ئەو مەمکە چەقانەم قێزتان دەکەنەوە. نەخێر، من باکم نیی خۆم رووت بکەمەوە کون بە کونی جەستەمتان نیشان بدەم منیان بۆ فریاکەوتنی بریندارەکانیان هێنابوو بەڵام خۆم لە تاوی ئازاری بریندەکانم دەمناڵاندا چاوانم بەحاڵ دەوروبەریان دەبینی یاخود هەر نەیاندەتونی بۆیە ئاوم دەدانێ‌و نە دەرمان، بریندی کەسیشیانم تیمار نەدەکرد.

من لە خێزانێکی بچووی شاری ورمێ بووم، کە باوەرم وایە زۆر لە مێژە هەموویان مردوون‌و نەوەکانیان نامناسن.. شتێ لە بارەی ژیانمەوە نازانن ئەگەرچی ئەو کاتەی ماڵەکەیان سووتاندین نەمزانی باوکم لە ژووورەکەی بووەو گیانی بۆت خۆڵەمێش یان نا بەڵام لەوساوە چاوم پێی نەکەوتەوەو لە هیچ ڵایەکەوە هەواڵێکم نەزانی، تەمەنی مرۆڤی ئێر زۆر درێژترە لە هی ئەوانەی لە دەرەوەن بەڵگەشم ئەوەیە تا ئێستا چەند جار بەڕێوەبەرو پاسەوانان گۆراون‌و ئێمە هەر ماوین. من حەزم لە عودو لە بوخورد بوو بەو دوانە دەگەشامەوە بۆیە ئەگەر لێرە دەربچم، ئەوا ئەوەندەی ژیانم ماوە لە گۆرستانەکانی بەسەر دەبەمو بۆنی عوودو بوخورد بەوێدا بڵاودەکەوە تکایە کاتێ گوێتان لە ناوی بوخورد دەبێ واتێمەگەن من پیشەم ئەوە بووە کاری زاواکانم لە شەوی یەکەمیاندا ئاسان کردووە راستە من دەیان جار ئەمەم بەچاوی خۆم بینیوە. بەڵام رۆژێ لە رۆژان ئارەزووم

نەچۆتە سەری بوخردانێکیان دەهێناو پریان دەکرد لە بوخوردو گیای وشك وشك.

ئینجا دایاندەگیرساند کورسییەکان لەسەر دادەنا بۆ ژووری زاوا رووتیان دەکردەوەو لەسەریان دادەنا بۆ ئەوەی ئەو دووکەڵو گەرمییەی لەو بوخردانەوە بەرز دەبێتەوە بەر شەنتوزو ناوگەڵی بکەوێتو دەمارەکانی خاو بکاتەوە چینێ رۆنی بۆنداریشی لەسەر دەنیشت، ئەمەیش لەڵایەك زیاتر هەوەسی زاوای دەبزووانداو لە ڵایەکی تریشەوە بە ئاسانی شەبزووزەکەی دەبردە ناوەوە هێندەی نەدەبرد پەرۆ خوێناوییەکەی دەگەیاند پشت دەرگاو لەودیو دەنگی هەلهەلە بەرز دەبوەوە.

شەریش ئاوایە بەرێزان، پێش ئەوەی هەڵبگیرسێ دەبێ دەیان ئاسانکاریو فێڵی لە پێناودا بکرێ کاتێ ئاوا دەدوێم تکایە وانەزانن من دەمەوێ خۆم بخزێنمە ناو سیاسەتەوەو دەست لە کاروباری گەورەکانەوە وەربدەم، نەخێر تەنها وەکو چیرۆکنووسێ ئەو گوتانەم دەردەبرم، سوڵتان سەلیم، کە لە ٢٤ی نیشانی ١٥١٢دا حوکمی گرتە دەست دەیزانی ئەحمەدی برا گەورەی جێگای مەترسییە بەبێ دووڵی کوشتیو کورەکانی ئاواری ئێرانو میسر بوون، ئینجا لە ئەنادۆل چل هەزاری لەو کەسانە سەربڕی، کە لە ئایین هەڵگەرابوونەوە وا لە شێخی ئیسلام کرد فەتوایەك دەر بکا بۆ ئەوەی خوێنی هەموو لایەنگرانی شا ئیسماعیلی سەفەوی حەڵاڵ بکاو ژنو منداڵی ئیمپراتۆریەتەکەیان بە دیل بگرێ. ئایا ئەو کارەی شێخی ئیسلام لە هی ئەو ژنانەت ناچێ، کە بوخردان لە ژێر کورسی دادەگیرسێنو شەنتوزی بووك نەمو بۆندار دەکەن؟ پێموان منیان بە زۆر راپێچی ئەوێ کردبوو ئەگینا.. ئەو چیرۆکەی گوڵبەهار گۆرانیبێژو دەرچوونەکەی سەر تا پای منیان گۆری. مەبەستم ئەوە نییە تەنیا ماومەتەوەو تا تەمەنم درێژەی هەیە دەبێ سااڵن چیرۆکی بێتام بێتام لە بارەی ژیانمەوە بنووسمو بەڵکو چەند شتێکی دیکە تەواو سەراسیمەکیان کردوومئو منی لەناو لوغزێکی گەورەدا جێهێشتو ناکرێ بو سادەییی پێشوو بیر لە رابردوو بکەمەوە من نەمدەزانی چ تەمەنێکی درێژم بەسەر بردووە هەمیشە وادەرەوەم دەهێنایە بەرچاوم وەکو ئەو کاتەی تێیدا دەژیان نازانم بۆچی نەمدەتوانی باوەڕ بێنم، کە رووداوەکانی تێکەڵ بە خۆیانت دەکەنو ناهێڵن بزانی کاتی راستەقینەو کاتی خەیاڵ چەند جیاوازن ئەو قژە سپیو دەموچاوەی لۆچاویو پشتە کۆماوانەی ژنانی ئێرە، کە زۆریان دەستەخوشکی منداڵیمو دانیشتوانی شارەکەم بوون نەیاندەتاونی بمخەنە سەر ئەو باوەڕەی منیش بە هەمان ئەندازەو بگرە زیاتریش گۆراوم وامدەزانی ئەو کچەی ئەوسام، کە نیگار کێشە گەرۆکەکە لەو مەیخانەیەدا بینیمیو بەدەم هەڵدانی پێکە یەك لەسەر یەکەکانیەوە دوو نیگاری کێشام یەکێکیانی دامێو بە قەدی دیوارەوە هەڵمواسیو ئەوی دیکەیانی لەگەڵ خۆیدا برد، نەمپرسی بۆ کوێی دەبات.

ئەو رۆژەی گوڵێ دەرچوو هاوکات ساڵێکی دیکەیان بۆ من تازە کردەوە چونکە چیرۆکەکەم هەمان ئەنجامی ساڵانی پێشووی بە نەسیب بوو کاتێ گەرامەوە ژوورەکەم خێر تەختو نوێنەکانیم فڕێدانە دەرێ، منیش ئاوام نەکردایە، پاسەوانەکان دەهاتنو ئاسەواری ئەویان لێرە دەسریەوە بەڵێ هەموویان خستنە گالیسکەیەك و بردیانن لەو چۆڵەوانییەی زیندانداو سووتاندیانن لێرەدا هەڵوێستەیەك لە قسەکانم دەکەمو دەڵێم ئەوە تەنها خەیاڵێکی خۆمە، کە وا دەزانم بەردەنی زیندان چۆڵە، ئەگینا دوور نییە بەشێوەیەکی تەواو جیاوازبێ. لە راستیدا ئەودیو رێك لە مردن دەچێ هەروەکو چۆن تا

ئێستا هیچ مرووێك نەگەراوەتەوە تا بە زندا بڵێ مردن چییە بە هەمان شێوەیش ئەوەی لێر دەرچووبێ هەواڵێکی نەگەیشتوتەوە ئەم، تا بزانم من لە کوێمو دەروبەرم چۆن.

زەمەن چەند تێپەڕیوەو چ گۆڕانێ بەسەر ئەودیودا هاتووە ئەوەی دەکرێ بیکەیت هەر مەزەندەیە بۆ هەر شتێ پەنا بۆ مەزەندە دەبەیت تەنانەت لەو راسییانەی رۆژگارێ لەگەڵیاندا دەژیایتو هیچ گومانێگیان هەڵنەگرت. دواجار بوونیشت دەبێتە مەزەندەیەكو لە هەر شتێ زیاتر ئەو بەخۆیەوە خەریك دەکا بە رادەیەك سەدان پرسیاری زۆر گرنگ بەڵاوە دەنێ. ئێستا ئەوەی لێم دیارە دووکەڵی نوێنەکانی گوڵبەهاری گۆرایبێژە، کە بەرەو ئاسمان هەڵدەکێو خەیاڵە ماندووەکانم لەگەڵ خۆیدا لوول دەدا نازانم بۆچی بۆنی لۆکەی سووتاوم حەز لێیە کاتێ کزەبای گەرمی ئاخرو ئۆری ئاب دەیهێنێتو تا قووڵایی لووتمی دەبات هەندێ جر وادەزانم تەنها لە رێگای ئەو بۆنەوە دەتوانم سەرتاپای ژیانم بیر خۆم بخەمەوە، کەچی زۆری پێناچێ خەیاڵو راستییەکان تێکەڵی یەکتر دەبنەوەو سیمای چیرۆکەکەم دەشێوێن هەر ساڵێ دوای بەربوونی هەر یەکێ لە زیندانییەکانو سووتاننی نوێنەکانیان، ئەو بۆنە هەستێکی گەشبینی سەیری پێ دەبەخشیمو دەیخستمە سەر ئەو باوەڕەی من ساڵێکی دیکە وەکو ئەمرۆ سەد لە سەد بەردەبم، ئەوسا ئارەزووی نووسین وەکو مارێکی سڕ لەی دڵمدا بە ئاگا دەهاتەوەو بە سەرجەم دەمارەکانمدا دەگەڕا، هەر بۆیە لە کاتێکدا سەرتاپای زیندانییەکان لەو رۆژەدا پرسەیان دەداناو واوەیڵایان بۆ حاڵی خۆیان دەکرد کەچی من تەمدەتوانی ئەو خۆشییەی نێو دڵم بشارمەوەو بە گۆرانیو سەما دەرمدەبڕی، ئەوان لە ٢٣ی ئابەوە، کە رۆژی پێشکەکردنی چیرۆکەکان بوو، تا سەری مانگ، کە ئەنجامەکان دەخوێنرانەوە زیاتر لە مردوو دەچوون لە نانو ئاوەوە نەدەدا سەریان هەڵنەدەبڕی ورتەیان لێوە نەدەهات نەدەنووستنو هەریەکەی هیوای دەخواست ئەو تاقە ناوەی لەسەری ئەو مانگەدا دەوێندرێتەوە هی ئەو بێ خۆ ساڵی واهەبوو سەرجەمی چیرۆکەکانیان بەسەردا دەداینەوەو هیچ یەکێکیان لە سەدا پەنجاین نەدەهێنا هەموو جارێ ژنان تێکڕا پەڵاماری ئەو کەسانەیان دەدا، کە چیرۆکەکەی لە تاقیکردنەوەدا دەردەچوو قژیان چەپك چەپك لە پێخەوە دەردەهێناو بە چرنووك سەدان هێڵی سووریان لەسەر گیانی دەنەشاند پاڵیاندەستو بە لەقە لەسەر سکی هەڵدەپڕین، ئەوێك، کە حەفتەیەکی بەبێ نانو ئاو لە چاوەڕوانیی وەڵامدا بەسەر بردبوو لە رۆژێکی ئاوا گەرمی کۆتایی ئابدا بەرگەی ئەو هەموو ئازارەی نەدەگرتو دەبوورایەوە ئەوە ئەگەر نەڵێم دەمرد پاسەوانەکان دەهاتنو لەژێر دەستیاندا دەمردەهێنا دەیانخستە سەر گالیسکەیەكو دەیانگەیاندە ئەودیو ئەو کارە زیاتر لە یارییەك دەچوو، یاخود وەك بڵێی پەیرەوێکی ئاینیبێو خواوەند لە رۆژێکی وەکو ئەمرۆی هەر سااڵێدا بەسەریدا سەپادبێتین تێکرا تێیدا بەشدار دەبوون ئەوانەی لە کاتی ئاساییاندا بەوە دەناسرانەوە، کە زۆر بێوەینو لە گریانو پارانەوە زیاتر شتێکی دیکە نازانن کەچی لەو کاتەدا بۆ کۆمەڵی درندەی ترسانك دەگۆرانو شاڵاویان دەبرد هەر بەکەی دەیویست خۆی بگەیەنێتە سەریو قیی دڵی پێ بڕێژێ ئەو جارە گوڵبەهار پێیگوتم: "ـ من گومان دەکەم لەوە تا ئێستا هیچ کەسێ بە زیندوویی دەرچووبێ. لەو رۆژەوە زانیم، کە نازخانیان دەبردە دەرەوە دەرفەتەم هێناو گوێچکەم بە سنگیەوە نا هەناسەی نەدەدا گیانی سارد ساد هەموو دنیا هەستێو قسە بۆ بکا، من هەر دەڵێم مردبوو، ئەگەر ئەو نازانە چوارشانەیەی لە شەرمژندا

حەوت‌و هەشتی بەجارێ دەخستە ژێر خۆیەوە ئاوا دەرچووبێ ئاۆ کەسانی وەکو نەسرین‌و نەخشین‌و فریشتەو نازانم کێ‌و کێ چۆن بە زیندوویی گەیشتونەتە ئەودیو.! مردوون. هەموویان مردوون.

لەو حەوت ساڵەی دواییدا دەستیان لەو کارە هەڵگرت چار وتی "ـ با واز بێنین ئێستا ماوینەتەوە هەست کەس، توانیومانە ئەو هەموو ساڵە چاوەڕێ بکەین وا بزانم هەر یەکێکمان لە وزەیدا هەیە ئەوپەری هەشت هاویی دیکەیش دان بە خۆیدا بگرێ."

کەچی چنار ساڵی نەبردو پەشیمان بوەوە دەیوت "ـ من بۆم دەرکەوت ئەمەی دەمانکرد چاکترین رێگا بوو تا کاتێ دەچینە ئەودیو ئاگمان لە خۆمان نەبێتو سەرسامییەکی گەورە بۆ هەتا هەتایە وەکو پەیکەر لەو بەر دەرگایەکی رەقمان نەکاتەوە" لەڵایەکی تریش ئەو ترس نەیدەهێشت ئێمە بەردەوام بیر لە خۆشی ساتی دەرچون بکەینەوە بەوەی هەر کاتێ ئەوەمان دەهێنایە بەرچاو، کە لە نووسینی چیرۆکەکانمدا سەرکەوتووین هاوکات دیمەنی پەڵاماردانەکەیش لە بەردەممانداا قوتدەبوەوە باوەرم پێ بکەن من ئەم چەند مانگە بەقەدەر هەموو ساڵەکان ئەگەر نەڵێم زیاتریش هەستم بە ترسو نیگەرنی کردووە تکایە ئەگەر ئەمساڵ چیرۆکەکەی من دەرچوو ئەوا بە هەمووتان بێبەزییانە تێمکەون.

من نەمویست ئەو رۆژە لە چنار بروانم کاتێ چیرۆکەکەی لە تاقیکردنەوەدا دەرچوو رووم وەرگێراو بۆ ژوورەکەم گەرامەوە دوایی سنەوبەر پێیگوتم: "ـ تۆ کارێکی باشتکرد شاناز رۆیشتیو بە چاوی خۆت نەتبیی، کە چۆن هەڵمانگرتەوە دەتگوت لە گۆڕ دەرمانهێنایەوە هەر خۆیشمان ڵاشەکەیمان ستە سەر گالیسکەی پیاوە قەڵەوەکەو دەمودەست بردی دەرێ".

لە راستیدا مردنی چیار وەکو من بیزانم زۆر شتی لە گوڵبەهاردا گۆری.
ئەمە لەوەدا بۆ دەرکەوت، کە جارێکین بەرێکەوت دەفتەرەکەیم بینیو تێیدا نووسیبووی: "ـ چنار نەمرد، بەڵکو گەیشتە ئەودیو چونکە ئەودیو ئەوەندەی مەر بۆ ئەم شاراوە بوو." ئەم هەمیشە هەوڵی دەدا لە پاڵ ئەو چیرۆکانەی ساڵانە بۆ تاقیکردنەوەکان دەیانووسێ بەردەوامیش لە رێگەی خەیاڵەوە دنیای ئەودیو بولقێنێ بۆ ئەوی هەر ساتێ پێی لێرە هەڵگرت ئەوا زۆر شارەزایانە لەودیوی دابنێ بە رادەیەك ئەوە لە ئەعقڵی خۆی دەرکات، کە رۆژێ لە رۆژان شوێنێکی ئاوای دیوە گوڵێ هەر کاتێ بەقووڵی بیری دەکردەوە ئارەزووی دەچووە سەر چیرینی گۆرانی. بەڵام هەر ئەوەندە دەنگی هەڵدەبریو ئەم دوو بەندی دەوت لەپڕ دەگریاو وەکو شێ دەیقیژاند سەرەتا نەمدەتوانی لەوە تێبگەم چۆن بەو خێراییە گریان بۆگۆرانی دەگۆڕێ، لەو شتانە تێنەدەگەیشتم، کە بەدەم هاوار هاوارەوە دەریدەبڕین ورده ورده تورەییەکەی تاوی دەسەندو پەڵاماری قژی دەدام.
رایدەکێشاو ئاوی لە چاوانم دەهێنا، کەمێ هێمن دەبوەوەو پێی دەوتم:"ـ تاقە شتێ لەژێی عودەکەم قژی تۆن شازە بەڵام نازانم بۆچی دەمەوێ بەسەرتیانەوە نەهڵێ، من بێ عودەکەم هیچ گۆرانییەکم بۆ ناوترێو دەشبێ هەندێ گۆرانی هەر بڵێم."

لەسەر پش رادەکشاو زۆر رازی دڵی دەدرکاند، کە دەمزانی لەکاتی ئاساییدا دەیویست بە هەر شێوەیەك لێمیان بشارێتەوە، ئەو حاڵەتە نەبوایە، کە زوو زوو بۆی دەهات ئەوا من نەمدەتوانی هیچی لێنێگەم لەگەڵ ئەوەشدا

هەستم دەکرد ئەو لە هەموویان رۆشەنتر ئەودیوی دەبینی، یاود یا بڵێین لە ئێمە چاکتر دەیتوانی ئەوێ بێنێتە بەرچاوی (مام دانیال)ی باوکی شارەزاترین کەسی ورکێو دەروبەرەکەی بوو لە بواری ئەستێرەناسیو کەشناسییەوە سروشتی ئیشەکەی وای دەواست زۆربەی ژیانی لەناو شاخە سەختەکاندا بسەربەرێو ئەوی تاقانەی دایکمردوویشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد، لە سەفەرە زۆرەکانیشیدا ڵای کەسی بەجێنەهێشت گوڵێ هەر جارێ دەهاتەوە ناو شار شێوە دەگۆڕا بەرادەیەك زۆر بە زەحمەت دەمانناسیەوە شەرممان دەکرد لێی نزیکببینەوەو بیدوێنین دەتگوت لە دنیایەکی دیکەوە هاتووە ماوەیەکی دەبرد تا شەرممان لێی دەشکاو دەماتوانی یەك دوو وشەی لەگەڵدا بڵێین. ئینجا لە ئاستی قسە سەیرەکانیدا دەحەپەساین وادەچووە چیرۆکی سەیر سیری بۆ دەگێرایناەوە.

گۆرانی وای دەچرین، کە پێشتر هەرگیز لە کەسمان نەبیستبوو عودەکەیشی هەر لەوێ هێنایەوەو بە چاکترین شێوە بۆی دەژەندین، گوێچکەماسیو بەردی بەنرخی کۆ دەکردەوەو هەندێکی بە دیواری ژوورەکانو هەندێکی وەکو خڵخاڵو بازنو ملوانکە بە خۆیدا هەڵیدەواسین، جا کاتێ لەو حەوشە فراوانەیاندا عوودی دەژاندو هاوکات بەدەم چرینی گۆرانییەوە سەمای دەکرد ئەو گوێچکەماسو بەردانە بەریەك دەکەوتنو دەیان دەنگی جیاوازیان دەخولقاند، بۆیە واتدەزانی لە بەردەم تیپێ مۆسیقادا وەستاوی تۆیشی لەگەڵ خۆیدا دەخستە سەمایەکی حەماساویەوەو پێیە پەتییەکانت لەسەر ئەو چەوە دابووەدا دەسووتان. بەڵام چێژێکی قووڵت دەبینیو بیرت دەچوەوە لە کوێیت قژی بەو گیایانە دەشت. کە لەوی وشکی کردبوونەوەو بۆنی سەیر سەیریان لێدەهات کاتێ پرچی لەژێر هەتاودا دەبریسکایەوە، سەدان پەپوولەی رەنگاو رەنگت دەبینی وەکو سەراب بسەر سەریەوە دەسوورانەوە پەنجەکانت بۆ درێژ دەکردن تا یەك دونێکیان بکرێو لە نزیکەوە لێیان بڕوانیت بەو مەبەستەی لە بەشێکی نهێنییەکان تێبگەی.

بەڵام هیچت بە دەستەوە نەدەهات ئەوەی لە هەموو شتێزیاتر سەرنجی رادەکێشای، ئەو مێژوو لە ئەشکەوتە زۆر کۆنەکاندای کاتێ دەتپرسی ئەمانە چۆن دۆزراونەتەوەو چۆن گەیشتونەتە ئێرە وەڵامێکی رۆشەنت نەدەبیستو دەبوایە پش بە مەزەندەو لێکدانەوەی خۆت ببەستی ماڵەکەیان وادەهاتە بەرچاو هەزاران بەرد تاسی زۆر شارەزا لە شاخەکن دایانتاشێتو بۆناو شاریان راگوێزابێتەوە بۆیە نەتدەزانی ئاخۆ ئەوان شارییەنو پێیان خۆشە لە شاخدا بژین یان پە پێچەوانەوە شاخییەنو بە سەردان هاتوونەتە ناو شارەوە هەرچییەك بووبێ ئەمە تەواو لەگەڵ سرووشتی پیشەکەیاندا دەگونجا (مام دانیا)ی باوکی زۆربی کاتی لە ژوورێکی نیمچە تاریکدا بەسەر دەبردو کەس لە دەرەوەی‌نەدەبینی لێرە زانی گوڵێ سەری لەو مەلەسەیە دەردەچێو بۆ تێگەیشتنی دنیای ئەودیو پەنای بۆ دەبا.

دەیگوت: "- رەنگی هەورەکان لە گۆڕانێکی بەردەوام دان جووڵەکانیان وەکو جاران نیین، ئاراستەکانیان شێواون، باران‌و بەفر چارەکی ئەوسا نابارن، باڵندەکان کەم بوونەتەوە هەندێ جۆریان هەر بەتەواوی لەناوچوون وانەزانی حاڵی ماسیەکانیش باشە، ئاژەڵەکانیش بەهەمان شێوە، ماوەیەکی زۆر کوێم لە دەنگی پێی هەندێکیان نابێ سەیر نییە ئەگەر بڵێم شێرو پڵنگ تاکو تەرا ماون. دەزانی ئێستا ژمارەی دانیشتوانی ئەو دەوروبەرە چند بە قەدەر ئەوسایە.؟ دەزانی چەند هێکتار لە رووبەروی زەوی بە خانووبەرە داپۆشراوە؟ نازانی

خانووەکان لەچیو چی دروستکراون؟ پێ بڵێیم مرۆڤی ئەودیو ئەوپەری چەند ساڵ دەژی.؟ ئەو کاتەی چاوەڕێی وەرگرتنەوەی ئەنجامی چیرۆکەکانتان بوون لە ئاسمانی بێگەردیو روانیو پێی گوتی: "ـ ئێمە نزیکەی پێنج سەدەیە لێرەین."

لەپر دانەویەوەو دەستەکانی لەملاو لەوڵاوە بە ئەژنۆکانیەوە گرتو بە دەنگێگ، کە پێشتر هەرگیز پێی نەدوابوو گوتی: "ـ تۆ وانەزانی من، کە ئەو راستییانە دەزانم شتێکی باشە نەێر ئەمە بۆمن مایەی نائومێدییەکی گەورەیە."

من بە درێژایی ئەو ماوەیە هەوڵدا ئەمانە بیر خۆم بەرمەوە باوەر بە دنیایەکی دیکەی جیاواز بێنم، کە هیچی لەمە نەچێ بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبووم ئێستا دەزانم تۆ چەند بە تەوەری، کە لەم تاقیکردنەوەیەدا دەرناچی.

دووکەڵی ئاگری نوێنەکانی لەودیو بەردەوام بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێو بۆنی لۆکەی سووتاو دەگاتە لووتمەوە نازانم بۆچی نەمویست لیی بڕوانم کاتێ ئێری بەجێدەهێشت، دەبوایە وام بکردایە دو دیمەنیم لە بەرچاو ڵاناچێو ڵاناچێت، کاتێ دانەویەو دەستەکانی لەملاو لەوڵاوە بە ئەژنۆ لەرزۆکەکانیەوە گرت، باوەڕم نیی توانیبێتی ئەو لەشە بێهێزو دانێزراوەی راست بکاتەوەو بۆ ساتێکی کورتیش لەسەر قاچە لەرزۆکەکانی بوەستێ نەخێر بە دەما کەوتووەو پاسەوانەکان هەڵیانگرتۆتەوە خستوویانەتە سەر گالیسکەیەکو بەودیویان سپاردووە بۆ لێیم نەروانی؟ بۆ؟ ئاخر بۆ بۆ؟ زۆرجار پێیدەگوتم: "ـ نازانی چەند گرنگە بەدیقەتەوە سەرنج لەوانە بدەی کاتێ ناویان دەخوێندرێتەوەو دەگەنە ئەودیو! ئەوسا زۆر پێویستە هەموو شتێ لەبیر ۆت بەرێتەوەو ورد ورد لێیان بروانی" ئەمە یارمەتیت دەدا لەوەی تۆ بتوانی ساڵی داهاتوو چیرۆکەکەت چاکتر بنووسی.

ئەوکاتەی وتیشی ئێمە پێنج سەدەیە لێرەین، دەبوایە لێیم بپرسیایە بەپێی چ رۆژژمێرێ یەکەم جار ناوی رۆژژمێری چاڵدێرانم لە دەمی (مام دانیال)ی باوکیەوە بیست ئەوسا تەمەنم ل نۆ هاوین تێنەدەپەری، بۆی هیچ لەو مشتومڕی نێوان ئەمو باوکم تێگەنەگەیشتم، ئەوان تەواو لە یەکتر دەچن ئەمیان کەشناسو ئەویان مێژوونووس، ژنی دووەمی هەردووکیان کوژراون ئەمیان کچە گەورەکەی جێهێشتووەو کەس نازانێ سەری بۆ کام ڵا هەڵگرتووە ئەویان کوڕە گەورەکەی شاربەدەر کراوە هەردووکیان سەرو تاقە کچیان ماوە، هەردووکیان گۆشەگیرنو کەس نابینن، بەرادەیەك حیسابی مردوویان بۆ دەکەن. شەو لەگەڵ دەنگێکی سەیردا بێداربوومەوە،چاوە خەوالووەکانم لە نێو ژووورە تاریکەکەدا هەڵهێنا.

تەنها تارماییەکی سپێم دەبینی، لە قسەکانی تێنەدەگەیشتم بە ترسەوە دەستم بۆ شانی باوکم درێژ کرد، تا بە ئاگای بهێنمو بە هەر شێوەیەك بێ پێی بڵێم خێوێ هاتۆتە ژووری، بەڵام خێرا زانیم ئەو واهەستاوەو گوێی بۆ شل کردووە چەند جارێ دەرفەتی هێناو کۆمەڵێ شتی لەملاو لەوڵاوە بە ئەژنۆ لەرزۆکەکانیەوە گوت کاتێ تارماییەکە دەرگای ترازاندو پێی بردە ئەودیو سمیای چاکتر کەوتە بەردیدەی لێڵکو زانیم (مام دانیال) ی باوکی گوڵبەهارە ئەوسا گوتی: "- تۆ لە رۆژژمێری چاڵدێران تێنەگەیشتووی، ئەو رووداوانەی دەیانگێڕێتەوە هەموویان هەڵەن، وانەزانی من لەمە بێدەنگ دەبم؟"

بەیانی من چەندجار لە باوکمم پرسی کەچی ئەو هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی خەونم دیوە. بەڵام لەمەوە هەستم دەکرد سیمای زۆر گۆراوەو لە جاران ماندووتر دیارە، دەفتەرە گەورەو رنگپەریوەکانی یەك یەك لەسەر تاقەکان دادەگرتو پێیاندا دەچوەوە هێڵی بە ژێر هەندێ دێردا دەهێناو هەندێکیانی دەسڕیەوە.

لەمەوە کەمتر لەگەڵمدا دەدوا ئەگەر پێشان جار جاردەچووە دەرێو بە تەنیا لە ماڵ جێیدەهێشتم ئەوا لەوساوە دووپێی نەدەستە ئەودیو، چوار کەس دوو ژنو دوو پیاو هەر جارێ یەکێکیان بە جیاەریان لێ دەداو لەوژووەرە قسەیان بۆ دەکرد.

وای بۆ دەچوو هەواڵی شوێنە دوور دوورەکانی بۆ دەهێنن. دەمگوت: "- هەریەکەیان کۆکردنەوەی رووداوی وەرزێ لە وەرزەکانی ساڵی ئە لەستۆدایە. لەو ژورە بۆ دەگێڕنەوەو ئەویش لو دەفتەرە گەورانەدا تۆماریان دەکا، کاتێ نەمدەتوای بیانخوێنمەوە وامدەزانی هێشتا ماومە فێری ئەو زمانە ببمو لێیانتێبگەم. بەڵام دواتر بۆم دەرکەت لە خۆی بەوڵاوە کەسێکی دیکە نییە ئەو شفرانە هەڵبهێنێ.

نزانم چەند بەسەر ئەو رۆژەدا تێپەری بوو کاتێ ئێوارەیەکیان بیرم خستەوە، کە چۆن ئەو بەیانییە سووکو ئاسان راستی لێ شاردەمەوە بەوە خەڵەتاندمی گوایە خەونم دیوە هێشتا هەر سوور بوو لەسەر قسەی خۆی. بەڵام هۆی دەرنەچوونەکەی لە ماڵدا بۆ ئەوە دەگەرانەوە، کە ئەو مێژوونووسەو شێوازێکی زۆر تایبەتی هەیە لە نووسینی مێژوودا دەیوت نایەوێ بچێتە ناو ئاوەدانی،چونکە لەوێدا تەنها دوو جۆر خەڵک دەبینێ چەوچاوەو چەوسێنەر ئەمە کار لە سۆزی دەکەنو بە ئاسانی هەڵیدەخەڵەتێنن لێرەوە ناتوانێ شتێکی جیاواز بنووسێ چاوەڕێ بووم هەندێ قسەی دیکەیش بکا. بەڵام لەپڕ دەمی داست زۆری دەویست تا جارێکی دیکە ئەو لچو لێوە بە مەبەستی درکاندنی بەشێکیتری نهێنییەکانی دەکرانەوە هەزاران پرسیار نەیاندەتوانی ئەو زمانەی هەڵبهێننەوە. بەڵام دیار نەمانی ئەو ژنو پیاوانەی هەر یەکەی لە وەرزێ دەهاتو من وای بۆ دەچووم هەواڵەکانیان بۆ دەهێنا، ناچاریان کرد لە نووسینی مێژوودا پشت بە من ببەستێت، ئەگەرچی بۆتاقە جارێکیش نەیویست شتێ لە بارەیەوە بڵێ: "- بە تاگبیری ئەویش لەو مەیخانەیە دەستم بە ئیش کرد دەیگوت: "- نازانی ئەو ئیشە چ سەرمایەیەکی گەورەیە بۆ ئێمە لە هیش شوێنێکدا وەکو ئەوی هەواڵی راستو سەیر سەیرت دەستناکەوێ لەسەر ئەم مێزەیاندا ئەو جەنگاوەرە ماندووانەی بە مۆڵەت لە بارەکانی شەڕ گەراونەتەوەو بە قورگی پڕ لە گریانەوە بۆ بوتڵو کاسەکانیان دەدوێن، تا زیاتر مەست دەبن، زیاتر ئارەزوویان دەچێتە سەر گێرانەوەی بەسەرهاتەکانیان لەسەر مێزی تەنیشتیانەوە ئەو رێبوارانەی لە رێگای دوور دورەوە هاتوونو دوای هەڵدانی یەک دوو پێکو بەدەم گوێگرتن لە گۆرانیی کچانەوە بیریان دەچێتەوە بۆچی هاتوونو چەندی دیکەیان ماوە بگەنە شوێنی مەبەست بەبێ ئەوەی بیانەوێ دنیایەک رووداو لە دوای خۆیانەوە جێدەهێڵن دیسا لەوێ نیازەکان بەشێوەیەکی دیکە دەرکەوتن ئاراستەکان گۆرانو تێڕوانینی منیشیان لەگەڵ خۆیاندا گۆڕی.

هەندێ شو بە ئاسی دێیو تەنیاو بێدەنگ لەو سووچە دادەنیشتی لەوەتەی من لێرە دەستم بە ئیش کردووە جا نازانم پێشتریش ئەمە پیشەتە چراکەی پشت سەرت سێبەرەکەت بە گەورەیی دەاتە سەر ئەو دیوارەی بە نیگاری مرۆڤی سەیر سەیرو گیانداری جۆروجۆر نەشاوەو تێکەڵ بەوان دەبی، ئەوسا هێندەی دی دەخزێینە ناو ئەفسانەکانەوەو زیاتر دڵم دەخەیتە ختووڕەوە من، کە جورئەت ناکەم لە نزیکەوە ڵا بڕوانم ئەوا چاوم لەسەر سێبەرت ناگوێزمەوە تەنانت کاتێ دێمو خواردنەوەو مەزەت بۆ دەهێنم وا دەزانم دەیانخەمە بەردەمی سێبەرەکەت وەک بیدۆزمەوە بۆیە بەردەوام بەدوایەوەم دیارە ئەمە تەنها خەیاڵێکی کاتییەو ئەوەم بیر ناباتەوە، کە چ ترسێکی رێگرە لەوەی چاو ببرمەوە چاوانتەوە بەڵام دەزانم تۆ چەند بەدیقەتەوە سەرنج لە هەموو جووڵەیەکەم

دەدەی، بۆیە دەستەکانم دەلەرزن. کاسو سوراحی بەر یەکتر دەکەون‌و دەنگێکی سەیرین لێ هەڵدەستێ ئەوان لە قوری چاڵدێران دروستکراون. بۆیە بەو شێوە جیاوازە دەزرینگێنەوە بەڵاتەوە سەیرە من شتێکت پێ دەڵێم، کە خۆت لە هەموو کەس چاکتری لێ دەزانی.
وانییە؟ من تێناگەم قوڕی چاڵدێران چ جیاوازییەکی لەگەڵ قوڕی هەر شوێنێکی. دیکەدا هەیە، تا تۆ بەڵاتەوە گرنگ بێ کریارەکانت باوەر پڵا بهێنێ، کە سێیەری تۆم لێ بووەتە ولیا، لەبەر ئەوەیە جورئەت ناکەم لە خۆت بروانمو نامەوێ راستەوۆ لەگەڵ کێشیەکی گەورەدا رووبەرووببمەوە، ئەو کێشەیەی سەرتاپای تەمەنمی پێوە بەندە من کچی مێژوونووسیکم، کە وەهم سەرتاپای ژیانی داپۆشیوە، ئو پیاوە سەیرەی پێش ئەوەی باوکی‌من بێ باوکی تۆ بوو، ئەوەتا من ئیستا شتێکم پێ وتووی، کە تۆ نایزانی رەنگە بشیزانی بۆیە کاتێ کورانی تر بانگم دەکەن‌و بە مەبەستی زمەتکردن لە مێزەکانیان نزیکدەبمەوە سێیەرەکەت دەکەوێتە جووڵەو لەمەوە دەزانم سیمات تەواو گۆراوە دەموچاوت گرژ کردووەو گڵینەکانت زەق تێبڕیوم. ترسم هەیە لە پڕ پەڵامارم بدەیتو بە خەنجەر ونجڕ ونجڕم بکەی. پێ ناۆش نەبێ من باوەڕ بەوە بهێنم، کە تۆ دوای ئەوەی دەستت داوەتە کاری هونەریو دەتەوێ لە رێگای فرۆشتنی کەلوپەلەکانتەوە لەم شارە وەربگیرێتەوە وازت لە کوشتن هێناوە ئەو گەنجانە کاتێ مەست دەبن شەرمیان لێ هەڵدەگیرێ بە بیانووی جۆراوجۆر بانگم دەکەن دەستەکانم دەگوشن زۆڵانە پەنجە بزێوەکانیان دەنە قژی درێژو خاومەوە وشەی سەیر سەیر دەچپێننە گوێچکەمەوە ئیشەکەشم وا دەوازێ رووم گرژ نەکەمو بزەی ناسم ناسکیان بۆ بخەمە سەر لێوم، رەنگە تۆ بەرگەی ئەم ئازارە نەگریتو لەناو ئەو بێدەنگییەت بێیتە دەرێ، کە وەکو جلو بەرگ پۆشیوتە گوێ بەوە نادەی سزاکەت قورستر دەبێو تا ماوی لە ئەشکەوتەکاندا وەکو ئاژەڵێکی کێوی ژیانت دەگوزەرێنێت، بە قژ هەڵمدەواسیو بە نووسکی خەنجەری تیژت هەناوم دەردەهێنی بەراستی پێ بڵێ من لام رووون نییەی ئاۆ لە نامدا پشی تۆ هەر شارێ رێگایەکی تایبەتی هەیە لە دەرکردنو وەرگرتنەوەی کەسەکانی خۆیدا ئەمەیش شێوازی شاری ئێمەیە لەو کێوە سەختانە هونەرێ بدۆزەرەوەو بە ناوێکی تروە بیگەیەنە ئاوەدانی، من هیچ بەهرەیەك لە خۆمدا شك نابەم بۆیە باوەرم وایە ئەگەر دەست بۆ کارێکی بەرەم دەبێ وەکو ورچە تەنیاکان تا ماوم ژیان لە ئەشکەوتدا بەسەر بەرم کاتێ ئاوات پێ دەڵێم، خەیاڵت بۆ ئەوە نەچێ من بیرم لە کوشتنی تۆ کردۆتەوە هەقیشە ئەگەر ترسێکی ئاوا دڵت ختووڕە بدا، بگرە بشتتۆقێنێ چونکە تۆ لە هەر کەسێکی دیکە چاکتر دەزانی، کە کوشتن لە هیچ شتێ ناچێ ئەوانەی پێش تۆ گیانێکیان لەنێوبردووەو دوای ماوەیەکی زۆر لە ئارەزوویی ناو کێوان گەراونەتەوە وایان وتووە هەموویان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن، کە حاڵەتێکە دوور لە ئیرادە کاتێکیان زانیوە واهەستێکی سەیر تەفرەیان دەداتو ناچارن کەفوکوڵی دڵیان دامرکێننەوە بە رادەیەك ئەگەر ئەمە بە جووڵەیان دەهات، بەڵێ کوشتن ئەو رێگایەیە، کە بۆ رزگارکردنی ژیانت لە چەپۆکی دڵنیات بکەم، کە شەوێ لە شەوان دوای ئەوەی تەواو مەستیتو ئاگات لە دنیا براوە لەپڕ بێ ویستی خۆم پەڵاماری قوڕگت نادەمو بۆ هەتا هەتایە لە- جووڵەت ناخەم.. نازانم تۆ لە هونەرەکەت سەرکەوتوو دەبی، یان نا، تاوەکو ئەوان بە ئێجگاری بگەڕێتەوە. بەڵام خەیاڵ نەکەیت باوکم لەماڵ وەرتگرێتەوە.. وەکو من بیستوومە ئەگەر ئەو نەبوایە، کەس بەتاوانەکانی نەدەزانی..هەر

خۆی لە دادگا پەردەی لەسەر رووی راستیەکان لادا و وەکو بکوژێ بەسزای گەیانی. ڕۆژێ لە ڕۆژان ناوی تۆی نەهێناوە. شتێ نابینم لە نێو ماڵمان، ئەوە پیشانبدا، کە تۆ لەوێدا ژیاوی، یان هەر بۆ ساتێکیش پێ خستبێتە ئەمدیویەوە.. ناوە راستەقینەکەتو روداوەکانم پچڕپچڕ لەو بیستوون.

(ئیدریسی حیکایەتخوان)یش چیرۆکێکی لە بارەی تۆوە هەڵبەستووە. لە دیوەخانی بەگەکانو لەسەر سەکۆکاندا لەبری بڕێ پارە، یان هەندێ خۆراك لەپاڵ دەیان چیرۆکی دیکەدا دەیگێڕێتەوە. دەڵێن هەر ئەو چیرۆکەی گەیاندۆتە شوێنە دوورەکانی وەکو (ئەستەمبوڵ)و (بەغداد)ش‌و لەوێ بەزمانی تورکیو عەرەبی گێڕاویەتەوە.. من دەزانم ئەو رقی لە باوکمەو دەیەوێ لە نێو خەڵکدا بیشکێنێ.. هەر ئەویش مەڵای شارەکانی ئەوبەری هاندابوو فەتوای کوشتنی دەربکەن، چونکە لەجیاتی وشەی (عەرەبستان)، (عەرەبخانە)ی بەکار هێناوەو گوتووشێتی، ئەگەرچی عەرەبەکان لە هاویندا سوود بە دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەگەیەنن، کە چەند سەدەیەکە بۆی هاتوون، بەوەی هەموو گوڵەو بزنمژەکان راو دەکەنو دەیانخۆن. بەڵام زستانان دەبنە بار بەسەر خەڵکەوە، بۆیە من زۆر پشت بەچیرۆکەکەی نابەستم.. ئەگەر چی (دادە گوڵزار)، کە ئامۆزای دایکی خۆتە و هەر ئەویش پێش ئەوەی دایکە من بێتە ئاراوە، دایکت باوکمی بەیەکتر ناساندووە، باوەڕی وایە بەشێ لەو بەسەرهاتە راستن. ئەویش تۆی ناسییەوە. ئەگەرچی ئو کێوانە دەتوانن تەنها لوماوەی مانگێکدا سیمای شارییەکان بگۆڕنو بە گرانو سەختی بیاننایستەوە. بەڵام ئەو دوای بیست ساڵ تۆی ناسیەوە، دەیگوت: "- لەگەڵ ئەوەشدا رووخسارت تەواو گۆڕاوەو کوڕە هەژدە ساڵانەکەی ئەوسا نەماوی.. شێوەی رۆیشتنیشت ئەوەی جاران نییە، چونکە خەڵکی شاخ بە حوکمی ئەوەی بە هەوراواندا هەڵدەزێنن، هەندێ کوور دەبن، دەنگت ئەوەی ئەوسا نییە، هەر لەبەر ئەوەی زۆر کەم پێی دواوی، یان هەر پێی نەدوایو تەنها گۆرانیت پێگوتوەو پێی گریاوی. بەڵام بەشێ دەزانێ کە تۆ (زەردەشت)ی، کەچی چەندی هەوڵم لەگەڵی دا، پێی نەوتم ئەو شتە چییە.. ئێستا تۆ ناوت لەخۆت ناوە (کرمانج)، بەڵام ئەوەی نازناوی(چیمەن)ی پێ بەخشیوی، (گوڵبەهاری گۆرانیبێژ)ە، ئەو کچە جووەی هەمیشە لەناو خەڵکدا بە کەلوپەلەکانتدا هەڵدەدا.. نەخشەکانی سەریان بۆ ئەمو ئەو لێکدەداتەوە بۆ مێژووی هەزاران ساڵیان دەگێڕێتەوە.. دەڵێ چاوەکانی تۆ وەکو چیمەن لە بەهارو هاویندا سەوزنو لە پایزو زستاندا بۆ زەردێکی کاڵ دەگۆڕێن. لەگەڵ هەر گۆرانێکیشدا، شتەکان بەشێوەیەکی جیاواز دەبینن، من ناوێرم لێیان بڕوانم، تا بزانم ئەمە راستییە، یان غەزەلی کچێکە هاری بێشەرم.. کەچی لەهەر کەسێکی دیکە زیاتر بیرت لێدەکەمەوەو مەبەستمە لە نهێنیەکانت تێبگەم.. دەتوانم بڵێم کاتێ بۆ یەکەمین جاریش گەڕایتەوە، کەس لەپێش منەوە نەیبنی، بەبێ ئەوەی بزانم کێیو چ پەیوەندیەکت بە منەوە هەیە. لە کوێوە هاتووەو بە چ مەبەستێ ئەو رێگایەت گرتۆتەبەر، لێرادەمامو سەیر دەکەوتیتە بەردیدەی لێڵم. (بۆ زانی من وشەی سەیر بۆ ئەو شتانە بەکاردەهێنم، کە لێیان تێناگەمو لەشێوەی مەتەڵێکی ئاڵۆز رووبەڕووم دەبنەوە). لە منداڵیەوە واراهاتووم، هەر بەیانییەك زوو بە ئاگا بێم، دەچمە سەربان. نازانم چ لەزەتێ لەوە دەبینم لەوێوە بەچاوی خەوالووەوە بۆ ئاسۆ دوور دوورەکان بڕوانم، نەخێر، ئەمە خووێکەو ناتوانم دەستی لێ هەڵگرم. ئەوسا لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر هەست بەمندالیی خۆم دەکەم.. لە ئەنجامی رامانی زۆردا، بەربینایم لێڵ دەبێ. خەیاڵەکان لە نێو سەرمدا تێکدەڕژێن. خەونەکان تێکەڵ

بەڕاستیەکان دەبن. نازانم نووستووم، یان بە ئاگام، یان حاڵەتێکەو لە هەردووکیان پێکهاتووە. کێوەکان لە نێو تەمێکی چڕدا، کە دەزانم هی ناو چاوەکانمە، نەك هی ئاسمان، بەحاڵ دیارن.. لە منداڵدانێکی گەورە دەچن.. تا ئێستایش نەمتوانیوە باوەڕ بە خۆم بهێنم، کە ئەمە گەمژەییەو دەبێ دوای ئەم تەمەنە ئەو دیمەنە بگۆڕم. ئاخر بۆچی ناتوانم چیتر نەڵێم (کێوەکان لە نێو تەمە چڕەکاندا وەکو منداڵ دیارن؟) شوێنی ماڵەکەشمان زۆر لەبارە لەوەی نیگاکانتم بە ئاسانیو دوور لە بەربەست بگەیەنمە شاخەکان. خەڵکێکی زۆر هەن لە نێو شار حەزیان لە قەراغ نییە. دەڵێن: "- لەوێ هەست بە ترسو غوربەت دەکەن.. هەر بۆیە نرخی خانوو لێرە لە چاو ئەوێ هێندە هەرزانە.. کەچی خەڵکی ئێرە بە گشتی لە هیچ ناوجەرگەی شار وریاترو دەسترەنگینترن.. زیاتر لەوان حەزیان لە شتی نوێیە. ئەوانن دەبنە هونەرمەند. بەڵگەشم ئەوەیە، زۆربەی جووەکان لە قەراغ دەژین، لە کاتێکدا هەر ئەوانیش بازاڕ بەڕێوە دەبەن. هەر بۆیە کەلوپەلەکانی تۆیش لەم گەڕەکە رەواجیان هەیە.. ئوان تاقی نادینەکانیان پڕ کردووە لە قاپو کەوچکو گیاندارەکانیان لەناو جامخانەی کانتوری ژوورەکانیان داناوە.. سوراحیو کاسەکانیش لەمەیخانە بەکار دەهێنن. من ئەگەر چی هیچ ماڵێ لە پشت ماڵی خۆمانەوە نابینم. بەڵام تا ئیستا نازانم ئەو هەستی ترسو غوربەتە لەناخمدا هەن یان نا. بەڵام دڵنیام ئەمە شتێکی ئاسایی نییە، کە ئێستا تەمەنم هەژدە ساڵە، وازم لەو خووە نەهێناوە بەیانیان بچمە سەربانو شێتانە لەو فەزایە بڕوانم. وامزانی لەناو هەورەکاندا هاتیتە دەرێ.. ئەسپێکی سپی گالیسکەیەکی ڕەشی ڕادەکێشا، بەجلێکی سورەوە قاچەکانت لە نزیك تایە گەورەکانەوە لە هەوادا دەلەرینەوە. لە دوو لوولەی ئاگر دەچوون.. چۆنت دەزانی من ڕەنگی سوور لەنێوان سپیو ڕەشدا ببینم، گەشکە دەمگرێو موچوڕکە هەموو گیانم دەهەژێنێ؟ لە هەرکاتێکی دی زیاتر هەست بە کچێنی خۆم دەکەم. لەزەتەکان لەناخەوە هەڵدەفڕنو تا سەر زمانم دێن. ئێستایش بە دڵنیاییەوە دەڵێم چ خۆتو چ ئەسپو چ گالیسکەکەشت دەتوت سێ پارچە هەوری ڕەنگجیاوازنو دەترسام ورده ورده بتوێتەوە.. لە ئاستی جۆگەلەکەی پشت ماڵمان هێواشت کردەوەو دوایش لەپڕو بە خێراییەکی سەیر پەڕیتەوە. قازەکانم ترساو زارەترەك بڵاوبوونەوە. ئەو دیمەنە بینینی منی بە لاڕێدا برد. وامزانی ئەسپەکەت بەر هێزێکی غەیبی کەوتو بووە دەیان پارچە. باڵیان لەملاولەوڵا لێککردەوەو قیڕاندیان. سنگیان بەر زەوی کەوتو قایمتر قیراندیان. هەستانەوەو زیاتر قیراندیان، ئەو قیڕە قیڕە لەگەڵ دەنگی قاچی ئەسپو تایە ئاسنەکانی گالیسکەکەت ئەو چەوە هاوکات لەگەڵ زرینگانەوەی ئەو هەموو ورچو ئاسكو شێرو پڵنگو قاپو کەوچكو سوراحیەی، کەدواتر بە خەڵکت گوت لە (قوڕی چاڵدێران)ت دروستکردوون، تێکەڵ بوونو هەر خۆم دەزانم چ ئاوازێکی سەیریاندا بە گوێچکەمدا. دیمەنەکەم بە شێوەیەکی جیاواز دەبینی. هەی دڵڕەقی هار بە ئاگر راوی قازەکانمت دەناو دەتویست بیانسووتێنی، یاخود بیانتوێنیتەوە.. ئەرێ چی نەیهێشت بە سەرتا بقیژێنمو بڵێم: "- کوڕەکە سووك.. سووك.. کوڕەکە سووك.. لەگەڵ تۆمە.. ئاگات لە قازەکانم بێ. بۆچی ئاوا بێبەزییانە تێیانکەوتووی؟ وریا بە.. ئەوە بۆ کوێ ئاوا ملی ڕێگات گرتووە؟ ئای ئای ئەوە لەگەڵ تۆم نییە؟ ڕەنگە خێرا زانیبێتم، کە ئەم وشانە بەدەنگە بەرز ناوترێن.. یاخود دەوترێن. بەڵام ناتوانن مەبەستی خۆیان بگەیەنن. ئەو هەناسە شێواوانەی لەگەڵ دەنگەکاندا دەردەچن، ناتوانن بەهەمان خێرایی بڕۆنو بگەنە گوێچکەتەوە. چاوت لێیە زرینگانەوەی وشەکانیش وەکو

کەلوپەلەکانت گرینگن. نەخێر، بینینی ئەو دیمەنەو تێکەڵبوونی رەنگەکانو تێکقژقژانی دەنگەکان لەزەتێکی وایان خستە دڵمەوە، نایانهێشت گوێ بە ترسانی قازەکانم بدەم. تۆ دەبێ بزانی یەکەمین بینین چەند گرینگەو وەکو ئەسپەکەت هەموو شتەکان بەدوای خۆیدا رادەکێشێ. باوکم دەڵێ: "- پێغەمبەر ئەوسا لەسەرەتای گەنجێتیدا بوو. ئاوەدانی جێهێشتو چووە کێوەکان. ژنەکەیشی برد. لە ئەشکەوت دەژیان. رۆژێکیان بورکان هەڵایسا.. شاخ گڕی گرت. ئەو ئاگرەی زۆری نەمابوو بیانسوتێنێ، دواتر هەر چۆنێ بوو کوژایەوە. بەڵام لەناو خەیاڵی ئەودا بەردەوام کڵپەی دەسەند، فەلسەفەکەی لەسەر داڕشت ئاگری کردە بنەمای ژیانو لەبەرامبەر تاریکیدا وەکو سومبولی چاکیو پاکیو روناکی ناساندی.. من تێناگەم، ئاخۆ تۆ بەئاگرو روناکی دەزانم، یان بە تاریکی، بەڵام ئەوەی لاو روونە ئەوەیە ناتوانم لە خەیاڵمت دەربکەم، بڕوانە منو باوکم چەند لە یەکتر جیاوازین. ئەو سووکو ئاسان، بەبێ هیچ دوودڵیەک شاربەدەری کردی، کەچی من مەحاڵە بڕیارێکی ئاوام بۆ بدرێ. بەڵام نازانم ئەگەر دەرت ناکەمو لە نێو خەیاڵمدا دەتعەڵمەوە، چ نیازێکم هەیەو بە چ ئەنجامێکت دەگەیەنم.. ئەوەندەم لا روونە وازم لە هەموو شتێ هێناوەو بەدواتەوەم.. ئەگەر ئەو ترسە نەبێت، کە رێگرە لەوەی لێ نزیک بکەومەوە لە چاوانت بڕوان، ئەوا لە ماوەیەکی کورتدا هەڵتدەوەشێنمەوەو لەهر پارچەیەکتدا دەیان نهێنی دەدۆزمەوە.. باوکە مێژوونووسە پەککەوتوەکەم لە ماڵەوە چاوەڕێیە هەواڵەکانی بۆ کۆبکەمەوە. بەڵام من بەهۆی تۆوە ئاگام لەدنیا بڕاوە. ناتوانم پێی رابگەیەنم، کە تۆ بە ناوێکیترەوە رووت کردۆتە ئاوەدانییەوە. بەرگەی کارەساتێکی ئاوا ناگرێ دوور نییە هەر خێرا گیانی دەربچێ. هەندێ جاریش وای بۆ دەچم زانیبێتی، چونکە لەگەڵ دەرکەوتنی تۆدا، ئەویش بە ئێجگاری خزایە کونجی ژووری تاریکەکەیو نایەوێ رووناکی ببینێ، پێشان پێی نەدەخستە ئەودیوی حەوشەو بێجگە لە من، کەسی دیکەی نەدەدی، من کە بەدرێژایی شەو لەو مەیخانەیەدا کار دەکەم، ئەوا بەیانیان پێش هەتاوکەوتن وەکو مردو بۆ ماڵ دەگەڕێمەوە. بەر لەوەی بچمە سەر جێگاکەم و بنووم، ئەو لەشە ماندووەم دەگەیەنمە سەربانو لەو چۆڵەوانیە دەڕوانم.. گەرەکمە تۆ ببینم، کاتێ بەو ئەسپو گالیسکەیەت لەجۆگەلەکە دەپەڕیتەوەو قازەکانم پەرشو بڵاودەکەیتەوە. بەڵام ئەوان وەکو ئەوسا ناترسنو ناقیڕێنن. دەزانم بە پێچەوانەی من دڵت بەو دیمەنە خۆش دەبێ، چەنکە واهەست دەکەی لەئاوەدانی ناسراویو بەسیمات ئاشنا بوون. نازانم زانیویشتە کێیە خاوەنی قازەکان، یان نا؟ ئەو خەیاڵە لەگەڵ خۆمدا دەبەمە سەر جێگاو لە باوەشما دەیخەوێنم. بەڵام ئەوە خەو نییە، بەڵکو بوورانەوەیە. ئیشی شەو زۆر زەحمەتە. ئەی چۆن! تا ئێوارە بێجار نابمەوەو ئاگام لە دەرەوە بڕاوە. نازانم لە پشت ئەو چاوە نوقاوانەمدا چی لەناو ماڵو دەرەوە روو دەدا. هەندێ جار وای بۆ دەچم ئەمە فێڵێکەو باوکم لێی کردووم.ز بەشەو مەیخانەو بە رۆژیش خەو. رێگایەکی چاکی دۆزیوەتەوە بۆ ئەوەی نەهێڵێ من ئەو راستیانە بزانم. زۆری پێ ناچێ مەسەلەکە بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەبەمو دەگەمە باوەڕێکی تری تەواو جیاوازەوە. دەڵێم: "- شەڕی ئەو لەدژی تۆیە. هەر هەوڵێکی بۆ ئەوەیە تۆ نەتتوانی بگەڕێیتەوە. رقت هەڵدەستێنێ. گڕ لە دڵت بەردەدا، بەوەی خوشکەکەتی ناردۆتە ئەو مەیخانەیەو بەبەرچاوتەوە کوڕان ماچی بۆ هەڵدەدەن. پەنجەکانی دەگوشن. مەمکەکانی دەگرن. ئەو وایزانیوە دەستت ناچێتە خوێنی منەوە، بەڵام شەوێ دەگاتە تینتو یەک دوانێ لەو گەنجانە بەخەنجەری تیژت ونجڕ ونجڕ

دەکەی. ئەوسا سزاکەت قورستر دەبێت.ز ئەنجام وەکو هەر ئازەڵێکی کێوی لەو شاخانە، بەبێ ئەوەی کەس بزانێت، گیانت دەردەچێو ڵاشەت دەبێتە خۆراکی داڵو کەمتیار. بەڵام من نازانم بۆچی وا لە دڵم چەسپیوە، کە ئەوەی بەدەستی تۆ خوێنی دەڕژێ، هەر خۆمم. باوکم بیری لەشتێکی دیکەش کردۆتەوە. ئەو دەزانێ ئەگەر ئەو ئازارەی بەهۆی منەوە دەیچێژی، نەگاتە ئەوەی هیچ کەسێکیش بکوژێ، ئەوا خۆ بەئاسانی دەتوانێ ناخت داڕزێنێو نەهێڵێ خەریکە کاری هونەری بی. ئەنجام بەرهەمت نابێو چاوت بەئاوەدانی ناکەوێتەوە. بزانە من بەبێ ئەوەی ئاگام لێبێ، یان ویستبێتم، چ کێشەیەکی گەورەم بۆ خوڵقاندوی. پێمگوتی: "- باوکم هەموو هەوڵێ دەدا نەگەڕێتەوە نێو ئاوەدانی. کەلە رەقیەکەی بێ سنووورە. باوەڕی بە تۆیە نییە.. زۆر دەمێکە فەلسەفەی خۆم لەبارەیەوە راگەیاندووە. ئەوسا دەنکە تەرزەکان لە ئاسمانێکی رەشی تاریکەوە دەبارینە ناو حەوشەوەو هەندێکیان بەر پلێتی سەر کوڵانەی قازەکان دەکەوتن، دەنگێکی ترسناکیان لێ هەڵدەستاو دڵیان دادەچڵەکاندم. لەودیوی پەنجەرەکە دەستەکانی گرتیوو بەملاو ڵای دیوارەوەو گوتی: "- تۆبە هەر خۆی گوناهێکی دیکەیە، چونکە زەمەنی تۆبە لەدوای زەمەنی گوناهەوە دێت.. تۆبە گەرانەوەیە بۆ رابردوویکی پێش سەردەمی گوناە. بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەنی مرۆڤ تەنها بریتییە لە گوناە، ئەوا هەر دەبێ بۆ گوناە بگەڕێتەوە.

باوەڕ بکە هیچ لەو ووشانە تێنەگەیشتووم و نەشمزانی بۆچی وای پێ گوتم، وەکو چۆن قازەکانم زۆر جار لە من تێناگەن و نازانن چیم لێیان دەوێ، بۆیە هەندێ بۆی ئاسانکردمەوە. ئەوەی لێیتێگەیشتم هەر ئەوەیە: "- زەمەن کاتێ تێدەپەڕێ، خۆشەویست دەبێ. وەکو شتێکی پیرۆز لێی دەڕوانین. ئەو گوناهانەیش بەپاك دەزانین، کە ئەوسا بە ترسەوە دەستمان بۆ بردوون، بۆیە ئێستا بە بێ دوودڵی دووبارەیان دەکەینەوەو ناویان لێدەنێین تۆبە. بزانە رابردوو چ شوێنێکی ئاسودەیە بۆ ژیانمان.. هەرگیز خۆمان لە ئاست ئەو گوناهانە بە بەرپرسیار نازانین، کە ئەوسا کردوومانن. ئەوەی مایەی ترسو دوودڵیە، ئێستایە. نەخێر، تۆ وا بیر ناکەیتەوە. من هەر کاتێ بۆ رابردوو بگەڕێمەوە، خەیاڵم لەو رۆژە دەئاڵێ، کە بە ئاگر راوی قازەکانمت دەنا. رەنگەکان تەفرەم دەدەن. ئێستا لەوە تێدەگەم چۆن قازەکان دایکمیان کردۆتە نیگار کێشێکی شارەزا. ئەو باڵندە خەمناکە لە زۆربەی نیگارەکانیدا دەبینرێ، کە لەم دواییەدا (دادە گوڵزار) پیشانیانی داوم. پێم دەڵێ ئەو بە کچێنیو دواتریش هەمیشە جلێکی رەشی سادەی دەپۆشیو شاڵێکی سووری تۆخی بەسەر شانە گۆشتنەکانیدا دەدا. قازێکی سپی سپی دەخستە ژێر پاڵی چەپیەوە. هەردوو چمکی شاڵەکە لەملاو لەوڵاوە بەسەر سنگیدا دەهاتنە خوارێ. لەئاستی سکیدا جووتدەبوونەوەو بەشێکی قازەکەیان دادەپۆشی. بە باوەڕی ئەم، قاز باڵندەی کچانەو زۆر لە تاووس سەرنجڕاکێشترە، کە دەیان رەنگی جیاوازی بەخۆیەوە گرتووەو لە بەر تیشکی هەتاودا دەبریسکێنەوە. کاتێ بە بازاڕدا دەڕۆیشت، زوو زوو کوڕان دەچونە بەردەمیو لێیاندەپرسی، ئاخۆ قازەکەی نافرۆشێ، یان لەگەڵ هەر باڵندەیەکی دیکەدا نایگۆڕێتەوە، بەڵام ئەم وەڵامی کەسیانی نەدەدایەوە. نە دەویست بیفرۆشێو نە لەگەڵ چینوماچین تاوسیشدا ئاڵوگۆڕی پێ بکات، بەڵکو هەمیشە بیری خۆی دەبردەوە، کە ئەم باڵندەیەکی پێیە. ئەو مەبەستی بوو هێندە بە بەرچاوانجا بێو بچێ، تا هاوکات ئەوانیش لەسەر ئەوە رابهێنێ، کە ئەو دیمەنە شتێکی ئەزەلییەو ئەم هەر ئاوا هاتۆتە دنیاوە، یاخود وەکو جلوبەرگ ئاساییەو بەشێکە لەپێویستیەکانی پۆشین. هەر بۆیە نیگاری هیچ

کچێکیشی بەبێ ئەو باڵندە شەرمنە نەدەکێشا. وەك بڵێی ویستبێتی ئەواو لە دڵاندا بیچەسپێنێ، کە ئەوان بەبێ قازەکان رووتن. نەخێنیەکانیان لە هەموو لاوە دەکەونە بەر چاوە نێرە ئیبلیسیەکانو بەئاسانی دەیانخوێننەوە. ئەنجام لێیان تێر دەبنو بۆ هەتا هەتایە بەڵایانەوە دەنێن. هەرگیز لە بارەی قازەکەیەوە نەدەدوا. رۆژی بووکێنییەکەیشی داینەنا. بردیە سەر جێگاکەیشی. جلەکانی یەك بە یەك داکەندو بە قازەکەیەوە لەسەر ئەو تەختە ساجە راکشا. چ کچێکی سەیر بووە.. ئەو هەموو گەنجە قۆزە سەرنجی راناکێشن، کە رۆژانە بە بیانووی قازەکەی ژێر باڵی چەپییەوە دەیانەوێ لێی نزیك ببنەوەو بیدوێنن. بەسەر هەر هەموویاندا باز دەداو پیاوێ هەڵدەبژێرێ، کە لە تەمەنی باوکیەتیو کوڕکەی لەو کەورەترە. بەڵام ناکرێ ئاوا ساویلکانەو خۆشباوەڕانە لەو مەسەلەیە بڕوانین، بەتاییەتی کاتێ دەزانین ئەو وەکو بە (دادە گوڵزار)ی وتووە، پێی وابووە (ئارەزووی گەیشتن بەودیوی رەنگەکان) هەموو رووداوەکان ئاراستە دەکا. هەر بۆیە کوشتنیشی بەتاوان نەزانیوە. بەڵێ: "- گوتوویەتی ئەگەر گورگ پەڵاماری مەڕی سپی دەداو لەچاو تروکانێکدا بەگەڵبەی تیژی سکی هەڵدەدڕێت، ئەوا تەنها بۆ ئەوەیەتی رەنگی سووری تێدا بدۆزێتەوە، دەتوانم بڵێم ئەو شووی نەکدووە، بەڵکو لەپیاودا بەدوای رەنگدا گەڕاوە. بزانە من دیسان دەمەوێ بەسەرهاتێکت بۆ بگێرمەوە، کە تۆ لە منو لە هەر کەسێکیتر چاکتری لێ دەزانی. پێویستە من گوێ بگرم تۆ ورد ورد لە نووکەوە هەموو شتێکم بۆ بگێڕیتەوە.. بەتاییەتی ئەم مەسەلەیە، کە ژیانو چارەنووسی هەردووکمانی پێوە بەندە. بەڵام تۆ بەو بێدەنگیەت هەموو شتێکم لێ دەشێوێنی. لە خاچم دەکێشیت.. هێندەی دیکە خۆتم لێ ئاڵۆز دەکەیو زیاتر دەبیتە مەتەڵ. گومژەییی منیش لەوەدایە، لە کاتێکدا ناتوانم تۆزقاڵێ نەخێنی لە خۆتدا بدۆزمەوە، کەچی تەمام وایە لەسێبەرتەوە بە راستییەکان بگەم، لە پەڕی مەستیدا ئاگات لە زمانتەو ناهێڵیت یەك وشەی بەسەردا تێپەڕێت.. دەشزانی کەی هەستیو بچیتە دەرێ. خۆت هەڵدەدەیتە سەر گالیسکەکەتو لەناو تەمەکاندا غار بە ئەسپی هەورینت دەدەی. من بەیانیان تاوێ دوای تۆ دەگەرێمەوەو شوێنەوارت بەسەر ئەو رێگایانەوە دەبینم. بە ژێر درەختی گوێژەکاندا تێپەڕیوی، کە رێواوڕێ لەو قەراغەدا خۆرسکانە رواون. پایز دوای بێنەوبەرەیەکی زۆر سەرجەمی گەڵاکانیانی هەڵوەراندوونو گوێژە سوور سوورەکانیان هەر پێوە ماون. تەنها خۆت دەیزانی بیر لە چی دەکەیتەوە و چ چێژێکی سەیر لەو دیمەنە دەبینی. جێگای سەرسوڕمانە درەختێکی رووت، کە هەر لە مردوو دەچێو بەرەکەشی ئاوا لیك لەناو دەمەکان دەڕێژێ، دوور نییە ئەمە تەنها گەمەی رەنگەکان بێو هیچیتر. لە ژێر قاچی نائاکراوی ئەسپەو تایەی ئاسنی گالیسکەکەتدا گەڵا وشکەکان ورد ورد دەبن. جا نازانم دەتگریەنن، یان گوڕانی خەمناك خەمناکت پێ دەڵێن: "- یان هەردووکیان پێکەوە. گریانو گوڕانی لە یەك کاتدا. من بەدەم رێوە چنگ چنگ ئەو گەڵایانە کۆ دەکەمەوەو قوول قوول بۆنیان هەڵدەمژم، بەبێ ئەوەی چاو لەسەر شوێنەواری تۆ هەڵبڕم. بەسەریدا هەنگاو بەرەو گەڕەکمان هەڵدەنێم. تا سەری کۆڵانم دەگەیەنێ. لەوێ، رێك لە بەردەم ماڵی (گوڵبەهاری گوڕانیبێژ)دا جیا دەبینەوە.. لەوە زیاتر نایەتە پێش و رێگای خۆت دەگری. لە پیرەمێردێکی پەككەوتە دەترسی، کە تاەنها ناوی ماوە. جا بۆ نەترسی! قازەکانم لە پێش تۆوە دەگەنە جۆگەی ئاوەکە. فریا ناکەوم لە گەڕانەوەدا بتبینم، کاتێ دەپەڕیتەوە، تا بزانم چ هەستێکم لەدڵدا دەخوڵقێنێ. زۆر جاریش خەیاڵم بۆ ئەوە دەچێ تۆ لەماڵی (گوڵبەهار) دەژی. بە

دزیی چاوە زیتەکانتەوە ئەسپو گالیسکەکەت لەو حەوشە گەورەیە رادەگریو بەئەسپایی دەچیتە ژورێ. چاکت دۆزیوەتەوە. بەڵام ئاوا بەئاسانی بۆت ناچێتە سەر. با زیاتر لەو راستییە دڵنیابم، ئەوسا دەزانی چۆن بە خەونیش ئاوەدانی نابینیتەوە. من، کە تا ئێستا نازانم ڵایەنگری تۆم یان هی باوکم، بەڵام کارێکی ئاوا پاڵم پێوە دەنێ ببمە دوژمنێکی سەرسەختت. لەمەوە هیوای گەڕانەوەت بە تەواوی نامێنێ. شتێکی دیکەم پێ نەووتووی. باوکم باوەڕی وایە مرۆڤ وەکو شوێن نییە، ئەگەر لە بنەڕەتەوە بە پیرۆز لێی بڕوانین، ئەوا تا سەر ئاوا بمێنێتەوە. دەیگوت بە دەگمەن بنیادەمی پیرۆز هەڵدەکەوێ، ئەو پیرۆزیەش زۆر بە ئاسانی لە دەست دەچێ. شەوێکیان لەگەڵ یەکێ لەو ژنانەدا، کە بە باوەڕی خۆم لەپاڵ سێ کەسی دیکەدا هەواڵیان لەو شوێنە دوورەکانەوە بۆ دەهێنا، گفتوگۆیەکی گەرمیان دامەزراندو تا بەرەبەیان نەیانبڕیەوە. راستە من لە زۆربەی تێنەگەیشتمو تا بۆشیان بکرایە، نەیاندەهێشت گوێم لێیانبێ. بەڵام توانیم ئەو ئەنجامە لە سەرجەمی گوتەکانیاندا هەڵێنجم، کە ئێستا بە تۆم گوت: "- باوکم سەرەتا بەردی رەشی موسوڵمانانی بە نموونە هێنایەوە، کە دوای هاتنی پێغەمبەریان هەر بە پیرۆزی مایەوە. بەڵام هەزاران عەرەب لەوانەی ئەو بەردە رەشەیان بەپیرۆز دەزانیو دەیانپەرست، لە زنجیرە شەڕە خوێناویەکانیاندا کوژرانو ناوی تۆپیویان لێنان. ئەوجا بابە هاتە سەر باسی مزگەوتی ئومەوی، کە لەسەرەتا پەستگایەکی ئارام بوو. یونانیەکان کردیانە پەرستگای خواوەندی جوبێتەری دیمەشقی. بێزەنتییەکان کردیانە کەنیسەو دواجار ئیسڵامەکان کردیانە ئەو مزگەوت. باوکم دەیگوت مرۆڤ هەرچیبێ، ناگاتە ئەو شەیتانەی لە ئاسمان مامۆستای فریشتەکان بووو وانەی زانستو زانینی بە فریشتەکانی قوتابیی دەگوتەوە. دوای بێدونگییەکی زۆر، ئەمەیشی خستە سەر: (مرۆڤ لەمێژ نییە وەکو میوان پێی خستۆتە ناو شوێنەوەو زۆریشی نەماوە بۆ هەتا هەتایە لێیدەرچێ، چونکە ئەو دوانە پێکەوە هەڵناکەن). تۆ ئاسنی سارد دەکوتی. تا ئەو باوکەم لە ژیاندابێو ئەمانە بیروبۆچوونی بن، ئەوا دوو پێ نایەتەوە ماڵ. منیش تا تەواو ڵا تێنەگەم، ناتوانم هیچ بڕیارێکت لەسەر بدەم. تۆ لە هەموو ئەو بکۆژانە جیاوازی، کە لە کێوان گەڕاونەتەوە، بەوەی ئەوان کەسوکاریان تەواو هەموو هەوڵێکیان دەدا بیانهێنێتەوە، بەڵام تۆ کێشەی یەکەمت لەکەڵ خانەوادەکەی خۆتەز ئاخر قوربانیەکەی دەستیشت لە هیی ئەوان ناچێ. من چاك دەزانم مەبەسی یەکەمت هاتنەوەیە بۆ ناو ماڵ. لەوە دڵنیای شار هیچ ئاسوودەییەکت پێ نابەخشێو بۆ تۆ لەگەڵ کێوە سەختەکاندا جیاوازی نییە، ئەگەر نەگەڕێیتەوە ئەو شوێنەی تێیدا لەدایکبووی.. ئەو شوێنەی پیاوەتی خۆتت لە نێودا سەلماند. ئەوسا بە هەندێ جووداوازی لەو گورگە دەچووی، کە دایکم دەیوت لەپێناوی گەیشتن بە رەنگی سوور، پەڵاماری بەرخی سپی دەدا. تۆ قازێکت خنکاند. بەڵام لەپێناوی چی؟ ویستت هەموو نهێنیەکان بشاریتەوە. باوەڕت نەدەکرد ئاوا دەبیتە چیرۆکێکی لەزەتبەخشو شارەو شار دەگەڕێی. لە هەر ماڵێ شتێکت دەخرێتە سەرو رۆژ لەدوای رۆژ تیژتر رێگا دوورەکان دەبڕیت.. ئەو ناوبانگەی باوکە مێژوونووسەکەشم بەهۆی بیروباوەڕە سەیرو نامۆکانیەوە بەدەستی هێناوە، بۆ تۆ خراپ شکایەوەو چیرۆکەکەت زیاتر دەنگی دایەوە. لەگەڕانەوەشتدا، پێش هەموو شتێ پۆڵا قاز هاتنە پێشوازیت .. وەکو بیانەوێ پێ بڵێن: (ئارەزووەکان نامرن. رێگای هەموو شوێنەکانیش لە ئێمەوە دەست پێدەکەن). بەڵێ: "- تۆ لە کێشەیەکی گەورە دایت.. هەر رۆژێکە دەزانیت ئەو فیزو لووت بەرزییە دادت ناداو بە

پێی پەتی، نەك بە ئەسپی هەورینو گالیسکەی رازاوت، دەگەڕێیتەوە، ئەوسا تەواو لەو ئاژەڵە کەسنەدیوە دەچی، کە زۆر دەمێکە هاوڕەگەزەکانی لەناو چوونو خۆی تەنیا لە کێوە سەختەکاندا ماوەتەوە. بە دەنگی کزو ماندووت دەپاڕێیتەوە. کەساسو هیوا بڕاو دەستت بەشواری شارو دیواری ماڵاندا دەگریو وەکو منداڵێکی ساڵەوەخت، کە دەیەوێ پێ بگرێ، ئاوا هەنگاوی لەرزۆکو نارێك دەهاوی. ناولەپەکانت پڕ دەبن لە قەوزەی شێدار. خۆڵ تا قوڕگت دەچێ. هێندە لەسەر ئەو زەوییە دەخشێیت، تا جلەکانت دەدڕێنو دەبنە تیلمەی ورد ورد. ڕەشەبای ناوەخت بەملاوبەوڵادا دەیانباو ڕووتو قووتو زەلیلانە دەکەوێتە بەر دیدەی ڕێبواران. منداڵان دواتدەکەونو (هووها)ت بۆ دەکێشن. ئەو ئێوارەیە خەونێکی نزیك لەومم پێتەوە بینی. لەگەڵ دەنگی گریانم بەئاگا هاتمەوە. هێشتا فرمێسکەکانم نەدەوەستانو بەردەوام بەسەر سەرینەکەمدا دەڕژان، کە لە پەڕی قازم دروست کردووە.. تەنها خۆم دەزانم چ بۆنێکی سەیر دەچێ بەقوڵایی لووتمدا، کاتێ پەڕی قازەکان بە فرمێسکم تەڕ دەبن، ئەوسا شێتانە دەست بۆ چەقۆی ناو تاقەکەی پشت سەرم دەبەم، کە تەنها بۆ ئەو مەبەستە لەوێم داناوەو سەرینەکەم دەدڕێنم. چنگ چنگ ئەو پەڕانە بەسەر خۆمدا دەکەم.. دەزانم ئەمە حاڵەتێکی کچانەیەو لێی تێناگەی. ئەگەر بێتە ژوورەوەو لووتت بخەیتە نێو سەرینەکەمەوە، بەو مەبەستەی قوڵ قوڵ بۆنی پەڕی قازەکانو فرمێسکی من هەڵمژی، هێشتا هەر لەسەر باوەڕی خۆت دەمێنیتەوە، کە ئەوەی من دەیکەم، کارێکی هیچوپووچو بێمانایە. بەسەرێکیش ڕاستە. منێ لە منداڵێکی ئاوا پڕ لە لوغزدا چاوم هەڵهێنابێو باوکێکی هێندە سەیر گەورەی کردبێتم، چاوەڕێی چیم لێدەکەین. زۆر جار ویستومە لەجیاتی سەرینەکەم ورگی خۆم هەڵدڕم. بەڵام نازانم چی پەشیمانی کردوومەتەوە. ڕەنگە هەر ئەوەبێ، کە نامەوێ لە پێناوی شتێکی هیچدا کۆتایی بە ژیانم بهێنم. من دەمێکە لە (دارای شاعیر) تێگەیشتووم، کاتێ لێیانپرسیوە: "- مادام هەر شتێکی ئەم دنیایە بە هیچ دەزانیت، بۆچی خۆی ناکوژێ؟ گوتوویەتی: "- هەمان ئەو شتانەی شایەنی ئەوە نین بۆیان بژیم، شایانی ئەوەیش نین بۆیان بمرم. (دارا)ش وەکو خۆی بەردەوام دەیگوتو دەیوتەوە هەر لە ڕێگای قازەکەی ژێر باڵی چەپی دایکمەوە بووبووە بە شاعیر. (قازی هەورین)، (قازی بەفرین)، (قازی تواوە)و (قازی خوێناوی) ئەو وشانەن بەردەوام لە شیعرەکاندا بەر گوێچکە دەکەون.. هەر لەبەر ئەوەیش بوو نەدەچوونە دڵی باوکمەوە. دەیگوت: "- ئامادەیە لە پێناوی کێشو سەروادا ڕاستیەکان بە ئاوەژوویی دەرخاو دەیان چیرۆکی درۆ بۆ خۆی هەڵبەستێ. دوور نییە هەر لە داخی ئەویش ئەو تێۆرە سەیرەی لەو بارەیەوە داهێنابێ. دەڵێ: "- کاری نووسەرانو شاعیران لەو فێڵە دەچێ، کە ئەو خۆی بەمندااڵی لە زەماوەندەکاندا پەنای بۆ دەبرد، کاتێ دەیبینی هەموو منداڵان لەسەر کورسیو سەکۆکان دانیشتوونو ئەم جێگای نییە. یەکێکیانی بانگ دەکرد، گوایە بەدزی ئەوانی دیکەوە قسەیەکی نهێنی پێ دەڵێ: "- هەر، کە ئەو هەڵدەستا، خۆی لەشوێنەکەی دادەنیشت. دەیگوت لەکاتێکدا زۆربەی خەڵك بە پاشاو سوڵتانەکاندا هەڵدەدێن، ئەوان لە دژیان دەوەستن تا وایان لێ دەکەن پشتیان تێبکەنو بەگژیاندا بچنەوە، ئینجا خۆیان سووکو ئاسان جێگایان دەگرنەوە. بڕوانە چۆن بۆ هەر یەکێ لە ناحەزەکان بیردۆزێ دادەتاشێو کەسیش نازانێ چۆن ئاوا بەخێرایی دەیگەیەنێتە گوێچکەکانەوە. پێمگوتی: "- تۆ لەشەڕێکی قورسدای. هیچ بە دووری مەزانە ئێستا، کە ئاوا خزاوەتە کونجی ژوورەوەو لێیدەرناچی،

مەبەستی ئەوە بێ بیر لە داڕشتنی تێۆرێکی تایبەت بە ئیشەکەی تۆ بکاتەوە، بۆ ئەوەی لەبەر چاوانت بخاو بەهرەکەت بێنرخ پیشاندا. ئەنجام ریسوادەبی‌و تا ماوی روو لە ئاوەدانی ناکەیتەوە. تۆ خۆت بە چاوانت (دارای شاعیر)ت دەدی چۆن کاتێ دەگەیشتە حاڵەتی مەستی، شێتانە دەکەوتە گێرانەوەی ئەو ڕۆژگارەی، کە لەگەڵ دایکمدا بەسەری بردبوو. هەڵدەستایەوەو بە شێوەیەکی سەرنجراکێش تەمسیلی ڕووداوەکانی دەکرد..هەر ئەو جووڵە سەیر سەیرانە زیاتر دەیانبردە ناو دنیای بێئاگایی‌و لێرەوە گوتەکان پچر پچرو بێ ویستی خۆی لە دەمی دەردەچوون. بەیانیان هەڵمدەگرتەوەو تا بەردەمی کەڵاوەکەیم دەگەیاند. بەم حاڵەیشەوە بیری نەدەچووەوە پێم بڵێ: "- ئێستا دەزانم من شاعیرم، بەوەی جاران هیوام دەخواست لەگەڵ دایکت ماڵێ پێکەوە بنێم، کەچی ئەوەتا تۆ بەسەر خۆشی بە کەڵاوەکەم دەسپێری.

هەستێ پێی دەوتم لەم نزیکانە (دارا) گیانی دەردەچێ. بەڵام نەمدەزانی ئەو کاتەیە کە دەستی لە ملم ئاڵاندووە. بۆنی لۆکەی سووتاو دەگەیشتە کۆڵانەکانی سەروو. دەچوو بەفۆڵایی لوتمدا. لەپڕ گوتی: "- گریان بەدەم خەوێکی قووڵەوە دەدوێ." "- هەر دەمزانی بەم دەردەیان دەبەن. بەڵێ، چاکم دەزانی بە بێ ئەوەی شانم لە ژێر سەری دەربهێنم، گوتم: "- بۆنی لۆکەی سووتاوە. لەوە دەچێ ماڵێ لەم نزیکانە.

ماڵ نییە، کەڵاوەی منە. خۆت نازانی کتێبیش هەر لە لۆکە.

***

لە زۆربەی ئەو چیرۆکانەی کچان ساڵانە بۆ تاقیکردنەوەکانیان دەنووسی، دووکەڵ وەکو سومبولی ناخۆشی‌و نائومێدی نیشاندەدران، بۆیە لەئەنجامدا دەڕەوینەوەو ڕووناکی جێگای دەگرتنەوە. یاخود تیشکی ڕۆژ بەنێویاندا ڕۆدەچوون‌و پەرش‌و بڵاوی دەکردنەوە. بەڵام تۆ ئێستا ترسی گەورەت نەمانی ئەو دوکەڵەیە، کەلەودیو لە نوێنە سووتاوەکانی (گوڵبەهاری گۆرانیبێژ)دا بەرزدەبێتەوە. (دارای شاعیر) دەیگوت لە شیعردا دووکەڵ لە ئاگر گرینگترە، چونکە ئاگر دەنگێکەو خۆی دەدوێ، بەمەیش هەموو ماناکانی ئاشکرا دەکاو شتێ بۆ لێکدانەوەو تێفکرین جێناهێڵێ، بەڵام دووکەڵ بەو هەموو ئازارو نهێنییەی لە خۆیدا هەڵگرتووە، بێدەنگ دەبێ‌و ڕێگا بە ئێمە دەدات بۆی بدوێین، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا مردنەکەی (لایەنی کەم بۆ تۆ) زیاتر لە ئاگر دەرچوو هەتاوەکو دووکەڵ، بەوەی لە باوەشتا گیانی دەرچووو نەبووە مەتەڵێکی زۆر ئاڵۆز. واتەزانی منداڵەو لەسکتدایەو والەبارەدەچێ. بۆیە چرکەی ئەو حاڵەتەت هەست پێ دەکرد، بگرە نەتەزانی کامتانن دەمرن. تۆ یان ئەو، یان هەردووکتان پێکەوە. دەتویست هاوار بکەی: (پیاوێکم لەناودا مردووە) یان: (وا شاعیرێ لەهەناومدا گیان دەدا). بەڵام دەنگت دەرنەچوو. یاخود نەتدەویست ئەو وشە بێ تامو بێ مانایانە بەسەر زماننتدا تێپەڕن، کە ئەوەندەی ئازار دەبەخشن، دوو هێندەی قێز دەکەنەوە. دەتوانم بڵێم تۆ لەو ڕۆژەوە وەکو مردوویەك، دوای هەزاران ساڵ لە گۆڕستان هاتبێتەوە، ئاوا دەوروبەرت دەبینی. شتەکان بە شێوەیەکی سەیر دەکەوتنە بەردیدەت. تەنانەت ئەوانیش، کە پێشتر هیچ گومانێکیان هەڵنەدەگرت. مەودای زەمەنەکانت لێ تێکچوو. تێنەدەگەیشتی کات خێرا یان سست تێدەپەڕێ. بەسەرهاتەکان تێکەڵ بەیەکدی دەبوون. نەتەزانی کام بەشەی تەمەنت راستییەو کام بەشەی خورافیە... سەرت لەو چیرۆکانە دەرنەدەچوو، کە بەردەوام دەخزانە ناو ژیانتەوە. هەر جارێ بە شێوەیەك ڕابردووت بیردەهاتەوە. هەموو ڕووداوێکی دوای ئەو ساتانە لای تۆ لە خەون‌و دووکەڵ دەچوو. هەر

کاتێ دەزانی شتەکان گڕیان دەگرت. ڕەشەکان دووکەڵی سپیو سپیەکان دووکەڵی ڕەشیان لێ هەڵدەستا. لەپڕ دەتقیژاند. جلەکانت لەبەر خۆت دادەڕنیو دەتویست گیانی شتەکان لە سووتان بپارێزی. سوراحیو کووپی سەرمێزەکەت پێکدا دەدا. قاپی مەی لێرەو لەوێ بەسەر ئەو زەویەدا دەرژان. کاسی سەر تاقەکانت دەخستنە خوارەوە. ئەنجام گڕی سوور سوور لە هەموو ڵاوە ئابڵوقەیان دەدای. ڕووتوقووت بەو ناوەدا ڕاتدەکرد. زمانت دەگیرا... ئەنجام دەبووراینەوە. لەباوەشی (گوڵبەهاری گۆرانیبێژ)دا چاوانت هەڵدێنا. لەوێوە نیگات دەگەیاندە ڵای (کرمانجی چاوچیمەن) تەنها ئەوسا دەتتوانی بە جورئەتەوە لێیبڕوانی. بەڵام لەوێ نەدەبینی. کەمێ پێش ئەوە تەنیاو خەمبارانە پێکەکانی هەڵدەدا. قژی (گوڵبەهار)ت رادەکێشا:

بۆ کوێ چوو؟

کێ بۆ کوێ چوو؟

چاك دەزانی مەبەستم کێیە.

هەرگیز نەتدەویست ناوی بهێنی. شکستێکی گەورەش بوو، کاتێ خۆت لە باوەشی ئەودا دەبینیەوە. خێرا هەڵدەسایتەوە. سەرت گێژی دەخوارد. جارێکیتر جلە دڕاوەکانت لێرەو لەوێ هەڵدەگرتەوەو لەبەرت دەکردن. چاوە مەستەکان لە هەموو لاوە چڵێسیانە ئابڵوقەیان دەدای. گوێ پێ نەدەدان. ورده ورده ئارام دەبوویتەوە. لە شتەکانت دەڕوانی. پەرشو بڵاو، بەڵام ئاسەواری سووتانت بە هیچ شوێنێکەوە نەدەبینی. بۆنی دووکەڵ نەدەچوو بە لووتی هەستیارتا. ئەی ئەو چیی بەسەرهات؟ ڕووی کرده کوێ؟ ڕەنگە نەیوستبێ لە نێو ئەو هەموو پیاوانە خوشکە ڕووتەکەی ببینێ. چ نەهامەتییەکی گەورەیە. ئێستا بۆ ئەم لە سایەی خانەوادەکەیتەوە ئاوەدانی لە کێوە سەختەکان دڵڕەقتره. ئەوا جارێکیتر شتەکان گڕیانگرتەوەو دووکەڵیان لێهەستا.

کێشەی تۆ ئەوە بوو نەتدەتوانی جیاوازی لە نێوان ئاگری ڕاستەقینەو ئاگری نێو خەیاڵتدا بکەی، ئێساش لێرە، تەنها لە ڕێی ئاگرو دووکەڵەوە ڕابردووت بیردێتەوە. ئاسان نییە چیرۆکێکی ڕاستەقینە بنووسیو دەربچی. دوای خامۆشبوونەوەی ئاگری نوێنەکانی گوڵبەهاری گۆرانیبێژیش چیتر نابینی شتێ بسووتێ.

بۆنی دووکەڵ بەردەوام دەچێتە لووتتەوەو خەیاڵت بۆ ئەو بەیانییە زووە دەگەڕێنێتەوەی، کە شەکەتو ماندوو لە مەیانە دەهاتیتەوەو گڕ لە ماڵتان هەڵدەستا قازەکان دەسووتانو بۆگرووزیان سەری کۆڵان. بەڵام نەتزانی باوکت لەوێیە، یان جێیهێشتووە. ئەوەندە هەیە لەوساوە، نە ئەمو نە براکەشت نەبینیەوە.

دانیمارك

مارتی ٢٠٠١

*ئەوانەی لە نزیکەی ئەو مێژوونووسەیان ناسیوە باوەڕیان نییە ئەو شتانەی وتبێیتد بەڵکو ئیدریسی حیکایەتوان بۆی هەڵبەستووە ڕاستە وتوویەتی عەرەکان دەگەیشتنە هەر ناوچەیەکی دەرەوەی دوورگەکەیان، پێیان دەوتن مەبەستمان ئێوە نییو یارمەتیمان بدەن با پێکەوە بگەینە ئەوان! پێشیان نەدەوتن ئەو ئەوان! کێیەو لە کوێن، بەم شێوەیە هێزیان کۆ دەکردەوەو لەو دەسکەوتانەی بەدەستیان دەهێنا بەشیاندەدان. هەموو ئەوانیشی بە زمانێکی لوغزاوی دەربڕیوە.

** یەکێکە لە چیرۆکەکانی کۆمەڵەی (خەونامەی دادە سۆزی)، کە بۆ چاپ ئامادەیە.

رۆژژمێری چاڵدێرانو دۆکیومێنتێ
بۆ
قووڵکردنەوەی تاکخوازی

خوێندنەوەیەك
بۆ
چیرۆکی (رۆژژمێری چاڵدێران)ی کاروان کاکە سوور

نووسینی:
ئیسماعیل حەمەئەمین

مێژووی چاڵدێران ئەو چیرۆکە نییە سەرەتایەکی کلاسیکیی هەبێ بۆ ئەوەی بە دوای وردەکاریەکانی مێژووو یەك لاییکردنەوەی بەڵگەنامە مێژوویەکاندا بگەڕێو بەهانەیەك بۆ لێرەبوونی خۆمان بدۆزێنەوە، لە نێوەندێکدا بۆ ئەوەی کەوانەیەك بە خۆمان ببەخشین لە نێو تۆمارکردنو دێکۆمێنتاتکردندا. نەخێر، بە پێچەوانەی ئەمانەوە، چیرۆکنووس (کاروان کاکە سوور) مێژوویەك دەخاتە نێو تاڵە نەشمیلەکانی گێڕانەوەیەك، بە جۆرێ، خوێنەر هەست دەکا (شەڕی چاڵدێران) رووداوێکی ناسك بووەو سروشی بووژاندنەوەی چەندین تۆنو رەنگو هەستی سێکسوالێن، وەك ئەوەی کارەساتێکی مێژووی بووبێ.

کاروان لەم چیرۆکەیدا مێژوو لە رووداوێکی خوێنایەوە پەلکێش دەکا بۆ نێو مامەخولەکانی خەونو دنیای وردی
شتەکانو رەنگەکان، بۆ نێو دنیایەکی دیکە بە چەندین سەدەی غەمبار لە مێژووی شەڕی چاڵدێران دوور دەکەوێتەوە.

<u>بازنەیەك لە نێو بازنەیەکی دیکەدا:</u>

ئەم رۆحە سەیرانەی چیرۆکەکە لە نێو جومگەیەکی مێژووی رووداوێکی مێژوویی وەهادا خۆیان درێژدەکەنەوە، بینایەکاریەك پێکدەهێنن لەسەر بینای رووداوێکی دیکەی وەك چاڵدێران، بیناکاریەك لە نێو بیناکاریەکی دیکەدا، گێڕانەوەیەکی ئاشکرا لە نێو گێڕانەوەیەکی شاراوەو پەنهان، بازنەیەك لە نێو بازنەیەکی دیکەدا، رەنگێ لە نێو تۆنێ رەنگێکی دیکەدا. ئەم تەکنیکە (بیناکاری لە نێو بنیاکاری) جۆرێکە لە تەکنیکی چیرۆکنووسینی کاروان، کە دووڕە لە سەپاندنی واتای ئاشکراو دیارو زەق بەسەر خوێنەرەو رووبەرگێڕانەوە. ئەم تەکنیکە دووڕە لە رستەی خوتبەدان لەسەر حسابی نموونەی چیرۆکەکان، دووڕە لە لێسەندنەوەی گێڕانەوە لە دەستی فیگورەوە بۆ نێو دەستی گێڕەوە، بە شێوەیەك، کە چیدی ژیان لە نێو دەقدا نەمێنێ. بە گشتی، رووداو نەبێ، بە قەد ئەوەندەی رستەی خیتابی هەبێ دەربارەی سێکسو چەپاندنو فەلسەفەی ژیان،

بێ ئەوەی رووداوێکی پڕ جوڵە هەبێ، بە قەد ئەوەندەی رووداوی کزو ڵاواز هەن بۆ چوونە نێو ئەبستراکتو خوتبەدانو فانتازیای بێسەرو بن.

ئەم تەکنیکەی کاروان دووڕە لەم دێڕانەوە، کە سەپاندنی مانایە بەسەر خوێنەر لەسەر حسابی رووداو. بە هیچ شێوەیەك (راستەوخۆخوازیەك) هەست پێناکەین، کە مانای راستەوخۆ بخاتە دەستی خوێنەرەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای گێڕانەوەیە یەکەم، گێڕانەوەی دووەمو لێکدانەوەی دووەم دەست پێدەکا. ئەمەش پێکهاتەیەکە لە بیرو تێڕامانو تارمایی دووهەمی کەسەکان، کە لە پشت رووداوەکانەوە دەجوولێن، بیرکردنەوەی خۆیانو جیهاتبینی خۆیان درێژە پێدەدەن. دەتوانم بە تایبەت دەربارەی ئەم چیرۆکە بڵێم، کە تەکنیکی چیرۆکەکە جۆرێکە لە یاریەکی (نادگار ئالان پۆ) ی لە تێکەڵکردنی ریالستی بە نهێنینەکانی مەسەلەیەك هەر لەسەرەتاوە چیرۆکنوس رایەڵەکانی بۆ راکێشاوەو خوێنەر دەتوانێ هەڵبژاردنی هەبێ لە (شێوەکانی خوێندنەوەی) چیرۆکەکە، یانەوەیە تەنها چێژ لە رووداوەکانو جوڵەو چارەنوسەکان دەبینێ، یاخود دەتوانێ قووڵتر لە چیرۆکەکە رابمێنێو نهێنیەکانی بدۆزێتەوە، ئەم تەکنیکە هەڵبژاردنمان دەداتێ لەخوێندنەوەدا، ئەمەش خەسڵەتێکی گشتی چیرۆکەکانی (کاروان)ە کە خوێنەر دوور دەخاتەوە لە رووبەرووبونەوەی یەك ستایڵو چوارچێوەی گێڕانەوەو یەك دیواری مانا، سەربەستی بە خوێنەر دەدا بۆ ئەوەی بیخوێنیتەوەو خوێنەر خۆی ماناکان بدۆزێتەوە، بێ ئەوەی پابەستمان بکا بەهیچ دنیابینیەکی تایبەتو حازربەدەست، بێ ئەوەی لە نێو تەمو مژوایەکی بێسەربنیشدا گێژمان بدا. دیارە ئەمە لەبەر ئەوە نیە کەچیرۆکنوس توانای ئەو خوتبە رۆشنبیرانەی نیە، کە ئەمڕۆ لەزۆر چیرۆکدا هەستیپێدەکەین. تەواو بە پێچەوانەوە، کاروان لە رۆشنبیریەکی رۆمانووسانەیەوە حەزناکا خۆی جیهان بفەلسەفێنێ، بەڵکو جیهانەکان دەخوڵقێنێت بۆ ئەوەی فیگورو خوێنەرەکان لەو نێوەندەیدا بفەلسەفێنن.

مێژوو وەك روحێکی بریندار:

ئەو پرسیارەی، کە خوێنەر لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەیدا دەیکا ئەوەیە: ئایا بە هەقەت ئەم چیرۆکە رووداوە، یاخود لە نێو فانتازیایەکەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، کە رۆحێکی بریندارە کوردیەو دەیەوێ گێڕانەوەی چیرۆکەکان لە شێوازێکی دیکەدا بخاتە روو، بە جۆرێ هیچ پەیوەندیەکی ئۆرگانی بە (چاڵدێران)وە نییە، جگە لەو راڕەوە هێمنو پڕ هیواو زایەندەخۆشنودیە زیندەخەونانەنەبێ، کە چیرۆکنووس بۆئێمەی راکێشاوە؟ یاخود ئەم چیرۆکە بۆئەوەیە، کە لە یەکلاکردنەوەی گرێ مێژوویە ناسیونالییەکانمان دوورکەوینەوەو بە شێوەکی دیکە لە کەنار مێژوو رابوەستین بەبێئەوەی شەپۆلەکانی راپێچی خۆیمان بکا.

لەو بڕوایەدام ئەم چیرۆکەی کاروان یەکێکە لەو چیرۆکانەی لە پشتیەوە رۆحێکی بریندار مێژوویی کوردی راوەستاوە کەنایەوێ مێژوو یەك لاکاتەوە بۆ ئەوەی پێناسەی خۆی بکا، بەڵکو مێژوو هۆکارێکە بۆ گەڕانەوە بۆ خود، بۆ سوبێکت، بۆ خودێکی تاکڕەوخواز. مێژوو (بابەت)ێکە بۆ قووڵکردنەوەی (خود). (بابەت)ێکە بۆ قووڵکردنەوەی خودخوازی، مێگەلخوازیەکی دێکۆمێنتکراوی مێژوویە، نەك بۆ بۆ ئەوەی بوونی (خود) بسەلمێنێ. نەخێر، بەڵکو بۆ ئەوەی خود زیاتر تەنهاترو ئێندیڤدوالترو تاکڕەوخوازتر بکا. ئەو

ئیندیڤیدوالیەت‌و تاکڕەوخوازیەی لە گوڵبەهارەوە بیگرە تاوەکو پاڵەوانی چیرۆك‌و گێڕەوەی سەرەکی‌و باوکی مێژوونووس‌و دایکێکی نیمچە عەیارو ئاشق، هەموویان چەندە لە نێو ئەو رووداوە مێژوویەدا دەسووڕێنەوە، چەندە بەنێو فەلەکەکانی (مێژووی چاڵدێران)دا دێن‌و دەچن‌و هاوبەشی یەکتری دەدۆزنەوە، بەهەمان ئاستیش لە یەکتری دوورەکەونەوە تاکڕەوی خۆیان قوواڵترو سامناکتر دەبێ.

تێکستەکە مێژوو لەهۆشمەندیەکی مێگەلیەوە، لە هۆشمەندیەکی کۆلێکتیڤیەوە (جەماعی)وە دەکاتە هۆشمەندیەکی تاکەڕەوخوازو ئیندیڤوال، ئەمەش کێشەبەندی‌و ئیشکالیەتی ئیستاکیکی‌و جوانکاری چیرۆکەکەیە، بەکردنی مێژوو لە شانازیەکی ناسیونالیستیەوە کەئەقڵی جەماعی ، هۆشمەندیەکی مێژووی کۆلیکتیڤی پێموتوربەدەکا بە هۆشمەندیەکی بێگانەو دەرەکی‌و بەدەر لەخودی رێڕەوی مێژوو خۆیەوە. دیارە ئەمەش سیحری ئەدەب‌و ئیستاتیکیای باڵای هونەری گێڕانەوەیە، بەکردنی مێژوو بەجەستیەکی دیکەی جیاواز لەوەی هەیەو رووتکردنەوەی لە هەموو ئەو وردەکاریانەی کەمێژوونوسان (رۆحی میللەتانی) پێدەپارێزن، بە مێژوویەك تاکەڕەوی‌و خەونی تاکەکەس قوواڵبکاەوەو رووداوەکان لە چەندین ئاسۆیی دیکەدا خۆیان رەنگاڵە بکەن، بە شێوەیەك، کە هیچ نەمێنێتەوە جگە لەمێژوویەك، کە لە تێکستەکەی کاراندا هۆکارێکە بۆ چوونە نێو تایبەتەوە، لەجیاتی ئەوەی وەك ئەوەی باوە مێژوو مەودایەکی کۆمەکگیری بدا بە تایبەت‌و وتاك بخاتەوە نێو مێگەلی کۆمەڵایەتیەوە!. بە پێچەوانەی ئەمەوە کاروان لە چیرۆکەکەیدا چاڵدێران لە کتێبەکانی مێژوو پرسیاری گەورەی ناسیونالیستەوە دەخوێنێتەوە بۆ چەندەها گەردوونی پڕ گێژەن، کە تەنها تاك‌و خەونی تاك، خەونی گوڵبەهارو مێینەی گێڕەوەی نێو باڕەکان‌و برای گەأاوە لەشاخەکانی پڕ گوناهە وتاوان گەڕاوەو باوکی گۆشەگیری مێژوونووسی پڕ رقی شاراوە، کە دەوێ هەموو وردەکاریەکانی ژیان ببیستێ، بێ ئەوەی لەگەڵیاندا بژی، هەموو ئەمانە گەردوونەکانی تەنهایی ئەو تاکڕەویەن کەخەونە جیاوازەکانیان لە چەند رووداوێکدا یەکدەگرنەوەو بەریەکدەکەون، بە شێوەیەك، کە بەریەکەوتنێکن تێکەڵی یەکتر نابن. بەڵکو تەنهایی‌و گۆشەگیریی‌و لە دوا جاریشدا تاکڕەوخوازی یەکتری قووڵدەکەنەوە.

<u>مێژوو لە دەرەوەی هەبووی گشتی:</u>

مێژوو لەم تێکستەدا چیدی کارەساتێ نابێت لەدەروە خۆی پاڵخستبێ، خۆی لەنێو رابوردوویەکی تۆمارکراودا بوونی هەبێت، چیدی مێژوو کۆمەڵایەتیش نیە، بۆ کۆمەڵ‌و بۆ میللەتیش نیە، بۆ ئەوە نییە ئێمە بتوانین بڵێین: "- ئاها ئێمە لێرە بووین!" نەخێر، بە پێچەوانەی ئەمانەوە، مێژوو دەبێتە کردەیەکی ناوەکی، ناتۆمارو نابەڵگەو نادیکۆمێنت. مەبەستیشمان لەبەکارهێنانی وشەی (نا) ئەوەیە، کە تۆمارێ هەیە، دۆکۆمێنتێ هەیە، رستەیەکی مێژووی زەق هەیە لەبیرەوەری کۆمەڵایەتیدا. بەڵام فیگورەکانی نێو چیرۆکەکە هەموویان لە هەوڵی دانانی ئەو (نا)و نێگەتیفکردن‌و رەتکردنەوەیەدان لەسەر شێوەی خۆیان، هەر وەك ئەوەی بیانەوێ مێژوو ببەستنەوە بە رابوردووی خۆیان، بەشێوەیەکی دیکە قسان بکەم، بەدەستی ئەنقەست بیشێوێنن، بەمانای لە (نامێژوویەتیدا) شێوەبازی بکەنەوە.

<u>مێژوو وەك جومگەیەکی مێینایەتی:</u>

ئەوەی ناونیشانی چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە (رۆژمێری چاڵدێران) چاوەڕێی دوو وێنەیە،

یەکەمیان رووداوێکی پەیوەستدار بە چاڵدێرانەوە، دووهەمیشیان فیگورێکی سەرەکی نێرینە کەلەو رووداوەدا یاری خۆی کردبێ. تێکستەکە ئەو هەموو نێرخوازیەی ئێمە تێرناکات بە پێچەوانەوە هەموو چاڵدێران لە نێو گێڕانەوەیەکی مێینەدا چاوەڕوانیەکانی ئێمە نشوست پێدێنێ، بەوەی چاڵدێران لە رووداوێکی بچووکو چەند رستەیەکی پچڕ پچڕو وێنەدا بوونی هەیە. بەڵام رووبەری تەواوی چیرۆکەکە داگیر ناکەن، گەر هاتوو لاوەکیش نەبێش، بەبەراوردکردن بە گێڕانەوەی هەموو پاڵەوانانی چیرۆکەکە، چیدی ئەو مێژووە ئەو لووتبەرزی وشکۆمەندیەی نامێنێ، کە لە خوێندنەوەی مێژوویدا پیاوەبۆزەکانی سیاسەتو مێژوو، وەك بەشێ لە لووتبەرزیی پیاوەتی (نێرایەتی) باسیان لێوە کردووە، بەڵکو دەبێ بە گێڕانەوەیەك لە نێو دیکەدا، دیسانەوە گێڕانەوەیەك لە نێو گێڕانەوەیەکی دیکە لەبەردەمماندا قوتدەبێتەوە! بەم شێوەیە گوڵبەهارو مێینەکانی دیکەدا وەك پێشبڕکێی چیرۆکنوسین بۆ ئازاد بوون! بۆ باڵەفڕەکردن باس لەو رۆژمێرە سەختە دەکەن، چیرۆکەکە ئاوەها دەستپێدەکا "- من، ئەگەر لە ٢٣ی ئابی ١٥١٤ لە شەڕی چاڵدێران ،لەباکووری رۆژهەڵاتی دەریاچەی (ڤان)دا بەدیل گیراوم،ئەوا پیاوانی ئاسایشی سەفەوی بەزۆر لەگەڵ دەیان ژنی دیکەدا راپێچی ئەوێیانکردبووم." سەرەتایەکی جوانەو سەرنجڕاکێشەو لە رووی گێڕانەوەشدا یەکەم زانیاریمان پێدەبەخشێ. بەڵام بە تەنها وشەیەك گومانێ دەجووڵێنێ، چیرۆکنووس ئەگەر بەکاردەهێنێ، وەك گریمانیەك. بەڵام گریمانەیەکە بۆ گومانکردن لە سەرجەم رووداوی سەرەکی چیرۆکەکە، بە مانایەکی دیکە، گومانکردنە لە هەر شتێ لە مێژوودا بوونی هەبێ، گومانێکە کەتەنها مێینە دەتوانێ بیخاتە نێو رووبەرە وەستاوەکانەوە، گومانێکە لەهەموو رووداوەکان، مادامەکی هەموو شتێ گریمانەیە، گریمانەیەکە جێگەی قامچیەکانی ئەوزەمەنەش گەواهی راستی رووداوەکانن. بەڵام مێینە جەستەی خۆی لە لا گرنگترە، وەك لە رووداوە گەورەکان، وەك سەلماندنی راستیە مێژوویەکان کەپابەندن بەگوتاری نێرینە، بۆنی لەشی لەلا گرنگترە لەو هەموو شکۆزەبەلاحانەی بەسەر تەوەرەکانی ناسیونالو نەتەوەو کوردایەتیدا تێدەپەڕنو دنیای هەبوو پڕ دەکەن لە هوتافو هەلهەو مووبەرزبوونەوەی شکۆمەندیە بەسەرچووەکان، مێینە بۆ راگیرکردنی هاوسەنگی دنیا بۆنی بنبالّی خۆی، لێکردنەوەی گەندەموەکان، هێشتنەوەی گۆرەویە سپیەتەنکەکان بە پاکی، گۆرەوویە ئاوریشمینە تەنکەکان بە توندوتۆڵی ، پارێزگاری کردن لە رەنگی جلەکان وەکو خۆی، لە لا گرنگترە لەو هەموو شکۆمەندیە نێرخوازیەی مێژوو دەیبەخشێ بە جیهان. نوونەی سەرەکی چیرۆکەکە دەیتوانی کاتی خۆی نیشانەکانی شەڕی چاڵدێرانی کەجێماوەکانی بە لەشیەوە ماون، نیشانبدایە، بۆ سەلماندنی راستی چیرۆکەکانی. بەڵام ئەو سەلماندنە ناکرێت لەسەر فاتورەی جەشتەی تەأی مێنیەیی خۆی بێ، کە وەك بەڵگەنامەیەك سەیردەکرێ، نەك وەك جەستەیەکی مێینە، کە ئەمەش سەختترین کارە بۆ مێینە کاتێ وەك مێ تەماشانەکرێ. لایەنێکی دیکەی کێشەبەندی نموونەی چیرۆکەکەی کاروان ئەوەیە، کە بە بێ بوونی خۆشەویستیو ئەشقو حەزکردن لە جەستە، مێینە ناتوانێ خۆیت نیشانبدا. سەرنج بدە هاوڕێی خوێنەر تەنانەت سۆزانیەکانیش حەزناکەن بە تەواوەتی خۆیان رووتبکەنەوە لە بەردەم ئەوانەی خۆشیان ناوێن! یاخود هەست

بکەن رووتبوونەوەیان لێدانێکە لە جەوهەری مێینەییەیان، هەر بۆیە دوای تێپەڕبوونی ساڵەکانو چرچبوونی پێستو ئیشکبوونەوەی جەستەی مێینەیی، نموونەی چیرۆکەکەی کاروان دەیەوێت خۆی بۆ مێژوو رووتبکاەوە، چونکە مێژوو دوا رستەیە، کە مێینە خۆی پێوە خەریك بکا، نەك لەبەر ئەوەی مێینە مێژووگەرا نییە، نەخێر بەڵکو مێینە نایەوێ مێژوو بەبێ جوانکاریەکانی ژیانو جەستەو بۆن بچێتە نێو یاریی راستکردنەوەی حەقیقەتەکانەوە. ئەمەش هاوسەنگەنکردنەوەی جیهانە، کە مێینە بەو شێوازەی خۆی پێیهەڵدەستێ.

لە چیرۆکەکەدا کاتێ جەستە نیشاندەدرێ، کە چیدی جەستەی ئاڵۆشی تەماشاکارانو چاودێرانی بەندیخانەکە تێر ناکەن، ئەوانەی وەك مێژوونوسان وەهان شارەزان لە پشکنینو راستکردنەوەی بەڵگەو دۆکۆمێنتو حوکمدان بە سەر چیرۆکەکاندا بەپێی پێوەرێکی تایبەت، کە خۆیان هێڵەسەرکیەکانیان بۆ کێشاوە، دەتوانن بەسەر بەستی ئەو مێژووەی چاڵدێران ببینین بەسەر جەستەیەکەوە، کە چیدی تەمەن سنورەکانی مێینەو نێرینەی پێنابەخشێ، چیدی گرنگ نییە رووتبوونەوە لە بەردەم مێژوو مادامەکی جەستەیی مێینە لە رووداوەکاندا بەسەر تەنافەکانی زەمەندا ئیشکبۆتەوە.

تێکستەکە گومانە لە مێژوونوسان کەخۆیان بە پارێزەری چیرۆکە مەزنەکان تێدەگەن، گومانە لە هەموو چیرۆکێ نێزیك بێ لە نێرایەتیەوە، هەروەك چۆن مێژووی کوردی گوتارێکی نێرینەیەو پابەستە بە گوتاری مێژوویی شکۆمەندی مێژوییەوە، هەر وەك هەموو نێرێك چیرۆکی زاڵی خۆی هەیەو خۆیشی گێڕەوەی سەرەکی چیرۆکەکانی خۆیەتی، ئەمەش ئەم قڵپکردنەوە ئیستاتیکەمان لە کێشەبەندی چیرۆکەکە بۆ دەردەخا، کە نێرایەتی لەمێژوو دەستێنێتەوە، دەیتوێنێتەوە، دەیکات بەپاشکۆی گێڕانەوەی ئەو مێیانەی کەدەیانەوێت چیرۆکی خۆیان بنوسنەوە، نەك لەبەر ئەوەی خەمێکی دیکەی مێژووییان هەیە، بەڵکو دەیانەوێ چیرۆکی مێژوو بخەنە نێو مامەخولەی ووردەکاریەکانی خۆیانەوە، مێژوو رووتبکەنەوە لە چیرۆکی نێرینەی خۆی.

<u>گوتارێ بۆ لەبیرچوونەوە:</u>

ڵایەنێکی دیکەی جوانی ئەم تێکستە ئەوەیە، کە مەودایەکی دیکەی مێژوومان پێدەبەخشێ، ئەویش ئاسۆی لەبیرچوونەوەیە، بە چەمکی نیچەویانە قسە بکەم (نامێژووگەرایی unhistorisch) نیچە لە کتێبی (لە بارەی سوودو زەرەدەکانی مێژوو لە ژیاندا)، هەستی مێژوویی بە هەستێکی باڵای مرۆڤ تێدەگا، بە سادەیی بدوێین بەجیاکاریەکی گەورەی تێدەگا لە نێوان مرۆڤو ئاژەڵ، هەر لەسەرەتای کتێبەکەیدا نیتچە نوسیویەتی

"- سەرنجی ئەو مێگەلە بدەن چۆن دەلەوڕێت، بێ ئاگا لە دوێنێو بێ ئاگا لە ئەمڕۆش." ل٧

فردیریك نیچە: لە بارەی سوودو زەرەدەکانی مێژوو لە ژیاندا. دەزگای چاپی ریکلامی ئەڵمانی

Nietzsche, Friedrich. Von Nutzen und Nachteil der Historie für das Leben. Reclam 1999.

بیرەوەریو گەڕانەوە بۆ رابوردوو ساتەوەختی گرنگی مرۆڤە لەگەڵ ژیاندا، بوون لە نێو رابوردوودا لەبیرنەکردنی رابوردوو،

گەرانەوەیە بۆ ئیرادەیەك دەیەوێ شوێنای خۆی لەم دنیایەدا دیاری بکا. بەڵام هەر نیچە لەنمونەی ئەو مێگەلەوە ئاگادارمان دەکاتەوە لە کاوێژکردنەوەی رابوردووو نووسیویەتی: "- مرۆڤێ بەردەوام مێژووگەر بێ، تەنها لەنێو مێژوودا بژی، وەك ئەوایە زۆر لەخۆی بکا، کە نەخەوێ، وەك ئاژەڵێکە بەردەوام تەنها خەریکی کاوێژکردنەوەیە." یاخود (ئەم بێداریو نەخەوتنە لە پلەیەکدایە، کە کاوێژکردنەوەی هەستی مێژووی هەموو زیندەگیو ژیانەوەیەك تێك‌و پێک دەشکێنێو وێرانی دەکا، لەوانەیە ئەوەی کەوێرانی دەکا مرۆڤێ، یاخود میللەتێ، یاخود کولتووریێ بێ." ئەی نیچە چی لێمان دەوێ، دەوێ ئێمە لە نێوان رابوردووو ئێستادا چی بکەین بە مەرجێ ژیان لەنێو هەردووکیاندا جۆرێکە لەسەندنەوەی ئیرادەلێمان، نیچە دەڵێ: "- ئاوەها دەکرێ ئێمە بێ یادەوەری بژین، بەڵێ بەختەوەر دەژین وەك ئەوەی لەمێگەلدا بینیمان، موستەحیلە ئێمە بەبێ لەبیرچوونەوە بژین." ئەم دووهێزە هێزی لەبیرکردنو هێزی یادەوەری، هێزێ دەدەن بەکولتوری میللەتان کەنیچە لە ژێر ناوی (هێزێکی پلاستیکی) پێناسەی دەکا بەوەی: "- مرۆڤ، یاخود میللەتێ، یاخود کولتووریێکە، کە توانایی ئەوەی هەیە هێزێ لە خوێدا کۆکاەوە پەروەردەی بکا، کە رابوردووو نامۆو ناوازەکانی نێو خۆی، ریفۆرمکاتەوە، بیگۆڕێو بینایکاتەوە، برینەکان ساڕێژکاتەوەو دۆڕانەکان قەرەبوو بکاەوەو فۆرمە تێکشکاوەکان جارێکی دیکە فۆرمولە بکاەوە." بەمانایەکی دیکە نیچە دەیەوێ بڵێ، کە کولتور ومیللەتان (لە کاتی خۆیدا رابوردوو لەبیر بکەن‌و لەکاتی خۆیشیدا بیریان بێتەوە، بە هەستێکی غەریزەیی پێویستەوە، بزانن کەی مێژووگەرا historisch دەبن‌و کەیش نامێژووگەرا unhistorisch دەبن) هەمان سەرچاوە.

ئەم دەقەی ئێمە باسی لێوەی دەکەین گوتارێکە بۆ لەبیرچوونەوە لە رێگەی وەبیرهاتنەوە، مێژووگەرایەکە بۆ نامێژووبوونی دنیای کوردی، ئەم دەقە دەیەوێ هەر شتێ لە بیر بکەین، نەك لەبەر ئەوەی لەبیرکردن لە خودی خۆیدا ئامانجێکی ئەم دەقە بێ، بەڵکو لەبیرکردن گەرانەوەیەکە بۆ خودی مرۆڤیمان، ئەو خودەی هەمووان لەأوواوە گەورەکاندا ونی دەکەین، کاتێکیش دەبێتە رابوردوو، ئەوسا لە کاوێژکردنەوەیدا ئەوەشمان لێ دەستێنێتەوە، کە ماوەتەوە لە خودی تاکخوازی مرۆڤیمان، ئادۆرنۆ گوتەنی: "- ئەو تاکخوازیە درەنگە، ئەوەش ژەهراوی دەکا، کە لە تاکخوازیدا ماوەتەوە.

ئادۆرنۆ: مۆرالەگچکۆکەکان. چاپی سورکامپ Theodor w. Adorno. Minima .Moralia. SV 1998

ئەو کۆدانەی لە پشت جوانکاریەکانی ئەم دەقەوە وەستاون، هەوڵدانێکە بۆ لەبیرکردن، بۆ ئەوەی خودی مرۆیمان بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی لە نێو کەڵێن وپێچەکانی مێژوودا ون نەبین، ئەوەی کەمێژوو لێماندەستێنێتەوە، لە رێگەی چیرۆکەکانی خۆمانەوە جارێکی دیکە بیسەنینەوە.

خەون ئەو هاوسەنگیە رادەگرێ، کە لە نێوان لە بیرچوونەوەو کاوێژکردنەوەدا یاری شەیتانی خۆی دەکا، بەمانایەکی دیکە دۆزینەوەی تاکو دوورکەوتنەوەی بە چەندهین هەنگاوی ئەقڵانی لە قەرەباڵغیەکان (مێژوو، ناسیۆنالیزم، خێڵ، جەماوەخوازی، حزب‌و پارتە سیاسیەکان، کۆمەڵە نەقابی‌و کۆنگرەکان، ئاهەنگە پڕ موجامەلەکان، ئەم دوورکەوتنە هۆشەمەندخوازیە دۆزینەوەی خودی نووسینە، کە تەنها لە تاکڕەوخوازی خۆیدا دەتوانێ بنوسێ‌و خەون ببینێ‌و رابوردوو شیتەڵبکاەوە بۆ سەر ئەو وردەکاریانەی لە قەرەباڵغیەکاندا لەبیردەکرێن.

گوتاری تاکخوازی لە سەرێکەوە لە رێگەی مێژوویەکەوە (چاڵدێران) خۆی وەدەر دەخا، بەوەی هەموو ئەو مێژووەو روداووی بەدیلگرتنەکان، هۆکارێکن، فێڵێکن بۆ هاروژاندنی چیرۆکی تاکەکان، بۆئەوەی تاکخوازی وخەونی خۆیان بدۆزنەوە.

<u>کلاسیکیەتی چیرۆکنووس:</u>

ئەوەی ئەم خوێندنەوەی بۆ ئاسانکردین ئەوەبوو، کە ئێمە لەبەردەم چیرۆکنووسێکی بە توانایی خاوەن خەیاڵێکی ئیجگار دەوڵەمەندین بەخوێندنەوەکانی، لە هەمان کاتیشدا رەگداکوتانی چیرۆکنووسە بە کوردی نوسینەوە، کوردی نووسینێ بە زمانێکی تەواو جیاوازو تایبەت، لە هەمان کاتیشدا، کە ئەمەش خاڵێکی سەرنجڕاکێشە لە نووسینەکانی کاروانداء ئەوەیە، کەئەم لە ناواخندا تراديسيۆن وکلاسکیەتی هونەری چیرۆک گێڕانەوەی پاراستووە، بەمانا (ت.س.ئیلیۆت)ەکەی کلاسیك وەك ترۆپکی پێگەیشتنی رۆحی زمان، لە نێو ئەودا لە رێگەی هۆشمەندیەکی ئێجگار باڵادا خۆی پێگەیاندووە، کلاسیکێ، کە رێگە بە خوێنەر دەدا لێکدانەوەی خۆی هەبێ، لە رێگەی ئەو پەیوەستگیریەی چیرۆکنووس بە هونەرەکانی گێڕانەوەی کلاسیك، بە ناوەڕۆك‌و بابەت‌و کێشەبەندی سەرەکی چیرۆك، گێڕانەوەی ئەمانە بەزمانێکی تایبەتی پڕ ئیستاتیکاو وشەی تازەو یاری تەکنیك بەبێئەوەی سەرمان لێبشێوێ، ئەمانە هەمووی هۆکاری تێگەیشتنێکن کەلەدواجاردا خوێنەر ئازاد دەکا بۆ چێژلێبینین‌و تاوتوێکردنی ناوەڕۆکەکان‌و کەسەکان، رێگەدەدا تێکست ئاشکرا بێ بۆ بەخشینی سەربەستی خوێنەر، چاکتر وایە بڵێم بۆ زیاتر قوڵکردنەوەی تاکخوازیەکی پۆزەتیف لەخوێنەردا.

گوتاری تاکخوازی، گوتارێکە چیرۆکنووسەکانی نەوەی جەنگ ئاشکرای دەکەن، بەپێچەوانەی چارەکەسەدەیەك لە بەمێگەڵکردنی مرۆڤی کورد لە رێگەی ئەدەبێکی خراپەوە، کە تەنها ئەرکی بە جۆشدانێکی هەرزان بوو لەسەر حسابی وردەکاریە مرۆییەکانمان. لەسەر لیستی لەبیرکرنی خود بوو لەأیگەی کاوێژکردنەوەی شکۆی مێژوویەکی تەموو مژاوی‌و بەسەرچوو. لەسەر لیستی ونکردنی هەموو خەونێك لەژێر بەهانەی خەونە مەزنەکان، لەسەر وێری لەبیرکردنی خودێکی ئازادو ئیندڤیدوالیەتێکی تێڕاماو لەجیهاندا بوو، بەمەش بە تەعبیری ئادۆرنۆ نەك هەر تاکخوازی ژەهراوی دەکا، بەڵکو خودی مێژووو مێژووگەرایش بەرەو تێك‌و پێکشکاندن پەلکێش دەکا.

جانتاکەی باوکم



وەرگێرانی: موحیەدین مەحموود
نۆرهان پەموك



باوکم دوو ساڵ بەر لە مردنی جانتایەکی ئەوانەیان، کە بۆ بڵاوکردنەوە دەشێن، چکۆلانەی پڕ لە نووسراوو دەستنووسو هەڵبژێری."
دەفتەری خۆی پێدام، بە بێ پێشەکیو بە خۆشمەشرەبییەکەوە، کە گاڵتەکردنە ئاساییەکەی خۆی پێکردبوو بە پاساو، پێی گوتم: کە دەیەوێ پاش مردنی بیانخوێنمەوە: "- سەرنجێکیان بدە."
ئەمەی بە شەرمێکی ناسکەوە گوت: "- تا بزانی ئایا شتێکی بە سوودیان تێدایەو رەنگە لە ژووری نوسینگەکەمدا بووین‌و کتێب لە هەر چواردەورمان بوو. باوکم بە نێو ژوورەکەدا دەگەڕا، نەیدەتوانی شوێنێ بدۆزێتەوە تا جانتاکەی لێدابنێ. وەکو کەسێ بیەوێ بە تاسەوە بارێکی زۆر تاییەت‌و زۆر بە ئازار لە کۆڵ خۆیکاتەوە، بە هێمنی جانتاکەی لە گۆشەیەکدا، کە سەرنجراکێش نەبوو،

بەجێهێشت. هەر، کە ئەو ساتەی لە یادناکرێتەوەو تیایدا هەردوو نیگەران بووین، تێپەری، کەوتینەوە دۆخە ئاساییو خۆش مەشرەبو گاڵتەجارەکەی خۆمان، کە کۆڵ بە ژیانەوە ناگرێو ئەمەش شتێ بوو، هەردوو پێی حەواینەوە. وەك ئاسایی کەوتینە قسەو گفتوگۆ دەربارەی کەش‌و هەواو ژیان‌و کێشە رامیاریەکانی تورکیا، کە کۆتاییان نایێ. هەروەها دەربارەی کارەکانی باوکم، کە زۆریان بە شکستی کۆتاییان دەهات‌و بێ ئەوەی ئەمە زۆر دڵتەنگمان بکا. لە بیرمە چەند رۆژێ، پاش ئەوەی باوکم رۆیشتەوە، بە دەوری جانتاکەدا دەهاتم بێ ئەوەی دەستێکی بۆ بەرم. بەم جانتا چەرمە چکۆلانەیەو رەشەم دەزانی، شارەزای قفڵو گۆشە کەوانەییەکانی بووم، چونکە باوکمم دەبینی، کە لە گەشتە کورت خایەنەکانی، یان لەو کاتانەی لە ماڵەوە بۆ شوێنی کارەکەی شتی پێدەگواستەوە، هەڵیدەگرت .



یەکەم هەستی شاراوە کە نەیدەهێشت لە ناواخنی جانتاکە نزیك ببمەوە، بێگومان ترسم لەوە بوو کە ئەوەی بیخوێنمەوە بە دڵم نەبێ. باوکم بەمەی دەزانیو خۆی بۆ ئامادەکردبوو، بۆیە بە میزاجی کەسێ رەفتاری دەکرد، کە بەلایەوە زۆر گرنگ نەبوون. هەنووکە، پاش ئەوەی چارەکە سەدەیەکم بە نووسین گوزەراندووە، کە ئەوەم لێبینی پێمناخۆش بوو. بەڵام ئارەزووم نەکرد بە هۆی ئەوەوە لە باوکم پەست بم، چونکە نووسینی بە هەند وەرنەدەگرت. ترسی راستەقینەم ئەوە بوو بۆم دەرکەوێ باوکم نووسەرێکی چاکەو ناچاربم دان بەم راستیەدا بنێم. ئەمە ئەو هۆکارە راستەقینەیە بوو، کە نەیدەهێشت لە جانتاکەی باوکم نزیکببمەوەو بیکەمەوە. لە سەرووی ئەم هۆکارەش ئەو راستییە هەبوو، کە لە خۆشمم دەشاردەوە. واتە ئەگەر جانتاکە بەسەر ئەدەبێکی راستەقینەو مەزندا بکرێتەوە، دەبێ بە هەنووکە لە مانای ئەو قورسییەی باسمکردبوو، قسە دەکەم. لە مانای ئەوی کەسێ بە تەنیا لە ژوورێکدا، لە بەردەمی مێزێکدا دادەنیشت، یان لە شوێنێکدا گۆشەگیر دەبێ، تا بە قەڵەمو کاغەز گوزارشت لە خۆی بکا. قسە دەکەمو لەمەشدا مەبەستم لە ئەدەبە.

بەڵێ، نەمدەتوانی لە جانتاکەی باوکم نزیکببمەوەو بیکەمەوە، بەڵام شارەزای هەندێ لەو دەفتەرانە بووم، کە تیایدابوون، چونکە پێشتر باوکمم دیبوو شتی لە هەندێکیان دەنووسی، واتە ناواخنی جانتاکە شتێ نەبوون، کە بۆ یەکەمجار هەست بە سەنگیان بکەم. باپیرم – باوکی باوکم – پیاوی کارو دەوڵەمەند بوو. باوکم منداڵیو لاویەتییەکەی خۆش ژیابوو، نەیدەویست لە پێناوی ئەدەبو نووسین خۆی بڕەنجێنێو ماندوو بکا، ژیانی بە هەموو خۆشییەکانەوە خۆش دەویستو بۆ خۆشم لەمە تێدەگەم.

بوونی کەسێکی دی، لە ناو باکم، کە کەسێکە بە تەواوی لەو جیاوازە رازیبم و ئەمە شتێکی ترسناك بوو، چونکە لەم تەمەنە گەورەیەشمەوە دەمەوێ باوکم تەنیا باوکم بێ، نەك نووسەر. کاتێ وشە لە پاش وشەیەکی دیم دەخستە سەر کاغەزە سپیەکەی بەردەمم و رۆژانو مانگانو ساڵان تێدەپەڕین و بۆ خۆم هەر لە بەردەمی مێزەکەمدا دادەنیشتم، هەستم دەکرد، کە جیهانێکی نوێ بۆ خۆم دروست دەکەم و لە ناخمدا کەسێکی دی دەدۆزمەوە، کە وەك کەسێکە پردێ، یان گومەزییەك دروستدەکات و خشت لەسەر خشتی دادەنێ.



پێم وایە نهێنی نووسین لە (لە بۆ هاتنداـئێلهامدا) نییە، کە کەس نازانێ لە کوێوە دێت بەڵکو لە سووربوون و پشوو درێژییە، وا دێتە بەرچاوم کە ئەو ئیدیۆمە تورکیە جوانەی دەڵێ:"- بیر بە دەرزی هەڵدەکەنێ." بۆ وەسفی کاری نووسەر دانراوە.

لە رۆمانەکەمدا (ناوم سورەیە) باسی نەخشەسازە دێرینەکانی (ئێران)م کردووە، کە بە درێژایی چەندین ساڵ وێنەی هەمان ئەسپیان دەنەخشاند، تا وایان لێهاتبوو بە چاو نووقاوییەوە دەیانتوانی وێنەی ئەسپێکی جوان بکێشن، دەمزانی لەوێدا باسی پیشەی نووسینم دەکرد، واتا ژیانی خۆمم دەکرد. لە کردنەوەی جانتاکەی باوکمو خوێندنەوەی دەفتەرەکانی دەترسام، چونکە دەمزانی ئەو هەرگیز وەکو من خۆی تووشی قەیرانو دەردەسەری نەدەکرد، تەنیایی پێ خۆش نەبوو، بەڵکو برادەرانو هۆڵو کۆمەڵو گەمەی خۆشو تێکەڵاوبوون بە خەڵکی پێ خۆشبوو، بەڵام لە پاشان بیرم لە ئەگەرێکی دیی کردەوە، کە: "- لەوانەیە ئەم بیرۆکانەم، واتە تێڕامانەکانم دەربارەی پشوو درێژیو دەردەسەرییەکانی. ژیان تەنیا بڕیارگەلێکی پێش وەخت بووبن، کە لە ئەزموونە تایبەتەکەی خۆم لە ژیانو نووسیندا وەرمگرتوون. چونکە گەلێ نووسەری درەوشاوە لە نێو دەوروبەرێکی خێزانیو کۆمەڵایەتیو ژیانێکی خۆشگوزەرانو درەوشاوە بەرهەمەکانیان نووسیوە. ئەمە جگە لەوەی لە سەردەمێ لە سەردەمەکانی منداڵیمدا باوکم لە دووبارەو لە لە یەکچوونی ژیانی خێزانی بێزار بوو بوو. ئێمەی بەجێهێشتو رووبکردە پاریس، لەوێ وەك گەلێ نووسەر لە ژووری ئوتێلەکاندا دەفتەرێکی زۆری پڕکردبۆوە.

دەمزانی هەندێ لەو دەفتەرانە لە نێو جانتاکەن، چونکە باوکم لەو چەند ساڵەی ژیانی بەر لەوەی جانتاکەی لێ وەربگرم، باسی ئەو قۆناغەی بۆ کردبووم. بەڵام ئەگەرچی ناپتەو بوو، باسیو ئارەزووی نەدەکرد، کە ببێتە شاعیر، یان نووسەر، خۆی تووشی قەیرانەکانی گەڕان بە دوای سیما تایبەتەکانی خۆی، کە لە ژووری ئوتێلەکاندا بە خەیاڵی هاتبوون. لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا

بەراستگۆییەوەو بە خوێنگەرمی، کەسێ، کە هەواڵێکی زۆر گرنگت پێ رادەگەیەنێ، کەواتە باسکردنی ئەوەی چۆن زۆرجار لەسەر شۆستەکانی (پاریس)دا (سارتەر)ی دەبینیو دەکەوتە باسی ئەوەی چ کتێبێکی خوێندبۆوە، چ فیلمێکی دیبوو هەرگیز ئەوەم لەیاد ناچێ، کە لە لایەنەکانی ئەوەی، کە نووسینم کردە پێشەی خۆم، قەرزاری باوکێکم لە ماڵەوە باسی نووسەرانی جیهانی دەکرد، زیاتر لەوەی باسی پاشاکان، یان پیاوانی ئایینیی بکردایە.

لەوانەیە، دەبوو دەفتەرەکانی باوکم بخوێندایە، کە بیر لەمە دەکەمەوە، ئەوەم بیردەکەوێتەوە، کە تا چ ئاستێ قەرزاری کتێبخانە گەورەکەی باوکمم. دەبوو ئاگام لەو ئارەزووەی باوکم بووایە لەو کاتەی لەگەڵماندا دەژیا، کە بە تەنیا لە ژوورێکدا، هەر وەك خۆم لە پاشانداوو پەیوەندییەکی بەتین لەگەڵ بیرۆکەو کتێبەکان دروست بکا، بێ ئەوەی بایەخێکی زۆر بە بەهای ئەدەبی ئەوەی دەینووسی بدەم.



بەڵام بە تەواوی ئەمەیان بوو، کە نەمدەزتوانی بیکەم. کاتێ هەستمکرد بە نیگەرانییەوە بۆ ئەو جانتایەم دەڕوانی، کە باوکم بەجێهێشتبوو. هەندێ جار باوکم لەسەر ئەو کورسیە درێژەی، کە لە بەرامبەر کتێبخانەکەیدا قوت ببووەوە. پاڵدەکەوتو کتێبەکەی دەستی، یان گۆڤارەکەی دەستی وەلا دەناو بۆ ماوەیەکی زۆر نوقمی بیرو تێڕامانەکانی خۆی دەبوو. دەربڕینێ بە رووخساریەوە دەردەکەوت جیاواز لەوەی لە ژیانی رۆژانەی ئاساییدا بوو، کە بە گاڵتەو لێدوانی گاڵتەجاڕو وردەناکۆکی تێدەپەڕی. لە چاوەکانیدا نیگای کەسێکت دەبینی، کە بۆ نێو ناخی خۆی شۆڕدەبێتەوە، لەم دەربڕینەی، کە بە رووخساریەوە دەردەکەوت، تێدەگەیشتم، کە باوکم نائارامەو نیگەران دەبووم، لە منداڵیو لاوێتیی زوومدا، بە تایبەتی ئەمڕۆ، پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، شارەزای ئەو دڵتەنگیەم، کە لە باوکمدا تێبینیم کردبوو. ئەم هەستە یەکێ لەو هاندەرانەن، کە نووسەر دروست دەکەن.

یەکەم نموونەی مەزنی نووسەری ئازادو سەربەخۆ، کە بە چێژەوە کتێب دەخوێنێتەوەو گفتوگۆ لەگەڵ بیرۆکەی کەسانی نێوی دەکاو گوێ بە تەنیا لە ویژدانی خۆی دەگرێو بیرۆکەو جیهانە تایبەتەکەی لەگەڵ کتێبدا بونیاد دەنێ. ئەو نموونەیە.. (مۆنتانێیە)،کە لە ئەدەبی نوێدا خاڵی دەستپێکە.

باوکم هەموو جار کتێبەکانی دووبارە دەخوێندەوەو رێنمایی دەکردم بیانخوێنمەوە. دەمەوێ بەو پێیە خۆم ببینمەوە، کە بەشێکم لە کەلەپووری ئەو نووسەرانە، کە لەکۆمەڵ جیادەبنەوەو لە ژوورێکدا بە تەنیا لەگەڵ کتێبدا دەبن. ئەمانە لە هەر شوێنێکی سەر ئەم زەوییە، بە رۆژهەڵاتو رۆژئاواکەیەوە هەبوونو دەبن. ئەدەبی راستەقینە لەلام لە هەر شوێنێکدا دەبێ، کە کەسانێکی لێبن لە ژوورێکدا بۆ خۆیان بە تەنیا لەگەڵ کتێبەکانیان بن.

ئەو نووسەرەی لە ژوورێکدا بە تەنیا لەگەڵ کتێبەکانی دەبێتو سەرەتا دەست بە گەشتی بۆ نێو ناخی خۆی دەکا. بە تێپەڕبوونی ساڵەکان ئەو رێسایە دەدۆزێتەوە، کە بۆ چاکی ئەدەب دەستی لێهەڵاگیرێ. ئەدەب بەهرەی ئەوەیە، کە هەقایەتە تایبەتەکەی خۆمان وابگێڕینەوە، کە

هەقایەتێکی تایبەتە بەکەسانیترو هەقایەتی کەسانیتر وا بگرێرینەوە، کە هەقایەتێکی تایبەتە بە خۆمانو بۆ ئەوەی لە مەدا سەرکەوتووبین، دەبێ لە هەقایەت‌و کتێبەکانی کەسانیترەوە دەست پێبکەین.
باوکم کتێبخانەیەکی هەزارو پێنج سەد کتێبیی هەبوو، کە پتر لە پێویستیەکانی نووسەرێکی دابین دەکرد. لەوانەیە، لە بیست‌و دوو ساڵی تەمەنمدا، لە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە تەواو نەبووبم. بەڵام شارەزای هەموویان بوو بووم، دەمزانی کامیان گرنگەو کامیان بابەتەکەی سووکەو خوێندنەوەی ئاسانە.کامیان کلاسیکەو کامیان کەڵەپووری جیهانی ناتوانێ دەستبەرداری بێ، کامیان بۆ مێژوویی ناوچەیی بەڵگەیەو کامیان لەیاد دەکرێ. بەڵام خۆشیشەو کامیان نووسەرەکەی فەرەنسیەو باوکم بایەخێکی زۆری پێ دابوو.

جیهانەکەم تێکەڵەیەکە لە جیهانێکی ناوچەیی نیشتمانی‌و جیهانێکی دیی رۆژئاواییە.

لە سەرەتای حەفتاکانەوە بۆخۆشم کەوتمە پێکهێنانی کتێبخانەیەکی تایبەت‌و بە ئومێد، کە ڕوو لە فرەوانبوون بوو، ئەوسا هێشتا بە شێوەیەکی بڕاوە بڕیارم نەدابوو نووسین بکەم بە پیشە. هەر وەك لە کتێبی (ئەستەنبوڵ)ەکەوە باسم کردبوو، تازە خەریکبووم درك بەوە بکەم، کە نازانم بە وێنەکێش، بەڵام بە تەواوی نەمدەزانی ژیانم چ ڕێگەیەك دەگرێتە بەر. لە لایەك هەستم دەکرد، کە لە ناخەوەو بە تووندی حەزم دەکرد هەموو شت بزانمو بۆ خوێندنەوەو فێربوون زۆر بە هەڵپەو گەشبین بووم، لەلایەکی‌تر هەستم دەکرد، کە ژیانم بە شێوەیەك لە شێوەکان ناکام دەبێ‌و ئیتر ناتوانم وەك کەسانی دی بژیم.

ئەم هەستە بە شێوەیەکی ڕێژەیی بۆ بیرۆکەی لە ناوەند دووربوون دەگەڕێتەوە بەهەمان ئەو شێوازەی هەستم بوو، کاتێ بۆ کتێبخانەکەی باوکمم پێ دەڕوانی. لە لایەکی‌تریشەوە بۆ ئەو هەستەم دەگەڕێتەوە، کە ئێمە لە لادێی جیهاندا دەژین‌و ئەمە هەستێ بوو (ئەستەنبوڵ) وای لە هەموومانی کرد بوو لەو ساڵانەدا هەستی پێ بکەین.
هەستێکی شاراوەی دی لە هەستە شاردراوەکانی ژیانی ناکام هەیە، کە بێگومان پەیوەندیی بەو زێدە هۆشیاریییەم هەیە، کە من لە وڵاتێکدام بایەخێکی زۆر بەداهێنەرەکانی، چ وێنەکێش، یان ئەدیب بن، نادات‌و ئومێدێکی زۆریان پێ نابەخشێ.



ئەو هەستە بنەڕەتییە، کە لەو ماوەیەدا دایدەگرتم سەبارەت بە پێگەم لە جیهاندا بوو، چ لە ئەدەب‌و چ لە ژیانی ڕاستەقینەدا هەستی پەراوێز بوون، یان لە دەرەوەی ناوەندبوون بوو، دەمزانی لە چاو ئەو ژیانەی تیایدا دەژین، ژیانێکی دەوڵەمەندترو کەمەندکێشتر هەیەو من‌و هەموو دانیشتوانی (ئەستەنبوڵ)‌و تورکیا لە دەرەوەی ئەو ژیانەدا دەژین، ئەمرۆ بیر دەکەمەوە، کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی جیهان لەم هەستەدا بەشداریم دەکەن. دەمزانی ئەدەبێکی جیهانی هەیە، کە ناوەندەکەی لە من ئێجگار دوورەو لە ڕاستیدا ئەدەبی ڕۆژئاوام لە خەیاڵدابوو، نەك ئەدەبی جیهانی ئێمەی تورك. لە دەرەوەی ئەمەشدا دەژین، کتێبخانەکەی باوکیشم پێ لەسەر ئەم

راستیە دادەگرێ،چونکە لە لایەکیدا جیهانی ناوچەییمان دەبینی، کە خۆی لە کتێبو ئەدەبی (ئەستەنبوڵ) نیشان دەداتو بەشێکی زۆر لە وردە بابەتەکانیم خۆشویستووەو ناتوانم دەست لە خۆشەویستیان هەڵگرم، لەلایەکیترکتێبەکانی جیهانی رۆژئاوا دەبینی، کە لە هیچ شتێکیدا لە جیهانەکەماندا ناچێو جیاوازەو جیاوزیەکەی پێکەوە ئازارو ئومێدین پێ دەبەخشێ. خوێندنەوەو نووسین وەك درچوونێ لە یەکێك لەم دووجیهانەیەو بۆ گەڕان بە دوای دڵدانەوە لە جیاوازیو نامۆییو لە نائاشنایی ئەوێتر دەهاتە بەرچاوم. هەندێ جار هەستم دەکرد، کە رۆمان خوێندنەوەی باوکم هەڵاتنێ بوو لەو جیهانەی تیایدا دەژیا بۆ تۆژئاوا. بە تەواوەتی هەر وەك خۆم، کە لە پاشان هەروامکرد، یان لەو ماوەیەدا کتێب وەك یەکێ لەو هۆکارانە دەهاتە بەرچاوم، کە بۆ خۆ دزینەوە لەم جۆرە هەست بە خۆ کەمزانینە بوو، کە مۆرکێکی رۆشنبیری هەیە، نەك تەنیا خوێندنەوە، بەڵکو نووسینیش وەك جۆرە گەشتێ بوو لە (ئەستەنبوڵ) بۆ ڕۆژئاوا.



باوکم بۆ پاریس رۆیشتو دەرگای ژوورەکەی لە ئوتێلەکەدا لەسەر خۆی داخست، تا بتوانێ دەتەرێکی زۆر لەوانەی نێو جانتاکەبوون بە نووسین پڕبکاتەوە. پاش ئەوە، بە نووسینەکانیەوە بۆ تورکیا گەڕایەوە.

کاتێ سەیری جانتاکەی باوکمم دەکرد، بە خۆمدا هاتمەوەو بینیم ئەم سەیرکردنە تووشی دڵتەنگیم دەکا.

پاش ئەوەی چارەکە سەدەیەك لە تەمەنم، لە ژوورێکدا بردۆتە سەر، کە دەرگاکەیم لەسەر خۆم داخستبوو، تا وەك نووسەر لە (تورکیا)دا لەسەر پێی خۆم بووەستم. بە سەیرکردنی جانتاکەی باوکم کەوتمە ئەوەی لەم واقیعە یاخی بم، کە بە ئازادیی نووسین، وەك ئەوەی لە خودی نووسەرەوە هەڵبقوڵێ دەکاتە کارێ، کە بە دزی کۆمەڵو دەوڵەتو گەل بکرێ. لەوانەیە، لەبەر ئەم هۆیە، بە تایبەتی هەستم بەو پەستیەی خۆم لە باوکمم دەکرد، چونکە ئەوەندەی من خەمخۆرانە بۆ نووسینی نەدەڕوانی، لە راستیشدا هەستم بەو پەستیە کردبوو، چونکە وەکو خۆم نەژیابوو، لە پێناوی هیچ شتێکدا خۆی تووشی بچوکترین ململانێی نەدەکرد. بە بەختەوەری لە نێو کۆمەڵگادا، دەژیا لەگەڵ برادەرە خۆشەویستەکانی گالتەی دەکردو پێدەکەنی. بەڵام لەلایەکیترەوە درکم بەوە کرد، کە وشەی (ئیرەیی) زیاتر لە وشەی (پەستبون) گوزارشت لەو هەستەم دەکاتو ئەمە بۆ من دڵتەنگتری دەکردم.

<u>تێبینی:</u>

ئەم بابەتە وتاری (ئۆرهان پەموك)ە، کە لە ئاهەنگی ئەکادیمیای سوید بە بۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی (نۆبڵ)ەوە خوێندویەتیەوەو لە لایەن (بەکر صدقی)یەوە کراوە بە عەرەبیو لە رۆژنامەی (ئەلحەیات)ی ژمارە ١٥٩٥٨ی رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٤/١٢/١٣ بڵاو کراوەتەوە.

بنەماخوازیی جەنگاوەر

سەعید ریزوەندی



ئەم رۆژانە باسو خواس لەسەر دیاردەی (فێندەمێنتالیزم)ی ئیسلامی لە راگەیاندنەکانی رۆژئاوادا زۆرەو ناوەندە رۆشنبیرەکانی رۆژئاواو خاوەن بڕیارانی جیهان بە تێروتەسەلی لەسەر ئەم بابەتە مشتومڕ دەکەن. ئەم زاراوەیە هێندە باوبووە، کە پێویستیی بە پشکنینو لێکدانەوەیەکی بابەتیو چڕوپڕ هەیە. ئەم دیاردەیە دەبێ بە وردی سەرنجی لێ بدرێ، بە تایبەت لەبەر ئەوەی، کە ئەوە دەربڕی تێگەیشتنێکی رۆژئاواییە لە ئیسلام، نەک چەمکێ، کە پەیوەندیی بە موسوڵمانانەوە هەبێو ئەوان خوڵقاندبێتیان. وادیارە ئەم زاراوەیە وادەگەیەنێ، کە شتێ هەیە بە نێوی ئیسلامی بنەماخواز لە بەرامبەر ئیسلامێکی دیکە، کە ئەم مۆرکەی پێوە نییەو جەخت لەسەر ئەوە دەکا، کە کەسانێ هەن لە نێوان موسوڵمانان بڕوایان بە بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام هەیەو بڕێکی دیکەش لە موسوڵمانان وانین.

تا ئێستا تەنیا دوو گرووپ لە ئایینی ئیسلامدا بووە: (شیعە)و (سوننە). لایەنگرانی هەردوو گرووپ هاوڕاو هاودەنگن لەسەر ئەوەی، کە قورئان قسەی خودای مەزنە، کە بە شێوەی وەحی نێردراوە بۆ پێغەمبەر موحەمەد. هەردووکیان لەسەر ئەو بڕوایەن، کە موحەمەد

دوا پێغەمبەری خودایە. فرەتر لەمانەش هەردوو گرووپ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئیسلام ئایدۆلۆژیایەکی پێکهێناوە تەنیا نوێژکردنو پەرستنی خودا نییە، بەڵکو بنەماو بنچینەگەلێکی جیهانیو گشتگیر دەخاتە روو، کە سەرجەم لایەنو ژیانی کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێ.

سەرەڕای ئەم هاوڕاییە بەرفراوانە لە نێوان شیعەو سوننە، پەیوەندیی نێوان شیعەکانو سوننەکان لە درێژایی مێژوودا ئاساییو گەرمو گوڕ نەبووە، ئەگەر نەڵێینم زۆر ئاڵۆزو خراپ بووە. جا، ئێستا ئەم شێوە دابەشکردنەی ئیسلام، لەسەر بنەماخوازو نابنەماخواز، دەبێتە هۆی درووستبوونی چوار ڕەوت لە ئیسلامدا، کە بریتین لە: فێندەمێنتالیزمی شیعەو نافێندەمێنتالیزمی شیعەو فێندمنتالیزمی سوننەو نافێندمێنتالیزمی سوننە. ئەگەر ئەم شێوازە لە دابەشکردنو جیاکردنەوە هەڵی بۆ هەڵکەوتووە، تاکو ڕەگ لە نێو ئیسلامی مۆدێرندا دابکوتێو گەشە بکا، ئەو دیاردەیە دەستکردی ڕۆژئاوایەو هۆکارە بنەڕەتییەکانی لە کۆمەڵگای ئیسلامی سەرچاوەی نەگرتووە. کەوابوو، ڕوانینێکی چڕوپڕترو وردبینانەتر بۆ ئەم دیاردە تازەیە پێویست دەکاو ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە: فندەمێنتالیزم چ واتایەکی هەیەو بۆچی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاواییو خاوەن بڕیاردانو ڕامیارانی ڕۆژئاوا سەبارەت بە ئیسلام کەڵک لەو زاراوەیە وەردەگرن؟.

ئەم وتارەش هەڵدەدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەو شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بەم پرسو لێکۆڵینەوە هەیە، کە سەرچاوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە لە جیهانی ئیسلامدا.

<u>پێناسەی فێندەمێنتالیزم:</u>

هەر ئایدیۆلۆژیایەك، چ ئابووریێو چ سیاسیو چ ئایینی، یان نەتەوەیی بێ، لەسەر بناغەی هەندێ تایبەتمەندیی جیاکەرەوە، یان لایەنی کەم بڕێ نیشانەی هاوبەش دامەزراوە. ئەم تایبەتمەندییە جیاکەرەوانەی ئایدۆلۆژیا پێیان دەوترێ (بنەما بنەڕەتییەکانی ئایدیۆلۆژیا).

بەم پێیە بنماخوازی بریتییە لە هەڵسوکەوتێ، یان هەوڵدانێ، یان بزوتنەوەیەك، کە لایەنگرییی لە یارمەتیدانی ئەم بنەماخوازییانە دەکا، یان هەوڵ بۆ یارمەتییان دەدا.

لێرەدا چەند نموونەتان بۆ دەهێنمەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە: کاتێ ئێمە لە ئابووریی بازاڕی ئازادو خاوەندارێتی دەدوێین، ئەوە لە ڕاستیدا باسی بنەماکانی سەرمایەداریی مۆدێرن دەکەینو ئەوانەی کاروبارە ئابووریییەکانیان، بە پێی ئەم بنەمایە، بەڕێوەدەبەن بە شێوەیەکی لەبارو گونجاو، پێیان دەڵێن (سەرمایەدار).

کاتێ لە دەسەڵاتداریێتیو حکومەت لەگەڵو بە گەڵو بۆ گەل دەدوێن، ئەوە ئاراستەوخۆ ئاماژە بە بنەماکانی دیموکراسیی مۆدێرنی ڕۆژئاواییو کەسانێ دەکەین لایەنگری ئەم شێوازەی دەسەڵاتداریی و حکومەت بن و لەسەر ئەم بنەمایە فەرمانڕەوایی بکەن، کە پێیان دەگوترێ گەلانی دیموکرات، یان نەتەوە دیموکراتەکان.

هەروەها کاتێ هەندێ لە کەسان بڕوایان هەیە بە سیانەی پیرۆز (Trinity)و ئینجیل وەکو گوفتاری یەزدان، ئەوا بنەما بنەڕەتییەکانی مەسیحییەت دەردەبڕنو بە مەسیحی ناسراون.

بە هەمان شێوە، کۆمەڵێ بنەمای سەرەکی هەن، کە تایبەتن بە ئیسلامو ئەو ئایینە لە سیستمو رێبازە هزریەکانیترو ئایدیۆلۆژییەکانی پێشوو، یان هاوچەرخ جیادەکەنەوە، کە جیاوازن لەگەڵ ئیسلامدا.



بە پێی ئەوەی گوتمان، بنەماخوازیی (فێندەمێنتالیزم) چەقو کاکڵەی هەر هەموو ئەو شتانەیە، کە لایەنگرانی ئایدیۆلۆژیایەك بڕوایان پێیانەو واچاوەڕوان دەکرێ ئەو شتانە جێبەجێ بکەن. بەڵام ئەو شتەی سەرسوڕهێنەرە ئەوەیە، کە باسکردن لە چەمکگەلێ وەکو بنەماخوازیی دیموکراتیك، یان بنەماخوازیی کاپیتالیزم، یان بنەماخوازیی سۆسیالیزم، یان بنەماخوازیی سیکولاری، هەرگیز لە ئارادا نەبووەو هەرگیز گوێمان لەم شتانە نەبووە. زاراوەی بنەماخوازیی پتر سەبارەت بە ئایین بەکاردێ. ئەو شتەی دەبێتە هۆی شێواندنو لێڵکردنو تێکدانی بنەماخوازیی ئەوەیە، کە کاتێ ئەم دەستەواژەیە بەکاردێ، بە شێوەیەکی نالەبارو تا رادەیەکی زۆر لێوانلێوە لە مانایەکی نەرێتیی وەکو شتێکی زۆر تووندوتیژو وەستاو، شتێکی دواکەوتوو، کە لەگەڵ جیهانی مۆدێرندا نەگونجێو شتێ، کە پێویستە دژایەتیی بکرێو لە نێو بچێ.

بەم پێیە، وادیارە زاراوەی فێندمێنتالیزمی ئیسلامی هەڵگری پەیامێکە بۆ موسوڵمانی هەستیار، پەیامێ رووندو ئاشکرا؛ "بڕوات هەبێ بە ئیسلام، ئەگەر حەزدەکەیت. بەڵام تەنیا کاری پێ مەکە..!"

فێندەمێنتالیزمی مەسیحی

هۆکاری گرنگترو سەرەکیتری ئەم رووانینە نەرێتییە بۆ ئایین هەڵدەگەڕێتەوە سکوڵەریزمی خۆرئاوایی، کە هەرچۆنێ بێ خاوەنی فێندەمێنتالیزمێکە تایبەت بە خۆی. ئەگەر لێی وردتر ببینەوە، دەبینین، کە زاراوەی فێندەمێنتالیزم، هۆکاری رووانینی نەریتی سکوڵەریزم، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دوای سەدەی نۆزدەهەم. تەنانەت تا کۆتایی پەنجاکانی سەدەی نۆزدەهەم (فێندەمێنتالیزمی مەسیحی)، بە تایبەت لە ئەمریکای باکوور جەختی لەسەر ئەوە دەکرد، کە ڕەخنەگرتن لە ناوەڕۆکی دەقی ئینجیل قەدەغەیەو هیچ کەسێ بۆی نییە کارێکی وەها بکا. بەڵام زۆرێشی نەخایاند، کە دەستو پێوەندی کڵێسەو ژمارەیەك لە قەشە پایەبەرزەکانی کڵێسە بەرەبەرە داوای خوێندنەوەیەکی ئازادانەترو تێگەیشتنێکی کراوەتریان سەبارەت بە ئینجیل کرد ئەوەش لە ڕێگای زانیارییە زانستیو مێژوویییەکانەوە. ئەو ناکۆکیو باسو خواسانە بووە قەیرانێکی گەورەو بە کۆبوونەوەیەك لەسەر ئینجیل کۆتایی پێهات، کە لە ساڵی (١٧٨٧) لە (نیویۆرك)دا بوو. ئەم

کۆبوونەوەیە بە ئامادەبوونی گرنگترین قەشەکانی مەزنترین گرووپە ئایینییە مەسیحییەکان بەڕێوەچوو. کۆبوونەوەکە دانانو راگەیاندنی نۆ بنەمای بنەڕەتیی لێکەوتەوە. ئەوانی بەیاننامەکەیان ئیمزاکرد، ناوی (بنەماخوازان)یان لە خۆیان نا. ناوی (هەڵگەڕاوە لە ئایین)یشیان بۆ دوژمنەکانیان هەڵبژارد. ئەو بنەماگەلە بریتین لە بێچەوتیو دوور لە هەڵەبوونی ئینجیل، سیانەی پیرۆز، گوناهباربوونی هەتاهەتایی مرۆڤ، گیان بەختکردنی مەسیح وەکو قەرەبووی ئۆباڵەکانی مرۆڤو گەڕانەوەی مەسیح پاش ماوەیەکی کەمو فەرمانڕەوایی ئەو بۆ ماوەی هەزار ساڵ.

بزووتنەوەی بنەماخوازی بەرەبەرە بەهێزتر بووەوە گەشەی کرد. لە ساڵی ١٨٩٣دا (چارڵز ئەی بریجز) یەکێ لە پایەبەرزترین کەسایەتییەکانی مەشیەخی (Presbyterians) لە کڵێسە دەرکراو لە کار لادرا. بزوتنەوەکە لە ساڵی (١٩٢٥)دا لە ئاسواری بەناوبانگی ئیسکۆپس (Scopes) لە دایتۆن (Dayton) گەیشتە لووتکەی خۆی و ئەوە شوێنێ بوو تیایدا فێرکردنی تیۆری گەشەکردنو نماکردنی دارڤین لەو قوتابخانە حکومییانەی لە ڕێگای پارەی پێشکەشکراو بە کڵێسەوە بەڕێوەدەچوو قەدەغەکرابوو.

بەهۆی خەمۆکیی مەزن (قەیرانی ساڵی ١٩٢٩)و شەڕی جیهانیی دووەم بزوتنەوەکە تووشی پووکانەوەو لاوازی بوو، بە تایبەت بە درێژایی سییەکان (١٩٣٠). بەڵام دامەزراندنی ئەنجومنی ئەمریکی کڵێسە مەسیحییەکان (ACC) لە ساڵی (١٩٤١)داو پێکهاتنی ئەنجومەنی نەتەوەیی پرۆتستانتە ئینجیلییەکان (NCE) لە ساڵی ١٩٤٢دا وەکو تەوژمێ بوو بۆ بزوتنەوەکەو پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو ڕەوتە. سەرەتای قەشەکانی مەزنترین گرووپە ئایینییە پەنجاکانو شەستەکان پرۆتستانتە ئینجیلییەکان بۆ یەکەمجار کەڵکیان وەرگرت بە مەبەستی پەرەپێدان بە ڕەوتو ڕێبازەکەیان. ئامانجی سەرەکیی پێشاندانی دیمەنو وێنەگەڵی جوانو ڕەنگین لە شاشەی تەلەفزیۆن یە تایبەت دیمەنو وێنەی ئەو نابینایانەی ساغدەبوونەوەو ئەو گولو گەڕانەی نەخۆشییەکانیان چارەسەردەبوو تەنیا ڕاکێشانی سەرنجی ئەو بینەرانە بوو، کە زۆربەی هەرە زۆریان نەخوێندەوارو ئاپۆڕەی خەڵکیو جەماوەری ئاسایی بوونو بۆشیان گرنگ نەبوو. ئەگەر دواتر پەیامنێرانی پشکنەر ئەوەیان بە خەڵکی بسەلماندایە، کە ئەو کردە سەیرو سەمەرانەو ئەو هەموو پەرجووە سەرسوڕهێنەرانە چ نەبوون، جگە لە فرتوفێڵبازیو سووڕو گزی.

بۆیە کڵێسەکانیتر، کە تا ڕادەیەك کراوەترو ئازادتر بوون، پشتگیرییان لە فێندەمێنتالیزم نەدەکرد. ئەوەش (فێندەمێنتالیزم) لە دژی ئازادییەکانی ڕاگەیاندن، زانکۆو داب‌ونەریتی کۆمەڵگای ئەمریکا بوو. هۆکارەکانی ئەوەش دەکرێ لە چوار خاڵی سەرەکیدا کورت بکەینەوە:

یەکەم: شێوەی بیرکردنەوەی داخراوو ڕووانینی وەستاوەی بنەماخوازەکان. لە حاڵێکدا زۆربەی خاچ هەڵگرەکان، لەوانەش لیبراڵ سکوڵەرەکان، سەبارەت بە بنەمای سیانەی پیرۆز پرسیار ناکەن. بنەماخوازەکان بە ئاگاترو وریاترن کاتێ لە گوناهباربوونی هەتاهەتایی مرۆڤو گیان بەختکردنی مەسیح وەکو قەرەبووی ئۆباڵەکانی مرۆڤ دەدوونو کاتێ لیبراڵەکان بە شانازییەوە باسی بەکارهێنانو جێبەجێکردنی ئینجیل لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەکەن. (بە پێی خوێندنەوەیەکی

لیبراڵو کراوە) لە هەمان کاتدا زۆربەیان بە ئاگان لەم بانگەشەی بنەماخوازەکان کەوا مەسیح پاش ماوەیەکی کەم دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی‌و حکومەتێ دادەمەزرێنێ‌و بۆ ماوەی هەزار ساڵ فەرمانڕەوایی دەکا.

دووەم: لە مەسیحییەت تاوانی گومڕابوون‌و زەندیقی هەیە کەچی کەمتر بەکاردێت‌و بە دەگمەن جێبەجێ دەکرێ. لە درێژایی مێژوودا دەرگای مەسیحییەت بەڕووی کۆمەڵگای تەنانەت خوێندنەوەی تۆندڕەوانە لە چەمک‌و پەیامەکانی ئەم دینە ئاوەڵا بووە. هاوتایەک بۆ تاوانی گومڕایی‌و زەندیقیی مەسیحییەت لە ئیسلامدا نییە هەڵبەت (بدع) هاوتایەکە تا رادەیەک نزیک‌و بەرامبەر، بەڵام (بدع) جاروبار لە ئیسلامدا بە واتای (کوفر) نییە لە حاڵێکدا گومڕایی لاریی لە مەسیحییەت چ نییە جگە سێبەری بەرفراوانی کوفر. بۆیە هیچ فەلەیەک (ئەوە گرنگ نییە ئەندامی کام مەزهەب‌و گرووپبێ) حەزناکات پێی بوترێ گومڕا یان لە دین هەڵگەڕاو. سەرەڕای ئەو نۆ بنەمایە دەستنیشانکراون، بەڵام هێشتا باس‌و خواس زۆرە لەسەر ئەوەی، کە ئایا دەکرێ بنەماگەلێکی‌تر بخرێتە پاڵ ئەو نۆ بنەمایەو یان ئایا دەکرێ هەندێ بنەما لەو نەخشەیە بسڕینەوە. بۆ نموونە بنەماخوازەکانی کڵێسەی ئەرتۆدۆکسی، کڵێسەی کاتۆلیکی، کڵێسەی پرۆتستانی، پێڕەوکارانی مەزهەبی (شایەتهێنەران بە جاهووڤا (یەهوە)‌و لایەنگرانی تاقمی (مۆرمۆن) جیاوازییەکی ئێجگار زۆرو بەرچاویان هەیە سەبارەت بەم بابەتە. تەنانەت لە نێوان خودی بنەماخوازەکانیشدا یەک رەنگی‌و یەکێتییەکی تەواو نییە. کەوابوو لەوانەیە مسیحییەت فرەتاقمترین ئایین بێ لە جیهانی ئەمڕۆدا. فەلەکانی ئەمریکا تا رادەیەکی زۆر باوەڕو بڕوایان تا رادەی تایبەتمەندییەکی کەسێتی دابەزاندووەو ئایین لای ئەوان شتێکە تایبەت بە پانتایی تایبەت‌و بەستێمی شەخسی. لەم بارودۆخەدا بانگکردنی کەسێ بە ناوی گومڕاو لە دین هەڵگەڕاو رێك وەکو تاوانبارکردنی ئەو کەسەیە بە نوێکاری‌و گۆڕانکاری‌و رێکسازی.

سێیەم: بنەماخوازان هەر وەکو لایەنگرانی هەر مەزهەب‌و ئایینێکی‌تر هەموو هێزو توانایان وەگەڕدەخەن بۆ پەرەپێدان بە بیروڕای خۆیان. هەندێ لەوان، کە کەڵك لە راگەیاندن وەردەگرن بوونەتە هۆی گەشەکردنی هونەرو بەرەوپێشچوونی، بەڵام وا دیارە ئەوانە لێیان تێکچووبێ‌و کەرەستەو ئامرازەکانیان لا گرنگتر بووبێ لە ئامانجەکانیان یان شوێنی ئەو دوو شتەیان گۆڕیبێ. پروپاگەندە بۆ بنەماخوازی ئێستاکە بۆتە بازرگانییەکی مەزن‌و پر قازانج لە ئەمریکادا. ئینجیلییەکان خاوەن سەرمایە گەورەکانی ئەمریکان‌و دروشم‌و نیشانەی بازرگانیی کۆمپانیا فرەنەتەوە زلهێزەکانی ئەمریکا هەڵدەبژێرن، رێژەی سەرمایەگوزارییان سەرسوڕهێنەرە، بە شێوازێکی تەواو مۆدێرن‌و نوێ دەژین، ژمارەی کڕیارانی کاڵاو شت‌ومەکی کۆمپانیاکانیان لە ناوخۆی ئەمریکا رۆژ دوای رۆژ گەشەدەکات‌و زیاتر دەبێتەوە ئەوانە هەمووی بۆتە هۆی ئەوەی کە کاریگەرییان هەبێ لەسەر سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی ئەمریکا. لە کۆمەڵگای ئەمریکادا کە خولگەی سەرەکی‌و بنەمای هەرە گرنگی کۆمەڵگا ئابووری‌و بازرگانییە هیچ کەس بەم پێشکەوتنە مادییەی بنەماخوازان وەدەستیان هێناوە ناڵێ گومڕایی‌و لادان لە دین. جا، کەوابوو کەڵك وەرگرتن لە هەر جۆرو شێوەو شێوازێ بۆ پێشاندان‌و دەرخستنی کاڵا بۆ هەڵخەڵەتاندنی کڕیاران رێك لە فرۆشتنی کاڵایەکی ساختەو

دەستکرد دەچێت، لایەنگرانی بنەماخوازی هێشتا بەم تاوانە لە هیچ شوێنێ دادگایی نەکراون. هۆکاری ئەوەش هەڵدەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی سیاسییان لە ئاستێکی زۆر بەرزدا. بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی بێدەنگیو دەنگ هەڵنەبڕینی لیبراڵەکان لەو وڵاتەدا.

چوارەم: بنەماخوازی لە پڕ تێکشکاو بەربووەوە. ئەوەش دوا بە دوای دەرکەوتنی هەندێ ریسوایی جنسیو گەندەڵیی ئابووریو ماڵی بوو کە لە کۆتایی نەوەدەکان رووبداو تێیدا هەندێك لە وەزیرە هەرە بەناوبانگەکانی بنەماخواز بەشداریان کردبوو. تاوانباربونیان لە لایەن دادگاو کۆمەڵێ داواکاریی دیکە ك لە دژیان ئاراستەکرابوو بارودۆخیان ئاڵۆزترو خراپتر کرد.

بە کورتی، فێندەمێنتالیزم لەم دواییەدا لە ئەمریکادا بۆتە کێشەیەکی بەرچاو، تەنانەت لە نێوان بڕێ لە لایەنگرانو شوێنکەوتووە دێرینەکانی. سەرۆك و رێبەرانی کڵێسە لیبراڵەکانو بیرمەندانی سکۆلار وەکو کەسانێ وەستاو پارێزگارو بە فیزو گەندەڵ سەیری بنەماخوازان دەکەن. سەرەڕای ئەوەی، کە فێندەمێنتالیزم تا رادەیەك لاوازبووە، بەڵام هێشتا خاوەن هێزو تواناو بڕستێکی سەرسوڕهێنەرەو هێشتا زیندووەو لایەنگرانی زۆرن، بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی ئەمریکادا. رواڵەتی نالەبارو ناحەزی فێندەمێنتالیزم لەوێ هێشتا جوانو سەرنجڕاکێشەو ئەم خۆشەویستیو سەرنجڕاکێشانەی فێندەمێنتالیزم لەوێدا هەیەتی لەوانەیە بگۆڕێ بۆ دەسەڵاتی سیاسیو ئەوەش مۆتەکەیەکی تۆقێنەرە بۆ رێکخراوە سکۆلارەکان لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی ئەمریکادا.

هۆکارەکان (لێکدانەوە)

١-دژایەتی لەگەڵ ئیمپریالیزم

ماوەیەك پاش شەڕی جیهانیی دووەم بزوتنەوە ئایینییەکان هەوڵیاندا بۆ ئەوەی کە شوێنی بزاڤە ئیشتراکییەکان بگرن وەکو پێشەنگێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیستو سەرنجی خەڵکانی جیهانی ئیسلامییان راکێشا. هەڵبەت هەندێ بزاڤی فێندەمێنتالیستیی دیکەش هەن لە ناوچەی باشووری ئاسیادا، کە بانگەشەی بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیست دەکەن وەکو بزوتنەوەی بنەماخوازیی هندۆسییەکانو سیخییەکانو بزوتنەوەی بنەماخوازیی جوولەکە لە ئیسراییلداو ئامانجی هەموویان - وەکو خۆیان رایانگەیاندووە - بەرەنگاربوونەوەی ئەو سیستمە سیاسییانەیە کە ئاراستەیەکی سکوڵەریزمیان هەیەو ئەو رێبازەش زەمینە خۆشکەرە بۆ زاڵبوونی رۆژئاوا یان وڵاتانی باکوور. ئەم دیاردەیە لە ساڵانی دوایی قۆناغی کۆلۆنیالیزمدا سەریهەڵداوەو ئامانجە سەرکییەکەشی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزمی بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵمانیا بووو هاوکات لە دژی ئەو هەڵکەوتە سیاسییانەی ناوخۆش راوەستا، کە لایەنگیریی سکوڵەریزم بوونو تاوانباریان دەکردن بەوەی کە ئەوان لە بەهاکانی کۆمەڵگای دینی لاداونو ملیانداوە بە هەندێ بەهای بیانییەکان وەکو کۆمۆنیزمو لیبراڵیزمو ناسیۆنالیزم، بەڵام لە هەندێ ناوچەی تردا جەختکردن لەسەر دەسەڵاتی ئەمریکا وەکو پێشەنگی نوێی ئیمپریالیست بوو بە هۆی ئەوەی کە دژایەتیکردن لەگەڵ ئەمریکا وەکو لایەنی سێهەم لە چەمکی خەباتی فێندەمێنتالیست بێتەکایەوە. بنەماخوازەکان پێیان وایە، کە دەبێ لە دژی لایەنگرانی سکوڵەریزم راوەستن، چونکە ئەوان لە خزمەتی ئیمپریالیستی ئەمریکادان. چەقو ناوەندی

سەرەکیی ئەم چەشنە بزاڤانە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندایەو بزوتنەوە بنەماخوازە ئیسلامییەکان لەم وڵاتانەدا خاوەنی بلکەو لەوپێگەیەکی جەماوەریی گرنگو بەرچاون. هۆکاری ئەوەش لە ناوەرۆکی بنەماکانی ئیسلامەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو ئەو هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هەندێ هۆکاری کۆمەڵایەتیو مێژوویی:



یەکەم: بزوتنەوە ئیسلامییەکان لە درێژایی مێژوودا توانیویانە لە دژی ئیمپریالیستە لاوەکیو بیانییەکان راوەستن وەکو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یان گرووپە ئیسلامییەکانی قەوقاس کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە دژی یەکێتیی سۆڤییەت راوەستانو تەنانەت لە پاش رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەشێکی زۆر لە جیهانی ئیسلام تا رادەیەك توانیی لە بەرامبەر وڵاتە رۆژئاواییەکان سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت، بەڵام لە چەند سەدەی رابردوودا وڵاتە ئیسلامییەکانو بە تایبەت وڵاتە عەرەبییە موسڵمانەکان لاوازبوونو هەندێك لە حکومەتە ئیسلامییەکان بوون بە دەستەمۆی ئەمریکاو نەیانتوانی دەستکەوتو پێشکەوتنێکی مەزنو بەرچاو بۆ هاووڵاتییەکانیان بەدی بهێنن.

بن لادن لە یەکێ لە شریتە ڤیدیۆییەکانی لە بەرواری (٢٠٠١/١٠/٩) لەسەر ئەم بابەتە دەڵێ: "- لە درێژایی هەشتا ساڵی رابردوودا واتا لە سەرەتای ئینتیدابی بەریتانیاوە تا ئێستا ئیسلام تووشی سەرشۆڕیو ریسوایی بووە، موسوڵمانەکان کوژراونو خوێنیان رژاوەو سووکایەتی کراوە بە شوێنە پیرۆزەکانیان." کەوابوو بیری موسوڵمانان پڕە لە سەربەخۆیی خوازیو شەڕی پیرۆزو ملنەدان بە موسوڵمانانو لێوانلێوە لە رقو قین لە کافرانو داپڵۆسێنەرانی رۆژئاوایی.

دووەم: ئیسلام بەردەوام بە شێوەیەکی تایبەت پشتگیریی کردووە لەو (گرووپە جەنگاوەرانە)، کە بەشداریان کردووە لە داگیرکردنی ناوچە کافرنیشینەکانو نیشتمانی ئەوانەی کە بە گوێرەی ئیسلام گەندەڵو لە دین هەڵگەڕاوو زۆرداربوون بە مەبەستی جێبەجێکردنی (بنەماکانی ئایینی ئیسلام)و ئەم بازنەیە هەر بەردەوامبووە، وەکو بنەمایەکی بنەڕەتی لە ئیسلامدا.

<u>فێندەمێنتالیزمی جەنگاوەر</u>

کۆمەڵێ لە بنەماخوازان جارێکیدی ئەو نەریتەیان زیندوو کردۆتەوەو هەوڵدەدەن بۆ داسەپاندنی بنەماکانی ئایینی ئیسلام لەسەر کۆمەڵگاکنیاندا. سەرەڕای ئەوەی، کە ئەوان رقیان هەیە لە دەستێوەردانی بیانییەکان لە کاروباری ناوخۆیان، بەڵام بە هیچ شێوەیەك بوونی (ئیمپریالیست) لە هیچ شوێنێ قبووڵ ناکەن. بڕێ لەوان جەخت دەکەنە سەر شەڕی دژ بە دوژمنانی ئیسلام لە چوارچێوەی

گوتەزایەکی بەرفراوانتر لە ژێر ناونیشانی (جیهاد) واتا (شەڕکردن بە ناوی خودا)، ئەم گرووپانە (بنەماخوازانی جەنگاوەرن)و لایەنگری شەڕی چەکدارین بەناوی ئیسلامەوە. هەندێك گرووپی بچووك هەن هەتاوی ئەم ڕەوتە وەکو هندۆسە ناسیۆنالیستەکان لە هیندستانو هەروەها گرووپێ لە بووزییەکانی سیریلانکا، بەڵام گرووپی (تامیل) گرووپێکی توندڕەوی سکوڵەرە. ئامانجی سەرەکیی ئەم جۆرە گرووپەو ڕەوتانە جێبەجێکردنو پیادەکردنی بنەماگەلێکە لە کتێبە پیرۆزەکانیاندا هاتووەو پشتگیرییان لێکراوە. گرووپە بنەماخوازە ئیسلامییەکان بەردەوام جەخت دەکەنە سەر ئەو ئامۆژگارییانەی قورئان، کە هانیان دەدا بۆ بەرەنگاربوونەوەی زۆرداریو داپڵۆساندن:

(والفتنه أشد من القتل)- (سورەتی ئاڵی عمران، ئایەتی١٩١) یان (وقاتلوهم حتی لاتکون فتنه ویکون الدین لله فإن انتهوا فلا عدوان الا علی الضالمین)- (سورەتی ئاڵ عمران، ئایەتی١٩٣).

دیارە ئیسلام وەکو مەسیحییەت جۆراوجۆرو بەرفراوانەو هەر وەکو پێشتریش وتمان مەسیحییەت لە قۆناغێك لە مێژوودا تووشی تووندوتیژیو کارو کردەوەی خوێناوی بووە، تەنانەت لە سەردەمێکدا زۆر تووندوتیژترو رادیکاڵتر بووە لە ئیسلام، بەڵام دواتر زۆربەی هەرە زۆر حکومەت مەسیحییەکان گۆڕدران بۆ حکومەتگەلێکی سکوڵەر، کەچی هەر ئێستاش شەڕ دەکەن. بەڵام ئەو شەڕانە ئیدی بە ناوی خوداو ئایینەوە ناکرێن. بە پێچەوانەوە ڕەوتی دژ بە سکوڵەریزم لە زۆربەی وڵاتە موسوڵمانەکاندا لە ساڵانی دوایی ئەم سەدەیەدا بەهێز بۆتەوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم دیاردەیە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵە، کە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی مەسیحییەکاندا لە جیهاندا موسڵمانان هەستیان بەوە کرد، کە بندەستنو چەوساوەو ئەوەش بۆ خۆی هۆکارو سەرچاوەی هەیە، پاشان بنەماخوازانی جەنگاوەر شیکردنەوەو تێگەیشتنێکی خۆیان لە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ئەم سەردەمە خستەڕووو بە پێی ئەو هەلومەرجە کە هاتە ئاراوە بە بڕوای خاوەن ستراتیجیو پلانێکی گونجاویان داڕشت. بەڵام ئەو ستراتیجییە زۆر مەترسیدارو نا لەبار بوو.سەرەڕای ئەمانەش، فێندەمێنتالیزمی جەنگاوەر هەڵگری دوو هێمای گرنگە:

یەکەم هێما ئەوەیە، کە ئەم دیاردەیە لە ناوچەگەلێ گەیشتە لوتکەی هێزو توانای خۆی، کە چەقی کێشەی هەژاریی وڵاتە باشوورییەکان بوو لەگەڵ ئیمپریالیزمی وڵاتە دەوڵەمەندەکانی باکوور. ئەوە بە تایبەت لە فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی لە فەلەستیندا دیارو بەرچاوە. ئیسراییل بەشێکە لە باکوورو زلهێزەکانی باکوور پشتگیریی لێ دەکەن لە حاڵێکدا فەلەستینییەکان باشوورینو زۆر هەژار. شیشانیش تا ڕادەیەك مۆرکی ئەم دابەشکردنەی پێوە دیارە. هەروەها هەندێك وڵاتیتر هەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تووشی ئەم چەشنەی کێشەی ئابووری هاتوون. لە لایەکەوە ڕێژەی گەشەی ئابووریان زۆر لە خوارەوەیەو لە لایەکیتریشەوە ڕێژەی دانیشتووانیان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرەو زیادبوون دەچێ. خەڵکی ئەم وڵاتانە تا ڕادەیەك ئیمپریالیست بە بەرپرس دەزانن بەرامبەر بەم بارودۆخە، لە دۆخێکی وادا ئاراستە گەلی نەتەوەیی-ئایینی گەشەدەکەنو پەرەدەستێننو بە شێوەی بەرەنگاربوونەوەی ئیمپریالیستی کافری باکوور خۆیان

دەردەخەن و تا رادەیەکی زۆر رەهەندەکانی ململانێ و کێشەی ئابووری دەشارنەوە.
رەوتی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی لەم بارودۆخەدا زاڵدەبێ و بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە لە چوارچێوەی گوتارێکی لۆژیکی لەگەڵ لایەنەکانیتردا وتووێژ بکا، چونکە ئەوانە بە خاوەن وتارێکی ماددی دەزانێت و ئەم چەشنە گوتارەش لەگەڵ لۆژیکی گوتاری ئەو ناگونجێ، بۆیە بە گوتارێکی لاوەکی و نا لەباری لە قەڵەمدەدات. جا، ئەگەر وڵاتە ئیسلامییەکان لە رووی ئابوورییەوە گەشە بکەن و دابەشبوونی سامان بە شێوەیەکی یەکسان و بەرامبەر بێ ئەوا دەبێتە هۆی لاوازبوونی هێزی بنەماخوازانی جەنگاوەر.

هێمای دووەم ئەوەیە، کە ئەم چەشنە ململانێیانە لە (ناوخۆی) سنووری ئیسلامیشدا رووەدات، جا ئەو کاتە بنەماخوازان لە دژی سکولەران و پارێزگارانی دیندار رادەستن و وڵاتانی باکوور بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی لە سکۆلاران و پارێزگارانی ئیسلامخواز پشتگیری دەکەن و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بنەماخوازەکان هێرشیان لەسەر بکەن و تاوانباریان بکەن بەوەی کە لە دین هەڵگەڕاونەتەوە و سەرکێشن و نۆکەرو شوێنکەوتووی ئیمپریالیستن.

بن لادن پێشتر لە پەیامەکانیدا بە دەگمەن ئاماژەی بە (خەڵکی فەلەستینی چەوساوە) دەکردو تەنیا جارێکی باسی دەکردن (سوپای کافران)-واتا سوپای ئەمریکا-لە (نیشتمانی محەمەد)-واتە عەرەبستان-یان نیشتمانی عەرەب بە گشتی کردووەو پتر جەختی لەسەر وڵاتی عەرەبستان بوو تا وڵاتانی دیکەی ئیسلامی، لەوانەش فەلەستین. بەڵام دوا بە دوای ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ناوچەکەدا هات (شەڕی عێراق و شەڕی لوبنان و..هتد)ی بە تایبەت پاش سەرکەوتنی حەماس لە هەڵبژاردنەکانی (فەلەستین)دا، سەرۆك و رێبەرانی ئەلقاعیدە وەکو بەهێزترین گرووپی بنەماخوازی ئیسلامی گوتاریان گۆڕاو کەڵکیان لەم بارودۆخە وەرگرت بۆ پەرەپێدان بە رەوتی هزری و سیاسیی خۆیان و دەستیان بە پشتگیریکردن لە حەماس کرد وەك هاوپەیمانێکی تازە لە رێبازی فێندەمێنتالیزمی جەنگاوەردا، کە ئیدی وەکو جاران تەنیا گرووپێکی ئۆپۆزسیۆن نەبوو لە بەرامبەر گرووپی دەسەڵاتداری فەتح وەکو خاوەن بڕیاری سەرەکیی لە گۆڕەپانی سیاسیی (فەلەستین)دا. ئەوەش وەکو ستراتیجییەکی سیاسی بووە بۆ لاوازکردنی فەتح وەکو رەوتێکی سکوڵەر، کە (ئیمپریالیزم)و وڵاتانی کافری رۆژئاوایی پشتگیریان لێدەکرد.

دەسەڵاتدارانی بێ دەسەڵات

هەر وەکو ئەم گرووپە بنەماخوازانە دەسەڵاتیان دەستکەوێ سیستمگەلێکی دیکتاتۆریی ئایینیی ناڕەبارو لاسار دادەمەزرێنن کە بنکەی جەماوەرییان رووبەڕووی پرسیار دەکاتەوە، هەڵبەت شیاوی باسە ئەم گرووپانە لە بنەڕەتدا بزوتنەوەگەلێکی جەماوەری بوون، کە وەکو ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات چالاکبوون و خەڵکیان هاندەدا بۆ شۆڕش و راپەڕین. سەرەتا دژ بە کۆلۆنیاو پاشان دژ بە دەسەڵاتدارانی گەندەڵ و دیکتاتۆرو ئێستاش هەوڵدەدەن بۆ دامەزراندنی (تیۆکراسی) بە گوێرەی وتەی تیۆری داڕێژی نەماخوازیی پاکستانی (مەودودی).
تیۆکراسی واتا دیموکراسیی دینی هەڵبەت نەك لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی تیۆکراتدا، بەڵکو بە شێوەی دەوڵەتێ کە لەسەر دەستی ئومەی ئیسلامی و بە پێی فەرمانەکانی قورئان

فەرمانڕەوایی دەکا، لەبەر ئەوەی کە ئەم گرووپانە بنکەی جەماوەرییان هەیە ئەوە دەتوانن بە سانایی ئاپۆرەی خەڵك رێکبخەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی حکومەتە دیکتاتۆرو گەندەڵەکانو هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان بتوانن سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لە موسڵمانان بەرەو خۆیان رابکێشن بۆ دیاریکردنو پێناسەکردنی دوژمنەکانیان لە رێگای چەمکو زراوە دینییەکانەوە (بۆ نموونە لە ئیسراییلو کشمیرو عێراق)و بەم جۆرە بزاڤەکەیان لە چوارچێوەی سنووردارییی ناوخۆییو خۆجێیەتییەوە دەرچێتو بگۆڕێ بۆ رەوتێکی جیهانیو گشتگیرو بەرفراوانو بە پێی قسەکانی بن لادن ئەم ململانێیە لە نێوان موسڵمانانو کافرانی جیهاندایە. بە دەربڕینێکی دی ئەوە شەڕی ئیسلامە وەکو خەیری رەها، کە بنەماخوازان نوێنەرایەتیی دەکەن، دژ بە نا موسوڵمانان وەکو شەڕی رەها-کە ناموسڵمانانو ئەو موسڵمانانەی لە دەرەوەی ئەم شێوەی خوێندنەوە لە ئیسلامدا نوێنەرایەتیی دەکەن، ئەوە بانگەوازێکی سەرنجڕاکێشە بە تاییەت بۆ لاوانی خوێندەوار لە دەوڵەتە داپڵۆسێنەرەکانداو لاوانی پەنابەر کە بە هۆی شەڕو ئاڵۆزیی لە وڵاتەکانیاند هانایان بردووە بۆ رۆژئاوا. ئەو دوو گرووپە هیچ هیواو ئومێدێکیان نییە بە داهاتوو هیچ پاشەڕۆژێکی رووەو ئاشکرایان نییە لەگەڵ ئەو بارودۆخە ئابووورییە نالەبارو وەستاوەی تێیدا دەژین، ئەم گرووپە بنەماخوازانە ناتوانن دەسەڵات دەستخەن، بەڵام دەتوانن ئاژاوەگێڕی بکەن، چونکە چینو تۆێژی هەژارو چینو تۆێژی مامناوەندی لە جیهانی ئیسلام پشتگیرییان لێ دەکەن. بۆیە تەنیا هێزی نیزامی ناتوانێ هەڕەشەو مەترسیی بنەماخوازیی جەنگاوەر لە هەر دینێکدا بنەبڕ بکا. بەڵکو لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی ئاوڕی، چونکە ئەگەر وا بکرێ ئەوە دەبێتە بەڵگەیەك جێیاوەڕ بۆ بانگەشەی ئەم جەنگاوەرانە کە دەڵێن ئەمە شەڕێکی ڕاستەقینەی جیهانییە. جا ئەوان سەربازانی سوپای خۆیان لە نێوان وەچەکانی داهاتووی موسوڵماناند پەروەردە دەکەنو ئەم بازنەیە تا هەتا هەتایە بەردوامدەبێت. وێڕای ئەوەش ئەوە دەبێتە هۆی سازبوونی تەوژمێکی بەهێزو شەپۆلێکی تۆقێنەر، کە تەنیا ئامانجی بەدیهێنانی ئاواتەکانو خەونە نالەبارەکەیە.

وادیارە ئەمڕۆ، کە هەندێ نیشانەو هێمای مەترسیدار وەکو بەرهەمی ئەم ڕەوتە خۆی دەردەخا. خۆ تەقینەوەو کۆمەڵکوژیی هەڕەمەکی لە شەقامو کۆڵانەکانی عێراقو ئەفغانستانو لەندەنو.. هتد شایەتن لەسەر پێکهاتنی ئەم مەترسییەو ئێستا کە باکوورییەکانیش لێی دەترسن..؟!

سەرچاوەکانی تەنگژە

ئەم ململانێ نا لەبارە شتێکی بێ ئەملاو لا نەبوو. دوژمنی سەرەکیی فندامنتالیزی ئیسلامی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو ئەوەش دەرئەنجامی سێ سیاسەتی ئەو وڵاتە بووە سەبارەت بە کۆمۆنیزمو ئیسراییلو نەوت. یەکەم، ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دوو گرووپە هیچ هیواو ئومێدێکیان نییە بە پەنجاکاندا پشتگیریی دەکرد لە رزگاربوون لە داهاتووو هیچ پاشەڕۆژێکی رووەو ئاشکرایان نییە لەگەڵ ئەو بارودۆخە ئابووورییە نالەبارو کۆڵۆنیا لە جیهانی ئیسلامدا، کەچی ڕووخاندنی وەستاوەی تێیدا دەژین، ئەم گرووپە حکومەتی موسەددیق لە ئێران لە ساڵی بنەماخوازانە ناتوانن دەسەڵات دەستخەن، بەڵام (١٩٥٣)دا بە چاودێرییو پاڵپشتی دەزگای هەواڵگریی ناوەندی ئەمریکا (CIA) دەتوانن ئاژاوەگێڕی بکەن، چونکە چینو ئەنجامدرا (و ئەوەش لە ساڵی (١٩٩٨)دا لە تۆێژی هەژارو چینو تۆێژی مامناوەندی لە لایەن حکومەتی کلینتەوە بە فەرمی جیهانی ئیسلام پشتگیرییان لێ دەکەن. بۆیە راگەیەندرا)و پاشان ئەمریکا هەموو ئەوانەی تەنیا هێزی نیزامی ناتوانێ هەڕەشەو مەترسیی دژ بە سیاسەتەکانی ڕادەوەستان تاوانبار دەکرد بنەماخوازیی جەنگاوەر لە هەر دینێکدا بنەبڕ بە شیوعییەت، لەوانەش موسوڵمانانێ بوون بکا. بەڵکو لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی دژایتیی ئەمریکایان دەکرد. پاشان ئەمریکا

پشتگیریی کرد لە حکومەتی سکوڵەری شا، کە حکومەتێکی داپڵۆسێنەرو گەندەڵ بووو هەر کەس دژایەتیی ئەو حکومەتەی بکردبایە تاوانبار دەبوو بە شیوعییەت، بەڵام فێندەمێنتالیزمە ئیسلامییەکان حکومەتی سکوڵەری شایان رووخاند نەک کۆمۆنیستەکانو ئەوەش بوو بە هۆی سەرسوڕمانی ئەمریکا. دووەم، هۆلۆکۆستو شەڕی ساردو دەسەڵاتی رامیارانی بوو بە هۆی پشتگیریکردنی ئەمریکا لە ئیسراییل لە شەڕیان دژ بە فەلەستینییەکانو لەم دواییانەش دژ بە حزبوڵڵای لوبنانو حکومەتی حەماس وەکو دوو رەوتی بنەماخوازی کۆن. لە پرۆگرامێکی تەلەفزیۆنیی، کە بە بۆنەی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا بۆ سەرۆك کۆماری لە ساڵی (٢٠٠٦)دا سازکرابوو، (بوش)و رکابەرەکەی (جۆن کیری) راستەوخۆ بە ناوی هیچ هاوپەیمانی ئەمریکا ئاماژەیان نەکرد جگە لە ئیسرائیلو ئەمریکاش بە بۆنەی هەڵوێستی میانڕەوی هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکان وەکو میسرو عەرەبستانو ئەردەن لە هەمبەر ئیسرائیل پشتگیرییان لێدەکاو لەبەر ئەوەی کە حکومەتی ئەو وڵاتانە دیکتاتورو داپڵۆسێنەرن ئەوە بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی نارەزایی بەرامبەر بە ئەمریکا لە ناوچەکەدا لە لایەکەوەو بەهێزتر بوونەوەی رەوتو گرووپە بنەما خوازەکان لە لایەکیترەوە. هەڵبەت ئەمریکا یارمەتیی ئابووریو ماڵیی پێشکەش بەم وڵاتانە دەکات، بەڵام ب هۆی دابەش نەکردنی عادیلانەی سامان لە لایەن ئەو حکومەتانەوە هیچ گەشەی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیی بەرچاوی لێنەکەوتۆتەوە.

سێیەم، ئەمریکا هێزێکی ئێجگار زۆری لە کەنداوی فارسدا کۆکردۆتەوە ئەوەی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەوتییەکانی بوو. هەروەها هێرشی کردە سەر عێراق وەکو دەوڵەتێکی دیکتاتۆری سەرکێش لە حاڵێکدا پەلاماری نەبرد بۆ ئەندۆنیسیا ئەو کاتەی ئەو وڵاتە تەیموری رۆژهەڵاتی داگیرکرد. ئەم چالاکییە سیاسییانەی ئەمریکا بە هۆی بەهێزبوونی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی. ئەم گرووپانە لە کێشەی فەلەستین کەڵکیان وەرگرت بە قازانجی خۆیان سەرمڕای ئەوەی کە بیرو بۆچوونو رێبازی فیکرییان هاوبەستو هاودەنگ نەبوو لەگەڵ رێکخراوەی فەتحی سکوڵەر، هەروەها ئەم گرووپانە دژایەتیی سیستمو حکومەتە دیکتاتۆرییەکانیان نەدەکرد (وەکو عێراقو لیبیا)، چونکە ئەو کێشەو گیروگرفتانە بە هیچ شێوەیەك بەو واتایە نییە کە شەڕو ململانێ لە نێوان فێندەمێنتالیزمی ئیسلامیو ئیمپریالیست شتێکی پێویستەو هەر چۆنێك بێ دەبێ ئەو شەڕە رۆژێك بقەومێ و بە پێچەوانەشەوە دەکرا پێشی پێ بگیردرایە لە سێ رێگاوە:

یەکەم: نزیکبوونەوە لە کێشەی فەلەستینو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی بە شێوەیەکی رێکوپێك و عادلانە.

دووەم: نزمکردنەوەی رێژەی یارمەتییە نیزامییەکان بۆ وڵاتە ئیسلامییەکانو زیادکردنەوەی یارمەتییە ئابووریییەکان.

سێیەم: پیلان دانان بۆ ستراتیجییەکی نێودەوڵەتیو فراوان بۆ زیادکردنەوەی گەشەی ئابووریو دابەشکردنی سامان بە شێوەیەکی یەکسانو عادلانە.

هەڵبەت ئەمانە نابێتە هۆی بنەبڕبوونی فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی، بەڵام بێ گومان دەبێتە هۆی لاوازبوونی فێندەمێنتالیزمی (جەنگاوەر)و وا لە چەمکی (جیهاد)و شەڕی پیرۆز دەکا کە نەرمونۆڵترو ئاشتیخوازتر بێ و

پانتاو بەستنێك کە ئەو چەمکە تێیدا پیادە دەکرێ قەتیس بکرێت. بە دەربڕینێکی‌تر، واتەو ڕواڵەتی ئەو چەمکە دەگۆڕدرێتو بە کردەوە جێبەجێ ناکرێ.

دوا سەرنج

جیهانگیریی بنەماخوازیی بە گشتیو بنەماخوازیی ئیسلامی، بە تایبەت لە قۆناغێکی زۆر مەترسیدارایە. هەڵبەت بنەماخوازیی پانتاییەکی زۆر بەرفراوانی هەیە:

لە تامیلو بووزییەکانو هیندۆسەکانو مەسیحییەکانەوە بگرە هەتا کۆمەڵێك جوتیاری شۆڕشگێڕ کە ئامادەن هەموو هێزو توانایان وەگەڕخەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیانو لە پێناو پاراستنی بنەما هزرییەکانیاندا، بەڵام خاڵێك کە ئەم چەشنە گرووپانە کۆدەکاتەوەو لە فێندەمێنتالیزمی ئیسلامی جوێیان دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم گرووپانە ئەو پەڕی چالاکییەکانیان خۆ تەقینەوەیە، چونکە لە ڕووی بڕستو هێزی نیزامییەوە چاری دوژمنەکانیان ناکەن، بەڵام ئەوان تا ئێستا بە کردەوە هەوڵیان نەداوە بۆ گشتگیرکردنی ڕەوتەکانیان لە ئاستێکی جیهانیداو چالاکییەکانیان لە سنوورێکی لۆکاڵو قەتیسماو تێپەڕ نەبووە لە حاڵێکدا فێندەمێنتالیزمی جەنگاوەری ئیسلامی پەیامو پیلانێکی جیهانیو گشتگیریی هەیەو تەنیا لە دژی دوژمنە سکۆلارەکانی ناوخۆیی ڕاناوەستێ، بەڵکو دژایەتیی دەکا لەگەڵ وڵاتەکانی باکوورو پێشەنگیان (شەیتانی گەورە) واتە ئەمریکاو نیازی وایە پانتاو سنووری هەڕەشەو مەترسیی خۆی بەرفراوانتر بکاتەوەو شەڕەکە بگوێزێتەوە بۆ گشت جیهان.

هەر چۆنێ بێ ئەم دیاردە مەترسیدارە ئەمڕۆکە بەشێك لە جیهانگیریی پێکهێناو وەکو دۆلارو ئینتەرنێتو کۆکاکۆلاو شەڕی (فندمنتالیزمی جەنگاوەر) لە دژی ئیمپریالیستی سکوڵەر بەردەوامە تا ئەو کاتەی جەوهەری هەڵپەرستی، وەکو سەرچاوەی ژیانو زیندوومانەوەی ئەم گرووپانەبن بڕبێ دەنا زلهێزەکان ڕەنگە بتوانن لە ڕێگای هێزی ئابووریو گەشەکردنی کاپیتالیسمو جیهانگیری لە ڕووی سەرمایەوە زاڵبن لەسەر جیهان، بەڵام لە لایەکی دیکەوە سەرمایە دەبێتە هۆی دروستبوونی مووشەکی مۆدێرنو دوورمەوداو پێشکەوتنی شەڕی کلاسیکیو ناوەکی. جا زاڵبوون لەسەر جیهان تەنیا کاتێك مسۆگەردەبێ، کە دەوڵەتو نەتەوەیەکو سنوورێکی دیاریکراو هەبێ لە حاڵێکدا هێزی فێندەمێنتالیزمو ئایدیۆلۆگ لە هەموو ئەم پەیوەندیو سنووره جۆراوجۆرانە تێپەڕدەبێ..!؟

سەرچاوە:

- لینۆ، جاك، فرهنگ روابگ بین المللی، ترجمه: حست لَستا، فرهنگ معایر، صال دوم، تهران، ١٣٧٥.
- ئیگلتۆن، تری، در مدی بر ایدولوژی، ترجمه: اکبر معیوم بیگی، نشر گه، سال اول، تهران، ١٣٨١.
- الهه کولایی، اتحاد شوروی از تکوین تا فروڵاشی، دفتر مگالعات سیاسی و بین المللی، سال سوم، تهران، ١٣٨٠.
- غلام رچا علی بابایی، تأریخ روابگ امریکا و شوروی، دفتر مگالعات سیاسی و بین المللی، سال اول، تهران، ١٣٨١.
-هانا، ارنت، توتالیتاریسم، ترجمه: محسن پلاپی، جاویدان، سال سوم، تهران، ١٣٧٠.
Furnis, Norman, the Fundamentalist - Controversy, Hamden, Connecticut, Archbeon Books, 1963.
Turner, Bryan, Review of Islamic - Sociology, Sociological Review, 34:3, 1986. ئەرشیفی ماڵپەری ئەلجەزیرەو بی بی (بەشی فارسی).

بیری رامیاریی نوێ

کە لە لایەن (ئیحسان عەبدولهادی)ی مامۆستای بابەتی بیری رامیارییەوە
بۆ قوتابیانی قۆناغی سێیەمی کۆلێژی زانستەکانی رامیاریی سەر بە زانکۆی سلێمانی وتراونەتەوە

فۆئاد عەبدولڕەحمان وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی

مێژووی مرۆڤایەتی هەڵبەت تەنها بە ئاماژەکردن بە رووداوە مەزنەکان دیاری ناکرێ، بەڵکو بە ئاماژەدان بەو بیرە رامیارییانەش دەبێ، کە زۆر جار بەشێ بوون لە هێنانەدیی ئەو رووداوانە. رامیاریش وەک شێوەیەک لە شێوەکانی زانین (المعرفە)، نەک وەک شێوەیەک لە شێوەکانی کردار، بابەتەکەی رەفتاری مرۆڤایەتییە لە سنوورێکدا، کە پەیوەندیی بە حوکومڕانیی کۆمەڵانەوە هەیە، چ لە ناوخۆو چ لە دەرەوە. بەڵام ئەم رەفتارە دابڕ نییە لەو بیرە رامیارییانەی تیایدا رەنگ دەدەنەوە. بەڵکو رەنگە بەمە بوونو سروشتی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیابکرێتەوە. بێگومان رەفتاری ئاژەڵی بە سروشت (غریزە) بەڕێوە دەچێ، بەڵام رەفتاری مرۆڤی بە بیرو بیرکردنەوە بەڕێوە دەچێ. چونکە مرۆڤ بەر لەوەی هەر رەفتارێ بنوێنێ، پێشتر لە مێشکی خۆیدا بە شێوەی ئاوەز (عقل) دەیسازێنێو ئەوجا دەینوێنێ. سەبارەت بە رەفتاری رامیاریش، مرۆڤ بەر لەوەی بینوێنێ، پێشتر لە مێشکیدا بە شێوەی بیری رامیاری دەیسازێنێ.

ئێمە، لەم لێکۆڵینەوەیەماندا هەوڵ دەدەین لەو بیرە رامیارییانە بدوێین، کە رووداوە مێژوویی رامیارییەکانیان بەڕێوە بردووەو رەفتاری مرۆڤایەتیی رامیاریشیان بەڕێوە بردووە. بە تایبەتی لە چوارچێوەی پەیوەندیەکانی بە حوکومڕانیی کۆمەڵگاکانەوە، هەر لە سەردەمی ڕاپەڕینەوە تا دەگاتە سەرەتاکانی سەدەمی بیستەم.

لەم خوێندنەوەیەماندا هەوڵ دەدەین باس لە بیری رامیاریی نوێ بکەین لە چوار بەشدا، کە بەشی یەکەمی تەرخان بکرێ بۆ خوێندنەوەی بیری رامیاری لەو لایەنەوە، کە رووبەڕووی کێشەی دروستبوونی دەوڵەتی پۆزەتیڤیزمو شێوازی رەهای دەبێتەوە. بەڵام بەشی دووەمی تەرخان بکرێ بۆ خوێندنەوەی بیری رامیاری لەو لایەنەوە، کە رووبەڕووی ئەو ململانێو دژایەتییە ئایینییە دەبێتەوە، کە بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینی تەقاندوویەتیەوە. بەشی سێیەمیشی تەرخان بکرێ بۆ خوێندنەوەی بیری رامیاری لە سەردەمی هەڵاتنی کازیوەو بەرەبەیانی لیبرالیزم. بەشی چوارەمیشی بۆ

خوێندنەوەی بیری رامیاری لە سەردەمی ئاڵۆزیو تووندوتیژیی لیبرالیزم.
هەڵبەت خوێندنەوەی بیری رامیاری لە لایەنە جیاجیاکانیەوە پێویستی بە زانینی بەربڵاوو بەرفراوان هەیە لە بارەی مێژووی ئابووریو مێژووی رامیاریو مێژووی رووناکبیرییەوە لە هەموو سەردەماندا. جگە لە زانینی بەربڵاوو بەرفراوان سەبارەت بەو بیرو باوەڕو فەلسەفەو بۆچوونانەی، کە هەر سەردەمێ لە سەردەمانی پێ دەستنیشان دەکرێ.
بەشی یەکەم
بیری سیاسی
لە سەردەمی راپەڕینو
لە دەوڵەتی پۆزەتیڤیزمدا

سەردەمی راپەڕین لە ئەوروپادا ئەوکاتو ساتە دەگرێتەوە، کە بە گشتی دەکەوێتە نێوان سەدەی شانزەو حەڤدەوەو قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی گشتی دەخاتە بەرچاو.
بێگومان راپەڕین بە واتای لەدایکبوونی تازە هاتووە. بەڵام، ئەم لەدایکبوونە تازەیە بووژانەوەی وێژەیی باڵای گرتوتە خۆ، واتە ئەو چەشنە وێژەیەی لە ئامێز گۆتووە، کە دووبارە لەدایکبۆتەوە. هەروەها لەدایکبوونی هونەرەکانی تری وەك هەڵبەستو نووسین. بەڵام ئەم راپەڕینە بووژانەوەیە واتایەکی بەرفراوانتری بە هۆی زانای سویسری (جاکۆب برکهارت)ەوە وەرگرتووە، کە پێی لەسەر ئەو واتایە داگرتووە، کە مێژوونووسی فەرەنسی (میشلە) داینناوە، کە دەڵێ سەردەمی راپەڕین ئەو سەرهەڵدانی وێژەو هونەرە نییە، کە ئادەمیزاد دایهێناوە، بەڵکو راپەڕینی مرۆڤ خۆیەتی.
(برکهارت) راپەڕینی بەوە دەستنیشان کردووە، کە نموونەی باڵای رووناکبیرییەو لەسەر ئەو بناغەیە دامەزراوە، کە مرۆڤ پێوەی پابەندە پاش ئەوەی گەشەی پێکردووەو بۆتە هۆی پێشکەوتنی بە ئاڕاستەی کەسایەتیی بەهێزو بە هەستکردنی تەواوی بە تاکیی خۆی بەرانبەر بە ژیان بە شێوەیەکی گشتیو بەرانبەر بە دەوڵەت بە شێوەیەکی تایبەتی. واتە مرۆڤ پێناسەی ئامانجەکانی خۆی دەکا لە رووی کەسایەتییەوەو رێڕەوی ژیانی خۆی وەك تاکێکی سەربەستو ئازاد دەستنیشان دەکا. واش دەبینێ، کە واتای لەدایکبوونی نوێ لەدایکبوونەوەی سەردەمانی کۆنی گریکە بە تایبەتیو رۆمانییە بە پێی ئەوەی، کە نموونەی قەوارەیەکی رۆشنبیریی تایبەتە، واتە رێبازێکی نەریتییە (کلاسیکە)، کە پەیوەستە بە میراتیی فەرهەنگو کولتوورو رۆشنبیریی ئەو سەردەمو قۆناغانە، هەروەها نموونەی لایەنی کەسایەتییەو هەستە، کە ئامرازن بۆ دەربڕینی ناخی خودی مرۆڤ. بەڵام (هێنڕی لڤیفەر) بەلایەوە وایە، کە راپەڕین سیماو خاسیەتی وەرچەرخانی قووڵی تیادا بووە لە بناغەکانی ئابووریو ژێرخانی کۆمەڵایەتی. بە واتایەکیتر، لەدایکبوونی داکەوتێکی نوێ، واتە لەدایکبوونی قۆناغی سەرمایەداری.

بەڵام ماوەتەوە سەر ئەوەی دەستنیشانی ئەو قۆناغە بکەین، کە بەشێکە لەم سەردەمە، بە تایبەتی مێژووی سەرەتای ئەم سەردەمە، کە بە یەك شێوە پێناسە ناکرێ. هەن، کە سەرەتای ئەم سەردەمە دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی سیانزەهەم، کە ئیتر دەستبەرداری ئەو نەریتە بیزەنتینیانە بووە، کە لە بواری وێژەو هونەردا بەرچاوبوونو بە رەقو دژوارش ناسراون. کەسانی تریش هەن وا دەبینن، کە سەرەتاکەی لەگەڵ کۆتایی سەردەکانی نێوەڕاستدا بووە، بە تایبەتی لەگەڵ کەوتنی شاری کۆنستانتینەدا بووە. ئیتر لەو سەردەمەوە هونەرو زانستەکان لە وڵاتی ئیتاڵیادا گەشەیانکردووە، بە تایبەتی بە

هۆی ئەو خەڵکانەی یۆنانەوە، کە شاری کۆنستانتینەیان بەجێهێشتووەو رووبان لە ئیتاڵیا کردووە. بەڵام (برکهارت) سەرەتای سەردەمی ڕاپەڕین دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی پازنزەهەم بە پێی ئەوەی، کە لایەنی کەسایەتیو هەستکردنی توند بە تاکە کەسی لەو مێژووەوە گەشەیان سەندووە.

ئەوەی دەیبینین لە دەستنیشانکردنی سەرەتای ڕاپەڕین هەوڵدان بوون بۆ دەستنیشانکردنی هەندێ لە دیاردەکانی: وەک گەشەکردنی وێژەو هونەر، سەرهەڵدانەکانی رووناکبیریی نەریتانە (کلاسیکی)، پێگەیشتنی لایەنی کەسایەتیو هەستکردن بە خودی تاکەکەسی، .. هتد. واتە خۆبەستنەوە بە ڕوانگەتو بێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی ئەو ڕوانگەتانە، واتە بێ گێڕانەوەی ئەو دیاردانە بۆ نەژادو بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی، کە بوونەتە هۆی پێکهاتنی. کەواتە سەرەتای سەردەمی ڕاپەڕین دەبێ بگەڕێنرێتەوە بۆ سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکەی.

هەڵبەت گەشەی وێژەو هونەرو سەرهەڵدانی رووناکبیریی کلاسیکیو گەشەی لایەنی کەسایەتیو هەستکردن بە خودی تاکەکەسی پابەند بووە بە شێوازێکی نوێ لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، کە ئەویش پەیوەندیی سەرمایەداریيە.، کە بەرە بەرە جێگای پەیوەندیی دەرەبەگایەتیی گرتۆتەوە. هەڵبەت پەیوەندیی سەرمایەداری سیماو ڕووخساری لە ئامێزی کۆمەڵی دەرەبەگایەتییەوە دەرکەوتووە، ئەو سیماو ڕووخسارەش تا بەر لە سەدەی پانزەهەم ڕوون نەبووە، چونکە لەم مێژووەوە بووە، کە ئەم پەیوەندییە سەرمایەداریيە لە نێو کۆمەڵدا بۆتە باو، بە تایبەتی پاش ئەوەی لایەنی ئابووریی بازرگانی (مێرچەنتلی) هاتۆتە سەر ڕوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ، کە پەیوەندیی ئابووری لە هەموو وڵاتانی ئەوروپادا، لە یەک کاتدا، لەو سەردەمەدا نەبۆتە باو. بۆیە سەردەمی ڕاپەڕین، لە کاتی دەرکەوتنی، وڵات بە وڵات جیاوازیی هەبووە. بەو جۆرە دەردەکەوێ، کە سەردەمی ڕاپەڕین، بە پێی گرێدانی دەرکەوتنی بە دەرکەوتنی پەیوەندیی سەرمایەداریيەوە، خاسیەتی ئابووریو کۆمەڵایەتیو رامیاریو رووناکبیریی تایبەتی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، کە هەر ئەمانەش بەشداربوون لە پێکهاتەکەی. هەر ئەم خاسییەتانەش، بێگومان بوونەتە سەنگی مەحەکی ئەو بیرە رامیاریيەی، کە لەم سەردەمەدا دەرکەوتووە.

پێشتر ڕوونمانکردەوە، کە سەردەمی ڕاپەڕین سەردەمێکی لەدایکبوونی پەیوەندیی سەرمایەداری بووەو ئەم پەیوەندییەش لە سەر جۆرە بناغەیەکی ئابووری دامەزراوە، کە پێی دەگوترێ ئابووریی بازرگانی (مێرچنتلی). هەڵبەت ئەم چەشنو دیاردە ئابووریيەش بناغەکەی ئەمانەی خوارەن:

١ـ باوەڕکردن بە گرنگیی سامانی دراو، واتە گرنگیی کانزا بەنرخەکان. هەڵبەت دەستکەوتنی ئەم کانزایانە بوونەتە بناغەی دەوڵەمەندکردنی دەوڵەت. واتە ئەو دەوڵەتەی لە ڕووی ئابووریيەوە دەوڵەمەند بێ، ئەو دەوڵەتەیە، کە زۆرترین بەشی کانزای هەیە.

٢ـ بەدەستهێنانی کانزای بەنرخ ئەو جۆرە کارو چالاکییانەن، کە دەوڵەت دەبێ بایەخیان پێبدا. فرمانڕەوا پێویستە لەسەری کارو هەوڵو ئەرکەکانی میللەت ڕێکبخاو ڕابەرایەتییان بکا بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بە پێی بڕیارو فرمانی پادشایەتی.

٣- دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بە پێی نەخشەو پلانێ کار دەکا، کە لەسەر بناغەی پاراستنو پارێزگاریکردنی ئەو کانگا بەنرخانە دامەزرابێ، کە لە نێو خاکەکەیدا هەیەو ئەگەش نەشیبێ، دەبێ بۆ دەوڵەتی پەیدا بکا. بۆیە، کارو چالاکیی ئابووری لە سەردەمی راپەڕیندا بە بەرنامەو نەخشەی دەوڵەت بەڕێوە دەچێ تا دەگاتە دابینکردنی مۆنۆپۆڵکردنی کانزاکان لە هەر جێگایەکدا هەبنو دابینکردنی رێگاوبانی هێنانەژوورەوەی زۆرترین بەش لە بەرهەمەکەیو نەهێشتنی چوونە دەرەوەیو گرتنەبەری رێیازێکی رامیاریو ئابووری، کە بە دوو رووی جیاوازدا ئاڕاستە بکرێ: رووی هاندانی ناردنی کاڵا بۆ دەرەوەی خاکی دەوڵەت بۆ بەرانبەری هێنانە ناوەوەی بەرهەمی کانزای بەنرخو کەمکردنەوەی هاوردنی ئەو جۆرە کاڵایانەش، کە دەبنە هۆی بردنە دەرەوەی بەرهەمە کانزاییەکان.

٤- بۆ گەیشتن بەم جۆرە هاوسەنگییە ئابووریەش، دەوڵەت دەبێ پشتگیریی کاڵا ناردنە دەرەوە بکا. بۆ ئەو کارەش هانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی بدرێو پشتگیریی لێبکرێ، بۆ ئەوەی بە هەرزانترین نرخ بێتە بەرهەمو پاشان کاڵا بێتە فرۆشتن بە هەرزانترین نرخ بۆ ئەوەی سەرکەوتنی پیبڕکێ بەدەست بێو زۆرترین بەشی لێ بفرۆشرێ. هەروەها دەوڵەت پێویستە لەسەری تا بتوانێ رێگا لە کڕینی کاڵا لە دەرەوەی وڵاتەوە بکرێ، بەڵام تەنها ئەو کاڵایانە نەبێ، کە دەبنە هۆی وەبەرهێنانی زیاتر.

٥- بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پێداویستیی ئەوە دروست دەکا، کە ناچاری ببێ بۆ کۆڵۆنیکردنی دەوڵەتو ناوچەی تر لە پێناوی دەستکەوتی کانزای بەنرخو بەربڵاوکردنی بازاڕی کاڵا ناردن بۆیو لە پێناوی دەستکەوتی کەرەستەی خاو.

٦- بێگومان لەبەر ئەوەی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە بەبێ بەربەرەکانێی نێوان بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان نابێ، بۆیە، پێشبڕکێی نێوان دەوڵەتان بوونەتە هۆی پەیوەندیی تایبەتی ئەم سەردەمە. پێشبڕکێش هەرگیز نەبووەتە هۆی هیچ جۆرێ لە جۆرەکانی هاوسەنگی لە نێوان دەوڵەتاندا، چونکە ئەو بناغەیە باو بووە، کە دەڵێ: "کەس ناتوانێ برەو بباتەوە تا کەسێکی تر برەوەکە نەدۆڕێنێ." بۆیە روون بووە، کە جەنگ هەر دەبووایە هەڵگیرسایە.

بێگومان پەیوەندیی سەرمایەداری لە سایەی (مێرچنتلی)دا کاردانەوەی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە هەبووە. بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بگوترێ، کە خاوەنی مووچە کەمەکان چوونەتە رێژەی هەژاریەوە. بەڵام بازرگانانو خاوەن بانقەکانو بەرهەمهێنەران بە پەیژەی دەوڵەمەندیدا خێرا سەرکەوتوون، کە ئەوەش کاریگەریی لەسەر بنکەی چینە کۆمەڵایەتییەکان بووە لە نێو کۆمەڵدا. بە وشەیەکی روونتر، ئەم گۆڕانکارییە لە بنکەو دامو دەزگا ئابووریەکاندا بۆتە هۆی گۆڕانکاری لە بنکەو دامو دەزگا کۆمەڵایەتیەکاندا. چونکە ئاغاکان ئەو پلەو پایە کۆمەڵایەتییانەی خۆیانیان لەدەست داوە، کە لە سەردەمەکانی نێوەڕاستدا بوویانەو لە بریی ئەوان چینێکی تر هاتۆتە کایەوە، کە چینی بۆرژوا بووە.

ئەم دیاردەیەش بە هۆی ئەوە رووێداوە، کە بەرهەمی زۆری کانزایی گران هاتۆتە نێو دەوڵەتانی ئەوروپاوە، لە ئەنجامی ئەوەش لەپڕ

نرخی کاڵا بەرزبۆتەوەو رەنگە بووبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی چینی ئاغایان ئەگەر جوتیارانیان لە بریی کرێی زەویەکانیان، واتە زەویی ئاغاکان بەشێ بەرو بوومی زەوی بدەن. بەڵام ئەو جوتیارانە لە بریی ئەوە بڕی پارەیان بە ئاغاکانیان داوە. بە هۆی زۆربوونی بەرهەمی کانزای گرانیش بەهای پارە دابەزیوەو بەهۆی ئەوەوە نرخی راستەقینەی کرێی زەوی دابەزێو نرخی راستەقینەی دەستکەوتی پارەیان دابەزێ.

ئەوەی سوودی لە داڕووخانی ئابووریی چینی ئاغاکاندا دی، چینی بۆرژوا بوو، بە جۆرێ، کە ئاغاکان ناچار بوون بەرە بەرە بۆ بژێویی خۆیان زەویەکان بفرۆشن تنها بۆ ئەوەی پلەو پایە کۆمەڵایەتییەکە خۆیان لە نێو کۆمەڵدا بهێڵنەوە. هەڵبەت ئەو زەویانەش، کە فرۆشراون زۆر بوونو بۆتە هۆی ئەوەی نرخیان بێتە خوارەوە. چینە بۆرژواکەش بووە، کە ئەو زەوییانەی کڕیوە. بەهۆی ئەوەشەوە بژێویی زۆر داهاتووە، نەك هەر وەکو هێزێکی ئابووری بێ، بەڵکو وەکو هێزێکی کۆمەڵایەتی. دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین، کە بەڕێوەبەرایەتیی فەرمانڕەوایی و پادشایەتیش رۆڵی گەورەیان لە لاوازکردنی چینی ئاغاو بەهێزکردنی چینی بۆرژوادا بینیوە. هەڵبەت ئارەزووکردن بۆ دەربارێ پادشایەتیش بۆ فرەوانکردنی سنووری دەسەڵاتی زۆر جار تووشی بەرنگاربوونەوە هاتووە لە لایەن خودموختاریی ئاغاکانەوە. ئەو کێشەیەش هەمیشە بە گران چارەسەر کراوە. ئەو گرانیەش زۆر جار گەیشتۆتە شێوازی بەرپاکردنی جەنگو شەڕو شۆڕ. بۆیە دەرباری پادشایەتیش هەمیشە هەوڵی ئەوە بووە لە دەسەڵاتی ئاغا بدا بۆ ئەوەی نەبنە دەسەڵاتی بەرەنگار بۆی.

بێگومان لایەنی سوودوەرگر چینی بۆرژوا بووە. ئەم چینەش چۆتە پێشەوەی کۆمەڵ. لە لایەکی تریشەوە، دەرباری پادشایەتی هێندە بەربەرەکانێی تووشهاتووە، ناچار بووە پۆستو پلەو پایەتی بیرۆکراسی (موچەخۆرانی سەر بە چینی ئاغاکان) بفرۆشێ. ئەم کارەش بواری زۆری بەوە رەخساند، لە بەردەم چینی بۆرژوادا، کە بخزێنە نێوەندی ئەم بیروکراسیەتەوەو پلەی بەرزیان لە بەڕێوەبردنی فرمانڕەواییو پادشایەتیدا دەستکەوێ.

ئەم گۆڕانکارییەی، کە لە سەردەمی رابەڕندا بەسەر بارو دۆخی ژیانو گوزەرانی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا هات، رەنگدانەوەی سەر بەهای کۆمەڵایەتیشدا بوو، بە جۆرێ، کە ئەم سەردەمە کۆمەڵێ بەهای بە خۆوە بینی، کە لە شێوەی پیرۆزکردنی گیانی جوستوجۆو سەرکەشیدا بوو، وەك: دەریاوانی بۆ دۆزینەوەی زەویی تر. هەروەها هەوڵدان بۆ نوێکردنەوەو گۆڕانکاری لە کەرەستەو ئامێرەکانی لە ژیانی رۆژانەیدا بەکاری دەهێنان، چونکە بەوەی دەزانین، کە ئامڕازی کارگەرو گرنگ بوون بۆ ئەو پڕۆسەی جستوجۆو سەرکەشییانەی. هەروەها کڕینو مۆڵکایەتیکردنی کانزای گرانبەها بوون بە بەها کۆمەڵایەتیەکەی. مرۆڤی چینی هەڕەمەکیش هەر بە جستوجۆو سەرکەشی لە دەرەوەی وڵاتەکەیو ناوەوەی وڵاتەکەیو بە پەیداکردنو دەستکەوتی کانزای گرانبەها دەیتوانی بچێتە ریزی چینی بۆرژواوە.

ئەو گۆڕانکارییە ئابووریو کۆمەڵایەتییانە هاوشانی گۆڕانە فەرهەنگیو رووناکبیرییەکان بوون، کە بەرجەستەی داکەوتی راستەقینەی

سەردەمی راپەڕین بوون، وەك: "زانست پەیداكردن لەبارەی بەرهەمی كلاسیكیی گریكیو رۆمانیەوە"و گرنگیدان بە زمانی گریكی. زمانی لاتینی تا ئەو سەردەمە تاقە زمانی باو بوو، بەڵام لەگەڵ بوونی زانای زمانی گریكی (كریزۆ لوڕاس) لە ئیتاڵیاو كۆچكردنی گریكەكان لە كۆنستانتینۆسەوە لە پاش كەوتنی ئیتاڵیا زمانی گریكی بە شێوەیەكی بەرچاو بوو بە باو. بایەخدان بە دەقی گریكیو رۆمانیو بە دەستنووسە كۆنەكان بووە هۆی نیشانەی تایبەتی ئەو سەردەمی راپەڕینە. جگە لە دەركەوتنی تەوژمی فەلسەفیی بەهێز، كە شایانی باسە، بە درێژایی سەدەكانی نێوەڕاست تەنها هەر تەوژمی فەلسەفیی ئەرِیستۆتاڵیس باو بووە. بەڵام پاش ئەوە، لە سەردەمی نوێدا تەوژمی فەلسەفیی ئیفلاتوونی بۆتە باو.

سروشتی نوێنەرایەتییان هەبووە. لە پاڵ ئەو ئەنجومەنە گشتییانەش، پارلەمان داهاتووە، كە هەموو دامو دەزگای بێ هێز بوونو كاریان لە پارێزگاریكردنی یاسا سەرەكییەكان تێپەڕی نەكردووە. هەڵبەت ئەم رێكخراوە رامیارییانە ئەو راستییە نیشان دەدەن، كە دەوڵەت لەم شێوە دەوڵەتە نوێیانەی ئێستا چەكەرەی كردووە. هەرچی گشتی بووە جێگای تایبەتیەكانی وەكو تایبەتیی پاشایەتیی گرتۆتەوە.

هەڵبەت دامەزراندنی دەوڵەت بە واتای نوێی، بۆتە خولیای بیرمەندانی سەردەمی راپەڕین. هەرە باشترین بیریش ئەوە بووە، كە لەم لایەنەی كۆڵیبێتەوە.

<u>مایكیاڤیللیو دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم</u>



لە رووی دەسەڵاتی رامیاریشەوە، سەردەمی راپەڕین گۆڕانكاریی گەورەی بەسەردا هاتووە. ئەگەرچی پاشا شێوازی گشتیی دەسەڵاتی پادشایەتیی لا ماوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەردەمی راپەڕین، بەو گۆڕانكارییە ئابووریو كۆمەڵایەتییانەی، كە بە خۆیەوە بینی، سیستەمێكی نوێشی لە دەسەڵاتی رامیاریدا تیادا پەیدا بوو. بە جۆرێ، كە هەر شتێ پاشا بیویستایە بیكا، پێشتر لە رێگای ئەنجومەنەكانیەوە بۆی ئامادەو پێشنیار دەكرا. ئەو ئەنجومەنانەشی زۆربەی زۆریان پیاوە ئەرستۆكراتیە دەوڵەمەندەكان بوونو خوڵكانو جەماوەری زۆریان لە دەور بوون. هەر لە هەمان سەردەمی راپەڕیندا پیاوانی تەكنیكیش بەرە بەرە زۆر دەبوون. ئەو ئەنجومەنانە ژمارەیان زۆر بوون. گرنگترینیان ئەنجومەنی دارایی بوو. هەروەها ئەنجومەنی بەشەكانی، كە كارو باری دادوەرییان دەسازاند. جگە لەوە ئەنجومەنی گشتیش هەبوون، كە تا رادەیەك

هەڵبەت دەوڵەت بە درێژایی سەردەمی رۆم واتایەکی گەیاندووە، کە دەسەڵات بە بەردەوامی بەیەڵێتەوە پاڵپشتی دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆر بێ. واتە رۆڵی ئیمپڕاتۆر پیشە بووە بۆ دەوڵەت خۆی و بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندیی خەڵکی بووە. بەو جۆرە، دەوڵەت لە سەردەمی رۆمدا هەر بەردەوام بووە، ئەگەر چی ئیمپڕاتۆریش گۆڕابێ. دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریش هەر باڵاترین بووە، چونکە خۆی دەوڵەتی نواندووە. بەڵام ئەم واتایە لە سەردەمی نێوەڕاستی دەرەبەگایەتیدا نەماوەو بەسەر چووە. ئیتر دەوڵەت بۆتە یەك شت لەگەڵ کەسایەتیی پاشا. واتە دەوڵەت پاشا بووەو پاشاش دەوڵەت بووە. هیچ واتایەکیش نەماوە سەبارەت بە بەرژەوەندیی گشتی، یاخود دەسەڵاتی گشتی، کە قسەی لەسەر بکرێ. پاشا، کە دەسەڵاتی بەڕێوە بردووە، لەبەر ئەوە، کە خۆی بەهێزترین کەسی دەوڵەت بووەو هەرە گەورەترین دەرەبەگ بووە. هەر کارێ کردبێتی هەر لە بەرژەوەندیی خودی خۆیدا بووە. بەو جۆرە دەبینین دەوڵەت بوونێکی سەربەخۆی نەبووە، کە لە خودی پاشا جیابێتەوە. نەك هەر ئەوە، بەڵکو دەبینین دەوڵەت لە بوونی کڵێسەش جیانەکراوەتەوە. واتە تێکەڵاوییەکی قووڵ لە نێوان دەوڵەتو کڵێسەو پاشادا هەبووە. هەر وەکو (سانت ئۆگستینۆس) گوتوویەتی: دەوڵەت شاری خودا بووە.!" پیاوانی ئایین دەست وەرداری کارو باری رامیاریو بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت بوونو یاساکانی کڵێسەش یاساکانی دەوڵەت بوون. ئەو باجو خەراجەش، کە کڵێسە بەسەر خەڵکیدا سەپاندوویەتی، بە زەبر سەپاندوویەتی. بەو جۆرە ئاسان نەبووە ئەو دوو دەزگایە: دەوڵەتو کڵێسە لە یەکتر بکرێتەوەو دەسەڵاتی یەکێکیان لەوی تریان کەمتر بێ. بەڵام لە سەردەمی راپەڕین بەولاوە دەوڵەت بە ئاستێکی تردا گەشەی کردووە. ئیتر بەرە بەرە سەربەخۆیی خۆی بووەو لە بوونی کەسایەتیی پاشا جیاکرداوەتەوە. بە رێژەیەکی کەمیش لە دەسەڵاتی کڵێسەش جیاکراوەتەوە. بەوە ئیتر دەوڵەت شێوازی دەزگای پۆزەتیڤیزمی وەرگرتووە، کە دەسەڵاتی بەرزتری لە سەرووەوە نەبێ، چ کەسی بێو چ ئایینی بێ.

دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم دوو لایەنی سەرەکیی لەخۆ گرتووە، لایەنێ، کە مەکەزی بووە، لە رووی بەڕێوەبردنو لەشکرو باج سەپاندن. لایەنێکی تر، کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی بووە لە رووی دەسەڵاتی ناوخۆو دەرەکیشدا.



مایکیاڤیللی هەمیشە بیری تیۆر دانان کردۆتەوە سەبارەت بە دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم، بە تایبەتی بە هۆی داکەوتی شاری (فلۆرانس)ەوە لە ئیتاڵیا.

مایکیاڤیللیو مێژینەی شاری (فلۆرانس)

(فلۆرانس)، کە مایکیاڤیللی (١٤٦٩ـ ١٥٢٧)ی تیادا لەدایك بووە، یەکێ بووە لە شارە گرنگەکانی ئیتاڵیا، کە لەو سەردەمەدا لە رووی ئابووریيەوە گەشەی زۆری کردووە، بە تایبەتی لەسەر ئاستی بازرگانی. شوێنی ئەم شارە لەسەر هێڵی بازرگانیی دەریای سپیی نێوەڕاست، بەرەو رۆژهەڵات، وای لێکردووە سەرمایەیەکی زۆری تێبکەوێ و چالاکیی بانقو ئاڵوگۆڕی دراوی تیادا بەرفرەوان بێ. هەروەها وای کردووە هەندێ لە خێزانە دەوڵەمندە بەناوبانگەکان دەسەڵاتیان تیادا هەبێ، بە تایبەتی خێزانی (میدچی)، بە هۆی سامانەکەیان و پەیوەندیی خزمایەتیی تۆندیان لەگەڵ پاپاو بە هۆی سوودوەرگرتنیان لە هەندێ ئاژاوەی، کە زاڵبوون بەسەریداو ئاساییشیان بۆ شارەکە گەڕاندۆتەوە و بەرامبەر بەوە دەسەڵاتی رامیارییان دراوەتە دەست.

بەڵام کاتێ دەسەڵات کەوتۆتە دەستی (پیرۆ دی مدیچ)یەوە، کە بە لاوازی ناوی دەرکردووە، ئاژاوەی زۆر لە (فلۆرەنس)دا بڵاوبۆتەوە و گرنگیی پێشووی لەدەست داوە. هەموو ئەوانە رێگایان بۆ لەشکری فەڕەنسا خۆشکردووە، کە پەلاماری شارەکە بدەن و (پیرۆ مدیچی) لە دەسەڵات لابەرن. بە هۆی ئەوەوە، ئیتر فەرمانڕەوایی خێزانی (مدیچی) سڕاوەتەوە و کۆتایی هاتووە و لە بریی ئەوە (کۆماری عیسا) دامەزراوە و (سافونارۆلا)ی قەشە بۆتە سەرۆك کۆمارو لەگەڵ ئەنجومەنێکدا بەڕێوە چووە، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ هەڵبژێرراوە. ئەو قەشەیە دەستی بە چاکسازی کردووەو بۆتە پەسەندبووی خەڵکی ئەو شارە. بەڵام دیارە، کە کلێسە ئەو قەشەیەی پەسەند نەبووە، بە تایبەتی، کە ویستوویەتی چاکسازی بخاتە نێو کلێسەشەوە. پاش ئەوەی کلێسە نەیتوانیوە بە لای خۆیدا رایکێشێ، پاپا بڕیاری بە دەرکردنی لە کڵێسە داوە بە تاوانی ئەوەی خەریکی بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی گومڕاییو بۆگەن بووە. پاشان هەر لە لایەن کڵێسەوە لە قەنارە دراوەو لاشەکەشی سووتێنراوە. بە مردنی ئەو قشەیە، ئیتر قۆناغێکی نوێ لە ژیانی رامیاریی (فلۆرانس) دەستی پێکردووەو مایکیاڤیللی لەسەر شانۆی رامیاری لەو شارەدا دەرکەوتووەو دوایی وەك فەیلەسووفێکیش نێوبانگی دەرکردووە.

لەم قۆناغە نوێیەدا دامودەزگای کۆماری گەڕاوەتەوە شاری (فلۆرانس)و دەسەڵات چۆتە دەستی نوێنەرانی یەکێتییەکانو بانقەکانو بازرگانییە گشتیو تایبەتیەکانو پیشەسازانو هەندێ لە کارکەران. دیارە نزیکەی هەزار کەس لە نەوەت هەزار شاری بە خول لە حوکومڕانیدا بەشدار بوون. بەڵام ئەوانەی ماون لە دەرەوەی بازنەی ئەو یارییەدا بوون. واتە دەسەڵات کەوتۆتە نێو دەستی بۆرژوازیانەوە، بە تایبەتی بۆرژوای گەورە. بەڵام دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین، کە ئەو بۆرژوایانە لەو شێوە بۆرژوایانە نەبوون، کە لە پاش سێ سەدەوە دەرکەوتوون. هەڵبەت ئەو بۆرژوایانە زیاتر لەو خێزانانەوە بوون، کە دەوڵەمەندو دەرەبەگو خاوەنی سامانی زۆر بوون، نەك لەو خێزانانەوە بووبن، کە هەرەمەکی گەل بوون.

مایکیاڤیللی پلەی سکرتێری (کۆنسوڵی دووەمی) پێ بەخشراوە. بەو پلەیە بەردەوام بووە تا ساڵی ١٥١٢ ئەوجا دەرکراوە. واتە تا ئەو ساڵەی خێزانی (مدیچی) دووبارە دەسەڵاتیان گرتۆتەوە دەست.



مایکیاڤیللی لە خێزانێکی کۆنی دەربەگی بچووکی (فلۆرانس) بووە، کە بەرەو هەژاری چوون. بۆیە خۆی لە ریزی چینی بۆرژوادا بینیوەتەوە. باوکی پارێزەر بووە، بۆیە بێتەرخەمیی لێی نەکردووە بۆ خوێندنی باش. لەبەر ئەوە مایکیاڤیللی خوێندنی یاساو فەلسەفەو مێژووی تەواو کردووە.

ئەو ماوەیەی مایکیاڤیللی تیایدا پۆستی رامیاریی بووە، بە شێوەیەکی گشتی بە هەرە ناهەموارترین ماوە دەژمێررێ لە مێژووی ئیتاڵیا. چونکە لەو ماوەیەدا کەوتۆتە بەر شاڵاوی لەشکری فەرەنساو ئیسپانیاو ئەڵمانیا. هەروەها (فلۆرانس) رۆڵی ئابووریو بازرگانیی تەنگترو کەمتر بۆتەوەو تووشی قەیرانو چەڵەمەی دژوارو زۆر بووە. هەروەها نرخی زێڕ لە خەزێنەی بانقەکاندا چۆتە هەرە نزمترین رادە.

مایکیاڤیللی زۆر بە قووڵی بیری لەو داکەوتە ناهەمواره کردۆتەوە کە ئیتاڵیا بە گشتیو (فلۆرانس) بە تایبەتی تووشی بووە. ئەنجام گەیشتۆتە ئەو بڕواو راستییە بنەڕەتییە، کە (فلۆرانس)، یاخود ئیتاڵیا بە گشتی تووشی بارو دۆخی زۆر لاواز بووە. لە روانگەی ئەو راستییەوە بۆ لەبری پڕۆژەیەکی داڕشتووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی پۆزەتیڤیزمی بەهێز. ئەو پڕۆژەیەی لە زۆربەی نامیلوکەکانیدا بڵاوکردۆتەوە، بە تایبەتی لەم کتێبانەیدا: (میر)و (رووبەڕۆوبوونەوە)و (هونەری گەنگ)و مێژووە فلۆرانسییەکان)، هەروەها لە زۆر لە نامەکانیشیدا.

بناغەکانی دەوڵەتی پۆزەتیڤیزمی بەهێز

مایکیاڤیللی کاتێ، کە ئەو پڕۆژەیەی داناوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی پۆزەتیڤیزمی بەهێز، خۆی نەهاویشتۆتە جیهانی روانگەیی رووتەوە، بەڵکو ئەم بەر لە هەر شتێ مرۆڤی رامیاری بووەو لەو پێشەیەیدا کارامەیی نواندووە. ئیتاڵیاش ئەو کێڵگەیە بووە، کە ئەم ئەو کارامەییەی تیادا نواندووە. لە هەمان کاتدا بەراوردکردنی ئەم وڵاتەی لەگەڵ وڵاتانی تردا پشتگوێ نەخستووە. بەڵکو بە هۆی پێشە رامیارییەکەیەوە گەشتی بە نێو زۆر لە وڵاتە ئەوروپەیکان کردووە. لەو سەردەمەشدا زۆربەی ئەو دەوڵەتانە گەیشتوونەتە پلەی زۆر لە هێز. وەك: فەرەنساو ئیسپانیاو ئەڵمانیاو هۆڵاندو... هتد. مایکیاڤیللی هەولی داوە ئەو

هۆکارانە نیشان بدا، کە بوونەتە هۆی ئەو وڵاتانەی بەهێز کردووە.
دەکرێ بگوترێ، پڕۆژەکەی مایکیاڤیللی سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتیکی پۆزەتیڤیزم لە سەر دوو کۆلەکەی جیاواز لە یەکتر دامەزراوە، یەکەم: ئەو داکەوتە لاوازەی، کە ئیتاڵیا ئەو سەردەمە تووشی هاتووە، دووەم: ئەو داکەوتە بەهێزەی دەوڵەتانی ئەوروپا تیادا بوون. مایکیاڤیللی وەك پیاوێکی رامیار سەودای لەگەڵ ئەو دوو کەڵەکەیە کردووە، بە تایبەتی لە کتێبی (میر)ەکەیدا.

یەکەم: (میر): مایکیاڤیللی لەو کتێبەیدا وای بۆ چووە، کە دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم ناکرێ دامەزرێ بە بێ بوونی پێاوێ، کە تایبەتمەندیی نەبێ. بەڵام ئەو تتایبەتمەندییانە چین؟

١- ئەو پیاوەی، ئەو جۆرە پڕۆژە گرنگە بهێنێتە دی، واتە بتوانێ دەوڵەتێکی پۆزەتیڤیزم دابمەزرێنێ، هەر دەبێ مرۆڤێکی نائاسایی بێو تایبەتمەندیی نائاساییشیی تیادا هەبێ.

٢- بەو جۆرە (میر) وەها خۆی دەبینێتەوە، کە ناچار بێ خۆی لە بەهاکانی دڵپاکیو چاکە دوورخاتەوە. چونکە "هەر مرۆڤێ بیەوێ لە هەموو شتدا دڵپاکیو چاکە بنوێنێ، ئەوا بێگومان تووشی خەمو پەژارەو نەهامەتی دێو دەکەوێتە نێوەندی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤ، کە چاکەیان نەبێ."

٣- رەنگە (میر)ی لە کاتی کارکردنیدا تووشی هەندێ هەڵە ببێ. بە هۆی ئەو هەڵانەشیەوە رووبەڕی رەخنەو نارەزایی ببێتەوە، بە تایبەتی، کە ئەو هەڵانەی لە لایەنی رەوشتیەوە بن. واتە کاری نارەوشتیی کردبێ. "ئەگەرچی هەندێ جار هەندێ کاری رەوشتیش، ئەگەر پەیڕەو بکرێن، دەشێ ببنە وێرانکردنی ژیانی سروشتی مرۆڤ،و ئێشو ئازاردانی. هەندێ کاری نارەوشتیش رەنگە ببنە هۆی بەکتەوەریو کامەرانیی زیاتری مرۆڤ." بۆ نموونە رەنگە پیاوێ هەبێ کاری دادوەری بکا بەڵام کەسایەتیی ناپەسەندو نارەوشتانەی هەبێ.

٤- (میر) پێویستە بەزەیی نیشان نەدا. بۆیە نابێ گوێ بداتە هەر ناتۆرێ لێی بنرێ، کە بە مرۆڤێکی دڵڕەق نێو لێببرێ. ئەگەربێو ئەو دڵڕەقییەی ببێتە هۆکارێ بۆ یەکبوونی وڵاتییانیو بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. چونکە هیچ (میر)ێ نییە ئەو ناتۆرەی نەخرێتە پاڵو ناوی دڵڕەقو تووندوتیژی لێنەنرێ. بە تایبەتی لەو ماوانەدا، کە وڵاتەکەی تووشی دژواریو جەنگ دێ. لە راستیدا ئاسان نییە (میر) لە یەك کاتدا خەڵکی خۆشیان بوێو لێیشی بترسن. بەڵکو چاکتر وایە هەمیشە لێی بترسن. چونکە زۆر وڵاتی هەن، ئەگەر چی (میر) خۆشەویستیش بێ لایان، بەڵام هەر دەیانەوێ زەبری لێ بوەشێنن."

٥- (میر) لە هیچ کاتێکدا گوێ نادا بە هەرچی پیمانو وەفادارییەك، کە بۆی دەدرێو پێی دەدرێ. " بە پێی ئەزموون سەلمێنراوە، کە ئەو میرانەی بە کاری هەڵساون، زۆر گوێو بایەخیان بە پەیمانو وەفاداری نەداوە، کە پێیان دراوە، بەڵکو هەردەم بە فێڵو زیرەکیی خۆیان بە بیرو ئاوەزی خەڵکی پێکەنیونو شڵەژاندوویانن و بەسەر ئەوانەشدا زاڵ بوون، کە پەیمانو وەفادارییان نیشان داون."

٦- مایکیاڤیللی هەمیشە بە مەرجو پێویستی زانیوە، کە (میر) خۆی لەگەڵ هەر بارو دۆخێکدا بگونجێنێ. "هەر بە پێی ئەوەش (میر)

دەبێ بتوانێ خۆی بە پیاوی بە سۆزو بە بەزەیی نیشان بداو بە درۆ خۆی وەها نیشان بدا، کە میرێکی پەیمان پارێزەو هەستی بەرزی مرۆڤانەی تیادا هەیەو خاوەن ڕەوشتی بەرزەو مرۆڤێکی ئایین پەروەرە. بەڵام لە کاتی ناچاریو تەنگانەدا هەرگیز ئەو ڕوخسارانەی نەنوێنێ. بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە بێ."

٧ـ مایکیاڤیللی هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە بە گرنگ دەزانێ، کە لە (میر)دا بوونی هەبێ بۆ ئەوەی بە هۆیەوە توانایی هەبێ ڕۆڵی هەرە گرنگی هەبێ لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی پۆزەتیڤیزمو لە هێنانەدیی دروشمی (ئامانج پاساوی ئامڕاز دەداتەوە). واتە (هەر ئامڕازو ڕێگایەك هەبێ با بەکار بێ، گرنگ گەیشتنە بە مەبەست)و بە کارهێنانی ئەو دروشمە لە کارو باری هەموو خەڵكو بە تایبەتی میران. کە ئەوە ڕاستییەکە لێ لادانی نییە.

دووەم: سوپاو لەشکر: بە پێی بۆچوونی (مایکیاڤیللی ـ کە خۆی لە سەردەمەکەیدا بینیویەتی، کە چۆن لەشکرانی فەرەنساو سویسراو ئەڵمانیا، بۆ جێبەجێکردنی ئامانجو مەبەستی تایبەت چوونەتە نێو شارە ئیتاڵیەکانەوەو پەلاماریان داوەو داگیریانکردووە ـ بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی (دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم) پێویست بە سوپاو لەشکرێکی تایبەتمەند دەکا. مایکیاڤیللی هەروەها ئەوشی بینیوە، کە ئەو خەڵکەی هێرشیان کراوەتە سەر، شارەکانیان بەجێهێشتووەو ڕزگاریان بووە لە کوشتارو مردن بەرانبەر بەوەی، کە یان شارەکانیان لەدەست چووەو یان باجو سەرانەیان داوە. بۆیە لای ئاسان بووە وا لێکبیداتەوە، کە ئیتاڵیەکان خۆیان ڕابەرایەتیی کاروباری ڕامیاریی خۆیانیان کردووە. بەڵام سەبارەت بە جەنگ، جاشو بەکرێگیراویان بووەو پارەیان داونەتێ لەشکرکەشییان بۆ بکەن.
هەڵبەت ئەو جاشو بەکرێگیراوانەشیان هیچ زیرەکییان نەویستووە، بەڵکو وەها فێرکرابوون، کە جەنگ دەبێ درێژخایەن بێ بۆ ئەوەی سوودو قازانجی زۆرتری لێ بکەن. بۆیە، ئەو جەنگانەیان لە کاتی بەرپابوونیاندا کۆمیدیا بوونو لە پاش پیرۆزیو سەرکەوتنیشیاندا بوونەتە تراژیدیا، چونکە ئەو جاشو بەکرێگیراوانە، کە پیرۆزی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، یەکسەر بە ڕەواو بە حەڵالیان زانیوە هەر تاڵانییەك بێ لە شارەکاندا بیکەن. بەڵام مایکیاڤیللی بە چاکی هەستی بەو دیاردە هەڵەیە کردووە، هەر بۆیە بە پێویستو بە مەرجی زانیوە، کە لەشکرو سوپای نیشتمانی بێتە دامەزراندن.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ، کە سەرۆکی حکومەت لە شاری (فلۆرانس) بیرو پێشنیاری مایکیاڤیللیی پەسەند کردووە بۆ هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی لەشکرێکی نیشتمانی. بەڵام مایکیاڤیللی سەختیی لە جێبەجێکردنی ئەو بیرو پێشنیارەی بۆ هاتۆتە دی. بە تایبەت لەو بارەیەوە، کە نەیتوانیوە سەرباز کۆبکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، تووشی بەرهەڵستی هاتووە، بە تایبەتی لە لایەن جوتیارەکانەوە. هەڵبەت ئەو بەرهەڵستکارییەش هۆکاری خۆی هەبووە لەو داکەوتو بارودۆخەی ئەو سەردەمەی ئیتاڵیادا. چونکە بۆ ئەوەی سەرباز کۆ بکرێتەوە، دەبووایە میللەت بوونی هەبێ، واتە سەرباز دەبووایە هەست بەوە بکا، کە وڵاتییەو نەتەوەی خۆی هەیە. بەڵام شاری (فلۆرانس) وڵات نەبووە، تەنها بۆ فلۆرەنسیەکان خۆیان نەبێ. هەروەها ئەو شارە بە تەنها هەر وڵاتی فلۆرەنسیەکان خۆیان نەبووە. بەڵکو بەو جۆرە بووە، کە هەر کەسێ

مافی ئەوەی نەدرابێتێ رامیاریی ئەو شارە بکا، بە وڵاتی نەژمێرراوە.
بەڵام باوەڕی مایکیاڤیللی بە پێویستکردن بە دامەزراندنی لەشکرێکی نیشتمانی نەگۆڕاوە، بەڵکو بەردەوام بە ئیتاڵیەکانی گوتووە ئامۆژگاریی کردوون، کە پێویست بووە، کە نەریتی لەشکری جاشایەتیو بەکرێگرتەیی نەهێڵرێو لە بریی ئەوە نەریتی لەشکری بەرگریی میللی بێتە کایەوە. هەر بۆ ئەو مەبەستەش کتێبێکی داناوە بە ناونیشانی (هونەری جەنگ). جگە لەوە، لە کتێبی (میر)ەکەیدا دووپاتی کردۆتەوە، کە (میر) ئەگەر پەنا بەرێتە بەر جاشو بەکرێگرتە، ئەوا هەرگیز هەست بە ژیانی ئارامیو ئاسوودەیی ناکا. هەروەها دووپاتی کردۆتەوە، کە (میر) ئەگەر پەنا بەرێتە بەر جاشو بەکرێگیراو لە کاتی جەنگدا، ئەوا لە کاتی ئاشتیدا وڵاتەکەی هەر لە لایەن ئەو جاشو بەکرێگیراوانەوە تووشی تاڵانی دەبێ. لە رۆژانی جەنگیشدا لە لایەن دوژمانیەوە تووشی تاڵانی دەبێ. چونکە جاشو بەکرێگیراو هورگیز هەستی لایەنگرییان بۆ وڵاتەکەیان نابێو ئەو جەنگانەی دەیکەن لە پێناوی پاراستنی وڵاتەکەیان نابێ، تەنها بۆ مووچەیەکی کەم نەبێ، کە وەریدەگرن. واتە هەیچ هەستێکیا تیادا نییە بۆ قوربانیدانو گیان بەختکردن لە پێناوی وڵاتەکەیاندا. کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە مایکیاڤیللی، کە بیری لە دامەزراندنی دەوڵتی پۆزەتیڤیزمی بەهێز کردۆتەوە، لەبەر ئەوە بووە، کە باوەڕی وەها بووە، کە ئەم پڕۆژەیە جێبەجێکردنی مەحاڵ بووە، تەنها بەوە نەبێ، کە (میر)ێ هەبێ تایبەتمەند بێو لەشکرو سوپایەکی تایبەتی هەبێ. هەر ئەو باوەڕەشی بەستراوە بەوەی، کە دەوڵەتێکی ئیتاڵیی یەکگرتوو بێتە ئاراوە، لە بریی ئەو داکەوتەی ئەو سەردەمەی تیایدا ژیاوە. ئەو دەوڵەتە ئیتاڵییە یەکگرتووەشی بە مەرجی بناغەیی داناوە بۆ گەشەکردن لە مێژووی نەتەوەکاندا.

<u>کۆسپەکانی دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم نەتەوەیی</u>

بێگومان پەرۆشیی زۆری مایکیاڤیللی لە دامەزراندنی دەوڵەتی پۆزەتیڤیزمی بەهێز، بە واتایەکی رووتر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیتاڵیای یەکگرتوو بەرچاویشی نەگرتووە، لە بینینی ئەو کۆسپو تەگەرانەی، کە هاتەوونەتە بەردەمی ئامانجی جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە. مایکیاڤیللی توتانیویەتی ئەو کۆسپو تەگەرانەش لە بەر رۆشنایی داکەوتی راستەقینەی ئیتاڵیای ئەو سەردەکەیدا دەستنیشان بکاو هۆکارەکەی لە کڵێسەو چینی دەرەبەگدا کۆبکاتەوە.
یەکەم: کڵێسە: مایکیاڤیللی دوو هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ئایینو کلێسە تێکەڵ بە یەکتر نەکردووە. ئەگەر چی بیرو باوەڕی دنیایی هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەها تەماشای ئایینی کردووە، کە پلەو پایەی گرنگو بەرزی هەبێ لە نێو دەوڵەتدا لەبەر ئەوەی ستوونو کۆڵەکەی کۆمەڵایەتییە. بۆیە گوتوویەتی، کە: "هەر میرنیشینێ، یان کۆمارێ بیەوێ بمێنێتەوەو بە دوور بێ لە بەڵای رووخانو داڕمان، پێویستە پاکیی کەشو نزا ئایینیەکان بپارێزی و وەك خۆیان بیانهێڵێتەوەو هەمیشە بیانخاتە بریی شکۆمەندیی خۆی. بێگومان باشترین نیشانەو بەڵگەی رووخانی هەر وڵاتێ لە وڵاتان رووندەکردنە لە ئاسمانو یەزدان." پاشان گوتوویەتی، کە: "لەبەر ئەو هۆیە پێویستە دەسەلاتدارانی هەر کۆمارێ، یاخود شانیشینێ بنەما سەرەکییەکانی ئەو ئایینە بپارێزن، کە بوونو یەکێتییان دەپارێزێ. بۆیە پێویستە هانی هەر کەسێ بدەن، کە یارمەتییان دەدا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، ئەگەر چی

ئامانجەکەشیان بە دڵ نەبێو لایان پەسەند نەبێ. چونکە چەند زیاتر کار بۆ ئەوە بکەن، ئەوەندە زیاتر هۆشیارتر دەبن پێیو زیاتر لە یاساکانی سروشت تێدەگەن." هەروەها گوتوویەتی: "دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی کرستیان، ئەگەر پارێزگارییان لە لەو گیانە ئایینییە بکردایە، کە دامودەزگای کرستیانی بۆی دارشتبووین، ئەوا ئەو کاتە ئەم دەوڵەتە زۆر یەکگرتووتر دەبووو کامەرانیو بەختەوەریی زیاتری لە ئێستا." دیارە مایکیاڤیاای خەمی بۆ ئەوە خواردووە، کە ئەو گیانە ئایینییە لەدەست چووە. لەم روانگەیەوە ئیتر هەوڵی داوە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە کڵێسە دەستنیشان بکا، کە بە لایەوە وەها بووە، کە هۆی سەرەکی بووە بۆ رووخانی گیانی ئایینی لە ئیتاڵیادا."

دیارە کڵێسەش لە لایەکەوە بە هۆی ئەو داکەوتەوە لە لایەکی ترەوە بە هۆی کاریگەریی نەگەتیڤیەوە لەسەر ئایین تووشی ئەو بارە نالەبارە هاتووە. چونکە کڵێسە بەو داکەوتەی هەیبووە، بێگومان ئیدی گونجاو نەبووە بۆ ئەوەی ئامرشازێکی چاک بێ بۆ پاراستنی گیانی ئایینی لە کەوتنو دارمانی. مایکیاڤیللی لای وا بووە، کە کڵێسە رۆڵێکی نەگەتیڤی راستەوخۆی بینیوە سەبارەت بە دروستبوونی دەوڵەتی یەکگرتووی ئیتاڵیا. بۆیە گوتوویەتی: "کڵێسە بۆتە هۆی پەرتکردنی ئیتاڵیاو بەردەوامیش هەر لە پەرتکردنیدایەتی. راستتر وایە بگوترێ، کە هەر نیشتیمانێ یەکێتیو کامەرانی بە خۆیەوە نابینێ، تا هەمووی نەچێتە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی کۆماریی یەکگرتووەوە، یاخود ژێر دەسەڵاتی یەک میر، رێگری ئەوش کڵێسەیە.."

مایکیاڤیللی گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی، کە: "کڵێسە هەرگیز رۆژێ لە رۆژان توانایی ئەوەی نەبووە، کە دەسەڵاتی بەسەر سەرانسەری ئیتاڵیادا بسەپێنێ. نەك هەر ئەوە، بەڵکو بواریشی نەداوە ئیتاڵیەکان خۆیان ئەو دەسەڵاتە سەرانسەریەیان هەبێ. بۆیە هۆی نەهێلانی بوونی ئیتاڵیا لە سێیەری دەسەڵاتی یەك سەرگەورەداو پەرتکردنی بۆ ژمارەیەك لە میرنشینی هەر کڵێسە بووە. هەر بۆیە ئەو میرنشینانەش لاواز بوونو کەوتوونەتە بەر پەلاماری بەربەرە بەهێزەکانو هەر لایەنی تر، کە هێرشیان بۆ بردوونو تاڵانیان کردوون. بەو جۆرە کڵێسە بە پێی بۆچوونی مایکیاڤیللی بۆتە کۆسپێ لەبەردەم دروستبوونی دەوڵەتی یەکگرتووی ئیتاڵیا."

دووەم: چینی دەرەبەگ: مایکیاڤیللی لەو باوەڕەشدا بووە، کە بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی پۆزەتیڤیزمی بەهێز دروست بێ، پێویستە دەسەڵاتی دەرەبەگەکان نەهێڵرێو لە نێو ببرێ. تاکو ئەو دەرەبەگانە قەڵاو شووڕەو دەستو پێوەنیان هەبێ هەر دەبنە کۆسپی گەورە لە رێی دروستبوونی ئەم جۆرە دەوڵەتە. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە، ئەو دەرەبەگانە مەترسییان بۆ سەر میر خۆیشیدا هەبووە، بە تایبەتی، کە لە رێگەیانەوە دەسەڵاتی سەپاندووە. یان بە لایەنی کەمەوە بە پشتگیریی ئەو دەرەبەگانەوە ئەو دەسەڵاتەی سەپاندووە. چونکە هەر میرێ بە پاڵپشتی ئەو دەرەبەگانەوە دەسەڵاتی گرتبێتە دەست، هەڵبەت تووشی کێشەو چەڵەمەی زۆرتر هاتووە، کاتێ، کە ویستوویەتی دەسەڵاتەکەی بپارێزی. بەڵام ئەو میرەی گەل هەڵیبژاردووە، کەمتر تووشی کێشەو چەڵەمەی دەستیان هاتووە.

مایکیاڤیللی، کە ئەم چینی دەرەبەگەی بە خەتەرناك زانیوە، ئامۆژگاریی میری کردووە، کە بە یەکێ لەم دوو رێگایە مامەڵەیان لەگەڵدا

بکا، یان ئەوەتا دەسەڵاتیان پێ بدا بە مەرجێ بە تەواوی پشت ببەستن بە خۆشەویستییان بۆی، یان ئەوەتا ئەو دەرەبەگانەی بە بێ بەرژەوەندی لەگەڵی دەبن جیایانکاتەوە لەوانەی بۆ بەرژەوەندی لەگەڵی دەبن. دەبێ ئەوانە بە دوژمن بزانێ. جگە لەوە، مایکیاڤیللی وەها تەماشای دەرەبەگەکانی کردووە، کە کەسانی تەوەزەڵو بێ کار بنو هیچ سوودێکیان بۆ دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم نەبێ.

بەڵام ئەگەر هاتو دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم بە راستی دامەزراو دروست بوو، ئایا سروشتی ژیانی رامیاری تیایدا چۆن دەبێ؟

<u>ژیانی رامیاری لە دەوڵەتی پۆزەتیڤیزمدا</u>

چەند کلیلێکی تایبەت هەن، کە دەبنە مەرجی ژیانی رامیاری:

یەکەم: یەك بە دوای یەك هاتنی رژێمەکانی حوکومڕانی: رامیاری لەم گەوهەرەیدا دوور نابێ لەو رژێمانەی، کە چالاکییەکانیان لە توێی حوکومڕانیی جۆراوجۆردا جێبەجێ دەکەن. رامیاری بەشێکە لە خولە مێژوویییانەی دۆڕانو سەرکەوتنیان، رووخانو پیرۆزییان، چاکەو خراپەکارییان تیادا دەبینرێ. ئەم بۆچوونەش هەڵبەت تازە نییە، بەڵکو (ئەڕیستۆ)ش گوتوویەتی. بەڵام دیارە مایکیاڤیللی ئەم بۆچوونەی لە ئەڕیستۆوە نەخواستووە، چونکە خۆێندنەوەی تەواوی لەبارەیەوە نەبووە، بەڵام خوێندنەوەی لەبارەی (بۆلیبۆس)ەوە هەبووە، کە لە ژێر کاریگەریی (ئیفلاتوون)دا بووەو فەلسەفەی مێژووی لێوە وەرگرتووە. هەڵبەت فەلسەفەکەی ئیفلاتوون لەسەر تێۆری خوولەکان دامەزراوە.

"شۆڕشەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە هەرگیز هیچ شتێ لەم سەرزەمینەدا نەمر نابێ." (بۆلیبۆس) ئەم خولانەی خستۆتە داڕشتنێکەوە، کە بەهۆیانەوە شانشینی لە خۆوە دێتەدێو دەسەڵاتیش دەکەوێتە دەستی تاکە کەسێکەوە. بۆ ئەوەی بشبێتە هێز دەبێتە پاشایەتیو هێز دەگوڕێ بۆ شکۆییو ئەزموونو مەزنیی سەرۆك، پاشان دەبێتە زۆرداری تا دەبێتە هۆی لەدایکبوونی دەسەڵاتی ئەرستۆکراتی، "پاشان (ئۆلیگارشی) واتە سامانداریو پاشان دیموکراتیو دوای ئەوە کەسێ دێ سوود وەرگرێ دای ئەوەی دیموکراتی دەگوڕێ بۆ ئاژاوە بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتی پاشایەتی." ئەمەش شۆڕشی رژێمەکانی دەسەڵاتدارانەو ئەو رژێمانەیە، کە بە هۆیانەوە سروشتی شێوازی دەوڵەت دەگوڕێن.

مایکیاڤیللی ئەم خولانەی کردووە بە بناغەی فەلسەفەی تایبەتی سەبارەت لە مێژوو. هەر نموونەیەك لە دەسەڵات مەرجی داڕمانی هەیەو هەر دەبێ دەسەڵاتێکی تر بێتە شوێنی. کاتێ خەڵکی لە یەکترەوە نزیك دەبنەوە بۆ ئەوەی ئامڕازی چاکتر بێننە دی بۆ پارێزگاری کردن لە بوونو ژیانی خۆیان، روو لە مرۆڤێکی بەهێزیش لە خۆیانو ئازاتریش لە خۆیان دەکەن لە نێو خۆیاندا، کە بیکەن بە سەرۆك بەسەر خۆیانەوە. یاساش دادەنێو سزای هەر کەسێکیش دەدەن، کە سەرپێچی لەو یاسایانەیان بکا. بەڵام کاتێ، کە ئەو میرانەیان لە بریی هەڵبژاردنیان بە میراتگری پەسەند کردووە، ئەو میراتگرانە لەسەر رەوتی پێشینیان نەچوونو شوێنپێیان هەڵنەگرتوون، بەڵکو بەرەو رمان چوونو وازیا لە کاری چاکەو چاکسازی هێناوە. ئەوەش بۆتە هۆی رقی گەلو خەڵك لێیان. ئەوەش دیسا بۆتە هۆی کاری زەبرو تووندوتیژیو تووندڕەیو

زۆرداری. بەو جۆرە زۆرداری بۆتە سەرچاوەیەك بۆ رووخانی ئەو میرانە لە لایەن جەماوەرەوە بە هاندانی سەرکردە بەهێزەکانیان، کە دوایی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەستو ئەوانیش یاسایان لە جۆری تر داناوەو بەرژەوەندیی چاکەیان کردووەو رژێمیان پاراستووە. بەڵام لە دواییشدا، کاتێ، کە دەسەڵات لە دەستیاندا ماوەتەوە، بە هۆی نەشارەزاییانەوەو بەهۆی تەماحیانەوە دەسەڵاتی کەمایەتی بۆتە (ئۆلیگارشی)و مافەکانی وڵاتیی تیادا خراوەتە ژێر پێ. ئەو کاتە ئەو دەسەڵاتدارە نوێیانەش هەمان شتیان بەسەر دێ، کە بەسەر زۆردارەکاندا هاتووە، چونکە مرۆڤان بە پاڵپشتو بە هۆی جەماوەرانەوە لەنێویان بردوونو ئیتر رووبان لە رژێمی حوکمی گەل (دیموکراتی) کردووە. چونکە رژێمی دیموکراتی خۆی پاراستووە، بەڵام بۆ ماوەی درێژ نا، بەڵکو دووبارە ئاژاوە رووبداوەتەوەو رێز بۆ مرۆڤی تاکەکەس نەماوەتەوە. خراپەکاریو سەرپێچیکاری لە یاسا هەڵبداوەتەوەو ئەنجام (میر) دووبارە گەڕاوەتەوە سەر تەختو دەسەڵاتو خولەکە دووبارە بۆتەوە.

مایکیاڤیللی گەیشتۆتە ئەو پوختی ئەنجامەی، کە ئەمە ئەو خولانەوەیەیە، کە هەموو حکومەتەکان پیایدا تێدەپەڕن. بەڵام بە دەگمەن دەبێ هەمان حکومەت بە هەمان چەشتی حوکمڕانیو دەسەڵاتی پێشتری دووبارە بگەڕیتەوە، چونکە بە دەگمەن حکومەت هەن بتوانن بە بەردەوامی گەشە بکەنو بەرەو پێشەوە بچنو بمێننەوە. واتە ئەو خولەیە بە بازنەیی بەرەوپێشەوەچوونی نییە. بەڵای مایکاڤیللی ئەوە هەرگیز مەحاڵە. بەڵکو بە لایەوە ئەو خولانەوەیە لوولویی دەبێ نەك بازنەیی.

دووەم: رژێمی حوکومڕانیی پاشایەتیو رژێمی حوکومڕانیی کۆماری: مایکیاڤیللی جیاوازیی لە نێوان رژێمی پاشایەتیو رژێمی کۆماریدا کردووە بە پێوانەی ئەوەی، کە ئەگەر هاتو دەسەڵات بە دەستی تاقە کەسێکەوە بێ، ئەوا رژێمە رامیارییەکە پاشایەتی یاخود وەکو خۆی گوتوویەتی (میری) دەبێ. بەڵام ئەگەر رژێمە رامیارییەکە کۆماری بێ، ئەوا دەسەڵات بە دەستی نوێنەرانی هەڵبژێرراوی گەل دەبن، کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پۆست دەگرن، تەنها سەرۆك نەبێ، کە تا ژیانی دەبێ هەر بە سەرۆکی دەمێنێتەوە. مایکیاڤیللی دژی بوونی رژێمی پاشایەتی بووە لەبەر ئەوەی بە میراتی بەڕێوە چووە نەك بە هەڵبژاردن. ئەو میراتگرانەش یەك بە دوای یەك لاوازتر بوونو کاری چاکەیان لێنەوەشاوەتەوەو تەنها هەر خەریکی پارەو خەرجکردن بوون بۆ رابواردنی خۆیانو دەستو پێوەندەکانیان. جگە لەوە، پاشایەتی کەوتۆتە چەوساندنەوەی ئەو چینانەی ویستوویانە بە دستو بازوویانو بە ئارەقەی نێوچەوانیان دانی رۆژانەیەك پەیدا بکەن.



بەرامبەر بەوەش مایکیاڤیللی رژێمی کۆماریی بە باشتر زانیوەو بە چاکی زانیوە، کە ئەو جۆرە رژێمە مەرجی ئەوەی تێدا بێ دوو ئەنجومەنی هەبێ، یەکەمیان بۆ پیران بێو دووەمیان بۆ گەل. هەرچی کارو ئەرکی یاسادانانیش لە دەستی ئەو دوو ئەنجومەنەدا بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مایکیاڤیللی بیری لە دژایەتیش کردۆتەوە لە نێوان ئەو دوو ئەنجومەنە بە هۆی رقابەتیو ململانێیان لە سەر پۆستەکانیان. رژێمی کۆماری لەم بارەدا بێگومان تووشی کێشەی تۆندو تیژ دێ. بۆ خۆ رزگارکردن لەو کێشەیەش، پێویستە شێوازی ئەو رژێمە کۆماریيە لە شێوازی رژێمی پاشایەتی بچێو شیر هەڵکێشێو دیکتاتۆریەتیش بکا بە هۆکارێ تا لەو کێشەیە رزگاری بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مایکیاڤیللی ئاگاداریی ئەوەی خواستووە، کە نەکرێ ئەو دکتاتۆریەتە ببێتە هۆی نەهێڵانی رژێمی کۆماریو دەسەڵاتی زۆرداری لێوەی بێتە دی. بۆیە مایکیاڤیللی داوای کردووە دیکتاتۆرییەت تەنها بۆ ماوەیەکی کاتی، کە لە پێنج تێپەڕ نەکا، کاری پێ بکرێ. بۆ مەبەستێکی دیاریکراویش بکرێو مەرجی بۆ دابنرێ، کە دەسەڵاتی نەگاتە سەرووی دەسەڵاتی دەستوورەوە.

سێیەم: رژێمی حوکومرانیی گەل: مایکیاڤیللی لە کتێبی (موتارەحات)ەکەیدا گوتوویەتی، کە: "ئەو جۆرە حوکومەتە بەختەوەر دەبێ." دیارە گەل بەر لە مایکیاڤیللی لە لایەن زوربەی بیرمەندو فەیلەسووفانە فەرامۆش کراوە. گوتوویەتی: "ئامانجی گەل لە ئامجی دەرەبەگەکان پیرۆزترە. ئامۆژگاریی (میر)یشی کردووە، کە بە بێ داوای گەل نەیەتە سەر تەختو هەمیشە هاوڕێی گەل بێو ئەوەی گەل لێی داوا بکا هەڵبەت نەکردنی زۆرداریيە. بەڵام ئەگەر هاتو میرێ دەرەبەگەکان هەڵیبژێرن، ئەوا بێگومان بۆ مانەوەی پێویستی بە ویستی گەلیشەو دەبێ گەلیش خۆشی بوێ. خۆشەویستیی گەل بۆی دەبێتە ئەوپەڕی دڵنیایی، بە تایبەتی لە کاتی هەر پەلامارێکی دوژمن بۆ سەر وڵاتەکەی. هەروەها بۆ ئەوە ئەو میرە دووربێ لە بەڵای پیلان بۆ لەناوبردنی، پێویستە جەماوەری گەلەکەی خۆشی بوێو رقو قینی لێی نەبێ. گوتووشیەتی، کە هەر رامیارێك راست نابێ ئەگەر جەماوەری گەلی تیادا بەشدار نەبێ. هەروەها گوتوویەتی، کە هەر گەلێ یاسا بەڕێوەی بەرێ، ملکەچ نابێ. هەر گەلێ یاسا بەڕێوەی بەرێ باوەڕی بە کارە چاکەکانی میرەکەشی دەبێو دڵسۆزیی بەرامبەر دەردەبڕێ. هەروەها گوتوویەتی، کە هەمیشە گەل کەمتر تووشی مەترسی دێ. بە دەگمەن شۆڕشی گەلان دەبنە هۆی بەدەستهێنانی ئازادی بۆیان. بۆیە باشتر وایە (میر) هەمیشە پشت لە گەل نەکا.



مایکیاڤیللی لەگەڵ ئەوەی گرنگیی بەوە داوە، کە گەل ببێتە کۆڵەکەی حوکمو دەسەڵات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کە بیری لەوە کردۆتەوە دەوڵەتێکی بەهێزی پۆزەتیڤیزم دابمەزرێ،

حوکمو دەسەڵاتی گەلی بێ بایەخ کردووە. باوەڕی وا بووە، کە باشترین حوکومڕنی تێکەڵە بووە، کە هەموان تیایدا بەشداربن. میرو دەرەبەگـو گەل هەموو پێکەوە حوکومڕانی بکەنو هیچ لایەکیان نەبن بە چاودێر بەسەر لایەکەی تریانەوە. بۆ ئەوەش نموونەی (ئیسپارتە)ی بە نموونەی حوکمی گەلی (دیموکراتی) لە ئەسینادا بەراورد کرووە. مایکیاڤیللی پشتگیریی لە حوکومڕانیی کۆماری کردووە، بەڵام حوکومڕانیی گەلیی نەکردووە. واتە داوای رژێمێکی هاوسەنگـو پارسەنگی کردووە، کە دەستوورو یاسا ناتوندڕەوییەکەی رێگا بە هەژارانو دەوڵەمەندان پێکەوە بدا بۆ چاودێرکردنی یەکترو مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیدا بێ. هەر بۆیە ستایشی جۆری حوکومڕانیی رۆمای کردووە. کەواتە ئەی هەڵوێستی راستی بەرامبەر بە گەل چی بووە؟



دەکرێ بگوترێ، فەرامۆشکراوترین چین لە چارەسەری کێشەو بابەتی حوکومڕانی لە لای مایکیاڤیللی گەل بووە. لە کتێبی (میر)ەکەیدا زۆر لەسەر باسی (میر) درێژەی داوە. گەلیش لە لای هیچ پەیوەندییەکی بە ئامانجو ئامڕازەکانی (میر)ەوە نەبووە. بەڵام لە (موتاڕەحات)ەکەیدا هەندێ جار ناوی گەلیشی هێناوە زۆر بە کەمی باسی لێوە کردووە. بەڵام بە لابەلایەو نەك بە تایبەتی. بە توخمێکی گرنگـو چالاکیشی نەزانیوە نە لە بزاقی میژوویی و نە لە ژیانی رامیاریدا.

رەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە مایکیاڤیللی بە باوەڕەوە لێی نەڕوانووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە باوەڕی زۆر کەمی بە توانایی مرۆڤ هەبووە. مرۆڤ بەلایەوە ئێش و ئازار گەیەنەر بوون و نەهەك حەرام بوون و زوو زوو رەنگی خۆیان دەگۆڕن، پیسکەو سپڵەن.. هتد. هەتا چاکەیان لەگەڵدا بکەی، ئەوان لەگەڵتان، بەڵام ئەگەر هاتو کێشەیەك بێتە پێشەوە، ئەوان خێرا لا هەڵدەگەڕێنەوەو لا یاخی دەبن. مایکیاڤیللی گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی، کە "جیهان تەنها سپڵەی تیایە. سپڵە جەماوەری خەڵکە." مایکیاڤیللی ئەگەر لە کتێبی (موتاڕەحات)ەکەیدا گەلی لە ئاستی زۆرداران داناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تیوری تایبەتی لێوە هەڵێنجاندووە، کە چینە میللیەکان بێ تواناو بێ بەهرەنو چەپەڵو سپڵەنو نێگەتیڤنو رەنگی خۆیان زوو زوو دەگۆڕن. هەموو مایکیاڤیللیزمی مایکیاڤیللی لەم پوختەیەدا کۆدەبێتەوە: "ژمارەی کەمی بە تواناو لێهاتووەکان جێیان ناگیرێتەوە تەنها ئەو کاتە نەبێ، کە ژمارە زۆرەکان (سپڵەکان) بتوانن هەل بپەرستنو پشتگیرییان لێوە بکرێ. سپڵەکان بۆ هەر ئەوە هەن، کە لێهاتووەکان فەرمانڕەواییان بکەن.

بێگومان ئەم بۆچوونەی، کە پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤەوە ناتوانی لە ناوەڕۆکی چالاکیی ئادەمیزاد بگا، بە تایبەتی کاتێ، کە دەبنە جەماوەری بەرفرەوان. ئەو بۆچوونە تەنها دەتوانێ رەفتاری تاکەکەسەکان

بخوێنێتەوە، کە تەنیاو گۆشەگیربنو تەریك بن لە دەوروبەر. بەڵام بە هەر حاڵ، مایکیاڤیللی رۆڵی جەماوەری لە مێژوودا فەرامۆش کردووەو پشتگوێ خستووە، یاخود خستوویەتییە ئاستێکی هەرە نزم، کە زۆر بە دەگمەن رۆڵی هەبێ.



لەم روانگەیەوە، کە پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤەوە، مایکیاڤیللی ناچار بووە ئەرکی داڕشتنی رۆڵی مێژوو بە هەندێ پیاوان بسپێرێ، کە هێزو چاکەی تایبەتیان بووە. بۆیە (میر)ی مایکیاڤیللی دەبووایە رۆڵی داڕشتنی مێژوو بگرێتە ئەستۆ، بەڵام بە بێ ئیمپڕاتۆرو بە بێ پاپاو تەنانەت بە بێ گەلیش. گەلیش لە سایەی ئەم بۆچوونەدا دەیارە شایانەی ئەوە نەبووە خۆی دەسەڵاتدارو حوکومڕن بێ. دەشبێ ئاماژە بۆ ئەو جێگایە بکرێ، کە گەل لە بیری مایکیاڤیللیدا داگیری کردووە، کە گەل واتایەکی تایبەتی لە لای ئەم فەیلەسووفەدا هەبووەو تەنها چینێکی تایبەتی گەیاندووە. مایکیاڤیللی گەلی لە خەڵکانی بندەستو هەڕەمەك جیاکردۆتەوە، بۆیە باسی لە (پارتی گەل)و (پارتی خەڵکی هەڕەمەك)یش کردۆتەوە. گەلی تەنها بە کەسانە گوتووە، کە پیشەسازو بازرگانان بوون، یاخود ئەو کەسانە بوون، کە بە زمانی ئەم سەردەمە پێیان دەگوترێ بۆرژوای سەرەوە. بەڵام پاڵەو جووتیارانی بە بەشێ لەو خەڵکی هەڕەمەکە زانیوە.

مایکیاڤیللی بیری لەوە نەکردۆتەوە چینی بۆرژوا نوێنەرایەتیی هەبێ، چونکە دیارە لەو سەردەمەیدا چینی بۆرژوا لە ئیتاڵیادا لاواز بووەو چۆتە قۆناخی داڕمانەوەو بوونێکی کاریگەرانەی نەبووە.
دەتوانین لە پوختەی ئەوەی پێشوو وەها تێبگەین، کە مایکیاڤیللیزم لە لای زۆر لە رووناکبیران نەبۆتە فەلسەفەیەك بۆنی شۆڕشگێڕانەی لێ بێ.
ئەمەش لایەنێکە لەو لایەنانەی، کە تایبەتمەندیی بیرو فەلسەفەی مایکیاڤیللی دەردەخا، کە نزیکە لە بیرو فەلسەفەی (مۆنۆکڕاتە میللیەکان)، کە لای پەسەند نییە گەل خۆی خۆی بەڕێوە بەرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەزی لێبووە پەسەندی بکا. مایکیاڤیللی جێیەجێکردنی بەرژەوەندیەکانی گەلی بە ئامانجی حوکومڕانی زانیوە. گرنگیی گەل لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییانەی، کە دەسەڵات دەیانسەپێنێ لایەنی پۆزەتیڤیە، کە بەرامبەر بە گەل هەڵوێستی لە ئاستیدا نیشانداوە.
بە کورتی، هەڵوێستی مایکیاڤیللی بەرامبەر بە گەل گۆڕانی تیادا بووە، لەلایەکەوە هەڵوێستی نەگەتیڤی نواندووە، کە چەمکی حوکومڕانی لە لایەن گەلەوە هاتۆتە پێشەوە. لە لایەکی ترەوە پۆزەتیڤ بووە کاتێ، کە پشتگیری لە مەسەلەی حوکومڕنی کراوەو باوەڕی پێ هێناوەو ئامانجە بنچینەییەکانی بۆ دەستیشان کردووە.

بونیادگەریو هەڵوەشاندنەوەو پەرەسەندنیان

نووسینی: س. رافیندران
وەرگێڕانی: خالیده حامید



ئەم کتێبە پێکهاتووە لە پێنج بەندو کراوە بە دوو بەشەوە. نووسەر لەم کتێبەدا لە سێ ئاستی جیاوازدا باس لە بونیادگەری دەکا.
بەندی یەکەم پێشەکییەکی گشتی دەخاتە روو دەربارەی بونیادگەری. مەبەست لەم رووکردنەوەیە، ئەوەیە، کە تیشك بخاتە سەر ئەم بابەتەو بە شێوەیەکی سادە روونی بکاتەوە بۆ ئەو کەسانەی، کە تازە بەم بابەتە ئاشنا دەبنو لە (الفـو بای بونیادگەری)دان. بۆیە لەم بەندەدا نووسەر بە شێوەیەکی چڕو پڕ لەسەر هزری بونیادگەریو رەوتـو بنچینەی زمانەوانیو بزاڤی بونیادگەری، هەروەها بنەماکانی سەرچڵیو یاخیبوونی بونیادگەری لە ئەدەبدا دەدوێو قسە دەکا.

جا، لەبەر ئەوەی، وەك ئاماژەمان بۆ کرد، ئەم بەندەی (الفصل) تایبەت کردووە بۆ ئەو خوێنەرانەی تازە بۆ بونیادگەری ئاشنابوون هاتووە، شێوازێکی زۆر ئاسانو سادەی بەکارهێناوەو هەر چەندە، کە زۆر چاکیش ئەزانێ ئاسانکاری لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەیەکی تیۆریی ئاڵۆزدا بە کارێکی پەسەند دانانرێ.

بەندی دووەم، لەم کتێبەدا، تایبەتە بە راڤەکردنو رووبەرووبونەوەی کتێبەکەی رۆڵان بارت SIZ، کە وێناکردنی لێکۆلینەوەی چیرۆکی بلزاك لە ژێر نێونیشانی (سارازین). لە راستیدا بارت لە SIZ تیۆرەکەی روون ئەکاتەوە دەربارەی (جیفەرەکان)ەوە، رێگای نوێی داهێناوە بۆ خوێندنەوەی دەق.
لەم لێکۆڵینەوەیەدا، نووسەر هەستاوە بە ئاماژێ لەسەر تێڕوانینی (بارت): هەڵسەنگاندنی نوانینی جێبەجێکردنی لە رەخنەدا.

بێگومان ئەم بەندە سەرچاوەیەکی زۆر سوودبەخشە بۆ ئەو کەسانەی SIZ

خوێندۆتەوەو زۆر تێڕاماون لە راو بۆچوونەکانی کارت.
بەندی سێیەمی ئەم کتێبە هەوڵدانێکە زیاتر ئارەزوو ئامێزتر لە دوو بەندەکەی‌تر.

نووسەر ئەڵێ: دوای ئەوی زانیم گەر بی‌و من تەنها هەستامایە بە خستنەڕووی خودی تێوەرەکە خۆی، هیچ سوودێکی وای نەدەبوو، لەبەر ئەوەی نووسەر هەستاوە بە جێبەجێکردنی پیادەکردنی تیۆری رەخنەی بونیەوی لەسەر دوو رۆمانی (گەرانەوەی وڵاتی‌و گۆڕینی سیستەم رووبەڕووی ئەو) (التأویل) بوونیادگەرییە ئەبێتەوە، کە مەبەستی زیادکردنی مەوزووعییە تا ئەوپەڕی، کارێکە، کە بەرەبەرە کانییەکی گەورە ئەسپەێنێ بەسەردا لە کاتی رووبەرووبوونەوەی ئەم دوو ئیشەدا لەبەر ئەوەی هەردووکیان مۆرێکی ژیاننامەیان هەڵگرتووە.

لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ شێوازێکی جێبەجێنەکردووە لەسەر ئەم دوو رۆمانە لە ژێر ناوی بونیادگەریدا بەڵکو بە پێچەوانەوە هەردوو رۆمانەکە لە دیدی بونیادگەرییەوە ڕاڤە کردووە، کە وێنای ئەنجامی زانیارییەکی کەڵەکەبوو دەکا بە هۆی ئەوەوە، کە شارەزاییەکی دێرینی هەبووە لە بارەی رێبازەکانی بونیادگەرییەوە تێگەیشتنی تەواوی لە هەموویان.

بەشی دووەمیش لەم کتێبەدا دوو بەندی گرتۆتە خۆ، کە سێیەمو چوارەمە، بەندی چوارەم نموونەی وتەیەکی رێخۆشکەرە بۆ ئاسانکاری تیۆری هەڵوەشاندنەوە (التفکیك) لە لایەن جاك دریدا.
نووسەر ئەڵێ: ئەتوانین بڵێین یەکەم قۆناغ لە رێگای تێگەیشتنی هەڵوەشاندنەوەدا شارەزابوونی زاراوەکانی هەڵوەشاندنەوەیە، جا، لەبەر ئەو هۆیە، سەرەتا هەستاوە بە ڕاڤەکردنی چەند زاراوەێکی وەك: جیاوازیگەری، ئاسەوار، نووسینی رەسەن، نیشانە، لە ژێر لە نێوچووندا مەبەستی هەڵوەشاندنەوە نمایشکردنی پرۆگرامێکی رێکخراوە بۆ ئەو بنچینەی میتافیزیکییەی، کە بۆ یگەیشتنی زمانەکەمان، کە بە رۆڵی خۆی هەڵدەسێ‌و حوکم لە رەخنەی ئەدەبی دەکا، لە راستیدا زۆربەی تیۆرەکانی رەخنەگەری هەتا سەرهەڵدانی تیۆری هەڵوەشاندنەوە، هەر هەمووی لە ژێر دەسەڵاتی میتافیزیکیدابووە، هەرچەندە لە راستیدا ئێمە لە رێبازە میتافیزکییەکان تێنەگەیشتووین، کە سەنتەری هەموو چەمکەکانی زمان‌و تیۆرەکانی رەخنە لە ژێر دەسەڵات‌و سایەیدابوون.

هەڵوەشاندنەوە سەنتەری میتافیزیقی بە راشکاوی دەخاتە روو، هەروەك هەڵیشماندەنێ بۆ ئەوەی زمان‌و رەخنە لە چنگی دیکتاتۆریەتی میتافیزقی ئازاد بکەین. شایانی باسە بەشێکی ئەم بەندە لە گۆڤارێکی (هیندی)دا چاپکراوە، کە تایبەتە بۆ لێکۆڵینەوە ئینگلیزییەکان (لە١٩٨٠دا دەرچووە ژمارەی،٢٠ ل. (١٥٩ – ١٧٠) نووسینەوەی کەرەستەرە ئەم بەندە دیسانەوە نووسراوەتەوە.

نووسەر لە بەندی پێنجەمدا هەستاوە بە پێشکەشکردنی تەئویلێکی هەڵوەشاندنەوە بۆ کتێبی گەشتەکانی (جیلیفر) لە رێگای پێشکەشکردنی شیکردنەوەیەکی خوازراو بۆ ئەو وتارەی دەقەکە پێشکەش دەکا. شایەنی باسە ئەو ئەنجامگیرییەی نووسەر خستیە روو جیاوازیی نییە لەو ئەنجامگیریانەی رەخنەگران پێیگەیشتن لە بارەی گەشتەکانی (جیلیفر). لە راستیدا زۆر پێویستە، کە تەئویلی

هەڵوەشاندنەوە بۆ دەق دەرکەوێ (یان بۆ هەر کارێکی ئەدەبی) لەگەڵ بەرهەمهێنانە نوێیەکاندا دەربارەی دەق. هەروەك نووسەر ئاماژەی کردووە بۆ مەسەلەیەك، ئەویش ئەوەریە، کە خوێندنەوەی دەربارەی ئەو وتارەی هاتووە لە گەشتەکانی (جیلیفر)دا زۆرتری دەربارەی بابەتی دەقەکەیە.

نووسەر دەڵێ: "- دەکرێ من خاوەنی ئەو مافەبم، کە ئەم کارەم بۆ رەوا بکا. گەر هەستام بەوەی بتوانم هەستو نەستی خوێنەر بگۆڕم لە بارەی وتاری دەقەوەو رووگەیەکی نوێ داهێنم بۆ تێگەیشتنی خوێنەر."

ئەم وتارە (المقالە) لە چاپدراوە لە گۆڤاری penambra ژمارەی سێیدا (١٩٧٩) ل ٠ ١– ٢٤ شایەنی باسە نووسەر لەم کتێبەدا پەراوێزو بیبلیۆگرافیای هەر بەندێ (الفصل) سەربەخۆیە تایبەتە بەو بەندەوە پەیوەندیی بە بەندەکانی تردوە نییە بێ، ئەوەی هیچ بڕگەیەکی لابردبێ لەو بڕگانەی دووبارەبوونەتەوە لە بەندەکانی تردا، ئەمەیش لەبەر ئەوەی هەر بەندێ لەو بەندانە چەژو ناسنامەی تایبەتی خۆی هەیە، لەگەڵ بەردەوامی ئەو فکرەیە، کە ئەو بەندە بەشدارە تیایدا، بەڵام ئەوە نەبێ فکرە هاوبەشەکەی دابڕاو بێ، بەڵکو هەموو بەندێ لەو بەندانە لەگەڵ ئەوەیشدا، کە سەربەخۆن بە بەردەوامی پەیوەندییان هەیە بە بەندی پێش خۆیانو بەندی دوای خۆیانەوە.
نموونەیەك، کە نووسەر لەم کتێبەدا دەیخاتە روو بۆ ئەوەی ئاسانکارییەك بکا بۆ تێگەیشتنی بونیادگەری ئەڵێ: لەبەر ئەوەی بونیادگەری ئامانجو مەبەستی ئەوەیە ئەو مەرجانە دیاری بکا، کە رێگا خۆشکەرن بۆ خوڵقاندنی چامەیەکی شیعری (قصیدە) یان رۆمانێ یان شانۆگەرییەك ، دێ گرنگی دەدا بە رێکخستنی و کۆکردنەوەی ئەو باوەڕو چەمکانەی، کە ئەکرێ لەم بەرهەمە ئەدەبیانە ناوەڕۆکێکی نادیار دەستە بەر بکەن. جا بونیادگەری تەنها گرنگی بە نەسقی ئەدەبی دەدا هەروەك چۆن (نەحوی) تەنها گرنگی بەو نەسقە نەحوییە دەدا، کە ئەوە دەڕەخسێنێ، کە بکرێ ئەو رستانە دەستەبەر بکا، کە واتایان هەیە، کەوابوو نەحوی لەو رستەیەدا کار دەکا، کە بونیاد دەخاتە روو لەو چینەدا، کە دەبینرێ، واتە لە ڕوانگەی رستەکەدا ئەمەیش لە پێناوی ئەوەدایە، کە تیشك بخاتە سەر بنچینەی ئەو بونیادەی (البنیە)، کە شاراوەیە لە نێوەڕۆکو قووڵاییدا.

بونیادگەریش بە هەمان شێواز دەست بە کارە لە بەرهەمی ئەدەبیدا بۆ ئەوەی ئەو پرانسیپە (المبدأ) بدۆزێتەوەو بیخاتە روو، کە رێگای داوە بە رێکخستنو رازاندنەوەی ئەم وشەو گوزارشتانە لە شاکارە ئەدەبییەکاندا.

لەبەر ئەوە دەبینین بونیادگەریش بە دوای ئەوەدا دەگەڕێ، کە چەند باوەڕو چەمکێ رێکبخا بەو هیوایەی، کە ئەدەب خاوەنی واتایەو واتابەخشە، هەروەك چۆن لێدانی توپی پێ واتای خۆی هەیە، بە هۆی ئەو کۆمەڵە بیرو باوەڕو چەمکانەوە رێکخراونو لە ئاراداان دەربارەی گۆڵکردن دانانرێ گەر بێ تەواوی ئەو مەرجانەی تیایدا نەهاتبێتە دیو پیادە نەکرابێ کە دوا بە دوای هاتنە دییاندا کۆمەڵێ لە خەڵکی واتای دیاریکراو بدەن بەو رووداوە ( )، کە گۆڵەکەیە.

ئەم کتێبە لە دوو توێی (٢٠٦) لاپەڕەدایەو قەبارەیەکی مامناوەندیی هەیە، وێنەی بەرگەکەیشی هناو مال الله نیگاری بەرگەکەی کێشاوە.



بروسکەیەکی پرشنگدار لەتەوێڵە چیرۆکی ژیانی (رینی شار)دا

وەرگێڕانی: بزورگ محمد

نووسەری ئەم کتێبە یەکێکە لە جون بیرس، بول ئیلوار)و زۆرێکی تریش رۆژنامەنووسەکانی رۆژنامەی فەرەنسی بەناوبانگ (لومەند) هەروەها ئەو لەگەڵ ئەوەی، کە رۆژنامە نوسە رەخنەگرێکی بەتواناو بیرایکی گەورەیشە پێشتر چیرۆکی ژیانی (نقولادوستایل)ی بڵاوکردۆتەوە بەهۆیەوە خەڵاتێکی ئەدەبی گەورەی پێ بەخشراوە لێروە بۆمان دەردەکەوێ (لوران گریلسام)ی نووسەری ئەم کتێبە ئەزمونو شارەزایی تەواوی هەیە لە نوسینەوەی ژیاننامەو چیرۆکی ژیانی گەروەپیاوی ئەدەبو فکردا.

لەم کتێبە نوێیەیدا باس لە ژیانی یەکێك لە گرنگترینو گەورەترین شاعیرە فەرەنسیەکانی سەدەی بیستەم دەکا ئەویش (رینێ شار)ە (١٩٠٧-١٩٨٨) وەك زانراوە سەدەی رابردوو زۆر گەلێك شعیری گەورەی بەخۆیەوە دیوە لەوانە (ئەبولیز، ئەراغون، هنری میشو، سان بەڵام ئەوەی (رینێ شار) لە هەموو شاعیرە هاوسەردەمەکانی جیا دەکاتەوە شێوازە ناوازەکەیەتی شێوازێك، کە ئاڵۆزیو رووندو ئاشکرای لەخۆیدا کۆدەکاتەوە بە شێوەیەك، کە مەن کێشت دەکا لەگەڵ ئەوەشدا تێەیشتنت لێی بەئاسانی زەحمەتو مەحاڵە.

لەم کتێبە گەورەیەد نووسەر قسە لەسەر هەموو قۆناغەکانی ژیانی (رینێ شار) دەکا لە تەمەنی منداڵیەوە، کە لە شاری (لیل سیریلا سۆرگ) بردویتە سر ئەو شارە دەکەوێتە باشوری فەرەنسا لەنزیك (مرسیلیا) تا دەگاتە تەمەنی کاملبوون هەروەها باس لە قۆناغی سوریالیستیو زۆر قۆناغی تر دەکا لای (رینێ شار) هەت ئەو ساتەی، کە دەمرێ لە هەمان ئەو شارەی، هەڵێکی لەدایك بووە.

بێ گومان نووسەر باس لە پەیوەندی نێوان (رینیە شار)و گەورە نووسەرانو شاعیرانی

هاوسەردەمەیەو دەیکا لەوانە ئەندریە بریتون بناغە دانەری برزوتنەوەی سوریالیستی‌و بول ئیلوارو ئەراغون‌و ئەلبیرکامو فرنسومیران‌و بەبێ لەیادکردنی پەیوەندی کامو (رینیە شار) بە هونەرمەندە گەورەکانی سەردەمییەوە لەوانە (سیلڤادۆر دالی، پیکاسۆ، براك) ئەوان قەسیدەکانی (رینێ شار) بۆتە سەرچاوەی ئلهامیان لە وێنەکیشانی تابلۆکانیاندا.

ئەوەی پەیوەندیدارە بە قۆناغی سوریالیستیەوە لە ژیانی (رینێ شار)دا بەزووی تێپەڕاند نووسەر لەبارەیەوە دەڵێ (رینێ شار) گۆشەگیر دەژیا لەشارۆچکەکەیدا لەباشوری فەرەنسا لەبەر ئەوە کاتێ بول ئیلوار دامەزرێنەری بزوتنەوەی سوریالیستی ئەوەی ناسی‌و بەهرە گەورەکەی دۆزیەوە قەناعەتی بەر (رینێ شار) کرد، کە بەرەو (پاریس) بڕوات‌و بچێتە ریزی ئەو بزوتنەوە نوێیی، کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانی دووەمەوە سەری هەڵدا وەك کاردانەوەیەك بەو بەربەریانەی، کە لەکاتی ئەو جەنگەدا بوو بە سیستەم.

ئەو بزوتنەوەیە دروشمی سەرەکی بێ بەهایی بوو لە هەموو رویەکەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاشاوی هەبوو بۆ ئەو رەفتارەی بەهۆی ئەو نەهامەتی‌و کاولکاریەی، کەسەرتاسەری ئەوروپاو جیهانی گرتەوە هەموو ئەو کارەساتانە بەناوی ناسیۆنالیزم‌و نیشتمانمان پەروەری‌و شۆڤینیەتی فەرەنساوی ئەڵمانیەوە رووبدا.

ئەو گەنج‌و لاوە یاخیبوانە بێ بڕوایی خۆیان راگەیاند بەرامبەر بەهەموو بەهاکانی کۆمەڵا بە بڕوای ئەوان ئەو بەهایانە ئاگری جەنگی خۆش کردووە جگە لەوە بەهکانی خێزانیان رەتدەکردەوە وەك هاوسەریری منداڵبوون، خزمەتکردنی نیشتمانی‌و ملکەچی بۆ پیاوانی ئاینی رەق‌و قینیان بۆ پیاوانی ئاینی زۆر ئەستوور بوو ریبازی سوریالیستی سەدایەکی گەورەی هەبوو لای گەنجی یاخی‌و وێڵ بەدوای شتێك، کە بەدەر بێ لەو بەهایانەی مل کەچ بون دەسەپێنن، لەوانەی، کەپەرۆش بوون بۆ ڕێبازی سوریلیست (رینێ شار)بوو لەراستیدا هەموو کەسێ لەتەمەنی لاویدا بەقۆناغی سوریالیستی گرسەندودا تێدەپەرێ پێشئەوەی ئارام بێتەوەو عەقڵی تەحەکومی پێوە بکا.

ئەم حاڵەتەیش لە (رینیە شار)دا رەنگدانەوەی هەبوو، کە لەسەرەتای سیەکاندا ئاشنای رەوتی سریالیستی بوو.

بەڵام ماوەیەکی لەگەڵیاندا مایەوەو بەشداری هەندێك شەری کرد، کە ئەوان بەرپایان دەکرد تیایدا هێرشیان دەکردە سەر قاوەخانەکان‌و چی تێدا بوایە دەیانشکاند.

هەروەها لەگەڵ بۆرژواییە بۆنکردووەکاندا وەك ئەوان وا ناوایان دەبردن تێکدەچژان بورژواکانیش ئەوانیان ناو دەبرد بەگێرە شێوێن‌و شێتەکان واتە کێشەو ناکۆکی هەبوون لە نێوان سریالیستەکان‌و کۆمەڵگادا.

کەرەتێکیان (ئەندرێ بریتۆن) لەگەڵ (ئاراگۆن)دا لە قاوەخانەی (سریانو دوبیر جراك) لە پاریس دانیشتبوودەمامکێکی کربووە دەموچاوی وەك نەرێتی سریالیستیانەی بۆ ئەوەی چێژ وەرگرن کاتێك خەڵك تووشی شۆك دەبێ لەچۆیەتی خۆ گۆڕین‌و رەفتاری سەیرو سەمەرەو امۆیان بەخونەرێتی کۆمەڵ بەهەمن شێوە (ئاراگۆن) دەمامکی لەدەمو چاوکردبوو سوریالی کەسێکی نامۆیەو خونەرێتی تایبەت بەهۆی هەیە وەك کەسانی ئاسایی ناو کۆمەڵ رەفتار ناکەن.

لەو سەردەمەدا سوریالیستەکان لەناو خۆیاندا دابەش بوو بوون بۆ دوو گروپ. گروپێکیان لەگەڵ (بریتۆن)دا بوو ئەو تریان دژی بوو بە شەقامەکانی پاریس دا هاتوچۆیان دەکرد بۆ ئەوەی خەڵك تفین لێ بکەن، بەڵکو لەوەش

خراپتر قسەی سوك‌و جنێویان دەدا بە شاعیری گەورە لوتریامون خاوەنی سروودەکای مالدورو کۆمەڵێك شعری دانسقەی تر هەموو ئەمانەیان بۆ ئەوە دەکرد تا بریتون‌و شوێن کەوتوەکانی هەراسان‌و وەڕس بکەن.

چونکە (لۆتریامۆن) پیرۆز بو لای ئەندریە بریتون‌و هاوڕێکانی‌و ئەوان دەیان ووت شعرەکانی لوتریامون لووتکەی شعرە نەك هەر ئەوە بەڵکو لوتریامون بۆ ئەوان وەك یسوع وابوو بۆ مەسیحیەکان رۆژێکیان بریتون‌و کۆمەڵێ لە شوێن کەوتوەکانی هێرشین کردە سەر یەکێك لە قاوەخانە بەناوبانگەکانی گەرەکی (مونبارناس) لەو کاتەدا ئاهەنگی هونەری سەمای تایبەت بە چینی بۆرژوا ئەنجام دەدر لەو قاوەخانەیەدا.

بریتون فەرمانی کرد بە (رینێ شار) پێش هەمووان بکەوێ لەبەر ئەوەی ئەو ئازاروەهێز بوو لەڕوی جەستەییەوە شەڕێکی قورس رووبدا لە قاوەخانەکەدا لەنێون سوریالیستەکان‌و ئاهەنگێرەکاندا، کە هەموویان بورجوازی بوون تێیدا چەقۆو بەرداخ‌و شووشەی شەراب‌و کورسی بەکار هێنرا دواجار هەموویان راپێچی بنکەی پۆلیس کران قۆناغی سەریالیسی لای (رینێ شار) ئەو قۆناغە بوو بلیمەتی‌و توانای شعری ئەوی تێدا دەرکەوت ئەمە جگە لەوەی یارمەتی دەری بو بۆ ئەوەی بەتەواوی لە قۆناغی شعری تەقلیدی خۆی دامالێتئەر سوریالیستی نەبوایە (رینیە شار) پرگشی ئەوەی نەدەکرد کۆت‌و پێوەندی شعری تەقلیدی تێکبشکێنێ‌و مەرەکنی وەلا بنێ‌و بەتەواوی لە دوتوویی ئەو ژیانە بێتە دەرەوە کە، سیخنانە لە مەرج‌و ملکەچی دروشمیەتی، بەڵام دواجار قۆناغی سوریالیستیشی تێپەراندو هەستی کرد ئەو پێویستی سوریالیستیش نیە ئەمە بەدەر لەوەی ئەو بەهرە شعرەیەکەی زۆر گەورەتر بو لە بەهرەی بریتون لەبەر ئەوە لەوان دابراو خۆی لە هەموو گروپ‌و دەستەیەك بەدور گرت‌و گەڕایەوە بۆ چارۆچکەکەی خۆی‌و پشتی کردە پاریسی رونك هەرچەندە پاریش پڕ بوو لەخۆشی‌و چێژ بەڵام لای (رینێ شار) بۆش‌و بەتاڵ بوو، کە پاریسی بەجێهێشت بریاری دا بەوپەڕی دڵسۆزیەوە هەموو ژیانی تەرخن بکات بۆ شعر (رینێ شار) دەڵێ: "- پیویستە شاعیر هاوبەش بۆ شیعر نەدۆزێتەوە، نە ژن، نە خێزان، نە منداڵ، نە هیچ شتێکی تر. پێویستە بە تەنها بۆ شیعر بژی‌و بۆ شیعرو بەس."

بەڵام ئەو بیر بۆچوون‌و باوەڕەی رێگر نەبوو لەبەردەم خودی خۆیدا بۆ ئەوەی زیاتر لە کەرەشتێ ژن بهێنێ‌و پەیوەندی سۆزداری هەبێ بەدرێژایی ژیانی بەڵام یەك منداڵی نەبوو واتە دڵسۆزنە ژیا بۆ شعر بە تەنها بۆ شعر دواتر نووسەر باس لە پەیوەندی نێوان (رامبو، رینێ شار) دەکات‌و دەڵێ شار بەدرێژایی ژیانی سەودا سەر بو بە رامبو بەڵام کێ هەبووە سەر سوڕماو سەوداسەری رامبو نەبووبێ؟ ئایا شاعیرێکی فەرەنسی هەیە بتوانیت رامبو لەیاد بکات ئەو رامبویەی تارمایەکەی باڵی کێشاوە بەسەر هەموانداا؟

بەڵام پەوەندی نێوان (رینێ شار) بە (رامبۆ)ەوە پەیوەندیەکی تایبەت بووە.

لەوانەیە کاتێك لەو شاعیرانەی، کە زۆر لە رامبو چووبێ لە سەردەی بیستەم دا (رینێ شار) بێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە (رینێ شار) وەك (رامبو) ساختەی نەدەکرد لە شعردا بەمانایەکی تر ووشەیەکی نەدەنووسی ئەگەر هەستی نەکردایە بەوەی پێویستیەکی ناوەکی بەهێز هەیە بۆ نووسینی وەك زانراوە زۆر شاعیر هەیە دەنووسن بەمەبەستی تایبت بە خۆیان، کە هیچ پەیوەندیەکی نیە بە شعرو بێ گەردی شعریەوە هەرچی شار بوو لەو

بروایەدا بوو شیعر مەسەلەی ژین‌و مردن بۆیە بە هیچ جۆرێ قابیلی یاری پێکردن نیە شعر یاسای تایبەتی خۆی هەیەو پابەند نیە بەویستی ئێمەوە ئەگەر بەویستی خۆی نەیەت پێویست ناکا خۆمان بەزۆر وشە ریز بکەین‌و تناوی بنێین شعر ئەو خۆی یاساکانیمان بەسەردا دەسەپێنێ نەوەك بە پێچەوانەوە شعر مەسەلەیەکی ترسناکە بەڵکو ترسناکترین شتە لە گەردوندا بەزوترین‌و باڵاترین بەهایە بەلای (رێنێ شار)ەوە لەبەر ئەوە بەچاوێکی سوکەوە سەیری ئەو شاعیرانەی دەکرد، کە شعر دەنووسن لە وەخت‌و ناوەخداو شعر بەکار دەهێنن بۆ مەبەستی سیاسی وەك ئەراغون (رێنێ شار) دەڵێ بەتەنە شعر خۆی مەسەلەیە لەبەر ئەوەپێویستی بەبوونی پاساو نیە.

شار دەڵێ (شاعیری راستەقینە وەك رامبو لەنافی لاویدا دەمرێ)ئەو بەدووری دەوزانی گرکانی شعر لەناخی رامبو دامرکابێتەوە لە تەمەنی ٢٠-٢١ ساڵیدا.

(رێنێ شار) لێکدانەوەیەکی تایبەتی هەیە بۆ ئەو حاڵەتەو دەڵێ رامبو بریاری بێدەنگی دا لەبەر هۆکار گەلێك، کە لە ئێمە لە تواناماندا نیە دەرکی پێبکەین.

(رێنێ شار) بەردێژایی ژیانی نیگەران‌و دۆش دامابوو لەبەردەم حاڵەتی بێ دەنگی رمبو دا بەردەوام پرسیاری دەکرد ئایا پێویست نیە ئەویش وەك رامبو پەنا بەرێتەبەر بێ دەنی‌و چیتر دیوانە شعیریەکای بڵاونەکاتەوە دوای بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە دیوانی سەرەتایی؟

لە ئێستە بە دواوە شعر چ مانایەك دەگەیەنێ؟ چی وا دەکا شعر پێویست بێ دوای ئەوەی شاعیر بڵێسەو کڵپەی یەکەم لەناخی دەردەچێ چۆن گرکان لە هەناوی زەویەوە گڕو کانزای گڕاوی دەردەکا ئایا پێویست نییە لە چرکەساتێکا بێدەنگ بێت‌و بڵێ تەواو؟ئایا پێویست نیە شەرم لەخۆی بکات‌و رێز لە بەهای شعر بگرێ تا ئەو رادەیەی، کە ئیتر خامە مخاتە سەر کاغەز بۆ نووسینی شعر؟ پرسیر گەلێکی زۆر خەیاڵی (رینێ شار)ی تەنی بوو دەترسا پاکی‌و بێگەردییە رەسەنەکەی لە دەست بدات یان هەڵبخلیسکێ بەرەو هەڵدێری یاریکردن بەزاراوەو وشەی مردوو، کە هیچ پاساوێ جگە لە دۆراندنی ناسکیی شعر بۆ بوونی نیە. (رینێ شار) کڕنووسی دەبردو دەپاڕایەوە لە میحرابی شعردا.

ئەو دەیویست بەدڵسۆزی بمێنێتەوەبۆ شعر ت پلەی شەهید بوون یان خۆ کووشتن هەر لەبەر ئەوەبوو زۆر بە گەورەیی‌و شکۆوە دەیڕوانیە رامبوو کڕنووشی بۆ دەبرد (رینێ شار) گەلێ پەخشان‌و دەقی شعری جوان‌و بێوێنەی بۆ رامبۆ نووسیوە زۆر باشتکرد کاتێ لە شوێن پێی رامبوەوە هەنگاوت نا.

دەتوانین بڵێین دورکەوتنەوەی (رینێ شار) لە ئاهەنگ‌و رووناکی پایەتەخت‌و دواتر گەرانەوەی بۆ ناخی گوندی فەرەنسی بۆ ئەوەی لەنزیك چۆلەکەو درەخت‌و سەرچاوەی ئاوەوە بژی وزارشە لە دڵسۆزی‌و حەزو ئارەزوی ئەو بۆ ئەو شتە نابەرجەستەیی کەنو دەبرێ بە شیعر ژیان هەمووی درۆو ساختەیە ژیانی پڕ رووپەرمای‌و دوڕوی بڵاو لە پایتەختە گەورە کاندا خەریك بوو شێتی دەکردو ئێڵنجی پێ دەها.

(رینێ شار) بێ دوودڵی ئەوەی هەڵبژارد بەبێ گەردی‌و سادەیی بمێنێتەوە وەك لەوەی نوقمی چێژی ساختە بێ لە (پاریس)دا ئەو زۆر دەترسا لەوەی دەرونی خەوشاوی بێ‌و دورکەوێتەوە لە پاك‌و بێگەردی‌و سۆزی هەمیشەیی بۆ شتێ، کە نادیارو بێ ناونیشانەو پێی دەوترێ شعر.

ئەو قوربنی دەدا بە هەموو سەروەریی‌و رێزلێنان‌و ئاهەنگ‌و پلەك لە پێناوی یەك چرکە

ساتدا، کە تیایدا بە تەنها خۆیی‌و شعر بونیان هەبێ.
ئەگەرچی ئەو حەزی دەکرد خەڵاتی نوبڵ وەربگرێ بەڵام ئەو حەزەی بۆ خودی خەڵاتەکە نەبوو بەڵو دەیویست ئەو بڕە پارەیەی، کە لەگەل خەڵاتی نۆبڵدا دەبەخشرێ وەرگرێو دواتر دابەشی بکا بەسەر نەدارو هەژارەکاندا لەدڵەوە حەزی دەکرد بە تەنها چەکی پارەکەی بدەنێ دور لە ژاوەژاوی ئاهەنگو پێشوازی لێکردن (رینێ شار) کەسێکی زۆر دەستو دڵ فراوان بوو هەتا پلەی شێتێتی گرفانەکانی بەردەوام پڕ بوو لە پارەو بەراستو چەپدا دابەشی دەکرد ئەو خوزیار بوو هەرچی پارەی سەرزەیە بخرێتە بەردەستی، تا جارێکی تر دابەشی بکاتەوە بەسەر ئەو کەسانەی، کە نەدارن جارێکیان بریاریدا شعرو تابلۆ شعریەکانی بفرۆشێ ئەو تابلۆ شعریانەی، کە بەدەستی مەزنترین وێنەکێشانی سەدەی بیستەم وەك (پیکاسۆ - سلڤادۆر دالی - براك) کێشرابوون لەگەڵ یەکێ لە بازرگانە بەناوبانگەکانی (جنێڤ)دا کەوتە دانوسانو کردن بۆ ئەو مەبەستە لە ئەنجامدا کۆمەڵێك تابلۆی بەناوبانگی فرۆشتو بڕێك پارەی زۆری چنگکەوت بەڵام چی کرد بەو پارەیە؟

دابەشی کرد بەسەر برادەرەکانیداو خانوی بۆ ئەو جروست کردو پارچەیەك زەوی بۆ ئەمیان کڕیو ئەوەیشی لەدویدا مایەوە بەخشی بە کەسانێ، کە نەیدەناسین وتەکەی (سانت ئۆگستین) بۆ (رینێ شار) تەواو گونو دروستەو ئەوەیە، کە بتوانی کەسانی تر بەختەوەر بکەی. نەخێر هەرگیز (رینێ شار) چاوچنکۆك‌و دەست نوقاو نەبووە ئەگەر رەزیل‌و چروك بوایە ئەوا شعرەکانی تۆیکڵە پیازێکی نەدەهێناو ئایا دەکرێ کەسێ ئەم هەموو شیعرە جوانەی نووسی بێ‌و رەزیل‌و چروکیش بێ؟ ئایا چاوچنۆکی‌و شعر پێکەوە هەڵدەکەن؟
دواتر نووسەر دێتە سەر باسی پەیوەندی نێوان (رینێ شار)و فەیلەسوفی گەورەی ئەڵمان (هایدیگەر)و دەڵێ (رینێ شار) مرۆڤی دابەش دەکرد بۆ سێ جۆر یەکەمیان: مرۆڤە مشتەخۆرەکان دووەم: وەرس کەرەکان سێیەم: بلیمەتەکان.
(رینێ شار) لەو بڕوایەدا بوو (هایدیگەر) لە بلیمەتەکانە بێگومان (رینێ شار) بەو قسەیەی هەستی زۆرێ لوانەی بریندار کرد، کە دەیانگوت هایدیگەر لە داروودەستەکانی هتلەرو نازیەت بووە، ئەم تۆمەتە دژ بە هایدیگەر تەواو بڕەوی سەندو تەشەنەیکرد بە تایبەتی دوای ئەو هێرشە پڕوپاگەندەیەی جولەکەکان دژ بە هایدگەر ئەنجامیاندا تەنانەت پێش ئەوەی بوونی پەیوەندی هایدگەر بەنازیەتەوە ئاشکرا بێ‌و هێرش کردنە سەر هایدیگەر ببێتە مۆدێل راستە پەیوەندیکردنی هایدیگەر بەحزبی نازی ئەڵمانیەوە بۆ ماوەی ١٠ مان هەڵەیکی گەورەیەو کارێکی چەوتە بەڵام ئەو دواتر دەستی کێشایەوە لە حزبی نازی‌و وازی هێنا لە پۆستی راگری زانکۆو بەم کردارەی خۆی خستە بەردەم هێرشی توندی نازیەکان‌و لە پاشەکشێکردنەکەی لەحزب خۆش نەبوون هەروەها کۆمەڵێ کۆلکە رۆشنبیریش موزایەدەیان بسەر (هایدیگەر)ەوە دەکرد بەڵام (رینێ شار) ئامادە نەبوو داخڵی کۆرسی ئەو کەسانەبێ، کە بەدروست‌و ندروست دەمیان لە چەرخ دەداو هێرشیان دەکردە سەر (هایدیگەر).
ئەو تەواو بە پێچەوانەی ئەو تەیارەوە کاری دەکردو راشکاوانە رایگەیاند، کە هایدگەر هاوڕێیەتی‌و بانگهێشتی کرد بۆ گوندەکەی لەباشوری فەرەنساو زۆرێك لە بیرمەندان لە دەوریان کۆبونەوەو دەیانگوت لووتکەی

(شیعرو فکر) ئاوێزانی یەکتر بوون کاتێك لەبەردەمیا هێرشیان دەکردە سەر هایدگەر وەختەبوو لەتورەیدا دەتەقیەوەو شێتگیر دەبوو: (هایدیگەر) ئازارو زیانی بەکەس نەگەیاندووە یەهوداییەکانی نەناردووە بۆ سەربازگە ترسناکو تاریکەکانی (نازیەت).

ئەو بیرمەندێکی بلیتەمەو ئەوەندەی بەسە بۆ ئەوەی سەرفرازو سەربەرز بێ، بۆچی دەیانەوێ وێنەو ناوبانگی بشێوێنن (رینێ شار) بەردەوام دەبێو دەڵێ (هەندێ کەس، کە تێکەڵاوی کۆمەڵگا نەبوون تەنانەت بەخەویش، ئەوانە ئینتماین هەیە بۆ قەدەرێکی گۆشەگیرو دابڕاو، کە ل قەدەری کەسانی تر ناچێت. ئەوان پەیوەندیان لەگەڵ نادیاردا هەیە بەکردارەکانیان دا لەوە دەچێ پێش زەمەنی خۆیان کەوتبن لەبێ ئاگایی ئاسماندا.

کەس خۆبەخت نکا بۆ بەرگریکردن لەوان، داهاتوویان لەبەرەیەك هەڵدەوەشێو روانینەکانیان دەتوێتەوە ئەوانە پیرۆزترین کەسن لەناو خەڵکدا، کاتێ رینێ شارو هایدیگەر بە یەك گەیشتن لە دەرگای زۆر بابەتیان دەداو دەربارەی هەرقلیتسو هولدرلیەو شعرو تێپەڕبوونی کاتو شوێن دەدوان لە شیعردا.

دواتر نووسەر دێتە سەرباسی پەیوەندی (رینێ شار) بە (ئەلبێر کامۆ)و (پیکاسۆ)ەوە. بەڵام ئێمە لێرەدا کەمی بوار رێگەمان پێنادات قسە لە پەیوەندی ئێمە لێرەدا کەمی بوار رێگەمان پێنادات قسە لە پەیوەندی فراوانی شار بکەین بە وێنەکێشو شاعیرو بیەنەر هاوچەرخەکانی.
لە کۆتایی ژیانیدا کاتێك لە ئاوێنەدا دەیڕوانیە سیمای خۆی دەیوت: وا دیارە (فلیپ سۆڵیز) دەربارەی من دەڵێ دەموچاوم لە دەموچاوی بەدکارو تاوانبار دەچێ!
قەیناکە ئەوە شتێکی زۆر باشە حەزدەکەم سیمام بەو شێوەیە بێ من لەم تەمەنەدا وا هەست دەکەم لاینی شەیتان لە کەسێتیمدا زاڵ بووە. چەندە بچمە تەمەنەوە هێندە زیاتر ئەو لایەنە لە کەسێتیمدا بەرجەستە دەبێ.

لەوە دەچێ لەکۆتایی ژیانیدا ترسی ئەوە دایگرتبێ شێتێتی بۆ بگەڕێتەوەو عەقڵی بە تەواوی لەدەست بدات ئەو دەیزانی (هیستریا) هەرەشە لە ژیانی دەکا بەهۆی خەیاڵی چەتونو گڕگرتووی و کەسێتیە تورەو سەرکێشەکەیەوە، کە بوو بووە سەرچاوەی بۆ برادەرەکانی زۆرجار تورەیەکی ترسناك تووشی دەبوو بەڵام خۆش بەختانە هەموو کاتێك ئەو حاڵەتە دوچاری نەدەهات ئەو ئاشنای لایەنە ترسناکەکانی کەسێتی خۆی بوو چونکە چەند جارێك بەرەو هەڵدێر هەڵخلیسکابوو وەك شاعیرە گەورەکانی هاوسەردەمی بەردەوام دەبێ دەیگوت هیچ شاعیرێکی گەورە بەدی ناکەیت وڕێنەی لەگەڵدا نەبێ ئێمە ئو حاڵەتە تێشوومان پێ دەبەخشێ لە کاتێکدا دەمانەوێ بەسەریدا زاڵبین هەموو کێشەکە لەم پرسیارەدایە: لە کۆتایدا کێ سەردەکەوێ بلیمەتی یان شێتێتی زۆرجار (هستریا) بسر بلیمەتە گەورەکاندا سەرکەوتووە نموونەیش بۆ ئەم حاڵەتە (هولدرلین - نیچە - جیرادونیرفال). لەبەر ئەوە (رینێ شار) دەترسا ئەو سروشتە سەرکێشانەیی بەرەو لێواری شێتێتی بەرێتو زۆر هەوڵی بۆ زاڵبوون بەسەر دەرونیدا بەڵام، کە جڵەوی خۆی لە دەست دەردەچوو کانگای بلیمەتی دەتەقیەوەو ئەم دێڕە جوانەی دەووت.
ژیان چۆن بەردەوام دەبێ بەبێ بوونی نادیارێك لە بەردەمتدا.

بۆ یاقووتی کرماشان، مەنسووری یاقووتی

محەمەد باقر پیری

هەر شارو هەرێمێك پێناسەی مێژوویی، فەرهەنگی‌و ئینسانیی تایبەت بە خۆی هەیە، کە بەوانەوە دەناسرێتەوە، هەمیشە شاری کرماشان بە ئاسەواری کۆن‌و مێژوویی "تاق‌و سان"، "بێستوون"، چیرۆکی "شیرین‌و فەرهاد"، بە پاڵەوانانی ناوداروە یان بە سەرداری مەشرووتەخواز "یار محەمەد خان"و یا شاعیری شۆڕشگێڕو ئازادیخواز "لاهووتی"و.. دەناسرێتەوە.

کەچی رژێمی پاشایەتی هەر لە دەیەکانی (١٣١٠) هەتاوییەوە، بۆ بێ شوناسکردنی ئەم شارە کۆنەو خەڵکی دانیشتووی، گەڵاڵەی زۆر درێژخایەنی داڕشتووە کە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە پەرەپێدانی ئیعتیادی، ئەنقەستی لاوەکان بە ماددەی بێهۆشکەرو فەسادو گەندەڵی‌و هەروەها شێواندنی زاراوەی شیرینی کەڵهوڕی‌و هەوڵو تەقەللا بۆ هەڵاواردن‌و جیاکردنەوەی کرماشان لە شارەکانی‌تری کوردستان بکەین، بەڵام بۆ دۆست‌و دوژمن سەلمێنرا کە نەتەوەیەك بە ئاوا مێژوویەکی کۆن‌و رەسەن وا بە ئاسانی ناکەوێتە دوای دوژمنان، بۆ سەلماندنی ئەم راستییە پێویستە ئاماژە بۆ نووسەران‌و شاعیران‌و هونەرمەندانی هەڵکەوتووی ئەم شارە وەکو: "عەلی موحەمەد ئەفغانی"، "عەلی شەریف دەرونیشیان"، "مەنسوور یاقووتی"و دەیان هەڵکەوتووی تر بکەین، کە راهاووی ئەم سەدە پڕ پیلانانەن کە بە هەوڵو تەقەللای شێلگیرو بەرهەمەکانی خۆیان پێناسەو سەربەرزییەکی دووبارەیان بە کرماشان بەخشی.

جیا لەمەش نووسەرانی گەورە وەکو "دەروێشیان‌و یاقووتی" پێش شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩)ز ئولگو سەمبولی لاوانێکی زۆربوون، بۆ خەباتی سیاسی‌و شۆڕشگێڕانە.

لەم نێوانەدا مەنسوور یاقووتی پاش شۆڕش بێ دەنگییەکی پڕ لە هاواری گرتەبەر، کە بەداخەوە خۆی هەڵی نەبژاردبوو، بەڵکو بەسەریاندا سەپاند.

مەنسوور یاقووتی لە (٥)ی ڕەشەمێی ساڵی (١٣٢٧) هەتاوی، واتا (٥٨) ساڵ پێش ئێستا لە گوندی "کێوە نان"ی کولیاتی سەر بە شاری کرماشان لە بنەماڵەیەکی هەژاردا چاوی بە دونیا هەڵێناو هەتا ئێستا پتر لە (٣٠) بەرهەمی لە بەستێنی ڕۆمان، چیرۆک و ڕەخنەدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە سەدان وتارو شیعری دیکەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوبۆتەوە، کە ئەوی وەکو نووسەرێکی نسراوو شێلگیر لە ئەدەبیاتی ئێراندا ناساندووە.

یاقووتی کە زیاتر لە چل ساڵە وەکو چیرۆکنووس، شاعیرو ڕەخنەگر کاری جددیی کردووەو ئاسەواری باش و بە پێزی زۆری پێشکەش بە هۆگرانی ئەدەبیات لە ئێران و کوردستاندا کردووە، بۆ وێنە زۆربەی ڕەخنەگران لەسەر ئەو باوەڕەبوون کە ڕۆمانی "چرایەك لەسەر مادیان کێو" لە چرۆکە هەرمانەکەی دونیای چیرۆك نووسی ئێرانە.

ڕۆشنبیرانی دەیەکانی پەنجاو شەستی هەتاوی لە ئێران و کوردستاندا ئاسەوارو چیرۆکەکانی ئەم نووسەرە باش دەناسن و زۆر باش لە بیریانە کە یاقووتی بە نووسینەکانی خۆی چرای زۆری بە ڕووی دونیای ئەواندا ڕۆشن دەکردو ڕێگای موبارەزەو ئازادیخوازیی بە ئەوان نیشاندەداو هەر ئەم ئاسەوارانەی یاقووتی بوون کە بوو بوونە ڕێگا خۆشکەری ڕێگای ئازادیخوازی، زۆر ئینسانی ناودارو گەورەی ئەمڕۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەن کە بە چیرۆك و ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرە دەستیان داوەتە کتێب خوێندن و ئێستا خۆیان نووسەرو شاعیری سیاسەتمەداری ناودارو ناسراون.

لە دونیای تاریفکردنی یاقووتیدا، نووسین پێناسەو چرا ڕۆشنکردنە بۆ خەڵك. نووسینەکانی یاقووتی جیاوازو ڕەنگو بۆی تایبەتیی خۆی پێوە دیارەو دوای چوار دەیە نووسین گەیشتووەتە ئاستێك کە زۆر کەس بە خیلیی پێ دەبەن، چونکە زۆر سادەو ساکارو جوان دەنووسێت، چۆن خەڵکییە، بۆ خەڵك دەنووسێت و لە نووسینەکانیدا وشەی زل و نابەجێ بەکار نابات کە خەڵکی تێی نەگەن، بەڵکو ڕاست و بێ پەردە بیروباوەڕو قسەی خۆی دەباتە ڕووی کاغەزو لە کەمترین وشەدا باشترین پەیامو ماناکان دەخولقێنێ.

هەرچەندە ئاسەوارەکانی چاپکراوەکانی پێش شۆڕشی (١٩٧٩ز) ڕەنگو بۆی بیروباوەڕی مارکسیی پێوە دیارە، بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئەم نووسەرە ڕۆشنگەری ئینقیلابی، نیشاندانی زوڵمو زۆری چینایەتی و میللی لە نێو کۆمەڵگاکەی خۆیدا بووەو هیچ کات خۆی لە خەڵك دوور نەزانیوەو لە نێو خەڵکداو بۆ خەڵکەکەی نووسیویە. جگە لە ڕەنگو بۆی چەپ کە ئەوکات لە ئێران و کوردستانو ڕۆژهەڵاتی ناوینیشدا، باوو فیکری زاڵ بوو، بە جۆرێك کە کەمتر نووسەرو شاعیرو هونەرمەندێکی ئەوکات پەیدابن، کە سوفرەی چەپ شتێکی هەڵنەچنیبێ.

هەروەها لە ئاسەوارەکانی یاقووتیدا دیمەنەجوان و بەهەشتییەکانی کوردستان و زوڵمو زۆری مێژوویی سەر ئەم خاك و خەڵکەو شێوەی هەڵسووڕان و تێکۆشانی کورد باش ڕەنگیداوەتەوە، بە تایبەت لە ڕۆمانی "جووتیاران"دا.

یاقووتی کە بیروباوەڕی بە موبارەزەی چینایەتی‌و دیالێکتیکی هەبووەو هەیە، زۆربەی قارەمانانی چیرۆکەکانی خەڵکی ئاسایی‌و زوڵم لێکراوی کوردن، کە هەموو کات دەیانەوێ ئازادانە بژین.

دەتوانم بە جورئەت بڵێم: یاقووتی ئینسانێکی بە مانای راستەقینە مرۆڤمو قەڵەمو ژیانی خۆی بەختی رێگای مرۆڤایەتی‌و ئازادیخوازیی کردووەو لەم رێگایەشدا تاڵی‌و چەرمەسەریی زۆری چێشتووە، لە کار دەرکردن، بێکاری، زیندان، ئەشکەنجە، دەربەدەری لە ژیانی ئەودا شتێکی بێگانەو نامۆ نییە، بەڵام هیچ کاتێك خۆی‌و قەڵەمەکەشی، کە تاقە سەرمایەی ژیانییە بە (زەڕ)و (زۆر) نەفرۆشتووە.

هەرچەندە یاقووتی بە هۆی هەلومەرجی تایبەتیی زەمەنی خۆی نەیتوانیوە بە زمانی زگماکی بنووسێت، بەڵام تێکڕایی ئاسەوارەکانی رەنگ‌و بۆو رووحی کوردەواریی پێوە دیارە.
راستە کە دەربەدەری‌و زیندان‌و بێکاری‌و سانسۆر نەیهێشتووە دوای چل ساڵ باشترین ئاسەوارەکانی بکەوێ بەردەستی وەرگران، بەڵام توانیویە لەم (٢٥) ساڵەی دواییدا چەندین رۆمان‌و لێکۆڵینەوەو دەیان شیعرو وتاری باش بنووسێت‌و بە هیوابێ، کە رۆژگارێ بتوانێ لە چاپیان بدا.

یاقووتی راستە ساڵانێ لەبەر بێکاری بۆ بژێویی ژیانی ئاسایی خۆی‌و بنەماڵەکەی دەستی داوەتە زۆر کاری سەخت‌و تاقەت پرووکێن، بەڵام هیچ کات‌و لە سەختترین کات‌و ساتی ژیانیدا دەستی لە خوێندن‌و نووسین هەڵنەگرتووەو دەتوانم بڵێم: تەنیا خوێندن‌و نووسین بووەتە هاندەری بۆ مانەوەی، لە ئاست ئەم هەموو دەردو مەینەتییەدا ژیانی یاقووتی نیشاندەری راستەقینەی نووسەرێکی سەربەخۆو مرۆڤێکی ئازادیخوازە کە تەسلیمی زۆرداری نەبووە، ئەگەرچی ئەویش دەیتوانی وەکو زۆر کەسی‌تر ژیانی تاراوگەو ئەوروپا هەڵبژێرێت، بەڵام هیچ کات نەیویست‌و نەیتوانی لە خەڵك‌و شارەکەی دووربکەوێتەوە، ئەو مایەوە تاکو چرایەك بێ بۆ ئێستاو داهاتووی کرماشان، رەمزێك بێ بۆ پایەداری‌و تێکۆشانی بێ وچان لەگەڵ هەر چەشنە زوڵم‌و زۆرداریێ.

یاقووتی لەو نووسەرانەیە، کە ئەوەی دەینووسێ باوەڕی پێیەتی‌و هەڵقوڵاوی مێشك‌و دڵیەتی هەر بۆ ئەوەیشە کە زۆر لەبەر دڵان دەنیشێت‌و هەر کەسێ لە هەر چین‌و تۆێژێك دەتوانێ لەم کانییە پڕ ئاوەی کوردەواری تینوویەتیی خۆی بشکێنێ.

دیارە یادکردن‌و یادکردنەوەی "مەنسوور یاقوتی" بە تەنیا یادکردنەوەی ئینسانێك نییە، بەڵکو یادکردنەوەی فەرهەنگ‌و مێژووی چەندین نەسڵی شارێکی وەکو کرماشانە. بە هیوای تەمەن درێژی‌و ژیانی باشتر بۆ ئەم نووسەرە بەڕێزو خۆشەویستە..

خوێندنەوەی کتێب
وەرگێڕانی: فەرەیدون پێنجوێنی

ئایین بۆ خوا
نیشتمان بۆ هەمووان

ناوی کتێب: ئەو رێگایانەی دەچنەوە سەر مۆدێرنیزم
ناوی نووسەر: گێرترۆد هێمیلگارد

وێژەری ئەمریکی خاتوو (گێرترۆد هێمیلگارد)، کە لە ساڵی (١٩٧٨)ەوە مامۆستای زانستی مێژووە لە زانکۆی نیویۆرك، نوسەری کتێبی (ئۆڵڕێخەکانەی دەچنەوە سەر مۆدێرنیزم)ە.
ئەم نووسەرە ساڵی ١٩٩١ کرایە مامۆستای لێکۆڵینەوە مرۆییەکان، کە ئەمە بەرزترین پۆستی زانکۆییە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
هێمیلگارد خەڵاتێکی گەورەی لەسەر بەرهەمەکانی وەرگرتووەو ئێستاش لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لە شاری واشینگتن ژیان بەسەر دەبا. ئەم ژنە نووسەرە لەم کتێبەیدا باس لە چۆنیەتیی سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم دەکا لە رۆژئاوادا بە ئەوروپاو ئەمریکاشەوە. هەر لە چاخی رۆشنگەرییەوە بیگرە، تا ئەمڕۆ.
نووسەر دەڵێ: "- هەندی کەس چاخی رۆشنگەری ئەوەندە بە پیرۆز دەزانن، کە ڕێ نادەن رەخنەی لێبگیرێ. گوایە چاخێکی بێگەردو بێگوناهە.

هەندێکیتریش ستەمکارانە هەڵمەتی توند دەبەنە سەری، گوایە چاخی رۆشنگەری ئەو چاخەیە، کە بەرپرسی هەموو تاوانەکانی ژیاری رۆژئاواو لادانەکانی سەردەمی کۆڵۆنیالیزمە.

بێگومان هەردوو هەڵوێستەکە هەڵەن، چونکە رۆشنگەری، وەك هەر ئەزموونێکی دیکەی نێو مێژوو، رەخنەی بنیاتنەر دروست دەکا، نەك رەخنەی روخێنەر. بەڵام رەوتی (پۆست مۆدێرنیزم) زیادەڕەوی زۆری کردووە لە رەخنەکردنی رۆشنگەریداو تا ئاستی رووخاندنو هەڵتەکاندن پەلامارياوە، کە بێگومان ئەمە کارێکی نەشیاوە، چونکە دەبێتە هۆی هەڵتەکاندنی دەسکەوتە گەورەکانی مۆدێرنیزم.
فەیلەسووفە فەرەنساییە هاوچەرخەکان، لە (فۆکۆو دێریدا)وە بیگرە، تا دەگەنە (جیل دۆلۆزو ژان فرانسوا لیوتار)، زیادەڕۆیی زۆریان کردووە بەم ئاڕاستەیەدا، کە ئاڕاستەیەکی عەدەمیی گومانهەڵگرەو، هیچی لێناکەوێتەوە، جگە لە وێرانی. بێگومان ئەمە سەرەڕای دەسکەوتە فیکریو رەخنەییەکانیاین.
نووسەر دەڵێ:- "رۆشنگەری لە ئەسڵدا بنەمایەکی ئینگلیزیی هەیە، بەڵام فەرەنسیەکان دەستیان بەسەردا گرتو قۆرخیان کرد بۆ خۆیانو بە دەستکردی خۆیانیان دایەقەڵەم"، کە ئەمە کارێکی نادروستەو دەبی کاروبارەکان بخەینەوە سەر رێچکەی خۆیانو دان بەوەدا بنێین، کە فەیلەسووفە ئینگلیزەکان لەم بوارەدا دەستپێشخەری بوون، چونکە، ئەگەر (جۆن

لوك‌و ئیزاک نیوتن) نەبوونایە، (ڤۆڵتێرو دیدرۆ)و ئەوەکانی تریشیان نەدەبوون.
هەروەها دەڵێ: "- کەس ناتوانێ ئینکاری دەسکەوتەکانی (شافتسبری‌و دەیڤید هیوم‌و ئێدمۆند بێرگ‌و ئادەم سمیت)و زۆردی دیکە بکا. جگە لەوە ڕێ ڕۆشنکردنەوەو ڕەچە شکێنیەیکەش لە سەرەتادا ئینگلیزی بووە، بەر لەوەی بێتە فەرەنسی‌و ئەڵمانی‌و ئەوروپی. گەورەترین بەڵگەی ئەو قسەیەش ئەوەیە؛ شۆڕشی ئینگلیز لایەنی کەم سەدەیەك پێش شۆڕشی فەرەنسا سەریهەڵداوە. گەروەها گەلی ئینگلیز بەر لە گەلی فەرەنسا رزگاریی سیاسیی بە دەستهێناوەو مافەکانی خۆی دەستەبەر کردووەو کۆتایی بە دیکتاتۆریەت‌و تایەفەگەری‌و دەمارگیریی کوێرانە هێناوە. شۆڕشی دووەمی ئینگلیز، کە ساڵی ١٩٨٨ ڕوویداوە، لایەنی کەم سەد ساڵ پێش شۆڕشی فەرەنسا بووە، کە ساڵی ١٧٨٩ سەری هەڵداوە. لەبەر ئەم هۆکارە دەڵێن: دیموکراتیەتیی ئینگلتەرا ڕەسەنترین دیموکراتییە لە جیهاندا، بە تایبەتی، کە شۆڕشی ئینگلیز بە شێوەیەکی بێ وەیی‌و ئاشتیانە سەری دەرهێناوەو وەکو شۆڕشی فەرەنسا خوێناوی نەبووەو، مافەکانی گەلی دەستەبەر کردووە. هەر لە مافە تاکەکەسی‌و ئایینی‌و سیاسیەکانەوە بیگرە، تا دەگاتە مافی مووڵکدارێتی‌و شوێن گۆڕکێ‌و را دەربڕین‌و بڵاوکردنەوەو ڕۆژنامەگەری‌و..هتد. ئەوجا، پاش شۆڕشی ئینگلیز ساڵی ١٧٧٦ شۆڕشی ئەمریکا سەری هەڵداو پەرەنسیپەکانی چاخی ڕۆشنگەری بەهرەمەندکردو کەنیسەو دەوڵەتی لە یەکتر جیاکردەوەو چەمکی (وڵاتی)بوونی لەسەر بنەمایەکی نوێ دامەزراند، کە نە پەیوەندیی بە ئایندەوە هەبوو، نە تایفەگەریەوە. هەروەها ئەو پرەنسیپە بەناوبانگەی چەسپاندو پراکتیزە کرد، کە دەڵێ: "- ئایین بۆ خواو نیشتمان بۆ هەموان."

پاشان، دای هەردوو شۆڕشی ئینگلیزو شۆڕشی ئەمریکا، شۆڕشی فەرەنسا ساڵی ١٧٨٩ سەری هەڵداو ڕێچکەی ئەو دوو شۆڕشەی گرتەو، مافی گوزارشت لەخۆکردنو هەڵبژاردنی فەرمانڕەوایی گێڕایەوە بۆ گەل، سیستمە پاشایەتییە کۆنەکەی هەڵوەشاندەوە".

نووسەر دەپرسی دەڵێ: "- بەڵام ئایا کامانەن ئەو پرنسیپانەی هەموو ئەم شۆڕشانەیاین لە سەر هەڵایساوە؟ ئەو پرنسیپانە ڕێك پرنسیپەکانی فەلسەفەی ڕۆشنگەری بوون، فەلسەفەیەك، کە بیرمەندەکانی ئینگلتەراو فەرەنساو ئەمریکا لە سەدەی حەڤدەوە تا سەدەی هەژدە پێوەی خەریکبوون‌و دایانڕشت. بیرمەندی فەرەنسی (بیرل بایل) یەکێکە لە فەیلەسووفە بەراییەکانی ڕۆشنگەری لە فەرەنسا، کە لە ساڵی ١٦٩٧، واتە کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدە، کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بڵاوکردەوە، تیاییدا سەرجەم بیرو باوەڕە ئسووڵیە مەسیحیە کۆنەکانی ڕەخنەکردو،ئەو پێشبینییەی خستە ڕوو، کە چاخی داهاتوو، واتە سەدەی هەژدە، زۆر ڕۆشناییبەخش دەبێ‌و ڕۆژگاریش پێشبینیەکەی سەلماند، چونکە سەدەی هەژدە چاخی ڕۆشنگەری بوو بە پلەی باڵا.
زاراوەی ڕۆشنگەری گوزارش لەو بزووتنەوە فیکریە ڕەخنەگرانەیە دەکا، کە لە سەدەی هەژدەدا گەشایەوەو بوو بە هۆی پشکوتن‌و بڵاوبوونەوەی فیکری نوێ‌و وەلاوەنانی فیکری کۆن.

پاشان خانمی نووسەر تێهەڵدەچێتەوە، دەڵێ: "- ڕۆشنبیرانی سەدەی هەژدە، خاوەنی هەستێکی ڕەخنەگرانەی وەها قوڵبوون، کە ئاستێکی بەرزی جیهانیی هەبوو. هەروەها بڕوایان

وابوو مرۆڤ بەوە لە ئاژەڵ جیادەکرێتەوە، کە خاوەنی هۆش‌و گۆش‌و ژیرییەو دەتوانێ پەی بە یاساکانی گەردوون بباو بارودۆخی مادی‌و مەعنەویی خۆی لەسەر ئەم هەسارەیەدا باش بکا.
(کانت) دەیگوت: "- پێویستە مرۆڤ بە باشی عەقڵی خۆی بەکاربێنێ، دەنا تەسلیمی تەمەڵی‌و وەهمو خورافەت دەبێ." ئەمانەش ئەو شتانەن، کە مرۆڤی چاخە کۆنەکانیان قەتیسکردبوو نەیاندەهێشت قۆناغی هەمەجیەت‌و بەربەریەت جێبهێڵێ.
هەروەها دەیگوت: "- کۆپەرنیکۆس‌و گالیلۆو کیبلەرو دیکارت‌و نیوتن ئەو یاسایانەیان بۆمان دۆزییەوە، کە تەحەکومی بە زەوی‌و ئاسمانەوە دەکرد، یاساگەلێکی فیزیاوی‌و ماتماتیکی."
ئێمەش هیچمان لە ئەستۆدا نییە، ئەوە نەبێ، کە بە شێوەیەکی باش شانبکەین بە بەریانداو بەکاریان بێنین، تا بەو جۆرە خەونەکەی (دیکارت) وەدی بێنین‌و مرۆڤ کۆنترۆڵی سروشت بکاو لە رێی داهێنراوو ئامرازو تەکنەلۆجیاوە ببێتە سەرداری سروشت. ئەمە رێك ئەو شتە بوو، کە پاشان لە واقیعدا رووی‌دا، واتە: پڕۆژە زانستی‌و فەلسەفیەکەی رۆشنگەری بوو، کە بوو بە هۆی دروستبوونی سەرلەبەری ئەم ژیانە تازەیەی ئەوروپاو ئەمریکای با کور.
لە سەدەی حەڤدەدا، پێش دەرکەوتنی چاخی رۆشنگەری، بیرمەندی فەرەنسی (بیرل بایل)و بیرمەندی ئینگلیزی (جۆن لوك) بەشداریی باشیان کرد لە دروستکردن‌و پەرەپێدانی میتۆدێکی رەخنەگرانە لە پێناوی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بیرو باوەڕە مەسیحیە کۆنانە، کە خۆیان لەسەر موعجیزەکاری‌و خورافات راگرتبوو، نەك لەسەر زانست. پاش ئەوان فەیلەسووفەکانی رۆشنگەری دەرکەوتن‌و هەمان رێچکەیان گرت. لە پێش هەمووییانەوە (مۆنتسکیو ١٦٨٩-١٧٥٥)ی سەرۆکی پەرلەمانی شاری (بۆردو)و خاوەنی کتێبی بەناوبانگ (نامە فارسیەکان) ١٧٢١، کە تیایدا زۆر بە توندی بیرو باوەڕو نەریتە فەرەنسیە باوەکانی سەردەمەکەی خۆی کوتاوەو داپڵۆسیوە. ئەم فەیلەسووفە دەیگوت: هەڵکشان‌و داکشانی ژیانی ژیارو شارستانیەکان ملکەچی یاساگەلێکە، دروست بەو جۆرە، کە جیهانی مادی ملکەچی یاساکانی کیمیاو فیزیاو ماتماتیکە. شارستانیەتی یۆنان، کە هەڵکشا، بە هۆی کۆمەڵێ کاریگەری‌و هۆکارەوە بوو، کە هەڵکشانی دروستەکرد. بەڵام پاش ئەوە، لە ژێر کارییگەریی هۆکاری زۆری نێگەتیڤدا، کە پەیوەندییان بە ناوخۆوە هەبوو، پلانەکە بە لاڕێدا براو تیاچوو.
شارسستانی رۆمانیش، کە رۆژێ لە رۆژان باڵی کێشابوو بەسەر سەرلەبەری ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستیدا، بە هەمان شێوە، وەك هەر کام لە شارستانیەتکانی دیکە هەرەسی هێنا. ئەگەرچی خەڵکی سەردەمەکە بڕوایان وابوو شارستانیەتێکی هەتاهەتایی‌و نەمرو لە روخاننەهاتووە. خاتوو (گێر ترۆد هێمیلگاری) پاش ئەوەی بە دوورو درێژی لە کتێبەکەیدا باسی بایەخ‌و کاریگەریی رۆشنگەریی ئینگلیزی لەسەر رێنیسانسی ئەوروپا دەکا، فەسڵێکی گرنگی بە ناونیشانی (ئایدیۆلۆجیای عەقڵ) بۆ رۆشنگەریی فەرەنسی تەرخان دەکا. هەروەها فەسڵێکی دیکەی گرنگ بە ناونیشانی (سیاسەتی ئازادی) بۆ رۆشنگەریی ئەمریکی تەرخان دەکا.
دەربارەی فەرەنساییەکان دەڵێ: "- ساڵی ١٧٤٨ وەرچەرخانێکی گرنگ لە مێژووی فیکری ئەوروپیدا رویدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی کتێبە بەناوبانگەکەی (مۆنتسکیۆ)ە (گیانی یاساکان)، کە تیایدا سەرجەمی سیستەمی یاساکان شیدەکاتەوە ئەو یاسایانە

پوختەکاتەوە، کە سیستمی هەر وڵاتێ گری دەدەنەوە بە داب‌و نەریت‌و کەش‌و هەواو جوگرافیاو ئابووریەکەیەوە. مۆنتسکیو رێژەی بوونی رژێمی فەرەنسا سەلماندو گوتی: "- ئەم سیستمە بەهۆی فاکتەرگەلێکی تایبەتییەوە کەوتۆتە سەرپێو رەنگە بە هۆی فاکتەرگەلێکی دیکەوە هەرەس بهێنێ. جگە لەوە رژێمێکی رەهاو هەتاهەتایە سەرمەدی نییە".

هەر (مۆنتسکیۆ) ئەوەشی گوت: "- کە ئەگەر داب‌و نەریت‌و کەلتوورو ئابووری ئاڵوگۆڕیان بەسەرداهات، ئەوا سیستمیش دەگۆڕێ.

مۆنتسکیۆ لەم کتێبە بەناوبانگەیدا بە وردی باسی سێ دەسەڵاتەکەی دەوڵەت دەکا، کە دەبێ پێکەوە فەرمانڕەوایی سیستمە کۆماریەکان، یان سیستمە دیموکراتییەکان، یاخود سیستمە پاشایەتییە دەستوریەکان بکەنو بریتیین لە دەسەڵاتی یاسادانان، واتە ئەنجومەنی نوێنەران‌و دەسەڵاتی جێبەجێکردن، واتە حکومەت‌و دەسەڵاتی دادوەری. هەر دەوڵەتێکیش جیاوازیی لە نێوان ئەم سێ دەوڵەتەدا نەکاو دانیان پێدا نەنێ، ئەوا ناچار بەرەو هەڵدێری دیکتاتۆری‌و زۆرۆداری مل دەنێ! جگە لەوە، گرنگترین سیمای چاخی رۆشنگەری لە شکۆمەندیکردنی عەقڵدا خۆ دەنوێنێ.

جاران، لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، پیاوی ئایین نوێنەرایەتیی فیکرو ماریفەتی دەکردو کەس نەیدەتوانی بۆی نەبوو رەخنەی لێبگرێ، یان سەرپێچی لێ بکا، چونکە ئەو بە ناوی دەسەڵاتی باڵاو پیرۆزیەکانی ئایینی مەسیحییەوە قسەی دەکرد. بەم جۆرە، خورافەت‌و حیکایەتی ئەفسانەیی‌و موعجیزەو موعجیزەکاری‌و پشت بە خۆ نەبەستن لە نێو خەڵکیدا بڵاوبۆوەو تەشەنەیکرد. لەبەر ئەوە بوو، کە ئەوروپا نەزان‌و ئوسوڵی‌و هەژارو پاشکەوتە بوو، هەتا پیاوانی ئایین‌و کاهینەکانیش باڵیان بەسەردا کێشابوو هەروا مایەوە.

بەڵام لەسەر دەمی رۆشنگەری بە دواوە ئیتر پیاوی ئایینی نوێنەری دەسەڵا تی باڵاو فیکرو ماریفەت نەمایەوە، بەڵکو فەیلەسووفـو زاناکان ئەم نوێنەرایەتیەیان گرتە ئەستۆ. بەم شێوەیە، ئەوروپا تاریکایی چاخەکانی ناوەڕاستی بەجێهێشت‌و چووە نێو رووناکایی چاخە تازەکانەوە. ئا لەبەر ئەوە، ئەوچاخە نوێیە ناونرا چاخی رۆشنگەری.

دواجار، نووسەری (ئەو رێچکانەی دەچنەوە سەر مۆدێرنیزم) کۆتایی بە قسەکانی دێنێ‌و دەڵێ: "- بەم جۆرە عەقڵ بووە سەرداری هەموو هەڵوێست‌و کەوتە شەن‌و کەوکردنی سەرجەم بیروباوەڕەکان. ئەوەی لەگەڵ خۆیدا دەهاتەوە، لێیگەڕاو هێشتیەوە، ئەوەشی لەگەڵ خۆیدا نەهاتەوە، مەحفی کردەوەو نەیهێشت. ئیدی فیکرە زانستی‌و فەلسەفیەکان بە نێو گەلانی ئەوروپادا بڵاوبوونەوەو تەشەنەیانکردو سەرەنجام بوون بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمە کۆنەکەو مەزراندنی سیستمی نوێ. لە پاڵ ئەوەدا عەقڵی ئەزموونگەری‌و زانستی، کە عەقڵێکی واقیعی بوو، شوێنی عەقڵێ خورافی‌و میتافیزیکی گرتەوە، کە عەقڵی زۆر ناواقیعی بوو. بۆیە، ئەگەر بمانەوێ هۆی باڵادەستی ئەوروپا بەسەر باقی گەلانی دیکەی دنیادا بزانین‌و تێیبگەین، دەبێ سەرلەبەری ئەم شتانە رەچاو بکەین.

<u>سەرچاوە:</u>

رۆژنامەی (التأخی)، ژمارە ٤٦٧٠، پێنجشەممە، ١٩ی کانوونی دووەم، ٢٠٠٦.

دەنگە ئاسمانییەکان

"سروشت ئەو ئاسمانەیە هەموو دەنگە خۆشەکان لە خۆ دەگرێ."

دەوەن

هونەری گۆرانی چڕین لە مێژووی دێرینو نوێدا، هونەرێ بووە بۆ دەوڵەمەندکردنو ناساندنی ناسنامەی نەتەوەکانو گرێدانەوەی بە کولتوورە جیاوازەکانو بەستنەوەی بە گەلانیتری دونیا، هەر لە رێگەی ئەم هەنرەوە، زۆر لە دەنگخۆشانو موزیکزانان، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بوونە خاوەنی پێگەو تێڕوانین لە سەر بەرهەمەکانیان.

پاڤاروتی



هەرچەندە هونەری موزیکو دەنگخۆشی لە سەردەمی کلاسیکو پێش کلاسیکدا، لە لایەن بنەماڵە ئەرستۆکراتەکانەوە مۆنۆپۆل دەکرا، بە جۆرێ موزیکزانەکان نەیاندەتوانی بە ویستی خۆیان بەرهەمەکانیان بڕازێنەوە. دوواجار، لە سەردەمی رۆمانتیکدا ئەم بایکوتکردنە کۆتایی پێهاتو ژیانێکی نوێ دروستبوو بۆ موزکزیکزانەکانو دەنگخۆشانی رۆژئاوا، لەتەک ئەم هەموو ناکۆکییەدا، دەکرێ سەردەمی کلاسیک وەک نمونەیەکی گرنگی مرۆڤایەتی باسی لێوە بکەینو دیوە قەشەنگەکانی راڤە بکەین

(کلاسیک بزووتنەوەیەکی هونەریو ووێژەیی بوو، کە پێشنیاری لاساییکردنەوەی مۆدێلەکانی گریکو لاتینی دەکرد) هەر ئەو تێندێنسە بووە هۆی سەرهەڵدانی دەیان کەسی لێهاتوو لە بوارەکانی موزیکو گشت لایەنەکانیتری ژیانی مرۆکانی ئەم گۆی زەویە (لە مێژووی موزیکدا سەردەمی کلاسیک دەکەوێتە نێوان کۆتایی سەردەمی بەرۆکو سەرەتای سەردەمی رۆمانتیکەوە، کە نێودەبرێ بە کلاسیک.


سااڵی دەستپێکردنی ١٧٦٠و کۆتاییەکەی لە دەوروبەری ١٨٣٠دا دەبینرێتەوە. پایتەختی ئەم بزووتنەوەیەش شاری ڤیێنا بووە، کە بووبووە بنکەیەکی پۆاڵین بۆ ئەو شەپۆلە هونەریانەی موزیکزانەکانی ئیتالیو ئەڵمانیو فەرەنسی، کە هێنابوویانە شارەکەو

سەرچاوەیەکی پتەویان بۆ ڕەخساندبوو، کە دەوڵەمەندیان کردبوو بە لۆژیکی ئەڵمانیو فەرەنسیو بە (میلۆدی)یە نەرمو خۆشئاوازەکانی ئیتالی*) هەر ئەم شەپۆلانە بە زووی خۆیان خزاندە سنورەکانی سەرجەم وڵاتانی ڕۆژئاواو دونیا بە گشتی، بە تایبەتی خۆی لە نێو ئۆپێراو کۆنسێرتە سمفۆنییەکاندا بینییەوە. ئەم بەرەوپێشچوونە کارێکی زۆری کردە سەر گوێگارنی ئۆپێراکانو گرووپە سەمفۆنیەکان، کە تا ئێستا ئەم هونەرە زەنگینە بەردەوامی مەزن بە خۆوە دەبینێ. یەکێ لەو دەنگە ڕەسەنانە، کە توانیویەتی سەرنجی زۆر لە گوێگران بۆ لای خۆی پەلکێش بکا (لوسیانۆ پاڤارۆتی)ە، کە لە (١٩٣٥/١٠/١٢) لە وڵاتی ئیتالیا زاوەو لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بە یەکێ لە دەنگە ڕەسەنەکانی سەر ئەم ئەستێرە نێوزەند دەکرێو دەنگخۆشی نابینا (ئەندریا بۆچێلی) لە (٢٢ /٠٩ /١٩٥٨) لە وڵات ئیتالیا زاوەو لە زۆربەی وڵاتانی دونیا کۆنسێرتو ئۆپێرای پێشکەش کردووە. خانمی دەنگخۆش (بارتۆلی سیسیلیا) لە (٠٦/٤ /١٩٦٦) لە شاری ڕۆما لە وڵاتی ئیتالیا زاوەو یەکێکە لە دەنگخۆشەکانی ئیتالیاو جیهان. یەکێ لە بەرهەمە نایەبەکانی ئەم خانمە دەنگخۆشە (چوار وەرزی ساڵی) (ئەنتۆنیۆ ڤیڤاڵدی)ە، کە بووە مشتومڕێکی زۆری موزیکزاناکانی ڕۆژئاواو جیهان. ئەم دەنگانەی، کە ئاماژەمان پێکرد، ئەو دەنگانەن، کە دەتوانین بە دەنگە (ئاسمانیەکان) ناویان بەرین، ژبەر ئەو داهێنانەیە، کە کردوویانە لە شێوەی چڕینی ئۆپێراکانداو بوونەتە جێگەی سەرسامی سەر جەم گوێگارنی ئۆپێراو گرووپە سەمفۆنیاکان.

ڕۆژئاوییەکان ڕۆلی گرنگیان بینیوە لە پاراستنی دەنگی ڕەسەنو پێشخستنی دەنگە (ئاسمانیاکان). بە دیوێکی تری ئەم باسەماندا لاکردنەوەیە لە دەنگخۆشانی هونەری گۆرانی چڕین، لە موزیکی ڕۆکو جازدا، بە تایبەتی ئەو دەنگانەی، کە مرۆڤایەتی ناتوانێ لە بیریان بکا، وەک (ئێلڤس برسلی، ئێریک کلاپتۆن، جیمس براون، وێتنی هینستۆن، نۆرا جێنس، ڕەی چارلس، سیلین دیۆنو جۆو کۆکەر). ئەم دەنگانە لە سەرانسەر دونیاو تەنانەت لە مەڕ وڵات خۆشمان دەنگگەلێکی ناسراو ئەستێرەی بریقەدارن لە سروشتی ئاسمانی گۆرانی چڕیندا. دەکرێ ئێمەش لەم باسەماندا ناوی هونەرمدنێکی دەنگخۆشی کورد بخەینە بەر باسو لێکۆلینەوەوە، کە بە دەنگە خۆشەکەی خزمەتێکی گەورەی بە هونەری کوردی کردوەو هەمیشە لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ داهێنانی تازەو زەنگین لە بواری موزیکی کوردیدا، دەنگی ئاسمانیو دەنگخۆشی ئێستای کورد هونەرماند (عەدنان کەریم) یەکێکە لەو دەنگانەی دەبێ موزیکزانانی کورد لە سەر بەرهەمەکانی دێباتیان هەبێو شیکاری ئەو تایبەتی یە بکەن، کە عەدنان کەریم، بە شێوازێکی زۆر عاقڵانەو زانستیانە سەرجەم ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی بە سەر کردۆتەوە. بۆ نموونە: گۆرانییە لۆرییەکانو ئاوازەکانی ناوچەی بادینانو سۆرانو مەقامە کوردییەکانو هارمۆنیاتی دەنگی، لەگەڵ دەنگخۆشانی تری وەک (مامۆستا تایەر تۆفیقو عەلی مەردان)، کە داهێنانێکی تازە بوون لە موزیکی کوردیدا. دواجار چڕینی گۆرانییەکانی هونەرمەندانی وەک (سێوە، ڕەشۆل، عەلی مەردان)، کە بە جۆرێ ئەم گۆرانییانەی چڕیوەتەوە، گوێگر سەرسام دەبێ لە گوێگرتنیان، بە مانای ئەوەیە، کە هونەرمەند عەدنان کەریم، هەمیشە لە هەوڵدایە بۆ تازەگەرێتیو لەزەتی تایبەت دەرژێنێتە ناو ئاوازەکانییەوە. بۆ نموونە گۆرانی (گوڵاڵە سورە)، کە هونەرمەندی دەنگخۆش (ڕەشۆل)

چڕیویەتی. پاشان عەدنان ئەم گۆرانیەی چڕیوەتەوە بە شێوازێ، کە گوێگر ماندوو نابێ لەو هەموو هەستە بە سۆزەی، کە بۆمان دەچڕێ لە ئاداو بەرجەستەکردنی ئەو گۆرانیەدا.

سیسیلۆ



ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین لە یەکەم بەرهەمی ئەم هونەرمەندەوە، دەبینین دەنگێکی تر بە سۆزێکی تر هاتۆتە نێو گۆرانی و موزیکی کوردیەوەو زۆربەی دەنگخۆشانی کوردی لە دەنگی خۆیدا کۆکردۆتەوە، جگە لەوە، کە خۆی خاوەنی دەنگێکی (ئۆپێرای)یە ئەگەر کورد خاوەنی زانستی موزیکی خۆی بووایەو تێکستی سەمۆفۆنی هەبوایە، ئەو کاتە کورد بە ئاسانی دەیتوانی لەم ئاستەدا سود لە دەنگخۆشی هونەمەند عەدنان کەریم وەربگرێ. واتە دەنگی ئەم هونەرمەندەوە، دەبینین دەنگێکی (ئاسمانی)یە ژبەر هەندێ زۆر بە زووی دێتە هەست و دونیای سروشتی مرۆڤی کوردەوە، بەڵگەشم بۆ ئەم باسە کۆنسێرتەکەی شاری سلێمانیە، کە لە سەر یەکێ لە شیعریەکانی (نالی) جوانترین ئاوازو باشترین چرینی تازەی پێشکەش کردین، کە لە مێژووی ئەو شارەدا وێنەی نەبووەو جارێکی تر نالی هێنایەوە بۆ پایتەختی بابانەکان. بەڵام بە بەرگێکی ترو بە نەغمەیەکی تر نالی هاتەوە بۆ حزووری عاشقانی. یەکێ لە جوانکاریەکانی هونەرمەند عەدنان، هەڵبژاردنی شیعرە. زۆر بە سەلیقەوە شیعر هەڵدەبژێرێو ئاوازی بۆ دادەنێ، هەر ئەم هەستەیە بۆتە سەر چاوەی زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانیو توانیویەتی سەرکەوتنی باشی تیادا بە دەست بێنێ، هەر لە رێگەی ئەم هاڕمۆنیەتەی شیعرو ئاوازەوەیە هونەرێکی رەسنو بەرهەمێکی قەشەنگ دروست دەکا، کە بۆ هەتا هەتایە لە بیر ناچنەوەو لە وێژدانی مرۆڤی کورددا بە زیندووی دەمێننەوە.

بۆچێلی



شیعری شاعیرانی وەک (جەمال غەمبارو بەرزان هەستیارو بەختیار عەلیو هیوا قادەر)، کە دەکرێ بڵێین هەر یەکێ لەم شاعیرانە خاوەنی داهێنانی تازەو بەسوودن بۆ جیهانی ئەدەبو هونەر، بە تایبەتی هونەری موزیک توانیویەتی لە رێگەی ئاوازو دەنگخۆشانی

وەک عەدنان کەریم، ئاشنایەتیەکی رۆحی دروست بکا لە نێوان شاعیرو دەنگخۆش‌و موزیکزانەکاندا.
هونەرمەند عەدنان کەریم بە تانیا دەنگخۆش نییە، بەڵکو شێوەکارو عودژەنێکی باش‌و مەقامزانێکی شارەزایە، کە ئەم هەستە لە زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانیدا رەنگیداوەتەوە.

عەدنان



لێرەدا پێویستە ئاوڕێ لە موزیکژەنانی وەک (مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی‌و مامۆستا غەمگین فەرەج‌و فەرهاد موحەمەدو ئاکۆ عەزیزو گۆران کامیل‌و مامۆستا سەلاح رەووف‌و گروپی کامگاران) بدەینەوە، کە بە شێوازێکی رەسن‌و سروونی جوان، بەرهەمەکانی هونەرمەند (عەدنان کەریم)یان رازاندۆتەوە. یەکێ لەو بەرهەمە جوانانەی گۆرانی (زوڵفی تاری)یە ئەم گۆرانیە موزیکێکی دینامیکی هەیە، کە دەکرێ زۆر لەسەر ئەم بەرهەمە قسە بکەین، کە شایستەی دێبات‌و لێکۆڵینەوەی زانستی بێ، بە مانای ئەوەیە موزیکی ئەم گۆرانیە، گەرانەوەیە بۆ (ڤیڤاڵدی)‌و سەمفۆنیای چوار فەسڵەکە، کە بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا موزیک بە میلۆدی باس لە وەرزەکانی ساڵ بکاو باس لە جوانەکانی سروشت بە گشت پێکهاتەکانیەوە. واتە، خۆشبەختانە، لەم بەرهەمەوە کوردیش دەبێتە خاوەنی موزیکی (تەعبیری)، کە بۆ یەکەم جارە لە کورددا شتی وادروست بووبێ، هیوادارم موزیکزانانی کورد بە دیدو پێوانەی زانستیانەوە دێباتی جیدی لە سەرئەم بەرهەمانە بکەن (ئەڕۆی ئۆغر، شنەی با، تاقگەیەک لە عیشق، ئەمشەو).

هەر چەندە کۆی هەموو بەرهەمەکان خۆی لە حەوت سێ دێدا دەبینێتەوەو داهێنانی جوانی تیایە بۆ دونیای موزیکی رەسەنی کوردی، دڵنیام کۆی ئەم بەرهەمانە گەنجینەیەکی بەسوودن بۆ نەواکانی داهاتووی هونەری موزیکو هونەری گۆرانی چڕین. ئومێدەوارم ئەم دەنگە ئاسمانی‌و ئیلهامبەخشەی هونەرمەند عەدنان کەریم بۆ هەمیشە لە ئاسمانی موزیکی کوردیدا دەنگبداتەوە. دواجار پێویستە ئێمەی کورد دەنگخۆشی‌و هونەری موزیکو گۆرانیبێژ لە یەکدی جیابکەینەوە، کە بە داخێکی زۆرەوە، تا ئێستا، نەتوانراوە بە جیدی‌و زانستیانە ئەم باسانە ڕاقەو شیکاری بۆ بکرێ.!

*بۆ ئەم باسە، سوودم لە کتێبی (سەردەمی کلاسیک لە مێژوودا) وەرگرتووە، لە نووسینی (بەرزان یاسین).